تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

مێژووی وێژەی کوردی

بەرگی سێیەم

نووسینی: سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)

ئاراس

منتدي اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مێژووی وێژەی کوردی

بەرگی سێیەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ئاراس

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

مێژووی وێژەی کوردی

بەرگی سێیەم

نووسینی:

سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)

ناوی کتێب: مێژووی وێژەی کوردی - بەرگی سێیەم
نووسینی: سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٢٢
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٤٣ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

پێشەکی

هەر نەتەوەیەک بەهۆی وێژەو زمانەوە زیندووەوە و ئەوانەی کە بەوێژە و زمانی گەلەکەیان ڕاژەیان کردووە، دیارە هەتا هەتایە لە دڵی خەڵکدا دەژین و نامرن و ئێمەش دەبێ شوێنەوارەکانیان ببووژێنینەوە و لەسەر ڕێی ئەوان بڕۆین.

چەند ساڵ لەمەوپێش بەناوونیشانی: «مێژووی وێژەی کوردی»یەوە، دوو بەرگ پەڕتووکم بەچاپ گەیاند کە داگری سەرگوروشتە و بەسەرهاتی هەندێ هۆنەر و نووسەر و وێژەوان و مێژووزان و فەرهەنگنووسی کورد بوون و لە هۆنراو و نووسراوی هەر کامیان وێنەیەکم هێنابووە و لەسەریان کۆڵیبوومەوە، لەبەرئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا چاپەکەی تەواو بوو ئەوا لێرەدا بەرگی سێیەم و ئەو دوو بەرگەکەی ترتان پێشکەش دەکەم کە داگیری بەسەرهات و هۆنرا وو نووسراوی هۆنەران و وێژەوانان و نووسەرانی کوردە کە بەپێی ساڵی لەدایکبوونیان چۆنییەتیی ژیان و هۆنراوەکان و نووسراوەکانیانم خستووەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ئەڵبەت گەلی کورد هۆنەر و وێژەوان و نووسەری زۆر و بێتو بمانەوێ باسی هەموویان بکەین هەر لێیان نابینەوە بۆیە ئەمەش دەڵێم کە بزانن هۆنەر و وێژەوان و نووسەرەکانمان هەر ئەمانە نین، بەڵکو ئەوەندە هۆنەر و نووسەر وێژەوانمان لێ هەڵکەوتوون کە هەر بۆ نووسینی ناوەکانیان دەتوانین چەند نامیلکە بنووسین و لەگەڵ ئەمەیشە خوا یاربێ و تەمەن ئەمەگ بنوێنێ تێ دەکۆشم کە لە داهاتوودا باسی چەند هۆنەر و بوێژێکی تر بکەم بەتایبەت ئەوانەی کە دیوان و نووسراوی چاپکراویان هەیە، چونکە گەلێ لە هۆنەران و بوێژان کە ناویانم بیستووە سەبارەت بەبەسەرهاتیان هیچ چەشنە بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە تا لە بارەیانەوە شتێ بنووسم و ئیتر هیوادارم لە کەموکووڕیی کارەکەم چاو بپۆشن، چونکە هەر ئەوەم لە دەست هاتووە و ئەوەم پێ کراوە کە تەنیا مەبەستم ڕاژە و سەرکەوتنی نەتەوەی کوردە.

تاران- مانگی خەرمانان ۲۰۰۲

سەدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)

مێژووی زمانی کوردی

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە زمانی کوردی یەکێ لە زمانەکانی هیندوئەوروپاییە و لەگەڵ زمانەکانی تری ئارییایدا خزمایەتیەکی نزیکی هەیە و لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەمە هەر ئەو زمانەیە کە مادەکان قسەیان پێ کردووە و چونکە نەژادی کوردەکان دەچێتەوە سەر مادەکان و زۆربەی مێژوونووسانی کورد و بێگانەش لەسەر ئەوەن کە مادەکان باپیرە گەورەی کورد. پرۆفیسۆر سپایزر لای وایە کە هۆزەکانی لۆلۆ و گووتی و کاسی و سۆباری هەرکام زاراویەکی تایبەتیان هەبووە کە زمانەکەیان دەچێتەوە سەر زمانی مادی، بەڵام تا ئێستا هیچ چەشنە بەردەنووسراوێک بەزمانی مادی نەکەوتووەتە دەست تا ئەوەمان بۆ ڕوون بێتەوە، جگە لە چەند وشەیەکی مادی نەبێ کە هیرۆدۆت لە مێژووەکەیدا هێناویە و ئەو وشانەش ئێستاش لە زمانی کوردیدا بەکار دەبرێن.

گەلێ لە مێژوونووسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە زەردەشت کتێبەکەی خۆی کە ناوی ئاڤێستایە بەزمانی مادی نووسیویە و مێژوونووسانی کوردیش هەر لەسەر ئەو بڕوایەن، بەڵام هەروەها وتمان ئێمە بەردەنووسراوێکی مادیمان بەدەستەوە نییە تا ئەم مەسەلەمان بەدروستی بۆ دەرکەوێ.

دارمستتر و هوارت لایان وایە کە زەردەشت بەزمانی مادی دواوە و ئاڤێستاشی هەر بەو زمانە نووسیوە کە ئەم زمانە ئێستا لە هەوراماندا باوە و ئەگەر ئاڤێستا لە لای کوردێکی هەورامی بخوێنرێتەوە بەتەواوی لێ تێ دەگا و لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کورد لە نەژاد مادەکانن.

پرۆفیسۆر سایس دەڵێ مادەکان یەکێ لە هۆزەکانی کوردن و لە خۆرهەڵاتی ئاشووردا دەژیان و وڵاتەکەیان تا باشووری دەریای خەزەر درێژەی هەبوو و زمانەکەیان ئارییە و ژان دۆمرگانیش دەڵێ زمانی کوردی یەکێ لە زمانەکانی هیند و ئەوروپاییە.

سەبارەت بەمادی بوونی زەردەشت، پلینووسی گەورە کە لە ساڵی ٢٣ تا ٧٩ی بەر لە زایینیدا ژیاوە لە یەکێ لە نووسراوەکانیدا کە ناوی مێژووی خۆرسکییە لە جزمی سێیەمیدا دەڵێ: زەردەشت لە بنەماڵەی مادە و هێرتسفلدیش لای وایە کە زەردەشت لە ڕەسەنی مادە و ئاڤێستای بەزمانی مادی نووسیوە. زەردەشت لە گاتاکاندا دەڵێ: من لە بنەماڵەی

سپیتمەم و بەپێی قسەی هێرتسفلد بنەماڵەی سپیتمە، یەکێ لە بنەماڵەکانی مادەکە لە شاری ڕەگایارەی دەژیان و ئەمانە سەرەتا لە ئاوربایگان بوون.

وڵاتی ماد کە لە باکووریترین شوێنەکانی ئاوربایگانەوە دەست پێ دەکات بەرەو باشوور و باکووری خۆرئاوایی و خۆرئاوا دەکشێتەوە و بریتییە لە تەواوی مەڵبەندەکانی ئاوربایگان و کوردستانی گەورە، وە شارەکانی هەمەدان و زەنگان و یەزدو ئەسپەهان و ڕەی و نەهاوەند کە لە درێژایی مێژوودا بەهۆی پەیوەندیی مێژوویی و ڕامیارییەوە بەناوی مادی گەورەو گچکە و عێراقی عەجەم و عێراقی عەرەب ناسراوە، بەشێکن لە وڵاتی ماد.

ئەو ڕووداوانەی کە لە درێژاییی مێژوودا لە کوردستان قەوماون، بیرەوەری و یادگارێکی زۆریان بەجێ هێشتووە و بوونەتە هۆی ئەوە کە کوردستان بەش بەش بێتەوە و تووشی سەدان تەنگوچەڵەمە و گیروگرفت و شەڕوشۆڕ و هەنگامە بێ کە ئێستاش هەر نوقمی ئەو گیروگرفتانەیە مێژووی هاتنی ئارییەکان بۆ وڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێش تەنانەت مێژوونووسان ئەم مێژووەش دەبەنەوە بۆ ڕۆژگارێکی زۆر دواتر کە ئەمانە پاشان دەوڵەتی ماد و پارسیان دامەزراند و لە ڕاستەقینەدا مادەکان یەکەمین هۆزی ئاریایی بوون کە دەوڵەتی مادیان پێک هێنا و پاشان بەسەر دەوڵەتی ئاشوور و بابل زاڵ بوون و پەرەیان دایە دەوڵەتەکەیان.

دامەزرانی دەوڵەتی ماد و زاڵبوونی بەسەر دەوڵەتی ئاشووردا گەورەترین ڕووداو و کارەساتی ئەو دەورەیە دێتە ژمار. ئەم ڕووداوە لە ساڵی ٦١٢ی بەر لە زاین ڕووی داوە، بۆیە کوردەکان مێژووی خۆیان دەبەنەوە سەر ئەو ڕووداوە.

ئەوەی کە بۆ خۆرهەڵاتناسان و لێکۆڵەران ڕوون بووەتەوە ئەوەیە کە کورد دەچێتەوە سەر مادەکان و هەر لەو مەڵبەندەدا دەژی کە مادەکانی تێدا ژیابوون، وە ئەگەر لە داهاتوودا بەردە نووسراوێک لە مادەکانەوە بکەوێتە دەست، ئەوەمان بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە و ئێستاش لە ڕووی زمانی کوردییەوە، دەتوانین ئەوە بسەلمێنین و بڵێین کە زمانی کوردی لە بارەی زمانناسییەوە، لەگەڵ زمانی ئاڤێستایی و پارسیی کۆن و پەهلەوی گەلێ نزیک و هاوچەشنە.

زمانی مادی کە زمانی زگماکی خەڵکی کوردستان و ئاوربایگانە بەهۆی ئەوەی دەورو زەمانێکی دوورودرێژی بەسەردا تێ پەڕیوە گەلێ لکی لێ جیابووەتەوە کە پەیوەند و خزمایەتییان هیچ کاتێ لەناو ناچێ، وە لە نووسراوەکانی مێژوونووسانی ئیسلامیدا بەناوی فەهلەویات ناسراوە، چونکە لە ڕابردوودا بەدانیشتوانی کوردستان و ئاوربایگان، فەهلە و پەهلەیان وتووە و پاشان بەو زمانەی وا قسەیان پێ کردووە پەهلەویان وتووە و بەو

هۆنراوانەی کە هۆنیویانەتەوە فەهلەویاتیان وتووە، ئەڵبەت ئەو زمانەش کە ئەشکانییەکان قسەیان پێ دەکرد پەهلەویان پێ دەوت کە لەگەڵ ئەو پەهلەوییەدا تۆفیری هەیە.

ئەو بەرهەمانەی کە لە هۆنەرانی ڕەیەوە بەجێ ماون ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زمانی مادی تا سنووری ڕەییش ڕۆیشتووە و شار بەشار و دێ بەدێ گۆڕاوە و تەنانەت ئەو شوێنەوارانەی کە لە خەڵکی قەزوێنەوە کەوتووەتە دەست ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زمانی مادیی باکووری کاری کردووەتە سەر زمانی ئەوانیش و ئێستاش گەلێ وشەی کوردی لە زمانی قەزوێنییەکاندا بەکار دەبرێ کە ڕیشەکەیان هەر لە کوردیدا پەیدا دەبێ، هەروەها زمانی کوردی لەسەر زمانی خەڵکی مەلایر و نەهاوەند و ساوە و تویسرکان و شمیران و دەماوەندیشدا کاری کردووە و ئێستاش گەلێ وشەی کوردی بەکاردەبەن و لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی کوردی لە شار و ناوچەکانی ئێران گەلێ پەرەی سەندووە و پەلی هاوێشتووەتە گەلێ شوێن و جێگە و مەڵبەنددا.

زمانی ئازەریی کۆن کە تا ئەم دواییە هەر بەکار دەبرا و ئێستا لە هەندێ دێ و ناوچەی ئاوربایگاندا بەکار دەبرێ، هەر ئەو زمانەیە کە شێخ سەفیەدینی ئاردەوێڵی هۆنراوی پێ هۆنیوەتەوە و لکێکە لە زمانی کوردی و لە ڕابردوودا زۆربەی خەڵکی ئاوربایگان بەو زمانە دەدوان، بەڵام ئێستا بەداخەوە زمانی تورکی بووەتە جێنشینی و ئەو زمانە بەرە بەرە خەریکە لەناو دەچێ.

کوردەکان بەهۆی ئەوەی لە مەڵبەندێکی کوێستانی و شاخاویدا ژیان دەبەنە سەر زمانەکەیان پارێزراوە و کەمتر وشەی بێگانەی تێ کەوتووە و ڕەنگ و بۆنی ئارییایی خۆی پاراستووە.

زمانی کوردی کە داگیری چەند زاراوە و شێوەیە، میر شەرەفخانی بتلیسی دابەشی کردووەتە چوار زاراوە کە بریتین لە: کرمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی، وە ئەم زاراوانە لە درێژاییی ڕۆژگاردا گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا هاتووە و بەهۆی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و مەڵبەندەکان و دراوسێیەتی و تێکەڵیان لەگەڵ زمانەکانی تردا، بەچەند ناوچەیەکی ناوچەیی و پێنج زاراوە دابەش بووە. ئەم پێنج زاراوە گەورەیە بریتین لە: ١- زاراوەی کرمانجیی باکووری کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتە بەر: ماکۆ، قووچان، ورمێ، بارزان، دهۆک، ئاکرێ، مووسڵ، قارس، دیاربەکر، وان، ئەرزڕۆم، بتلیس، ئەخلات، قامشلی. ٢- زاراوەی کرمانجیی باشووری ئەم مەڵبەندانە دەگرێتەوە بەر: سنە، مەریوان، جوانڕۆ، سەقز، بانە، سابلاخ، سەردەشت، هەوشار، حەریر، ڕەواندز، هەولێر، پژدەر، کەرکووک، سلێمانی، هەڵەبجە، پێنجوێن. ٣- زاراوەی گۆرانی ئەم مەڵبەندانە

دەگرێتە بەر: ژاوەرۆ، هەورامانی تەخت، نەوسوود، پاوە، ئیلان پێ، بینگول ، خەرپووت، مووش، تاپیان. ٤- زاراوەی لەکی کە ئەم مەڵبەندانە دەگرێتە بەر: کرماشان، مایدەشت، کولیایی، دینەوەر، قەسری شیرین، خانەقین، مەندەلی، بەدرە، کووت. ٥- زاراوەی لوڕی کە مەڵبەندەکانی دزفوول، شاری کورد، چوارمەحاڵ، پشتکۆ و ئیلام، ئەلشتەر، خۆڕەماوا و ناوچەکانی تری بەختیاری دەگرێتەبەر. دیارە هەریەکە لەو پێنج زاراوە بناغەییە، بەبێ دەستووری زمانەوانی شێوەگەلێکی زۆریان لێ دەبێتەوە کە بوونەتە زمانی وتووێژی دانیشتوانی ناوچەکانیان.

تا ئەو جێگایە کە ئێمە ئاگامان لێیە تا ئێستا ڕێزمانێکی ڕێکوپێک بۆ هیچ کام لەو پێنج زاراوە کوردییە نەنووسراوە و ئەگەریش لەلایەن چەند زانایەکی کورد و نا کوردەوە نووسرابێ، نیوە و ناتەواوبووە، وەیان لەبارەی ڕێزمانییەوە شێوەیەک لە شێوەکانی یەکێ لەو پێنج زاراوەوە نووسراوە و، بەداخەوە ئەو ڕێزمانە نیوە و ناتەواوانەش لەناو خوێندەوارەکانمان بڵاونەکراونەتەوە. جا هەر لەبەرئەوەیە کە وردمان کردەوە و دەبینین زمان لە نووسیندا تووشی گرێ و قۆرتی زۆر بووە و هەر نووسەرێک بەئارەزووی خۆی وشە و ڕستەی دروست یا نادروست بەکار دەهێنێ.

ئەڵبەت هەندێ کەس وەکو: نووری عەلی ئەمین، تۆفیق وەهبی، ڕەشید کورد، وریا عومەر ئەمین، ئەحمەد حەسەن، جەماڵ نەبەز، کوردستان موکریانی، سەعید سدقی، ئەوڕەحمانی حاجی مارف. قەناتی کوردۆ، جگەرخوێن سەبارەت بەڕێزمانی کوردی گەلێ شتیان نووسیوە، بەڵام ئەوانە ناتوانن ببنە ڕێزمانی تەواوی زاراوەکان و شێوەکانی کوردی و دەبێ بەهۆی زانایانی کوردەوە کە لە ڕێزمانی کوردیدا شارەزاییان هەیە ڕێزمانێکی کوردی بۆ تەواوی زاراوەکانی کوردی بنووسرێ تا کورد و نا کورد کەڵک و سوودی لێ وەرگرن.

یەکێ لە زمانە کۆنەکانی ئێرانی زمانی پەهلەوییە کە سرجۆن مالکوم لە پەڕتووکی مێژووی پارسدا دەڵێ: ئەو هۆزانەی کە لە کوردستاندا نیشتەجێن هەموویان بەزمانی پەهلەوی دەدوێن و گەلێ لە خۆرهەڵاتناسانی تریش هەر لەسەر ئەو بیروڕایەن و لە ڕاستەقینەدا زمانی پەهلەوی هەر لە زاراوەی گۆرانی و لوڕی دەچێ وشەکانی گەلێ بەم زاراوانەوە نزیکن و دەتوانین ئەو دوو زاراوەیە بەپاشماوەی زمانی پەهلەوی دانێن.

ئەو کەسانەی کە بەزمانی پەهلەوی دواون ئیبنی خوردادبە و هەندێ لە جوگرافیزانان بەمەڵبەندەکە یان وڵاتی پەهلەوی زمانیان وتووە. واتە: ئەو مەڵبەندەی کە بەزمانی پەهلەوی قسە دەکەن. ئەم ناوە تا چەند سەدە لە دوای ئیسلام بەناوی کوێستان لە مێژووەکاندا نووسراوە و پاشان بەناوی هەورامان ناسرا، وە لەدوای چەند سەدەیێ تر بەناوی

هەورامانات یادکراوە، ئیبنی خوردادبە دەڵێ لەم شارانەدا بەزمانی پەهلەوی قسە دەکەن: دینەوەر، سوورە بەرد، شارەزوور، هەورامان، هەمەدان، ڕەی، ئەسپەهان، ماسیدان، قەزوێن، کەواتە زاراوەی گۆرانی دەچێتەوە سەر زمانی پەهلەوی. ئاشکرایە زاراوەکانی زمانی کوردی لە بنەڕەتا دەچنەوە سەر یەک وشەکانیان لە سەرچاوەیەکەوە هاتوون و لەگەڵ زمانە کۆنەکانی ئێرانیدا وەکو: ئاڤێستایی و پەهلەویی کۆندا هاوچەشنن و تۆفیرێک لە نێوانیانا نابینرێ.

ئەو خۆرهەڵاتناسانەی کە سەبارەت بەزمانی کوردی لێکۆڵینەتەوە، لێکۆڵینەوەکەیان تا ئێستا بەجێیەک نەگەیشتووە چونکە ئەوانە شارەزاییان لەمەڕ بەهەمووی زاراوەکانی کوردی نەبووە کەچی لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش پێویستی بەوە هەیە کە ئاشنایی بەزمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی و پارسیی کۆن و تەواوی زاراوەکانی کوردی هەبێ تا بتوانێ لە زمانی کوردی بکۆڵێتەوە.

مینۆرسکی دەڵێ: هەندێ لایان وایە کە کوردەکان دەچنەوە سەر کاردۆخییەکان کە لە ساڵی ٤٠١ی بەر لە زاین لەگەڵ گزنفۆندا بەشەڕ هاتوون، بەڵێ ئەمە دروستە و دەتوانین بڵێین کە کوردەکان لە ڕەسەنی ئاریاین و زمانیان دەچێتەوە سەر هیندوئەورووپایی و لە ترۆمی مادن.

ئیدمۆنسیش دەڵێ: ئێستا بۆ تەواوی زانایان دەرکەوتووە کە زمانی کوردی زمانێکی ئارییاییە و زمانێکە کە کەمتر وشەی بێگانەی تێ کەوتووە و داگیری چەندین زاراوەیە و هەر زاراوەیەکی چەند شێوەی لێ جیا دەبێتەوە.

ئەو پەڕتووکانەی کە بەزمانی کوردی بەیادگار ماونەتەوە لە ئەژمار بەدەرن و زۆربەیان وێژەیین و بەداخەوە گەلێکیان لە چاپ نەدراون و هەروا ماونەتەوە و هیواداریـن لە داهاتوودا هەموویان بخرێنە ژێر چاپ تا هەموو کەڵک و سوودی لێ وەرگرن.

گرنگترین و کۆنترین پەڕتووکێک کە لە دەوری ئیسلامەتیدا بەیادگار ماوەتەوە و لەم دواییەدا لە چاپ دراوە، پەڕتووکی دەورەی بالوولە کە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا بەزاراوەی گۆرانی هۆنراوەتەوە و داگری پانزە بەند سرووده و هەموویان دە هیجایین و لەسەر ڕێ و ڕەوشتی یاری (یا کاکەیی) هۆنراونەتەوە کە گەلێ گرنگ و بایبدارە و لەم پەڕتووکەدا سەبارەت بەگەلێ مەبەست وەکو: حەوتەوانە: حەوت تەن، جام، جامی جەم. زەروان، ساوەر، ئەرژەنگ باس کراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاینە کۆنەکانی ئێران.

هەروەها پەڕتووکێکی تریش کە بەیادگار ماوەتەوە ناوی ماریفەت و پیر شالیارە کە بریتییە لە هۆنراوەکانی پیر شالیاری یەکەم کە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا

ژیاوه و داگیری پانزه بەند هۆنراوی گۆرانییە و لەسەر ڕێ و ڕەوشتی زەردەشتی هۆنیویەتەوە و مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵک هەر لەسەر ئەو ئاینە بڕۆن و بیپارێزن و هەروەها دوو پەڕاوی تر لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا بەناوی جیلوە و مەسحەفارەش بەزاراوەی کرمانجیی باشووری و کرمانجیی باکووری نووسراوە کە پەیوەندییان بەئێزیدییەکانەوەیە و ئەم دوو پەڕتووکە لە باری ناوەرۆکەوە لەگەڵ یەکدا جیاوازییان هەیە. لە پەڕاوی جیلوەدا دیاردی کراوەتە هێز و دەسەڵات و مانەوە و گەورەیی و خوایەتیی خوا، بەڵام لە پەڕاوی مەسحەفارەشدا سەبارەت بە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و دەریاکان و بابی مرۆ و خێر و شەڕ و نوێژ و ژنهێنان باس کراوە و گەلێ پەڕاوی تریش هەن کە لەبەرئەوەی پێویستی بەنووسینی کتێبێکی گەورە هەی،ە ئەوەیە لێرەدا چاوی لێ دەپۆشین.

سەرچاوەکان

١- کورد و کوردستان، نووسینی حەمەومین زەکی- بەغدا ١٩٣١.

٢- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان نووسینی حەمەومین زەکی بەگ- بەغدا ١٩٣٠.

٣- خولاسەی مەسئەلەی کورد لە فەرەنسییەوە، وەرگێڕاوی ڕەفیق حیلمی- مووسڵ ١٩٣٤.

٤- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد نووسینی د. کەمال مەزهەر- بەغدا ١٩٨٥.

٥- خونچەی بەهارستان، نووسراوی حسێن حوزنی موکریانی- حەلەب ١٩٣٥.

٦- کرد و پیویستگی نژادی و تاریخی او، تالیف رشید یاسمی- تهران ١٣١٦.

٧- شرفنامه، تالیف امیر شرف خان بدلیسی باهتمام محمد عباسی - تهران ١٣٦٢.

٨- الامراد تالیف مینورسکی ترجمه معروف خزنەدار- بغداد ١٩٦٨.

٩- تاریخ لامارات والدول الکردیه - محمدأمین زکی - قاهره ١٩٤٨.

١٠- القضیه الکردیه، تالیف دکتور بلج شیرکوه - قاهره ١٩٣٠.

١١- اللغه الکردیه، التوزیع الجغرافی للهجاتها تالیف فؤاد حمه خورشید - بغداد ١٩٥٩.

١٢- فرهنگ ماد، تألیف صدیق صفی زاده- تهران ١٣٦١.

١٣- کردی بیاموزیم، تألیف صدیق صفی زاده- تهران ١٣٦١.

کەلەپووری نەتەوایەتی

مەڵبەندی پان و بەرینی کوردستان کە گەلێ عێل و خێڵ و هۆزی جۆربەجۆری لە داوێنی خۆیا پەروەردە کردووە جگە لەوەی کە چەند سەدەیەک مێژووی هەیە، وەکو کاروانسەرایەکە کە کاروانەکانی بریتییە لە هۆزگەلی جۆر بەجۆری کورد لە ناویدا باریان خستووە و لەگەڵ یەکدا هەڵسوکەوتیان هەیە و هەر ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە لە بارەی بیروبڕوای خەڵکەکەیەوە نە تەنیا لە باری زانستی و ڕەوانناسییەوە سەرنجڕاکێشە، بەڵکو گەلێ مەبەستی نادیاری پیتۆڵی و مێژووییمان لەمەوە بەی دەبەین بە بەسەرچاوەی ڕێ و ڕەوشت و ئاینەکان و ئەفسانە و چیرۆکەکان و بیروبڕوای جۆر بەجۆری گەلی کورد لە درێژاییی مێژوودا. هەر ئەم چەشنە بیروڕایەیە کە خەڵک پەروەردە دەکا و ئەوان بەخێو دەکا و ئومێد و ترسیان لە دڵدا دێنێتەدی و ئەمەش بەگەورەترین و کۆنترین دڵنەوایی ئادەمیزاد دێتە ژمار و، هێشتا لەناو زۆربەی خەڵکدا ئەم چەشنە ڕێ و ڕەوشتانە باون و خەڵک دەتوانێ لە هەموو شتێک چاوبپۆشێ، بەڵام ناتوانێ لە کەلەپووری نەتەوایەتیی خۆی دەست هەڵگرێ و بایەخی پێ نەدا.

کەلەپووری نەتەوایەتی لە زاراوی زانستیدا فۆلکلۆری پێ دەوترێ و فۆلکلۆر بەواتای کەلەپووری کۆمەڵەو بریتییە لە بیروبڕوای خەڵک و ئەفسانەکان و چیرۆکەکان و مەتەڵەکان و پەندەکان و بەندوباوی کۆمەلایەتی و بەیت و ڕاز و ئەم جۆرە شتانە.

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە وێژەی پێشکەوتووی هەر گەل و نەتەوەیەک پایە و بنەڕەتێکی هەیە کە ئێستا فۆلکلۆر یا کەلەپووری نەتەوایەتیی پێ دەڵێن. کەلەپووری نەتەوایەتی کە داگری زاراو و بەند و مەتەڵ و چیرۆک و گۆرانی و ئەفسانە و ئەم جۆرە شتانەیە، نوێنگەی هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە و چۆنییەتیی ژیانی خەڵکە و ئەم مەبەستانەش پێشینەیەکی کۆنیان هەیە و لە هەزاران ساڵەوە پشت بەپشت و ڕەچەڵەک بەڕەچەڵەک ماونەتەوە و سینگ بەسینگ هاتوونەتە خوارەوە و لەبەرکراون و لە ڕاستەقینەدا گەنجینەیەکی بایەدارن و دەتوانین بۆ دانانی مێژووی زانیاری مێژووی کۆمەلایەتی و شارستانییەت، کەڵک و سوودی لێ وەرگرین.

بەشێک لە فۆلکلۆر بەناوی بەیت ناسراوە کە بریتییە لە ڕووداوی نەتەوایەتی و چیرۆکی

دڵداری و مێژوویی و ئاینی کە گەلێ جوان و دڵ ڕاکێشەرن و هەندێ لەو بەیتانەیان لەگەڵ شانامەی فیردەوسی و ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمیرو هاملتی شکسپیردا پێک گرتووە و لە ڕیزی ئەو شاکارانەدا هێناویاننە ئەژمار.

هەروەها وتمان بەیت بریتییە لە ڕووداوێکی بەزمی یا ڕەزمی کە بەیت وێژی نەخوێندەوار لە چوارچێوە و ڕستەگەلێکی ڕازاوەدا بەبەزم و ئاهەنگێکی تایبەتی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە، واتە ئاهەنگێ کە شایانی ئەو ڕووداوەبێ دەیخوێنێتەوە. بەیت وێژی بەهرە و بەشێکی هونەرییە و هەموو کەسێک ئەو بەهرە و بەشیە نییە و، لە ڕۆژگارە پێشووەکاندا فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان و سانانی هەورامان بەیت وێژ و ڕاز وێژی گەورە گەورەیان هەبووە و زۆربەی شەوان لە دیوەخانەکانیاندا بەیت وێژی و ڕاز وێژییان بۆ کردوون.

بەیتەکان بەیەکێ لە بەشەکانی گرنگی وێژەی کوردی دێنە ژمار و ئەم بەیتانە کە زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی پێشوو سەرچاوەیان جۆر بەجۆرە و لەوانەیە لە ئەفسانە و ڕووداوێکی نەتەوایەتی و مێژووییەوە هاتبن و، یا بیرەوەریەکی تێکشکان و سەرکەوتنێک بن، وەیا لە ڕووداوێکی ئاینییەوە سەرچاوەکانیان گرتبێ، بەڵام هەرچێک بێ ئەو بەیتانە بریتین لە ئومێد و شادی و شیوەن و ئارەزووگەلێکی بێ سەرئەنجامی گەلی کورد و گەنجینەیەکی بایەدارن و دەتوانین لە باری مێژوویی و وێژەیی و کۆمەلایەتی و ئاینییەوە کەڵکیان لێ وەرگرین.

زۆربەی بەیتەکان بەهۆنراو و پەخشانن و دانەر و مێژووی دانانیان ڕوون نییە و وا دیارە کە ئەو شوێنەوارانە لە دوای ئیسلام دانراون، چونکە سەرچاوەی ئەم بەیتانە جۆر بەجۆرە و ڕەنگە ئەفسانەیەک یا ڕووداوێکی مێژوویی و نەتەوایەتی یا کارەساتێکی ناوخۆیی یا بیرەوەریەکی نادیار یا تێکشکان و پیرۆزی و یا بیروبڕوایەکی ناوخۆیی سەرچاوەی ئەم بەیتانە بێ، بەڵام ئەم بەیتانە هەرچی بێ بریتییە لە بیروبڕوای گەلی کورد.

زۆربەی بەیتەکان بەهۆنراو و پەخشان دەست پێ دەکرێن و پتر لەناو عێلات و هۆزەکانی کوردا باون و زۆربەی دێ نشینان ئەم بەیتانەیان لە بەرەو کورد لە بەیتدا زۆر دەوڵەمەندە و هەندێک لەم بەیتانەی هەر لە مێژەوە لەناو خەڵکدا ناسراون و بەیت وێژەکان هەموو دەم ئەو بەیتانە بۆ خەڵک دەخوێننەوە تا لەبەریان کەن و لەبیرنەچنەوە و ئەمەش بەڕاسپێری خۆیان دەزانن.

لە ڕۆژگارانی پێشوودا فۆلکلۆر بەلای زاناکانەوە بایی و بایەخێکی زۆری نەبوو، وە کەمتر ڕوویان تێ دەکرد بەڵام لەم ساڵی دواییدا کۆمەڵێک لە زانایانی ئوروپایی پاش وردبوونەوە و تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆیان دەرکەوت کە فۆلکلۆری هەر گەل و

کۆمەڵێک، بەهەموو چەشنەکانییەوە، بۆ ناساندنی ئەو گەل و نەتەوە و پیشاندانی کەلەپوورە نەتەوایەتییەکانی لە ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و زانیاریدا نەخش و دەورێکی گرنگ دەگێڕێ، ئەوسا ئەو زانایانە دەستیان کردە کۆکردنەوە و نووسینەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی، وە تا ڕادەیەک ئێستاکە گەلێ لە زانایان وڵاتە و وڵات و شارە و شار دەگەڕێن و لەناو گەل و نەتەوە جۆر بەجۆرەکانی جیهاندا دەسووڕێنەوە و لەگەڵ شارەزایانی ئەو گەل و نەتەوایانەدا کۆ دەبنەوە و لە بارەی هەموو چەشنە فۆلکلۆرێکی ئەو گەل و نەتەوایانە پرسیار دەکەن و دەیاننووسنەوە و لێیان دەکۆڵنەوە.

کەلەپووری نەتەوایەتی، هەروەها وتمان کە بەرهەمی هەزاران ساڵی هەر گەل و کۆمەڵێکە بریتییە لە : وێژە و نیگار و گەمە و یاری و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و چەشنەکانی خواردنەوە و خواردەمەنی و نەریتی کۆمەڵایەتی و کاسە و کەوێلی ناو ماڵ و بیروبڕوای کۆن و ڕاو و چەک و پیشەکان و ئەستێرەوانی و گەلێ مەبەستی تر.

نەتەوەی کورد لەبەرئەوەی گەلێکی کۆنەو پێشینەیەکی مێژوویی دوورودرێژی هەیە لە چاوی فۆلکلۆرەوە دەوڵەمەندە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەوە کە ژیانێکی دانەمرکاو و شپرزەی بووە، نەیتوانیوە تا ئێستا ئەو گەنجینە نەتەوایەتییەی خۆیە بەتەواوی کۆبکاتەوە و لە ژیانی خۆیا کەڵک و سوودی لێ وەرگرێت.

فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشی زۆری لە سینگی پیرەمێردان و پیرەژناندا بووە و لەناوچووە، بەڵام لە هەر بابەتێکەوە ئەوەندەی ماوەتەوە کە ئەگەر زاناکان و نووسەران بۆ کۆکردنەوەی دەستوبرد بکەن و هەریەکەیان لە ڕادەی توانایی خۆیاندا بۆ پاراستنی تێ بکۆشن لەوانەیە کە گەلەکەمان لە گشت بارەیەکەوە بێ نیاز بکات و لە ڕێبازی ژیاندا پێش بکەوێ.

فۆلکلۆر گەلێ شت دەگرێتەوە و ئەوەی کە لە باو و باپیرانمانەوە بۆمان بەجێ ماوە دەگرێتەوە، وەکو: وێژە و ساز و ئاواز و هەڵپەڕکێ و سەما و هونەری وێنەکێشی و نەخش و نیگار و پەیکەرتاشین و بیناسازی و پیشەکان و بەڵگەنامە و هونەرە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە و لە ڕاستەقینەدا فۆلکلۆر شێوەی ژیانی کۆنی پێش هەزاران ساڵی باوباپیرانمان بۆ دەردەخات و و پلەی شارستانییەت و خوو ڕەوشت و بیروبڕوایان پیشان دەدات.

فۆلکلۆری وێژە کە بریتییە لە چیرۆک و هۆنراو و پەند و مەتەڵ و گاڵتەوگەپ و ئامۆژگاری و وتەی جێگر و نەخش و نیگار و یارییەکان و ساز و گۆرانی و خۆراک و خواردەمەنی و نەریتی کۆمەڵایەتی و کاسە و کەلوپەلی خێزان و تیمارکردن و بیروبڕوای کۆن و

خانەسازی و ڕاو و چەک و پیشە و پیشەسازی و کەلوپەلی ئاژەڵ و ئەستێرەوانی و ئەم جۆرە شتانە.

کەواتە لەسەر هەموو نووسەران و وێژەوانان و زانایانی کورد، پێویستە کە فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوایەتیی کورد خێرا کۆ بکەنەوە و لەسەری بکۆڵنەوە تا لەمە زیاتر تیانەچن و بەفیڕۆ نەڕۆن چونکە ئەوانە پەیوەندییان بەگەلەکەمانەوە هەیە و ئەگەر ئێمە ئەم کارە نەکەین، ئەم کارە ئیتر بۆ وەچەکانی تر ناکرێ، چونکە فۆلکلۆر ڕۆژ بەڕۆژ لەناو دەچێ و بەرەبەرە لەبیر دەچێتەوە.

هەروەها دەزانین کە شارستانییەتی ئەمڕۆ پەردەیەکی داوە بەڕووی ژیانی هەموو کۆمەڵانی جیهاندا و بەرە بەرە گۆڕانێکی وەها دێنێتە سەریا کە هەموو شتێکی لەبیر دەباتەوە و کەلەپوورەکەی بەجارێ لەناو دەبا کەواتە هەرچی زووە دەبێ کەلەپوورەکەمان کۆ بکەینەوە تا لەمە زیاتر لەناو نەچێ بەتایبەت بەیتەکانمان کە هەر کامیان بەشاکارێکی وێژەیی دێنە ژمار، دەتوانین لەوانە گەلێ کەڵک و سوود وەرگرین. ئەڵبەت لەم دواییەدا هەندێ لە نووسەرانمان خەریکی کۆکردنەوەی بەیتەکانی کوردی بوون کە لەناو ئەوانەدا دەتوانین لە: حاجی جندی، عەرەب شەمۆ، محەمەد تۆفیق وردی، عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان، قادری فەتاحی قازی، عەبدولحەمیدی حسەینی و ئەحمەد بەحری ناوببەین کە لەم بارەوە گەلێ ئەرک و ڕەنجیان کێشاوە و هیواداریین کە لاوان بکەونە خۆیان و ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ تا کەلەپووری نەتەوایەتیمان لەمە زیاتر لەناو نەچێ.

سەرچاوەکان

١- دابونەریتی کوردان نووسینی مەلا مەحموودی بایەزیدی- بەغدا ١٩٨٢.
٢- سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆرەوە- هەولێر ١٩٦٣.
٣- دەرگەهەک بۆ فۆلکلۆری کوردی نووسینی خاڵە حسێن - بەغدا ١٩٨٥.
٤- فۆلکلۆری کوردی نووسینی محەمەد تۆفیق وردی- بەغدا ١٩٦١.
٥- کۆمەڵەتێکستی فۆلکلۆری کوردی نووسینی قەناتی کوردۆ و بەغدا ١٩٧٦.
٦- گوڵبژێرێک لە فۆلکلۆری کوردیدا نووسەرانی سەعدوڵڵا شێخانی- بەغدا ١٩٨٥.

پەندی پێشینان

ئاشکرایە بەرەی مرۆ لە ڕۆژگارێکەوە لە ژیانی خێزانییەوە، پێی ناوەتە ژیانی هۆزایەتییەوە و لە ژیانی هۆزایەتیشەوە هاتووتە ناو کۆڕ و کۆمەڵەوە، هەموو چەشنە تاڵی و شیرینیەکی ژیانی چەشتووە و هەموو جۆرە کارەسات و ڕووداوێکی تاقی کردووەتەوە و لە ئاکام و ئەنجامی ئەو کارەساتانە کە ئێستاش لە ئێمە ڕوو دەدەن و، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا هەستیان پێ دەکەین تێ گەیشتووە و سوود و زیانی ئەو ئاکام و ئەنجامانەی بەوردی لێک داوەتەوە و بۆ ئەوە ئەو سوود و زیانانە کە لەو کارەساتانە دێنە دی بکەونە پێش چاو و پێشان بدرێن تا باشتر کار بکەنە سەر مرۆ، باپیرەکانمان بۆ هەریەکە لەو کارەساتانە کە لە ڕێگای کردەوە و وتەوە لە بنیادەم دەقەومێن شتێکی لەباریان دۆزیوەتەوە و ڕژاندوویانەتە قاڵبی ڕستەیەکی کورت و جوانەوە و ئەو ڕستەیە دەم بەدەم پارێزراوە و پشت بەپشت هاتووەتە خوارەوە تا گەیشتووەتە ئێمە و لە ئێمەشەوە دەگاتە بەرە دواییەکان.

پەندی پێشینانی هەر گەل و نەتەوەیەک پیشاندەری بیروڕای ئەو گەل و نەتەوەیەن و کۆمەڵناسان لەم ڕێگەوە دەتوانن بەئاکار و خوو و خدەی کۆمەڵێک پەی ببەن. هۆنەران و هەستیارانی گەورەی کوردیش لە پەندی پێشینان بەهرە و سوودێکی زۆریان بردووە و لەناو هۆنراوەکانیاندا هێناویانن.

داهێنەران و بە دیهێنەرانی ئەم پەندانە لە هیچ کوێی جیهاندا نەناسراون و دیارە ئەو پەندانە بەهۆی پێویستیی ژیان و هەڵسوکەوتی خەڵکەوە، بەدی هاتوون و ئەو پەندانە هەر لە مێژەوە سینە بەسینە هاتوونەتە خوارەوە تا گەیشتوونەتە ئێمە.

لەم دواییەدا هەندێ لە زانا و وێژەوان و نووسەرەکانمان لە بارەی پەندی پێشینانەوە گەلێ شتیان نووسیوە و هەریەکەیان بەگوێرەی سەلیقەی خۆی لە پەندی پێشینان دواوە و لە چاوی مانا و ناوەڕۆکەوە کردوونیە چەند بەشەوە.

بەو جۆرەی کە ئێمە بیرمان لە مانای پەند کردووەتەوە، پەند ئەوەیە کە ئامۆژگاریەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ بەخەڵک ڕابگەیەنێ و، دەتوانین بڵێین پەند پەیامێکە کە خەڵک وریا دەکاتەوە و دەیخاتە ڕێی ڕاست، بۆ ئەوەی ژیانی بەڕاستی و دروستی ببرێ و لە هەموو کارێکدا یارمەتیی بدا.

ئەو پەندانەی کە ئامۆژگارییێکی گۆشەیی دەگەیەنن سێ جۆرن جۆری. یەکەم بریتییە لە قسەی نەستەق واتە قسەی جوان و ژیرانە، وە ماناو ناوەڕۆکی قسەی نەستەق کە پوختەی بەرهەمی تاقیکاری و لێکدانەوەی وردی چینە ژیر و تێگەیشتووەکانی کۆمەڵە و لە ڕواڵەتدا مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیێنێ، بەڵام لە ڕاستەقینەدا هەموو مەبەستێکی هاوچەشن دەگرێتەبەر وەک ئەوە دەوترێ لە سەرنجی خۆی دەڕوێ.

جۆری دووەم، بریتییە لە توانج یان تەنز، توانج ئامۆژگارییەک لە پەنای ناوەڕۆکێکی گاڵتەیی و جەفەنگی یان ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینە ڕادەگەیەنێ وەکو ئەوە دەوترێ:

دەریا بەدەم سەگ پیس نابێ یا دەڵێ: قەل بەقەلی دەوت ڕووڕەش.

جۆری سێیەم بریتییە لە مەتەڵ کە بەرهەمی کورتکراوی ڕووداوێکی ڕاستەقینە یان دەست هەڵبەستە کە مانایەکی گشتیی لێ دەردەکەوێ: ئینجا وردبوونەوە لەو مانایە دەبێتە هۆی وریابوونەوەی مرۆ سەبارەت بەسوود و زیانی هەموو ڕووداوێکی هاوچەشنی ئەو ڕووداوە ڕاستەقینە یان ئەو ڕووداوە دەست هەڵبەستە. کەوابوو هەموو مەتەڵێک لە ڕووداوێکەوە وەرگیراوە و هەندێ جار بەهۆی وردبوونەوە لەو مەتەڵە کە ئەو ڕووداوەمان بۆ دەردەکەوێ وەک دەڵێ: کاڵەک خۆری یان بێستان ڕن، وەیا دەڵێ: بانێکە و دوو هەوا. دیارە هەریەکە لەو مەتەڵانە ڕووداوێکی تایبەتیان هەیە.

پەندی پێشینان پتر لەناو خوێندەواران و وەرزێران و جووتیاراندا باوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم پەندانە لەناو خەڵکدا بەدی هاتوون، بۆیە خەڵک پابەندی ئەو پەندانەن و دەیانکەن بەپشتیوانی قسەکانیان و لە ڕاستەقینەدا پەندی پێشینان ئەو وتە کورتانەن کە بیرێکی مەبەستداریان تێدا چەسپیوە و هەندێ لەو پەندانە بەپەخشانن و هەندێکی بەهۆنراو هۆنراونەتەوە.

پەندی پێشینانی کوردی هێشتا بەتەواوی کۆنەکراونەتەوە و ئەو کەسانەی کە پەندی پێشینانی کوردییان کۆکردووەتەوە بریتین لە: مەلا مەحموودی بایەزیدی و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەعرووف جیاوگ، شێخ محەمەدی خاڵ، حاجی جوندی، دکتۆر جەمال نەبەز، ئایەتوڵڵای مەردووخ، عەلائەدینی سەجادی، عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، حاجی تۆفیقی پیرەمێرد، قادری فەتاحی قازی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، جگەرخوێن، ئوردیەخانی جەلیل، جەمیل کەننە، قەناتی کوردۆ، عوسمان شاربازێڕی، جەمال بابان، خورشید بابان، جەلیل جەلیلی، حەمەی مەلا کەریم، مستەفا بەرزنجی.

ئاشکرایە لەناو کوردەواریدا گەلێ پەند و مەتەڵی تریش هەیە کە بەداخەوە تا ئێستا بەتەواوی کۆنەکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ کاریان لەسەر کراوە و گەلێ کەس خۆی

لەسەری ماندوو کردووە.

پەندی پێشینان ڕستەگەلێکی کورتی ماناداری زانایانەیە کە بەهۆی جوانییەوە لەناو خەڵکدا باوبوون و هەمووان بەکاری دەبەن و کەڵکیان لێ وەردەگرن و زۆربەشیان کێش و سەروادارن و قسەیان پێ دەڕازێتەوە و لە ڕاستەقینەدا پەندی پێشینان قسەگەلێکی کورت واتادارە و خەڵک بەکاریان دەبەن.

پەندی پێشینان سامانێکی دەوڵەمەندی وێژەی کوردییە کە لەوەدا چەشنی بیرکردنەوەی گەلی کوردمان لە باری کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەردەکەوێ و هەروەها گەل نەوە و وەچەکانی خۆی بەهۆی ئەم پەندانەوە گەورە دەکا بۆیە ئەم پەندانە پشت بەپشت و سینگ بەسینگ هاتوونەتە خوارەوە و هیچ چەشنە گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە و لە ڕاستەقینەدا بەرهەمێکی زۆر کۆن و سادەی فەلسەفەی ڕاستەقینەیە کە هەموو کردەوەیەکی باش و خراپی مرۆ هەڵدەسەنگێنێ و ڕەوشت و ئاکارو ژیری چۆنییەتیی ژیانی بنیادەم دەخاتە ڕوو.

پەندی پێشینان بەئەندامی بنەڕەتیی هەر زمانێک دێتە ژمار کە بارێ لە ڕێ و ڕەوشتەکانی کۆمەڵ و مێژووی گەلێک بەکۆڵ دەکێشێ و لە ڕاستەقینەدا دەتوانین پەندی پێشینان بەبناغەی وێژەی کوردی دابنێین کە لێرەدا چەند پەندێک دێنین تا بۆ هەموو دەرکەوێ کە ئەم پەندانە چەندە بایەدارن و چەند پڕ مانان کە مرۆ دەتوانێ لە بارەی هەر پەندێکەوە نامیلکەیەک بنووسێ:

ڕۆشنیی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە، پیاوی پیر کەوچکی ماڵە، نە پێڵاوی تەنگ نەماڵی بەجەنگ، بانێکە و دووهەوا، بەقسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر، کوتەک دەزانی قۆناغ لە کوێیە، ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار، ئاسنی سارد بەفوو گەرم نابێ، ئاوەکەی واڕژاوە، تۆ ئاخا و من ئاخا ئەی کێ جێمان بۆ ڕاخا، ئەسپی پێشکەشی دیانی ناژمێرن، ئەگەر زۆر بوو قەواڵە بەتاڵە، من بۆ تۆمە تۆ بۆ کێتە، برابوو بەبرازا کار لەکار ترازا، بڕەک تابۆز نەبێ لێ نادا، برامان برایی کیسەمان جیایی، بۆیە پێت ئێژم کاکە چۆلەکەم بۆ بگری، دەریا بەدەم سەگ چەپەڵ نابێ، کچم لەگەڵ تۆمە بووکێ گوێت لێ بێ، لە تەک گورگا گۆشت ئەخواو لە تەک مەڕا شین دەکا، دۆستت هەزاربێ کەمە، دوژمنت یەک بێ خەمە، زمسانان پینە و پەڕۆ، بەتاوسانان ورد ورد بڕۆ، چەم بێ چەقەڵ نابێ، خاڵۆ وەلەدە، خزم گۆشتت بخوا، ئێسکت ناشکێنی، خوا بدا مەرگم، زاوا نەکا بەرگم، ئاوێ بڕوا بۆ ڕۆخانە، خوێش بیخوا نەک بێگانە، حەوتی بمرێ لە باوان، سورمەی نابڕێ لە چاوان، دەستی ماندوو لەسەر زکی تێرە، هەموو ڕێگایەک دەچێتە بانە، مارانگاز لە خشەی مێرووله دەترسی،

زمان بوەستێ سەر رەحەتە، بۆ ڕیش چوو سمێڵی نایە بان، ئەو شوێنە خۆشە کە دڵی تیا خۆشە، گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ.

سەرچاوەکان

١- قسەی پێشینان - نووسینی ئیسماعیل حەقی شاوەیس - بەغدا ١٩٣٣.

٢- گوتنی پێشینا - نووسراوی جگەرخوێن - شام ١٩٥٧.

٣- گۆرانی و حیکاتێد کوردی قەناتی کوردۆ- ئێرەوان ١٩٦٩.

٤- پەندی پێشینان کۆکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ بەغدا ١٩٥٧.

٥- پەندی پێشینان کۆکردنەوەی ئوردویخانی جەلیل - ئێرەوان ١٩٦٩.

٦- پەندی پێشینان نووسراوی عەلی مارف شارەزووری- بەغدا ١٩٨١.

٧- پەندی پێشینان لە شیعری کوردی دا- نووسینی کەریم شارەزا- بەغدا ١٩٨٣.

٩- پەندی کوردی نووسینی عومەر دەشتەکی- بەغدا ١٩٨٠.

١٠- هەزار بێژ و پەند نووسراوی مەعرووف جیاوک- بەغدا ١٩٣٨.

ڕێ و ڕچەی یاری

یارییەکان کە یارسانیشیان پێ دەڵێن، ئەو کەسانەن کە لە سەر ڕێ و ڕچەیەکی زۆر کۆنی باووباپیریان دەڕۆن و بناغەی ڕێ و ڕچەکەیان لەسەر دوونا دوون دانراوە، کە ئارییەکان هەر لە مێژەوە بڕوایان پێی بوو، ئێستاش گەلێک لە نەتەوە ئارییەکان هەر لەسەر ئەم ڕێ و ڕچەیەن.

بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام، ئەم ڕێ و ڕچەیە هەر لە ڕۆژی بەرینەوە هاتووەتە دی و خەڵک سەریان پێ سپاردووە، بەڵام بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەدەستدایە ئەم ڕێبازە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا بەهۆی بالوولی ماهییەوە هاتووەتە دی کە گەلێ لە بیرو بڕوای ئایینە کۆنەکانی کوردستان وەکو: زەردەشتی و مەزدەکی و مانەویی تێدایە و هەروەها گەلێ مەبەستی ئایینەکانی ئیسلام و جوولەکە و فەلەشی تێ کەوتووە و لەم دەورەدا بالوول و یارەکانی چۆنییەتیی ڕێبازەکەیان بەهۆنراوی گۆرانی هۆنییەوە و لە سەرتاسەری لوڕستان و کرماشاندا بڵاویان کردەوە و ناویان نا دەورەی بالوول کە گەلێ گرنگ و بایدارە.

لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ڕێ و ڕچەی یاری پەرەی سەند و سان سەهاکی بەرزنجی و یارەکانی لە هەورامان و شارەزووردا گەلێ تێ کۆشان و ڕێبازەکەیان پەرەدا، وە ڕێ و ڕەوشتەکانی یارییان خستە قاڵبی هۆنراوی گۆرانییەوە و ناویان نا، سەرئەنجام کە گەلێ مەبەستی ئاینی لەم پەڕاوەدا نووسراون.

لە یەکێ لە نامیلکەکانی یاریدا نووسراوە کە بنیادەم هەر لە سەرەتای بەدیهاتندا تا ڕۆژی دوایی هەزار و یەک لەش دەگۆڕێ و بەگۆڕانی هەزار و یەک لەش گیانی نەمر دەبێ و دەڕواتە شارەزوور کە بەهەشتە و ئەوانەش وا خراپن گیانیان دەڕواتە لەشی گیاندارانی دڕندە و جانەوەرەکان و لەپاش گۆڕانی هەزار و یەک لەش دەچنە دۆزەخ و هەموو دەم سزا دەدرێن و هەر لەسەرگەردانیدا دەمێننەوە.

لە یەکێ لە پەڕتووکەکانی تری یاریدا نووسراوە، ئەوەی کە لەم جیهانەدا دەبینرێ بنج و بناوانی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانێکی ترو خەڵکی ئەم جیهانە نوێنگەی خەڵکی جیهانێکی ترن و بەرەی مرۆ کە لەم جیهانەدا ژیان دەباتە سەر هەموو وەچە و ڕەچەڵەکی ئەو جیهانەن و

پەیوەندیی بەجیهانێکی ترەوە هەیە و لەم جیهانەدا میوانن و لەپاش ماوەیێکی تر دیسان دەگەڕێنەوە بۆ مەڵبەندی بنەڕەتیی خۆی و ئەگەر لەم جیهانەدا کردەوەی باش بێ لەپاش هەزار و یەک دوون نەمر دەبێ و مرۆ کاتێ کە دێتە جیهانەوە گیانی هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام لەشی دەبێتە بەرهەڵستی و هیچی ناکەوێتە بیرو دەبێ دیسان ئەو شتانەی کە دەیەوێ فێریان ببێ و کەڵکیان لێ وەرگرێ.

سان سەهاک لەپاش ئەوەی ڕێ و ڕچەی (یاری)ی پەرەی پێ دا و ڕازەکانی (یاری)ی بەچەشنی یاسا و ڕەوەند دەرهێنا و ڕای گەیاندە یاران و هاوەڵان و لایەنگرانی خۆی ئەوسا یارن و پێڕەوانی خۆی بەچواردە تاقم دابەش کرد و بۆ هەر کامیان ئەرکێکی دانا کە ناوی ئەو چواردە تاقمە بەم چەشنەیە: هەفتەن، چل تەن، هەوتەوانە، یارانی قەوەڵتاس، حەفتا و دوو پیر، حەوت خەلیفە، حەوت مجێور، حەوت حەوتەوان، چل چل تەنان ، نەوەد و نۆ پیری شاهۆ، شەست و شەش خوڵامی پشتێن زێڕین، هەزار و یەک بەندەی وەک خواجە، بەیوەر هەزار بەندە، بەیوەند بەندە.

لەناو ئەم چواردە تاقمەدا، حەوتەن و چل تەن و حەوتەوانە و حەفتا و دوو پیر لە تاقمەکانی تر پیرۆزتر و سەرکەوتووترن و بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام حەوتەن کە لە بنەڕەتا حەوت فریشتەن، پاسەوانی ئاسمان و مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و هەوا و با و زەوی و ئاو و گیا و ئاگر و ئاسنیان پێ سپێرراوە گیانی ئەم فریشتانە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا چوونە لەشی: پیر بنیامین و پیر داود و پیر مووسا و دایە ڕیزوار و مستەفا دەودان و شا ئیبراهیم و بابە یادگار.

حەوتەوانە بریتییە لە حەوت فریشتە کە بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام لە تیشکی خوا بەدی هاتوون و ئەرکی ئەوان ڕێنوێنیی بەندەکانی خوایە و ئەم حەوت فرێشتەیە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا چوونە لەشی حەوت پیاوی پاک و پارێزگار و ناوەکانیان بەم چەشنەیە: سەی محەمەدی بەرزنجی، سەی میر ئەحمەدی میرسوور، سەی شەهابەددینی شارەزووی، سەی ئەبولوەفاء، سەی مستەفای شارەزووری، حاجی سەی باوەیسی، شێخ حەبیب شا.

بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام هەر کام لە پەیڕەوان و لایەنگرانی یاری دەبێ بەیەکێ لە بنەماڵەکانی یاری سەر بسپێرن و پیر و دەلیلێکیان هەبێ و ئەم مەسەلەش ئەوەندە گرنگە کە تەنانەت سان سەهاک، پیر بنیامین و پیرداودی بەدەلیلی خۆی بۆ سەر سپاردن هەڵبژارد و ئێستاش دەلیل دەبێ لە وەچەی حەفتا و دوو پیر و بنەماڵەکانی یاری بێ و لە هەر دەورێکدا هەر یارییەک دەبێ پیر و دەلیلێکی هەبێ.

بنەماڵەکانی یاری کە لەسەدەی هەشتەمی کۆچی تا سەدەی دوانزەمی کۆچیدا کە

لەلایەن سان سەهاک و ڕێبەرانی تری یارییەوە بەدی هاتوون و بەناوی سەیی ناسراون و سەیی بەکەسێک دەوترێ کە لەو بنەماڵانەبێ و ئەرکی ئەو خوێندنی دوعا و نزایە لەسەر قوربانییەکان، چونکە هەر قوربانییەک کە بکرێ دەبێ دوعای لەسەر بخوێنن و بنەماڵەکانی یاری ئەمانەن: بنەماڵەی شا ئیبراهیمی، بنەماڵەی بابە یادگاری، بنەماڵەی خاموشی، بنەماڵەی عالی قەلەندەری، بنەماڵەی میر سووری، بنەماڵەی مستەفایی، بنەماڵەی حاجی باوەیسی، بنەماڵەی زەنووری، بنەماڵەی ئاتەش بەگی، بنەماڵەی شاهەیاسی، بنەماڵەی بابە حەیدەری.

بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام هەر یاریەک دەبێ سەربسپێرێ و بۆ سەر سپاردن پێویستە دانەیەک گوێزی هیندی و دەستماڵ و هەنار و نەوات و دراو و کارد و کەڵەشێر و مەنێک برنج و چارەکێک نان و کەمێک خوێ هەیە کە لەپاش فەراهەمکردنی ئەم پێویستییانە، برنج و ڕۆن و کەڵەشێرەکە لێ دەنن و پاشان پیر و دەلیل ڕێ و ڕەوشتی سەرسپاردنی منداڵەکە ئەنجام دەدەن.

یارییەکان هەر حەوتەیەک دەبێ لە شوێنێکدا بەناوی جەمخانە کۆبنەوە و لەوێدا خەریکی پەرستنی خوا و خوێندنی سروودگەلێکی ئاینی بن و تەنبوور لێ بدەن و ئەم جەمەش نابێ کەمتر لە سێ کەس بێ و ژنان لەم جەمەدا مافی بەشدارییان نییە، بەڵام دەتوانن لە پشتی جەمەکەوە دانیشن و گوێ بۆ قسەکانی پیر ڕاگرن.

ئەو کەسانەی کە دێنە ناو جەمەوە دەبێ پشتێن ببەستنەوە، چونکە بەستنی پشتێن پێویستە و بەبێ پشتێن بەستن کەسێک مافی ئەوەی نییە بێتە ناو جەمخانەوە و لەکاتی هاتنە ناو جەمخانەوە، دەبێ پشتێنەکانیان گرێ بدەنە یەکەوە و بەچەشنی چەمەرە بەدەوری یەکدا دانیشن.

بەپێی پەڕتووکی سەرئەنجام هەر یارییەک دەبێ لە ساڵدا شەش ڕۆژ ڕۆژوو بگرێ تا بەخوا نزیک بێتەوە و ئەم شەش ڕۆژەش لە دووجاردا دەگیررێ. ڕۆژووی جاری هەوەڵ ڕۆژووی مەڕ نوێیە کە لە دوانزەیەمی چلە گەورەی زستانەوە تا چواردەیەمیەوەیە و جاری دووەم لە چواردەمی چلە گەورەی زستانەوەیە تا حەڤدەمی، وە لە دوای گرتنی ئەم ڕۆژووانە سێ مسقاڵ زێڕ بەناوی سەرانە دەدەنە بنەماڵەکانی پیر و دەلیل کە دووبەشی ئەو زێڕانە دەگاتە بنەماڵەی پیرو بەشێکی تری دەگاتە بنەماڵەی دەلیل.

نیاز و قوربانی کردن لەناو یارییەکاندا زۆر گرنگە و بەپێی پەڕاوی وردە سەرئەنجام لە نێوان یارییەکاندا نەزرو نیاز هەیە کە بریتین لە: خزمەت، نیاز، شوکرانە، قوربانی.

قوربانییەکە دەبێ بەناوی خواو ڕووەو ڕووگە سەرببڕن و خوێنی قوربانییەکە دەبێ

بشارنەوە و ئێسقانەکانی دەبێ بەجۆرێ لە گۆشتەکەی جیاکەنەوە کە نەشکێ و زراوەکەی و سپڵەکەی و ڕیخۆڵە کوێرە و گوێچکەکانی دەبێ لە شوێنێکدا بشارنەوە تا هیچ جانەوەرێک دەستی پێیان نەگا.

ڕێ و ڕچەی یاری لەسەر چوار پایە دانراوە کە بریتین لە: پاکی و ڕاستی و لەناوبردنی فیز و هەواو بەخشش کە هەر یارییەک لەسەر ئەم چوار پایە لە ژیاندا بەکاربباو لەو چوار ڕێگەیە لانەدا و لە سەری بڕوا.

یارییەکان لەگەڵ ئەوەی ئاین و ڕێ و ڕچەیەکی کوردییان هەیە، گەلێ ڕاژە و خزمەتیشیان بەزمانی کوردی کردووە و هەر لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە تا ئاخر و ئۆخری سەدەی سێزدەیەم گەلێ پەڕتووک و نامیلکەیان بەزاراوەی گۆرانی نووسیون و بەیادگار بەجێیان هێشتوون کە ئەو پەڕتووکانە لە: دەورەی بالوول، دەورەی بابە سەرهەنگ، دەورەی شاخوەشین، دەورەی بابە ناووس، دەورەی بابە جەلیل، دەورەی پیرعالی، دەورەی دامیار، سەرئەنجام، وردە سەرئەنجام، دەورەی حەوتەوانە، بارگە بارگە، گڵێم وە کۆڵ، دەورەی چلەن، دەورەی عابدین، دەورەی قرمزی، دەورەی حەیدەری، دەفتەری پردیوەر، دەفتەری ساوا، دەفتەری دیوان گەورە، زوڵاڵ زوڵاڵ، کەلامی سەی خامۆش، کەلامی عێل بەگی، کەلامی خان ئەڵماس، کەلامی شاتەیموور، کەلامی شێخ ئەمیر، کەلامی زولفەقار، کەلامی قاسد، کەلامی نەورۆز، کەلامی حەیدەری، کەلامی جەناب، کەلامی موجرم، کەلامی دەروێش ئوجاق، کەلامی دەروێش قولی.

تەواوی ئەو پەڕتووکانە بەهۆنراوی دە هیجایی هۆنراونەتەوە و بەیادگار ماونەتەوە. سەرئەنجامێکی تر هەیە کە بەشێوەی پەخشانە و داگری بیست و یەک بەندە و هەر بەندێکی لەسەر مەبەستێکی ئاینی نووسراوە کە گەلێ گرنگ و بایدارە.

سەرچاوەکان

١- گۆران نووسینی پرۆفیسۆر مینۆرسکی وەرگێڕاوی د. ناجی عەباس- گەلاوێژ ژمارە- ١٩٤٣.

٢- کورد نووسینی مینۆرسکی وەرگێڕاوی حەمە سەعید کەریم- بەغدا ١٩٨٤.

٣- شاهنامە حقیقت اثرحاج نعمت الله جیحون آبادی بەکوشش دکتر محمد مکری- تهران ١٩٦٤.

٤- سرودهای دینی یارسان، ترجمە ماشاء الله سوری- تهران ١٣٤٤.

٥- برهان الحق، تالیف نور علی الهی- تهران ١٣٤٣.

٦- رموز دینی یارسان تالیف سید قاسم افضلی- تهران ١٣٤٥.

٧- مشاهیر اهل حق، تالیف صدیق صفی زادە (بۆرەکەیی) تهران ١٣٦١.

۸- بزرگان یارسان، تالیف صدیق صفی زاده- تهران ۱۳۵۲.
۹- نوشته‌های پراکنده درباره یارسان، تالیف صدیق صفی زاده- تهران ۱۳٦۱.
۱۰- دوره هفتوانه جزوی ازنامه سرانجام تالیف و تفسیر صدیق صفی زاده- تهران ۱۳٦۰.
۱۱- الکاکائیه فی التاریخ، تالیف عباس العزاوی- بغداد ۱۹٤۹.

پەڕتووکی سەرئەنجام

لەبەرئەوەی هەندێک لە نووسەران، سەبارەت بەپەڕتووکی سەرئەنجام بەهەڵە دواون و هیچ چەشنە زانیارییەکیان لە بارەی ئەم پەڕتووکەوە نییە، ئەوە بوو کە بڕیارم دا لەم بارەوە وتارێک بنووسم و لەسەر ئەم پەڕتووکە بکۆڵمەوە. سەرئەنجام ناوی یەکێ لە پەڕتووکەکانی ئاینی یارییە کە لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا بەهۆی سان سەهاک و یارەکانییەوە، بەزاراوەی گۆرانی هۆنراوەتەوە. ئەم پەڕتووکە داگری شەش بەشە بەناوانی: دەورەی حەوتەوانە، بارگە بارگە، گلێم وەکۆڵ، دەورەی چلتەن، دەورەی عابدین، وردە سەرئەنجام، دەورەی حەوتەوانە لەبارەی قوربانی و خێر و خێرات و ڕاز و نیاز و گەشت و گێڵی فریشتەکانە لە حەوت چینی ئاسمانەکاندا و هەروەها سەبارەت بە بەدیهاتنی ئاسمان و زەوی و مەشیە و مەشیانە دەدوێ. مەشیە و مەشیانە بریتییە لە ئادەم و حەوا.

ئەو هۆنەرانەی کە هۆنراوەکانی ئەم بەشەیان هۆنیونەتەوە بریتین لە: سان سەهاک، پیربنیامین، پیرداود، پیرمووسا، پیرڕەزبار، پیرشالیاری هەورامی، پیرنەدری شاهۆیی، پیرڕۆستەمی سۆ، پیرنەقی هەورامی، پیرنیگادارتانی، سەی محەمەدی شارەزووری، پیرئیسماعیلی کۆلانی، سەی محەمەدی گەورە سوار، سەی ئەبولوەفا، سەی مستەفا، سەی میر ئەحمەد، سەی شەهابەدین، سەی حەبیب، سەی باوەیسی، خەلیفە عەزیزی سلێمانی، خەلیفە محەمەد، خەلیفە شاشا، خەلیفە شەهابەدین، خەلیفە باپیر، خەلیفە ئەمیر، خەلیفە جەبار، مستەفا دەودان، شا ئیبراهیمی ئێوەت، سەی ئەحمەدی بابەیادگار.

بەپێی پەڕاوی سەرئەنجام خوای مەزن بەشێک لە ڕۆحەکەی خۆی جیاکردەوە و ئەوسا چەندین فریشتەی بەناوانی: حەوتەن و چل تەن و چل چل تەن و حەوت خەلیفە و حەوتەوانە و بەیوەر هەزار خولام و بەیوەن خولامی بەدی هێناو پاشان چووە ناو دوڕێک لەپاش ماوەیەک لە دوڕەکە هاتە دەرو ئەوسا دوڕەکە تەقی و لە تەقینەوەی دووکەڵێک هەڵسا و ئاسمان و زەوی و ئەستێرەکان و مانگ و خۆر و شەو و ڕۆژی بەدی هێناو پاشان لەگەڵ یەکێ لە فریشتەکانیدا بەناوی بنیامین کەوتە گەڕانی حەوت چینی ئاسمان و لە هەر چینێکی ئاسماندا فریشتەکان کۆ دەبوونەوە تا خوا بێتە ناویان و هەر کە ئاواتیان دەهاتەدی یەکێکیان خۆی دەکردە قوربانی.

بارگە بارگە بەشی دووەمی پەڕتووکی سەرئەنجامە کە لەبارەی بارگە و خێوەتەکانی خواییە کە لە وڵاتەکانی جۆر بەجۆری ئێران و جیهاندا هەڵدراوە و هەروەها لەبارەی گەڕانی گیانی فریشتەکانە لە لەشی پێغەمبەران و پاشایان و پیاوە گەورەکان و پارێزگاراندا ئەم بەشە بەهۆی حەفتا و دوو پیرەوە کە هەموویان هۆنەر و زانا هۆنراوەتەوە. بارگە بارگە بریتییە لە حەفتا و دوو پارچە هەڵبەست کە هەر پارچە هەڵبەستێکی بەشێوەیێکی جوان لەسەر مەبەستێک هۆنراوەتەوە و دیاردی بەگەلێ لایەنی ئەفسانەیی و میتۆلۆژیایی و ئاینی دیاردی کراوە. ناوی حەوتاودوو پیر بەم جۆرەیە:

پیر سلێمانی سیستانی، پیر قابیل سەمەرقەندی، پیر ڕوکندین، پیر میکائیل دەودانی، پیر نالیی مۆردینی، پیر تایەری ئەسپەهانی، پیر شەمسی عەلەمدار، پیر کەمالی مامۆلانی، پیر ڕاستگۆی قەرەداغی، پیر تەقیی شاهۆیی، پیر حەیدەری لوڕستانی، پیر نەڕە بالامۆی، پیر ئەحمەدی لوڕستانی، پیر تاجەدینی فارس، پیر حسێنی کاشانی، پیر مەحموودی بەغدادی، پیر عەبدولعەزیزی بەسرەیی، پیر ئیبراهیمی جاف، پیر سلێمانی ئەردەلانی، پیر خالقی ئاردەوێلی، پیر مەنسووری شووشتەری، پیر عیسا شوقاقی، پیر حەیدەری کەل مەیدانی، پیر مالکی گۆران، پیر مامڵی مایدەشتی، پیر ناسری بەختیاری، پیر عیسا بساکانی، پیر خەلیلی مووسڵی، پیر جافری کوردستانی، پیر حەمزەی بیری شاهی، پیر حسێنی ئەستەموولی، پیر ئەلیاسی مۆریاسی، پیر فەیرۆزی هندی، پیر هەیاسی مەغربی، پیر ئیگادارتانی، پیر قەمەر سەراو قوماشی، پیر تامازی کرمانی، پیر تەیمووری هەورامانی، پیر ڕەحمەتی بومبەیی، پیر قوبادی دێوانە، پیر کازمی کەنگاوەری، پیر دانیالی دالاهۆیی، پیر مووسا میانەیی، پیر سوورەی هندلەیی، پیر سادقی مازەندەرانی، پیر نیعمەتی تەبەردار، پیر دلاوەری دەرەشیشی، پیر حەیاتی ماچینی، پیر قانوونی شامی، پیر حاتەمی هەمەدانی، پیر محەمەدی شارەزووری، پیر ناریی هەورامی، پیر ئیسماعیل کۆلانی، پیر نازداری شیرازی، پیر نەریمانی شاهۆیی، پیر تەیاری خوەراسانی، پیر عنوان کەعبەیی، پیر ئەحمەدی گەنجەیی، پیر ئەحمەدی برساهی، پیر نادری قەرەپاپاقی، پیر شالیاری هەورامی، پیر مەحموودی لوڕستانی، پیر نەجمەدینی پارسی، پیر نەقیی تووکانی، پیر هاشم ڕژوی، پیرەمێردی هۆردینی، پیر بابە غەیبی هاواری، پیر شەمسەدین، پیر عەزیزی هۆنەدانە، پیر فەتالیی سەحنەیی، پیر ڕۆستەمی ڕسۆ.

گلێم وەکۆڵ کە بەشی سێیەمی پەڕتووکی سەرئەنجامە، سەبارەت بەخەباتەکان و هەڵسوکەوتەکان و ڕەنجەکانی پیر بنیامینە لە یەمەن کە ماوەیەک جلوبەرگی ئەستووری کردووەتەبەر لە یەمەندا خەریکی ئاو فرۆشی بووە و پاشان لەگەڵ هەندێ لە یارانیدا

سواری کەشتیەک بووە و لە دەریای ئەسکەندەریەوە تێ پەڕیوە و لەپڕ بایەک هەڵی کردووە و بووەتە تۆفان و دانیشتووانی کەشتییەکە چەند ڕۆژێک لە سەختی و برسیەتیدا ژیانیان بردووەتە سەر تا پیر بنیامین لەگەڵ خوادا کەوتووەتە ڕاز و نیاز و سەرئەنجام لەو تۆفانە ڕزگاریان بووە و چوونەتە مەڵبەندەکەی خۆیان و بەدیتنی سان سەهاک شادبوون.

هۆنراوەکانی ئەم بەشە بەهۆی دوانزە هۆنەرەوە هۆنراوەتەوە کە بریتین لە: سان سەهاک، پیر بنیامین، پیرداوود، سەی میر ئەحمەد، سەی مستەفا شارەزووری، سەی محەمەد شارەزووری، سەی ئەبولوەفا شارەزووری، سەی شەهابەدینی شارەزووری، سەی حەبیب شا، حاجی سەی باوەیسی، هووسپە، هوورز.

دەورەی چل تەن کە بەشی چوارەمی پەڕتووکی سەرئەنجامە، سەبارەت بە بەدیهاتنی چل فریشتە دەدوێ کە ئەمانە هەر لە ڕۆژی بەرینەوە بۆ ڕازداری خولقێنراون و لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا چوونە لەشی چل پیاوی پارێزگار و خەڵکیان بۆ یەکتاپەرستی هان داوە و ئەم بەشەش بەهۆی چل هۆنەرەوە هۆنراوەتەوە کە لەوانەدا سەبارەت بەگەورەیی و مەزنی و بەخشندەیی خوا باس کراوە.

هەروەها سەبارەت بەتاریکی و ڕۆشنی و چاکە و خراپەش باس کراوە. ناوی ئەو چل هۆنەرە بەم جۆرەیە: دەمام، شەمام، قامووس، ئەژدەر، ئەنوەر، نگین، گەوهەر، مسکین، مۆمن، سەفیر، کەبیر، ناری، سابق، قانوون، سەیاد، لامی، پێشەنگ، ئەوڕەنگ، خەزاوی، شمشاڵ، سیقاڵ، عەزازیل، ئیدراک، خونجی، مەستی، غازی، وردی، نیشان، چەرگا، سەقا، مەرزی، بیا، تەوار، سەراف، سروور، تۆفیق، ڕەزتاب، قەندیل، شەمیل.

دەورەی عابدین کە بەشی پێنجەمی سەرئەنجامە، بریتییە لە ڕاز و نیازەکانی عابدینی جاف کە سەبارەت بەگیان و ڕۆح و پیاوچاکان دواوە و ئەم بەشە پتر بەهۆنراوی حەوت هیجاییە و لەسەر شێوەی جافی هۆنراوەتەوە کە هەندێ هۆنراوی سان سەهاک و پیر بنیامین و پیر مووسایشی تێدایە.

وردە سەرئەنجام کە بەشی شەشەمی پەڕتووکی سەرئەنجامە بریتییە لە هەندێ مەبەستی ئاینی وەکو جەم و جەمخانە و گوێز شکاندن و سەرسپاردن و ناونانی منداڵ و ژن خواستن و پاڕانەوە و پەند دادانی گیانی مردووان و ئەم بەشەش بەهۆی چوار هۆنەر هۆنراونەتەوە کە بریتین لە: سان سەهاک، پیر بنیامین، پیر مووسا، مستەفا دەودان، پەخشانەکانی ئەم جزمە بەفارسی نووسراون.

سەرچاوەکان

١– دەورەی حەوتەوانە (دەستنووس).

٢– بارگە بارگە (دەستنووس).

٣– دەورەی گڵێم وەکۆڵ (دەستنووس).

٤– دەورەی چل تەن (دەستنووس).

٥– دەورەی عابدین (دەستنووس).

٦– وردە سەرئەنجام (دەستنووس).

٧– کورتەی پەڕتووکی سەرئەنجام (دەستنووس).

٨– دەفتەری پردیوەر (دەستنووس).

بۆچ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی هۆنراوەتەوە

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە زۆربەی هۆنەرانی کورد هەر لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە تا سەرەتای سەدەی سێزەهەمی کۆچی، هۆنراویان بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە، ئەمەش هۆی ئەوەبووە کە خەڵکی مەڵبەندی شارەزوور و ئەردەڵان بەزاراوەی گۆرانی و شێوەکانی دواون و جگە لەوەش ڕێ و ڕچەی یاری (کاکەیی) کە لە لوڕستان و هەوراماندا پەیدابووە، لەبەرئەوەی شا خوەشینی لوڕستانی و سان سەهاک و یارەکانی بەزاراوەی گۆرانی دواون ئەوەیە کە ئەم زاراوەیان کردووەتە زاراوەیەکی ئاینی و تەواوی پەڕتووکە ئاینییەکانیان بەو زاراوە نووسیون و تەنانەت لە سەدەی دووەمی کۆچیدا کە بالوول و یارەکانی سەریان هەڵداوە زۆربەی هۆنراوەکانیان بەگۆرانی وتووە و شاخوەشین و یارەکانیشی کە لە لوڕستاندا ژیاون هەر بەگۆرانی دواون و نووسراوەکانیشیان هەر بەگۆرانی بووە کە ئێستا هەموویان لەبەردەست دایە.

جا هەر هۆنەرێکی تری کورد لە هەر مەڵبەندێکی کوردستاندا کە ژیاوە لاسایی ئەو هۆنەرانەی کردووەتەوە و هەر بەگۆرانی هۆنراوی هۆنیوەتەوە و تەنانەت ئەو زاراوانەیان بەکاربردوون کە هۆنەرانی گۆران لە هۆنراوەکانیاندا بەکاریان بردوون چونکە ئەو زاراوەیان بەزاراوەیەکی زانستی داوەتە قەڵەم و تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەران و نووسەران ئەو زاراوەیان بەپاشماوەی زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی داناوە.

جگە لەوەش زاراوەی گۆرانی دەچێتەوە سەر زمانی ئاڤێستایی کە زەردەشت پەڕتووکی ئاڤێستای پێ نووسیوە و زۆربەی مێژوونووسانی کورد و بێگانەش هەر لەسەر ئەو بیروڕایەن کە زمانی ئاڤێستایی زۆر لە زاراوەی گۆرانی دەچێ، دەقاودەق گۆرانییە و زۆربەی هۆنراوەکانی زەردەشتیش لە گاتەکاندا هەر لە زاراوەی گۆرانی دەچێ و لەسەر هیچا هۆنراونەتەوە بۆیە هۆنەرانی کوردیش هەر لەسەرەتاوە بەم زاراوە هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

ئەوەش دەبێ بڵێین هەورامان کە مەڵبەندێکی شاخاوییە هیچ نەتەوەیەک خۆی بۆ نەکوتاوە و بەم هۆیەوە هەورامییەکان جگە لە زمانەکەی خۆیان ئاشنایەتییان بەزمانەکانی تر نەبووە تا هۆنراوی پێ بهۆننەوە و هەرکە دڵ و دەروونیان هاتووەتە جۆش و خرۆش

بەزمانەکەی خۆیان مەبەستەکەیان دەربڕیوە و بەخەڵک ڕایان گەیاندووە و سانەکانی هەورامانیش کە لە هەوراماندا فەرمانڕەوایییان کردووە، هۆنەرانیان هان داوە کە بەزمانی زکماکی خۆیان هۆنراو بهۆننەوە.

شێخەکانی هەورامانیش کە پێڕەوی ڕێ و ڕچەی نەقشبەندی بوون زۆربەیان خۆیان هۆنەر بوون و مەلاکان و دەروێشەکانی خۆیان هان داون کە بەزاراوەی گۆرانی هۆنراو بهۆننەوە بۆ وێنە مەولەویی نەمر کە خەڵکی تاوەگۆز بووە، بەشێوەی جافی دواوە، بەڵام بەشێوەی هەورامی دەستی کردووەتە، هۆنراو هۆنینەوە تا گەیشتووەتە ئەو پلەوپایە بەرزە.

والییەکانی ئەردەڵانیش کە زۆربەیان هەر بەهەورامی دەدوان، هۆنەرانیان هان دەدا کە بەزاراوەی گۆرانی هۆنراو بهۆننەوە تەنانەت هەندێ لە والییەکان وەکو کەڵبالی خانی ئەردەڵان و خەسرەو خانی ئەردەڵان و ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان، خۆیان هۆنەربوون و هەر بەهەورامی هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

ئێستاش زۆربەی هۆنەرانی کرماشانی و ئیلامی و هەوشاری و لوڕستانی هەر بەزاراوەی گۆرانی هۆنراو دەهۆننەوە، چونکە بەزاراوەیەکی پیرۆزی دادەنێن کەچی خەڵکی ئەو مەڵبەندانە هیچ کامیان لەسەر ڕێ و ڕچەی یاری نارۆن، بەڵام هەر حەز لە زاراوەی گۆرانی دەکەن و بەو زاراوە هۆنراو دەهۆننەوە و کەواتە بنەڕەتی وێژەی کوردی لەسەر زاراوەی گۆرانی دانراوە، بۆیە گەلێ وشەی گۆرانی کەوتووەتە ناو زاراوەکانی تری کوردییەوە و گەلێ لە هۆنەرانی کوردی مەڵبەندەکانی تری کوردستان وەکو: تایەربەگی جاف و مەلای جەباری و حەریق و مەولانا خالد و وەلی دێوانە و مەستوورە خانمی کوردستانی لەگەڵ ئەوەی بەزاراوەکانی خۆیان هۆنراویان وتووە بەزاراوەی گۆرانییش هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

لەم دواییەدا سێ قەواڵەی کۆن کە لەسەر پێست نووسراون لە هەوراماندا دۆزراونەتەوە و ئەم قەوالانە کە لەسەدەی یەکەمی پێش زاییندا نووسراون، کەوتوونەتە دەستی دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی و ئەویش ئەوانەی داوەتە پرۆفیسۆر مینس کە تەرجەمەیانی کردووە. وەکو دەڵێن یەکێک لە سۆفییەکانی عەلائەدینی نەقشبەندیی بەناوی سۆفی عەبدوڵڵا ڕۆژێکیان دەڕواتە لای شێخ و پێی دەڵێ کە لەسەر کێوی سووریێندا تاشە بەردێکی دیوە کە وێنەی پیاوێکی لەسەر کەنراوە و تیرێکی بەدەستەوەیە و بەرەو خۆی دەیهاوێژێ و پاشان بۆ شێخ دەرکەوت کە تیرەکە بەرەو ئەشکەوتێکی سەخت دەڕوا و کە چوونە ئەشکەوتەکە چاویان کەوتە کووپەڵەیەک کە پڕی بوو لە هەرزن و لەگەڵ ڕۆکردنی هەرزنەکە سندووقێکی تێدا دەرکەوت کە سێ قەواڵەی تێدا بوو مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دەوری

فەرهادی چوارەم کە لە ساڵانی ۳۸ تا ۲ی بەر لە زاییندا ژیاوە. ئەم سێ قەواڵە دووانیان بەزمانی یۆنانی و قەواڵەی سێیەم بەزاراوەی گۆرانیی کۆن نووسراون و قەواڵەکانیش هی چەند دێیەک و ڕەزستانێکە کە بۆ ماوەیەک دراونەتە کرێ. ئەمەش دەقی قەواڵەی سێیەم بەزاراوەی گۆرانیی کۆن:

شەنەت ق بەرەخا ئەڕۆتەت میبنوو بەتەسپەک بەری تورین. یەکی کەرما نەسمەک من ئەبیکە شکەن بەلزیات. ڕەزنبوو ئەریل بەری بەشەنین دەدنەهی کولا زوزن. مەمن بوومخوتی ئەخ هەمی ئەدلوو قەدەمتوو شەهدین تیریک بەری ئەبینی بەری ڕەشنو ئەرشتەت. بەری ئەبنوو گریپنە هی بەری میترپدی سنیەک بەری ماتبەنگ کەرما نەسەمتەن ڕەززینەت ئەریل من پەتەسپەک کولا زوزن.

واتە: ساڵی سێ سەدی هاوینی مانگی جۆزەردان میبنووی پەتەسپەکی کوڕی تورین، نرخ و بایی ڕەزی ئەسمەک کە داویە بۆ گەڕاندنەوەی خاوەنەکەی، ڕەزەوان ئەریل کوڕی بەشنین پێی داو، ئەمیش لەسەر یەک پەنجاو پێنج زۆزین، ئەوەش وا لەلای خاوەن زەوییەکەو ئەو دانی پێدا ناوە لە بەرامبەر پێشکەشی دا، بەشایەتەکان تیرێک کوڕی ئەبینی کوڕی ڕەشنوو ئەرشتەتی کوڕی ئەبنوو گریپنەهی کوڕی میترا پەدی سینەک کوڕی ماتبەنگ، نرخی ڕەزی نەسەمتەن ڕەز دەگەڕێتەوە بۆ ئەریل پەتەسپەک بەتەواوی پەنجاو پێنج زۆزن یا درهەمە.

لەم قەواڵەدا هەندێ وشە بەئارامی نووسراوە وەکو: وشەی شەنەت بەواتای ساڵ، ق کە بریتییە لە قیپای ئارامی بەواتای هاوینەو وشەی یەرەخا بەواتای مانگەو وشەی پەلز بەواتای نیوەو وشەی قەدەمتوو بەواتای پێشکەش وشەی شەهدین بەواتای شایەتەکان وشەی کەرما بەواتای ڕەزە. لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە وشەکان لەو دەورەدا بەئارامی دەنووسراو لەکاتی خوێندنەوەدا بەگۆرانی دەخوێنرایەوە کە بەمە هوزرواش دەڵێن.

لەم قەواڵەدا هەندێ وشەی گۆرانیمان دەکەوێتە بەرچاو کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییان بەناوچەی هەورامانەوە هەیە، وەکو: ئەڕۆتات کە ناوی مانگی جۆزەردانە و تیریک کە لە بنەڕەتدا میترایە و لەگەڵ پاشگری کۆدا پێک هاتووە و ڕەشنوو کە ناوی فریشتەیەکە لە هۆنراوەکانی یاریدا ڕەش نووسراوە و میترپدی بەواتای مێهر و خۆشەویستییە و مار بەواتای نەوەیە و بار هەربارە و یەکی هەر ژمارەی یەکە، وە بوومخوتی بەواتای خاوەن و گەورەی زەوییزارە و هەمی بەواتای هەمووە، وە لەم قەواڵەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەز دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن زەوی و زارەکە نیوەی بۆ ئەریل بەجێی هێشتووە و ئەم نیوەیەش فرۆشراوە، وەیان بەهۆی گۆڕینی خاوەنیەتی کرێکەی بۆ پتسیک بەپەنجاو پێنج درهەم. وە

خاوەن زەوی لەپێش شایەتەکان لەسەر نیوە بەنیوکردنی پیشان دەدات و نرخەکەی وەرگیراوە.

کەواتە زاراوەی گۆرانی زاراوەیەکی زۆر کۆنە و لەم قەواڵەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە گەلێ مەبەست بەم زاراوە نووسراوە بۆیە هۆنەرانیش هەر لە مێژەوە بەم زاراوە هۆنراوییان هۆنیوەتەوە.

سەرچاوەکان

١- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری نووسینی د. جەمال رەشید ئەحمەد - بەغدا ١٩٨٨.

٢- پەرتووکی سەرئەنجام (دەستنووس).

٣- دامیار دامیار (دەستنووس).

٤- دەفتەری ساوا (دەستنووس).

٥- دەورەی بالوولی ماهی (دەستنووس).

ڕێ و ڕچەی ئێزیدی

ئێزیدییەکان کە ڕێ و ڕچەیەکی کۆنیان هەیە، مێژوو نووسان لایان وایە کە لە پاشماوەی پێڕەوانی ئاینی مانین و ئەمانە لەپاش پەرەسەندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کوێستانەکانی حەلوان و شارەزووریان کردە پەناگای خۆیان و لەوێدا مانەوە تا بتوانن ڕێبازەکەیان بپارێزن، بەڵام پەرەسەندنی ئیسلام بووە هۆی ئەوە کە گەلێک لە ئێزیدییەکان و ئەوانەش وا لەسەر ڕێ و ڕچەکەی خۆیان مانەوە کۆچیان کردە شاخ و داخەکانی کوردستان، بەڵام بەرە بەرە هەندێ لە بیروبڕواکانی فەلە و جوولەکە و ئیسلامیان لە ڕچەکەیاندا جێ کردەوە و بەم چەشنە ڕێ و ڕچەی ئێزیدی ڕەنگ و بۆنی ئیسلامیی گرتە خۆی.

ئێزیدییەکان ساڵی دووسەد و حەفتا و شەشی زاینی بەسەرەتای مێژووی خۆیان دادەنێن، لەم مێژووەشدا مانی (٢١٠- ٢٧٦ی زاینی) کوژراوە و لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمانە لەسەر ڕێ و ڕەوشت و ئاینی مانی دەڕۆن.

یەکێ لە خۆرهەڵات ناسان بەناوی ئسپیرۆ دەڵێ: ڕێبازی ئێزیدی دەچێتە سەر ئاینی مانی و لەگەڵ ئەوەشدا ئاینەکانی زەردەشتی و مەزدەکی و فەلە و ئیسلامیش کاریان کردووەتە سەر ئاینەکەیان.

پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە پەڕاوی کوردا، سەبارەت بەئێزیدییەکان دەڵێ: ڕێبازی ئێزیدی لەسەر ڕێ و ڕەوشتێکی زۆر کۆنەوە داڕێژراوە و ماوەیەک لەمەوپێش ئێمە هیچ چەشنە زانیارییەکمان لەبارەی ئێزیدییەکانەوە نەبوو هەتا یەکێ لە خۆرهەڵاتناسەکانی ئینگلیزی بەناوی ئۆپاری توانیی یەکێ لە پەڕتووکەکانی ئێزیدی بخاتە دەست و بڵاوی کاتەوە ناوەڕۆکی ئەو پەڕاوە بریتییە لە دوو نامیلکەی گچکە بەناوی جیلوە و مەسحەفارەش و پاشان ئاستاش ماری، کە قەشەیەکی کاتۆلیکە، ئەو دوو نامیلکەی بەعەرەبی و کوردی بڵاو کردەوە.

هەندێ لە موسوڵمانەکان، ئێزیدییەکان بەشەیتان پەرست دادەنێن، بەڵام ئێزیدییەکان خۆیان بەخوا پەرست و ئێزیدی دەزانن، ئەوان پەرستگایەکی تایبەتییان بۆخۆیان هەیە و پەرستگاکەیان دێرێکی کۆنی فەلەکانەکە لە لاشە لە نزیکی شاری مووسڵدایە و شێخ ئادیش هەر لەوێدا بەخاک سپێرراوە.

تاوس یا مەلیک تاوس لەناو ئێزیدییەکاندا زۆر پیرۆزە و هەندێ لە نووسەران لایان وایە کە لە نێوان تاوس و تەممووزدا کە بابلییەکان بەخوای هەتاویان دائەنا پەیوەندیەکی پتەو هەیە و هەروەها بڕوایان لەسەر ئەوەیە کە پەیوەندی گەلێکی تر لە نێوان ئێزیدییەکان و ئوورییەکان و ئایینەکانی کۆنی دووزێدا هەیە.

لە ڕێ و ڕچەی ئێزیدی گەلێ مەبەست وەکو ئەهریمەن و تاریکی و ڕوونی هەیە و هەندێ لە مێژوونووسان لایان وایە کە پیاوێک بەناوی شێخ ئادی لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا ڕێ و ڕچەی ئێزیدیی بەدی هێناوە و تەیموور پاشا لە پەڕتووکی ئێزیدی و مەڵبەندەکەیاندا دەڵێ:

ئەم تاقمە لە مێژوودا ناوێکیان بۆ یەکەمین جار لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە لاپەڕەکانی مێژوودا نووسراوە و ئەوەیش بەهۆی شێخ ئادیی هەکارییەوەیە کە گەلێک لایەنگری پەیدا کردووە و پەرەی داوەتە ڕێ و ڕچەی ئێزیدی.

بەڵام ئەم قسانە دروست نین چونکە سەمعانی کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا، دەژیا لە پەڕاوی ڕەچەڵەکدا دەڵێ: تاقمێکی زۆرم لە حەلوانی عێراقدا چاو پێ کەوت کە بەناوی ئێزیدی دەژیان و ئەمانە خەریکی ڕێ و ڕەوشتەکەی خۆیان بوون.

پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی لای وایە کە ڕێ و ڕچەی ئێزیدی پاشماوەی خۆرپەرستی یا مێهر پەرستییە و دەڵێ: ئێزیدییەکان ئەهریمەن ناپەرستن، بەڵکو ئەوان ئێزەد دەپەرستن و مەلیک تاوسیش بەفریشتەی پەیامهێنەری خوا دادەنێن و ئەمانە بەحەوت فریشتەی تر بڕوایان هەیە کە لەگەڵ حەوت خوایانی میترایيدا یەکسانن و تاوس سەرۆکایەتیی فریشتەکانی بەئەستۆیە و لەگەڵ میترای خوای خۆردا هاوتایە.

ڕازی ڕێ و ڕچەی ئێزیدی کە لە سەرەتای ئیسلامدا لە سینگی هەندێ لە پێشەوایانی ئێزیدیدا پارێزرابوو، سینگ بەسینگ دەهاتە خوارەوە تا ئێزیدییەکان بەپێی ئەو ڕێ و ڕەوشتانە ڕەفتارکەن و شێخ ئادی لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا ئەو ڕازەی بەچەشنی یاسا دەرهێنا و بەیارەکانی خۆی ڕای گەیاند بۆیە ئێزیدییەکان ئەو بەپیاوێکی گەورە دادەنێن و پێڕەوی لێوە دەکەن.

لەناو ئێزیدییەکاندا ڕۆژێ چوار جار نوێژ دەکەن کە بریتییە لە نوێژی بەیانی، نوێژی نیوەڕۆ، نوێژی ئێوارە، نوێژی خۆرئاوا جگە لەمە هەر ئێزیدییەک دەبێ لەکاتی هەتاوا لەبەر بەرۆچکەدا ڕاوەستێ و زەوی ماچ کاتەوە و خۆی بماڵێتە خاک و خۆڵا و لە خوا بپاڕێتەوە و نزا بکا و بەم نزایە نزای خۆر دەڵێن. کەوابوو ئێزیدییەکان لە هەر شەو و ڕۆژێکدا شەش جار نوێژ دەکەن و لە کاتی نوێژکردندا ڕوو دەکەنە هەتاو و لەسەر ئەم بڕوایەن کە هەمووی

ڕۆشنایی جیهان لە خۆرەوەیە و خۆر بریتییە لە ڕۆشنایی و تیشکی خوایی کە ئەم بڕوایەش بڕوایەکی زۆر کۆنی ئارییەکانە. ئێزیدییەکان چەندین بەرگ پەڕتووک و نامیلکەی ئاینییان هەیە کە هەموویان بەخەتێکی تایبەت کە لە خەتی سانسکریت و ئاوێستایی و پەهلەوییەوە وەرگیراوە نووسراوە و ئەم خەتە بەخەتی ئێزیدی ناسراوە. ئەم ئێزیدییانە گەلێ ڕاژە و خزمەتیان بە زمان و وێژەی کوردی کردووە و ئەو نووسراوانەی کە لەلایان بەیادگار ماونەتەوە بریتین لە: جیلوە، مەسحەفارەش، قەوڵی تاوس مەلەک، قەوڵی زەبوونی مەیسوور، قەولێ ئافرینا دونیایی، قەوڵی شیری ڕاستی، قەوڵی هەسەدی ئال تەوری، قەوڵی قیامەتی، قەوڵی مسکین و هەزار، قەوڵی پیر شەرەف، قەوڵی دەروێش ئادەم و میر براهیم، قەولێ شێشمی تەورێزی، بەیتاجندی، بەیتا نەسیحەتا، دوعا سبەیکێ، دوعایا هێڤارێ.

سەرچاوەکان

١- یەزیدییەکان و ئاینی یەزیدی- نووسینی شاکر فتاح ١٩٦٩.
٢- ئێزدیاتی لبەر ڕۆشناییا هندەک تیکستێد ئاینین ئێزیدییان نووسینی خدری سلێمان- بەغدا ١٩٧٩.
٣- نڤیژین ئێزیدیان- شام ١٩٣٣.
٤- ایزدیان نوشته صدیق صفی زاده (بۆرەکەیی) تهران ١٣٥٨.

کورد و فەلسەفە

بێ گومان لە کوردستاندا پیتۆڵی و فەلسەفە هەر لە مێژەوە باوبووە و گەلێ پیتۆڵیش لەناو کوردا پەیدابوون و سەرچاوەی فەلسەفەش لەناو کوردەواریدا لەسەر هەستێکی زانستییەوە سەری هەڵداوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی کۆچی کە سان سەهاکی بەرزنجی و یارە زاناکانی لە هەوراماندا سەریان هەڵدا.

پێرەوان و یارەکانی سان سەهاک زۆربەیان پیتۆڵ و زانا و هۆزان و هۆنەر بوون و هەر کام لە وڵاتێکەوە هاتبوونە لای و لە زانستی ئەو کەڵک و سوودیان وەردەگرت و تەنانەت لە فەلسەفەی وێنان شارەزاییان هەبوو بۆیە قسەکانیان کاری دەکردە دڵی خەڵک.

دەگێڕنەوە و دەڵێن کە کاتێ سان سەهاک لە ماڵ دەهاتە دەرەوە، خەڵک دەورەیان دەدا و لە دەوری کۆدەبوونەوە و هەر کام پرسیارێکیان لێ دەکرد و ئەویش بەنەرمی وەڵامی دەدانەوە و تەنانەت دەڵێن گەلێ بەربەرەکانێیان لەگەڵیدا دەکرد و ئەویش هیچ قەڵس نەدەبوو، و بەڵکو لەسەر قسەکەی دەڕۆیشت تا قسەکەی دەسەلماند و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەموو خۆشیان بوێ و قسەی لێ ببیسن.

هەر بەپێی ئەم قسانە دەتوانین سان سەهاک بەیەکێ لە پیتۆڵان و هۆزانانی هەرە بەرزی کورد دابنێین، چونکە ئەو لە یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانیدا دەڵێ: ئاو باوکی سروشتە و هەموو شتێک لە ئاوەوە دێتە دی و ئاویش دیارە خوا بەدیی هێناوە کە سەرچاوەی هەموو شتێک لە ئاوەوەیە. وەکو دەڵێ:

با بۆی سرشتەن، بابۆی سرشتەن
ئەی یاران ئاوی بابۆی سرشتەن
ئی ئاوە پەیمان خاوەندکار ڕشتەن
پەوکە ڕۆشنەن چوون وە ورشتەن

واتە: ئەی یاران ئاو باوکی سروشتە! ئەم ئاوە خوای مەزن بۆمانی بەدی هێناوە، بۆیە ڕووناکە؛ چونکە سەرچاوەی هەموو شتێکە و هەموو شتێک لە ئەوەوە هاتووەتە دی و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو.

ئەوەی کە دەڵێ: ئاو باوکی سروشتە و هەموو شتێک لە ئاوەوە هاتووەتە دی و هەموو

شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئاو، ئەمە قسەی تالسی ویٚنانییە. تالس لە ساڵەکانی ٥٤٧ تا ٦٢٤ی زاینیدا دەژیا و ئەو لە شاری ملیتدا لەدایک بووە بۆیە بەناوی تالسی ملیتی ناسراوە. تالس دەیوت کە ئاو باوکی سروشتە و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و هەروەها دەیوت جیهان پڕ لە خوایە و هەموو دەبێ ڕوو لە خوا کەن. عەباس مەحموود عەقاد، نووسەر و پیتۆڵی میسری کە بەنەژاد کوردە دەڵێ: تالس بەباوکی پیتۆڵان دێتە ژمارە ئەوەی کە ئەو ئاوی بەباوکی سروشت داناوە ئەمە دروستە، چونکە هەموو شتێک لە ئاوەوە هاتووەتەدی هەروەها کە خواش ئەفەرمووێ: (ومن الماء کل شيء حی). واتە: لە ئاوەوە هەموو شتێک زیندووە. هەروەها تالس دەیوت گیان ماک دێنێتە جووڵە کەوابوو هیچ بزوێنێک نییە کە گیانی نەبێ، ئاسن ڕفێن گیانی هەیەو بەهۆی گیانییەوە ئاسن دەڕفێنێ، وە هەر ئەوەیە کە کوردەکان ئاو لە پیسی دەپارێزن.

ئەرەستووش دەڵێ: تالس بۆیە هەموو شتێکی لە ئاوەوە داناوە، چونکە بەڕاستی هەموو شتێک لە ئاوەوە دێتە دی و ئەگەر ئاو نەبێ هیچ زیندەوەر و جانەوەر و مرۆێک لە ڕووی زەویدا زیندوو نامێنێ.

پیر مووسا کە یەکێ لە پیران و هۆنەرانی سەدەی هەشتەمی کۆچییە و لە ڕێ و ڕچەی یارییدا بەیەکێ لە فریشتەکان دێتە ژمار، لە پیتوڵی و فەلسەفەشدا دەستێکی باڵای هەبووە و لە یەکێ لە چارینەکانیدا دەڵێ: هەموو شتێک لە ماک و کەرەستەوە دێتە دی و ئاو و ئاور و خاک و با پاکن و لەبەرئەوەی بنەڕەتی ئێمە لە خاکەوەیە، سەرئەنجام دەبینە خاک، چونکە ئەو بۆ ئێمە سامان و داراییە و هەموو شتێکی ئێمە پەیوەندیی بەمانەوە هەیە، وەکو دەڵێ:

ئاو و ئاهیر و خاک و وا پاکەن
گرد چێ ئانە نە یەک ماتاکەن
هانا ئەی یاران چون گەوهەر خاکەن
ئانە پەڕێمان چون هێر و ڕاکەن

واتە: ئاو و ئاور و خاک و با پاکن و هەموو شتێک هەر لە ماک و کەرەستەوەیە و هانا ئەی یاران! لەبەرئەوەی بنەڕەتمان خاکە، ئەو بۆ ئێمە سامان و داراییە.

لەناو پیتۆڵانی ویٚنانیدا ئینکسیماندر کە لە سەدەی شەشەمی بەر لە زاینیدا ژیاوە، ئەم قسانەی کردووە و دەڵێ: هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ماک و کەرەستە و هەموو شتێک لە ماک و کەرەستەوە بەدی هاتووە، بەڵام بەپێچەوانەی قسەکانی پیر مووسا ئەو ماکە ئاو یا خاک یا ئاگر یا با نییە، چونکە ئەگەر ئاو بنەڕەتی هەموو شتێک بووایە بەسەر هەموو

شتێکدا زاڵ دەبوو، خاک و با و ئاوریش هەر بەو چەشنەیە کەوا بوو ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ بنەڕەتێکی زۆر کۆن کە هیندییەکان و بابلییەکانیش هەر لەسەر ئەو بیروبڕوایە بوون و لایان وابوو هەموو شتێک لە کەرەستەیە و ئێستا ماتریالیستەکانیش هەر ئەو بیرە دەکەنەوە و لەسەر ئەو بیروبڕوایەن و ئەو لای وایە هەموو شتێک بەرە بەرە دەبێتە ماک و کەرەستە و هیچ کاتێ لەناوچوونی بۆ نییە و دوورنییە کە ئەم پیتۆڵە ئەم کەڵکەڵەیەی لە بابلییەکان وەرگرتبێ.

لە پەڕتووکی دامیاردا نووسراوە: ئەوەی کە لەم جیهانەدا دەبینرێ، بنچ و بناوانی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانێکی تر و خەڵکی ئەم جیهانە نوێنگەی جیهانێکی ترن و بەرەی مرۆ کە لەم جیهانەدا ژیان دەباتە سەر هەموو وەچە و ڕەچەڵەکی ئەو جیهانەن و پەیوەندییان بەجیهانێکی ترەوە هەیە و لەم جیهانەدا میوانن و لەپاش ماوەیەکی کورت دیسان دەگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندی بنەڕەتی خۆیان و ئەگەر لەم جیهانەدا کردەوەیان باش بێ لە پاش هەزار و یەک دوون نەمر دەبن. مرۆ کاتێ کە دێتە جیهانەوە، هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام لەشی دەبێتە بەرهەڵستی و هیچی ناکەوێتە بیر و دەبێ دیسان ئەو شتانەی کە دەیەوێ فێری ببێ و کەڵکی لێ وەرگرێ.

ئەفلاتوونیش دەڵێ: ئەوەی کە لەم جیهانەدا دەبینرێ، بنەڕەتی لە جیهانێکی تردایە و خەڵکی ئەم جیهانە وەکو سێبەرێکی ئەو جیهانەن بۆ وێنە ئەوانەی کە لەم جیهانەدا دەژین هەموو پەیوەندییان بەجیهانێکی ترەوە هەیە و مرۆی ڕاستەقینە مرۆی ئەو جیهانەیە.

ئیبنی سینا دژی ئەم بیروڕایەیە، بەڵام شێخ شەهابەدینی سوورە بەردی لایەنگری ئەم بیروڕایەیە، چونکە ئیبنی سینا لە لایەنگرانی فەلسەفەی ئەرەستوو بووە و هەروەها گەلێ مەبەستی فەلسەفیی تریش لە سەرئەنجام هەیە کە پێویستی بەلێکۆڵینەوە و تۆژینەوەیە.

سەرچاوەکان

١- پەڕتووکی سەرئەنجام (دەستنووس)

٢- زولاڵ زولاڵ (دەستنووس)

٣- دەورەی پیر عالی (دەستنووس)

٤- دەفتەری ساوا (دەستنووس)

٥- دەورەی دامیار (دەستنووس)

٦- فلسفەء کهن یونان، نگارش فریدون کار- تهران ١٣٣٣.

مۆسیقا و شایلۆغان لەناو کوردەواریدا

مۆسیقا و شایلۆغان لە ڕابردوودا لە ناو هۆزەکانی کورددا گەلێ برەوی هەبووە، بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی مادەکان مۆسیقایان بۆ هەڵپەڕکێ و سەما بەکار دەبرد و ساسانییەکانیش پەرەیان دایە مۆسیقا و شایلۆغان، وە گەورەترین چاوێژ و ستران وانی دەوری خەسرەو پەروێز (٥٩٠- ٦٢٨ی زایینی) بارەبەد و نەکیساو بامشاد بوون کە وەکو دەڵێن هەرسێکیان لە ولاتی مادا دەژیان و کوردبوون.

داهێنانی دەزتگاکانی مۆسیقا کە بەهۆی باربەدوە داهاتوون بریتیین لە حەوت خەسرەوانی و سی هەوا و سێ سەد و شەست ئاهەنگ کە لەگەڵ ڕۆژەکانی حەوتە و مانگ و ڕۆژەکانی ساڵی ساسانییەکاندا ڕێک دەکەوت و هەندێ لەم ئاهەنگانە وەکو: ڕقی ئێرەج و کینی سیاوەخش، پەیوەندییان بەڕووداوەکانی مێژووییەوە هەیە و بڕێکیشیان وەکو هەوای یەزدان ئافەرید دەچنەوە سەر مەبەستی ئاینی و هەندێ تریشی وەکو مەرگی شەوێز ئاهەنگی ئازیەتی و شیوەنە. یەکێ لە ئاوازەکانی کۆن ناوی ڕاست بووە و ئەم ئاوازە گوایە لە دەوری خەسرەو پەروێزی ساسانیدا هاتووەتەدی.

لەدوای پەرەسەندنی ئیسلام گەلێ مۆسیقازانی هەرە بەرز، وەکو موسیلمی کوڕی موحەرەز و ئیبراهیمی مووسڵی و مەنسووری زەلزەل و هەندێ تر لە ولاتە ئیسلامییەکاندا پەرەیان دایە مۆسیقا و تەنانەت گەلێک لە زانایانی ئیسلام وەکو یاقووبی کندی و فارابی و ئیبنی سینا لە بارەی مۆسیقاوە، نامیلکە و پەڕاویان نووسیوە و لە پەڕاوی گۆرانیی ئەبوو فەرەجی ئەسپەهانیدا گەلێ چیرۆک سەبارەت بەمۆسیقازانەکانی سەرەتای ئیسلام نووسراون.

مۆسیقای گەلەکان و نەتەوەکانی هەر ولاتێک گرنگترین پشتیوانی مۆسیقای ئەو ولاتەیە و، مۆسیقای ڕەسەنی هەر گەلێک سینگ بەسینگ و ڕەچەڵەک بەڕەچەڵەک و وەچ بەوەچ هاتووەتە خوارەوە و مۆسیقای کوردی تا ئەندازەیەک ڕەسەنی خۆی پاراستووە و گۆرانیگەلێکی کوردی لەگەڵ چۆنییەتیی ژیانی هونەرەکانی کوردا پەیوەندییان هەیە.

تەمەنی گۆرانیی کوردی وەکو تەمەنی هەر نەتەوەیەکی تر، هاوڕێ لەگەڵ تەمەنی مرۆدایە بۆیە دەست نیشانکردنی ساڵێکی دیاریکراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی گۆرانی

کوردی کارێکی ئێجگار سەخت و دژوارە و لە ڕاستەقینەدا گۆرانی لە وشەی گۆرانەوە هاتووە کە ناوی خێڵێکی کوردی نێوان سنە و کرماشان و کرند و سەحنەیە کە پێڕەوی ڕێ و ڕچەی یارین و وێژە و فەرهەنگێکی تایبەتییان بۆ خۆیان هەیە و هەروەها مامۆستا تۆفیق وەهبیش لای وایە کە گۆرانی لە هۆزی گۆرانەوە هاتووە و ئەمانە گەلێک هۆنەر و هەستیاریان پێ گەیاندووە و هەموودەم حەزیان لە گۆرانی گوتن و مۆسیقای کوردی کردووە.

گۆرانەکان کە هەر لە مێژەوە لەسەر ڕێ و ڕچەی یاری یا کاکەیین، دیارە تەواوی نووسراوەکانیان بەزاراوەی گۆرانییە و هەموو ڕۆژێ بەهۆی لێدانی تەنبوورەوە هۆنراوەکان دەخوێننەوە و چێژیان لێ وەردەگرن و ئەمەش فەرمانێکی ئاینیەو هەر یاریەک دەبێ هەموو ڕۆژێ تەنبوور لێ بدا و سروودەکانی سەرئەنجام بەدەنگ بخوێنێتەوە تا شادمان بێ. کەواتە هەر یاریەک دەبێ سروودەکانی پەڕتووکی سەرئەنجام بەئاواز بخوێنێتەوە و لەگەڵیاندا تەنبوور لێ بدا و ئەم هاوکاری و تێکەڵ بوونەی نێوان ئاواز و هۆنراوەکانی سەرئەنجام کە ئامرازی تەنبوور هاوڕێی کارەکە دەکات بەهاوبەشی هەردووکیان یاسا و بنچینەکانی گۆرانی ئەنجام دەدەن وای سەپاندووە کە کارەکەی خێڵی گۆران شەقڵێکی والای خەڵکی تری نزیک و دراوسێیەتیی خێڵی گۆران و دروست بکات تا ئەگەر ئەوانیش شتێکی وەک ئەمەی خێڵی گۆران بکەن وا هۆنراو و مۆسیقا تێکەڵ بکەن ئەوا هەر لەسەر پێودانی کارەکەی خێڵی گۆران بڵێن ئێمەش وەکو خێڵی گۆرانمان کردووە و لاسایی ئەوانمان کردووەتەوە کە دەبێت بەگۆرانی و لەمەوە وشەی گۆرانی لەناو گوردەواریدا باوبوو.

ئەمەش باشترین بەڵگەیە کە وشەی گۆرانی لە کردەوەی خێڵی گۆرانەوە پەیدابووە، چونکە ئەم وشە لەناو تەواوی کوردەکانی کوردستاندا بەکار دەبرێ. مێژووی سەرهەڵدانی گۆرانیی کوردی و هۆنراوی کوردی لەناو یارییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی لەو سالانەی کە بالوولی ماهی (٠٠٠- ٢١٩ی کۆچی)

سەری هەڵدا و لەگەڵ یارەکانیدا ڕێ و ڕچەی یاری یا یارسانی بەدی هێناو لەپاشا ئەم ڕێ و ڕچەیە لە سەرتاسەری لوڕستان و کرماشاندا پەرەی سەند کە ئێستا گەلێ لە مەڵبەندەکانی کوردستان یارییەکانی تێدا دەژین وەکو: کرماشان، قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاو، کرند، سەحنە، بێوەنێج، مایدەشت، هەلیلان، دلفان، پشتکۆ، هەوشار، شیشەوان، ئیلخچی، ماکۆ و گەلێ شوێنی تر.

مۆسیقا لەناو یارییەکاندا گەلێ پیرۆزە و لایەنگرانی ڕێ و ڕچەی یاری لە کاتی

کۆبوونەوەکانیاندا لە جەمخانە کە کۆگای ئاینیانە، سروودەکانی سەرئەنجام بەئاوازی تەنبوور دەخوێننەوە و تەنبوورەکەشیان لە لا زۆر پیرۆزە بۆیە هەمووددەم ماچی دەکەنەوە و هونەری مۆسیقاش هەر لە مێژەوە لەناو یارییەکاندا باوبووە و پەرەی سەندووە و لە پەرتووکی سەرئەنجامدا نووسراوە کە ئەو کاتەی خوای مەزن ویستی مەشیە یا بابی مرۆ بخولقێنێ، گیان نەچووە بەریا بۆیە دوای چل ڕۆژ خوا بەپێمێرد یا سەر دەستەی فریشتەکانی فەرمان دا کە گیان بەبەر مەشیەدا بکات و ئەویش ئاوازی ڕاستیی بۆ گیانی مەشیە ژەند و بەو جۆرە گیان چووە لەشی مەشیەوە.

شا نیعمەتوڵڵای موکریش کە یەکێکە لە ڕابەرانی ڕێ و ڕچەی یاری و لە سەدەی سێزدەیەمی کۆچیدا ژیاوە، سەبارەت بەگیان بەبەرداکرنی مەشیەو گێڕانەوەی چۆنییەتیی خوڵقاندنی مەشیە ئاماژە دەکات و دەڵێت چونکە لەشی گڵینی مەشیە گیانی تیا نەبوو، فریشتەکانی حەوتەوانە تکایان لە خوا کرد کە گیان بە بەریا بکات و خواش فەرمانی پێ دان کە گیان بە بەریدا بکەن، بەڵام گیان ڕازی نەبوو بچێتە ئەو لەشە گڵینەوە و ناچار فریشتەکان گەڕانەوە لای خوا و تکایان لێ کرد چارەیەک بدۆزێتەوە و ئەویش فەرمووی بچن مۆسیقا بژەنن تا گیان ڕووی خۆش پیشان بدات و بچێتە قاڵبی مەشیەوە، فریشتەکان ڕۆیشتن و مۆسیقایان بۆ گیان ژەند و گیانیش دەستبەجێ چووە لەشی مەشیەوە و مەشیەش دەستی کردە سپاس و ستایشی خوای مەزن.

لە پەرتووکی دەورەی حەوتەوانەشدا کە بەشێکە لە پەرتووکی سەرئەنجام، هاتووە کە پێغەمبەرێکی ئاریایی لە سەردەمی پادشایەکی ستەمکارا دەرکەوتووە و خەڵکی بۆ یەکتا پەرستی بانگ کردووە، بەڵام خەڵک پەرجۆیان لێ ویستووە و ئەویش ئامێرێکی مۆسیقای دروست کردووە کە حەوت ئاوازی لێ داوە و بەهۆی ئەو ئاوازانەوە پۆل پۆل خەڵکی بەپیریەوە چوون و ئایینەکەیان پەسەندکردووە و پاشاش کە بەمەی زانیوە فەرمانی دەرکردووە ئەو پێغەمبەرە بگرن، بەڵام دەست و پێوەندانی کاتێ چوون بۆ گرتن و کوشتنی ئەو پێغەمبەرە گوێیان لە ئاوازەکانی بووە و ئایینەکەیان قەبوڵ کردووە و ئیتر پادشاش کە هەست دەکات جەماوەر و لەشکرەکەی دەچنە سەر ئایینەکەی ئەو پێغەمبەرە، ناچار ئەویش چاوی لەوان کردووە و ئەم ئامێرە مۆسیقایە ناوی چەکی ساز ژەن بووە.

دەگێرنەوە و دەڵێن شا خوەشینی لوڕستانی و یارەکانی بەدەنگی خۆش و مۆسیقا ژەندنەوە ستایشی خوایان کردووە چونکە لە پەرتووکی دەورەی شاخوەشیندا واپیشان دراوە کە شاخوەشین لەسەردەمی لاویەتیدا هۆنراوی هۆنیوەتەوە و لە جەمخانەدا بەمۆسیقاوە بۆ یاران و پیرەوانی خوێندوونەتەوە و ئەوانیش سروودەکانیان بۆ

سەندووەتەوە و جگە لەمەش فەرمانی دا کە لە سەراسەری جەمخانەکاندا تەنبوور لێ بدەن و سروود بخوێننەوە و بەم چەشنە گیانی ئاڵۆز و شڵەژاویان ئارام کەنەوە.

هەروەها دەگێڕنەوە و دەڵێن کە شاخوەشینی لوڕستانی هەمووەدەم دەچووە کێو و شاخ و داخ و لێڕەوار و گوێی لە چریکە و جریوە و قاسپەی کەو و پەلەوەران دەگرت و کە دەهاتەوە لاسایی ئەو دەنگانەی دەکردەوە کە لە سروشتدا گوێی لێیان دەگرت و ئەوسا تەنبووری لێ دەدا و خەڵکی دەخستە سەما و هەڵپەرکێ و بۆیە دەڵێن کە ئەو هەندێ لە هەواکانی تەنبووری داهێناوە و ئەو بەیەکێ لە تەنبوور لێدەرانی هەرە بەرزی دەوری خۆی دادەنێن و ئێستاش تەنبوورژەنەکان لاسایی ئەو دەکەنەوە.

سان سەهاکی بەرزنجی هەر خۆی تەنبووری لێ دەدا و لە جەمخانەدا بەئاوازی تەنبوور سروودی دەخوێندەوە و وەکو دەڵێن ئەو گەلێ هەوای مۆسیقای کوردیی داناون و لە ڕاستەقینەدا هەر ئەو بوو کە تەنبوور لێدانی لە ناو یارییەکاندا پەرەپێ دا و خەڵکی هان دا سروودەکانی پەڕتووکی سەرئەنجام بەهەوای تەنبوورەوە بخوێننەوە و گۆرانی بچڕن و بەم چەشنە گەشە و پرشەی بەکۆڕە ئاینییەکان دەدا و شەقڵێکی تایبەتی بەجەمخانەکان دەبەخشی. عابدینی جافیش کە یەکێکە لە یاران و پێڕەوانی سان سەهاک، سەردەستەی تەنبوورژەنان بووە و لە تەنبوور ژەندندا شارەزایی و بەهرەیەکی زۆری هەبووە، بۆیە بەعابدین چاوێژ ناسراون بەجۆرێ کە پیر ناریی هەورامی ئەو بەنوێنگەی بارەبەد دەزانێ و هەروەها ئەحمەدی هەورامییش لە تەنبوورژەنیدا بێ وێنە بووە بەنوێنگەی نەکیسا دادەنێ.

قاسد کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی سێزدەمی کۆچییە لە هۆنراوەکانیدا ئاماژە دەکاتە سەمای مەشیە کە بەهۆی ئاوازی مۆسیقاوە بەرپا دەبێت و دەڵێت: لەو ڕۆژەدا کە ئەو سەمایە بەرپا دەبێت، سەراسەری جیهان دەبێتە چراخان و هەرچی خوڵام و فریشتەیە دەچنە دەشت و چیا، چونکە خواوەند لەو ڕۆژەدا بەنیازی خواردنەوە و بیستنی ئاوازی مۆسیقاوە ئامادە دەبێت و لەم ئاهەنگەدا بەشدار دەبێ و گوێ لە ئاوازی مۆسیقا دەگرێ و هەرخۆیشی ئاوازێک دەژەنێ کە ئەم ئاوازەی شا لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دێتە خوارەوە و مەشیەش خۆی دێتە سەما و لەم کاتەدا شۆڕ و خرۆشێک لە دڵاندا پەیدا دەبێ، وەکو لەم هۆنراوانەدا دەڵێ:

مەبۆ چراغان، مەبۆ چراغان
سەراسەر جیهان مەبۆ چراغان
گردین غوڵامان مەلۆن نە داغان
ئەو ڕۆ شا مەیۆ پەرێ شایلۆغان

یاران شـام مـەیۆ، یاران شـام مـەیۆ
چەنی غـولامـان یاران شـام مـەیۆ
شـام پەرێ بەزم و پەی ئەخشـام مـەیۆ
نەوای شام پەی پەی سوب و شام مەیۆ
نەوایێ مـەیۆ، نەوایێ مـەیۆ
جـە ئاسـمـانەوە نەوایێ مـەیۆ
مەشـیەش هەر مـەشۆ هەوایێ مـەیۆ
وە دەم ئەو هـەوا سـەوایێ مـەیۆ

واتە: سەرتاسەری جیهان چراخانی دەبێ و خولامەکان هەموویان لە کێو و بەندەنەوە دێنە ئەو شوێنە و ئەو ڕۆژە شا بۆ شایلۆغان دێ. ئەی یاران خولامەکان لەگەڵ شادا دێن، دیارە شام بۆ بیستنی مۆسیقا و شایلۆغان و دیتنی ئەو بەزمە دێ، مژدە بێ کە نەوای شام پەیتا پەیتا لە بەیانی و شەودا لە ئاسمانەوە دێ و مەشیەش هەر دەڕوا و ئاهەنگێ دێ و بەدەم ئاهەنگەوە جۆش و خرۆشێک لە دڵان پەیدا دەبێ.

ئەم پەیوەند و ئەوین و ئاوێتەبوونەی ئاینی یار و مۆسیقا سیمایەکی وای داوتە ئەم ئاینە کە دەبێ بڵێین فەلسەفەی ئەم ئاینە بۆ مرۆ، بۆ گەردوون و بۆ کردگار، لەوە دایە کە هەوێنی هەموو ئەوانە لە مۆسیقادا دەبینێ و مۆسیقا لەلای یارییەکان هەوێنی هەموو گیانلەبەر و بێ گیانێکە و هەوێنی گیانە و خۆراک و هەناسەی گیانە و گیان بەبێ مۆسیقا مات و بێ جووڵە و گۆشەگیرە.

مۆسیقا لەلای یارییەکان تاقانە سروودی گیان و بزووێنەری هەستی مرۆڤایەتییە بەرامبەر بەچارەنووسی خۆی مرۆڤ لە هەموو ڕاز و سکاڵا و داد و گازندەکانیدا و مۆسیقا دەکات بەسروود و پەیامی نێوان خۆی و کردگار.

مێرگەلی جۆربەجۆری مۆسیقا لە نووسراوەکانی ئاینی یاریدا نووسراون و لە دیوانی هۆنەرانی یاریدا ناوی هەندێ لەو ئامێرانە براوە و سازەکان و ئامێرەکانی مۆسیقا هەر لەمێژەوە لەناو کوردەکانی یاریدا باوبووە ئەوانەش ئەمانەن: دایرە، دەف، تەپڵ، زوڕنا، شمشاڵ، تەموور، کەمانچە، شەیپوور، بەربەت، تار.

سەی یاقووی مایدەشتی کە یەکێ لە هۆنەرانی سەدەی سێزدەیەمی کۆچییە لە یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانیدا ناوی هەندێ لە ئامێرەکانی مۆسیقا وەکو: تار و تەنبوور و کەمانچە و بەربەت و تەپڵ و زوڕنا دەبا و ناوی هەندێ گۆرانیبێژی وەکو: ئەمین و نازار و سلێمان و

سەی مامی هێناوە و لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مۆسیقا هەر لەمێژەوە لە ناو کوردەواریدا باوبووە و کوردەکان بەئاهەنگی مۆسیقاوە پێ گەیشتوون؛ بۆیە هەموو دەم حەز لە مۆسیقا و گۆرانی دەکەن.

بابە یادگاری سەرانەیی کە یەکێ لە ڕێبەرانی یارسانە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا، لە یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانیدا خۆی بەنوێنگەی بارەبەد و شا ئیبراهیمی ئامۆزای بەخەسرەو پەروێزی ساسانی دەچوێنێ و دەڵێ: ئەی یادگاری سەرمەست، کاتێ کە خەسرەو بارامی تێکشکان، بەفەرمانی خواجە و سەرۆکم، بارەبەد هات و بەربەتێکی لە دەستا بوو و، ئەوسا سی هەوای کوردیی بۆ ئەویندارا لێ دا و من لەو بەزمەدا لە هەموو بەند و گیروگرفتێک ڕزگارم بوو، وەکو دەڵێ:

زولاڵ سەرمەست، زولاڵ سەرمەست
یادگارەنان زولاڵ سەرمەست
چاگا کە خەسرەو بارام دا شکەست
وە ربک و فەرمان خواجەکەی ئەلەست
بارەبەد ئاما بەربەتێ نە دەست
سی نەوای کوردی پەی دڵداران بەست
ئەز بارەبەد بیم نەو بەزمگای ئەلەست
کاکەم خەسرەو بێ نەگرد بەندێ ڕەست

خانای قوبادی (١٠٨٣ – ١١٦٨ی کۆچی) هۆنەری هەرە بەرزی کورد لە پەڕاوی خەسرەو شیرینەکەیدا ناوی سی هەواکەی بارەبەد بەم جۆرە ناو دەبا: عێراقی، حیجاز، گەنجی باهێنەر، گاگەنج، گەنجی سووتاو، شادروان مرواری، تەختی تاقدیس، زەنگی کلیسا، ئەورەنگی، حۆقەی تاوسی، مانگی بەرکێوان، موشکدانە، نیوەڕۆ، سەوز لە سەوز، سەوڵستان، کلیلی ڕۆمی، سەوڵی ڕاست، نۆشین بادە، موشکماڵی، غونچەی خاسە کەو، کینی سیاوەخش، ڕقی ئێرەج، ماهوور، باخی شیرین، نەورۆز، نەچیرەکان، ئەویندارا، گەورە شاناز، موشکۆ، مێهرەگانی.

هەر لە دەوری کۆنەوە مۆسیقای کوردی کاری کردووەتە سەر دراوسێکان و یەکێ لە مۆسیقازانەکانی کورد کە ناوی زریانە لە بنەماڵەیەکی کوردی مووسڵەوە، وەکو دەڵێن ئەو پەیمانگایەکی مۆسیقای دامەزراندووە و گەلێ لە گۆرانیبێژانی هان داوە کە گۆرانی بڵێن.

گۆرانی کە بریتییە لە چەند هەوایەک یا لە شێوەی مەقام دایە یا لە شێوەی بەستە.

مەقام لە حەوت هەوا پێک هاتووە کە ئەو حەوت هەواش لە شەش پلەی مۆسیقا دێتە ژمار و مەقام لە کوردیدا چەند جۆرە کە بریتین لە: نەورۆز، شاناز، مایە، ڕاست، زەنگۆڵە، نەوا، ئەویندااران، گەورە، گەورە شاناز، کەو، ئای ئای، ئەڵلاوەیسی، لاوک، لاوژە، نیوەشەو، بەرەبەیان، خوەرشی، خاوکەر، قەتار، کورد، شوور، هەوشار، ماهوور، نەهاوەند، چوارگا، پێنجگا، هۆرە.

قەتار کە یەکێ لە هەواکانی مەقامە، ڕەنگە پەیوەندیی بەگاتاکانی زەردەشتەوە بێ کە بریتییە لە سرروودەکانی زەردەشت، هۆرەش ڕەنگە هەر ئەهوورامەزدا بێ، وەیا گۆرانییەکی ئاینی بێت و بۆ ستایش و ناسینی یەزدان چڕیبێتیان.

هۆرەش لە ناو کوردەواریدا چەندین جۆرە کە بریتین لە: هۆرەی پامووری و هۆرەی لوڕی چڕ، هۆرەی سوارانە، هۆرەی قەڵوەزی چڕ، هۆرەی قاچاقچی چڕ، هۆرەی دوو دەنگی، هۆرەی غەریبی چڕ، هۆرەی ئەکبەرخانی، هۆرەی کلاودڕ، هۆرەی یەک دەنگی، هۆرەی ئەرکەوازی چڕ، هۆرەی هەی سوار، هۆرەی عەزیز و تەکش.

هەڵپەڕکێش پەیوەندیی بەمۆسیقاوە هەیە و نموونەیەکی سەما و ئاوازی کوردەوارییە کە گرنگترین هەڵپەڕکێکەلێکی کوردی ئەمانەن: بازیانی، چەپی، دووپێیی، ڕاستی، هەڵخە، سێ کەوشە، لەملان و لەولان، لەنجەولار، ئایشۆکێ، بابلەکان، چۆک چەمینە، دووبارە، دیلان، هەورۆ، لەشکری، نەرمێ، هیرۆیی، میرانی، سۆرانی، سیسارکی، فەتاح پاشایی، ڕاستە، ڕۆینە، شەمرۆکە، خانم مەڕۆ، خانەمیری، سۆلەتکی.

سەرچاوەکان

١- گەنجینەی گۆرانی کوردی نووسراوی عوسمان شارباژێڕی - بەغدا ١٩٨٥.
٢- لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی نووسینی عوسمان شارباژێڕی - بەغدا ١٩٧٢.
٣- دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی نووسراوی مەحموود زامدار - بەغدا ١٩٨٠.
٤- شاهنامه حقیقت سروده شاه نعمت الله جیحون آبادی به اهتمام دکتر محمد مکری - تهران ١٩٦٦.
٥- برهان الحق تالیف نور علی الهی - تهران ١٣٤٢.
٦- نوشتەهای پراکنده دربارهء یارسان - تالیف صدیق صفی زاده - تهران ١٣٦١.
٧- خەسرەو و شیرینی خانای قوبادی - ساغکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی - تاران ١٣٦٤.
٨- زولاڵ زولاڵ (دەستنووس).
٩- پەڕتووکی سەرئەنجام (دەستنووس).
١٠- دیوانی قاسد (دەستنووس).

گەشتنامە

گەشتنامە بریتییە لە گەشتی ڕێبوارێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، وەیا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر کە ڕێبوار ڕووداوە گرنگەکانی گەشتەکەی خۆی هەر لە سەرەتای گەشتەکەیەوە بەزمانێکی سادە دەنووسێ کە لەوەدا گەلێ باسی جوغرافیایی و مێژوویی و وێژەیی تێدا دەگونجێنێ و ڕەنگە لەو گەشتەیدا لەگەڵ گەلێ لە زانایان و هۆزانان و وێژەوانان و نووسەران و هونەراندا وتووێژ بکا کە ئەو وتووێژانەش لە گەشتنامەکەیدا بەوردی دەنووسێ، وە نرخی گەشتنامەیەک لە بیرەوەرییەک زیاترە، چونکە گەشتنامە گەلێ مەبەستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و جوغرافیایی تیا دەنووسرێ کە ڕەنگە ئەو مەبەستانە لە هیچ نامیلکە و پەڕتووکێکی تردا نەنووسرابێ.

کۆنترین گەشتنامەیەک کە سەبارەت بەکورد و کوردستان نووسراوە، گەشتنامەی (جووهان سچیل بەرگەر)ە کە لە ساڵی ١٤٧٣ی زاینیدا هاتووەتە کوردستان و نووسیویەتی و لە پاشا بڵاوی کردووەتەوە و ئەوسا ئەولیا چەلەبی لە ساڵی ١٦٣٠ی زاینی سەرێکی داوە لە جزیر و بۆتان و لە پاشا گەشتنامەکەی لە چاپ داوە و پاشان بەهۆی سەعید ناکامەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاو بووەتەوە، هەروەها نیبوریش گەشتنامەیەکی هەیە کە لە ساڵی ١٧٦٦ی زاینیدا نووسیویە و بڵاوی کردووەتەوە و لە پاشا گەلێ گەشتنامەی تر سەبارەت بە کورد و کوردستان نووسراون کە لە بوارگەلی مێژوویی و جوغرافیایی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ کورد گەلێ گرنگن.

نووسەرانی کوردیش لەم دواییەدا دەستیان داوەتە نووسینی گەشتنامەگەلێ مەبەستی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و وێژەیی و ڕامیارییان لە گەشتنامەکەیاندا نووسیوە کە ئەو گەشتنامانە بریتین لە: گوڵگەشتێک بەناوچەکانی کوردستاندا نووسراوی شەفیقە عەلی، گەشتێک بۆ هەڵەبجە و هەورامان نووسراوی شاکر فەتاح، گەشتێک لە کوردستاندا نووسینی عەلائەدین سەجادی، گەشتێک لە ئەورووپادا نووسینی مەحموود هەمەوەند.

ئەڵبەت چەند جۆر گەشتنامەمان هەیە کە هەندێ لەو گەشتنامانە سەبارەت بەحەج نووسراون و لەم گەشتانەدا نووسەر باسی گەشتەکەی خۆی بۆ حەج دەکات کە چۆن ڕێ و ڕەوشتی حەج ئەنجام دەدا و لەگەڵ حاجییەکاندا دەدوێ و لە ناو کوردەواریدا چەند

گەشتنامەیەک سەبارەت بەحەج نووسراون وەکو گەشتنامەی مەجدی و گەشتنامەی وەفایی و گەشتنامەی حاجی سەرتیپ.

گەشتنامەیێ بۆ گەشتنامەی لاسایییە کە لەوەدا نووسراوە لە خەون و خەیاڵدا دەڕواتە جیهانێکی تر و دیتنەکانی خۆی وەها دەگێڕێتەوە کە دەڵێی گەشتێکی ئەنجام داوە کەچی گەشتێکیش لە نێواندا نییە. نووسەر لە ڕاستەقینەدا پەیام و قسەکەی خۆی لە قاڵبی چیرۆکدا بەشێوەی گەشتنامە دەگێڕێتەوە، وە یەکێ لەو گەشتنامانە کە بەزمانی پەهلەوی نووسراوە و پاشان تەرجەمە کراوەتە فارسی گەشتنامەی (ئەردا وێراف نامە)یە کە ئەرداوێراف یەکێ لە مووبەدەکانی زەردەشتی نووسیویە کە لەوەدا بەهەشت و دۆزەخ و چاکە و خراپە و تۆڵە و سزادانی پیشان داوە و (دانتە)ش لە ئەورووپادا گەشتنامەیەکی بەناوی بەهەشت و دۆزەخ نووسیوە کە گەلێ گرنگ و بایيدارە.

گەشتنامەیەکی تر هەیە کە گەشتنامەی خەیاڵییە، وە نووسەر لەم گەشتنامەدا بیروڕای خۆی لە قاڵبی گەشتنامەدا دەردەبڕێ و لەوەدا سەبارەت بەگیروگرفتەکانی کۆمەڵ دەکەوێتە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لە سەرۆکان و بەڕێوەبەرانی وڵات و گەلێ مەبەستی کۆمەڵایەتیی تیا دەگونجێنێ ، دەردی کۆمەڵ دەردەخا و دەرمانیشی بۆ دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ، یەکێ لەم گەشتنامانە کە لە دەوری قاجارییەکاندا نووسراوە گەشتنامەی (ئیبراهیم بەگ)ە کە نووسراوی (زەینولعابدینی مەراغەیی)یە.

جا بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ کە گەشتنامە چۆن دەنووسرێ ئەوا بەشێک لە گەشتنامەکەی ئەولیا چەلەبیتان دەخەینە بەرچاو کە دەڵێ:

ئەو دە ڕۆژەی لای خان ماینەوە هەموو ڕۆژێ لە بەیانی تا ئێوارە گۆرانیبێژ و وشکەڕن و یاریکەران دەهاتن هونەرەکانی خۆیانیان پیشان دەدا و خەلاتیان لە پاشا و خان وەردەگرت و خان زۆر ڕێزی مەلایان و زانایان دەگرێ. ئەوانەی بەخۆیاندا ڕادەپەرموون لە وڵاتانەوە دێنە بتلیس و خان دەیاندوێنێ، ئەگەر بۆی دەرکەوێ کە بەڕاستی زانا و خوێندەوارن خانوو و ماڵ و باخچە و کەنیز و خەلاتیان دەداتێ و لای خۆی جێگایان دەکاتەوە، هەر لەبەرئەوەشە شێوی بتلیس بووەتە مەڵبەندی هەموو جۆرە زانین و هونەرێک و هەرکەس شتێکی مەبەست بێ یا گیروگرفتێکی بێ لە بتلیس ڕێگای چارەی خۆی دەدۆزێتەوە.

خیاوانی خانی پایەبەرز: ئەم باخە تیرهاوێژێک لەولای سەرای خانەوەیە و ئەوەندە جێگایەکی خۆشە کەس ناتوانێ تاریفی بکا. دار مێوەکانی بەریزی هەندەسەیی چەقاون و بەدەم باوە دەهەژێن و بەملاو بەولادا لار دەبنەوە، تەنیا دارخورما و چەمبز و مۆزی تێدا نییە، دەنا هەر جۆرە دارێک ببێ لێرەدا هەیە، لە ناو ئەم باخەدا چەند کۆشکێک کراوە،

هەریەکەی خەزێنەیەکی تێ خەرج کراوە، ئەوەندەش بەوەستایانە کراون کە هیچ کۆشکێکیان لەوی دی ناچێ، ئەو حەوز و فیچقانەی لێرە بەرچاو دەکەون لە ولاتی ڕۆمدا هاوتایان نییە لە قەراخی حەوزەکان وردە چەو و خیزی ڕەنگاوڕەنگ بەنەخش ڕۆکراوە، دەڵێی سەدەفکاری هیندستانە، لە ناوەڕاستی ئەو حەوزانەدا باوەشێک ئاو لە دەمی شێر و لە لووتی دێو و لە زاری هەژدیها دەڕژێتە ناو حەوزەکانەوە، هەندێ لە فیچقەکان بەتەوژم ئاو هەڵدەداتە بەرەو ژوور و هەندێک کونی زۆری لێ کراوە وەک ئاوپرژێن لە چل پەنجا کونەوە داوی ئاو وەکو تاڵی قژی نازداران پەرێشان دەبێ، هەندێکیان سەر قاپی بۆ کراوە و چەرخێکیان لێ بەستووە ئاو بەر چەرخەکە دەکەوێ و دەیخولێنێتەوە. پلووسکی وا هەیە ئاوێکی باریکی لێ دێتە خوار و بەر کاسەیەکی پەل دەکەوێ دەنگێکی نەرمی بەسۆز بلاو دەکاتەوە، پلووسکێکی دیکە لە چەند تاسێک دەدا و لەو سەرەوە بەشێوەی باران هەڵدەڕژێ، هەندێ لە فیچقەکان تۆپێکی ناو هلۆلیان خراوەتە سەر کە بەهێزی ئاوەکە بەرزونزم دەبێتەوە ناشکەوێ.

لەم باخەدا هەموو جۆرە گوڵی تەڕ و سومبل و ڕێحان و وەنەوشەو ئەرخەوان و زینوومله وشتر کافوور میلاقە و میسکی ڕۆمی و مێخەک و زەمبەق و سویسن و نێرگز و بخووری مەریەم و یاسەمەن و گوڵاڵە و گوڵی هێرۆ و گەلێکی تر هەن کە ئەو ئاوەیان پڕ کردووە لە بۆنی خۆش. بۆ میوەجاتیش باخەوانی لە ئیسفەهان و تەورێز و نەخچەوان ڕاهێناوە و ئەم باخەی بەجۆرێک پێ ڕازاندوونەوە کە وەختی سوڵتان مرادی چوارەم هاتووە و چاوی پێ کەوتووە لە سەرسوورمان دەمی داچەقاندووە.

سەرچاوەکان

١- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی وەرگێڕاوی سەعید ناکام - مەهاباد ١٩٨٤.
٢- گوڵگەشتێک بەناوچەکانی کوردستاندا نووسینی شەفیقە عەلی - سلێمانی ١٩٨٤.
٣- گەشتێک بۆ هەڵەبجە و هەورامان نووسراوی شاکر فەتاح - سلێمانی ١٩٧٣.
٤- گەشتێک لە ئەورووپادا نووسینی عەلائەدین سەجادی - بەغدا ١٩٥٦.
٥- گەشتێک لە کوردستاندا نووسینی مەحموود هەمەوەند - سلێمانی ١٩٥٧.

ژیننامە

ژیننامـە بریتـیـیە لە بەسـەرهـاتـی ژیانی مـرۆڤێک و لە ڕاسـتـەقـینەدا ژیننـامـەی هـەر کـەس چیـرۆکێکی ڕاسـتـەقینەیە کە باسی چۆنییـەتیی ژیانی دەکـا و خـۆی دەبێـتـە قـارەمـانی چیرۆکەکەی. لە چۆنییەتیی ژیانی هـەندێ لە پیـاوە گەورەکانی وێژە و زانستی کوردی وەکو: بالوولی مـاهی و شـاخـوەشـینی لوڕسـتـانی و سـان سـەهاکی بەرزنجی و پیـر شـالیـار و مـەولەوی و نالی و سـالم و وەفـایی و کوردی و حـەریق و حـاجی قـادری کۆیی زانیـارییـەکی دروسـتـمـان لە دەسـتـدا نیـیـە، چونکە کـەسـێک نەبووە کـە چۆنیـیـەتیی ژیانـی ئەو زانا و هۆنەرانەمـان بۆ بنووسێ و، ئەگـەر یاداشـتـی کاکـەردایی و یاداشـتـی قـرندی و یاداشـتـی ئەعلادین و پەڕتووکە ئاینییەکانی تری یاری و ئێزیدیمان بەدەستەوە نەبووایـن، ئێستا هیچ چەشنە زانیـارییمـان سـەبـارەت بەهۆنەرانی یاری و ئێزیدی نەبوو، ئێسـتـاکـەش لە بارەی هەندێ هۆنەرانمـانەوە جگە لە دیاردە و ئامـاژەیەکی کورت شـتـێکمـان بەدەسـتـەوە نییـە بۆ وێنە ئەگەر لە پەڕتووکی دەورەی بالوول و دەورەی بابە سـەرهـەنگ و دەورەی شـاخـوەشین و دەورەی بابەناووس بەکورتەی ژیانی هۆنەرانی سـەدەی دووەم تا پێنجەمی کۆچی دیاردەیان نەکردایە و هۆنراوەکانیان نەهێنابایە، بێ گومان ئێمە شتێکی ترمان بەدەستەوە نەبوو و، هیـچـێکمـان لە چۆنیـیـەتیی ژیانی ئەو هۆنەرانـە نەدەزانی و ئەمـڕۆ ئیـتـر نەمـاندەتوانی چۆنییەتیی ژیان و بەسەرهـاتی ئەوان لە ئەم پەڕاوەدا کە مێژووی وێژەی کوردییە بنووسین و بیخوێنینەوە.

گـرنگایەتیی ژیننامـە لە باری ڕوونکردنەوەی مـێـژووی وێژە و فـەرهـەنگی هـەر گـەل و نەتەوەیەک زۆر ئاشکرایە. سـەبارەت بەهۆنەرانی هـاوچەرخـمـان هیچ چەشنە گیروگرفتێکمـان نییـە، چونکە زۆربەیان بەسـەرهـاتی خـۆیان لە ڕۆژنامە و گۆڤـارەکـاندا نووسیوە و دەتوانین کەڵک و سوودیان لێ وەرگرین.

تەنانەت هەندێ لە هۆنەران و نووسـەران خۆیان بەسەرهات و سـەرگوروشتەی ژیانیان لە منداڵییەوە تا هـەنووکە دەنووسن کە بەم چەشنە ژیننامەیە ئەوتۆبیۆگرافی دەڵێن. بەداخەوە لەناو کوردەواریدا سەبارەت بەبەسـەرهـاتی هۆنەران و نووسـەران کەمتر پەڕاو نووسـراوە و تەنیـا لەم دواییـیەدا هـەندێ لـە نووسـەرانمان کـەوتنە هـەوڵ و تێکۆشـان و هـەندێ نووسـراوی

بەکەڵکیان سەبارەت بەهۆنەرانی هاوچەرخی خۆیان نووسی کە لەناو ئەو نووسراوانەدا دەتوانین لە: ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، نووسینی ئەمین فەیزی بەگ و ناودارانی کورد نووسراوی ئەمین زەکی بەگ و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دانراوی ڕەفیق حیلمی و کۆیە و شاعیرانی نووسراوی کەریم شارەزا و مێژووی ئەدەبی کوردی نووسینی عەلائەدین سەجادی و تاریخا ئەدەبیات کوردی نووسینی قەناتی کوردۆ و چەند شاعیرەک دهەرێما بەهدینان، نووسینی نافع ئاکرەیی ناو ببەین کە ئەو پەڕتووکانەیان سەبارەت بەسەرگوروشتە و بەسەرهاتی هۆنەرانی کورد نووسیوە و دیارە لەسەری گەلێ ئەرکیان کێشاوە و ماندووبوون.

مەبەستێ تر کە دەبێ بیڵێم ئەوەیە کە هەموو گەل و نەتەوەیەک زانستنامە یا دایرەتولمعارفیان هەیە کەچی تا ئێستا کەسێک پەیدا نەبووە زانستنامەیەکمان لە ڕووی بەڵگەکانی چاپی و دەستنووسەوە بۆ بنووسێ و بەجۆرێ کە داگری ژیانی تەواوی هۆنەران و نووسەران و وێژەوانان و زانایان و پیتۆلان و پزیشکان و فەرمانڕەوایان و پادشایان و باسی شارەکان و شوێنەوارەکانی مێژوویی کوردستان بێ تا هەموو کەسێک کەڵک و سوودی لێ وەرگرێ و بۆ ئەم کارەش دەبێ لە هەموو چەشنە نووسراوێک کەڵک وەرگرن و تەنانەت دەتوانن لە بەردە نووسراوەکانی ئاشووری و بابلی و هەخامەنشیش کەڵک و سوود وەرگرن؛ چونکە ئێمە گەلێ مەبەستی مێژووییمان لەو بەردە نووسراوانەدا هەیە کە پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیەکی وردە.

سەرچاوەکان

١- آئین نگارش نوشتەء دکتر نادر وزین پور - تهران ١٣٥١.

٢- گزارش نویسی نوشتەء دکتر حبیب تیرا - تهران ١٣٤٢.

هۆنراوی نوێ

هۆنراو پەیوەندیی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، پەیوەندیی بەخۆشەویستی و حەپەسانی بنیادەمەوەیە و پەیوەندیی بەهەست و خوست و جوولانەوە و بزووتنەوەی مرۆڤەوە هەیە، ژیانی مرۆ هەوراز و نشێوی هەیە، خۆشی و ناخۆشیی هەیە، بزووتنەوە و بێ دەنگی هەیە، وە ئەمە هۆنراوە کە کارەساتەکان و ڕووداوەکانی ژیانی مرۆ دەردەخا و دەینوێنێ.

هۆنراو ئالا هەڵگری بیر و هەست و خوست و ئاواتەکانی مرۆیە، هۆنراو پەژارەکانی مرۆی تێدا دەردەکەوێ، هۆنراو ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی مرۆیە، هۆنراو برسیەتی و هەژاری و بەدبەختی و کڵۆڵی و چەرمەسەرێ و مەرگ و کوشتن و بڕینی مرۆیە، بەتایبەت مرۆی سەربەست و ئازاد بۆ خەڵک دەردەخا، وە هۆنەریش کە لەناو شەپۆلی دەریای ئەم کارەساتانەدا مەلەوانی دەکا، حەز لە ژیان دەکا و ڕووداوەکانی ژیان بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە و، لە ناو کارەساتەکانەدا دەسووتێ و لە پاشا سەرهەڵدەدا و بیروڕای خۆی سەبارەت بەباری ژیان دەردەبڕێ.

هۆنەر دەبێ سەرەتا نەتەوەکەی بناسێ و هەست هەموو ئاخوداخێکی گەلەکەی بکا و شارەزاییەکی تەواوی لە مێژووی گەل و نیشتمانەکەی بێ و خۆی بەیەکێ لە ئەندامانی نەتەوەکەی بزانێ، هەستی خۆی سەبارەت بەباری ژیانی گەلەکەی دەربڕێ و نابێ لە ئاو و ئاگر بترسێ، چونکە ترس دەبێتە هۆی ئەوە کە نەتوانێ بیری تەواوی دەرببڕێ.

هۆنەر دەبێ لە هەموو بەشەکانی هونەری هۆنراو تێ بگات و وەکو مێشە هەنگوێن و هەنگ، شیرەی گوڵاڵەکان و گوڵەکانی ژیان بمژێت و ئەوسا کۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵک کەڵک و سوودی لێ وەربگرن، چونکە ژیان بۆ هەمووانە و هەموو کەسێک دەبێ وەکو یەک لە ژیان بەشداری کەن و هۆنەر بەرپرسیاری خەڵکە و کەواتە هەر ئەوە کە دەبێ ڕێ بەخەڵک پیشان بدا و هەر ئەوە کە دەبێ ئاخوداخی خەڵک لە هۆنراوەکانیدا دەربڕێ، هەر ئەوە کە کارەساتەکانی ژیان دەخاتە ڕوو و وەکو وێنەگرێکی لێهاتوو وێنەی ئەو کارەساتانە دەکێشێ بۆ ئەوەی هەتا هەتایە بمێننەوە و چینەکانی دواییش کەڵک و سوودیان لێ وەربگرن و ببنە درۆشمی ژیانیان.

چ هۆنەرێک دەتوانێ لە بەرابەر ڕووداوەکانی ژیاندا بێ دەنگ دانیشێ؟ چ هۆنەرێک دەتوانێ لە بەرابەر کارەساتی هیرۆشیما و هەڵەبجەدا بێ دەنگ بێ، هەستی دەرنەبڕێ؟ چ

هۆنەرێک دەتوانێ لە بەرابەر ستەم و زۆری ستەمکاراندا بێ دەنگ بێ و کلۆڵی و کەساسی و هەژاریی نەتەوەیی لە هۆنراوەکانیدا دەرنەبڕێ؟

هۆنراو دەبێ جوان و شیرین بێ و بەوشەی ساکاری کوردی ڕازابێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک لێی تێ بگا. هۆنراو دەبێ پەیامێک بۆ گەل بێ و، دڵی خەڵک بەرەو خۆی ڕاکێشێ و کار بکاتە سەر هەست و خوستی خەڵک و خەڵک بۆ ژیانێکی باش وریاکاتەوە، وە مزگێنی داهاتوو و ژیانێکی خۆش بەخەڵک بدا و هۆنەر دەبێ لە هۆنراوەکانیدا هەست و خوست و خورپە و تاسە و هیوای دڵی دەرببڕی و لەم ڕێگەوە پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ گەلەکەیدا ببەستێ.

بێ گومان هۆنراو بەهۆی برینەکانی کۆمەڵەوە کەوتووەتە سەر زاری هۆنەر و هۆنەر لە ڕێی بوومەلەرزەی ژیانەوە هەستی کەوتووەتە بزووتن و بەڵام هەر هۆنەرێک بەجۆرێک کارەساتەکانی ژیانی دەربڕیوە و لە ڕاستەقینەدا بیری تەواوی ئەو هۆنەرانە دەڕژێتە ناو جۆگە و ڕووبارێکەوە.

هۆنەر کاتێ بەهۆنەرێکی لێهاتوو دێتە ئەژمار کە بتوانێ تاقیکراوەکانی ژیانی و ئەزموونی مرۆڤایەتی بخاتە ڕوو و بەجۆرێ هەستی خۆی لەم بارەوە دەرببڕێ کە کار بکاتە سەر هەست و خوستی هەموو کەسێک و دڵی هەموو کەسێک بەرەو خۆی ڕابکێشێ، دیارە خۆشەویستیش بەرامبەر بەگەل و کۆمەڵ لە ڕێی درۆ و دەلەسەوە دەست نادا، کەواتە هۆنراو دەبێ دەنگدانەوەی ژیان بێ و جووڵانەوە و بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی بێ بەجۆرێ کە بتوانێ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵدا پتەو بکات، پەیوەندییەک کە خەڵک بخاتە سەرڕێی گۆڕان، بزووتنەوە، تێکۆشان، هەوڵدان.

هۆنەرانی ئەم چەرخە بەپێچەوانەی هۆنەرانی کلاسیک تەوقی لاساییکردنەوەیان شکاندووە و لە لاساییکردنەوە خۆیان لاداوە و گیرۆدەی داوی عەرووز و پێبەندی کێش و پاشڵ نەبوون، ڕێگایەکی وایان لە هۆنراو داناوە کە بوێژ و هۆنەرە تازە پێگەیشتووەکانمان دەبێ لاساییان بکەنەوە، هۆنەرانی کۆنمان هەر کام لاسایی یەکتریان کردووەتەوە و پێڕەویی یەکتر بوون، کەچی هۆنەرانی ئێستا ناوەڕۆکیان مەبەستە نەک سەروا و پاشڵ، وە لە ڕاستەقینەدا سەروا و پاشڵیان ملکەچی خۆیان کردووە.

هۆنەرانی ئەم چەرخە بە ئەم و ئەودا هەڵناڵێن و ستایشی کەس ناکەن، بەڵکو مەبەستیان کۆمەڵە بۆ ئەوەی دەردی کۆمەڵەکەیان چارەسەرکەن، لە باری کۆمەڵ و گیروگرفتەکانی خەڵکەوە دواون و گیروگرفتەکانیان خستووەتە ڕوو و خەڵکیان ئاگەدار کردووە.

لە ڕاستەقینەشدا هۆنراو بۆ ئەوەیە کە خەڵکی پێ وریا بێتەوە، هۆنراو خورپەی دڵە، لە جریوەی بولبولّ و لە شنۆی بای بەرەبەیان و لە هاژە هاژی قەڵبەز و لە فرە فرِی باڵی پەلەوەر و لە تریفەی جوانی مانگەشەو لە ئاوابوونی ڕۆژ و هەڵاتنی مانگ و جریوەی ئەستێرەکان و لە شەپۆلی ئاوی ڕووبارەکان و لە برووسکەی هەورەکان و جوانیی سرووشت واتامان بۆ دەردەهێنێ، ئەمانەش لە هەموو دڵێکدا شاراونەتەوە، بەڵێ هۆنراو ئەوەیە کە دڵ ببزوێنێ و دڵ بەرەو خۆی ڕاکێشێ و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ بخاتە ڕوو و خەڵک وریا کاتەوە و ببێتە پەیام بۆ خەڵک.

کەواتە هۆنەرەکانمان بەرانبەر بەگەل و نەتەوەی خۆیان ئەرکێکی زۆر گەورەیان لەسەرە و دەبێ لەم ڕێگەوە هانی گەلەکەیان بدەن بۆ کردەوەی باش و خزمەت، بەنیشتمانەکەیان تا لاوانیش لەم بارەوە بکەونە هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشین و لەم لایەنەوە دەتوانین شێخ نووری و گۆران بکەینە ئالا هەڵگری ئەم بیرە و، شێخ نووری و گۆران مزگێنیی ئەم ڕاستەقینەیان دایە لاوان و گەنجان و ئەوانیان هان دا بۆ هۆنینەوەی هۆنراوی نوێ.

هۆنراو بەپێی پێشرەوتی ژیان دەڕواتە پێشەوە، واتە: خەڵک چۆن دەژین هۆنەر شان بەشانی ژیانی خەڵک هۆنراو دەهۆنێتەوە و لە ڕابردوودا ژیان چەندە سادە و سەرەتایی بووە، هۆنراوەکەش هەروا هۆنراوەتەوە و، کاتێ ژیان پێش کەوتووە و بەرەو ژیار و شارستانییەت ڕۆیشتووە هۆنەرییش لەگەڵیدا بەرەبەرە پێش کەوتووە. بۆ وێنە هۆنراوەکانی مەولەوی لەگەڵ گۆراندا گەلێ تۆفیریان هەیە، ئەو لە سەدەی سێزدەیەمی کۆچیدا ژیاوە و گۆران لە دەوری خۆماندا ژیاوە و هەر کام بەگوێرەی چەرخ و زەمانی خۆیان هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە هۆنراوی نوێ لە وێژەی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی کە لە وێژەی فارسیدا بەناوی هۆنراوی نوێ هاتووە، جیاوازیی هەیە. هۆنراوی نوێ لە کوردیدا هەم کێشی هەیە و هەم پاشڵ، بەڵام کێشەکەی کێشی خۆماڵییە کە هیجای پێ دەوترێ و زۆربەی هۆنراوەکانی گاتای زەردەشت هەر بەو کێشە بووە و ئەمەش لەگەڵ نرخی گۆرانیبێژاندا ڕێک دەکەوێ و، لە هۆنراوی نوێی کوردیدا تەنیا ناوەڕۆکەکە پێویستییەکانی زەمان دێنێتە دی.

لە ڕاستەقینەدا هۆنراو لەگەڵ پەخشاندا جیاوازیی هەیە و هۆنراو یەکێکە لە هونەرە سنوورکێشراوەکانی وێژە، وە لەبەرئەوەی ژیانی مرۆ هەست و خوستی بەرەو پێشکەوتن دەڕوا، هۆنراویش بەرەو پێشکەوتن دەڕوا، هەروەها کە شێخ نووری و هاوەڵەکانی تەوقی لاساییکردنەوەیان شکاند و دەستیان لە کلکی عەرووز هەڵگرت و شێوەیەکی نوێیان گرتە

پێش، کە ئێستاش زۆربەی هۆنەران لەسەر ئەو شێوە دەڕۆن.

کەواتە هۆنراو شان بەشانی ژیان دەگۆڕێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات، وە مەبەست لە هۆنینەوەی هۆنراو گوزارەی جوان و قووڵ و مەبەستی نوێ و ناوەڕۆکی بەکەڵکە و، دەبێ لەگەڵ پێشکەوتنی نوێدا بگونجێت و، ئەگەر لە هۆنراوێکدا واتای جوان لەگەڵ کێشی هۆنراوەکەدا لەگەڵ کۆتاییی هۆنراوەکە بەرهەڵستیی بێ، دیارە هۆنەر لەو شوێنەدا بۆ پاراستنی مانا جوانەکە دەبێ واز لە کێش و پاشڵ بێنێت و هۆ بکاتە گا و گەردوونی مەبەست، بەپێچەوانەی ئەوە هۆنەرانی پێشوو مانایان دەکردە قوربانیی کێش و پاشڵ، و ئیتر مەبەستیان ناوەڕۆک نەبوو، بەڵکو مەبەستیان کێش و پاشڵ بوو.

لێرەدا ئەمەش دەبێ بڵێین زۆربەی هۆنەرانی گۆرانیبێژ و هەورامیبێژ، هەر لە مێژەوە لە سەر کێشی خۆماڵی واتە هیجا هۆنراویان هۆنیوەتەوە و گوێیان نەداوەتە عەرووز، بۆیە هۆنراوەکانی ئەو هۆنەرانە لە ناو کوردەواریدا بنجیان داکوتاوە و بەهەموو لایەکدا بڵاوبوونەتەوە، بۆیە شێخ نووری و گۆرانیش هەر لەسەر کێشی هیجا هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

ئەڵبەت ئێمە ناتوانین دەست لە هۆنەرانی پێشوومان وەکو نالی و سالم و کوردی و مەحوی هەڵگرین، چونکە سامانی وێژەی ئەو هۆنەرانە کەلەپووری نەتەوایەتیی ئێمەیە، وە ئەو هۆنەرانە گەلێ ڕاژەیان بەزمان و وێژەی کوردی کردووە و گەلێ وشەی کوردیی پەتییان لە هۆنراوەکانیاندا بەکاربردوون کە ڕەنگە ئەگەر ئەوان نەبووایەن ئەو وشانە ئێستا لەناوچووبایەن.

بەڵام هۆنراوی نوێ لەگەڵ چەرخ و زەماندا هاتووەتە پێشەوە و هۆنراو بەرەبەرە گۆڕاوە و لەگەڵ زەماندا چووەتە پێشەوە و هۆنەر ئێستا پتر لە سەر مەبەست و ناوەڕۆک دەڕوا و ئەوەندە گوێ ناداتە کێش و پاشڵ. هۆنراوی نوێ هاندانێکە بۆ گەل و کۆمەڵ کە لە ژیاندا وریا بنەوە و هەموو دەست بدەنە دەستی یەک، بۆ پێشخستنی وڵات لە بوارەکانی ژیان تێ پەڕن و هەوراز و نەوییەکانی ژیان ببڕن و سەرکەون.

هۆنەر دەبێ بەسەربەست هۆنراوەکانی بهۆنێتەوە و بێباکانە هەستی خۆی بەرامبەر بەگەل و نەتەوەکەی دەرببڕێ و ئەوەی کە گەل و نەتەوەکەی دەیەوێ لە هۆنراوەکانیدا دەری بخا و تەنانەت لە پەند و ئامۆژگاریی نەتەوەکەیا نابێ ڕاوەستێ بەجۆرێ کە هۆنراوەکانی داگری هەموو چەشنە بابەتێک بێ تا هەموو کەڵک و سوودی لێ وەرگرن.

سەرچاوەکان

١- شیعری کۆن و تازە نووسینی ص. هەژار - سلێمانی - ١٩٧٣.
٢- شیعری کۆن و نوێ، نووسینی پ. هەوری - سلێمانی ١٩٧٥.
٣- هۆنراوی نوێ نووسراوی محەمەد سەعید ناکام - سلێمانی ١٩٥٩.
٤- ئەدەبی کوردیی نوێ و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی نووسینی عەلائەدین سەجادی - بەغدا ١٩٦٧.
٥- چەند باسێکی ئەدەبی، نووسینی ئۆرخانی غالب - سلێمانی ١٩٨٥.
٦- چەند مەسەلەیەکی شیعری نووسینی شێرزاد عەبدوڕەحمان - سلێمانی ١٩٧٧.
٧- شیعر هەڵوێستە، نووسینی حەمە سەعید حەسەن - سلێمانی ١٩٧٩.
٨- شیعری کوردی نووسینی د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ - بەغدا ١٩٨٠.
٩- کاروانی شیعری نوێی کوردی نووسینی کاکەی فەللاح - بەغدا ١٩٧٩.
١٠- کامەران و هۆنراوەی نوێ، نووسینی حەمە سدیق عارف - بەغدا ١٩٥٨.
١١- لە بانێژەی شیعرەوە نووسینی مەحموود زامدار - بەغدا ١٩٨١.
١٢- لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی نوێی کوردی، نووسینی ساجید ئاوارە - سلێمانی ١٩٧٤.
١٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەهۆنراوی نوێ.

شاکه و مەسوور

سەدەی سێزدەیەم

شاکە کوڕی ئەولەی گەلاڵییە، بەپێی بەیازێک کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١٩٩ی کۆچی لە دێی دەرەوەزانی سەر بەشاری سەقز لە دایک بووە و لەسەر پەیڕەوی خوێندنی ئەو مەڵبەندە هەر بەمنداڵی خەریکی خوێندن بووە و ماوەیەک لەلای مەلای دێیەکەیان قورئانی پیرۆز و گوڵستان و بوستانی خوێندووە و ئەوسا حەزی لە هۆنراو کردووە و کاتی خۆی بەخوێندنەوەی هۆنراوی هۆنەرانی کورد وەکو: خانا و شێخ حەسەنی مەولانا وا بردووەتە سەر و لە پاشا ماڵی بەجێ هێشتووە و کەوتووەتە گەشت و گێڵ هەتا لەگەڵ مەسوور خانی گەڵواخیدا ئاشنایەتیی پەیدا کردووە و بووەتە میرزا و نووسەری ئەو تا لە ساڵی ١٢٥٨ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵی لە دێی کەسنەزانی سەر بەدیواندەرەدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێشدا نێژراوە.

مەسوور خان کوڕی ئەحمەد خانی گەڵواخی لە ساڵی ١١٨٦ی کۆچی لە دێی کەسنەزانی سەر بەدیواندەرەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەو دێیە لەلای مەلا قادری کەسنەزانی، خەریکی خوێندن بووە و قورئانی پیرۆز و گوڵستان و دیوانی حافزی شیرازیی خوێندووە و پاشان خێی داوەتە دیوانی هۆنەرانی کورد و خۆیشی دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و تام و بۆنی هۆنراوەکانی مەڵکەی مراد وەیس و خانا لە هەموو ڕەگ و دەمارەکانی هاتوچۆیان دەکرد و پاشان دەستی کردە هۆنراو هۆنینەوە و ئەوسا لەگەڵ شاکەدا ئاشنایەتی، پەیدا کرد و بەیەکەوە دەستیان کردە هۆنینەوەی هۆنراو و بەڕاستی هۆنراوەکانیان لەوپەڕی جوانی و پاراوییەوەن و سەرئەنجام لە ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی لە دێی کەسنەزان کۆچی دوایی کرد.

لە بەیازێکدا کە لە ساڵی ١٢٨٩ی کۆچیدا نووسراوە، سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیان و شوێنەواری شاکە و مەسوور بەم جۆرە نووسراوە: «منصور خان ابن احمد خان گلباغی اجداد واعمامش دردولت زندیه و قاجاریه صاحب مناصب عالیه بودندو وی درسنهء ١١٨٦ هیجری در قریه کس نزان اوپاتو قدم بەعرصه امکان نهاد ودر علم وفضل واخلاق وسلوک مرتبه عالی داشت و تحصیل معاش از رهگذر زراعت ودهقانی کردی وهرچه داشتی مصروف درویشان و شاعران نمودی و بیشتر عمرش رابا شاکه گلالی گذراندی و سرانجام بەسال ١٢٥٥ هیجری قمری در مسقط الرأس خود درگذشتی و شاکه ابن ابو الحسن گلالی ازوارستگان زمان خودبودی و در سنهء ١١٩٩ هیجری قمری در قریهء دروزان سقز متولد شدی ومدتی سیاحت نمودی و سرانجام منصور خان راملاقات کردی

و گفته است که درایام صیف اورادیدم نمد پاره بردوش و سر و پا برهنه خرز میفروختی و گفته‌هایش رابا شعری گفتی و بالاخره در سنه ۱۲۵۸ هیجری قمری فوت کردی و شاکه و منصور هر دو باهم شعر میگفتند و شاکه‌بشتر به عرفان توجه داشت و منصور خان را به‌عدل و عرفان می کشاند و منصور خان نیز ازاو بهرده‌های زیادی می برد، این ابیات از آنان است:

شوکرانه‌م پێت بۆ بینای بان سەر

کووره گلالان لافاو گرتنه وەر

سنه ۱۲۸۹ هیجری قمری».

واته: مەسوور خان کوڕی ئەحمەد خانی گەڵواخی که باو و باپیر و مامەکانی له دەوڵەتی قاجاردا پلەوپایەیەکی بەرزیان هەبوو له ساڵی ۱۱۸٦ی کۆچی له دێی کەسنەزانی هەوەتوودا پێی ناوەته مەیدانی ژیانەوە، و له زانست و ئاکاری جوان و ڕێ و ڕەوشتا پلەوپایەیەکی بەرزی هەبوو، وە پتر له ڕێی کشتوکاڵ و ماڵتداریدا دەژیا و هەرچێکی بوایه بۆ هەژاران و هۆنەران بەختی دەکرد و زۆربەی تەمەنی لەگەڵ شاکەدا بردە سەر و سەرئەنجام له ساڵی ۱۲۵۵ی کۆچیدا له زێدەکەیدا کۆچی دوایی کرد و شاکەش کوڕی ئەولەی گەلالی له پیاوانی خواناسی زەمانی خۆی بووە و له ساڵی ۱۱۹۹ی کۆچی له دێی دەرەوەزانی سەر بەسەقز له دایک بووە و ماوەیەک خەریکی گەڕان بوو، و سەرئەنجام مەسوور خانی چاوپێ کەوت و وتوویە: که له ڕۆژانی هاویندا ئەوم دی و لبادێکی کردبووه کۆڵیا و سەروپێ ڕووت وردەواڵەی دەفرۆشت و قسەکانی هەمووی بەهۆنراو بوو، و سەرئەنجام له ساڵی ۱۲۵۸ی کۆچی گیانی بەگیان ئافەرین سپارد و شاکه و مەسوور خان هەردووکیان هۆنەر بوون و بەیەکەوە هۆنراویان دەوت و شاکه پتر حەزی له خواناسی دەکرد و مەسوور خانی بەرەو داد و خواناسی هان دەدا و مەسوور خانیش گەلێ بەهرەی لێ دەبرد، ئەم هۆنراوانه هی ئەو دوو هۆنەرەیه:

شوکرانه‌م پێت بۆ بینای بان سەر

کووره گەلالان لافاو گرت نه وەر

ساڵی ۱۲۸۹ کۆچی مانگی».

مامۆستا عەلائەدین سەجادی له مێژووەکەیدا له بەشی باخی شاعیران لاپەڕەی ٥٤٣دا دیاردەی کردووەته ئەم دوو هۆنەرە و بەناوی شاکەی گەلالی و مەسووری گەڵواخی یادیانی کردووه و ئەوەش ڕوون و ئاشکرایه گەلالییەکان و گەڵواخییەکان هەر له هەوەتوودا ژیان دەبەنه سەر.

دەگێڕنەوە و دەڵێن شەوێکیان مەسوور خان خەوێکی بەهۆنەرێکەوە دیبوو کە تەواوی سامان و دارایییەکەی بەپیلەبازیی هۆنراو لە دەست سەندووە کە کەوتە بەیانی چاوی کەوتە پیاوێکی هەژاری وردەواڵە فرۆش و ڕوانیی کە ژنان و کچان لە دەوریا کۆبوونەتەوە و وردەواڵەی لێ دەکڕن و ئەویش بەڕووخۆشییەوە لەگەڵیاندا دەدوا و مەسوور خانیش لە باڵەخانەوە سەرنجی دەدا و داخ و موخابنی دەخوارد کە چۆن ناتوانێ وەکو ئەو پیاوە لەگەڵ ژنان و کچانا بدوێ، بۆیە بەخۆی وت دەروێشی و هەژاری لە دەوڵەمەندی باشترە و ئەوەبوو لە دیواخانەکەی هاتە خوارەوە و چووە لای وردەواڵە فرۆشەکە و ناوەکەی پرسی و ئەویش وتی ناوم شاکەیە و لەم کاتەدا باران بەلێزمە دەباری و مەسوور خان وتی:

شوکرانەم پێت بۆ بینای بان سەر

لە وەڵامی مەسوور خانا شاکە وتی:

کووره گەلاَلان لافاو گرت نە وەر

ئەوسا مەسوور خان وتی:

وە شەو مەسازۆ میل سووهان ساو

شاکە لە وەڵامی ئەوا وتی:

وە ڕۆژ مەتکی قەترە قەترە ئاو

ئەوسا مەسوور خان زانی کە شاکە هۆنەرێکی زۆر بەرزە و داوای لێ کرد ئیتر دەست لە کارەکەی بکێشێ و ببێتە میرزا و نووسەری تا ژنیشی بۆ بێنێ و بەیەکەوە ژیان بەرنەسەر، ئەویش وتی: جارێ دوانزە قران قەرزارم و دەبێ مامەڵە بکەم تا بیدەمەوە و خانیش وتی قەرزەکەتیش دەدەمەوە.

مەسوور خان لەبەرئەوەی حەزی لە پیلەبازیی هۆنراو دەکرد و بۆ ئەوەی دیسان شاکە تاقی کاتەوە ڕووی کردە شاکە وتی:

سانای سەر قڕەت کەس پێ نەزانا

شاکە لە وەڵامدا وتی:

سپیبەد جە ڕووی سەرزەمین شانا

ئەوسا مەسوور خان وتی:

ئینە پایزەن مەل مەرێزۆ باڵ

شاکە لە وەڵامدا وتی:

هەوا تۆفش هەن بونمی سەردی ساڵ

پاشان مەسوور خان وتی:

ئێنە پایزەن سـایقـەی عـەزیم

شاکە لە وەڵاما وتی:

دەور گـۆلاوان گـرتەن دۆمـەی سـیم

لە پاشا مەسوور خان وتی:

ئـیـنـە پـایـزەن هـەوای بـەنـەڵ بـەن

شاکە لە وەڵاما وتی:

دەور گۆلاوان دۆمـەی سـیمـیان ژەن

دەگێڕنەوە و دەڵێن جارێکیان شاکە و مەسوور دەچنە جوانڕۆ و مەسوور خان چاوی دەکەوێتە ژنێکی شۆخوشەنگ و سەوداسەری دەبێ و دەڵێ:

وەنەوشـەداران وەنەوشـەی وەش بۆ

بەگـزادەی بێ عـەیب جـاف جـوانڕۆ

لە وەڵاما شاکە ڕوو دەکاتە مەسوور خان و دەڵێ:

وەنەوشـەداران وەنەوشـەی وێشـەن

وەنەوشەی کەسێ وە کەسێ چێشەن

دەگێڕنەوە و دەڵێن جارێکیان مەسوور خان چاوی دەکەوێتە کیژێکی نەشمیل کە گۆزەیەک ئاو بەسەر شانییەوەیە و ڕوو دەکاتە شاکە و دەڵێ:

شـاکـە شـارێ دیم، شـاکـە شـارێ دیم

سـەد بارەکـەڵلا عـەجـەو شـارێ دیم

شـەربەت جە دەسگای دوکانداری دیم

بـازاڕ وە مـۆڵەق سـەر منارێ دیم

حوجرەی شیشـەوەن پڕ شەکەری دیم

دەروازەی لاڵپـۆش پڕ گـەوهەری دیم

شاکە لە وەڵامی مەسوور خاندا دەڵێ:

نەنە ئاغـەکـەم مـەتای ئەو شـارە

بـازاڕ وە مـۆڵەق دەس دوکـاندارە

حوجرەی شیشـەوەن خشت یەکدانە

دەروازەی لاڵ شـــەکــــەر زووانـە
عـەتار چاوشــەن سـیـاو سـەرپۆشـەن
مــاران زولفـشــەن وە باد خــرۆشـەن

دەگێڕنەوە دەڵێن مـەسوور خان بۆ تاقیکردنەوەی شاکە ئەم هۆنراوانەی لە قاڵبی مەتەڵدا هۆنییەوە کە دەڵێ:

شـاکـە تەیرێ وەن، بـراکـە تەیرێ وەن
چوار سەر دارۆ هەر سەر سەیرێ وەن
چوار باڵ دارۆ هـەر باڵ خـــەیرێ وەن
هـەر بـاڵـێ سـێ پـەڕ بـەنـەن وە بـاڵاش
هەر پەڕێ سـێ ڕەنگ مـەنمانۆ کـاڵاش

لە وەڵامی مەسوور خاندا شاکە دەڵێ:

ئەو تەیرە سـاڵەن، چوار بـاڵش گـاســەن
پەی گـەدا و دارا هەمـیـشـە خـاسـەن
باڵش سێ پـەڕەن. سـاڵ دوانزە مـانگەن
ساڵ و دوانزە مانگ مڵک شەش دانگەن

ئەم هۆنراوانەش هـی ئەم دوو هۆنەرەیە:

مەسوور خان:

عــەقـڵـم نەمــەندەن فــامم ســەرســەری
عــەقڵ و فــام و هۆش جـــە لام بـی بەری
شـاکە: عەقڵم نەمەندەن هۆشم بییەن کەم
عەقڵ و فـام و هـۆش جـە لام کـەردەن ڕەم

مەسوور خان:

مــوژانان خـــەدەنگ زومـــرەی ســـەراوان
هەر گاسـوب سـەحـەر خێـزۆ جە خاوان
وە پـەنجـــەی ڕەنگین دەســـدا نە چاوان
سـەحـەر زوو قـاپی پەی سـەیر مەشکاوان

شـاکە:

مـــوژانان خـــەدەنگ وەک تیـــژ باڵ تـەیر
مـــەشـــانا نـە ڕووی دیدەی ئاهوو جـــەیر
سوب سەحـەر قاپـی مەشکاوان پەی سـەیر
مـــوژانان خـــەدەنگ پێکا نە جـــەرگم
کـــۆکـــۆ بی هووناو ســـەرتاپای بەرگم
مەسوور خان:
ســۆســـەن گـــوڵ چڕی لە وەرمـــەغـــاران
شاکە:
هـەی هـەی مـــــزگـــــانـی هـاتـەوە یاران
مەسوور خان:
گـــولاّن خـــێـــزیا لە وەرمـــەغـــاران
شاکە:
خـــودا شـــوکـــرت بۆ هـاتـەوە یاران
خان مەسوور:
دارم ئـــاواتـــێ، دارم ئـــاواتـــێ
فـــەڵەک نـە دەرگـــا دارم ئاواتـێ
گـــرد بەدەن کـــەســـتـــەی مـــارم ئاواتـێ
ئامـــــاش بەخـــێـــر بۆ یارم ئاواتـێ
بالاّ بەوێنەی نەمـــام عـــــەرعـــــەر
نەنە بەوێنەی ســـــەوڵ و سنەوبـەر.
شاکە:
بالاّ چون مـــەلەک حـــەوتەمـــینی هـەس
لیـقـای گشت ئۆمـەت سـەرزەمـینی هەس
جـــفـــتێ گـــۆشـــوارەی زێو و تەلاّی هەس
هـەزار نۆکـــەری وەڵلاّ و بیـــلای هـەس
خان مەسوور:
لووت بە خـزێمی خـۆش تەمـاشـای هـەس
لەو پەڕەی کـاغـەز دەسـتی پاشـای هەس

شاکە:

لەو پەڕەی کاغەز دەم حەوزی کەوسەر
پڕە لە وەفراو کەیلە لە گەوهەر

مەسوور خان:

چتێ بەنامی کاری غەیبی هەس
ئەگەر من بێژم خەیلێ عەیبی هەس

دەگێڕنەوە و دەڵێن کە مەسوور خان شاربەدەر دەکەن و دەینێرنە قەندەهار، چونکە ئەو دەمە قەندەهار بەشێک بووە لە ئێران و ئەوسا مەسوور خان ئەم پارچە هەڵبەستە دەهۆنێتەوە و دەینێرێ بۆ خزمەکانی، وەکو دەڵێ:

بێژن وە پەروەر نەکا ماڵە و ماڵ
هام لە قەندەهار هەتا چەندین ساڵ
بێژن وە پەروەر نەچێ وە ماڵان
وردە خاڵەکەی نەدا وە تالان
هام نە قەندەهار دنیام لێ قارە
هەر بۆ شاپەروەر گشت ژار مارە
لە قەندەهارە و تا بەرزیی ولان
تەی کەم شاخ و داخ تا کێلە گولان
لە قەندەهارە و بفڕم وێنەی تەیر
کوچکینەوە ئارێز بکەم سەیر

ولان و ئارێز ناوی دوو کێوە لە کوردستاندا و کێلە گولان و کوچکینەش ناوی دوو دێن.

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی شاکەی گەلالیە کە بەهۆی کۆچی دوایی مەسوور خان هۆنیویەتەوە کە دەڵێ:

پیر بەز نەزانا خان مەسوور مەردەن
گولانت وەی تەور حەمایەت کەردەن
سپای بانانت نەسەر گرد بانان
سەف سەف گرد سەف دان چون ئوردووی خانان
ولان بپۆشۆ بەرگێ نە مەچیر
نەبۆ خان مەسوور نەیۆ وە نەچیر

جــــــەولە بپــــــۆشـــــۆ بەرگێ نەدەوار
نەبۆ خـــــان مـــــەســــــوور نەیۆ وە شکار
مــــــیـــــــرزا هۆرێزە یە خــــاو بەهارەن
ســـــەنگ وە ســـــەنگێ تەر نە خـــاو بێـــزارەن

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری شاکە لەوەدا ئاماژەی کردووەتە، کەیخەسرەو بەگی جاف کە سەرۆکی عێلی جاف بووە و لە ساڵی ١٢٤٦ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە:

مەسوور دوو پۆڕ دیم، مەسوور دوو پۆڕ دیم
ئیـــمـــڕۆ نە ســـارا وە وێم دوو پۆڕ دیم
دوو کەیخەسرەو ڕەنگ، دوو تەیر تۆڕ دیم
دوو شەنگ، دوو شاباز، دوو لفکە شۆڕ دیم
دوو ڕەوێڵــــە ڕەنگ ئیــمــــڕۆ نە ڕاو دیم
دوو دیدەی مــەوزوون ســوب جــە گۆلاو دیم
دوو یاســــەمــــەن گــوڵ جــە بەر کــاوان دیم
دوو بـەت تـەیـار ســــــوب نـە ئاوان دیم
دوو دوڕ، دوو یاقــــــووت، دوو دانە لاڵ دیم
نە ڕووی دوو ســـینە دوو قــــوبەی زاڵ دیم
وێنەی شـــەمـــامـــە هەر چوار وە پەڕ دیم
جـــــە ناو ئاوا لفکەشـــــان تەڕ دیم
بیللا وە تاقـــیق دوو شـــەخس نەی ڕەنگەن
گــوڵ ســـفـــیـــد چەنی دانای فـــەرەنگەن
هەردووکـــیـــان وە هەم تووڵە نەمـــامـن
دایم خـــدێشـــان وە ســـورمـــە و جـامـن
گـــــەورە وە وێنەی نەمـــــام نە ئاوا
بچــــووک بەوێنەی نەو تووڵ ســـــاوا
گـەورە وە وێنەی ســوور گـوڵ نە باخـان
بچـــووک بەوێنەی بەڕەزای شـــاخـــان
بچـــــــووک بەوێنەی دەنکە هەنارە
گــــــەورە بەوێنەی ســــــپی چنارە

هێـــــمـــــان بە بارن هـەر وان نە لانا
باڵشـــان نەشـــەندەن وە ڕووی جـــیـــهـــانا
ئەر خـــوا بیلێـــتـــیـــان تا بوون وە نەمـــام
قـــەســـرێ مـــەســـازوون چەنی گـــوڵەندام

پەرتووکی وەنەوش و بەرمزاکە پەرتووکێکی دڵدارییە هی شاکەی کەلاڵییە و بەشاکاری وێژەیی دێتە ژمـار. شـاکە و مـەسوور لە تەواوی کـوردسـتـاندا ناسراون و خـەڵکی ئیلام و ئەیوان و گیلان لایان وایە کە شاکە و مـەسوور خەڵکی ئەو مەڵبـەندانەن و هۆنراوەکانیـان بەزاراوەی خـۆیان دەخـوێننـەوە کـەچی وا نیـیـە و زۆربـەی هۆنراوەکـانی ئەو دوو هـۆنەرە بەزاراوەی گۆرانی سەر بەشێوەی کوردیی هەوەتووە.

سەرچاوەکان

١- بەیازێک کە لە ساڵی ١٢٨٥ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.

٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشاکە و مەسوور.

میر سادقی دینەوەری

١٢١٨ - ١٢٨٣

مـیر سـادق کـوڕی مـازیار بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆمـان دەرکـەوتووە کـە لە سـاڵی ١٢١٨ی کـۆچی لە دینەوەرا پێی ناوەتە مـەیدانی ژیانەوە و هـەر لە منداڵیـیـەوە خـەریکی خـوێندن بووە و قـورئانی پیـرۆز و ڕێزمـانی عـەرەبی و ڕەوانبـێـژیی لە لای زانایانی ئاینی خوێندووە و بۆ خوێندن هـەموو هەورامـان گەڕاوە و مـاوەیەک لە دێی تووت شـامی بووە و لە لای سـەی براکە خـوێندوویەتی و لە پاشـا لە کرمـاشـان خـوێندنی تەواو کردووە و ئـەوسـا کەوتووەتە گەڕان و گەلێ لە شـارەکانی دیوە و لەگەڵ هۆنەران و زانایانی ئاینیدا وتووێژی کردووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبـەندەکەی خۆی و پاشمـاوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خـەڵک بردووەتە سـەر تا لە سـاڵی ١٢٨٣ی کـۆچی لە تەمـەنی شـەست و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانەکەی دینەوەر نێژراوە.

مـیر سـادق یەکێ لە هۆنەرانی هـەرە بەرزی کـوردە و ئەوێ سـەرەتا وەکـو هۆنەرانی تر شـەیدای دیمەنی ئێـلاخـان و چاوەندازی دینەوەر بووە و لەگـەڵ ئەوەشـدا هۆنراوەکـانی: خانای قـوبادی و مـیـرزا شـەفـیـعی کولیـایی و مـەلا وەڵەد خـان هـەسـتیـان بزواندووە و لە هۆنراوەکـانیـدا ئـەوەمـان بۆ دەردەکـەوێ کـە زۆر حـەزی لە ئاینی زەردەشت کـردووە و لە

هۆنراوەکانیدا گەلێ زاراوی کۆنمان دەکەوێتە بەرچاو، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا کە ناوی سی ڕۆژی مانگی هێناوە کە لە دەوری کۆندا هەر ڕۆژێک ناوێکی هەبووە، وەکو دەڵێ:

وەرینـان واتـن هـەر مـــــانگ سـی ڕۆچەن
هەر کــام چون ئافـتــاو برێ و ئەفــرۆچەن
ڕۆژ یـەکـــــەمش نـامش هـۆرمــــــزەن
وەبێ نام ئەو گـــــرد مـــات و کــــزەن
دووەمـین ڕۆژش وەهـمـــــــــەنەن نـامش
هـەر کــەس دڵپــاک بۆ ئەو بۆ وە کــامش
ســێـهــەمین ڕۆژش ئەرتەوەهێـشـتـەن
هەر کـەسێ ڕاست بۆ جـاگـەش بەهەشتـەن
چـوارەمـین ڕۆژش هـەر شـــــەتەروەرەن
هـەر ئەو یاوەر مـــێـــــرد بێـــوەرەن
پەنجــەمین ڕۆژش ســـپـــەندارمــەزەن
پـەرێ گــــرد ژەنان بـەوێنـەی گـــەزەن
شــــەشــــەمین ڕۆژش هـەڕۆتات ڕۆژەن
زێـڵ کنـاچـان پـەرێـش وە ســـــــۆژەن
هـەفـــتـــەمین ڕۆژش ڕۆژ ئـەمــــرتاتەن
ڕۆژ بێ مـــەرگی و کـــام و شــێـتـــاتەن
هـەشـــتـــمین ڕۆژش ڕۆژ دەتـۆشـــەن
هـەرچـی کــــە دارۆ ئەو پەرێ تـۆشــــەن
نـۆهـەمـین ڕۆژش ئـاهـێـــــــرەن هـەر ڕۆ
ســـرۆشــیش مــەیۆ ڕەم بێـدار کـەرۆ
دەهــــەمــین ڕۆژش ئـــاو و ئــاوانــەن
ئەو پەی گـــرد کــەسێ وێنەی دەرمــانەن
یـانـزەهـەمـین ڕۆژ ئـافـــــتـــــاو و وەرەن
ئــــانـــە ڕۆشـــنـــی و چـــرای داوەرەن
دوانـزەهـەمـین ڕۆژ هـەر ڕۆژ مــــــانگەن
پەرێ شـــەوەزەنگ چرای شـــەشــدانگەن

سێنزەهەمین رۆژ تیشتەرەن یاران
هەر ئەوەن مەبۆ وە ئەور و باران
چواردەمین رۆژ، رۆژ دەرەسپەن
ئەو رۆژە وێنەی ئازەرگوشەسپەن
پانزەهەمین رۆژ مەواچن دەزەن
رۆژ سرۆش و هەنگوور و رەزەن
شانزەهەمین رۆژ میترە و هەم مێرەن
دەستگیری مەردوم نەی رۆژە خێرەن
هەڤدەهەمین رۆژ، رۆژ سرۆشەن
خرۆیچ پەرێ ئەو هەر نە فرۆشەن
هەژدەهەمین رۆژ واچن رۆی رەشەن
رۆژ دادگەری و درۆن و بەشەن
نۆزدەهەمین رۆژ رۆی خرۆدانەن
رۆژ ئامورزین گردین مێردانەن
بیستەمین رۆژیچ، رۆژ بارامەن
نە ئی رۆژەدا ئەندەر ئارامەن
بیست و یەکەمین رۆژ، رۆژ رامەن
مەردوم نەی رۆژە نە وەشی و کامەن
بیست و دووەمین رۆژ هەر رۆژ وان
واتیش هەر نە ئێر فەرمان خوان
بیست و سێومین رۆژ، رۆژ دەزوەن
وەشش نمەیۆ مار گاوەزەن
بیست و چوارەمین رۆژ، رۆژ دینەن
پەرێ بێ دینان ئی رۆژە شینەن
بیست و پەنجەمین رۆژ ئەرتەن جە نۆ
پەی ژەن و کنیک جوانی مەبەخشۆ
بیست و شەشەمین رۆژیچ ئەشتاتەن
دێو و ئەهریمەن جە دەستش ماتەن

بیــست و هـەفــتــەمین ڕۆژ ئاســمــانـەن
وارانــش پـەی ژار داوودەرمــــــــانـەن
بیــست و هـەشــتــەمین ڕۆژ، ڕۆژ زامــەن
مــــێــــرد پاپەتیش پەرێ ئـەو ڕامــــەن
بیــسَت و نۆهـەمین مـــاراســـپــــەندەن
خــــواجـــام پەرێ ئـەو مـــانســـرش وەندەن
ســــێــــیـــــەمین ڕۆژیچ ڕۆژ ئـەنغــــەرەن
ئـی ڕۆژە دەرمـــــان مــــێــــرد لاغـــەرەن
واتە: پێشینان وتیان هەر مانگ سی ڕۆژە
هەر کام لەم ڕۆژانە وەکو هەتاو دەدرەوشنەوە

کوردەکان لە ڕابردوودا مانگیان دابەش کردبووە سی ڕۆژ کە دوانزە مانگەی دەبێتە سێ سەد و شەست ڕۆژ کەچی ساڵ سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژە و لە دەوری کۆندا هەر سەد و بیست ساڵ جارێک ئەو ڕۆژانەیان کۆ دەکردەوە تا ئەبووە سی ڕۆژ و دەیانکردە سێزدە مانگ و ئەو مانگەیان جەژن دەگرت.

واتە: ڕۆژی یەکەمی ناوی هۆرمزە
وەبێ ناوی ئەو هەموو مات و کزن

وشەی هۆرمز کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە و بەواتای گەورە و سەرۆک و خوایە. لە ئاڤێستادا نووسراوە کە هۆرمز زانایێکی هەرە بەرزە و ئەو لە هەموو شتێک ئاگەدارە و هەر ئەو بوو کە مرۆی خوڵقاند و ئاسمان و زەوی بەدی هێنا و ڕوونی خستە جیهانەوە.

واتە: دووهەمین ڕۆژی ناوی وەهمەنە
هەر کەسێک دڵپاک بێ ئەو هیوای دێنێتە دی

وشەی وەهمەن کە هۆنەر ئامـاژەی پێ کردووە لە ئاڤێستادا هوومەنەیە و بەواتای بیری چاکە و وەهمەن یەکەمین ئافەریدەی هۆرمزە و لە سەرتاسەری ئاڤێستادا لە بارەی ئەوەوە قسە کراوە و بەپێی پەرتووکی بوندهشن، ئەو نزیکترین فریشتەی هۆرمزە و کەڵەشێر کە لە بەرمبەیاندا دەقووقێنێ و خەڵک لە خەو هەڵدەستێنێ تایبەتی وەهمەنە و هەر وەهمەن بوو کە گیانی زەردەشتی لە خەودا بردە بارەگای هۆرمز تا لەگەڵیدا ڕاز و نیاز بکا و ڕێ و ڕەوشتی خوایی پێ فێر بکا.

واتە: سێیەمین ڕۆژی ناوی ئەرتەوەهێشتە

هەر کەسێک ڕاست بێ جێگای بەهەشتە

وشەی ئەرتەوەهێشت لە ئاڤێستادا ئەشاوەهیشتەیە کە ناوی فریشتەیەکە و پاسەوانیی ئاور دراوەتە ئەو و ئەو هەموو ئاورەکان دەپارێزێ و ناهێڵێ هیچ کاتێ بکوژێنەوە و هەر لەبەر ئەمەیە پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە.

واتە: چوارەمین ڕۆژی ناوی شەتەروەرە

هەر ئەو یار و یاوەری مێردی بێ بەرییە

وشەی شەتەروەر لە ئاوێستادا خسترە وە ئێرییەکە لە پەهلەویدا شەتریوەرە و یەکێ لە فرێشتەکانی ئەمشاسپەنتانە و ڕۆژی چوارەمی هەر مانگێک بەئەو سپێرراوە و ئەو یار و یاوەری هەژاران و لێقەوماوانە.

واتە: پێنجەمین ڕۆژی، ڕۆژی سپەندارمەزە

وە ئەو بۆ هەمووی ژنان وەکو گەز وایە

وشەی سپەندارمەز لە ئاڤێستادا سپەنتەئارمەئیتییە و لە پەهلەویدا سپەندارمەیە و بەیەکێ لە فریشتەکانی ئەمشاسپەنتا دێتە ژمار و بەواتای خۆ بەکەم زانینە و ئەم فریشتەیە پاراستنی خاک و زەویی دراوەتێ.

واتە: شەشەمین ڕۆژی ناوی هەرۆتاتە

دڵی کچەکانی بۆ ئەگرێ

وشەی هەرۆتات لە ئاڤێستادا هەئورروەتاتە و لە پەهلەویدا خورداتە و یەکێ لە فریشتەکانی ئەمشاسپەنتانە و بەواتای ڕاستی و دروستییە و پاراستنی ئاوەکان بەئەو سپێرراوە و هۆرمز ئەوی بۆ حەسانەوەی خەڵک بەدی هێناوە.

واتە: حەوتەمین ڕۆژی ناوی ئەمرتاتە

ڕۆژی بێ مەرگی و کام و شادمانییە

وشەی ئەمرتات لە ئاڤێستا و پەهلەویدا ئەمرتاتە کە بەواتای بێ مەرگییە و ناوی یەکێ لە فریشتەکانی ئەمشاسپەنتانە و پاراستنی گیا و ڕووەکەکان بەئەو دراوە.

واتە: هەشتەمین ڕۆژی ناوی دەتۆشە

ئەو هەرچێکی هەیە هەر بۆ تۆیە

وشەی دەتۆش لە ئاڤێستادا دەتووشەیە و لە پەهلەویدا دەزوەیە کە بەواتای داهێنەر و خولقێنەرە و بەپێی ئاڤێستا خەڵک لەم ڕۆژەدا دەبێ سەریان بشۆرن و تا خوێنەکانیان بگرن و خۆیان پاک و خاوێن بکەنەوە تا هۆرمز خۆشی لێیان بێ.

واتە: نۆیەمین ڕۆژی ناوی ئاگرەوهەررۆ

سرۆش دێت و خەڵک لە خەو وریا دەکاتەوە

وشەی ئاهێر لە ئاڤێستادا ئاتەر و لە پەهلەویدا ئاتوورە و یەکێ لە فریشتەکانە و ئەو هەموو فریشتەکانی جیهان دەپارێزێ و پاسەوانی ئاورگاکانی پێ دراوە و ناهێڵێ بکوژێنەوە، وە هەر ئەو داوا لە سرۆش دەکا کە خەڵک لە خەو هەستێنێ.

واتە: دەیەمین ڕۆژی ئاو و ئاوەکانە

ئاو بۆ هەموو کەسێک وەکو دەرمان وایە

وشەی ئاوان لە ئاڤێستادا ئەپەم و لە پەهلەویدا ئاپانە و بەواتای ئاوەکانە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانە کە ئاوەکان دەپارێزێ، وە ئاو لە ناو کوردەکاندا گەلێ پیرۆزە و پیسکردنی ئاو گوناهێکی گەورەیە.

واتە: یانزەهەمین ڕۆژ، ڕۆژی هەتاو و خۆرە

ئەمەش ڕووناکی و چرای خوای داوەرە

وەر یا خۆر لە ئاڤێستادا هوەرخشەئیتەیە و لە پەهلەویدا خوەرشێتە و ناوی یانزەیەمین ڕۆژی هەر مانگە و زەردەشتییەکان هەموو ڕۆژێ سێ جار ڕوو دەکەنە خۆر و ستایشی دەکەن.

واتە: دوانزەیەمین ڕۆژ هەر ڕۆژی مانگە

لە بۆ شەوەزەنگ وەکو چرای شەش دانگە

وشەی مانگ لە ئاڤێستادا ماونگەیە و لە پەهلەویدا مایە و ناوی دوانزەمین ڕۆژی مانگە و هەروەها ناوی فریشتەیەکە کە پاسەوانیی ڕووەک و دارەکانی پێ سپێراوە.

واتە: سیازدەمین ڕۆژ، ڕۆژی تیشتەرە ئەی یاران

هەر ئەوە کە دەبێتە هەور و باران

تیشتەر لە ئاڤێستادا تیشتریەیە و لە پەهلەویدا تیرە و ناوی سیازدەمین ڕۆژە و بەپێی ئاڤێستا ئەو فریشتەی بارانە و ناوی ڕووناکترین ئەستێرەیە و سەرۆکی هەموو فریشتەکانە.

واتە: چواردەمین ڕۆژ، ڕۆژی دەرەسپە

ئەو ڕۆژە وەکو ئاورگای ئازەرگوشەسپە

وشەی دەرەسپ لە ئاڤێستادا درواسپەیە و لە پەهلەویدا گۆشە و ناوی چواردەمین ڕۆژی مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانە کە جانەوەرەکان دەپارێزێ.

واتە: پانزەمین ڕۆژ ناوی دەزەنە

ئەو ڕۆژە ڕۆژی سرۆش و ترێ و ڕەزە

وشەی دەزەن لە ئاڤێستادا دەزوەیە و لە پەهلەویدا دەدوویە و ناوی پازدەمین ڕۆژی مانگە و بەم ڕۆژەش ڕۆژی خوا دەڵێن.

واتە: شانزەمین ڕۆژ ناوی میترەیە

یارمەتیدانی خەڵک لەم ڕۆژەدا خێرە

وشەی میترە لە ئاڤێستا و پەهلەویدا هەر میترەیە و ناوی شانزەمین ڕۆژی مانگە و ناوی یەکێ لە گەورەترین فریشتەکانە.

واتە: حەڤدەمین ڕۆژ، ڕۆژی سرۆشە

کەڵەشێریش بۆ ئەو هەر لە بانگ و خرۆش دایە

وشەی سرۆش لە ئاڤێستادا سرەئۆشەیە و لە پەهلەویشدا هەر سرۆشە و ناوی ڕۆژی شازدەمی مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانە کە پاراستنی جیهان بەئەستۆی ئەوە.

واتە: هەژدەمین ڕۆژ، ڕۆژی ڕەشە

ڕۆژی دادگەری و بەخششە

وشەی ڕەش لە ئاڤێستادا ڕەشنوویە و لە پەهلەویدا ڕەشنە و ناوی هەژدەیەمین ڕۆژی مانگە و بەواتای دادگەرە و بریتییە لە فریشتەی داد و دادگەری.

واتە: نۆزدەمین ڕۆژ، ڕۆژی فرۆدانە

ڕۆژی بەخشینی هەمووی مێردانی خوایە

وشەی فرۆدان لە ئاڤێستادا فرەوەشی و لە پەهلەویدا فرەوەهەرە و ناوی ڕۆژی نۆزدەمی مانگە و لە پەڕتووکی بوندهشندا نووسراوە کە بەر لە بە دیهێنانی مرۆ، هۆرمز جیهانی فرەوەشی خوڵقاند و لە پاشا بنیادەمی بەدی هێنا.

واتە: بیستەمین ڕۆژیش ڕۆژی بارامە

ئەندەر لەم ڕۆژەدا ئارامە

وشەی بارام لە ئاڤێستادا ورتەغنەیە و لە پەهلەویدا واهرامە و ناوی ڕۆژی بیستەمی مانگە و هەروەها ناوی فریشتەیەکە کە شایی و خۆشی دەخاتە دڵانەوە و ئەندەریش کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە، ناوی دێوێکە کە وێرانی و لافاو و دێنێتە دی.

واته: بیست و یەکەمین ڕۆژ ناوی رامە

وە خەڵک لەم ڕۆژەدا لە ئەوپەڕی خۆشییەوە دەژین

وشەی ڕام لە ئاڤێستادا رامەنە و لە پەهلەویشدا هەر ڕامە و ناوی بیست و یەکەمین ڕۆژی مانگە و بەواتای ئاشتی و هێمنییە و بەپێی ئاڤێستا ڕام دەبێتە هۆی سەوزبوونی لەوەڕگەکان و بژوێنەکان.

واتە: بیست و دووەمین ڕۆژ هەر ڕۆژی بایە

بایش هەر لە ژێر فەرمانی خوایە

وشەی وا یا با لە ئاڤێستایی و پەهلەویدا واتەو ناوی بیست و دووەمین ڕۆژی مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فرێشتەکانە و ئەم فریشتە یارمەتیی شەڕکەران دەدا کە بەسەر دوژمندا زاڵ بن.

واتە: بیست و سێیەمین ڕۆژ، ڕۆژی دەزوەنە

بەڵام ماری گاوەزەن خۆشی لەو ڕۆژە نایە

وشەی دەزوەن لە ئاوێستادا دەزوەیە و لە پەهلەویدا دەزووە و ناوی ڕۆژی بیست و سێیەمی مانگە کە بەواتای داهێنەرە و لەم ڕۆژەدا خەڵک ناخوێنەکانیان دەگرن و خۆیان دەڕازێننەوە و جلوبەرگی تازە لەبەریان دەکەن.

واتە: بیست و چوارەمین ڕۆژ، ڕۆژی دینە

بۆ بێ دینەکان ئەم ڕۆژە شینە

وشەی دین کە لە ئاڤێستادا دگنایە و لە پەهلەویشدا هەر دینە و ناوی ڕۆژی بیست و چوارەمی هەر مانگە و بەواتای ئاین و ڕێ و ڕەوشتە.

واتە: بیست و پێنجەمین ڕۆژ ناوی ئەرتە و سەرلەنۆ

بە ژن و کچ جوانی دەبەخشێت

وشەی ئەرت لە ئاڤێستادا ئەشی وەنگووهییە و لە پەهلەویدا ئەرتە و ناوی بیست و پێنجەمین ڕۆژی هەر مانگە و هەروەها ناوی فریشتەیێکە کە سامان و دارایی خەڵک دەپارێزێ.

واتە: بیست و شەشەمین ڕۆژ ناوی ئەشتاتە

ئەهریمەن لە دەستی ئەو ماتە

وشەی ئەشتات لە ئاوێستادا ئەرشتات و لە پەهلەویدا هەر ئەشتاتە و ناوی بیست و شەشەمین ڕۆژی هەر مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانە و بەواتای ڕاستی و

دروستییە و بەپێی پەڕاوی بوندهشن گیایی هووم پەیوەندی بەم فریشتەوە هەیە.

واتە: بیست و حەوتەمین ڕۆژ، ڕۆژی ئاسمانە

بارانی بۆ هەژار و لێقەوماو و داوودەرمانە

وشەی ئاسمان لە ئاڤێستادا ئەسمەن و لە پەهلەویدا هەر ئاسمانە و ناوی ڕۆژی بیست و حەوتەمی هەر مانگە.

واتە: بیست و هەشتەمین ڕۆژ، ڕۆژی زەوییە

پیاوی پێخاوس و پا پەتی بۆ ئەو رامە

وشەی زام یا زەوی لە ئاڤێستادا زامیاد و لە پەهلەویشدا زامە و بەواتای زەوییە و ناوی ڕۆژی بیست و هەشتەمی هەر مانگە.

واتە: بیست و نۆیەمین ڕۆژ، ڕۆژی ماراسپەندە

خوام بۆ ئەو وتاری پیرۆزی دەخوێندەوە

وشەی ماراسپەند لە ئاڤێستادا مەنترەسپنتەیە و لە پەهلەویدا ئەمەهرەسپەندە و ناوی ڕۆژی بیست و نۆیەمی هەر مانگە و بەواتای قسەی خواییە لەم ڕۆژەدا مارە بڕین و لەگەڵ هاوەڵان دانیشتندا ڕەوایە.

واتە: سییەمین ڕۆژ، ناوی ئەنغەرە

ئەم ڕۆژە بۆ پیاوی لەڕ و لاواز دەرمانە

وشەی ئەنغەر لە ئاوێستادا ئەنغرەر ئۆچەیە و لە زمانی پەهلەویدا ئەنیرانە و ناوی سییەمین ڕۆژی مانگە و بەواتای پرشنگ و تیشکە و لەم ڕۆژەدا خەڵک خۆیان دەدەنە بەر تیشک و دەچنە بەر بەرۆچکە تا گەرمیان بێتەوە.

ناوی سی ڕۆژی ڕۆژەکان کە لەمێژە لە ناو کوردەکاندا باو بوون لە پەڕتووکی ئاڤێستا سەرچاوەیان گرتووە و لە دوای ئیسلام ئەو ناوانە کەم کەم لە بیرچوونەتەوە و پاشان ناوی ڕۆژەکانی حەوتە بەهۆی جوولەکەکانەوە بڵاو بووەوە، چونکە جوولەکەکان لە دەوری ساسانییەکاندا پتر لە شاری کوردئاوا و مادایان و هەمەداندا دەژیان و جوولەکەکان بەڕۆژی یەکەمی حەوتە شابەتیان ئەوت کە بەواتای پشوودانە و ئەم ناوە لە زمانی سریانیدا شەبتە و لە زمانی ئەکەدیدا شەباتوویە و لە عەرەبیدا سەبتە و پاشان ئەم وشە کەوتە ناو پەهلەوییەوە و بووە شونبەت و لە فارسیشدا شەنبە و لە کوردیدا شەمەیە و لە پاشا وشەکانی یەکشەمە و دووشەمە و سێشەمە و چوارشەمە و پێنجشەمە لە ناو کوردەکاندا باو بوو، وە لەبەرئەوەی موسڵمانان بەدوارۆژی حەوتە: يوم الزينەيان ئەوت

کوردەکان وشەی هەینییان لە چاوگی ئادین بەواتای ڕازانەوە وەرگرت و بەکاریان برد.

سەرچاوەکان

١- دیوانی دەستنووسی میر سادقی دینەوەری.

٢- بەیازێک لە ساڵی ١٣٩٨ی کۆچیدا نووسراوە.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیر سادقی دینەوەری.

شێخ سەلامی عازەبانی

١٣١٠ - ١٣٧٧

شێخ سەلام کوڕی شێخ ئەحمەدی عازەبانی لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچی لە دێی عازەبانی سەر بەهەڵەبجە لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و هەر لەو تەمەنەدا نیشانەی زیرەکی و بلیمەتیی پێوە دیار بووە، ئەوسا باوکی مامۆستای بۆ ڕاگرتووە و لە لای ئەو فێری ڕێزمانی عەرەبی و خەتخۆشی بووە و لە پاش مردنی باوکی دەکەوێتە ناو تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگارەوە و دایکی بەهۆی خزمەکانییەوە پەروەردەی دەکات و لە پاشا ڕوو دەکاتە سلێمانی و لە مزگەوتی شێخ عەبدوڕەحمان ماوەیەک خەریکی خوێندن دەبێ و ئەوسا لەبەر تێکچوونی باری سلێمانی دەگەڕێتەوە دێی عازەبان و پاشان ماوەیەک بوو، بەپۆلیس و لە دەوری شێخ مەحموودی نەمردا (١٣٠٢ - ١٣٧٦ی کۆچی) کرا بەبەڕێوەبەری سەربازی و لە پاشا لەگەڵ شێخ مەحمووددا گیرا و ئەوسا لە کاری میریدا دامەزرا و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٧٧ی کۆچی لە ناوچەی قەرەداغدا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان بردەوە سلێمانی و لە گردی سەیواندا ناشتیان.

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، شێخ سەلام ژیانێکی پڕ لە پەژارە و چەرمەسەریی بردووەتە سەر و ماوەیەک ئاوارەی کەژ و کێوەکان بووە و ئەمەش کاری کردووەتە سەر دڵ و دەروونی و لەگەڵ ئەوەشدا سەری بۆ کەس دانەواندووە و بەهەوڵ و کۆششی خۆی ژیاوە و لەگەڵ ژیاندا ململانێی بووە و وەکو دەڵێن شێخ سەلام هەر لە منداڵییەوە خەریکی هۆنراو هۆنینەوە بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی بریتین لە هۆنراوی: کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانی و دڵداری و هۆنراوەکانی تا حەزکەی تەڕ و پارا و شیرینن.

شێخ سەلام لە هۆنینەوەی هۆنراودا شێوەیەکی تایبەتی هەبووە و هیچ کاتێ لاسایی هۆنەرانی پێش خۆی نەکردووەتەوە و وشەی بێگانەشی کەمتر بەکاربردووە و گەلێ شتی تازەی خستووەتە ناو هۆنراوی کوردییەوە، وە بەزۆرەملێش هۆنراوی نەهۆنیوەتەوە، بۆیە هۆنراوەکانی گەلێ بەسۆز و ڕەوانن.

زۆربەی هۆنراوەکانی شێخ سەلام نەتەوایەتین چونکە ئاخ و داخی کۆمەڵەکەی بەچاوی خۆی دیوە، بۆیە هۆنراوەکانی هەر لەم بابەتەوە هۆنیوەتەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا ئەوەمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

ئێمە زۆر زۆر لێ قەوماوین
بێکەس، بێ دەس، زۆر داماوین
بۆ سەربەستی تێ شکاوین
لەسەر ئەرزا بێ ئاو ماوین
بۆ چەرخی کورد وا بگەڕێ
لاوی ئەبێ زوو ڕاپەڕێ

سەلام لایەنگری ئازادییە، وە لەناو هۆنەرانی گەورەی کوردا هیچ کەسێک بەچاکیی ئەو لە بارەی ئازادییەوە هۆنراوی نەهۆنیوەتەوە، سەرەتای هۆنەریەتیی ئەو لەگەڵ دەورەیەکدا بوو کە هیچ چەشنە ئازادییەک لە کوردستاندا نەبوو و، ئینگلیزەکان هەموو جێ و شوێنێکیان داگیر کردبوو، ئەوە بوو کە کوردەکان لە بەرابەری ئەوانەوە ڕاوەستان و، لەودەمەدا هەژاری و برسیەتی و بێ دادی لە هەموو جێ و شوێنێکدا دەبینرا، سەلامیش لەگەڵ هاوەڵانیدا کەوتە ناو ئەم بەربەرەکانێیە، چونکە ئازادیی بەتاقانە هیوای گەل دادەنا، بۆیە لەم بارەوە لە پارچە هەڵبەستێکدا دەڵێ:

کوردە ڕاپەڕە تا کەی لە خەودای
تا کەی لە خەوی سەر نیوەشەودای
هەڵسە ڕاپەڕە لە بۆ ئازادی
تاکو ببینی تۆ ڕۆژی شادی
هەڵسە سا بژی بەکامەرانی
غەم بدە بە با بەشادمانی

سەلام بۆ ئەوەی پەیامی گەلی کورد بگەیێنێتە دەستی سەرەک کۆمەڵی نەتەوەکان و داوایان لێ بکا کە مافی کورد لە بەرچاو بگرن و ڕزگاری و ئازادیی ئەوان بهێننە دی، لەم بارەوە تەرجیع بەندێکی هۆنیوەتەوە و لەوەدا سەرکۆنەی ئەوانی کردووە کە بەبیری ئەم گەلەوە نین و دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، وەکو دەڵێ:

(عصبە الامم) کۆمەڵی گەورە
بەپێچ و پەنا بەفێڵ و دەورە

له دوور بەدوور بۆ حـــەقی کـــوردان
تەکـــانت ئەدا خـــۆت دائەشـــرنگان
بەجۆش و کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار
ئەتگوت ئەم قــەومــە ئەکــەم ڕسـتگار
لوجنەی ئینتـداب مـەرەخـەسـی هات
گـەڕا کـەشـفی کـرد سـەراسـەر وڵات
ئەگـەر ڕاست ئەکـەی هـەڵی سـووڕێنە
بەس بۆ سـیـاسـەت هەڵمـان پەڕێنە

سـەلام لە هۆنینـەوەی هۆنراوی ڕەخنەشـدا دەسـتـێکی بەرز و باڵای هەبووە و لەم بارەوە گـەلێ هۆنراوی هـۆنیـوەتەوە کـە زۆر شـیرین و تەڕ و پاراون و بۆ ئەم مـەبەسـتـە زنجـیـرە هۆنراوێکی جوانی بەشێوەی تەرجیع بەند هەیە کە ئەوا چەند بەندێکی ئەم زنجیرە هۆنراوە لێرەدا دێنین کە لەسەر کێشی خۆماڵییە وەکو دەڵێ:

ڕێگەی ڕاســتی نـاهەمــوارە
چەوت و ســـەخت و نـالەبارە
تەلیـسـمی دێوی تیــا دیارە
گـــــەڕانـەوەم لە لا عـــــارە
ئەڕۆم، ئەڕۆم هـەتا مــــردن
بەڕاســتـیـیـە ڕێ دەرکــردن

***

توولە ڕێگەی سـەختی باریک
لاپێ و پلـەی شــــەوی تاریک
ڕێگە لـە من نـابڕن ئێـــــوە
هەر چەن پلە و سەخت و کێوە
کـــالای ئـاسـن لە پێ ئەکـــەم
ئەڕۆم هەتاکــو پێی ئەگـــەم

***

ئەی دوژمنی قـــەومی هـەژار
برسـی کـەری گـشت کـرێکار

خاوەن پارەی هەموو ئەعمار
گەلت سووتان تۆ بەیەک جار
پارەت هەمـــوو چەشنی ڕاوە
حـــیلە و فـــێڵ و بەن و باوە

***

من نامـــەوێ قـــەت بەندە بم
یاخـــۆ فـــێـــری دەسندە بم
یا لای مـــیـــری پەسندە بم
یا وەکـــو مـــەل پەڕەندە بم
لە عاستی گەل شەرمەندە بم
ڕوو زەردی خوا و هەم بەندە بم

***

ئـــازاد ئـــەبم، ئـــازاد ئـــەبم
بەئـازادی من شـــــاد ئـەبم
هاوپشـتی عـــەدل و داد ئەبم
گـەل شـیـرینە فـەرهاد ئەبم
قـــوڵنگی عـــەزمم لە پۆڵایە
بێـــســـتـــوونم لە لا بایە

***

هەڵسن بەجارێ لاوی کـورد
زوو ڕاپەڕن بەدەســـتـــوبرد
بۆرە پیـــاو و فـــەلاحی ورد
کـرێکارانی کـوردی گـورد
مـــــەژین بمرن بەئـازادی
نەوەک ئەسـیـری و بێ دادی

لە دیوانەکـەی سـەلامدا لە دوای مـەرگی چاپ و بڵاوبووەتەوە، گەرچی داگری هەمووی هۆنراوەکـانی نییـە، بەڵام هەموو چەشنە هۆنراوێکی تێدا بەرچاو دەکـەوێ: هەڵبەستی دڵداری، نەتەوایەتی، نیشـتـمـانی، کـۆمـەڵایەتی کـە زۆربەیان لەسـەر شـێـوەی نوێ

هۆنراونەتەوە، هەروەها گەلێ چیرۆکیشی هێناوە کە لە ڕادەی خۆیدا زۆر جوانن کە ئەوا لێرەدا یەکێ لەو چیرۆکانە دێنین وەکو دەڵێ:

کـۆترێکی جـوانی خـاڵ و مل نەخـشین
پـەڕوپـۆ شـین و قـــاچ و قـــول ڕەنـگین
هـێـــلانەیەکی گـــەرم کـــرد بەتـووک
پـووشـی بـۆ هـێـنـا بـەنـووکـی دەنـووک
لەســـــەر دارێکی بـەرزی گـــــەلادار
هێـلانە و هێلکە و خـۆی تیـادا حـەشـار
دوو هێلکەی کـرد و کـۆتر کـەوتە کـڕ
پشـــتـــیـــوانی بوو دارســـتـــانی چڕ
ڕۆژێ ڕاوکـــــــــەرێ بـــۆ ڕاووشـکـار
ورد ورد ئـەگـــــەڕا بـن دار بەبـن دار
مـــــەلێکی نەدی ڕاوکــــەر لە ڕاویا
وەخت بوو لێـلایی بێت بەســەر چاویا
ملـی ڕێـگـەی گـــرت بـەدڵ دامـــاوی
بڕوات بۆ مـــاڵ و بێ کـــەڵکە ڕاوی
کـۆتر نەفـام بوو بێ عـەقڵ و کـەمـاڵ
بەرزی کـــردەوە ملـی پڕ لە خــــاڵ
نـەزانـین بـرا دەردە بـۆ هـەمـــــــووان
دەردە دەردێ سـەخت دەردی بێ دەرمـان
خــــۆت ڕزگــــار بکە زوو لە نـەزانـین
هەتا تـووش نەبیت وەک کـۆتری نەخشـین
کـۆتر دەسـتـی کـرد بەحـاقـوو حـاقـوو
ڕاوکـــەر و ڕاوی هـیـچ لە بیـــر نـەبوو
ڕاوکـەر بـەدەنگی کـۆتر دڵخـۆش بـوو
هـیـلاکـیـی ڕێگەی لا فـەرامـۆش بوو
لوولەی تفـەنگی زوو بۆ ڕاکـێـشـا
مـشـتـی گـرت پەنجـەی بەدوادا کـێـشـا

له نالەی تفەنگ کۆتری هەژار
بەبرینداری لە دار کەوتە خوار
ڕاوکەر وەکو مەل بۆ کۆتر فڕی
کێردی هەڵکێشا و زوو سەری بڕی
زانایەک ئەڵێ من لە لام وایە
نەفست ڕائەگرت عەقڵت بیووایە
وەختێ تۆ مەنتق وا لە ژێر دەستتا
عەقڵت زاڵ ببێ بەسەر نەفستا

شێخ سەلام جەژنە نەتەوایەتییەکانی خۆش دەوێ و داوا لە خەڵک دەکا کە ڕێزی ئەم جەژنانە بگرن، بەتایبەت جەژنی نەورۆز کە جەژنی ئازادی و سەربەستیی گەلی کوردە، وەکو لەم دوو هۆنراوانەدا دەڵێ:

جەژنی نەورۆزتان یاخوا پیرۆز بێ
شەوتان هەر ڕۆژ و ڕۆژتان نەورۆز بێ
هەر ئەم ڕۆژە بوو کاوەی کوردی گورد
مێشکی زوحاکی بەچەکوش ورد کرد

شێخ سەلام چارینەکانی خەیامی بەشێوەیەکی جوان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە بەڕاستی خۆی لەسەری ماندوو کردووە و گەلێ ئەرکی کێشاوە و دەتوانین بڵێین کە تەرجەمەکەی سەلام تا ئەندازەیەک نزیکترین تەرجەمەیە بۆ فارسییەکەی، گرنگ ئەوەیە کە چارینەکانی لەسەر کێشی دوانزە هیجایی کە کێشێکی خۆماڵییە وەرگێڕاوە و ئەمەش لەگەڵ مرخی گۆرانیبێژەکان و ئاوازخوێنەکاندا دەگونجێ و ئەوا چەند چارینەیەکی خەیام لێرەدا دێنین کە دەڵێ:

ئەو دەشتە کەوا هەر لالەزارە
گوڵاڵەی خوێنی چەن شەهریارە
وەنەوشەی ڕەنگ شین لە خاک دێتە دەر
دەنکە خاڵەکەی سەر گۆنای یارە

***

ئەڵێن: لە بەهەشت حۆری و غیلمانە
شەرابی ئاڵ و هەنگوینی شانە

نان ئەو نانەیە ئیمڕۆ لە خوانە
بۆ خۆم هەڵگرم بۆ ئەو زەمانە

***

ئەی دڵ! زەمانە خەمی لێت ئەوێ
گیانی شیرینت دەرئەچێ شەوێ
خۆش بژی ئیمڕۆ لە سەبزەزارا
بەر لەوەی سەبزەی خاکت سەرکەوێ

***

مەلێکم بینی لەسەر قەڵای تووس
لە ژێر چنگیا بوو کەللەی کەیکاووس
بەکەللەی ئەوت: ئەفسووس سەد ئەفسووس
کوانێ دەنگی زەنگ، کوانێ ناڵەی کووس

***

کە نەورۆز گوڵی خستە سەر پەنجە
لەگەڵ دوڵبەری پڕ لار و لەنجە
شەراب بنۆشە ئەم چەرخە شینە
قاروونی فەوتان، گەنجی هەر ڕەنجە

***

ئەو ڕۆژە ئەسپی گەردوون زین کرا
مشتەری، پەروین، ئارایش درا
هەر کەس بەشی خۆی درایە دەستی
گوناهمان چییە؟ وەها بەش کرا

***

کە دەرچوو گیانی پاکی من و تۆ
خشت ڕێژی ئەکەن لاکی من و تۆ
دیسان بۆ خشتی گۆڕی خەڵکی تر
ئەیخەنە قالب خاکی من و تۆ

شێخ سەلام جگە لە چارینەکانی خەیام، چارینەکانی حسێن قودسی نەخەعی کە یەکێ

له هۆنەرانی فارسی بێژە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە بەڕاستی هونەری تێدا نواندووە و دەتوانین بڵێین جوانترین تەرجەمەیە و بەفارسییەکەوە زۆر نزیکە کە ئەوا چەند چارینەی لێرەدا دێنین وەکو دەڵێ:

پیـــاوی خـــوا، خـــوا بەپارە ناکـــڕن
بێ منـەت ئەژین هـەتاکـــو ئەمـــرن
خـۆی و کـەڵپـۆسی ئەچنە گـۆڕستــان
نەک لە پاش مـــردن مـــەیتی هـەڵگرن

***

دەرمـــــــان بـۆ دەرد، زۆر تـاڵـە بـەدەم
لە کـــۆنە خـۆشـــتـــر تازە بەسـەرجـــەم
خـــۆش بژی بێ شک تا ڕۆژی جـــەزا
چەرخ هـەزار چەرخی بۆ دێتـــە بەرهـەم

***

لە کـــاری کـــردەت بۆچ پەشـــێـــواوی؟
لە نەکـــــردەگـــیت چۆن وا دامـــــاوی
خـــۆش بژی ئەی دۆست دەورت تێ پەڕی
تا لا ئەکـــــەیتـــۆ مـــــردوو خنکاوی

***

ساقی فـیـدات بم دەی مـاچ و مـەی بێ
ئارەزووی دڵـی ڕەندان بێـــتـــــە جێ
دنیـــا چەن تاجی شـــاهـانی فـــڕان
ئاشـــە بۆ هەمـــوو، یەک دان و یەک پێ

***

غـەم مـەخـۆ عـومـری ناســاز تەواوە
زۆر دەورەی تاڵت هێـــشــتـــا بۆ مـــاوە
گـــیـــروگـــرفـــتی دنیـــا بەشـــەراب
لەگـەڵ لانەی غـەم وەک پووش سـووتاوە

***

هیچ کاتێ گرێی دڵ نەکرایەوە
هەر کەسێ کە ڕۆی نەگەڕایەوە
زەنگی خەتەرم لێ دا سەد کەڕەت
وەک قاپی ئەڵحەد بێ دەنگ مایەوە

سەرچاوەکان

١- دیوانی شێخ سەلام عازەبانی - بەغدا ١٩٥٨.
٢- دیوانی سەلام لەسەر ئەرکی ئومێد کاکەڕەش - بەغدا ١٩٩١.
٣- چوارینەکانی نەخەعی - بەغدا ١٩٦٩.
٤- روباعیاتی خەیام، وەرگێڕاوی سەلام - سلێمانی ١٩٥١.
٥- بەیازێک کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٦- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی نووسراوی ڕەفیق حیلمی - بەغدا ١٩٥٦.

عەباسی حەقیقی

١٣٢٣ - ١٤١٧

عەباس کوڕی عەلی پاشای دیبوکری کە نازناوی حەقیقییە لە ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی لە دێی مەرجانی سەر بەسابڵاخدا لە دایک بووە و پاشان باریان کردووەتە دێی مەرخوزی سەر بەسەقز و لەوێدا لە لای مەلا قادر ئاغا خەریکی خوێندنی کتێبە وردەڵەکانی فارسی بووە و چەند جزمێکی قورئانیشی لەبەر کردووە و ئەوسا ماوەیەک لە لای بابی خوێندوویەتی و لە پاشا ماوەیەک لە لای شێخ حەسەنی شێخی خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی بووە و لەم ماوەدا لەگەڵ سەی کامیل و خاڵەمیندا بووەتە هاوەڵ و دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و ئەوسا چووەتە دێی حەمامیان لە لای حاجی بابا شێخ خەریکی خوێندنی شەرعی ئیسلام بووە و پاشان دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و ڕۆیشتووەتە سابڵاخ و لەوێدا لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و لە پاش چەندین ساڵ خانەنشین کرا و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤١٧ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد.

حەقیقی هەر لە تافی جوانییەوە هۆنراوی دەهۆنییەوە و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر سنوور و شێوەی هۆنەرانی کۆن هۆنیویەتەوە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا پتر لاسایی نالی و سالم و قانعی کردووە و لەسەر ڕێ و شوێنی ئەوان ڕۆیشتووە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا کە سەبارەت بەوەرزی بەهار هۆنیویەتەوە دەڵێ:

دیسان شنەی نەسیمی بەهارە و کزەی شەماڵ
دیسان بەبەرگی تازەیەوە تازە بووەوە ساڵ
تۆفی سەراوی کانی لەبەر گرمە گرمی ڕەعد
شین بوو زەوی بە نم نمی هەوری گەواڵ گەواڵ
خەملی چیا و چەمەن بەسپی و سەوز و زەرد و سوور
دار و دەوەن بووە بەهەزار ڕەنگی ئاڵ و واڵ
لاچوو بەجارێ پەردە لە ڕووی جەنەتی ئیرەم
ڕازاوە تاقی ئەتڵەس و کیمخواو و حەریر و واڵ
کوێستان لە بۆی هەڵاڵە و بەیبوون عەبیری خاو
ڕەنگاوە باغچەکانی وەکو بووکی چاردە ساڵ
ئەشکەوت و کێو و کەژ بەخۆی قاسپە قاسپی کەو
گوێ کەڕ دەبێ لە قارەیی قاز و قورینگ و داڵ
یا بازە بازی بێچووە یا کارە کاڕی مەڕ
یا قارە قاری قومرییە یا هارە هاڕی باڵ
دێن و دەچن بەدوند و قەدی زەرد و ماهەوە
گا کێوی تاق و جووت و بەگەل مێگەلی مەڕاڵ
پێش ئەو دەمەی گزنگ لە سەراندە دا بەری بەیان
یا ئەو دەمەی کە زەردە لە کێوان دەدا بەحاڵ
بڕوانە عەینی قەوس و قەزەح دێنە بەر نەزەر
خاشخاشکی سوور و سەوزەیی سەوز و بنار و یاڵ
کیژان بەپۆل بەیانی دەمێ دەچنە گوڵ چنین
وەک حۆریان دەچن هەموو لێو ئاڵ و چاو کەژاڵ
قەدیان وەکو بلوورە بڕۆیان وەکو هیلال
چاویان میسالی نەرگسە مەست و خومار و کاڵ
دەم چەشنی غونچەیی گوڵەباغی بەڕی بەیان
ڕوومەت دەڵێی شەهیدە لە خوێندا بووە شەڵاڵ
هەستە لە خەو بەیانە «حەقیقی» زەمانی گوڵ
سەیران دەکا لە باغی گوڵان بولبولی خەیاڵ

حەقیقی لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا تا بڵێی هۆنراوی سوارە و هۆنراوە دڵدارییەکانی گەلێ شیرین و پاراو و ڕەوان، وە گەلێ پیشە و سەنعەتی تیا بەکار بردوون، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

دەردی دووری زۆر گرانە دڵبەرا هیجران بەسە
دڵ وەکو پەروانە سووتا چاوەکەم سووتان بەسە
عاقڵان شەیدا دەبن ڕووبەندی سەر ڕوو لامەدە
عاشقان کوشتەی جەفاتن قەتلی مەزلوومان بەسە
مورغی دڵ پابەندی دانە و داوی خاڵە و زوڵفی خاو
کیری بەندیخانە تاکەی بەندی بێ ئامان بەسە
هەرچی بووم بردی بەتاڵان تورکی مەستی چاوەکەت
تاقەت و سەبر و قەرارم پێ نەما تاڵان بەسە
شاهیدم فرمێسکی خوێنینە کە تۆ جەرگت بریم
عاشقی ڕووتم ئەگەر تەقسیرە گەر تاوان بەسە
ئێستەکەش مەجنوون و لەیلێ هەن لە عەسری تازەدا
شێت و سەرگەردانی تۆم، حەیرانی تۆم، حیرمان بەسە
گەنجی عیشقت پڕ بەوێرانەی دڵە و من پێم کەمە
تا زیاد بێ چاوڕێی دیتنم مەڵێ ئیحسان بەسە
گەر قسەی عیشقی گوڵ و بولبول لە لات ئەفسانەیە
تۆ گوڵی خەندان و ئەمنیش بولبولی گریان بەسە
ئاورت بەردا دڵ و گیانی «حەقیقی» چاوەکەم
دەردی بێ دەرمانە عیشقت دەردی بێ دەرمان بەسە

حەقیقی لە هۆنراوەکانیدا ناوی گەلێ گوڵی وەکو: وەنەوشە و شەوبۆ و شلێر و سوێسنە و هەڵاڵە و سووسەنبەر و گوڵەکانی تر و پەلەوەرانی هێناوە و بەبەهار و سروشتدا هەڵدەڵێ و جوانی سروشتمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

بەهاری ئەو ساڵ قەدەمم بەخێرە
شین بوو وەنەوشە و شەوبۆ و شلێرە
سوێسنە و هەڵاڵە و سووسەنبەر و گوڵ
باغی ئیرەمیان داناوە لێرە

کــوڵی دڵی هـەور شــینی کــرد زەوی
بـاری بـارانــە و تـەرزە و گـلـێـــــــرە
هـەر ڕۆژە ئـاوێ هەر شـــەو شـــەواوێ
وەســـتـــای باغـــەوان قـــەدیم ئاودێرە
شـــەونم لـە باغـــان عـــەینی چراغـــان
وەخـتـێکی هـەڵدێ مـانگ و ئەسـتـێـرە
ڕەنگی کـوێسـتـانی وێنـەی بەهەشـتـە
جـۆگـەی سـەلسـەبیل ئاوی هەڵدێرە
قــاقــای قــەتاری قــاز و قـــورینگە
کـــاڕەی بەرخ و مــــەڕ دەنگی بلوێرە
قاسپەی خاسـەکەو دەنگی مورغی حەق
بانگی ســبـــەینان گـــوێ ڕابدێرە
لەو نـێـوە بوڵـبـوڵ دەگـری لەســەر گـوڵ
دەرمـانی عـاشق فـرمـێـسکی سـوێرە
ئەو زەردە ســــــوورە پۆڕی گـــــوڵانـن
یا پۆلـی بێـــری داویانـە ســـێـــــرە

حـەقیقی گەلێ چوارینەشی هەیە کە بەڕاستی گەلێ شـیرین و تەڕ و پاراون و لەوانەدا گەلێ مـەبەستی ئاینی و کۆمەڵایەتی و فەلسـەفیی هێناوە کە لێرەدا چەند چوارینەی دێنین، وەکو دەڵێ:

دنیـــا کـــە تیـــا ژیانی شــێـــو و وەردە
هەم شـــیــرن و تاڵە هـەم شـیــفـا هەم دەردە
داخـــۆ چیـــیــــە چاندووتە چ دەدروویەوە لێی
داخـــۆ چ دەبێ بەرهـەمی ئەو شـــێـــوەردە

***

دنیـــا کـــە تیـــا مـــانی کش و مـــاتێکە
ســـەد ســـاڵی ئەگـــەر تیـــا بژی ســـاتێکە
ڕابردوو نـەمـــــا نەهـاتـوو نازانی چیـــــە
ئـەو هـاتـن و چوونـە هـەر یـەک ئـافـــــاتێکـە

خـــۆت باخـــەبەری لە کـــردەوە و ئاکـــارم
زۆر نـامـــە سـيـــام خـــراپە کـــار و بارم
غـــەيری کـــەرەمت هومـــێدی دیکەم نیـــە من
ناگـــاتە کـــەسی دی غـــەيری تۆ هـاوارم

***

تـا فـــەســـڵی بەهـارە باغ و دەم چەم خـــۆشـــە
شـيـر و شـەکـەر و شـەو و شـەم و مـەم خـۆشـە
هەمـدەم سـەنـەمێ خـونچـە دەمێ چاو مـەسـتێ
دوو مـەم بەدوو دەست و دەم لەسـەر دەم خۆشـە

***

تۆ خـــاوەن و خـــانەخێ و منیش مـــيـــوانم
بـۆ هـەر شـــتێ ڕێم نیـــشـــان نەدەی نازانم
لێم ســـــوورە دەبووری لە گـــــوناهـم چونکە
لێت ســـــوورە کـــە من بە تۆ هەیە ئیـــمـــانم

***

داخ و کـــەســـەرت ئەگـــەر یەکـــە مـــەیکە بە دوو
خـــەم بێ ســـەمـــەرە لە دووی شـــتی ڕابردوو
چت چاندووە توو، هەر ئەوی لێ هـەڵدەگـــری
ئاواتی عـــەبەس خـــەیاری ناکـــاتە کـــەدوو

***

ئای لەو هەمـوو نیـعـمـــەتە تەمـاشـا چاو چاو
ســـەد جـۆرە غـەزا و مـيـوە لەگـەڵ نان و ئاو
شـــوکـــری کـــەرەمت چلۆن بەمن دەژمـــێـــرێ
ئەی ئەو کـەسی تۆ داوتە بە من گـوێچکە و چاو

حەقیقی گەلێ لە هۆنراوەکانی حافزی شیرازیی (٧٢٤ - ٧٩١ی کۆچی) لە فارسییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی کە بەڕاستی لە وەرگێڕانیاندا هونەری نواندووە و خۆی پێوە ماندوو کردوون، وە دیارییەکی وێژەی پێشکەشی گەلی کوردی کردووە و، ئەگەر تەرجەمەکانی ئەو لەگەڵ هۆنراوەکانی حافزدا بەراورد کەین، دەبینین کە دەقی ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی بەجوانی بۆمان کردووەتە کوردی، وە دەسەڵاتی خۆی لە وێژەی فارسیشدا

دەرخستووە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە دەڵێ:

١

شربتی ازلب لعلش نچشیدیم و برفت
روی مە پیکر او سیر ندیدیم و برفت
گوئی از صحبت مانیک بە تنگ آمده بود
بار بربست و بگردش نرسیدیم و برفت
بس کەما فاتحە و حرز یمانی خواندیم
وز پیش سورەء اخلاص دمیدیم و برفت
گفت از خود ببرد هرکە وصالم طلبد
ما بامید وی از خویش بریدیم و برفت
شد چمان درچمن حسن لطافت لیکن
در گلستان وصالش نچمیدیم و برفت
همچو (حافظ) همەشب نالەو زاری کردیم
کای دریغا بوداعش نرسیدیم و برفت

***

شەربەتی پێ لە دەمی قەندی نەچێشتین ڕۆیی
تێر نەمانڕوانیە مانگی شەش و هەشتین ڕۆیی
ڕەنگە لای ئێمە دڵی تەنگ و وەڕەز بووبێ وا
باری هەڵبەست و بە تۆزی نەگەیشتین ڕۆیی
هەرچی لەو وێرد و دوعا و فاتیحەیەی بۆمان خوێند
«قل هو الله»شی لەگەڵ یاری بەهەشتین ڕۆیی
وتی بۆ تالبی وەسڵی مە لەخۆبووردنە شەرت
شەرتی جێ هات و بەوەسڵی نەگەیشتین ڕۆیی
هاتە نێو چیمەنی جوانی بە چ لوتفێکی بەڵام
چەرخی چەپ دیمەنی گوڵزاری نەهێشتین ڕۆیی
وەکو «حافز» لە غەما ئەو شەوە تا ڕۆژ گریاین
کە پەلەی چی بوو بە جێی بۆچی دهێشتین ڕۆیی

***

۲

دوش وقت سحر از غصه نجاتم دادند
واندر آن ظلمت شب آب حیاتم دادند
بیخود از شعشعهء پرتو ذاتم کردند
باده از جام تجلی صفاتم دادند
چه مبارک سحری بود وچه فرخنده وحی
آن شب قدر که این تازه براتم دادند
بعد از این روی من و آینهء وصف جمال
که در آنجا خبر از جلوهء ذاتم دادند
من اگر کامره وا گشتم و خوشدل چه عجب
مستحق بودم و اینها به زکاتم دادند
این همه شهد و شکر کز سخنم می ریزد
اجر صبری است کز ان شاخ نباتم دادند
همت «حافظ» وانفاس سحر خیزان بود
که زبند غم ایام نجاتم دادند

***

شەوەکی لەو خەفەتەی هەمبوو نەجاتیان دامێ
چاخی تاریکە شەوی ئاوی حەیاتیان دامێ
کاسی پڕشنگ و گڕی ڕوونی وجوودیان کردم
مەی لە کاسێکی شەبەقداری سیفاتیان دامێ
چ بەیانێکی موبارەک چ شەوێکی پیرۆز
ئەو شەوی قەدرە کەوا تازە بەراتیان دامێ
لەوە بە دوا من و ئاوێنەیی تاریفی جەماڵ
کە لەوێدا خەبەری دیتنی زاتیان دامێ
هیچ عەجایب نییە گەر کامڕەوا و دڵخۆشم
موستەحەق بووم و ئەوانەش بەزەکاتیان دامێ
ئەو هەموو نوقڵ و نەباتەی لە قسەم هەڵدەڕژێ
حەقی سەبرێکە کە لەو شاخی نەباتیان دامێ

هیمەتی «حافز» و ئاهی سەحەری چاکان بوو
کە لە بەندی خەمی ڕۆژانە نەجاتیان دامێ

سەرچاوەکان
١- دیوانی حەقیقی - ورمێ ١٣٦٧.
٢- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحەقیقی.

جگەرخوێن

١٩٠٣ - ١٩٨٤ ‌

شێخ مووسا کوڕی حەسەن کە نازناوی جگەرخوێنە لە ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی لە دێی هەساری سەر بەماردیندا لە دایک بووە و لە منداڵیدا باوکی مردووە و دایکی لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بیژێنێ ناچار خەریکی شوانی و کرێکاری بووە و پاشان لە دەوری لاویەتیدا لە یەکێ لە قوتابخانەکانی هەسار خەریکی خوێندن بووە و مامۆستاکەی هانی داوە کە هۆنراوی هۆنەرانی کورد بخوێنێتەوە و لە پاشا بۆ خوێندن چووەتە ماردین و لە خزمەت مەلا عوبەیدوڵڵای ماردینیدا ماوەیەک شەرعی ئیسلام و وێژەی عەرەبیی خوێندووە و لە پاش وەرگرتنی ئیفتا چووەتە کوردستانی ئێران و لە پاش ماوەیەک لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٢٨٠ - ١٣٤٥ی کۆچی)دا بەشداریی کردووە و لە پاش تێکشکانی شێخ سەعید بۆی دەرکەوت کە هەندێ لە کوردەکان یارمەتی دەوڵەتی تورکیان داوە و بوونەتە هۆی تێکشکانی شێخ و ئەوسا بۆ ئارامکردنەوەی دەردی دەروونی دەستی کردە هۆنراو هۆنینەوە و لەوێوە چووە کوردستانی سووریە و لە شاری قامشلیدا نیشتەجێ بوو، بەڵام بەهۆی کوردپەروەرییەوە گیرا و ماوەیەک لە زینداندا مایەوە و لە پاش ئازادبوونی ناچار ڕۆیشتە سوێد، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند کە لە ساڵی ١٤٠٥ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپارد و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەیان بردەوە قامشلی و لەوێدا بەخاکیان سپارد.

جگەرخوێن بەیەکێ لە گەورەترین هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و ئەو لەبەرئەوەی ڕۆژگارێکی بەهەژاری و برسیەتی و ڕەش و ڕووتی و بێچارەیی و دەربەدەری بردە سەر و بەرگەی هەموو چەشنە ئەشکەنجە و ئازارێکی گرت و هۆنراوەکانی نوێنگەی هەژاری و بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشی و بەربەرەکانێی بێ وچانی کوردەکانە لە بەرابەری ڕژێمی دیکتاتۆری ئەتاتورکدا، هۆنراوەکانی ئەو ڕازی نەبەزیی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە، ڕازی خەم و شادیی کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەردەخەن، هۆنراوەکانی لە سەرچاوەی ژیانی

کوردەوارییەوە هەڵقوڵیون، بریتییە لە ژیان و ئەوین و بەربەرەکانێی گەلی کورد و لەوانەدا مزگێنیی پیرۆزی و سەرکەوتنی داوەتە خەڵک.

ئەو لە هۆنینەوەی هۆنراو و نووسینی پەخشاندا مامۆستا بووە و چەندین کۆمەڵە هۆنراو و چەند پەڕاوی تری داناوە کە بریتین لە: «جیم و گولپەری، ڕووناک، شەفەق، زەندئاڤێستا، پریسکی و پێتی، سەورا ئازادی، گۆتنا پێشینان، مێدیا و سالار، دەستوورا زمانی کوردی، فەرهەنگا کوردی، کێم ئەز».

جگەرخوێن هۆنراوەکانی لەسەر سنووری هۆنەرانی کۆن و نوێدا هۆنیوەتەوە و لە ڕاستەقینەدا ناتوانین ئەو بەهۆنەرێکی لاساییکەر دانێین بەڵکو زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی نوێ هۆنیوەتەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا ئامۆژگاریی کۆمەڵەکەی خۆی دەکا و دەڵێ:

کوردنۆ مەردن و پڕخوەشە سەرخوەبوون
ئەو دەمێ تار و تەنگ مەدین ڤانە چوون
دەست بدن هەڤ هەمی پیش کەڤن ئەم هەمی
دا بچن بۆ وەلات یان مرن یان فەلات
ڕۆژ لە هاتە سەر زوو هشیار بن ژ خەو
ئەو دەما جەنگ و شەڕ پر پاش کەتن تینی هەڤ
دەست بدن هەڤ هەمی پێش کەڤن ئەم هەمی
دا بچن بۆ وەلات یان مرن یان خەلات
مە دڤێن ئول و بەخت، مە دڤێن سەرخوەبوون
مە دڤێن تاج و تەخت، مە دڤێن پێشڤە چوون
دەست بدن هەڤ هەمی پێش کەڤن ئەم هەمی
دەربچن بۆ وەلات رزگار کەن فەلات

واتە:

ئەی کوردی نەبەز! چەندە خۆشە ئازادی
ئەو ڕۆژگارە تاریکەی کە دیمان خەریکە لە ناو دەچێ
دەست بدەینە دەستی یەکتر و ڕێی پێشکەوتن بگرینە بەر
تا بەرەو وڵات بڕۆین یا مەرگ یا ئازادی
هەتاو هەڵاتووە و هەموومان دەبێ لە خەو ڕاپەڕین

ئێستا کاتی شەڕ لەگەڵ دوژمندایە و هەموومان دەبێ پاشەکشێ بەدوژمن بکەین
دەست بدەینە دەستی یەکتر و ڕێی پێشکەوتن بگرینە بەر
تا بەرەو وڵات بڕۆین یا مەرگ یا ئازادی
من بەختەوەری و پێشڕەوتی خەڵکم دەوێ
دەست بەدەستی یەکتر دەین و لەگەڵ یەکا ڕێی پێشکەوتن بگرینە بەر
هەموو بۆ نیشتمانی خۆمان تێ کۆشین و لە دەستی بێگانە ڕزگاری کەین

جگەرخوێن لە پارچە هەڵبەستێکی تردا بەوڵات و نیشتمانەکەیدا هەڵدەڵێ و باخ و مێرگ و چیمەنەکانی بەبەهەشت دادەنێ و یادی سەلاحەدینی ئەیووبی و قارەمانانی تری کورد دەکا کە لەو خاکەدا پێ گەیشتوون و بۆ نەتەوەکەیان تێ کۆشاون و لە ڕێی کۆمەڵدا گیانی خۆیان بەخت کردووە، وەکو دەڵێ:

وەلاتێ من تویی بووکا جـهانی
هەمی باغ و بەهەشت و مێرگ و کانی
شەپاڵ و شەنگ و شۆخ و ناز و گول ڕوو
گەلەک شیرین و ڕند و پر جوانی
سەری تاجا سەلاحدینێ کوردی
ئەنی ڕۆژا د بورجا ئاسمانی
دوو برهێن تە کەڤانێ ڕوستەمێ زاڵ
دوو زوڵفێن تە ژ تیرێن قەهرەمانی
روویێ تە ئاگرێ زەردەشت و مەزدەک
ژ تە هێس شەڕ یا کامرانی
دوو چاڤێن تە وەکی دەریای هورمز
کەپوو ئالماس کارێ مووش و وانی
دوو لێڤێن تە کتێبا حاجی قادر
زمانی تە ژ بەندا شێخێ خانی
د سینگا تە کتێبا زەند ئاڤێستا
مەمک فەرفوورە تێدا نەخشی مانی
سەر و پی زەند و بازن تەڤ هنارن
هەمی سۆرن ژ ڕەنگێ ئەرخەوانی

«جگەرخـــوێـن»ە کـــوڕێ تە هەر دنالی

ژ بـــەر ژانـــا نـــەزانـــی و نـــەزانـــی

واتە:

ئەی وڵاتی من! تۆ بووکی جیهانی

هەموو جێگایەکی تۆ باخ وَ مێرگ و کانییە و وەکو بەهەشتی

بەڕاستی تۆ وەکو بووکێکی شۆخوشەنگ و ڕوومەت گوڵی

گەڵێ شیرین و ڕەند و جوانی

تۆ تاجی سەری سەلاحەدینی کوردی

تەوێڵت وەکو ڕۆژ لە کەلووی ئاسماندا دەدرەوشێتەوە

برۆکانت کەوانی ڕۆستەمی زاڵە

زوڵفەکانت وەکو تیری قارەمانە

ڕوومەتت ئاوری زەردەشت و مەزدەکە

ئەوان لە تۆ هێز دەگرن و کامەرانن

چاوەکانت وەکو دەریای هۆرمزن

وە لووتت وەکو ئەڵماسی شارەکانی مووش و وانن

لێوانت وەکو دیوانی حاجی قادری کۆیی شیرینن

وە زمانت چیرۆکی شێخ ئەحمەدی خانییە

لە سینگی تۆدا پەرتووکی زەند و ئاوێستا شاراوەتەوە

مەمەکانت وەکو چینیە و نەخش و نیگاری مانی تێدا کەنراوە

سەر و پێ و مەچەکت وەکو هەنارن

سەرتاپا سوورن وەکو ڕەنگی ئەرغەوانی

«جگەرخوێن» کوڕی تۆ هەموو دەم هەر دەناڵێنێ

وە لە ئێش و دەرد شتێ هەست ناکا

سەرچاوەکان

١- ڕووناک، هۆنراوەی جگەرخوێن - سوێد ١٩٨٠.

٢- سەورا ئازادی، هۆنراوەی جگەرخوێن - شام ١٩٥٤.

٣- شەفەق هۆنراوەی جگەرخوێن - سوێد ١٩٨٢.

٤- هیڤی، هۆنراوەی جگەرخوێن - سوێد ١٩٨٤.

٥- ڕەشۆی دارێ هۆنراوەی جگەرخوێن - شام ١٩٥٦.

خاڵەمین

١٣٢٨ - ١٤١٣

سەی حەمەومین کوڕی حاجی شێخ مستەفای بەرزنجی لە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی لە دێی کۆکەی سەر بەبۆکان پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە هەشت ساڵاندا باریان کردووەتە دێی بۆزە و لەوێدا خەریکی خوێندن بووە و جزمی سێیەمی قورئان و سمایل نامە و ناگەهان و ئەحمەدیی خوێندووە و پاشان لە دێی قسقەڵادا لە لای مەلا کەریمی گراوی خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی بووە و لە پاشا چووەتە سابلاخ و لە لای مەلا حوسەینی مەجدی خەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی بووە و ماوەیەکیش لە لای مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە وێژەی عەرەبیی خوێندووە و ئەوسا لەبەر نەخۆشی دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و ماوەیەک چووەتە کوێستان و زەنوێر و لەم بارەوە خۆی لە یادداشتێکدا کە نووسیویە دەڵێ: «لەبەر نەخۆشی نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم، وەدووی خێوەت و چیغ کەوتم و چوومە کوێستان و کاتێک چاوم بەو مەڵبەندە کەوت، هەر نواڵێکی دەمدی هەمووی زەمەند و گیای جۆراوجۆر ملیان داوەتە یەک. مەندۆک و بیزا و هەڵز و کەما لێک ئالاون و تێک چرژاون، کەوییە بەفرەکانی لەندی شێخان هەر لاپاڵێکی تێوەی ڕادەمام، دەتگوت جەندەکی دێوی سپییە و ئەستوور و درێژ، تێیدا کەوتووە، ئاتەگەکانی چۆڕ چۆڕەی ئاوی وەک چاوی قرژاڵ لەبەر دەڕوا و بەگوڵی زەرد و سوور و کەوو خەملیوە، دنەدانی مامۆستا تورجانی بۆ هۆنراو و هۆنەریەتیی هێنایەوە بەر زەینم.» پاشان خەریکی کشتوکاڵ بوو، وە لە پاش ماوەیەک چووە نەغەدە و خەریکی کاری مامڵە و بەقاڵی بوو و، ژیانی بەم چەشنە بردە سەر تا لە ساڵی ١٤١٣ی کۆچی لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بەپێی ئەسپاردەی خۆی تەرمەکەیان بردە سابلاخ و لە تەنیشت گڵکۆی هەژار و هێمندا ناشتیان.

خاڵەمین بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی کۆن هۆنیوەتەوە، بەڵام ناتوانین بڵێین کە ئەو بەتەواوی هۆنەرێکی لاساییکەرە و هەر پەیڕەویی لە هۆنەرە کۆنەکان کردووە، وەبەهۆنەرێکی تازەش ناژمێررێت و دەتوانین بڵێین پتر چەشکەی هۆنراوەکانی وەفایی و نالیی کردووە و هەندێ جار مەبەستێکی لە قاڵبێکی تازە داهێناوە و هەندێ جاریش هۆنراوی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لەسەر ڕێبازی کۆن هۆنیوەتەوە کە بەداخەوە تا ئێستا هۆنراوەکانی کۆ نەکراونەتەوە کە دەتوانین بڵێین خاوەنی شێوەیەکی تایبەتی خۆیەتی و هەندێ جار بەئەنقەس پاشڵ و سەروای سەخت و دژواری هەڵدەبژارد و وەستایانە لەو مەیدانەدا گرەوی لە هۆنەرانی دەوری خۆی دەبردەوە و

هۆنراوەکانی زۆربەیان لەسەر کێشی خۆماڵین و پتر لەسەر ئازایەتی و پیاوەتی و کۆمەڵایەتی و دینداری و ئاکاری جوان داڕێژراون.

بەشێک لە هۆنراوەکانی ئەوانەن کە لە وەڵامی هاوەڵان و دۆستانیدا هۆنیونەتەوە، وە ئەم بەشە دەتوانین بەجوانترین هۆنراوەکانی ئەو بهێنینە ژمار، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ هۆنراوی سروشتی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیشی هەن کە گەلێ گرنگ و باییدارن.

خاڵەمین هەر لە دەوری منالیدا سروشت و دیمەنە جوانەکانی کوردستان، کەژ و کێو و زەنوێرەکانی مەڵبەندەکەی و زەمەند و گیا جۆراوجۆرەکان و پەلەوەرانی جۆربەجۆر و مەڕوماڵاتەکەی مرخی ئەویان بزواندووە و بەم بۆنەوە خاڵەمینیان کردووەتە نازناوی خۆی بۆیە لەم بارەوە دەڵێ:

بچۆ لای کوردە کاکی ژیر زرینگ
چونکە جێی کوردە دەس بنێ سەر سینگ
پێی بڵێ خاڵەمین دەڵێ تاکەی
گەنم و جۆ چان و پووڵ جرنگە جرینگ
زۆر چەتوونە کە تێ بگەن تاکو
لە بنان گوێ و نەدەن بە پاچ و قولینگ
پیاوی دنیایی یا خودایی بێ
سۆفی شەو یا هەوا خورانی گزینگ
سەربەخۆیی وە گیر دەخا هەردووک
نەک بە بخۆی وریندگە ورینگ
پیشەی پێشینە و رەچاو کەن تا
کوڕی کەروێشک و بۆ ببێتە پڵینگ
شوێنی وان پیاوەتی بوو ئازایی
بۆ عەدوو داندراوە گێز و گولینگ
ڕێک کەون بۆ خۆ چیدی ڕێک مەکەون
چۆکی زل کوڵەوارە بێ گوێزینگ
باوەڕم پێ بکەن کە بۆنگۆیە
هێندە دەگرم لە ئێوە من بەربینگ
دوێنێ بولبول لەنێو گولان دەیگوت
چەن بە سۆزێکی خۆش وریندگە ورینگ

به ئومێدی خودا و پێغەمبەر
بەدڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ
کوردەکان چی دی سەر نەوی نابن
هەر ئەوەندە نەختێ بۆ خۆ ئازا بن

بۆنی گوڵ و گوڵاڵە خاڵەمین خەوش دەکا و جریوە و چریکەی پەلەوەران مێشکی دەخاتە کار و مەڕوماڵاتی دێیەکەی ئەو دەخاتە جموجۆڵ و ئەوسا دێنێ ستایشی سروشت دەکا، ئەو سروشتەی کە بەدەستی کردگار نەخشاوە و سەیری ئەو دیمەنە جوانە دەکا کە خوا بەهەموو جۆر خولقاندوویەتی و لە هەموو گوڵ و گیا و پەلەوەر و زیندەوەر و مەڕوماڵاتێکی تێدایە و دەڵێی بەهەشتە بۆیە بەدڵێکی تەڕەوە بەم چەشنە بەبەهاردا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

گوڵ و مولان دەپشکوێنێ
ڕەنگی جۆراوجۆر دەنوێنێ
کانی وشک دەجمێنێ
کۆتر جووت بوو و دەگمێنێ
جریوە جریوی چۆلەکانە
قاڕەی سیسیە و پۆلەکانە
ماڵاتی وە سەما دەخا
کوڕ و کیژ وە تەما دەخا
هەرچەند بڵێی هەوا خۆشە
لەسەر کانیان نۆشا نۆشە
لە زەنوێران هەڵپەڕینە
بەدۆیان تێک ڕاخورینە
ئەوەی نەتدیوە دەیبینی
هەر شادییە و خۆ نوێنی
ئاڵەکۆک سەر وەدەر دەنێ
گەزیزە پێی پێ دەکەنێ
تەیر لە گەرمێنێ دێنەوە
لە چۆمەڵان دەسێنەوە
ئاو هەڵدێر گوێیان کەڕ دەکا
ئی هیندیش فێری شەڕ دەکا

جار جار ئەگەرچی شەڕ خێرە
تا زووی تەواو بکەی دێرە
شەماڵ بەهەڵمەت هاتەوە
داران ئاوس دەکاتەوە
کێوی لە کولێنان سەرکەوتن
گۆپاڵیان لە خیز دەرکەوتن
بولبول دڵی چڵان دەدا
دڵی بە چەند گوڵان دەدا
زەردەی تاوێ بۆ وا جوانە
لەسەر پەلکی ئەو گوڵانە
ڕێواس و کارگ و کەنێرە
شەوبۆ، وەنەوشە و شلێرە
هەڵز و مەندۆک و بیزایە
بیزا وەک بەژنی زیبایە
لەسەر شینکە و سەر پەلکی گوڵ
ئاونگ کەوتووە زەنگوڵ زەنگوڵ
بۆنی تێکەڵاوی گوڵان
زیندوو دەکاتەوە دڵان
ڕەپستە کەروێشکەی دەکا
ماڵات تەواو چێشکەی دەکا
زیرەی هەڵۆ و قاسپەی کەوێ
زەینی ڕاوکەر نیوە شەوێ
بە بنەو کەو و دەزگاوە
بۆ و بەستەزمانەی داوناوە
جار جارەش لە چیا و لە رازان
ڕاو دەکا شمقار و بازان
یا خودا توورەکەت بەرباد بێ
هەرچی گرتووتە ئازاد بێ

دیوتە زەویش چۆن دەجمێ
بەهۆی بارانە و نم نمێ
هەرچی تێیدا سەر دەردێنێ
خۆی بە دونیایە دەنوێنێ
لە گرتووخانەی خاکی وەش
دێتە دەرێ پاراو و گەش
بەهار گشتی ئازادییە
ئازادی خودادادییە
بەفەرمانی خودای گەورە
بایە و تێ ڕاخوری هەورە
بۆ هەر جێگا مەیلی بێنێ
بەکشتوکاڵدا دەڕشێنێ
ئەو دیمەنە چەندە جوانە
ئاخ گیان لەسەر سوێی ژیانە
زەوی وەک بەهەشت خەملاوە
پیر چی بکا داتۆلاوە
پەسنی بەهار نایە دوایی
بۆ خۆ ماندووکەم خۆڕایی
بەڵێ لە باسی بەهارێ
لادەمین جارێ با ببارێ
چون وەک گۆمێکی بێ بنە
شەوی چەند شیعری منە
کتێب و نووسراوان بێنە
هەزاران شیعری بێ وێنە
پێی هەڵگوتراوە و نووسراوە
من چیم گاوانێک لە دواوە

خاڵەمین بەرامبەر بەزێدەکەی خۆی واتە ئەو شوێنەی کە لە دایک بووە، خۆشەویستیی خۆی لە پارچە هەڵبەستێکدا دەربڕیوە، وەکو دەڵێ: «ئەگەرچی من لە منداڵیدا لەم دێیە

ڕۆییوم، بەڵام ئێستاش کە ناوی کۆکە دەبیسم مچوڕکی خۆشیم بەلەشدا دێ، خۆشەویستیی نیشتمانیش خۆ لە بڕوایەوەیە.» بۆیە بەم چەشنە بەکۆکەدا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

کۆکە ئەی کۆکە و ئەی نیشتمانم
خۆشەویستر لە هەناو و گیانم
کۆکە ئەی جێگەی لەدایکبوونم
کۆکە ئەی مایەی بیری ڕوونم
کۆکە جێت لێ نەبێ وەک بەهەشتی
لە حەوت دەرکە بەدوور و هەشتی
کۆکە هەر تۆی بە تەنێ بەرکۆژە
خاکی کوردانم هەمووی بێ بۆژە
کوردستان هێزی هەناو و دڵمە
کێو و دەشت و دەری ئاو و گڵمە
«چوار دیوار» و «قەرەلێت» جێرانە
هەم «قزل گوممەت» و «دەروێشانە»
«کانییە سەرداری» تۆ ئاوی جوانە
ئاوی سەرداری هەموو کانیانە
«کانییە زێڕینەتە» ئاوی ژینە
«گردەبۆر» و «تەپی بۆزان» شینە
من وەبیرم دێ کرا جەنگەڵ و باغ
چرو هەڵدێری زەوی پێش «بارماغ»
«کۆلکەڕەش» مووچە درۆزنەت ماوە
وەکو جاران «قولەبۆز» پڕ ئاوە
«حاجی دەروێش بەگە» چاکی بە شەمە
گۆڕی هەر لاتە برام «کاکە حەمە»
تۆ ببووری لە هەموان ئەی خوایە
هەرچی گۆڕسانی لە کۆکەیدایە
کۆکە پێیان ئەوتی شیرازی
بۆمە مانانی جێگەی شانازی

«حاجی باپیر» و «حەقیقی» و «کۆکی»
خـــاڵەمـــینیش بڵـێ یخ دالۆکی
ئێـســتــە جـێی وانە بویژت کـێنە
چ لە گـــۆڕایە بفـــەرمـــوو بێنە
داخـەکـەم ئێـسـتێ ئەوانەی دەگـەنێ
بە دوو پۆند خـۆ دەفـرۆشێ و دەگـەنێ
چ سـیـاسی چ بەرەی عـیـرفـانە
خـڕی بۆ پارەیە بۆ گـیـرفـانە
تۆ بڵـێی بۆ مـە پەیا بێ مـەردێک
تۆ بڵێی هەستی لە نێو کورد کوردێک
بڵێ من کـوردم و هـەر کـوردم ئەوێ
بەرجی ئەو مـافـە هەچی بێ ئەمـەوێ
تۆ بڵـێی یەک دی کـوشـتن بەس کـەن
تۆ بڵێی گوێ بە قسەی هیچ کەس کەن
تۆ بڵـێی تۆرەمـە گـیـر خـا قـەڵەمێ
بەروبووی هـی قـــەڵەمی بکا هەڵەمی
خاڵی خۆم هەرچی لە پێش نووسـرا بێ
دەبێ هـەر چۆنـی قــــەڵەم لـێی دابـێ
ناهـومـێـد نین لە بەزەت ئەی خـوایە
هەمی ئێـسـتـاکـە هەمی لە دوایە
کـۆکـە گـیـان ڕۆیم و جـا مـاڵئـاوا
ڕەبی تا هـەی لە جـیـهـان بی ئاوا

خاڵەمین پیاوێکی دیندار و پارێزکار بووە، بۆیە گەلێ لە هۆنراوەکانی ئاینییە و لە پارچە هەڵبەستێکیدا ستایشی بارەگای خوا و پێغەمبەر دەکا و لە خوا دەپاڕێتەوە کە لە گوناحی ببووریَ و لە دنیا و ڕۆژی پەسڵاندا بەزەیی پێدا بێ و لە مەرگ و ئەهریمەن دووری خاتەوە، بۆیە لە کوورەی دەروونێکی پڕ جۆشەوە دەڵێ:

خـــودا لێت دەپاڕێمـــەوە
ڕێـم بـدە بـگـەڕێمــــــەوە

دەنا قــوڕێ دەکــەم وە ســـەر
ڕووی خــۆم بکەمــە کــێهــە دەر
هــەر دەرکــی تۆ پــەنــای مـــەیە
هــەر ئەڵڵایە خـــودای مـــەیە
مــحــەمــەدت پێــغــەمــبــەرە
بۆ جن و ئینســـــان رابــەرە
قـــورئانە ڕێ پیـــشـــاندەرم
دە پێـنـاوی دەنـێـم ســـــەرم
بە دڵ و گــیــان پەشــیــمــانم
ئارامــی بخـــەیە گـــیـــانم
ڕووت و ڕەجـــاڵ و بــێ بــەشــم
گـــونــاهبـــارم، چارە ڕەشــم
هــەرچی کــردوومـــە دەیزانــی
لە ئاشــکرا، لە پــەنــهـــانی
لە بــەزەتمان بــێ بەش مـــەکـــە
شــەیتــانمان پــێ خــۆش مــەکــە
لە دونیـــا و لە قـــیـــامـــەتــێ
ڕوحــمــێک بە حــاڵی ئۆمــەتێ

خاڵەمین ماوەیەک کە لە زێد و مەڵبەندەکەی دوور کەوتبووەوە، گەلێ پەرێشان و دڵتەنگ بووە و سەیر دەکا کە ستەمی ڕۆژگار بەرامبەر بەگەلی کورد لە شەڕدایە، بۆیە هەموو چەوسانەوە و بەملا و بەولادا ئاوارە و دەربەدەر بوونە، ئەوسا بەپارچە هەڵبەستێک یادی نیشتمان دەکاتەوە و لە جۆشی کوورەی دەروونێکی پڕ جۆشەوە دەڵێ:

لە زســـتـــانــێ ڕەها بوو دڵ بەجێ هات ئاخ و ئاواتی
بەهارە و خاکەلێوە ڕۆی بەخێــر بێی بانەمەڕ هاتی
زەوی خەمڵیوە سەرپاکی هەوا وەک رووحە سەرتاپا
دەجا سۆفی هەتا کەی سەر لە نێو یێخەی خەیاڵاتی
ئەوانەی عـــاشـــقی روون باوەشی وان پڕ لە دڵدارە
ئەتۆش هەر وا خەریکی واهیمە و کەشفی سەماواتی

سەفی حۆری تەماشاکە بخوێنە زیکری لاحەولە
گەلی بێری ببینە یا بناسێ قودرەتی زاتی
بەچادر و چیغەوە کەوتوونە دەر ساحێب مەڕ و خێلات
دەڵێی هوڕای نیزامە کاڕ و کوڕی بەرخ و مالاتی
نەمێنم نابیەم سمکۆڵ و کۆڕەی ئەسپی سەرخێڵی
نەژیم نابینم ئێستا دیوەخان و داب و داهاتی
نە تاوڵی پڕ لە میوانی نە خزمەتکاری سالانی
غولامی دەس لەسەر گوێ خەنجەری بێ و چاوی لە ولاتی
بە باغی میللی و کافە و خیابانی ڕەزائیە
لە دڵ دەرناچێ سەیری شارویران و دەشتی شاماتی
بەبێ وی تاڵە کوێستان و خوسووسەن چۆڵە هەمزاوا
براکەی خۆشەویستم کاوسێن تۆش بۆیە وا ماتی؟
لەسەر جێ خێڵی خالم خێڵی کێ داخۆ هەڵی داوە
لە جێی تورجانی داخوا کێ دەکا سەیر و مولاقاتی؟
لەباتی زەمزەمەی دەنگی گرامافۆنی تاوڵی پار
ئەوێستێ قوولە قوولی بایزی داودە و حاجی هات هاتی
هەزار ئاغای فکۆڵی و گەنجی دیپلۆم و سیاسی باز
بەقوربانی سمێڵی خدرە گرویێی پیاوی عێلاتی
هەزاران فۆرم و پۆزی خانمەکانی پاریس و ئەڵمان
فیدای دەسرۆکەکەی هەوری کچی کرمانجی دێهاتی
دڵم وەک بولبولی گۆیا دەخوێنێ ئاخ کە تێی ناگەم
هەوای ساباڵخە کەوتووەتە سەری یا لەند و خێلاتی؟
لەوێ هەر کەیف و کامە و کاری ئێمەش لێرە دەرجایە
خودایی عالەم و ئادەم چ بێ باک و موبالاتی
دەزانی «خاڵەمین» لۆمەی نەکەن گەر یار و دۆستانی
بە ڕاستی دیتنی چادر و چیغی کوردستانە ئاواتی

خاڵەمین هەروەها وتمان پیاوێکی پارێزگار و خواناس بووە و بڕوای بەڕۆژی پەسڵان بووە، بۆیە بۆ بەردی سەر کێلەکەی ئەم چەند هۆنراوەی داناوە و لەوەدا بڕوای خۆی بەخوا و پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و ڕۆژی دوایی دەربڕیوە و دەڵێ:

دەزانی خـاوەنی ئەو گـۆڕە کـێیـە؟
کـە وا بۆ فـاتیـحـایەک چاوەڕێیـە؟
برای خـۆتان و کـورد و خـاڵەمـینم
ئەگـەرچی ڕووسـیام ئیـسلامـە دینم
لە هەر لایەک خـــودا هیـــوا بڕاوە
بە غـــەیری تۆ پەنـایەکم نەمـــاوە
ئەمن کـوردێکی دیل و دابەشـی تۆم
لە دنیا و ئاخرەت هەر چاوەشی تۆم

سەرچاوەکان
١- کۆمەڵە هۆنراوێکی خاڵەمین کە لەم و لەو بیستوومە و نووسیمەتەوە.
٢- ژیننامەی خاڵەمین بەپێنووسی خۆی کە بۆمی نووسیوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەخاڵەمین.

حەمە عەلی مەدهۆش

١٣٣١ - ...

حەمە عەلی کوڕی سۆفی حەمەی قوربانی کە نازناوی مەدهۆشە لە ساڵی ١٣٣١ی کۆچی لە سلێمانیدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان لە لای مەلا مـیـرزای سنەیی مـاوەیەک قـورئان و کـتـێـبـە وردەڵەکـانی خـوێندووە و ئەوسـا چووەتە قـوتابخـانەی زانسـتی و چەند سـاڵێک خـەریکی خـوێندنـی زمـان و وێژەی عـەرەبی بووە و لە پاشـا دەسـتی لە خـوێندن کێشاوە و خـەریکی بەرگدروویەتی بووە و هـەمـوو دەمێکیش کـاتی خۆی بەخوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی کورد بەسەربردووە.

مـەدهۆش بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمـار و زۆربەی هۆنـراوەکـانی لەسـەر شـێـوەی کـۆن و نوێ هۆنیـوەتەوە و هۆنراوەکـانی گـەلێ شـیـرین و تەڕ و پـاراون. تا ئێـسـتـا چوار کۆمـەڵە هۆنراوی بەناوی: هەمـیـشـە بەهـار، شـیـرین، دڵی کـچـان، دڵی کـوڕان لە چاپ داوە، هەروەهـا چەند چیرۆکـێکیشی بەناوی (دڵ و گـوڵ) و (سـەرگـوڵ) و (نەریمان چی لێـهـات)دا نووسیون کە زۆر گرنگن.

مـەدهۆش سـەری کێشـاوەتە درگـای هەمـوو چەشنە هۆنراوێکەوە: دڵداری، کـۆمـەڵایەتـی، نیشتمانی، بەتایبەت لە هۆنراوی دڵداریدا سەرکەوتووە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

ڕۆژێ وا ڕێکەوت کــە ڕێگەم کــەوتە مــاڵی یارەکــەم
دیم کــە وەســـتــاوە بەتـەنیــا نەونەمــامی گــوڵ بەدەم
پێکەنیم پێم وت دەمـــێکە چاوەڕێی ئەم فــرســـەتەم
ئێستە تەنیای جارێ وا دەس پێشکەری ماچت ئەکەم
***
پێکەنی فــەرمــووی ئەزانی گــوایە من چیم لێت ئەوێ
گــەر هەڵێکی وا بە ســاڵێ جــارێ بۆمــان هەڵکەوێ
تۆزێ ڕابوێرین بە خـــۆشی ئاســـمــان پێی نانەوێ
مــاچ و دەســـبــازی لە بۆ دڵدار ئەبێ پرسی نەوێ
دەســتی خــســتــە گــەردنم ئینجــا وەرە دڵ بســـرەوێ
***
کـــاتێ زانیم ئەویش ســـووتاوە وەک من بەو گـــڕە
پــەردەیی شـــــــەرمی دڕیوە ئـەو دڵـەی هـێنـدە پڕە
جۆشـشی عـەشـقم هجـوومی کـردە سـەر دڵ لەو گـوڕە
وا بــە سنگی خـــۆمـــەوە تا ئەو مـــەمکە خـــڕە
مەست و بێ هۆش بووین لە بەینمانا نەما چرپە و قرە
***
جارێ تا هێزم هەبوو بەو شەوقەوە تێر تێر گوشیم
دوایی ســەبرم کـرد کــە ڕەنگی ڕووی پەڕیوە تێ گــەییم
نــاڕەوا بوو هـێنـدە ئـازاری بـدەم زۆر پێ کـــــەنیم
بۆ ئەوەی دڵگیـــر نەبێ لەم ئەزیەتە کـــاتێ کـــە دیم
ئەو لە من زیاتر گــوشـیــمی ســەیرە هێــزی لێ بڕیم
***
پاش ئەوە ڕامـــــان بوارد بەینێ بە یاری دوو بە دوو
شـــێـــوەیەکی بەزمی دڵداری لە ناوا هات و چوو
ئاخی هەڵکێـشــا لەپڕ فــرمــێــسکی کــەوتە ڕوو
پێی وتم دڵداری ژینی بێ ســـەرەنجــامن هەمـــوو
زۆر دەترسم ئێـمـــە لێک ببـڕێین نەگــەینە ئارەزوو
***

ئێستەش ئەیبینم کە ئەو عەهدی لە بیر بردووەتەوە
ئەو گرەی بۆ من لە دڵیا بوو هەمووی نیشتووەتەوە
وەک نە بای دیبێ و نە باران، گشتی هەر بیر چووەتەوە
خۆی لە من لاداوە بۆ بێگانە ڕووی کردووەتەوە
کاکە (مەدهۆش) تۆ بناڵێنە بە دەردی خووەتەوە

مەدهۆش ڕێ و ڕەوشتەکانی کۆمەڵەکەی خۆش ئەوێ کە یەکێ لەو ڕێ و ڕەوشتانە جەژنی نەورۆزە، ئەو نەورۆزەی کە کاوەی ئاسنگەر کەوڵەکەی کردە ئاڵا و گەلی کۆکردەوە تا هەموو هێرشیان بردە سەر ئەژیدەهاکی تاتی و ئەوسا ئەویان تێکشکاند و لە کێوی دەماوەنددا بەندیان کرد و بەم چەشنە کۆمەڵ دیسانەوە کەوتە ناو خۆشی و شادی وەکو دەڵێ:

ئەمڕۆ کە جیهان مەینەتی سەرمای دڵا چوو
سەیری بکە چۆن نەقشی بەهاری بە سەراچوو
ئەم خەڵکە کە پیشا بوو لە بەر ئاگر و دووکەڵ
بووژایەوە پاکی بە سەفا، ڕوو بە سەفا چوو
ئەم دەشت و چیایە کە بە تەم وەک دڵی من بوو
بەو شاهیدی نەورۆزە بوخاری لە سەرا چوو
پۆشی بە هەوەس ئەتڵەس و خامەک وەکو دولبەر
سەد حۆریی بەهەشتی لە مەراقا بە فیدا چوو
هەر دار و درەختێکی قەدیمی وەکو خاڵە
یەک دەفعە هەموو گیانی بەهاری بە بەراچوو
وا کاوەیی نەورۆز لە چەمەن بەیرەقی هەڵکرد
بۆ کوشتنی ماری سەری زستان بە غەزا چوو
باڵندە خرۆشاوە بە چەند نەغمە ئەخوێنێ
هەر بڵبڵی ناشادە کە ڕۆحی بە فیدا چوو
کارێزی شەریف وا بووە مەڵبەندی فریشتە
شیرین بەهار و ڕوخی خووبان بە یەکا چوو
چەند خانم و خاتوونی بە ناز و نەزاکەت
کەوتووتە ئەو دەشتە، هەزار تۆبە بە با چوو

یارم بە دوو سەد لەنجەوە ڕووی کردە دەری شار
بەم جەژنە لە بەر ڕەسمی زیارەت بە وەفا چوو
لوتفێکی تەبیعی بوو نەسیم کردی بە (مەدهۆش)
بۆچی لەبی من زوڵفی لەسەر ڕوومەتی لاچوو

سەرچاوەکان
١- باخچەی شاعیران، نووسینی عبدالعظیم ماوەتی و عبدالقادر صالح - بەغدا ١٩٦٩.
٢- نەورۆزنامە، نووسینی محەمەد عەبدورەحمان زەنگەنە - بەغدا ١٩٨٥.
٣- دڵی کچان هۆنراوەی حەمەعەلی مەدهۆش - سلێمانی ١٩٧٢.
٤- دڵی کوڕان هۆنراوەی مەدهۆش - سلێمانی ١٩٧٢.
٥- دڵ و گوڵ هۆنراوەی مەدهۆش - سلێمانی ١٩٧٣.
٦- شیرین هۆنراوەی مەدهۆش - سلێمانی ١٩٦٣.

ئەبووبەکر هەوری

١٣٩٨ - ١٣٣٢

ئەبووبەکر کوڕی شێخ جەلال کە نازناوی هەورییە لە ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی لە ئاوایی سیتەکی سەر بەشاری شارباژێڕدا لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانیدا تەواو کردووە و پاشان ڕۆیشتووەتە بەغدا و سێ ساڵ لە دارولموعەلمیندا خوێندوویەتی و ئەوسا گەڕاوەتەوە سلێمانی و لە یەکێ لە قوتابخانەکاندا کراوەتە مامۆستا و لە دوای چەندین ساڵ خانەنشین کراوە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٩٨دا کۆچی دوایی کرد.

هەوری بەیەکێ لە هۆنەران و نووسەرانی کورد دێتە ژمار و تا ئێستا چەندین کۆمەڵە هۆنراوی بەناوی: ئازار و ئاوات و بەرهەمی خەبات و دڵداری و پەیمانپەروەری و هەروەها چەندین نووسراوی بەناوی: هۆنراوی کۆن و نوێ و مێژووی نوێ و مەولەوی لە چاپ داون.

ئەم هۆنەرەمان گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە گەلێ پاراو و شیرین و هۆنراوەکانی بریتین لە: دڵداری، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، وە زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی کۆن و نوێ هۆنیونەتەوە، بەڵام ناتوانین ئەو بەهۆنەرێکی لاساییکەر دانێین. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە لەسەر دێڕی نەورۆز هۆنیویەتەوە، وەکو دەڵێ:

وەتەن مژدە بێ لە شاخ و هەردە
لە دەشت و دۆڵ و چیا و زەردە

لە کێڵگە و باخ و لە لالەزارت
لە ڕۆژی ڕووتی ڕوو لە بەهارت
ئەوا نەورۆز و ڕوو لە بەهارە
بەڵگە بە خۆشی لە دوور دیارە
کرێوەی دەست و پەنجەکەی زۆردار
وا هەوای خۆشی لێ کەوتووەتە کار
کلیلەی بەفری کۆنی هەردە و کێو
چۆڕ چۆڕەی ژێری ڕووی کردە نشێو
چووزەرەی گوڵی نووستویی ژێر خاک
خەبەر بوونەوە بە جارێ سەر پاک

***

هەرزە و گوڵاڵە و سۆسەن و نەسرین
بە ڕازاوەیی وەک بووکی ڕەنگین
بە ڕیز بە دەستە لە خاک دەرپەڕین
ئەمەیان ئەوت: بۆ دڵەی حەزین
وەتەن نەورۆزە، نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بە شادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی
خرمەی ڕەهێڵەی بارانی بەهار
بە شەماڵ لەرەی شۆڕەبی و چنار
خشپەی درەخت و دەوەنی نزار
هەر سێ ئەم دەنگەن بۆ گوێی ستەمکار
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوژمن بمرێ و دۆستیش بە شادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

لەو شــەوە کــاتێ کــە بەیان ئەنگووت
تـاوێ بـەر لـەوە هـەڵبێ خـــۆری ڕووت
بە نـەورۆزی نوێ کـــە شــادی بزووت
فـریشـتـە لە ئاسـمـان ئەمـەیان ئەووت
وەتـەن نـەورۆزە نیــــشــــانەی بەهـار
دەک پیـرۆزت بێ نەک جـارێ سـەد جـار
تا دوژمـن بمرێ و دۆسـتـیش بە شـادی
بـژی و ببــــــــینێـت ڕۆژی ئـازادی

***

دەســتــەی قــوتابی کچ و کــوڕی ورد
ئەوەی کــەڵوڕ و زازا و هەمـــوو کـــورد
لە قــوتـابخــانە شــێـرانە وەک گــورد
ئا ئەم بەیانیـــیـــە ئەمـــەیان ئەوت:
وەتـەن نـەورۆزە نیــــشــــانەی بەهـار
دەک پیـرۆزت بێ نەک جـارێ سـەد جـار
تا دوژمـن بمرێ و دۆسـتـیش بە شـادی
بـژی و ببــــــــینێـت ڕۆژی ئـازادی
بڕیـاری لاوی هـۆگــــری خـــوێندن
ئاواتـی بەرزی لە ڕێـتـــدا مــــردن
خـولیـای هـەمـیـشـە بۆت خـزمـەتکردن
ئەم دوو هەڵبــەســتــە بۆ هـۆرەکـردن
وەتـەن نـەورۆزە نیــــشــــانەی بەهـار
دەک پیـرۆزت بێ نەک جـارێ سـەد جـار
تا دوژمـن بمرێ و دۆسـتـیش بە شـادی
بـژی و ببــــــــینێـت ڕۆژی ئـازادی

هەوری لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا دەڵێ: ئەوا پایز هاتەوە کە وەرزی مەرگی گوڵە، بۆیە منیش هەمــوو ئارەزووییەکم نایە گڵ، چونکە دڵ و دەروونم بەجـارێ بریندارە و لە یـار بێ بەری بووم و دەبێ هەر بناڵێنم، وەکو دەڵێ:

پایز هاتەوە وەرزی مـــەرگی گـــوڵ
منیش نامـــە خـــاکە ئارەزووەکـــەی دڵ
دڵ بڵـێ چی دی لە ئارەزووی خــــۆی
بێـجگە لە زامی جـەرگ و سی و سـپڵ
دەبێ بولبـــوڵ بێ پەیمانـێ بەســـتین
نە من بۆ شـیـرین، نە تۆ قـەد بۆ گـوڵ
سـەرتاپا سـوور کەین بە خـوێنی جگەر
بۆ وەتەن شـیـوەن بگێـڕین بە کـوڵ
باوی نەمـــاوە شـــینی فــــەرهادی
لە ڕێی مـــیللەتا بچـــینە ژێر گڵ
ئـەبیـنـە تـۆوی درەخـــــــتـی دوارۆژ
لەو درەختە دەردی غونچەی هیوا و چڵ

هـەوری لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریشـــدا دەســـتـــێکی باڵای هەیە و لە پارچە هەڵبەستێکدا ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی و دەڵێ:

گـیـانە دڵەکـەی پێ و گـەردن لە کـۆت
بە دەســـتی بەســـتـــە ئەوا ناردم بۆت
ئازادی ئـەکـــــەی یا گــــوللە باران
تۆ کـــاربەدەســـتی بەئارەزووی خـــۆت
بە ئارەزووی خـــۆت بەنیـشـــانی کــە
بە نووکی گــــوللە پەرێشـــانی کـــە
پاش مـــەرگ سێ ڕۆژ بەســـێـــدارەوە
بمێنێ و پەندی ســـەرکـــەشانی کـــە
دوای ئەوە ئەوســـا زوو شـــەو لە ناوێ
لەبەر تانەی بەد قـــســـــەی بەدناوێ
دای گـــرە مـــەیشـــۆ کـــفنی پێ ناوێ
بیـــخـــەرە ژێر خـــاکە بە تاقــە تاوێ
ئەوە گـــۆڕی بێ گـــۆڕی لێت یاخی
من هەر زوو پێم وت کــە بەرز دەمـــاخی

گــوێی لێ نەگــرتم لە ڕێی تا بە گڵ
منـی گـــــۆڕییـــــەوە ئەوا بـە بێ دڵ
ڕووم کـــردە هەردەی دەرد و مـــەینەتـی
لەگەڵ ئێشـی زام جـەرگ و سی و سـپڵ

هەوری بولبولێکی خۆش ئاوازی نیشتمانییە، بۆیە زۆربەی هۆنراوەکانی نیشتمانییە و لە پارچە هەڵبەستێکدا سەبارەت بەنیشتمان بەم چەشنە دەڵێ:

ئەی وەتەن وا مەزانە شادمـانم ئارەزووی سەیران ئەکەم
حـەز بە لەنجـە و لار و دینی دیدە مـەخـمـووران ئەکـەم
سـەد هەزار چاوی خـومـاری عـیشـوەداری کەچ کـولاه
بۆ سـەعـاتێ شـادمـانی خـاکـەکـەت قـوربان ئەکـەم
نامـــەوێ بۆ چیـــمـــە بەزم و دەبدەبەی جـانانی شـــەو
من تەمـەنای بەزمـی وەسڵی خـاکـەکەی کوردان ئەکـەم
شـــــەو لە داخـی ڕۆژی تۆیە ڕۆژ بە یادی شـــــەوتـەوە
مـەیلی دەشـتی چۆڵی پەسـتی گـوێ سـیـروان ئەکـەم
شـەرتە ئێـسکم تا نەبێـتـە خـاک لە بۆ کـۆشکی وڵات
من لە قـەبرا بۆ کـەسـاسـیت شـیـوەن و گـریان ئەکـەم
ئەی وەتەن با جـــارێ وا بێ تـا هەلێکت دێتـــە پێش
تێ ئەگـەی ئەوسـا شـێـرانە ئارەزووی مـەیدان ئەکـەم
ئەی وەتەن مـن خام و خـامـەش دەردی تۆی گرتۆتە بەر
ئەم قـــســـانەش ئاگـــرە (هەوری) پێ بریان ئەکـــەم

سەرچاوەکان
١- ئازار و ئاوات، هۆنراوەی هەوری - بەغدا ١٩٥٦.
٢- بەرهەمی خەبات، هۆنراوەی هەوری - بەغدا ١٩٥٩.
٣- بیری ئازادی، هۆنراوەی هەوری - بەغدا ١٩٥٩.
٤- دڵداری و پەیمانپەروەری هۆنراوەی هەوری - بەغدا ١٩٤٣.

سەی تایەری هاشمی

۱۳۳۲ - ۱٤۱۲

سەی تایەر کوڕی سەی قیدار کە نازناوی تایەرە لە ساڵی ۱۳۳۲ی کۆچی لە دێی دەوڵەت ئاوای سەر بەروانسەر لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و بەگوێرەی قسەی خۆی، بەپێنج مانگ قورئانی تەواو کردووە و ئەوسا لە لای مەلا حەمە رەحیمی سنەیی خەریکی خوێندنی شەرعی ئیسلام و وێژەی فارسی بووە و لە پاشا ماوەیەکیش لە لای زانای هەرە بەرزی کورد بەدیعوززەمان خەریکی خوێندنی وێژەی عەرەبی بووە و ئەوسا لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و لە پاشا وازی لە کاری دەوڵەتی هێناوە و خەریکی کشتوکاڵ و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و ژیانی بەم چەشنە ڕابواردووە تا لە ساڵی ۱٤۱۲ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

سەی تایەر هەر لە تافی جوانییەوە، هۆنراوی دەهۆنییەوە و زۆربەی هۆنراوەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ و گۆڤارەکانی تردا بڵاو دەکرایەوە و ماوەیەکیش لە ڕادوێ کرماشاندا نووسەر بوو، وە گەلێ بەرنامەی ئاینی و وێژەیی بڵاو کردونەوە. دیوانەکەی کە داگری دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ لەم دواییەدا چاپ کراوە.

سەی تایەر لەسەر سنووری هۆنەرانی دەوری کۆن هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڵام گەلێ شتی تازەشی لە هۆنراوەکانیدا داهێناوە و، دەتوانین ئەو بەهۆنەرێکی نوێ بهێنینە ژمار، وە لە هۆنراوەکانیدا پتر لاسایی سالم و نالی کردووەتەوە و لە هۆنینەوەی هۆنراوی هەورامیشدا لەسەر ڕێ و شوێنی مەولەوی ڕۆیشتووە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

هەر وەکو من وێڵ و گێج و مات و سەرگەردانە ڕۆژ
تیشکی ڕووی تۆی دی کە لێوە و عاشق و حەیرانە ڕۆژ
من سەرم دانا لە پێناوی کەسێکی بێ وەفا
هەر وەکو من دەردەدار و بێ سەر و سامانە ڕۆژ
من خەدەنگی خەمزەکەت جەرگی لە بن پاچیم بەڵام
زەرد و خوێنین چاکە مجرۆی زامی بێ دەرمانە ڕۆژ
جار بەجار خونچەی دڵم زامی دەپشکوێ و زووخ دەچێ
بۆیە گاهێ لێو دەبات و ئیشی هەر گەڕیانە ڕۆژ
جەوری ئیستیغنای حەبیب و ئیحتیاجی موبرەمم
باعیسی گریانی شەو ناڵینی بێ پایانە ڕۆژ

داغی جەبهەی مانگە، شوعلەی دڵبەری زوهرە جەبین
خوێنی لێ دێ بۆ لەبی وا جەرگی پڕ پەیکانە ڕۆژ
تاکو (طاهیر) ڕەنجی حیرمانی لە دڵبەر بوو نەسیب
بەزمی عەیشی دایما عەینی شەوی هیجرانە ڕۆژ

زۆربەی هۆنراوەکانی سەی تایەر، دەربارەی جوانی و ئەوین و ئاینە، وە لە هۆنراوەکانیدا ناسکی هەست و وردیی بیر و خەیاڵ دەردەکەوێ و گەلێ سەنعەتی هۆنراویشی تیا بەکاربردوون، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

ناکرێ بۆ کەس عەزیزم سەیقەل و پەرداخی دڵ
تا لە دەس دڵبەر نەچێژێ ڕۆژێ سەد جار داخی دڵ
دەردی دووریی باخەوان، دۆچ و هەرێز بیری ویسال
تا نەکەی بێڵ باخی سا چۆن بەر دەبەخشی باخی دڵ
تا نەگەییە سەر پلەی ئەوەل لە ڕندی و عاشقی
کەی بە دڵبەر ڕادەگا هاوار و ناڵە و ئاخی دڵ
جێی شنەی شەوبای هەناسەی خۆشی ڕازی یار نییە
تا گوڵ و شەوبۆی تیا بەرهەم نەیێ سەر شاخی دڵ
سینەیێ پێویستە وەک ئاوێنە ساف و بێ گرێژ
تاکو بێ بیانوو بڕی منداڵەکەی گوستاخی دڵ
لەشکری: بوخڵ و حەسەد، کینە و تەمەع، کیبر و ڕیا
تار و مارو ون دەبن تا هەڵکرا بەیداخی دڵ
ڕامی کەس نابێ لە مەیدانی سەفا ئەسپی هەوا
بێ تەکەڵتوو تەنگ و ئاوزەنگی و بەرەو قەڵتاخی دڵ
گەر زمانم لاڵە بۆ عەرزی درووود و ئیشتیاق
پڕ لە دەرد و داخی هیجرانی ئەتۆیە ناخی دڵ
زوو بە (تایەر) ئاب و جاڕووکە بە فرمێسک و بژانگ
بۆ نزوولی عیشقی ئەو دڵ پەیکەرە یاتاخی دڵ

سەی تایەر حەوت بەندێکی هەیە کە لەوەدا لاسایی شێخ ئەحمەدی کۆڕی کردووەتەوە و هەر بەندێکی لە ستایشی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام درووودی خوای لەسەر بێ هۆنیوەتەوە کە بەڕاستی زۆر بەنرخ و بایدارە وەکو لە بەندی پێنجەمدا دەڵێ:

یا ڕەسووڵڵا غەمین و شەرمسارم ڕەحمەتێ
موخلس و بێ حاسڵ و خەستە و هەژارم ڕەحمەتێ
ئەی ئومێدی شەرمەسارانی سەفی ڕۆژی حساب
ئەی تەبیبی نەفسی سەرکەش دەردەدارم ڕەحمەتێ
یادی ئەو جاهەی کە لام بوو بووەتە چاهی زیللەتم
بیری ئەو گەنجەی کە ئەمویست بووەتە مارم ڕەحمەتێ
نەوبەهارم بووەتە پایز عەیش و خۆشیم سەخڵەتە
بولبولی مەحزوون گوڵی دڵ پڕ لە خارم ڕەحمەتێ
سەروەریم پامالّیە سام و شکۆهم خواریە
ڕەنجە مایەم، زەهرە شەهدی خۆشگەوارم ڕەحمەتێ
من خۆڵی ژێر پێی سەگی دەرماڵی سەگبانانی تۆم
سەرکز و لات و حەزینم، شەهریارم ڕەحمەتێ
بەم هەموو نالایقی و عوسیانی بێ سامانەوە
ڕووم لە تۆیە شافعی یەومولقەرارم ڕەحمەتێ
ئەمنواند ئەو ساڵە لای هەر کەس وەکو زێوی سپی
ئێستە وەک بەردی ڕەشی جێگە هەوارم ڕەحمەتێ
دڵ پەشیمانم وەکو (تایەر) لە کردەی ناپەسەند
ئەی فەرەح بەخشی دەروونی بێ قەرارم ڕەحمەتێ

سەی تایەر هەروەها وتمان گەلێ هۆنراویشی بەشێوەی هەورامی هۆنیونەتەوە کە گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن و زۆربەیان دڵدارین و دیارە لەوانەدا لاسایی هۆنەرانی هەورامیبێژی کردووەتەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

ئەرێ هەی ئاهووی شۆخ هەردان گێڵ
ئەرێ هەی مەحبووب ئالەم نە پەی وێڵ
چووزەی سونبوڵ چەرە وێڵەی ڕەوێڵ
باش بالادەس نازاران خێڵ
کەمەند حەیتار مشکین فام نە پێڵ
نیگای نازئارام چەرخ چەمان مێڵ
نازاران ژێردەس وێت کەردە سەرئێڵ
هوونی عاشقان زوحاک بەد کێڵ

تا کـەی مـــەدەری تیـر نە جـــەرگ من
مـــەگـیــرۆت ئاخـــر داوای مـــەرگ من

واتە: ئەریّ هەی ئاسکی شۆخی هەردان گێڵ!، ئەریّ ئەی خۆشەویستی خەڵک بەشوێندا وێڵ، ئەی باشی باڵادەس و ئەی سـەرۆکی نازارانی خـێڵ، ئەی قژ ڕەشی شـۆخـوشـەنگ و ئەی سەرۆکی دڵبەرانی عێڵ، وە ئەی خوێنخۆری گراوان و ئەی زوحاکی بەد کێڵ! تا کەی تیر دەهاوێژیتە دڵ و دەروونم و دەتەوێ بمکوژی.

سەی تایەر لە پارچە هۆنراوێکی تریدا بەوەرزی بەهارا هەڵدەڵێ و دەڵێ: بەهار خۆشە و ئەی یاران وەرن سەیری سروشت و بەهار بکەن و گوێتان لە خرمە و ڕەهێڵەی باران بێ، وە لەبەر خۆرەتاوی کوێستاندا دانیشن و تەماشای نازاران و دڵبەرانی شاخ و هەرد بکەن، وە گوێ بگرنە چریکە و جـریوەی پەلەوەران و سـەیری شکۆفـە و چرۆی دارەکـان بکەن و ئەوسا بەئاوات بگەن، وەکو دەڵێ:

وەهـاران وەشــــەن، وەهـاران وەشـــەن
یـاران بـەیـدیـوە وەهــاران وەشــــــەن
شـەو شەوگەی سەیاد پای داران وەشـەن
گـــمـــەتە و نیگای شکـاران وەشـــەن
هەم شـەماڵ هەم شەو هـەم واران وەشەن
جـە وەهاران بەزم مـەی خـواران وەشـەن
ســـەیر وەرەتاو کـــۆســـاران وەشـــەن
چووزەی ڕێواســـان نســـاران وەشـــەن
زڕەی گـــاسکەی باڵ بـاڵداران وەشـــەن
عـیـشـوە و نەزاکـەت نیگاران وەشـەن
تـەمـــەنای نە دوور دڵداران وەشـــەن
پـەری دڵبـــەران ئەوگـــاران وەشـــەن
نـە دەوران بەی شـــامـــاران وەشـــەن
پا چرکـەی وە ترس خـەمـباران وەشـەن
شـەو خـاوگـەنەسـای مـەغـاران وەشـەن
چەنـی ناڵەی نـەی وەیاران وەشـــــەن
شنـەی بای شـەمـاڵ ئێـواران وەشـەن
قـــەتارە قـــوڵەنگ قـــەتاران وەشـــەن

بۆی موشک خوتەن حەیتاران وەشەن
پەرێ قەید پای هەژاران وەشەن
سەیر شکۆفەی ئەشجاران وەشەن
خشپەی مەوج وەڵگ چناران وەشەن
ئیمسال نەووەهار چون جاران وەشەن
سروور شادی دڵ خاران وەشەن
قاڵ گۆل هەڵوەس بێڵ داران وەشەن
هەوهەو و بەوبەو جووتیاران وەشەن
رزدار سەروان جۆباران وەشەن
سەیر سەوزە و گوڵ کەناران وەشەن

سەی تایەر هەندێ لە هۆنراوەکانی سائبی تەورێزیی (١٠١٠ - ١٠٨٠ی کۆچی) لە فارسییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی کە بەڕاستی هونەری تێدا نواندووە و خزمەتێکی زۆری کردووەتە وێژە و زمانی کوردی، بەڵام بەداخەوە ئەو هۆنراوانە تا ئێستا بڵاو نەبوونەتەوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستەکەی سائب لەگەڵ دەقی تەرجەمەکەیدا کە دەڵێ:

عاشق پروانە مشرب را چە پروای سراست
رشتەء این شمع بی پروا کمند صرصراست
روغن از چشم سمندر میکند آن شعلە خوی
سادە دل پروانەء ما در غم بال و پراست
روح بیجا از شکست جسم میلرزد زخویش
پستە چون از پوست می آید برون در شکراست
هر کە در دام قناعت تن نزد چون عنکبوت
هردودستش چون مگس از حرص دایم برسراست
می توان خورشید را در ابر دیدن بی حجاب
بی نقابی چهرەء اورا نقابی دیگراست
در دهانش خندەء شادی سراسر می رود
هر کە را چون سکەپشت بی نیازی بر زراست
گرچە بگذشتست اشعار جهان پیمای او
این غزل از جملەء اشعار "صائب" بهتراست

***

عـــاشــقی پەروانە ئاســایی لە کــویّ هۆڵی سبـــەرە
ڕشتەی ئەم شەممە کەمەندی گەردنی بای سەرسەرە
ڕۆن لە چاوانی سەمەندەر ساز دەکاتن شوعلەکەی
وەرنە ســـەیر پەروانەکـــەی من هۆڵی بۆ باڵ و پەڕە
ڕۆح کـە لاشـــەی تێ شکابێ جێ دەلەرزێ و دادەچێ
پستە چونکو دێتە دەر لەو پێستە جێگەی شەکەرە
هەر کەسێ وەک کاکڵەمێشان داوی قنیاتی نەتەند
بێ گومان وەک مێش لە حرسا دائما دەست ئەوسەرە
چاک لە ژێر هەورا بەبێ پەردە دەتبـینی ڕووی هەتاو
بێ نقـابی بۆ جـــەمـــینی وەک نقـــابێکی تەرە
هەر بزەی شـادی لەســـەر لێوی دەمێنێت و دەچێت
هەر کـــەسێ وەک سککە پشـــتی بێ نیـــازی ئەوزەرە
گەرچی شیعرە جوانەکانی ئەو لە عالەم تێ پەڕی
وەک بڵـێی ئەم پارچەیەی "ســـائب" لە باقی چاتەرە

سەی تایەر لە وێژەی گۆرانیدا مامۆستا بوو، وە لە پەخشانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ بەرنامەی بۆ رادوێ نووسیوە و هەندێ پەڕاویشی بەکوردی و فارسی نووسیون کە هێشتا چاپ نەبوون، قورئانێکیشی بەخەتە جوان و خۆشەکەی نووسیوەتەوە کە بەداخەوە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.

سەرچاوەکان

١- هەوارگەی دڵان یا دیوانی هۆنراوەکانی سەی تایەری هاشمی - ورمێ ١٣٧٠.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەی تایەر.

ئەحمەد دڵزار

١٣٤٠ - ...

ئەحمەد کوڕی مستەفای حەوێزی کە نازناوی دڵزارە، لە ساڵی ١٣٤٠ی کۆچی لە شاری کۆیەدا لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان کتێبخانەیەکی بەناوی کتێبخانەی کۆیە داناوە و ماوەیەکیش لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا کاری کردووە و ئەوسا لەسەر کوردایەتی گیراوە و چەند ساڵێک لە بەندا بووە و

پاشـان گەلێ وڵات وەکو فەلەسـتین و قبرس و سووریە و لبنان گەڕاوە و هەمـوو چەشنە کارێکی کردووە، وەکو باخەوانی و کرێکاری و لە هەر کوێدا بووە هەر خەریکی خوێندنەوەی پەڕاوی کوردی بووە و زۆر دڵی خۆش بووە بەوەی کە ڕۆژێک گەل سەرئەنجام سەردەکەوێ.

دڵزار هەر لە لاویەتیدا هۆنراوی هۆنیوەتەوە و هەڵبەسـتەکانی گەلێ سادە و جـوان و ڕەوانن و تەنانەت هەڵبەستەکانی لە لایەن گۆرانیبێژانەوە کراون بەگۆرانی، بەڵام زۆربەی هەڵبەستەکانی نیشتمانین، چونکە ئەو نیشتمانپەروەرێکی هەرە بەرزە و تا ئێستا سێ کۆمەڵە هۆنراوی بەناوی: ئاوازی ئاشتی و ئازادی، خەبات و ژیان، شیعرە بەناوبانگەکەی مایکۆفسکی.

زۆربەی هۆنراوەکـانی دڵزار لە ژیانی کـوردەوارییـەوە سـەرچاوەیان گـرتووە و پتـر پەیوەندییان بەهەڵسوکەوتی کوردەوارییەوەیە و ئەو حەز لە ڕێ و ڕەوشتەکانی گەلی کورد دەکـا کـە یەکێ لەو ڕێ و ڕەوشـتـانە جـەژنی نەورۆزە و ئەو نەورۆزەی کـە گـەلی تێـدا سەرکەوت، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا ئەوەمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

مـــژدە لەم گـــەل و هـۆزە
زەمـین بـووەتـە پـیـــــرۆزە
ڕۆژێـکـی زۆر پـیـــــــرۆزە
جـــــــەژنی نـەورۆزە

***

جـەژنی قـومـری و هوزارە
کـــژی گـــوڵ و گـــوڵزارە
دەشت و دەر مـێـرغـوزارە
تـــازە بـــــەهـــــارە

***

چەمـــەن جـــوان و ڕەنگینە
هـەوا پـاک و عـــــەترینـە
مـێـرغـوزار گـەش و شـینە
هـــەوێـــنـــی ژیـــنـــە

***

گوڵ لە گوڵشـەن خـەملیوە
بـــەرگـــی داخـــی دریـــوە

بۆ بولبـــول پێکەنیـــوە
شـــــادی کــــــڕیوە
***
لــە بــن چـلــی چـنــاران
لە ژێر ســـایەی هـەناران
لــە دەم بــاخ و ڕووبــاران
پــۆلــی نــیــگــاران
***
وەک گــولاڵە پەخــشــانن
بـــزوێـــنـــەری دلانـــن
گــــولی چـلـی ژیانن
ئـارامی گـــــیــــانن
***
لە ناو گـولان وەکـو هـەنگ
یا پەپوولـەی ڕەنگاوڕەنگ
ئەو نەهالانی قــەشــەنگ
جـوان و شــۆخـوشــەنگ
***
هات و چـۆیانە شـــــادن
وا تـێ ئەگـــــەن ئـازادن
لە ناوچە و جــەرگی دادن
کـــــــــاوە نـەژادن

دڵزار حەز لە ئازادی دەکا، ئازادییەک کە گەل بتوانێ قسەکانی خۆی دەرببڕێ و ئەوەی کە لە دڵیدایە بیدرکێنێ بەبێ ئەوەی ترسی لە کەس بێ، ئازادییەک کە ببێتە هۆی ئاشتیی گەلان تا هەموو بەیەکەوە وەکو برا ژیان بەرنە سەر، ئازادییەک کە ببێتە هۆی شادی و سەربەستیی خەڵک، وەکو دەڵێ:

ئـازادی تـۆ گـــــــــولاوی
گــولی گــەشی بەهەشــتی
تۆ عــەتری نێــرگــز جــاڕو
ســومــبــولزارانی دەســتی

پرشنگی ڕۆژ و ورشەی
ئەستێرانی درشتی
ئاوازی بولبولانی
گەش و گوڵی گوڵانی
سەربەرزی و کامەرانی
ئاسایش و هەرزانی
پرشنگی چاوی کاڵی
بریقەی کولمی ئاڵی
زەردەخەنەی مناڵی
شنە شنی شەماڵی
دەنگی کەمانی دووری
ڕەنگی شەفەقی سووری
بە ڕاستی ئەی ئازادی
چرای شەقامی شادی
بێ تۆ بێ سوودە جوانی
بێ نەشەیە گۆرانی!
تاریکییە ڕووناکی
تەیری عەنقایە چاکی!
ناخۆشە دەنگی بولبول
گرانە بۆنی سومبول
جوانیی گەرمێن و کوێستان
بێ ئازاد بوونی ئینسان
وەک جوانیی کۆشکی زۆردار
بێ بەهایە بۆ هەژار

دلزار کۆمەڵە دووبەیتییەکانی بابە تایەری هەمەدانی لە زاراوەی لوڕییەوە کردووە بەشێوەی سۆرانی و ناوی ناوە گەنجینە و بڵاوی کردوونەوە و بەڕاستی هونەری تیا نواندووە و گەلێ خۆی پێیانەوە ماندوو کردووە و دیارییەکی نایابی پێشکەش بەنەتەوەکەی کردووە و بابە تایەری باشتر ناسیوەتە خوێندەواری کورد ناساندووە، چونکە لوڕیش یەکێ لە زاراوەکانی کوردییە، بەڵام هەموو سۆرانی زمانێک، لێی تێ ناگا و ئەمەش کارێکی

گرنگە، هەروەها کە پیرەمێردیش هۆنراوەکانی مەولەویی کردوونەتە سۆرانی و ناوی ناوە ڕۆحی مەولەوی، ئەمەش چەند دووبەیتیەک کە دڵزار کردوونیە سۆرانی وەکو دەڵێ:

غـــەیری تۆ نیـــمـــە لەســـەر ســـەودایەک
لە دڵدا نیـــمــــە هیچ تـەمــــەننایەک
خـــودا دەیزانێ لە بازاڕی عـــیـــشق
غـەیری گـیـان هـەرگـیـز نیمـە کـاڵایەک

***

هەر باخێ ســـەوڵی کـــە ســـەر بەدەر بێ
مـــادام باخـــەوان خـــوێنین جگەر بێ
ئـەبـێ هـــەڵـکـەنرێ لـە بـێخ و لـە بـن
گـــەر بەری هەمـــووی لەعل و گـەوهەر بێ

***

من بەبێ ســـەر و ســـامـــان خـــوڵقـــاوم
پەرت و پەرێشـــان گـــیـــان خـــوڵقـــاوم
دڵ پـەرێشـــانان ڕۆیشـــتنە ژێر خـــاک
من لە خـــاکـــەکـــەی ئەوان خـــوڵقـــاوم

***

ئـەی لالـەچێنان، لالـە مـــــــــەچێنن
باخـــــەوانان واز لە گـــــوڵ بهـــــێنن
پەیمانـی گـــــوڵان ئەوەی بێ کـــــە دیم
گـوڵ ریشـــەکـێش کـــەن درک بچێنن

***

من کـە سـەرمـەسـتی شـەرابی سـوور بم
بـۆچـی لـــە یـــاری نـــازدار بـــە دوور بم
گـــــەر لە ئاگـــــرت گـــــەرمی نەبینم
بـۆ بـە دووکـــــــەڵت دیدە بـێ نـوور بم

***

وای لەو ڕۆژەی کە گۆڕی من دەکەن تەنگ
بەسـەرمـادا دەکەن خـاک و چەو و سـەنگ

نە پێی ڕاکردنم هەس من لە ماران
نە دەستم هەس لەگەڵ کرمان بکەم جەنگ

***

وەرە ئەی دڵسووتاو پێکڕا بناڵین
وەرە پەروانە توخوا با بناڵین
لە عەشقی شاگوڵی ڕەعنا بناڵین
لە دەستی یاری بێ پەروا بناڵین

***

جگەر پڕ دەرد هەتاکەی هاتوچۆکەم
بەتەنیا فەرد هەتاکەی هاتوچۆکەم
ئیتر بۆچی دەڵێی نایێتە ماڵم
بەڕوویێ زەرد هەتاکەی هاتوچۆکەم

***

هەموو بەند و جومگەی لەشم وەک نەیە
مادام دەردی دووریت لە دووما هەیە
ئەمن تا قیامەت دەسووتێم بە تاو
خودا خۆی دەزانێ قیامەت کەیە

***

بەبێ تۆ لێم حەرام بێ لالە و گوڵ
بەبێ تۆ لێم حەرام بێ دەنگی بوڵبوڵ
حەرام بێ لێم بەبێ تۆ دابنێم
لە پای گوڵبوون بنۆشم پیاڵەیی مول

***

سەرچاوەکان
١- ئاوازی ئاشتی و ئازادی، هۆنراوەی ئەحمەد دڵزار - بەغدا ١٩٥٨.
٢- خەبات و ژیان، هۆنراوەی ئەحمەد دڵزار - بەغدا ١٩٥٩.
٣- گەنجینە یا گۆڕینی چوارینەکانی بابە تایەر - بەغدا ١٩٦٠.
٤- نەورۆزنامە نووسینی محەمەد عەبدوڕەحمان زەنگەنە - بەغدا ١٩٥٨.

هەژاری موکریانی

١٣٤١ - ١٤١١

عەبدورەحمان، کوڕی حاجی مەلا محەمەدی موکریانی کە نازناوی هەژار و شۆڕەتی شەرەفکەندییە لە ساڵی ١٣٤١ی کۆچی لە سابلاخدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان ماوەیەک لە لای باوکی دەخوێنێ و لە پاشا خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو دەبێ و لە پاش مردنی باوکی ماوەیەک لە لای زانایانی ئاینیدا خەریکی خوێندنی فیقه و وێژەی فارسی دەبێ و لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا ئاوارە و دەربەدەری عێراق دەبێ و لەوێدا گەلێ کۆسپ و تەنگوچەڵەمەی بۆ دێنە دی و پاشان دەڕواتە لوبنان و لەوێوە دەچێتە سووریە و لە پاش ماوەیەک دەڕواتەوە بەغدا و لە کۆڕی زانیاری کوردا دادەمەزرێ و خەریکی بووژانەوەی وێژە و کولتووری کورد دەبێ و پاشان دەگەڕێتەوە نیشتمان و ماوەیەک خەریکی نووسین و چاپکردنی کولتووری کورد دەبێ تا لە ساڵی ١٤١١ی کۆچی لە کەرەجدا کۆچی دوایی دەکا و تەرمەکەی لە سابلاخدا دەنێژن.

هەژار بەیەکێ لە هۆنەران و هۆزانانی کورد دێتە ژمار و هۆنراوەکانی گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن و تا ئێستا چەند کۆمەڵە هۆنراوی بەناوی: ئاڵەکۆک، بەیتی سەرەمەڕ، بۆ کوردستان، چاپ و بڵاوبووەتەوە و هەروەها گەلێ پەڕاوی لە زمانی فارسی و عەرەبی وەرگێڕاوەتە کوردی کە بریتین لە: شەرەفنامە، مێژووی ئەردەڵان، چارینەکانی خەیام، هۆزی گاوان، یەک و سیفری بێ بڕانەوە، ئاریێ برا، واڕابرا، دایە باوە کێ خراوە، شەرحی دیوانی جزیری، قورئانی پیرۆز، قانوون. سەبارەت بەلێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی وێژەی کوردیش هەندێ وتاری لە گۆڤارەکاندا بەچاپ گەیاندوون کە گەلێ بەنرخن. لەگەڵ ئەمانەشدا مەم و زینەکەی خانی بەجوانترین شێوە لە کرمانجییەوە کردووەتە موکریانی، فەرهەنگێکیشی بەناوی هەنبانە بۆرینە نووسیوە.

هەژار هەر لە کاتێکەوە چاوی کردووەتەوە و خۆی ناسیوە و کەوتووەتە ناو کۆمەڵەوە، ژیانی لە ئەوپەڕی ئاوارەیی و دەربەدەری بردووەتە سەر، وەکو خۆی دەڵێ: «سی و چەند ساڵی تەمەنم دەربەدەر و ماڵانگەڕ بووم، نزم و بەرز و پیس و پاک و بەد و چاکی زۆرم دیوە، بەدەردی کوردە گوتەنی دنیام قونەکەو کردووە و بۆنانە وشکی ڕۆژانە و بۆ جێ خەوێکی شەوانە لە شاگرد مەیخانەچییەتییەوە بگرە تا عەنباڵی و قوڕەکاری و گەسک لێدانی ماڵان و کاشی ماڵی و ئامان شوشتن و زبیل ڕشتنم کردووە، ئەوەی بەسەر من هاتووە بەدەردی حاجییەکە گوتی: بەسەر حەسەن و حوسەین هاتبا؟ سەکەت دەبوون، وە لە ناو جەرگەی هەژاراندا، لە نەداریدا یەکەم بووم و لەگەڵ هەژاراندا ژیاوم، زۆر بەپا و

گاگاش بەسواری زۆر بازێڕ و گوند و گۆڕ و شیو و بەربنار و شاخ و دۆڵ و دەشتی بێروون و شکار و چۆڵ و هۆڵ و پان گەڕاوم و شەوگار لە هەرزانترین خانیان لە سەربانی مزگەوتان، جار جار لەسەر رەڵمی گەرم لە سارایە، زۆر جار لەو کەژ و چیایە لە ئەشکەوتان، لەسەر بەردان لە بەرباران و لەنگێزە شارم گرتووە و خەوتووم، بەرگ شڕی و بێ شمەکی و کەوش چەکی و چلک و چەپەڵی و گەماری بێ ئەسپۆنی و ئەسپێونی هۆگرییان پێوە گرتووم و چاومیان بەخۆ راهێناوە و گوێچکەم بەجوێن و پلاری خاوەن کاری نالەبار و ڕژد و خوێریلە خاراوە». بەڵێ هەژار ئەم هەموو تەنگوچەڵەمانەی دیون لەبەر ئەوە گەلەکەی و نیشتمانەکەی خۆش ویستووە، بۆیە لە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی ئاوارە و دەربەدەر بووە و دەڵێ:

برای دوور وڵات غەریبی شاران
تۆش زیاد بووی لە ناو هۆردووی هەژاران؟
تۆش لەسەر وەتەن بێ وەتەن وەک من
تۆش پەنا بردوو بە ماڵی دوژمن
بێ پەنا، بێ کەس، بێ خاڵ و بێ کاک
بمرین بێ کفن، بێ هەڵگر، بێ خاک
کورد پەرژ و بڵاو لە ناو جیهاندا
دوژمن دەگەوزن لە کوردستاندا
لە ئێمە رووی دا وتاری عامی
دز بە خانەخوێ دەڵێ: حەرامی
بە نەوتی کوردان ئاوروپا دەژی
بۆ خۆمان ئاتاج بۆ چنگێک ڕەژی
من لە پاتەختی پاپەتی و برسی
تۆ لە سەماوات لای عەرش و کورسی
من لە ناو یابای فەقیر، بەستەزمان
تۆ لای ساحیبی رێوی و فێڵەزان
من خنکاو لە ناو گەرما و غومارا
تۆش چاو دەچرینی بە چوار کەنارا
بۆ من معیدی ماست بەسەر لنگ ڕووت
لای تۆ شۆخانی مل پڕ لە یاقووت

لێـــره برش و ڕەش بە قـــورمن تەندوور
لەوێ نازاران لێـــو و پەنجـــە ســـوور
لێـــره رووت لە ناو قـــوڕدا دەخـــەوێ
کـۆشکی ســەد قـــاتی بەرز ئەبێ لەوێ
لـێــــــــره نـاڵـەیە لـەبـەر بـێ نـانـی
لەوێ جـارییـە شـەتی شـەمـپـانـی
لێـــره ســــواڵکەرن پڕ بە کـــۆڵانان
لەوێ قـــاقـــایە لە قـــومـــار خـــانان

هەژار یەکێ لە هۆنەرانی هەره بەرزی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە و هەتا هەتایە وەکو ئەسـتـێـرەیەکی گەش دەدرەوشـێـتـەوە. ئەو یەکێ لە هـۆنەرانی ئازادیخـوازە و زۆربەی هۆنراوەکـانی لە بارەی ئازادی و سـەربەسـتـیـیـەوە هۆنیـوەتەوە. بەربەرەکـانـێ لەگـەڵ سـتـەمکاراندا، بەربەرەکـانێ لەگـەڵ ئەوانەی کـە دەیانەوێ کـورد بچـەوسـێننەوە لە هۆنراوەکانی هەژاردا دیاری دەدا. ئەم پارچە هەڵبەستەی لە کاتی گیانەڵادا هۆنیوەتەوە و داوای لە لاوان و جوانان کردووە کە کاتێ سەربەست و ئازادبوون و ڕەگەزی خوێنمژەکان هەڵکەنرا، بچنە سەر گۆڕەکەی و ئەم مژدەی پێ بدەن و بڵێن کە زێد و مەڵبەندەکەی ئازاد بووه تا گیانی پاکی لە خۆشیا بگەشێتەوە، وەکو دەڵێ:

لاوەکـــان، گـــەوره کـــچـــان، نازاران
دڵبـــەران، دڵتـــەڕەکـــان، دڵداران
دە مـــــەڕۆن تاوێ بمێنن لـێـــره
فـــاتحـــایەکی بخـــوێنن خـــێـــره
لە نێـــو ئەم گـــۆڕه هەژار نێـــژراوه
زۆر لە ڕێی ئێـوه جـەفـای کـێـشـاوه
ژینی خۆی کرده فیدای خۆشیی کورد
لە ڕێی ئازادی بە ناکـــامی مـــرد
توخـــودا کـــاتێ کـــە ئازادیو ســـەند
ڕەگـــەزی خـــوێنمـــژەکـــانو هەڵقـــەند
کـــیـــژ و کـــوڕ هەر چی بە لامـــا لادا
پێم بڵـێ و پایێ بەقـــــــەبرم دادا

ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە
مژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

هەژار کوردستانی خۆش دەوێ؛ چونکە بەزێد و مەڵبەندەی خۆی دای دەنێ؛ بۆیە هێزی دڵ و ئارامیی گیانی خۆی لە ئەو دەزانێ، ئەو کوردستانەی کە باو و باپیری تێدا ژیاون و گەلێ گیانی پاکی تێدا حەشار دراوە و دەڵێ وەکو بەهەشت وایە، چونکە دەستکردی خوایە، گوڵی ها بەدەست یاراندا، وە چقڵی دەچێتە چاوی بەدکاراندا، وەکو دەڵێ:

کوردستان ئەی نیشتمانم
هێزی دڵ ئارامی گیانم
جێی سەربڵندی و شانازی
تا دڵ دەخوازێ دڵخوازی
گوڵی پشکووتووی بێ پایز
سیس نابێ و ناوەرێ هەرگیز
مێشکم، هەستم، بیرم، ژینم
بۆ تۆن ئەی گیانی شیرینم
تا زیندووم هەر تۆی مەبەستم
خۆشم دەوێی دەتپەرستم
بشمرم لەشی بە گڵ بوو
دەڕوێنێ چەند گوڵ و دڕوو
گوڵم بۆ دەستی دڵدارت
چقڵم بۆ چاوی بەدکارت
گیانیش دەفڕێتە عاسمانت
ئەوسا تێر دەکا سەیرانت

هەژار کۆمەڵە هۆنراوێکی هەیە بەناوی بەرەو موکریان کە لەوەدا باسی هەندێک ڕابردووی خۆی دەکا و سروشتی جوانی موکریانمان دەخاتە پێش چاو و ڕابردووی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە کە بەڕاستی هەر ئەو توانیویەتی ئەم چەشنە هۆنراوە بهۆنێتەوە و ئەمەش وێنەیەکە بۆ وردیی بیری ئەم هۆنەرەمان کە لە لایەن ماناوە پایەیەکی بەرزیان لە وێژەی کوردیدا بۆ خۆیان تەرخان کردووە، وەکو دەڵێ:

شەوە تاریکە کش و ماتە زەوی
کەوتەڕێ ئەو: کێوی، کەوی، دار و دەوی

تووتەک و گوێن و کوند وشیارن
ڕۆژ وچانیانە بە شەو پڕ کارن
لەو هەموو جانەوەرەی وەردەکەوێ
نازەنینیش هەیە لای لایی دەوێ
شنە بای وردە گولاو دەپژێنێ
پێی سپێراوە: گەڵا ڕاژێنێ
خوڕ خوڕەی ئاوە لە بەفری سەرکەل
خۆش هەوای تێکەڵە زەنگی سەرگەل
سەگ بە دەم پرخەوە دەم دەم دەمرێ
لە خەوا دیویە گورگ بەرخ دەدڕێ
بۆق لەسەر نوێنی قورین قیڕەی دێ
سیسرە ژێ تاری شرە و سیرەی دێ
جاروبارەش کەڵەشێر ئەخوێنێ
بانگ لە ئەستێرە ئەکا بیدوێنێ
ئاگری شوان ئەگرێ لەو دوورە
بووکی خێوی شەوە تارای سوورە
گەشن ئەستێرە چ بەرزن، چ نەوین
گشتی پێت وایە ئەوینداری زەوین
زۆر بە پارێزەوە هەست ڕادەگرن
بە هومێدێکەوە چاو دادەگرن
دەشتی لاجانە بەهەشتی پێشووم
هونەرم گەر هەبێ لەو ڕاتێشووم
ئێرە بۆ لانکی یەکەم دڵداریم
لێرە هەڵبوو سەرەتای خەمباریم
چاوی کارمامزێ خستمیە کەمەند
نازی پێ دام و دڵ و هۆشی سەند
هێندە فرمێسکە لەوێ ڕشتوومە
هێندێ لەو ڕازە لەوێ ناشتوومە

چاوی من بوو بە درێژیی شەوگار
ملەبارانی دەگەڵ هەوری بەهار
ڕادەمان دیدەکەم و ئەستێرە
کامی زۆرتر بە خەوی کەم فێرە
پردی سوور ئاخۆ لە بیرت ماوم
بە نەمامی لە دەراوت ڕواوم؟
سەردەمێک ڕێڕەوی دڵداران بووی
سەر لە ئێوارە مەکۆی یاران بووی
هەینوان جەژنە بۆ دەوروبەری تۆ
بەزم و خۆشی بوو لە سایەی تۆ
بەند و بەستێ هەیە بتبزوێنێ
بشکێ ئەو دەستە دڵت دەشکێنێ
ئەی موکوریان بە خودات دەسپێرم
یادگار وەرگرە ئەشکی سوێرم
بێ منیش خۆش بە مەکۆی بیرەوەریم
تۆ بەجێ هێشتنە هۆی کوێرەوەریم

هەژار لە هۆنینەوەی هۆنراوی چیرۆکیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، وە بۆ ئەم مەبەستە گەلێ چیرۆکی پەخشانی ناو کوردەواریی کردوونەتە هەڵبەست کە بەڕاستی هونەری تێدا نواندووون و گەلێ بەرزن کە ئەوا یەکێ لەو چیرۆکانە دێنین وەکو دەڵێ:

کاروانێک شەوێک لە چۆڵێکا
بنەیان خست لە شیو و دۆڵێکا
شەکەتی ڕێگە بوون دەبوو بخەون
ترسی زۆریش بوو بەر دزی بکەون
بوو لەگەڵیان یەکێکی پیری هەژار
گوتی: هەر چاروێدار و خاوەن بار
یەکێ زێڕێک بدا بە من بخەوێ
پاسەوانتان دەبم تەواوی شەوێ
دز کە هات دەیکەمە هەرا و هاوار
مەرجی من هەر هەرا و لە ئێوەش کار

نیـــوەشـــەو دز گـــەیشت و مـــاڵی برد
تاو هـەڵات مـــامـــە پیـــرە بانگی کـــرد:
مـــــاڵویران بێ مـــــاڵ نـەمـــــا ڕابن
چۆن دەزانـن ئـەوەند لـە خــــــەودا بن؟
کـــــــــە دەبـیـن هـەچـی بـوو دزراوە
پیـــرەیان گـــرت بڵێ: چ قـــەومـــاوە؟
وتـی: هیچ نـەبووە! نیـــوەشـــەو سێ دز
زرتـە بۆز و ســـــمـــــێڵ فش و چاو بز
یەک جـوان یـەک نێـوان یـەکـێکی پیـر
دەس بە ڕمب و کـەوان بە تیـر و شـیـر
گـەینە سـەر سـەرم و گـرتیان مـشـتم
گـەر نقـەم لێ دەهات دەیان کـوشـتم
مـــاڵەکـــەم دانێ خـــۆم بکەم ڕزگـــار
وا قـــــــەرزداری ئێـــــــوەشم هـاوار
شـەو لە ترسـان کـە نەمـبـوو هـاوارێک
فـەرموو ئێـسـتا هەزار لە جێی جارێک
قـــوولە قـــوولی لە پاش گـــورگ ئەمـــەیە
پەژیوانـی دەمـی مـــــەرگ گـــــەمـــــەیە

هەژار پارچە هـەڵبـەسـتـێکی هـەیە بەناوی (هەڵۆ هەرە بەرزەکـە) لە فـارسـیـیـەوە وەریگێڕاوەتە سـەر زمـانـی کوردی و ئەم پارچە هەڵبەستە هی پۆشکین هۆنەری رووسـە و دکتۆر خانلەری کردوویەتە فارسـی و مامۆستا هەژاریش بەجوانترین شێوە وەریگێڕاوەتە سـەر زمـانەکـەمان کـە بەڕاسـتـی گـەلێ شـیرین و ڕەوانە و کـەمتر هۆنەرێک توانیویە بەم چەشنە وەریبگێڕێ و هونەری تێدا بنوێنێ، وەکو دەڵێ:

پـــــایـــــزە دار و دەوەن ڕەنـــــگ زەردە
باتـەز و ســــــەردە بـە تۆز و گـــــەردە
دیارە لای شـەخـتـەیە ناخـۆش خـەوەرێ
دارە خـــۆی دەڕنـی خـــەزەڵ هەڵدەوەرێ
هـەورە ڕەشـــپـــۆش و بـەگـــریـە و ناڵە
ســـەرەتای شـیـــوەنـی مـەرگی ســاڵە

بەگژەی سەردی هەناسەی کەژ و کۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ:
داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن و چ بووم بۆ وانیم؟!
هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بێ ڕاوم
دورەگۆشت پۆڕ و کەوم وەردەکەوم
گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
پیرییە پایزی وەرزی ژیانە
وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕنانە
وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم
ڕاو بەتاڵی منە هاکا مردم!
مردنیش هێندە نە سووکە و سانا
سەری لێ گێژە هەزاران زانا
چم بەسەردێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم
گیان بەرەو کوێ دەفڕی ڕوون نییە بۆم
تۆ بڵێی بچنەوە لای باوە هەڵۆم؟
تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە؟
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە
داخم ئەو ڕازە لە بن سەرپۆشە
سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە
دڵ و دیدەم کە بەدنیا فێرە
چەند پێم بکرێ دەمێنم لێرە
ژین گەلێ شیرنە فیزی ناوێ
بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ
چاری ئەم دەردە لە لای قالاوە
گەرچی زۆر پیرە بەلاوی ماوە

دەچـمـــــــە لای و بـەوە چـم لـێ نـایـە
ڕەشـــیـــیـــە و ناوی ژیانـی لایە...

***

ســەر نـەوی دای لە شــەقــەی شــابالآن
هـاتـە وێـرانـەیـەکـی جـێ مـــــــالآن
بـوو بە مـــیـــوانـی قـــەلێکی ڕووڕەش
چـەپـەڵ و ڕژد و لـە مـــــەردی بـێ بـەش
قـــەل قـــڕی: لێم مـــەیە پێش زۆرداری
خــوا شــوکــور زۆر بە کــەنـەفـتـی دیاری
زووبە چیت لێم گـــەرەکــە پێم بێــژە
دوور لــە مــن بــگــرە لــەشــم بــەنــوێــژە
وتـی ئـەی لالـەقـــــــــەلـەی هـەر لاوم
پـیـــــرم و زۆر لە ســـــەگ ترســــاوم
هـەمــــە پرســـێک و دەبـێ بمـبـــووری
هـۆی چیـــە تـۆ کـــە لە مـــردن دووری؟
وەک دەڵێن ئـێـــوە بەچل ســـاڵ بـاڕن
تـووشی تووش نایەن و کــۆسپ و باڕن
ڕێـیـــــەکم پـێ بڵـێ بۆ هـەرمــــانم
تۆی لە لات دەست دەکــەوێ دەرمـــانم
ســوێند ئەخـۆم پاشی هـەتا بشـمـێـنم
هـەر کـــــەوێ ڕاوی بکـەم بـۆت دێنـم

***

قـــەل گــوتـی: هـۆزی هـەڵۆ زۆر خـــاون
ســـەیرە لام چۆنە کـــە خـــاوەن ناون
بـاب و کـــــاڵت بـە نـەزانـی مـــــڕدن
بـیـــری ســـەربەرزییـــە وای لێ کـــردن
هـەر کـــەسێ بەرزەفـــڕە زوو دەمــــرێ
بـای بڵـنـدایـی ســـــەر و دڵ دەگـــرێ

مـــاڵی ئێـــوه کــه له لووتکه‌ی کـێـوه
لای جـن و دێـوه بـه‌ڵای زۆر پـێــــــوه
خــوێنه پۆڕ پۆڕگی ده‌خـــاته خــوێنێ
گــۆشت کــه‌وی تازه گــرفــتی دێنێ
جگه‌ر و سـی و دڵی مـــــامــــر ژه‌هره
تـا وه‌هـابـی تـه‌قـــــــه‌لات بـێ بـه‌هـره
ده‌تـه‌وێ زۆر بژی، خـــــــۆش ڕابوێری
خـــۆ له په‌ندم گــــه‌ره‌کـــه نه‌بوێری
وه‌ره وه‌ک ئێـــــمــــــه بژی نزم و نه‌وی
شــه‌و له‌ســه‌ر گــه‌نده‌ڵه دارێک ده‌خــه‌وی
خــــواردنی باشـی کـــــه تۆ نه‌تدیوه
گــۆشــتــه بارگـینی گــه‌نی و تۆپیــوه
کــــردنی چینه له په‌ین و شـــیــــاکــه
تـاو و تیـنـی لـه‌شــــه بـۆ دڵ چاکــــه
په‌ندی باپیــــره بـه مـــیــــرات مـــاوه
خــوێنی زامی کـــه‌ره ســـۆمـــای چاوه
گـــفـــتی من گـــه‌وهـه‌ره بۆت هـه‌ڵڕێژم
تـاقــــه دوو ڕێت لـه‌بـه‌ره، پێت بێـــژم:
یـان لـه نـاو بۆگـــه‌ن و نـزمــــایی ژیان
یان بـه‌ســه‌ربه‌رزییـه‌وه بسـپێـره گـیـان

***

ڕاچـه‌نـی لـه‌م وتـه‌یـه پـیــــــــره هـه‌ڵـۆ
هـاته بـه‌رچاوی گـــه‌ڵێ کـــه‌ند و کـڵــۆ
کـه‌وته نـاو گـێـژی خـه‌یاڵات و خـه‌مـان
مـان ئه‌گـه‌ر وا بێ چ شـیـرینه نه‌مـان...
وتـی: پیـــــرۆز بێ له خـــۆت ئه‌م ژینه
جــه‌ژنـی تۆ بۆمـــه شــه‌پۆڕ و شـــینه
کێ بـه‌ســــــــــــه‌ربـه‌رزی ژیـابـێ تـاوێ
ژینـی قــــــاڵاوی بـه‌پووشـــــــێک ناوێ

چاوەڕێی مـــەرگـــە گـیـــان با بیـــبـا
پەڕ و باڵم لە چیـــا با بیــــبـــا...
بە هـەڵۆیی کــــــە لە ژین بـێ بەش بم
نەک هەزار ســـاڵە قـــەلی ڕوو ڕەش بم
بۆ شـتـێک ئێـسـتــە لە خـۆ بێـزارم
من هـەڵۆ بۆچـی بەتۆ بـوو کــــارم؟!!
مـــەرد ئەگـــەر کـــاری بە نـامـــەردانە
دەردی ســـــەربـاری هـەمـــــوو دەردانە
***
کـەوتە خـۆ دای لە شـەقــەی باڵ دیسـا
ئـاگـــرێکی لە دەروون داییــــســــا
ڕاستەوخۆ بۆ سـەر و هەر بۆ سـەر چوو
هەردی جێ هێشت و لە هەوران دەرچوو
قـــــەل هـەزار ســـــاڵی ژیا بەو تـەرزە
ســەر نەوی و هێـشـتـە هەڵۆ هـەر بەرزە

هەژار پارچە هەڵبەستێکی لای لایی هەیە کە گەلێ تەڕ و پاراوە و ئەم پارچە هەڵبەستە لە لایەن گۆرانیبێژانیشەوە کراوەتە گۆرانی و لەم هەڵبەستانەدا هەژار دەورێکی کۆیلەیی مەڵبەندەکەمان پێ پیشان دەدا و ئەوەمان بۆ دەردەخا کە کورد لە دەورەکانی کۆنا بەتایبەت لە دەوری شاهەنشاییدا چەوسا بووەوە و هەموو دەم دەکەوتە ژێر ئازار و بەشی ئەو هەر کۆت و زنجیر و زیندان و چەرمەسەرێ بوو، وە شایی و خۆشی لە ئەو بڕا بوو، بۆیە ڕەنگی بەزەرد هەڵگەڕا بوو؛ چونکە بێ کەس و تەنیا بوو، وە بەشخوراوی ئەم دونیا بوو، وەکو دەڵێ:

ڕۆڵـە: ڕووناکــــــیی گلێنـەی چـاوم
بەندی جــــەرگ و دڵ، هـێــزی هەناوم
ڕیحـانەی بۆن خـۆش سـوورە گـوڵەکەم
ئـاوپـرشـکێنی کـــــولی دڵـەکــــــەم
چۆلەمــــەی ئەســـتـــۆم، ڕەگی حـــەیاتم
هـەنگوین و قـــــەندم نوغل و نـەباتم

خەوی خێریت بێ بنوە درەنگە
تا کەڵەبابی بەیان بێ دەنگە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
ئەمشەو بەزەییت بەمندا نایە
ژیر بەوە رۆڵەی ژیر و جوانم
لە داخی لانک دەگری، دەزانم
دەڵێی بۆ حەپسم، بۆ دەستە بەستەم؟
بەو بەند و حەپسە من جەستە خەستەم؟
لە نێو کورد نەبێ دەسرازە نییە
ئەو بەند و قەڵف و قەڕازە چییە؟
کوڕم من بیرم لە تۆ زیاترە
دەسرازە و لانک بت بێ چاترە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
گوێگرە پێت بڵێم لەبەرچی نایە
ڕاستە تۆ نەوەی شێری ژیانی
نەتەوەی پاکی گەلی کوردانی
بەلام چونکە کورد ئەمڕۆ بێکەسە
بەشیان لە دنیا کۆت و مەحبەسە
بۆیە دەت پێچم تا خووی پێ بگری
نەک تا من ماوم لە بەندا بمری
بۆ چارەڕەشیت نەماوە تینم
هەر پێم خۆش نییە مەرگت ببینم
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
هەزار تێبینی دوارۆژم لایە
بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم
سەد تاڵ و سوێریت لەسەر دەچێژم
نەمامی بالات بەفرمێسکی چاو...
شەو و نیوەشەو لێی دەنێم شەواو

سەد چاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە
لە بن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر رەسیدە بووی نەتەوی زاڵم
دەت برێ و بەزەی نایە بەحاڵم
هەی لای لایە رۆڵە لای لایە
دەک خاکم بەسەر رەنجم بەبایە
پەشێو پێت خۆشە بەخێر نەمینی؟
سەربەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی؟
قەڵەم دەست دەیە، ببە مەکتەبی
وەخت و بێ وەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتەی لەگەڵ کاکت دوو بەدوو
بکەن هاواری هەقی لە دەس چوو
دەس دەنە دەس یەک بەرا و بەتەگبیر
یەکتان بە قەڵەم، یەکو بە شمشیر
هەی لای لایە رۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەری لە قەڵەم رایە
یەک نامە رەش کا بە داد و هاوار
یەک زەوی سوور کا لە خوێنی بەدکار
یەک لە قورنیشێ: بروا بۆ تکا
یەکێ قور بەسەر دوژمندا بکا
ئەو پەلەقاژەی ئێستا لە کن من
دەکەی بەند لادەی لە دەست و گەردن
ئەو تەقەلایەت بۆ دوارۆژ باشە
جوجک هەوڵێ دە بێ روحمە واشە
هەی لای لایە رۆڵە لای لایە
دەس لە دەس، تەوفیق لە کن خودایە
رۆڵە نیشتمان چاوی لە رێتە
دایکمان هەویای دوارۆژی پێتە
بۆیە هەندامت وەک مینای بێ گەرد
خاوێن رادەگرم بەسەد رەنج و دەرد

چاکـــــەم دەیەوە بۆ وەتـەن وەک کـــورِ
تۆش بیگەوزێنی لە ناو خـــوێن و خـــورِ
پێت بڵـێم رۆڵە سـەر سـوودی چییـە؟!
بـۆ پـردە بـازی رێــی ئـازادیـــــــە
هــــەی لای لایــــە رۆڵــــە لای لایـــە
نیـشـتـمـان بۆ تۆ دەسـتـە و دوعـایە
رۆڵە نامـــووست وەک خـــزمـــەکـانت
نـەفــرۆشـی بـەپوول دەســـتم دامـانت
شـــەرەف گـــەوهـەرە قـــیـــمـــەتی نایە
دەویـت رووڕەشـی هـەرتـک دنیـــــایـە
ئـەو کــەســـە پیـــاوە بـۆ خـــاک و ئـاوی
روح دانـــێ و بـەچـاک بمـێـنـێ نـاوی
نەت بیسـتـووە واتەی زانای سـەرزەمین:
مـــەردانـە مـــردن نـەک حـــیــــزانە ژین
هــــەی لای لایــــە رۆڵــــە لای لایـــە
بخـــــوێنە، نەزان چی لە دەس نـایە

مامۆستا هەژار چارینەکانی خەیامی بەباشترین شێوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە بەڕاستی هونەری تێدا نواندوون و کەمتر هۆنەرێک توانیویە بەم چەشنە هۆنراوەکانی خەیام وەربگێڕێ، ئەوەی بەدەم و زاری خەیام داهاتووە ئەو هێناویەتە سەر کوردی. ئەوا چەند چارینەی خەیام لێرەدا دێنین کە دەڵێ:

چاومەستە دەهەستە بێرە لام خونچە گوڵم
مــــاچم دەیە، بمدوێنە، مـــــەشکێنە دڵم
لەم دەفــری مـــەیەت کــاســـەیەکم بۆ تێکە
تا نـەبووە بە دەفـر و کـاسـە و گـۆزە گـڵم

***

لەو کۆشک و سەرایەدا کە جەم جامی گرت
رێوی ترەکـــیـــوە، مـــــامـــز ئارامی گـــرت
بارام کە هەمـوو ژیانی خـۆی گـۆری دەگرت
دیتت بە چ جـــۆرێ گـــۆڕێ بارامی گـــرت

بۆ گۆزە کڕین دەچوومە لای گۆزەکەرێک
سەد گۆزە بە من پێ کەنی! هەریەک لەبەرێک
ئێمەی وەکو خۆت ئەبەی سبەینێ خۆشت
وەک ئێمە دەبی بەگۆزە لای بێ خەبەرێک

***

هۆ مامی هەورگەر بەسە هەڵکەی دامان
ئەو خەڵکە بە تۆ پێ دەکەنن، تێت ڕامان
هەر لاشی هەژارە و سەری شا و خونکارە
سووری دەدەی و دەیکەیە دەفر و ئامان

***

چاو جوان دە بەس خەوە دە هەڵبێنە سەرێ
مەی تێکە لە کووپە چەند قومێکم بدەرێ
هاکا قوڕی خاکی من و تۆش هەڵشێلن
بکرێینەوە کووپە مەی لە کن گۆزەکەرێ

***

هۆشم کە هەبێ خەفەت دڵم دەردێنێ
سەرخۆش کە دەبم: هۆش لەسەرم نامێنێ
کاتێ کە نە زۆر مەست و نە زۆر وشیارم
گیانم بە فیدای ئەو دەمە دنیا دێنێ

***

سەرچاوەکان
١- بۆ کوردستان، هۆنراوەی هەژار - بەیرووت ١٩٦٦.
٢- بەیتی سەرەمەڕ، هۆنراوەی هەژار - شام ١٩٥٧.
٣- مەم و زین، هەژار کردوویەتە موکریانی - بەغدا ١٩٦٠.
٤- خەیام، وەرگێڕاوی هەژار - بەیرووت ١٩٦٨.

عەلیی گەلاوێژ

١٣٤٢ - ١٤٠٩

دوکتۆر عەلی کوڕی ئیبراهیمی فەیزوڵڵا بەگی کە نازناوی گەلاوێژە لە ساڵی ١٣٤٢ی کۆچی لە دێی سارۆقامیشی سەر بەبۆکاندا لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی و ناوەندی لە بۆکان و سابڵاخدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە وڵاتی ئازەربایجان لە کۆلێجی ئابووریدا دوکتۆرای وەرگرتووە و ئەوسا لە ئەکادیمیای زانستی ئازەربایجاندا خەریکی کاری زانستی و لێکۆڵینەوە بووە و لەم بارەوە گەلێ نووسراو و نامیلکەی نووسیوە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە نیشتمان و لە پاش ماوەیەک لە ساڵی ١٤٠٩ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە. گەلاوێژ هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هۆنراو و وێژە دەکرد و گەلێ لە هۆنراوەکانی نالی و کوردیی لەبەر بوون و، پاشان خۆی کەوتە سەر هۆنراو هۆنینەوە و گەلێ هۆنراوی هۆنییەوە کە گەلێک لە هۆنراوەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. یەکێ لە شوێنەوارەکانی ئەو نامیلکەیەکە بەناوی زوو حەیاتەین یا خاوەنی دوو ژیان کە لەسەر شێوەی بەیت هۆنیویەتەوە و بەڕاستی گەلێ شیرین و تەڕ و پاراوە و گەلێ وشەی ڕەسەنی کوردیی تێدا بەکار بردووە کە نزیکەی چوار سەد و چل و دوو دێڕە هۆنراوە کە ئەوا لێرەدا هەندێکی دێنین:

یەک بوو یەک نەبوو لە ڕۆژگاری زوو
لە ناو دۆڵێکا تاقە چۆمێک بوو
سەری لە کێوان بنی لە بەحرا
بنی لە ئاوا و سەری لە بەفرا
لە هەر شێواوێ تێی دەهات ئاوێ
بەشی وەردەگرت لە هەر دەراوێ
چۆمەکە پڕ بوو لە دەعبای ئاوی
هێندێ ماسی بوون هێندێ مراوی
هێندێکی ڕەقە و هێندێکی قرژاڵ
بەعزێکیش مار بوون لەوانی خوێن تاڵ
ڕۆژێک لە ڕۆژان جەنگەی نەوبەهار
لەسەر ئاسۆگان هەورێ کەوتە دیار

بایەک هەڵی کـــرد دنیـــا دا لەرزی
مـەچەکـیـان پێکا ئاسـمـان و عـەرزی
بـرووسـکـە هـەوری دا بـەر تـازیـانـە
لـە دیـدەی گــــەردوون بـاری بـارانـە
دای دا شـڵـێـوە لە لووتکەی کـێـوان
بەفـــران تاوانەو تا بانگی شـێـوان
تۆفـانێک هەسـتـا دنیـای گـرتە بەر
چۆم زیادی کـرد و کـەوتە دەشت و دەر
لە بەســتین دەرچوو هـاتە ڕاســتـایی
لە بالای وشـــتــر دەرچوو قـــوولایی
لە هارەی سێلاو گوێی گەردوون کەڕ بوو
لە قـاتی عـەرزا گـاڕەشـیش تەڕ بوو
چەند ڕۆژێ رابورد، تۆفـان دوایی هات
سـێـلاو تەواو بوو و ئاو وشکایی هات
کـەم کـەم دامـرکـا چۆمی کـەف چڕێن
دەشتی بەجێ هێشت هـاتەو بۆ بەسـتێن
قـالبی خـۆی گـرتەو وەک جـاری جاران
نە هـاژەی ئاو مـا و نە گـرمـەی تۆفـان
بـەڵام لە تـۆفــــان بـە وێـنـەی دیاری
چەند نـیـشـانەیەک مـا بە یادگـاری
یەکـێک لەمــانە چەند گــۆلاوێک بوو
لە دەشــتـا مـابوون یەک یەک و دوو دوو
چەند گـۆلاوێکی لێک جـیـاواز و دوور
لە هـەر یەکـیـانا هێندێ ئاوی ســوور

واتە: لە ناو دۆڵ و شیوێکدا تاقە چۆمێک هەبوو کە سەری لە کێواندا بوو و، بنی لە ئاوا بوو، وە بەفر بەجارێ دەوروبەری داپۆشیبوو، وە لە هەر دۆڵێکەوە ئاوی تێ دەهات بەجۆرێ کە چۆمەکە پڕی بوو لە دەعبای ئاوی کە بریتی بوون لە ماسی و مراوی و ڕەقە و قرژاڵ و ماریشی تێدا دەبینرا، ڕۆژێکیان لە دەمە دەمی بەهاردا هەورێ ڕەش دیاری دا و بایەک هەڵی کرد بەجۆرێ کە هەموو جێگایەک کەوتە لەرزین و ئاسمان و زەوی بەیەک نزیک

بوونەوە و هەور برووسکانی و باران دەستی کردە بارین و لووتکە و کێوەکانی داگرت و بەفرەکان بەرە بەرە تاوانەوە، ئەوسا تۆفانێک هەستا و دنیای گرتە بەر و لە هاژە و هاڕەی سێلاو گوێی گەردوون کەڕ بوو، لە دوایی چەند ڕۆژ تۆفانەکە دوایی هات و ئاویش وشکایی هات و چۆمی کەف و چڕینیش کەم کەم دامرکا و چۆم بوو بەبەستێن و ئیتر ئاوی نەما، بەڵام لە تۆفانەکە چەند نیشانەیەک مایەوە و ئەویش ئەوە بوو کە چەند گۆلاوێک مابووەوە کە خەڵک دڵیان بەوە خۆش بوو و، کەڵکیان لێ وەردەگرت.

بەڵام ئەمانەش وشکەو بوون یەک یەک
تەنیا گۆلێک ما لە پەنای بەردێک
ڕەمزی مانی وی لەم بەردەدا بوو:
وەک چادر لە بان سەری وەستا بوو
نەی دەهێشت خۆری نیوەڕۆی تێ بێ
ببێ بە هەڵم و بۆ ئاسمان هەڵچێ
ڕەمزێکی تریش ڕەبتی نهێنی
گۆلاو و چۆم بوو لە ژێر بەستێنی
هەرچەند لەسەر عەرز گۆل لە چۆم جیا بوو
لە بن زیخانە و بەوەو نووسا بوو
هەر لە چۆمەوە ئاوی تێ دەزا
لێی بێ دەستەڵات قەدەر هەم قەزا
بەینێکیش ڕابرد ئیتر دەم بە دەم
لێڵەی ئەم گۆڵەش نیشتەوە کەم کەم
چەند ڕۆژی ڕابرد ئیتر بەجارێ
ڕووناک بوو کە تا باران نەبارێ
تێکەڵاو نابێ گۆلاو لەگەڵ چۆم
قرژاڵ و ماسی ناچنەوە ناو گۆم
ئاخری ڕۆژێکیان دەعبای نێو گۆلاو
بەدڵێکی کەیل و هەناوی سووتاو
بۆ ڕاو مەسڵەحەت کۆبوونەو پێکەو
گوتیان و گوتیان ڕۆژێک هەتا شەو

نەهایەت تێکڕا سوێندیان خوارد گوتیان:
قەسەم بەهاژە و گرمەی هەڵدێران
ڕوو وەرناگێڕین لەو ئاوە تا هەین
یادی ئەو چۆمە لە دڵ دەرناکەین
تا ڕۆژی تۆفان چاوەڕێی وەسڵین
ئێمە فەرعین و قوربانی ئەسڵین
یا دەمرین بەسەد تاسەو ئاواتەو
یا تۆفان لە نێو چۆممان دەخاتەو
بەهار ڕابرد و باران نەباری
هاوین هات و خۆر بەتیشکی کاری
هەناوی عەرزی هێندەی تر سووتاند
گژوگیای وشکاند، دەشتی پرووژاند

واتە: بەڵام ئەو گۆلاوانەش یەک یەک وشکەوبوون و تەنیا گۆلێک لە پەنای بەردێکدا ما و هۆی مانەوەشی لە بەردەکەدا بوو کە نەیدەهێشت خۆری نیوەڕۆی لێ بدا و ئاوەکەی بەهەڵم هەڵچێ بۆ ئاسمان، هەرچەندە گۆلەکە لە چۆمەکە جیا بوو، بەڵام ئاوی گۆلەکە لە چۆمەکەوە دەهات و ماوەیەک ڕابرد و ئاوی گۆلەکەش کەم کەم نیشتەوە و ئیتر قرژاڵ و ماسیش نەدەچوونە ناو گۆلەکە، سەرئەنجام ڕۆژێکیان دەعبای ناو گۆلاوەکە بەدڵێکی کەیل و پڕ لە پەژارەوە بەهاژە و گرمەی هەڵدێران سوێندیان خوارد و وتیان تا هەین ڕوو لەو ئاوە وەرناگێڕین، وە یادی ئەو چۆمە لە دڵ دەرناکەین و هەتاکو دەمرین بەتاسەی ئاو و بارانین، بەڵام بەهار ڕابرد و باران نەباری و هاوین هات و تیشکی خۆرەکەی هەناوی زەوی سووتاند و گژوگیای بەجارێ وشکاند و دەشتی بەجارێ پرووزاند.

بەڵام ئاواتیان وا زوو پێک نەهات
ساڵ بەوسەر گەیشت، زستان هات، هەیهات
هەر لە نێو گۆلا چاو لە ئاسمانن
دڵ پڕ ئاوات و سووتەی هیجرانن
بەڵام ماسییەکان جێیان هەر ئاوە
لە ئاو جیا ببنەو کاریان تەواوە
لە پێشینانەو ئەم پەندە ماوە:
ماسی لەگەڵ ئاو مارەی براوە

بەڵام قرژاڵی پێست ڕەقی بەردین
کە ئەم وەزعەی دی وەرگەڕا لە دین
هەزار خاڵی ڕەش کەوتە خەیاڵی
خۆ خۆشەویستی شکاندی باڵی
بەم فکرە گەیشت ئاخری ڕۆژێکیان
تا کەی دانیشم بە هەویای تۆفان
بابە وەڵڵاهی نەمزانی کەر بووم
بە ئاواتی پووچ وا دەربەدەر بووم
ئەم عەقڵەی ئێستام گەر جاران بایە
ئەگەر دوو دنیا ئاوری گرتایە
قەت هاواڵەتیی ماسیم نەدەکرد
سەجدەی خۆڕاییم بۆ ئاو نەدەبرد
من چی و ماسی چی؟ من کێم ئاو کێیە؟
خۆ بەوان بەستن کاری بێ جێیە
وەڵڵاهی دەردم لەم گۆلە تەنگە
لێرە قەتیس بوون بۆ قرژاڵ نەنگە
لە بیر دەردەکەم هەم ئاو هەم ماسی
هەزار جار لەعنەت لە خراپ و خاسی
قرژاڵ ئەمەی گوت ڕووی کردە ڕێگا
بەڵام ماسییەکان بەپۆل دەوریان دا
زانییان کە قرژاڵ ڕووی وەرگێڕاوە
هەر یەک بەلەونێک دڵخۆشیی داوە
قرژاڵ ئەمەی بیست چاوی نا سەریەک
سووکێک ڕاچەنی و پەڕیە بەردێک
گوتی ماسی گەل، مردم لە دەردا
سەری ڕاوەشاند ئاخێکی دەردا
تا کەی خەم خواردن، خوێن ڕشانەوە؟
تا کەی خەو بینین بە تۆفانەوە

ئـەی پـۆلـی مـــــــاسـی وازم لـێ بـێـنن
مـن لـە ئـێـــوە نیم، بـۆچ دەمـــخـنـکـێنن؟
حــاشــا و ســەد حــاشــا، دەڕۆم، بەند نابم
چـۆن دەشـێ لەگـــەڵ ئـێــــوە هـاوتـا بم
ئەمن قـــرژاڵم، پـێـــتــان وایە چیم؟
خـۆ مـەحكووم بـەمــەرگ لەگــەڵ ئـێـوە نیم
دەچـمــــە وشـكـایی و دەژیم بـەبێ خــــەم
من چی و تۆفــان و فــــرتـێنەی ناو چەم؟

واتە: بەڵام ئاواتی دەعباکان زوو پێک نەهات و ساڵ بەسەر گەیشت و زستان هات و هەموو لە ناو گۆلەکەدا چاویان بڕیبووە ئاسمان کە باران بباریّ، کەچی ماسییەکان هەر لە ناو ئاودا بوون، چونکە ئەگەر لە ئاو بێنە دەر دەمرن، بەڕاستی پێشینان ڕاستیان وتووە کە ماسی لەگەڵ ئاودا مارەی بڕاوە، بەڵام قرژاڵی پێست بەردین کە ئەم بارە نالەبارەی دی وتی من تا کەی بەهەویای تۆفان و باران بم، خۆ من لە وشکیدا دەژیم و ئیتر ئاوم بۆچییە و من و ماسی چی؟ ماسییەکان کاتێ زانییان کە قرژاڵ ڕووی لێیان وەرگێڕاوە دەورەیان دا و لەگەڵیا دوان تا پەشیمان بێتەوە و بەجێیان نەهێڵێ، بەڵام قرژاڵ وتی من ناتوانم خۆم بکەمە قوربانیی ئێوە و دەچمە وشکایی و بەبێ خەم و پەژارە دەژیم و ئیتر خەمی باران و تۆفان ناخۆم و من چی و تۆفان و پەلەقاژەی ناو ئاو چی و ئیتر ئەمەم پێ ناکرێ.

لەم چیرۆکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مرۆ نابێ پەیمانی خۆی بشکێنێ چونکە ماسی و مراوی و ڕەقە و قرژاڵ بەیەکەوە پەیمانیان بەست کە تا ماون بەیەکەوە لە ناو ئاوی گۆلاوەکەدا بژین، کەچی قرژاڵ پەیمانەکەی خۆی شکاند و بەدوو سەر ناوی دەرکرد، لە لایێ تریشەوە قرژاڵ نەدەبا ئەو پەیمانەی ببەستایە، چونکە ئەو لە وشکیدا ئەژی و ماسی و مراوی و ڕەقەش لە ئاودا ژیان دەبەنە سەر و ئەوسا هۆنەر دوایین قسەی خۆی بەم جۆرە دەربڕیوە و دەڵێ:

گــەر قـــرژاڵ نەبا قــســەی خــۆمــانە
لە کـوێ بۆم دەهات ئەم شیـعرە جوانە؟
هـەر لەبـەر ئەمــەش مــەمنوونم قــرژاڵ
بەڵام سـەد جـارم خـۆشـتـر دەبوو حـاڵ
گــەر تۆ یەک ڕەوت و یەک ژین ببـایەی
تا ســـەر لەگـــەڵ ئاو یەکـدڵ بمایەی

با ئەم شیعرەی من هەر نەخولقایە
با تۆیش بە دووسەر نێوت نەبرایە

سەرچاوەکان
١- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە نووسینی: د. مارف خەزنەدار - بەغدا ١٩٨٤.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعەلی گەلاوێژ.

ئەحمەد هەردی

١٣٤٢ - ٢٠٠٦

ئەحمەد، کوڕی حەسەن بەگ، کە نازناوی هەردییە، لە ساڵی ١٣٤٢ی کۆچیدا لە سلێمانی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و پاشان چووەتە پەیمانگای مامۆستایان و بڕوانامەی زانستیی وەرگرتووە و ئەوسا لە ناوچەی هەوراماندا بووەتە مامۆستا و چەند ساڵێک وانەی داوەتە منداڵان، بەڵام لەسەر نیشتمانپەروەری دەرکراوە و لە پاش ماوەیەک بەخشراوە و گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی و لە پاشا لە بەرابەری ڕژێمی سەدامەوە ڕاوەستاوە و لەبەرئەوەی گیانی لە مەترسی دابووە، هەڵاتووەتە ئێران و لە پاش چەند ساڵێک بەرەو ئەورووپا کەوتووەتە ڕێ و ئێستاش هەر لەوێ دایە.

هەردی بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و ئەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هەڵبەست دەکرد بۆیە زۆربەی هۆنراوی هۆنەرانی کوردی لەبەر بووە، وە هەموو دەم دەچووە خزمەتی هۆنەرانی سەردەمی خۆی و کەڵکی لێیان وەردەگرت و پاشان خۆی دەستی کردە هۆنراو هۆنینەوە و لەم مەیدانەدا گۆی هونەری بردەوە و سەرەتا پتر لاسایی هۆنەرە کۆنەکانی دەکردەوە و لە پاشا لەسەر هۆنراوی نوێش هۆنراوی هۆنییەوە واتە: لە چەشکەی هەردوو لا بەشدارە کە گەلێ لە هۆنراوەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

زۆربەی هۆنراوەکانی هەردی بەکوردییەکی پەتیین و کەمتر وشەی بێگانەی تێدا بەکار بردووە و هۆنراوەکانی هەتا حەزکەی پوخت و جوان و شیرینن و پتر کۆمەڵایەتی و نیشتمانین و گەلێ سادە و ڕەوانن و هەندێ هۆنراوی دڵداریشی هەن، وەکو لەم پارچە هەڵبەستە کە لە سەردێڕی ژیان و ئەرکی ناخۆشیدا هۆنیویەتەوە کە بەڕاستی هونەری تێدا نواندوون و دیارە لە ئەوپەڕی ناکامییەوە هۆنیویەتەوە کە لەوەدا ئەرک و ڕەنج و هەستی خۆی سەبارەت بەدڵدارەکەی دەربڕیوە وەکو دەڵێ:

ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم
شەرابی جامی دڵداریی لە تافی لاویا رشتم
تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت وەها تاریک و چڵکن بوو
نیگاری خۆشەویستی دڵ پەری ئاسایی تیا ون بوو
شەوی تەنیایی ڕووناکی چرای ئاواتی خنکانم
دەستی ناکامی ئاوازی دەروونی کەیلی تاسانم
ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی
دەروونی پڕ لە ناکامی
ئەپێوم چۆڵی سەرسامی
لە تەنیایی شەوی ژینا ئەنێم هەنگاوی کوێرانە
نییە دەستێ دەرم بێنێ لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە
نییە جوانێ سەری کاسم بنێمە سەر دڵی نەرمی
کە هیلاکیی لەشم دەرکا خەوی سەر باوەشی گەرمی
ئەگێرم چاوی بێ تینم بە تاریکیی شەوا سەرسام
نییە پرشنگی دوو چاوێ کە ڕووناکی بکا ڕێگام
بە غەیری باڵی غەمناکی
شەوی پڕ ترس و سامناکی
نییە یەک تۆزە ڕووناکی
نییە تەنیا پەریزادێ کە پاڵم پێوەنێ نازی
کە بەهرەی سیس و ژاکاوم ببووژێنێتەوە ڕازی
تریقەی ئەو تەمی ئەم یاسە رامالّی لەسەر چاوم
وەکو لای لایە ژیری کا دڵی منداڵی گریاوم
بەڵێ گوێ هەڵئەخەم، بێجگە لە خوڕەی سست و لێدانی
دڵی پەستم کە نووزەی دێ بە عاستەم ڕازی پەنهانی
نییە هەر دەنگی هیچ نایێ
لە هیچ شوێنێ لە هیچ لایێ
شەقەی باڵی شنەی بایێ

نەورۆز جەژنێکی نەتەوایەتیی کوردە و پەیوەندیی بەگەلی کوردەوە هەیە، ئەو نەورۆزەی کە گەل یەکی گرتووە و لە بەرابەری ستەمی ئەژدیهاکا ڕاپەڕیوە، ئەو ئەژدیهاکەی کە لاوانی

کوردی دەکوشت و مێشکی لاوەکانی دەدایە دەرخواردی مارەکانی سەرشانی تا خۆی و دەست و پێوەندەکانی زیندوو بمێنن و گەل لەناوچێ، کەچی نەیدەزانی لاوە نەبەزەکانی کورد سەرئەنجام یەک دەگرن و بەرێبەرایەتی کاوەی ئاسنگەر ڕادەپەڕن و کۆشکی زۆر و ستەم وێران دەکەن و مافی خۆیان لە ستەمگەران دەسێننەوە، ئەم مەبەستە ئەگەرچی ئەفسانەیە، بەلام هەر ئەفسانەیەک لەسەر ڕاستەقینە دانراوە، بۆیە هەردییش لەم پارچە هەڵبەستەدا ئەوەمان بۆ ڕادەگەیەنێ وەکو دەڵێ:

لە ڕابوردوویەکی دوورا ستەمکارێکی بەد کردار
گەلی کوردی لە ناسۆرا سزا دابوو بەزەبری دار
بەچەشنی گەردەلوولی ڕای ئەپێچا گیانی لاوانی
بەرەو قوڕگی چڵێسی ئەژدەهاکی پیسی سەرشانی
گەلێ مالی بەقوڕ گرت و گەلێکی کردە وێرانە
لە لای وا بوو کە بێشەی خالییە ئەم خاکی شێرانە
بەڵێ ئەو نەیدەزانی بێشەیەک ئاوا چڕ و پڕ بێ
لە شێر خالی نییە کاتێ کە زالم کاسەکەی پڕ بێ
بەڵێ کاتێ بەخۆی زانی کە نرکە و نەعرەتەی لاوان
بەسەرکردایەتیی کاوە و بەپشتی ڕۆڵە کوژراوان
دڵی هێنایە لەرزین و بەشی یەک تاقە هەڵمەت بوو
بەخۆی و ئەژدەهاک و تەخت و تاراجی لەت و پەت بوو
دەوا ئەمڕۆش کە شەش ساڵە کوڕانی کاوە هەستاون
لە ڕێی مافی خوراوا چەک بەدەست و سەر پێناون
ئەگەر بێ و ئەژدەهاکێکی تری دوژمن بەگیانی کورد
لە لای وا بێ کە شێری تیا نییە بێشەی ژیانی کورد
هەموو ئەو ڕۆڵە مەردانە کە پێش جەرگەی فیداکارن
لە بێشەی کوردەواریدا وەکو شێرێکی زامارن
سەری پیس ئەهاڕن بەهەزاران نۆکەرانی بێ
بەکەس قووت نادرێ ئەوی شێر پاسەوانی بێ

هۆنراوەکانی هەردی سەراسەر سروودی ئەوین و مەستییە و ئەو جگە لە ئەوین و مەستی ناتوانێ خەم و پەژارەیەک کە لە دڵ و دەروونیایە لە بیری باتەوە، دونیای ئەو دونیای خەم و پەژارەیە، نە لە بزەی گوڵدا نیشانی ئەمەگ هەیە و نە لە ناڵەی بولبولدا

ئاهەنگی هیوا، مرۆ ها وەسەر بێژنگەوە تا چاو بکاتەوە تەفروتوونا دەبێ، وە لە دونیایەکی وادا کە هیوا و ئومێد کەوتووەتە دەستی زۆر و ستەم، کام هاوەڵ هەیە کە وەکو ئەوین بێتە هاوەڵی مرۆ، ئەوەیە کە هۆنەر بۆ فەرامۆشی پەنا دەباتە ئەوین و بەدڵدارەکەی دەڵێ:

هەمـــوو رۆژێ لەبەر ســـەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە
لەســـەر رێیـــا ئەوەســـتم من هەتاکـــو ئاوی پێم دایە
بەدوو چاوێ کـــە شـــەوقی چاوەڕوانی ئەیتـــرووکێنێ
بەدوو چاوێ کـــە ســـرِی قـــووڵی لاوێتی ئەدرکـــێنێ
سـەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگە هەمـوو شـێوەی ئەوی تیـایە
وەکـــو دنیـــا لە ناو جـوانیی ئەوا تـوابێـــتـــەوە وایە
شنەی با باسی جـوانی ئەو بەگـــوێی مندا ئەچرپێنێ
هەمـــوو دەرکـــەوتنی شـــۆخێ دڵی من دائەخـــورپێنێ
بەڵام خـــورپەی تەواوی دڵ لەگـــەڵ هەنگاوی ئەودایە
کـــە ســـەرتاپا لە ئاوازی بەهەشـــتی خـــواوە پەیدایە
بەڵێ کاتێ کە ئەو دەرکەوت ئیتر من بێ سەر و شوێنم
بەتیشکی خۆری جوانیی ئەو بەجارێ قوڵپ ئەدا خوێنم

توانای هۆنەریەتیی هەردی لەوانەیە کە پێویستی بەلاساکردنەوە نییە و دەتوانێ بەهەر جۆرێ هۆنراو بهۆنێتەوە، ئەو لە هۆنراوەکانیدا لە ڕەنج و دەرد و سزا و دووری و بێ هۆشی دەدوێ و لە سروە و سۆزی بەیان و لە هەوا و نەوای دەروون دەدوێ کە لە هەموو دڵێکدا شارراوەتەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

بەدەستی خۆت کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە
ئەگـــەر زەهـریشی تێـدا بێ گـوناهی خـۆتە بیـزانە
هەڵە یاخـۆ گـوناهـت کـرد لە کـاتێکا کـە بێ هـۆشی
ســـزا و تاڵاوی هەرچی بێ ئەبێ وەک بادە بینۆشی
ئەگـــەر پیـــاویت و ئەیزانی کـــەوا ئۆبـاڵی کـــردارت
لە ئەســـتۆی وردی خـۆتایە ئیتـر بێ سـوودە هاوارت
چ ســـرێکت لە ناو دڵدا حـــەشـــار داوە بەپەنهـــانی
کـــە چـاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە درکـــانی

ئەزانم دڵ هەیە وەک مس کە ژەنگ دێنێ بەئاسانی
دڵی تۆ زێڕی تیزابە لە کوێوە ژەنگی هەڵهانی
هەتا ماوم لە دونیادا فریشتەی باخی ئاواتم
بەدڵ هەر چەشنی خەرمانە لە دەوری مانگی گۆناتم

ئەوا پارچە هەڵبەستێکی تری هەردی دێنین کە لەژێ سەردێڕی چەپکە گوڵێ بۆ ست فاتمە، هۆنیویەتەوە و ئەم پارچە هەڵبەستە لەگەڵ ئەوەدا پارچە هەڵبەستێکی دڵدارییە، بەلام لە ئەوپەڕی شیرینی و ڕەوانییەوە هۆنراوەتەوە، وەکو دەڵێ:

فاتمە دوو چاوی مەستت پڕ تەڵیسمی جوانییە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە
بەژن و بالاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە
لار و لەنجەت مۆسیقایە بەستەیە گۆرانییە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتمە
تاقە پڕشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە

***

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنها بۆ کوڕی خاوەن تەلار و ئانەیە
گیانەکەم ئەما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بەتەنها خۆشەویستیت شک ئەبەم ست فاتمە
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە

***

خۆشەویستی وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرز و ناسک وەک هەناسەی پڕ گوڵاوی دوڵبەران
نەک وەکو حەزکردنی دینار و گەوهەریەروەران
ئەو کەسانەی بۆ قرانێ چەندە دڵیان هەڵوەران
خەڵکی تر پارە پەرستی با بکا ست فاتمە
من بەتەنها تۆ پەرستی ئەوپەڕی ئاواتمە

***

زۆر کـــەڕەت هـانم ئەدا داخی دەروونی پڕ گـــڕم
بۆتی هـەڵڕێژم سکاڵای ناسکی گـــەرم و گـــوڕم
داخـــەکـەم وەخـــتێ کـــە دێمـــە بەردەمت واقی وڕم
وام ئەشـــێـــوێنێ بەجـــارێ نـایەڵی هـیچ دەربڕم
بووکی ڕازاوەی خـــەیاڵم گـــیـانەکـەم ست فـــاتمە
گـــوێیـــە بۆ ئەم ڕازە شل کـــەی ئەوپەڕی ئاواتمە

سەرچاوەکان
١- ڕازی تەنیاییی هۆنراوەی ئەحمەد هەردی - بەغدا ١٩٥٧.
٢- باغچەی شاعیران ،نووسینی عەبدولعەزیم ماوەتی و عەبدولقادر ساڵح - بەغدا ١٩٦٩.

حەمە ساڵحی دیلان

١٣٤٧ - ...

حەمە ساڵح، کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلان، کە نازناوی دیلانە لە ساڵی ١٣٤٧ی کۆچی لە سلێمانیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و دەوری سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و ئەوسا لەسەر کوردایەتی گیراوە و لە پاش ماوەیەک بەخشراوە و هاتووەتە سەر کارەکەی تا خانەنشین بووە.

دیلان بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و ئەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هۆنراو کردووە و لە تافی جوانیدا دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و زۆربەی هۆنراوەکانی کۆمەڵایەتی و نیشتمانین و لە ڕاستەقینەدا ئەو یەکێکە لەو هۆنەرانەی کە گۆرانیی تازەی نیشتمانیی داهێناوە و لە هۆنراوەکانیدا لە ئاشتی و بەختەوەریی بنیادەم دواوە و حەز لە شایی و خۆشی و هێمنیی خەڵک دەکا.

دیلان لە پارچە هەڵبەستێکیدا بەبەهارا هەڵدەڵێ و سروشتی جوانی بەهارمان بۆ دەخاتە بەرچاو کە چۆن تارای پۆشیوە و گوڵاڵە پیاڵەی بادەی خوێنینی خواردووەتەوە و نێرگس لەشی شۆڕ کردووەتەوە و وەنەوشە کڕنۆشی بۆی بردووە و ئاوی چەم و ڕووبار بەهاژە هاژ کەوتووەتە ڕێ و خونچەی گوڵاڵەکان لە باخ و چیمەندا دەمیان کردووەتەوە و پێ دەکەنن و پەلەوەرەکان دەچریکێنن وەکو دەڵێ:

وا بەهـار دیســـــان تـارای ئەپۆشێ
گـــوڵاڵە پیـــاڵەی خـــوێنین ئەنۆشێ

نێرگس ئەندام شۆڕ ڕەنگی زێڕینی
وەنەوشە کوڕنووش پەڕەی چین چینی
هاژە هاژەی ئاو، هاڕەی شەتاوان
بریسک و هۆڕی نزار و کاوان
تریق و هۆڕی خونچەی داری باخ
خوێندنی مەلی قەڵبەز و سەرشاخ
دەنگی شمشاڵ و بەستەی دڵفڕێن
تەنگ و چەڵەمەی زستان راو ئەنێن!
خونچەی درەختی ژیاوەی بەهار
شەریەتی لەسەر شەماڵی نزار
ئەو ئەڵێ شاباش لە گوڵاڵەی هەرد
ئەم ئەڵێ نەخێر بەشنەی بێ گەرد
گوڵان دێنمە لەنجە و هەڵپەڕین
ئەیانهێنمە گەشە و پێکەنین

***

دیلان لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریشدا دەستێکی باڵای هەیە و لە پارچە هەڵبەستێکدا کە لەسەر دێڕی «شیرین» هۆنیویەتەوە بەبەژن و باڵای دڵدارەکەیدا هەڵدەڵێ و ئەو بەتیشکی ڕۆژ و گەشەی ئەستێرە دادەنێ و لێوی بەهەنگوین دەچوێنێ و دەڵێ:

شیرین! بەستەی گوڵاڵەی سوور تریفەی مانگم
شیرین! گەشەی ئەستێرەی دوور گفتوگۆ و بانگم
شیرین! تیشکی ڕۆژی دەم کەل بۆ وێرانەی دڵ
شیرین! هاژە و جریوەی مەل بۆ وەنەوشە و گوڵ
شیرین! ئەو پەڕ جوانیی شێوەی نیگاری سروشت
شیرین! تۆ ئەو تاقە سێوەی کە فەرهادی کوشت
شیرین! تۆ بووی یەکەم بینین کارەبای نازت
چاو هەڵبڕین، زەردەخەنەت، سرووەکەی ڕازت
لێی شێوانم تەلی تاری هەڵبەست و خەیاڵ
بووم بەو مەلەی بێ لانەیە و زامدارە و بێ باڵ

ئیتر نە مانگ نە ئەستێرە نە گزنگی زەرد
نە فووی شمشاڵ نە قاسپەی کەو لەم بەردو لە بەرد
نە بریقەی شەونمی سەر چیمەنی قەراغ
نە خەندەکەی تازە خونچەی درەختانی باغ
نە کەروێشکەی دەغلی بنار نە هاژەی چاوە
نە ئەو بۆنە سەرمەستکەرەی چنوورە خاوە
نە کورنووشی سەوز و سووری پەلکەزێرینە
نە بەهارێ کە خەریکی عیشوە کرینە
نە تەبیعەت نە جوانییەکەی نە فەڕ و نرخی
جارێکی تر وای تەما بێ و خۆش بکا مرخی
وابزانی بەپەرەی گوڵ بەسیحری جوانی
راچڵەکێنێ ئا ئەو دڵەی کە تۆی میوانی
چونکی لەگەڵ هەر کامێکیان بەراورد بکرێی
تۆ پێی بەرزی بەرەو ئاسمان بەسەریا ئەنێی
ئەوسا منیش یا داخی دڵ تێر تێر ئەڕێژم
لەو هەنگوینەی گوڵی لێوت تۆزێ ئەچێژم
یا وەک بولبول هەر بەتەمای گەیین بەئاوات
بەرەو هیوا باڵ ئەکوتم بمبات و بمبات

دیلان زێد و مەڵبەندەکەی خۆی خۆش دەوێ، ئەو مەڵبەندەی کە باو و باپیری تێدا ژیاون، ئەو مەڵبەندەی کە بەخوێنی ئاڵی لاوان پارێزراوە، ئەو مەڵبەندەی کە وەکو بەهەشت وایە و هەموو جێ و شوێنێکی پڕ لە کێو و ماهـ و ڕەوەز و دار و دەوەنە و هەموو چەشنە پەلەوەر و ولساتێکی تێدا دەژی و جێی پشوودان و حەسانەوەی گەلی کوردە، وەکو دەڵێ:

کوردستان بەهەشتی زەمین
جێی تێکۆشان و ڕاپەڕین
مەڵبەندی کاوەی قارەمان
کوردستان، کوردستان

***

ئەی نەتەوەی کوردی دلێر
رۆڵەی نەبەرد و بێچووە شێر
هەستە هەستان دەرمانە بۆ
دەرد و ئازاری جەستەی تۆ
کوردستان، کوردستان

***

وا نەورۆزە جەژنی گەلە
ئاسۆ ڕازاوەی دەم کەلە
با نەورۆز و بەهاری کورد
پێ گەیێنین بەدەست و برد
کوردستان، کوردستان

بەرەی مرۆ هەموو وەکو یەکن و هیچ تۆفیرێکیان نییە، ڕەش، سپی، زەرد، سوور هەموو مرۆن و بەهەر زمانێک بدوێن تۆفیرێکیان نییە کەچی ئیمپریالیزم تۆفیر دەخاتە نێوانی نەتەوەکان بۆ ئەوەی خۆی بتوانێ لەم جیاوازییە کەڵک وەرگرێ و بەسەر خەڵکدا فەرمانڕەوایی بکا و دیلان ئەمە بەکردەوەیەکی ناشیرین دادەنێ و دەڵێ هەموو دەبێ وەکو برا ژیان بەرینە سەر، وەکو دەڵێ:

پیستم ڕەشە وەک شەوەزەنگ
لێوم ئەستوور لچم زەقە
نیگام ماتە وەک گۆمی مەنگ
بزەم نەرم و سەرم ڕەقە
من ئێستاش لە هەندێ جێگا
ڕەشیم مایەی قێز و بێزە
لەم کۆڵان بێ و لە ئەو ڕێگا
سپی لێم دوورەپەرێزە!
بەڵام من ئیمڕۆ شێرانە
پێم لە زەوی گیر کردووە
ئەنەرێنم دلێرانە
زراوی سپیم بردووە

من لە کۆنگۆ یا لە کینیا
ئەڵێم وەک سپی ئینسانم
دەنگم چوو بۆ بنی دونیا
ئیتر خۆم خاوەن فەرمانم

***

من ڕەنگم زەرد و لووت پانم
رووم پڕ بوو لە لۆچ و چرچی
تفت و تاڵ بوو گوزەرانم
بەری ژینم هەر بەکرچی
دوژمن ئەیبرد منی نەخۆش
جێی زۆربەم بەندیخانە بوو
دیلی ڕژێمی خۆفرۆش
بەشم توانج و تانە بوو
بەڵام ئیمڕۆ منی ڕەنگ زەرد
خۆم خاوەنی کاروبارم
سکم تێرە و دوورم لە دەرد
سەرفرازە لادێ و شارم
من بووم لە شەش یەکی جیهان
ئاواتم گرتە باوەشم
ڕەگی دوژمنم هەڵتەکان
بەزەبری شۆر و شۆڕشم
منم لە چین من ئینسانم
من ڕێکخەری ژیانم
فێرکردنە تێ کۆشانم
خۆم گەورەی نیشتمانم

سەرچاوەکان

١- پایزی جاران، هۆنراوەی حەمەساڵحی دیلان - سلێمانی ١٩٧٣.

٢- شەڕ و ئاشتی هۆنراوەی دیلان - سلێمانی ١٩٥٤.

٣- کوندەپەپووی شەڕ، هۆنراوەی دیلان - سلێمانی ١٩٥٤.

٤- دیلان شاعیر و ئازادیخواز، نووسینی دڵشاد عەلی - بەغدا ١٩٨١.

کامەران موکری

١٣٤٩ - ١٤٠٦

محەمەد، کوڕی ئەحمەد تاها کە بەکامەران موکری ناسراوە لە ساڵی ١٣٤٩ی کۆچی لە سلێمانیدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و ماوەیەک قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عەرەبی و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسیی خوێندوون و لە تافی جوانیدا گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە و چووەتە ڕیزی ئازادیخوازەکان و لە پاشا لە لایەن دەوڵەتی پادشایەتییەوە گیراوە و گەلێ ئەشکەنجە و ئازاری دیوە و لە پاش پووچبوونەوەی ئەو دەوڵەتە ئازاد بووە و لە کاری میریدا دامەزراوە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤٠٦ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیواندا نێژراوە.

کامەران موکری بەیەکێ لە هۆنەرانی ئازادیخوازی کورد دێتە ژمار، ئەو لە بۆتەی ژیانی سەختی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا بەگیانێکی پاکی کوردانەوە پەروەردە بووبوو، بۆیە هەموو دەم خەمخۆری گەل و نیشتمان بوو، و لە بەرابەری زۆرداران و ستەمکارانا ڕادەوەستا و، وە هۆنراوەکانی ئەو سەدان لاوی کوردیان هێنایە جۆش و خرۆشەوە. تا ئێستا چەندین کۆمەڵە هۆنراوی بەناوانی: « دیاری، ئاگر و ژیلە، گوڵ و ئەستێرە، گوڵاڵە سوورە، ئاوات و ڕەنج» چاپ و بڵاوبووەتەوە.

زۆربەی هۆنراوەکانی کامەران نوێن و لە هۆنراوەکانیدا لەو شتانە دواوە کە لە ناوجەرگەی کۆمەڵەوە هەڵقوڵاون. ئەو لە بارەی پیاهەڵدان و وێچواندنیشەوە دەستێکی بەرز و بالای هەبووە بەتایبەت لە: «هۆنراوی شەپۆلی زێڕ»دا باسی جوانیی سروشتمان بۆ دەکا و لەوەدا دیمەنی چیا و کێوە ڕەنگینەکان و داوێنی کەژی ڕازاوە بەنێرگس و گوڵمان بۆ دەکا و ئەوسا دەمانباتە سەر ئەوەی چۆن گزنگ لە ناو کۆشی چەمدا ئارام دەگرێ و ئەوسا گزنگەکانی دەدا لە چەم و دۆڵەکان و بەهەڵهاتنی خۆر ئاسمانیش ئەستێرە زێوینەکانی ڕووی دەسڕێ و ئیتر بەچاو نابینرێن و ئەوسا دەمانباتە سەر دیمەنی شەو بۆ خنجیلانەیی کە لە سێبەردا پێکەنی و سەری هەڵبڕی، چونکە شەوەزەنگ بەسەرچوو بوو و، ئەوسا خۆرهەڵات و تیشکەکەی سزگێنی بەیانیان بەهەمووان ڕاگەیاند.

ئەو گراو و سەوداسەری دەشت و چیای ڕەنگینی کوردستانە، گراوی ئاسمانی شین و ئەستێرەی زێوییە، گراوی بەندەنی مەڵبەندەکەیە، ئەو مەڵبەندەی کە زۆربەی گەل بەهۆی زۆر و ستەمی ملهۆرانەوە ڕەش و ڕووت و ڕەجاڵن و بۆ بەختی ڕەشی خۆیان دەناڵن و بەملاو بەولادا عەودالن، وەکو دەڵێ:

چیای ڕەنگین...
داوێنی کەژ، نێرگس و گوڵ
گزنگ لە ناو کۆشی چەما، ئارامی گرت
ئاسمانی شین...
ئەستێرەی زێوی ڕووی سڕی
شەوبۆیەکی خنجیلانە
لە سێبەرا
پێکەنی سەری هەڵبڕی
بۆ تیشکی خۆری گەرموگوڕ
دڵۆپی قەڵبەزەی وەک چوڕ
چاوی هوزار
شنەی شەماڵ، سروەی نازدار
چەمی بزێو
***
هوزاری چەم
فڕی، فڕی تا هەور و تەم
خۆر، لە ناو پەلی درەختا
وەک بگەڕێ بەدوای بەختا
سەرەتاتکێی ئەکرد لە گوڵ
کەوتە شنەشن پۆپی چڵ
بەردی کەنار خۆیان ئەشت
ئاوی خۆر مرواریی ئەڕشت
شەونم لە (خۆر ماچ کردنا)
زەرد هەڵگەڕا،
لە چیمەنا پۆری نەرمین
بەلەنجەولار، ڕەوتی شیرین
چیای ڕەنگین
پەڕەی گوڵاڵەی ناسکۆڵە

شەماڵ هێنابووی، لەو دۆڵە
تاڵ تاڵی گوڵی تەڕی خاو
گەڵای پاراو
خونچەی تەڕ، بەشەونم و ئاو
دایان پۆشیبووم وەک پەرَی
چرۆ، لە جێی خۆی ئەوەری
چاوم لێک نابوو، گوڵی سوور
لە دەورم فەرشی بێ سنوور
پەنجەی هێنا،...
کچێکی جوان
نەرم و نیان
پێڵۆمی جوولان بەنەرمی
سەرنجی دامێ بەگەرمی
وتی: گیانە،
وتم: ئەی فریشتەی جوانی
(مژدەی خۆشی و کامەرانی)
باڵی ئالآن لە گەردنم
گەردنی...! کاڵ وەکو هەتاو!
پرچی زەردێکی نەرم و خاو...
چاوی کانیی هەستی شیرین
پرشنگی وەک ئەستێرەی شین
وتم خۆشم ئەوێی بەدڵ
وەکو شەماڵ بۆ پەڕەی گوڵ
وتی: کوا بەرگی ڕەنگاوڕەنگ
: (منی هەژار بەرگم شیتاڵ)
وتی: ئەی گۆرانی و ئاهەنگ
وتم: کسپەی دڵ و دەروون
– : کوانێ ئاڵتوون؟

وتم: نیمە!

– : کوا کۆشکی بەرز و کوا تەلار؟

وتم: کۆشکم وا لەوێوە منی هەژار،

پەنجەم درێژ کرد بۆ چەمێک

کۆختێکی تاریک و نووتەک

زریکانی و ڕووی وەرگێڕا

ئەو جامە ئەشکەی دای نابوو

پیاما ماڵی (قلّپ) ڕژا

خۆی هاوێشتە شەپۆلەوە

(شەپۆلی زێڕ)

دڵی کرد بەقوربانیی ئەو

لە بیرم چوو، وە بوو بەخەو

کامەران لە هۆنینەوەی هۆنراوەکانیدا گەلێ وشەی پەتیی کوردیی بەکاربردووە و لە بەکارهێنانی وشەدا شارەزایەکی تەواوی هەیە و وشەکانی لە جێگەی خۆیدا بەکار دەبا، با چاوێ بخشێنینە ئەم هۆنراوانە کە لەسەر دێڕی دیاریی نەورۆز هۆنیونەتەوە، ئەو نەورۆزەی کە کورد شانازیی پێوە دەکەن و کاوەی کورد بەسەر دوژمنا سەرکەوت، وەکو دەڵێ:

بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپک

لە نێرگس و گوڵی ناسک

ئەکەم بەدیاریەکی جوان

بۆ گەلی کوردی قارەمان

(گوڵاڵە سوورەی پارچەی دڵ)

(هی دڵێک کە کەوتە ژێر گڵ)

دڵی ئەو لاوەی بۆ میللەت

جەڕانیان لە گەردنیدا پەت

چرای گیانیان کوژانەوە

شەماڵ جەستەی شەکانەوە

ئەم چەپکە گوڵەی من پێشکەش

بەوەی (گڕ) دەگرێتەوە باوەش

بەو لاوانەی کـــــــە، بۆ وەتـەن
لە خـــــەباتا پشـــــوو، نادەن
(بۆ ژینی کورد، بوون بەپێشەنگ)
بوون بەمـەشـخـەڵی شـەوەزەنگ

***

نێـرگـسی دەشـتی هیـوای ژن
کــە، بۆ، ڕۆژێک، تێ ئەکـۆشن،
جـەرگیـان بەسـەر، دڕکا، نەدەن
ئەگـــریجــە، دەسکەنە، نەکــەن
ڕۆژێک بێ کـۆرپەڵەی ڕووخـۆش
- زۆردار - دەیفـڕێنێ لە کـۆش
ئەم چەپکە نێـرگـســەی ژیان
پێشکەش بە تۆ، بێ دایە گیـان
بـەتـۆ و بـەو ژنـانـەی دوژمـن
کـوڕە، گـەنجـەکـانی کـوشتن

***

گـــوڵە زەردی کــــوڵمی هەژار
کـە (وەریوە) بەقــامـچی و دار
پێـــشکەش بێ، بەهاوڕێی پاڵە
بـــەوەی ژیـــانـــی لا تـــاڵـــە
بـەهـەزارانـی شـــــــــار و دێ
بەبێ کـــەســانی ســـەرە ڕێ

***

ئەم گـــــوڵانە، ئەم سێ چەپکە
کــــــە پـەڕەیان، تـەڕ، ناسکە
لە یەک دەشـتــا، یەک چیـمــەنا
لــە نـــاو دەروونـــی وەتـــەنـــا
هەر لە یەک جۆگەلەی یەک جوێن
مـــــڕیویانە، دڵۆپی خــــوێن

***

دوای پێشکەشکردنی دیاریم
ئەڵێم (بێ شک) کوردەواریم
ئەی نەورۆزی هەزار ساڵە
لێی هەڵدێت، شەبەقێک ئاڵە

کامەران هەروەها لە دەربڕینی سەرنجی ورد و وشەی جوان و واتای قووڵدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، وەکو لەم هۆنراوانەدا ئەوەمان بۆ دەردەخا کە بای شەماڵ لقوپۆپی دارودرەختەکان دەلەرێننەوە و گزنگی هەتاویش خۆی دەکێشێتە ناو بنی درەختەکەدا کە دەتوت بەدوای بەختا دەگەڕێ و گەڵاکانی لە خۆشییا دەکەونە سەما و هەڵپەڕکێ، وەکو دەڵێ:

خۆر لە ناو پەلی درەختا
وەک بگەڕێ بەدوای بەختا
سەرەتاتکێی ئەکرد لە گوڵ
کەوتە شنەشن پۆپی چڵ

کامەران یەکێ لەو هۆنەرانەیە کە لە قوتابخانەی سروشتی کوردستاندا پێ گەیشتووە، بزانن چەندە جوان بەبەهارا هەڵدەڵێ و جوانییەکانی بەهارمان پێ پیشان دەدا و تیشکی خۆر لە دەمەدەمی بەهارا وەکو زێڕی خاو بەناو ئاوی چەم و ڕووبارا دەتوێتەوە و گوڵەکان سەر لە خاک دەردەهێنن و چیا و دەشت و دۆڵ پڕ دەکەن لە بۆ نوبەرامە، وەکو دەڵێ:

بەفری خەمگین توایەوە ڕەنگی گوڵم ناچێتەوە
خونچە تارای سووری پۆشی و گەردنی ناشکێتەوە
وەک چلوورەی ڕۆژی زستان ئەم گوڵەم ناتوێتەوە
تیشکی خۆر ورد، وردە هەر وەکو ئاڵتوونی خاو
توایەوە ناو ئاوی چەم، هەستا لە چەم پرشنگی ئاو

***

تاشە بەفری لووتکە هەر وەک، لەشکرێک (بێت و) بەزێو
تیشکی زێڕینی بەهار، دوای کەوتووە بیکا بەزیو
بیرژێنێتە دەمی چەم، ڕای بدا تا جەرگی شێو
وا گوڵاڵە شەونمی نواند بۆ مەلانی نەرم و نۆڵ
بوو بەئاهەنگ لەو چیایەی دوێنێ مات بوو چۆڵ و هۆڵ

***

ورده بەفری سێبەری مەڵبەندی بەرز تاسێکی سوور
نەرمە پرشنگی گزنگی تێکەڵاو، وەک ورده نوور
هەر ئەڵێی تاسێکی ئاڵتوونە و لەسەر گەردن بلوور
سوخمە (گوڵ) سەرپۆش تەمی نەرمی تەنک
بوو بەملوانکە ملی کەژ، ئاوی بەفراو تک بەتک

کامەران بەپێچەوانەی هۆنەرانی کلاسیک هۆنراوی دڵداریی زۆر کەمە و زۆربەی هۆنراوەکانی سروشتی و کۆمەلایەتی و نیشتمانین، دیارە لاسایی هۆنەرانی پێش خۆی نەکردووەتەوە و کەمتر وشەی بێگانەشی بەکاربردووە و بەڵکو زۆربەی ئەو وشانەی کە بەکارهێناون کوردییەکی پەتین و بەزۆرەملێش هۆنراوی نەهۆنیوەتەوە و هۆنراوەکانی تا بڵێی شیرین و ڕەوانن و ئەمەش چەند هۆنراوێکی تری کامەران کە دەڵێ:

ئەی کورد گیانی خۆم لەلا شیرینە
وا ئەیدەم بە تۆ، نەڵێی بەخشینە
چونکە هی خۆتە کوا گیانی منە
تۆ نەبی ژینی ئێمە مردنە
با ئەم لەشەی من بێت بەخۆڵەمێش
گلێنەی دوژمن بهێنێتە ئێش

***

توانەوەی سەهۆڵ، گەشانەوەی گوڵ
لەرەی شێنەیی گەلا و پۆپی چڵ
بەتەنیا گەرمی و جۆش نادەن بەدڵ
کاتێ دڵی من دەگەشێتەوە
کە بەفری خەمی کورد بتوێتەوە

***

ئاگر بەنەختێ ئاو کوژایەوە
گوڵ بەبای پایز سەری نایەوە
بەلام ژیلەمۆی تێکۆشانی کورد
دوای هەزاران ساڵ هەڵگیرسایەوە

***

کەوتوومە ڕێگا لەگەڵ کاروانا
پاداشتم ناوێ لە تێکۆشانا
تا دڵ لێ بدا و خوێنم تیا ما بێ
بۆ کورد ژیانم هەر ئەبێ وابێ
بەسووتاندنم ڕێگە ڕۆشن بێ
با ئاگر بەشی ئەم لەشەی من بێ

***

ئەی خاڵۆ گیان من ڕەنجبەرم
بۆیە ئێجگار کوردپەروەرم
با هەر گۆرانییەکەی جاران
بڵێینەوە بۆ کوردستان
(ئەو کەسەی لە مردن ترسا)
(لە کاروانی خەبات جێما)

کامەران جگە لە هۆنینەوەی هۆنراو، گەلێ چیرۆکیشی نووسیوە کە لەوانەدا بۆمان دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک هونەری تێدا نواندوون و لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە توانایەکی بەهێزی لە چیرۆکنووسیدا بووە و یەکێ لە چیرۆکەکانی ئەو ناوی کۆتەرە خەڵوزێکە کە زۆرداری و ستەمکاری ئاغا دەگەیەنێ و هەروەها وێنەی دارکاریکردنی ئەو لاوەیە کە لە ڕووی ئاغەدا وێستا بوو و، کاتێ داوای لێ کردبوو کە ڕێگری و جەردەیی بۆ بکا و خەڵک ڕووت کاتەوە، ئەویش ملێ پێ نەدا، ئەوەبوو نۆکەرەکانی هان دابوو کە بەقەمچی تێی بەربن و لە پاشانیشدا کەندەلانێکی بەسەردا دەڕووخێنن تا شوێنەواری تاوانەکەیان بشارنەوە. وێنەیێ تری ئەم چیرۆکە لە ماڵی مام حەسەنەوە دەست پێ دەکا و ئاغە دەیەوێ کچەکەی مام حەسەن بۆ ڕەسووڵی گزیری بخوازێ و ئەم ڕەسووڵە دوو ژنی تری خۆی کوشتبوو لەسەر شتی بێ نرخ، مام حەسەن کە ئەمەی بیست بڕیاری دا سەری خۆی هەڵگرێ و دێیەکە بەجێ بێڵێ، بەڵام پیاوەکانی ئاغە بەمەیان زانی و ئەو شەوە ماڵەکەی مام حەسەنیان سووتان و بەم جۆرە کوڕیە ساواکەی مام حەسەنیش بووە کۆتەرە خەڵوزێک. ئەمەش دەقی چیرۆکەکەی کامەران کە دەڵێ:

«قامچی بۆ جێییەک ئەگەڕا لەسەر پشتی کە نەیدیبێت، بەڵام نەبوو، مەچەکی قامچی بەدەستەکان بەجۆرێ شل بووبوو لەوانە بوو بکەوێتە خوارێ سەری ئەو بەسەرزمانە ئەمەندە هەڵتۆقی بوو بەجارێ، هەموو سەری هەڵتۆقی بوو. لە دۆڵێکی قووڵا، لەناو باوەشی چەند

کەژێکی لووت بەرزا، لە کاتێکدا ڕۆژ هێشتا هەر لە خۆ کوتانا بوو تا خۆی بگەیێنێتە لووتکە و هەڵبێت. لە دۆڵێکی قووڵا دوور لە ئاوایی... ئەو بەسەزمانەیان سزا دەدا. بەجامانە شرەکەی خۆی هەردوو دەستیان لە پشتەوە بەستبووەوە. ئەمەندە بەدار ماڵرابوو بەتەپڵی سەریا، هەردوو چاوی ئەبڵەق بووبوون، کەفی دەمی لەگەڵ خوێنیا بەتێکەڵاوی دەڕژایە بەردەمی و قوڕی دەگرتەوە. ئەو قڵیشە بەردە نەبووایە کە هەر دوو ئەژنۆی هاڕاوی تێ ترنجابوو بێ گومان قاچی دەمێ بوو دەپەڕی. لە دۆڵێکی قووڵا. لە دارستانێکی کپی چرا. ئەو گەنجە جووتیارە بەسەزمانەیان بەو دەردە دەبرد، دار لە دوای داریان تیا دەشکانەوە و قامچی لە دوای قامچیان تیا دەپچڕان. وەک کپی دۆڵەکە، ئەویش دەنگی کپ بووبوو... نووزەی لێوە نەدەهات. خوێنی بەهوروژم لە پشتی دەڕژا. لەگەڵ زیرەی قامچیدا خوێن لە بلق و ئاوساویەوە فوارەی دەبەست. بەرە بەرە ڕۆژ نزیک دەبووەوە لە لووتکە تا هەڵدێت شەو لەگەڵ سزای ئەو هەژارەدا تێکەڵ دەبوو لە خۆی دەدا و خۆی دەکوشت و خۆی دەشاردەوە.

***

بوەستن با نەتانکوژین.

ئەم دەنگە ئێمەی وەستان. هاوڕێیەکەم رووی تێ کردم و لێوی هەڵقرچان، منیش تێی گەیشتم کە مەرامی ئەوەیە ئێمەش بەو دەردە دەبەن. لوولەی دوو سێ تفەنگ ڕووی تێ کردین، لەو دۆڵە قووڵەدا دەنگێ وەک گولله شریخەی هات و نالانی: نیازتان چییە؟ دەتانەوێت ڕزگاری کەن. ئێمەش هیچ ورتەمان لێوە نەهات. سمێڵ شۆڕێکی لەش نیشتووە سەر ئارەق، لێمان نزیک بووەوە وتی: ڕووت بنەوە.

هاوڕێیەکەم کە لادێییەکی گەنج بوو و نیازی وابوو ڕووت نەبێتەوە... بەڵام من وام بەباش زانی ڕووت بینەوە چونکە پیاو لە جێی وادا کە هیچ چارە و دەسەڵاتی نەما، جلەکانی بکا بەقوربانی گیانی نەک گیانی بەقوربانی جلەکانی. ڕووت بووینەوە.

سزاکێشە دارکاری کراوەکەیان کردەوە، زۆر هەوڵیان دا ڕاستی کەنەوە و بهێننە سەر پێ، بەڵام بێ سوود بوو. چونکە هەر لەو ساتەوە کە دەنگی نەمابوو... مردبوو بردیانە نزیک چاڵێکەوە و لەقەیەکیان لێ دا و کەنگەلانێکیان بەسەرا ڕووخان

ڕۆژ سەری لەکەل هێنایە دەرێ و ئەو دۆڵە قووڵە کەمێک ڕووناکتر بووەوە. من و هاوڕێکەم کەوتینە ڕێ. هاوڕێیەکەم بەجامانە چڵکنەکەی فرمێسکەکانی سڕی و وتی: بەگریان هیچ ناکرێت دەبێ تێ بکۆشین... ئینجا ڕووی کردە ڕۆژ وتی: ئەوانە خۆیان بەکوڕی ڕۆژ دەزانن، بەڵام ڕۆژ نازێت... منیش چمکێکی پشتێنەکەم گرت و دەموچاوی

بەفرمێسک نەک هەر تەڕبوو بەڵکو نەرم بووم پێ سڕی. هاوڕێیەکەم وتی: ئەو کوڕە دەناسیت کە بەو دەردەیان برد؟ وتم نەء بەڵام بۆچی وایان لێ کرد، وتی: لەسەر نەء.

– لەسەر نەء

وتی: بەڵێ ئاغا فەرمانی دابوو کە ئەو نەوجەوانە ببێتە چەتە و ئەو گەروو دۆڵەی بۆ بگرێ و خەڵکی ڕووت کاتەوە و بیانکوژێت... ئەویش وتی نەء... ئەوە ناکەم... جا ئەوەبوو پاداشی نەء...

لەگەڵ شنەی شەماڵ و دەنگی مەلا گەیشتینە ئاوایی.

***

چووینە ماڵی مام هەسەن... ماڵی مام هەسەن تەنیا ژوورێکی تاریک بوو. لە قوژبنێکی ژوورەکەدا ژنەکەی مام هەسەن بەدەستێکی سنگی دادەپۆشی، چونکە جلی بەبەرەوە نەبوو، وە بەدەستەکەی تریشی بێشکەی مناڵەکەی ڕادەژەن. خاتوون بەدەم لایلایەوە فرمێسکی دەڕشتە سەر دەسە نەرمەکانی ساواکەی وە هەر لەگەڵ دڵۆپێکدا و جارێک ئەو مناڵە بەسەزمانە ڕادەپەڕی.

لە قوژبنێکی تری ژوورەکەدا کچێک دانیشتبوو چۆکی خۆی گرتبووە باوەش و خۆی ڕادەژەند. ئەو کچەکەی مام هەسەن بوو (خانم). خانم هەردوو چاوی بڕیبووە ئێمە وەک ڕزگارکەری بین لە سزایەکی یەجگار سەخت. خانم جوانییەکی بێ ئامان لە ژێر چڵکی دەموچاوی و لێوی هەڵقرچاوی و چاوی خەم تیا شکاوی و پێی تەپاڵاوی کرێشاویا خۆی مەڵاس کردبوو. کچێک بوو لە تافی گەنجیا... پەنجەکانی لەگەڵ زبریشیان لە زۆر ئیشکردنا ڕێکوپێکترین پەنجەی ناسکی کچۆڵەی دڵفرێن بوو. لەولاشەوە مناڵێک دانیشتبوو، وا دیاربوو لەوە وەرز بووبوو چڵمەکەی بسڕێ، یان کڵاوە شڕەکەی لەسەر چاوی لابەرێ، چونکە چڵمەکەی تا ناودەمی هاتبوو کڵاوەکەشی تا سەر چاوی. مام هەسەنیش چاوی بڕیبووە بنمیچە ڕەشەکە و دەسی دەهێنا بەڕیشە ماش و برنجەکەیا وەک سەرکردەیەک بێت و بیر لە ڕزگاربوونی لەشکرە ئابلۆوقەدراوەکەی بکاتەوە.

مام هەسەن وتی: هەر تا شەوێ سەلامەت بین ئەوسا، کارێکی وا دەکەین بۆی دەرچین. سەر دەرکەین ماڵ بسیارە – کە مام هەسەن ئەمەی وت لەگەڵ ئەو هەموو خەمەی خۆما... پێکەنینم دەهات... چونکە ماڵی چی؟ ماڵی چی بسیار بێت. ماڵ و ناوماڵیان هەر کۆیانە شڕێکی کەرە شینی تۆپیوو چەن پەڕۆ شڕێک و لبادە شڕێک و لەگەنێکی ژەنگاوی و هەندێ شتی لەوانە بێ نرختر بوو. مام هەسەن بۆیە نیازی هەبوو کۆچ بکات، چونکە ئاغا فەرمانی دابوو کە خانمی مام هەسەن، گەنجی جوان بدرێت بەڕەسووڵی سەرکاری.

ڕەسووڵ کێیە؟ دڕندەیەکی بەد فەسالی کونج کونجی شەلی پیرە... ڕەسووڵ ئەو پیاوەیە کە هەموو ئاوایی دەزانن لەسەر گۆزەیەک کە شکابێت یان بزنێک قاچی وەرگەڕابێت، یان کاسە دۆیەک ڕژابێت دوو ژنی خۆی کوشتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە قسەی خۆشی (وەحە و چقە و بۆگەنە)یە و لەجیاتی هەموو ڕووخۆشییەکیش مووچەی دارکاریی هەیە بۆ ژنەکانی. ڕەسووڵ: پیس، دڵ پیس. ڕەسووڵ: کەرتر، جنێوفرۆش، نەزان دو، زۆردار بوو. ئا لەبەر ئەوە بوو ئەو هەژارانە دەیانویست ئەو جێیە بەجێ بێڵن کە باو و باپیریان چاویان تیا کردووەتەوە... ئەو جێیە بەجێ بێڵن و خۆیان بەدەم لافاوی نەبوونی ئێجگار نەبوونی و برسیەتی و یەجگار برسێتی و ترسی یەجگار ترس و سزای یەجگار سزاوە.

شەو باڵی ڕەشی وەک واشە دا بەسەر دێدا، ئەستێرەکان زۆر بەگوڕجی دەجریوانەوە، وەک چرپە چرپ بکەن دەربارەی مەسەلەی مام هەسەنی هەژار کێوەکان بێ دەنگ و مات چۆکیان دادابوو، هەروەک بیر لە زۆرداری و سزای ئەو هەژارانە بکەنەوە. ئاوەکان ناڵەناڵیان دەهات هەروەک ببۆڵێنن و هەڕەشە لە زۆرداری بکەن.

سەگەکانی ئاوایی لوورەی پڕ بەزەیییانەیان لە لالانەوە دەچوو. شەماڵ دەسی دەهێنا و بەئەگریجەی درەخت و بەڕوومەتی گوڵا وەک دڵخۆشییان بداتەوە لەم ژیانە تاڵەدا. درەختەکان دەشنانەوە هەروەک سەری پەستی ڕادەوەشێنن لە داخی ئەو هەموو زۆردارییە. بووکی سرووشت مات و غەمگین بوو هەروەک (خانم)ی ئێمە.

لەپڕ... لەم کاتەدا... ناڵەی گوللەیەک هات...

لەپڕ... لەم کاتەدا ماڵی مام هەسەن ئاگری تێ بەربوو... ئاگری تێ بەربوو لە هەموو لایەکەوە.

هەموو شپرزە بووین، شڵەژاین... ڕامان کرد... لە ترسی گوللە خۆمان دایە پاڵ بەردەوە، خانوو کولۆکوێ دامردەوە... سووتاو بوو بەخۆڵ. لەم کاتەدا... لەم کاتەدا کە خانوو ئاگری تێ بەربووە و دووکەڵ بەرەو ئاسمان دەکشێ، لەم کاتەدا زریکەی گوللە و هاواری ژنان و دەنگە دەنگی خەڵکی و گریانی پیرێژنان و منداڵان تێکەڵ یەک بووە، دەنگێک، دەنگێکی بەسۆزو یەجگار بەسۆز، ئێجگار جەرگبڕ، جارجار جەرگی دەنگەدەنگی دەدڕێ و خۆی دەدا لە گوێ، ئەو دەنگەش دەنگی دایکێک بوو هاواری دەکرد (مناڵە ساواکەم، ئاخ بمگەنێ، هاوار کۆرپەکەم سووتا، فریاکەون).

چەن مناڵێکی تریش لەگەڵ مام هەسەندا سووتان... کوڵ و کۆیان دامردەوە و بوون بەژیلەمۆ، شەماڵ کەوتە فڕاندنی و دابەشکردنی بەسەر دار و بەرد و گوڵ و گەلا و کەژ و چیادا، ئەنجا گوللە بێدەنگ بوو، دەنگەدەنگی زیاتر بوو. کە لەپڕ ئاوڕم دایەوە... چی ببینم...

کاشکا هەر نەمدیایە؟... با... ببینم تا چاک زۆر چاک یەجگاری، زۆر بەتاو قین هەڵگرم لە دەرەبەگی.

چی ببینم؟ کۆتەرە خەڵووزێک بەباوەشی خاتوونی ژنی مام هەسەنەوە، بەڵێ کۆتەرە خەڵووزێک بەڵام ساتێ لەوەوپێش ساوایەک، کۆرپەیەکی خۆشەویست، گۆشت و خوێن و گیان بوو... ساتێک لەوەوپێش ڕایان دەژەن و لایەلایەیان بۆ دەکرد... بەم جۆرە ماڵی مام هەسەن سووتا و بەم جۆرە ئەو ساوا بەسەزمانەی ئەو دایکە بەسەزمانە بوو بەکۆتەرەیەک خەڵووز. خەڵکی دێ هەموو ئاگریان لە چاو دەباری، دەسووتا و سووتێنەر بوو... ڕیش سپییەکی پیری کۆماوە کە لەبن درەختێکدا خۆی دابوو بەسەر گاڵۆکێکدا و ڕیشی بەدووکەڵە زەردبووەکەی بەفرمێسک دەشت وتی:

پەنا بەرینە بەر کێ؟ بێ گومان دەبێ هەر پەنا بەرینە بەر میللەت... بەر هەق... بەر تێکۆشین... تێکۆشکانێکی خوێنین...».

سەرچاوەکان

١- ئاشتی هۆنراوەی کامەران موکری - بەغدا ١٩٥٤.
٢- ئاگر و ژیلە، هۆنراوەی کامەران موکری - سلێمانی ١٩٥٨.
٣- ئاوات و ڕەنج هۆنراوەی کامەران موکری - سلێمانی ١٩٦٨.
٤- دیاری، هۆنراوەی کامەران موکری - بەغدا ١٩٥٧.
٥- شانازی - کامەران موکری - سلێمانی ١٩٥٨.
٦- گوڵاڵە سوورە، هۆنراوەی کامەران موکری - سلێمانی ١٩٥٩.
٧- گوڵ و ئەستێرە، هۆنراوەی کامەران موکری - سلێمانی ١٩٥٩.
٨- ڕۆژنامەی ژین - ژمارە ١١٠٣ ساڵی ٢٧ی ١٩٥٢.
٩- ڕۆژنامەی ژین - ژمارە ١١١٤ ساڵی ٢٧ی ١٩٥٢.
١٠- ڕۆژنامەی ژین - ژمارە ١١٢٤ ساڵی ٢٧ی ١٩٥٢.

خالد حیسامی (هێدی)

١٣٤٩ - ...

خالد، کوڕی حاجی حەمە ئاغای دێبوکری کە شۆرەتی حیسامی و نازناوی هێدییە لە ساڵی ١٣٤٩ی کۆچی لە دێی شێخالی سەر بەسابلاخدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە سابلاخ و دەوری سەرەتاییی لەوێدا تەواو کردووە و لە پاشا دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و خەریکی کشتوکاڵ بووە و پاشان لەسەر کوردایەتی ماوەیەک ئاوارەی کەژ و کێوەکان بووە و لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران گەڕاوەتەوە نیشتمان.

هێدی هەر لە منداڵییەوە هۆنراوی هۆنیوەتەوە، لە وتووێژێکدا کە لەگەڵی کراوە دەڵێ: ئەو دەمەی کە لە قوتابخانەدا بووم هەستێک بەلای هۆنراو و وێژەدا دەیکێشام و لە هەر جێیەک هۆنراوی هۆنەرێکی باش دیارە بەخەیاڵی خۆم بەتایبەتی هۆنراوی هۆنەرە ناسراوەکانم وەدەست دەکەوت لەبەرم دەکرد و لە هەموو دەرفەتێکدا هەزاران جار دەمگوتەوە، وە یەکێک لەو هۆنەرانەی کە هۆنراوەکاینم بیستبوو و، لەبەرم کردبوون وەفاییە و پاشان خۆم دەستم کردە هۆنراو هۆنینەوە و هەندێ لە هۆنراوەکانم لە گۆڤارەکاندا بڵاوبووەوە.

زۆربەی هۆنراوەکانی هێدی لەسەر شێوەی کۆن و تازە دایە و ئەو پتر لە سەر ڕێ و شوێنی وەفایی ڕۆیشتووە و گەلێ وشەی کوردیی پەتی لە هۆنراوەکانیدا بەکاربردوون و هۆنراوەکانی هەتا حەزکەی تەڕ و پاراو و شیرینن، وە لە چەشکەی هۆنراوی کۆن و نوێ بەشداره و هەندێ جار مەبەستێکی کۆنی لە قاڵبێکی تازەدا داڕشتووە و زۆربەی هۆنراوەکانی دڵداری و سروشتی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانین. یەکێک لە ڕەوشتە باشەکانی هێدی ئەوەیە کە کەمتر وشەی فارسی و عەرەبی لە هۆنراوەکانیدا بەکاربردوون، بەڵکو لە وشەی ڕەسەنی کوردی کەڵکی وەرگرتووە.

هێدی سروشتی نیشتمانەکەی خۆش دەوێ و، هەر ئەو سروشتە جوانە بووە کە مرخی هۆنەریەتیی ئەوی بزوواندووە، بۆیە بەم چەشنە ستایشی دیمەن و چاوەندازی نیشتمانەکەی کردووە و دەڵێ:

چەند لە خونچەی بەربەیانی جوانە زەردە و پێکەنین
بۆ نەمانی بەژنی تۆ سەد هێندە چۆپی و هەڵپەڕین
دیمەنی شیرین و کولمی سوور و بەژنی ڕێکوپێک
کەس تەماشای تۆی نەکرد وەک من کە نەیگوت ئافەرین

گـوێت لە من بگرە گـوڵم تاكـو بەكـوردی پێت بڵـێم
باسی كـوردوسـتـانی گەورە یان بەهەشـتی سـەرزەمین
لەشكری بای وەعـدە هـات و تەپڵـی شـادیی گـرتە دەس
نـایە بەر پێ شـاخ و هەرد و كـەویە بەفـری هەڵدڕین
ئاوەچۆڕەی كـەوتە بن بەفـری نواڵە و شـیـو دۆڵ
تك تكەی دەڕژێت و دەترووسكێ وەكـو دووری سـەمین
خـاكـە لێـوە هات بەئـالای دەوڵەتی نەورۆزەوە
دای كـوتا پەرچەم لەسـەر كـوێسـتـانێ وێنەی فـاتحین
هەوری پۆل پۆل و گـەواڵی دان بەسـەریەكـدا شـەماڵ
جـێگە تەنگ بوو پێكی دادان پێـچـەوانە و ڕاسـتـەقین
كوێر و كەڕ و سەرسامن ئەو دەڕوانێ ئەو گوێ هەڵدەخا
یان شـریـخـەی هەورە یان بەرقی بریسكە و تێك خـوڕین
خـۆرنشین دەیدا بەسـەرخـۆیدا كـە بۆ ڕۆژ هەڵ نـەهات؟
ڕۆژهـەڵات دەیدا بـەئـەژنۆیـدا لـە تـاوی خـــۆرنشـین
دای ڕژاند بـاران بەخـــاكی كـــوردەواریدا چـلۆن
هەروەكـو فـرمـێـسكەكـانی من لە دووریی تۆ گـرین
چیـمـەنی كـردووەتە پای ئەندازی بووكی سـەرچلۆك
شـەونمی كـردووەتە گوارەی گوێی گـوڵاڵەی سوور و شین
بولبـولی مـەست هـەڵوەدای یاقـوتی ناو پیـرۆزەیە
دەردەداری عـیشـقـە كـەنگێ سـەردەنێـتە سـەرسـەرین
چۆن بنووسم من كـە چۆن شلێـر و بەیبـوون لێكدران؟
چۆنی تاریف كـەم كـە چۆن مـەندۆك و بیـزا تێك بەزین؟
تووله ڕێواس سـەری هـەڵدا دڕیی پـەردەی حـەیا
نـاسك و تورت و سـپی وەك قـۆڵـی یارِی نازەنین
بانەمـەڕ هـات و هەواری بۆ نشـیـمـەن هەڵبـژارد
وەك لەسـەر تەخـتی زومـەڕەد دابـەزێ سـوڵتـانی چین
بۆ بەخـێـرهێنانی مـیـوانی بەڕێزی هـەرد و بـۆ
چـاوەڕێ وێسـتـاوە داوێن پڕ لـە لالەی عـەنبـەرین

ڕاپەڕێ قومری سەری خونچەی پساند و خستییە پێی
وەک کە شێوەی کوردەکانە گاو و گەردوون سەربڕین
بای شنە بۆ پێشوازیی نەرم و هێدی کەوتە ڕێ
زێڕوەشانی کرد سکەی بێ نەخشی پەلکی یاسەمین
خێڵ ئەوە بارگە و بنەی هەڵبەست و گەورەی قافڵە
کاروانی بردە سەرچاوەی ژیان و دابەزین
وەک قەڵای ئەو عێلە بێ سەرهۆزی سەنگین و گران
چادری هەڵداوە نۆ ئەستونەک و سێ لا بەرین
لاوی شۆخوشەنگە سەرگەرمی جلیت و تەقڵەیە
بێرییە باسکی هەڵدەکا دەڕوا بەقاقای پێکەنین
لایە کارەی مێگەلی پاراو و نرکەی شەک بەران
لای تری حیلەی کەحێلی تۆسن و ئەسپی بەزین
زەمزەمەی جووتێرە، دەنگی لاوکە، گۆرانییە
هەڵپەڕینە، داوەتە، شکوایە، ئێخە دادڕین
شوانە بلوێری وەناڵین خستووە بەیتی کۆن دەکا
کاکە مەم خۆی وای نەزانیوە هەواڵی خاتووزین
گەرچی شیرینە بەسەرهاتی سیامەندیش دەڵێ:
هەر لە پێناوی وەتەن سەر بەرز ئەکا هەڵئاوەسین
یانی ئەو خاکە گەلێک لاوی لە دەس داون بەڵام
حەیفە بۆ غەیری شەهیدانی وەتەن گریان و شین
تا بەچاوی خۆت ببینی هەرچی ئەوڕۆ لێی دوام
دەستی من بگرە وەرە ئەی خۆشەویستم با بچین
ناتەوێ کۆشکی بڵیند و، بورج و، قەسر و، سەرسەرا
ئەشتەڕو و قەندیل و سامڕەند و سپی ڕێزت کە دین
زۆری پێ ناچێ کە ئەمن و تۆ بەکوێریی دوژمنان
پێکەوە سەربەست و ئازاد هەر لەناو گەلدا دەژین
دەستی یەک دەگرین و وێکڕا سەیری کوردوستان دەکەین
ئێمە کۆیلەی کوردەکانین وەک سیامەند نامرین

هێندی من دیتم لە ڕابردووی ژیانم سوێر و تاڵ
هەر بە ڕزگاریی وڵاتم دەکرێ سارێژی برین
لەو بەهارە خۆشەدا لەو شادییە پیرۆزەدا
پێشکەشی بەژنی جوانی تۆ سڵاوی ئاگرین

هێدی لە هۆنینەوەی هۆنراوی سروشتیدا بەڕاستی مامۆستایە و کەمتر هۆنەرێک توانیویە بەو جۆرە بەسروشتدا هەڵبڵێ و جوانییەکانی بخاتە پێش چاو، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا کە سەبارەت بەپایز هۆنیویەتەوە، ئەو پایزەی کە بەدەستی پەروەردگارەوە نەخشاوە و کە چۆن ڕەنگی بزرکاوە و گەڵای دارەکانی زەرد کردووە و جێ هەواران چۆڵ بووە و ئیتر نە گورەی شوانە و نە تووڕەی بلوێر و نە بزەی بێری و نە هاوێر و بێر کە ئەمانە دەبینێ بەدڵێکی پڕ لە پەژارەوە دەڵێ:

گێژەڵۆکە و شەڕە بای پایزە
ئاشکرا دیارە سروشت لێی زیزە
ڕەنگ بزرکاوە هەناسەی سەردە
کزە، ئاڵۆزە، بەداخ و دەردە
جێ هەوار چۆڵە لە چیغ و ڕەشماڵ
دەگەڕێن ئێستە لە جێی وان قەل و داڵ
نە گورەی شوانە نە تورەی بلوێر
نە بزەی بێری نە هاوێر و بێر
نە هەوێزە نە تەلانی بژوێن
نە خشەی سایە لەبەر دێ لە کولێن
نە کوچک مای نە چرا پاش سێرە
چاو برەکێنێ دەگەڵ ئەستێرە
سەری سێپەک کە بەرز بوو جاران
کەوتووە ئێستە لەبن دیواران
نە زەمەند نە چیای سەوز و شین
نە چڵا و چڵ دەفڕێ مێش هەنگوین
نە کچان دانە مەڕی ئێواران
داوەتێکی دەگرن وەک جاران

کپ و بێ هەستە هەوار خامۆشە
جێ هەوار چۆڵ و چیا ناخۆشە
جاروبار خشپەیە دێ و نوزەی با
قانگەلاش دێنێ لەگەڵ خۆی دەی با
باوێ ئاونگ چوو لە جێی ئەو سیخوار
نیشتووە تۆزی لە شێوەرد و بەیار
پیرە زریان بەکزەی ساردوسڕی
وەک دەڵێن: بەرگی فەقیرانی دڕی
لە تەنیشت هەر کەسەوە ڕادەبڕی
وەکو دووپشکێ چزووی دادەگرێ

***

پایزی عومریش ئەوە نیزیکە
ماوەی ئەو ژینە نییە چیدیکە
سەر ئەوە بەفری سپی کەوتە سەرێ
ڕۆژ، گەڵای عومریش ئەوە هەڵدەوەرێ
باخچە بێ ڕەنگ و کز و ژاکاون
شەختەیان کەیوەتە سەر لێی داون
سوورە گوڵ سیسە گەڵای پەڕپەڕ بوون
خۆی کەساس دیوە مژۆڵی تەڕ بوون
سەردەمێ هەرچی بوو نازی ئەوبوو
ئەوی دڵدارە نیازی بەو بوو
گیان لە لەش دەردەچوو دەورەی دەتەنی
تا بدەم سروەوە ئەو پێ دەکەنی
ئێستە تەنیایە گەڵا و پۆپی وەری
بەسەری نارۆم ئەگەر خوێن بگری
چونکە گوڵ بۆوە نییە گریانی
تەمەنی کەم بوو ئەویش دەیزانی
ژین هەتا سەر نییە مەرگی دەگەڵە

دڵ پڕیی وی لە چەپۆکی خـــــەزەڵە
بـولبـــــوڵی دەربەدەر ئەجـــــریوێنێ
هـێــزی تێــدا نیــیــە بچــریکێنێ
لەرزی لێــیــە و بەوتـەی بێ ســەروبن
«شــینـی ئاوالـی» دەگــێــڕێ وەک من
ئەویش ئاوارە بەداخ و کـــەســـــەرە
ســـەد پەژارە و غـــەم و دەردی لەبەرە
لایـەکی داخـی گـــــوڵی بـا بـردوو
لایـە هـێـــــلانە بـەڕەڵـلاکـــــــردوو
لایـەکـی تـیـــــــری تـوانج و تـانـە
لایەکی ســـەخـــڵـــەتی ئاو و دانـە
گـەرد و لوریش لـەسـەر ئەو حـاڵە شـڕە
بۆی نـەهێـشـتـووەتـەوە ڕێی باڵەفـڕە
هـیند دڕ و بێکەس و ســـەرگـــەردانە
وا کـــەســیـــرە بووە بەســتـــەزمـــانە
هـەر کـــەسێ بۆی بچێ باڵی دەگـــرێ
بەهەمـوو جۆر!! لە قـەفەز توند ئەکرێ
دەیەوێ بـەســتـە بڵێ و هێند پەســتـە
دەبزرکـــێنێ لەباتی بـەســـتـــــە
***
خـەفـەتی زۆرە لە زسـتـان ئەگـەڕێم
بۆ وڵات دەچمـەوە، کوێسـتـان دەگـەڕێم
هـەر لە باکـــورەوە تاکـــو باشـــوور
چۆمەڵ و دەشت و چیای سەخت و دوور
بـەدڵی گـــــــەرم و بـەهـەنـگـاوی ورد
بــازێ داوێـم لـە سـنـووری دەسـکـرد
***
هێدی هەر لە منداڵیدا بێجگە لە دیمەنە جوانەکانی کوردستان و کەژ و کێوە جوان و ڕەنگاوڕەنگەکانی، حەزی لە هۆنراوەکانی وەفایی و سەیف و نالیی دەکرد و بۆنی هۆنراوی

ئەو هۆنەرانە لە هەموو ڕەگەکانیدا هاتوچۆی دەکرد و هۆنراوی هۆنەرانی فارسیش بەتایبەت هۆنراوی حافز و سەعدی وایان لێ کردبوو کە باوەش بۆ هۆنراو بکاتەوە، لەلایەکی تریش کچانی جوان و نەشمیلی موکریان دڵی ئەویان ڕفاندبوو، بۆیە بەم جۆرە بەخۆشەویستەکەیا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

وەرە سەر دەرکە وەکو مانگ لە سوێ
گوڵەکەم تاوێ لەگەڵ من بدوێ
وا لە ڕێتا سەری سەرگەردانم
چاو بەگریانەوە لێت دەڕوانم
گیان پەپولێکە لە دەوروبەری تۆ
وا گڕی گرتووە لە سایەی سەری تۆ
دڵ بەئاواتەوە هەر دێتەوە لات
سەری داناوە لە ڕێی هات و نەهات
وەرە سەیری من و ڕەنگی زەردم
دەردی دووریت و هەناسە سەردم
لێک دەکەن ڕۆژی من و پرچی ڕەشت
ڕەنگی فرمێسکی من و کوڵمی گەشت
زەردە زۆر کەوت و بەیان زۆر ئەنگوت
بەهەناسەی شنە گوڵ زۆر پشکووت
چاوی من هەرچی دەڕووی تۆ ڕاما
لێوەکەت پێ نەکەنی و هەروا ما
جووتێ لیمۆ کە لەسەر سینگی تۆن
ویست و دڵخوازی منی تامەزرۆن
چ بڵێم چەندە سروشت ئارەقی ڕشت
تا وەها جووتێ مەمی تۆی داڕشت
تەمەنت گەیوەتە چاردە بەخەیاڵ
تازە زەرد هەڵدەگەڕێ لیمۆی کاڵ
شەم لە ناو پەردەوە کز دەنوێنێ
ئەم لەبن ئێخەوە دڵ دەڕفێنێ

جووتێ گۆی زێڕە بەچەند مانگ و ساڵ
خڕی هەڵداوە لەسەر زێوی قاڵ
سینگ و مەم تۆ بڵێ نەک زێڕ و زێو
زێڕ و زێو کەی بووە وا نیشە بزێو
بەدەم ئەو گۆیەوە دەنگێ یاقووت
بەسەری لالەوە ما ئاگری ڕووت
بەکزەی باوە کە لیمۆ دەوەرێ
مەمی تۆ هەر بەهەناسێک دەلەرێ
ئەی «مەهاباد» ئەتۆ جێی شانازی
پێی گەیاند باوەشی گەرمت قازی
کوڕەکانی تۆ لە خان و سەردار
بەسەری بەرزەوە چوونە سەر دار
نیە ژین نرخی لە پێناوی تۆ
سەربچێ و بەرزەوە بێ ناوی تۆ
بەرزە جێت، تۆ سەری کوردوستانی
لانی کارمامزی، جێی شێرانی
دیمەنت چەشنێ دەبزوێنێ ئەوین
گاڵتە بۆ کیژ و کوڕی تۆن مەم و زین
کوڕوکاڵی تۆ هەموو شۆخوشەنگ
کیژی چاومەست و خڕ و نێوقەد تەنگ
گەڕەکێکت هەیە «مزگەوتی سوور»
ڕوح لەسەر وێ دەگەڕێ دووراو دوور
دەرک و بەر پەنجەرە ژوور و هەیوان
حەوش و کۆلان و قولینچک و سەربان
سەر شەقام و چەم و پرد و ڕێباز
پڕ لە پشتێن شلی ئەشمیل و بەناز
گوڵی لێ شین بووە هەرچی دەتەوێ
غەڵفی هێناوە تەڕ و شلک و نوێ

ڕۆژ درەنگانێ دەمەو ئێوارە
کیژوکاڵ دێنە سەر ئەو ڕووبارە
گۆزە ئاو هەڵدەگرن بازنە لە قۆڵ
چەتری سەر کولمەیە برژانگ و مژۆڵ
هەر گولێنگی شەدە زۆر پڕ کارە
دەلەرێ و دەستری ژەنگی گوارە
نایەڵێ خشڵی سەری هەڵگرێ ژەنگ
زەردە دەرکەوت و ترووسکەی دێ پەرەنگ
دڵنیا نین لە زمانی بەدرۆ
پێکەوە دێنە زمان چاو و برۆ
مانگەشەو هات و لە دەرک و بانان
کۆڕی دڵداری دەبەستن جوانان
بسکەکانیان بەپشووی با دەشەنێ
بۆنی خۆشی بەهەوادا دەڕەتێ
دڵ دەلەرزێنێ شەوانی شەوەزەنگ
دەنگی بەرموری کچی شۆخوشەنگ
نییە جێیەک وەکو ئەو شارە لەلام
هەرچی تێی دایە لەلام جوانە بەلام
گوڵی وەک تۆی نییە پاک و ڕوو سوور
لالەی و کەوتیە «ناو ماڵی بلوور»
«فەوزیە» تاقە گوڵی ناو شاری
پەیکەری جوانی ئەتۆ و گیانداری
«نوێژگە» گەرچی لە پەنای ماڵەکەتە
حەج بەلام دەوروبەری خاڵەکەتە
دەی شەماڵ تۆش وەرە خەمخۆری کۆن
زۆری وەک من بەتەمای هاتنی تۆن
بگە فریای دڵی پڕ لە خوێنم
دەگریم ڕێم نییە بیشی دوێنم

بچـــــۆ لای و بڵـێ بەو دەم قـــــەندە
ئاگـــرت کـــردەوە لەو مــــەڵبـــەندە
هــەر لــە ڕۆژی هــەوەڵــی دەربــەدەریم
عـیشـقی تۆش هۆیە کـە بۆ کـوێرەوەریم
بەهـەوای تـۆوەیـە دێ خـــــورپـە لە دڵ
دڵ هـەر ئـی تـۆیە هـەتـا دەیخــــەنە گڵ
ئەو دەمــەم خــۆشــە کــە تـۆش لەولاوە
کــــەزییـــەکـــانت بدەیە دەم باوە
با پەرێشــــانـی بکا وەک دڵەکـــــەم
هەڵمـــژم لێـــرەوە بۆنی گــوڵەکـــەم
ئەی مـــەهاباد بەخـــوام ئەســپـــاردی
لێـــرە دڵ ســـارد بوو منیش بۆم ناردی
هـاتـەوە باوەشـی گـــەرمـــوگـــوڕی تـۆ
هـەڵوەدای ئـاو و گـــڵـی تـۆن کـــوڕی تـۆ
هـەرچی هـەی تۆ گــوڵـی یان گـــوڵدانـی
ئـاوەدان بـی وەتـەنـی کـــــــوردانـی

هێدی کۆمەڵە هۆنراوێکی هەیە بەناوی مەهاباد و چوارچرا و بازاڕ و پردی سوور کە لەوانەدا سروشتە جوانەکەی شاری سابڵاخ و سەرگوروشتەی خۆی لەو شارەدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە بەڕاستی هونەری تێدا نواندووە و بەشاکارێکی وێژەیی دێتە ژمار کە ئەوا لێرەدا چەند هۆنراوێکی بۆ نموونە دێنین کە دەڵێ:

لـە مـــــــەهـابـادەوە ڕێ تـێ دەپـەڕێ
هـەلە با گــــیـــان بەســـــەریدا بگەڕێ
گـــەشکە بگرێ بەشنەی نەرم و نیـــان
هـەڵمـــــژێ جـــارێ تریش بۆنی ژیان
جـێی پشـــوودانـە درەنگ وەخـتـە شــەوە
ئێـرە مـــیـوانگر و دەســــتــە و جـلـــەوە
دڵە جـــــا دەرفـــەتـە بیکە گـــڕوگـــاڵ
وەرە دامـــەزرێ کـــە جـێی تـۆیە خـــەیاڵ

لێرەیە دڵ بەهەموو شت دەهەژێ
هەموو جێی بیرەوەری لێ دەڕژێ
دوور بەدوور هێندێ چرای دڵ سووتاو
جاروبار لێم دەترووکێنن چاو
هەست ئەوە کەم بووە لەو چۆل و چرە
کێوی دابێن بووە باڵندە کرە
ئەگەر ئاڵۆز بێ خەیاڵی خاوم
سووچی خورپەی دڵە و ئاوی چاوم
لە دەسم دەرچووە یەک جێ هەستم
هەموو جێی گرتووە پێی ناوەستم
ڕێگە دەڕوا وەکو هەودای خەیاڵ
دەم گەیێنێتەوە جێ کۆڕی بەتاڵ
«چوارچرا» لەوبەرەوە دەمکێشێ
سەری سەودام هەیە دەچمە پێشێ
باش کە دەڕوانمە تاریکایی
داوەڵی قوچی دەکا تارمایی
چقڵی خۆی و لە کوڵی دەوری سڵە
چقڵی لێ لاچێ ئەوی دیکە کوڵە
شێرە بەردینە لە جێی پەرژینە
پشتی لەو داوەڵە ناشێرینە
نایەوێ چاوی بەچارەی بکەوێ
کەچی ناچارە لەبەر پێی دەخەوێ
داخم ئەو خاکە لە دەس پیس و چەپەڵ
ڕۆژێ سێدارەیە ڕۆژێک داوەڵ
هەرچی لەو ناوەیە هەر یەک بەجۆێ
لەشی کۆن و نوێ بۆم دەدوێ
بەکوون و قوژبنە ڕێی باریکە
وەک دڵی داوەڵەکەی تاریکە

هەستی دوو چەشنە لە دڵ دێن و دەچن
خۆشەویستی و ڕقی دۆست و دوژمن
چەق و چۆ دەمگرێ دێمە لەرزە
گیانی «قازی» دەفڕێ لەو بەرزە
لێرە هەڵنایە ئیتر چاوی تەڕم
کورنشتێکی دەکەم و تێ دەپەڕم

***

هێدی ئەو پەردەش دادەداتەوە و پەردەیەکی نیشتمانی هەڵدەداتەوە و بەچەشنێکی جوان لەگەڵ نیشتمانەکەیدا دەکەوێتە وتووێژ کە بەڕاستی لەم بارەوە پارچە هەڵبەستێکی بێ وێنەی هۆنیوەتەوە، وەکو دەڵێ:

ئەی وەتەن تەنیا نە هەر من بۆ تۆ وا سەوداسەرم
تیشکی ڕۆژیش جێی لەبەر کوێلەت نییە دەوروبەرم
تۆ لە دەس بێگانەدا بێ چارەنووسی ئەو گەلە
هەڵمەت و قوربانی دانە و ڕشتنی خوێنی گەرم
ناحەزی تۆ پێ لەسەر گۆڕی شەهیدان دابنێ
کێیە باوەڕکا کە دەس لەو خاک و خوێنە هەڵگرم
دوژمن چییدیکە با ئاگر لە ماڵم بەرنەدا
من لە سایەی خۆشەویستیی تۆوە هەر خۆم ئاگرم
سەد پەژارە و بەرهەڵست و سوێر و تاڵیم بێتە پێش
گەر لە ڕێی ڕزگاری تۆ لادەم بزانە کافرم
خۆم بەشانازی بەلا گەردانی سەربەرزیت دەکەم
تیخی خۆی دابێنێ دوژمن بۆ مەتاڵت حازرم
سەر لەسەر شانم وەکو بارێکە کەڵکی چیی هەیە
گەر دەڕێی تۆدا نەچێ ئەو بارە قەت هەڵناگرم،
من بەبیر و باوەڕ و دوژمن بەتانک و تۆپەوە
کێو بەکێو ڕاوی دەنێم واتە گەلێک ئازاترم
هەر بەهیوای ڕۆژی ڕزگاریت دەژیم و ڕوونە لێم
تا بەدەستی خۆم نەنێژم دوژمنی تۆ نامرم

من دەڕێی سەربەستیی تۆدا بۆ هەموو پیلانی ڕەش
دڵنیابە هەر کوڕە پێشمەرگەکەی ناو سەنگەرم
ئەو کوڕەی هێزم لە شیری تۆوەیە و ڕۆژی هەرا
جێی لەناو جەرگ و هەناوی دوژمنتدا خەنجەرم
من کە گاڵتەم دێ بەمردن سەیرە گەر تۆ شاد نەبی
تۆ دەبێ هەر سەرکەوی و کۆسپ لەسەر ڕێ لابەرم
دوژمنت هەر فێڵێ بیکا نەخشی سەر ئاوە و ئەمن
پیرەدارێکم کە بەو بایانە هەرگیز نالەرم
نابەزم هەروەک بەڵێنم داوە یان ڕزگاریی تۆ
یان هەموو ئەو شیو و دۆڵەت پڕ دەکا خوێن و تەڕم
ئەی وەتەن هەر ناوی تۆ ویردی زمانمە بۆیە وا
هەروەکو دەشت و چیاکەت کەسک و سوورە دەفتەرم

هێدی لە هۆنینەوەی چیرۆکە شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبووە و لەم بارەوە هەندێ چیرۆکی لە زمانی پەلەوەرانەوە بەهۆنراو هۆنیونەتەوە کە بەڕاستی گەلێ جوانن و دەچنە دڵەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی باز و کەو هۆنیویەتەوە دەڵێ:

لە مەڵبەندێکی خۆشی کوردەواری
سەرەوژوور بوونەوە خێڵ بۆ هەواری
لە داخی بەفر و زستان و کرێوە
چیای ڕازاندبووەوە خاکە لێوە
لەبەر دەشتا کراسی مەخمەری شین
لە ئامێزی هەڵاڵە و یاس و نەسرین
تەماشای چت دەکرد خوار و سەر و ژوور
سەری لێکدابوو شللێر و گوڵی سوور
وڵات خەملی بوو بەو چەشنە سەراسەر
بەخاش خاش و گوڵی بەیبوون و شەست پەڕ
لە ناو ئەو دیمەنە سەوز و جوانە
کە جێی درکاندنی هەستی دڵانە
لە زەردێکا کەوێکی قۆز و نەخشین
سکاڵای بوو لەگەڵ بازێکی تێبین

سەرەڕای ئەو سروشتە دڵڕفێنە
وەکو زامداری «کەو» دەی کرد وڕێنە:

***

دەغیلت بم مەلی پسپۆر و چازان
مەلی تەڕدەست و وریا و ژیر و تەڕلان
دەژیندا بۆچی وا چارەڕەشم من؟
لە خۆشی و کامەرانی بێ بەشم من؟
ئەمن روح دادەنێم بۆ خاوەنی خۆم
لەبەرچی ئەو وەفایەکی نییە بۆم؟
وەرە تۆخوا سەیرکە خاڵ و میلم
لەسەر ئەو دیمەنەشرا وا زەلیلم
هەموو ڕۆژێ دەگەڵ کازیوە ئەنگووت
دەچم بۆ ڕاوی «مێ ڕۆژ» و سیاسوت»
لە قاسپەی من هەزار بار و کەوی پیر
لە دوای خاوەنمدا بوونە نێچیر
سەعاتێک ناسرەوم بێ خواردن و خەو
کە ئەو تێربێ لە گۆشتی ناسکی کەو
نەبوو جارێک لە سیپەیدا بخوێنم
لە گەرمەی تاپڕی دەنگ دانوێنم
لە ماڵێ ساز و سەمتوورە غوڕەی من
نشەی ڕاوچی دەبزوێنێ گۆڕەی من
لەسەر ئەو حاڵەڕا بێ قەدر و حورمەت
قەفەز جێگای منە بێ دان و خزمەت
ئەگەر ڕۆژێکی کەو نەکرێن قەلاچۆ
ئەبێ لێم دارنن باڵ و پەڕ وَ پۆ

***

وەڵامی داوە «بازی» کۆنە ڕاوکەر
کە تاوان هەر لە تۆڕایە سەرانسەر

ئەتۆ خۆت بوویە گورگی مێگەلی خۆت
ئیتر کێ بێت و دڵسۆزی بکا بۆت
دە خوێندا سوور بووە دندووکی ئاڵت
ئەبێ بیگریە ئەستۆی خۆت وەباڵت
براکەت بانگ ئەکەی بیخەیتە نێو داو
بەڵام دوارۆژی خۆت ناخەیتە بەرچاو
دەڕێژی خوێنی خزمی خۆت و بۆ خۆت
دەدەی دەستی پەشیمانی لە ئەژنۆت
کە بۆ فەوتانی هۆزت تێ دەکۆشی
دەژیندا چۆن ئەبینی خێر و خۆشی
کەسێک بۆ خۆی ئەوە شەرت و بەقای بێ
ئەبێ چۆن دوژمنی بۆ ئەو وەفای بێ
دڵت ناسووتێ بۆ جووجکی برای خۆت
ئەتۆش پێویستە بیبینی سەزای خۆت
لەبەر ئەو ڕاوە دەگرێ حورمەتی تۆ
دەنا ئەو نایەوێ خاڵ و خەتی تۆ
هەموو دەشت و چیا پاوانی تۆیە
ئەگەر تێیدا نەژی تاوانی تۆیە
بەسەربەرزی لەناو هێلانە مردن
نەوەک تۆ خزمەتی بێگانەکردن

هێدی گەلێ هۆنراوی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەپەرشوبڵاوی بڵاوکردوونەتەوە و لەم دواییەدا بەشێک لە هۆنراوەکانی بەناوی کاروانی خەیاڵ لە چاپ داوە کە هیوادارین پاشماوەی هۆنراوەکانی تری کۆکاتەوە و لە چاپیان بدا، هەروەها گەلێ بەرنامەشی بۆ ڕادیۆ نووسیوە و هەندێ نامیلکە و نووسراویشی بۆ چاپ ئامادە کردووە کە یەکێ لەوانە پەڕتووکی (کوردیی کوردستان)ی واسیل نیکیتینە کە لە فارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

سەرچاوەکان

١- کاروانی خەیاڵ بەشێک لە هەڵبەستەکانی هێدی - ورمێ ١٣٦٤.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەهێدی.

شێخ ئەمین نەقشبەندی

١٣٥٠ - ١٤١١

شێخ ئەمین کوڕی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی کە نازناوی بێوەیە لە ساڵی ١٣٥٠ی کۆچی لە بیارە پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و ماوەیەک لەلای مامۆستا مەلا کەریمی بیارە ڕێزمانی عەرەبی و شەرعی ئیسلامیی خوێندووە و ماوەیەکیش لەلای مەلا بەهائەدینی بیارە تەجویدی قورئانی خوێندووە و پاشان چووەتە سلێمانی و دەوری سەرەتایی تەواو کردووە و لە پاش ماوەیەک چووەتە کرماشان و لەوێدا لە ڕادیۆی کوردیی دامەزراوە و لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی خوێندن بووە و دەوری ناوەندیی تەواو کردووە و ئەوسا چووەتە تاران و لە کۆلێجی وێژەی عەرەبیدا لیسانسی وەرگرتووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە بیارە و لەوێشەوە چووەتە سلێمانی و لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤١١ لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

شێخ ئەمین هەر لە تافی جوانییەوە هۆنراوی دەهۆنییەوە و پتر حەزی لە هۆنراوەکانی مەولەوی دەکرد و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر سنووری هۆنەرانی دەوری کۆن و نوێ دەهۆنییەوە و لەم ڕووەوە ناتوانین ئەو بەهۆنەرێکی لاساییکەر دابنێین، چونکە گەلێ هۆنراوی لەسەر شێوەی نوێ هۆنیوەتەوە، وە دەتوانین ئەو بەهۆنەرێکی تازە دابنێین، چونکە چەشکەی لە هۆنراوی کۆن و نوێ وەرگرتووە.

شێخ ئەمین لە هۆنراوەکانیدا وا دەردەکەوێ گەلێ تاڵی و سوێریی ژیانی چەشتووە و گەلێ ئاوارەیی و دەربەدەریی دیوە، چونکە لە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی دوور کەوتووەتەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە جەژنی نەورۆزا هۆنیوەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

مەواچان جەژنەن، وەشین، شادییەن
وادەی سەیرانەن، ڕۆی ئازادییەن
فەسڵی وەهارەن خەیمەی گوڵانەن
ئێلاخان خاڵ خاڵ، ڕۆی بولبولانەن
هاڕەی شەتاوەن، نەپای کۆسارا
زایلە کەوتەن کۆنە هەوارا
پۆل پۆل نازاران مڵان وە کۆسار
هەم سەیرانی گوڵ هەم دیدەنیی یار
ئانە تۆ چێشەن چی خەمگینەنی؟
چی کزت کەردەن چێشا چینەنی؟

واتم مـــــەزانوو من چی شـــــادیم بۆ
کـــــە ئارۆ ئەوجی نامـــــورادیم بۆ
چەنی کێ گـــەردەن ئازادی کـــەروو
داخـــــانی دەروون وە لاو کێ بەروو
کێ پەنەم واچۆ جـــەژنت مـــوبارەک
دیـــوانم پـــەی کـــێ بــدەو تـــەدارەک
چەنی کێ بلوو ئێـــســـاڵ وە کـــۆسـار
بێ دۆس و هـام دەم بێ یـاوەر بێ یـار
چەنی کێ گـێـڵـوو نە پاو خـاڵ خـاڵا
چەنی کێ گـــێــروو دەســـەو گـــوڵاڵا
پەی کێ هـۆرمـــجـــوو زوخـــاوو دڵا
چەنی کێ کـــەر و ســـەیرانو گـــوڵا
من دوور جە وڵات جە ماوا و مەسکەن
دوور جـــە ئازیزان جـــە خـــاکی وەتەن
دوور جـــە بیـــارێ، دوور جە ئالیـــاوا
دوور جە تافی زەڵم، جە ئەحـمـەد ئاوا
دوور جە ڕەنگین و دوور جە شـارەزوور
جە قەوم و خوێشان جە هامسایان دوور
دوور جـــە تەوێڵـی چمـان بەهەشـــتـــەن
باخـەن شـەتاوەن گـوڵزارەن گـەشـتـەن
بێ باخ، بێ بازاڕ، بێ یار، بێ یاوەر
کـــامـــە بۆ جـــەژنم تۆ کـــەروو داوەر

واتە: دەڵێن ئەمڕۆ جەژنە و کاتی خۆشی و شادییە، کاتی سەیران و ڕۆژی ئازادییە، وەرزی بەهارە و خێوەتی گوڵاڵەکان هەڵدراوە و کوێستانان خاڵ خاڵ بوونەتەوە و ڕۆژی بولبولانە و هاژەی شەتاوانە لە داوێنی کێوەکاندا، وە زایەڵە کەوتووەتە هەوارانەوە و پۆل پۆلی نازاران دەچنە کۆساران تا چاویان بکەوێتە یار و گوڵەکانیش ببینن. ئەوە تۆ چیتە بۆ خەمگینی و بۆ کزت کردووە و چییە کە ئاوات بەسەرهاتووە، وتم من نازانم لەبەرچی شایی و خۆشیم بێ کە ئەمڕۆ هام لە ناو خەم و پەژارەدا. لەگەڵ کێدا گەردن ئازادی بکەم و داخی

دڵ دەرکەم، کێ پێم بڵێ جەژنت پیرۆز بێ و دیواخانەکەم بۆ کێ برازێنمەوە، ئەمساڵ لەگەڵ کێدا بچمە کوێستان؟ بێ دۆست و بێ هاودەم و بێ یار و یاوەر، لەگەڵ کێدا بگەڕێم لە داوێنی کێوی خاڵ خالانا، لەگەڵ کێدا چەپکە گوڵاڵە بکرم، لەگەڵ کێدا زوخاوی دڵان هەڵڕێژم، وە لەگەڵ کێدا بچمە سەیری گوڵان؟ من خۆ لە زێد و مەڵبەندی خۆم دوور کەوتوومەتەوە، لە بیارەوە لە باخی ئالیاوا و لە تافی زەڵم و شارەزوور دوورم، وە لە خزم و کەسوکارەکەم دوورکەوتوومەتەوە، لە دێی تەوێڵە کە پڕییە لە گوڵزار و شەتاو دەڵێی بەهەشتە دووربوومەتەوە، ئیتر من جەژن و شاییم لە کوێ بوو، بێ یار و یاوەر ماومەتەوە.

شێخ ئەمین، لەبەرئەوەی لە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی دووربووە، دڵی بەهیچ کوێ خۆش نەبووە و هەموو دەم ژینی لە ناو خەم و پەژارەدا ڕابواردووە و لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ کۆسپ و تەگەرەی بۆ هاتووەتە پێشەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا ئەوەمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

هەورەکەی مەینەت دیسان کەردەوە
تاو و تەوەرگش هەم ئاوەردەوە
بریقەی چەخماخان گرمەی هەوری تاڵ
نە جە دەشت بییەن نە وە هەردەوە
وای یەزیدی مەرگ پەی کشتی عومرم
مەیۆ پەیایەی وە تەوەرگەوە
مەڕێزنۆ و، سەر کشتی هاتمدا
نەهاتیو مەینەت وەدەم دەردەوە
چ خەتایێم کەرد یا کام گوناهم
فەڵەک هەقو کێت جە من کەردەوە؛

واتە: هەورەکەی مەینەت دیسان هەڵی کردەوە و تاو و تەرزەی هێنایەوە و چەخماخە و گرمەی هەوری ڕەش نە لە دەشت بووە و لە هەردا، بای مەرگ بۆ کشتوکاڵی تەمەنم پەیاپەی هەڵدەکا بەدەم تەرزەوە، دەڕژێنێ بەسەر کشتوکاڵی هاتمدا، وە نەهاتی و مەینەتم بۆ دێنێ، ئاخر چ گوناه و تاوانێکم بووە کە ئەمەم بەسەرا هاتووە؟ ئەی چەرخ تۆ ماف و هەقی کێت لە من سەند؟ شێخ ئەمین سروشتی خۆش دەوێ ئەو سروشتەی کە بەهۆی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە دەست پێ دەکات، ئەو نەورۆزەی کە گەلی کوردی تێدا سەرکەوت و ئاگری نەورۆزیان هەڵکرد و هەموو کەوتنە شادی و خۆشی و، بەڕاستی لەم پارچە هەڵبەستەدا هۆنەر وانەیەکی سروشت بەئێمە و قوتابییانی هۆنراو و وێژە دەدا و تێمان دەگەیەنێ کە نەورۆز و سروشت چییە بەجۆرێ کە دەڵێ:

نەورۆز تۆ جەژنی جەژنی کوردانی
یادگارێکی باوا گەورانی
جەژنی بەهاری، جەژنی گوڵانی
جەژنی دڵدار و خاوەن دڵانی
مۆژدەی بەهار و سەوزەی دەر و دەشت
موژدەی سەیران و موژدەی خۆشی و گەشت
نەماوە سەرما و سەهۆڵی زستان
وەک بووک ڕازاوە خاکی کوردستان
لە گشت شارێکا بەزم و شادییە
ڕۆژی گوزەشتە و هی ئازادییە
لەباتی بەفر و یەخ و یەخبەندان
گوڵە و گوڵاڵە و بازاڕی ڕەندان
لەباتی کزە و دەمە و کرێوە
پڕ بۆنی خۆشە چی دەشت و شێوە
لەباتی مەرگی مەل و پەپوولە
یا زیندان بوونی تیپی مێروولە
لەباتی ژێر پێ بوونی گوڵ و گیا
لەباتی ماتی و ساردیی کەژ و چیا
ژیانە، گیانە، گەڕیانە، گەشتە
گەرمی و شادییە، عەینی بەهەشتە
بەزم و نیشاتە، عەیش و سوورورە
چی دەشت و دەرە گش سەوز و سوورە
بەزم ، خەندەیە و دەنگی پێکەنین
نەوای بولبول و سەوزەی سەرزەمین
جەژنی نەورۆزە و سالی تازەیە
وادەی سەیران و بەزم و بادەیە

هەژاری دەردێکی گرانە، هەژاری کۆسپی ڕێی ژیانە، هەژاری ئازاری گیانە، هەژاری خۆی نەخۆشیی کۆمەڵە. هەژاری هۆی نەخوێندەوارییە، ئەمانە هەموو بیر و کەڵکەڵەی

هۆنەرە کە سەبارەت بەهەژاری دەری بڕیوە، دیارە ئەو حەز لە هەژاری کۆمەڵ ناکا، بۆیە لە پارچە هەڵبەستێکیدا دەڵێ:

هەژاری کۆسپی ڕێی ژیان
هەژاری ئازاریی گیان
هۆی بێزاریی ئەم ژینە
هۆی ناکامیی ئەم زەمینە
هۆی ئاوات بردنە ناو گڵ
هۆی نامرادیی دڵدار و دڵ
هۆی نەخۆشیی هەزاران کەس
هۆی نەخوێندەواریی بۆ بێ دەس
لەکەی ڕەشی ڕووی ئەم چەرخە
مێوانی هەر کەس بی بێ نرخە
لای من نا لای پارە پەرستان
لای نەفام و خۆ بەزلزان
لای من هەژار وەک گەوهەرە
وەکو کانگەی زێو و زەڕە

شێخ ئەمین لە نووسینی پەخشاندا دەستێکی باڵای هەیە و گەلێ وتاری بۆ ڕادیۆی نووسیون و هەندێ وتاریشی لە گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە و پەڕتووکێکیشی بەناوی تەسەوف هەیە و گەلێ وتار و نووسراوی بڵاو نەکراوەشی هەیە.

سەرچاوەکان

١- بەرهەمی ژیان، دیوانی هۆنراوەکانی ئەمین نەقشبەندی (بێوەی) بەغدا ١٩٨٠.
٢- تەسەوف چییە، نووسینی شێخ ئەمینی نەقشبەندی - بەغدا ١٩٨٥.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ ئەمین.

خالید دلێر

۱۳۵۲ - ...

خالید کوڕی عەبدولواحید کە نازناوی دلێرە لە ساڵی ۱۳۵۲ی کۆچی لە کۆیەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و دەورەی خوێندنی سەرەتایی هەر لە کۆیە و ناوەندی لە کەرکووک تەواوکردووە و پاشان لە شیرکەتی نەوتدا دامەزراوە و ئەوسا خەریکی خوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی کورد بووە و لە پاش ماوەیەک دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و گەلێ لە هۆنراوەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە و لە پاشا لەسەر کوردپەروەری گیراوە و ئەوسا دوورخراوەتەوە بۆ بەغدا و لەوێشدا گەلێ هۆنراوی شۆڕشگێڕانەی هۆنیوەتەوە و لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

خالید دلێر بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و زۆربەی هۆنراوەکانی نوێیە و تا ئێستا چوار کۆمەڵە هۆنراوی بەناوی (ئاگر و ژیلە) و (ئاگر و گوڵ) و (بەرەو لووتکەی ئاوات) و (گزنگی هەتاو) لە چاپ داوە و هەروەها گەلێ هۆنراوی بەپرشوبڵاوی لە ڕۆژنامەی ژین و خەبات و شەفەقدا بڵاوکراونەتەوە.

خالید دلێر هۆنەرێکی خوادادە و هۆنراوەکانی گەلێ پوخت و شیرینن و دەتوانین ئەو لە ڕیزی هۆنەرە هەرە گەورەکانی کورد دابنێین، چونکە بیرێکی قووڵ و کەڵکەڵەیەکی وردی هەیە و ئەمەیش لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ و لەگەڵ ئەوەشدا هۆنراوەکانی بەکوردیەکی پەتی هۆنیوەتەوە بەجۆرێ کە هەموو کەسێک لێیان تێ دەگا، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی درۆزن هۆنیویەتەوە دەڵێ:

درۆ ئەکەی خۆشت ئەوێم
دڵت لەو جێیە وا لە وێم
سەودای منی، شەیدای منی
هەمیشە بەدڵ لای منی
لەم جیهانە فراوانە
لەم هەموو شتە جوانانە
لەم ژیانە، لەم بەهەشتە
تەنیا خەیاڵی من بەشتە!!
لە دووریم ژیانت تاڵە
سەرلێشێواو، زمانت لاڵە

ئاگـــا و هـۆشت لەخـــۆ نیــیـــە
زەینت لە یەک جێ کــۆ نیــیـــە
بــەچـاو ئــەڕوانـی و نــابـیـنـی
نـزیک نــەبـیـنـی، دوور بـیـنـی
بەمـــــانی من شــــــادمـــــانی
خـۆشـیـم بە هی خـۆت دەزانی
هـەر کـــــارەســــــاتێ ڕوویدا
تۆ شـێـواوی، دەســتـەو دوعـــا!
هـەزار حـــیـســـابم بۆ ئەکـــەی
سـەد جـاری زەرب و کـۆ ئەکـەی
خـــــوایە ئەوی تێـــــدا نەبێ
پێـغـەمـــبـەر وابێ، وانەبێ!!
گـــــــەر یـەکێ لات ناوم بـەرێ
گـوێت شل دەکـەی بۆ خــەبەرێ
هـەمـــوو لەشت ئەبێ بەگـــوێ
ئــەبــێ چــی لــێ هــاتـبـێ!!،
پاش مـــەرگی ئەو من چۆن بژیم؟
بـۆچـی بـژیم؟ بێ ئـەو مـن چـیـم؟
بۆ دەسـت و پەنجـــەی ئەو لاوە
ئەم سنـگ و مـــــەمـکەم داناوە
لەوســــــاوە بـنـیـــــان داناوە
دەسی کــەســیـــان لێ نەدراوە!!
قــژم بۆ ئەو هێــشـــتـــووەتەوە
بۆ ســـەر ئەژنۆم شــۆڕ بـووەتەوە
ڕۆژی ئەم چاوە گــــــەشــــــانە
ئەو نـەبـیـنـێ پـەرێـشـــــــانـە

خالید دلێر بۆ یەکەمین جار بەرامبەر بەدڵدارەکەی گیانی هۆنەریەتی بزووتووە و هەستی خۆی بەرامبەر بەئەو دەربڕیوە و کەوتووەتە ناو بیرکردنەوە و کەوتووەتە ناو تەنگوچەڵەمەی ژیان، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی هاتنی یار هۆنیویەتەوە دەڵێ:

وتیـــان: پاش ڕۆژئاوا بوون
وا ڕۆژێـــکـــی تـــر هــــەڵات
وەک ئـــــــاورم دایـــــــەوە
دڵدارەکـــــــەم بـوو ئەهـات!
یـار ڕوو لە هـەر شـوێنـێ کـا
ڕۆژ هـەڵدێ، گـــــوڵ دەبارێ
زســـتـــانـی ڕەش دەگـــۆڕێ
بەســــەیرانگـای بەهـارێ!!

ئەم هۆنەرەمـان پتر فەلسەفـەی ژیانمان دەخـاتە بیـر و دەیەوێ بڵێ کە هەڵسـوکەوتمان چۆن بێ و چۆن ژیان بەرینە سـەر و لەبەرچی دەژین و بۆچی دەژین و مـەبەسـتمان لە ژیان چییە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی بەهاری ژیندا هۆنیویەتەوە دەڵێ:

با هـەڵنیشێ لە ڕووی ئاونگ تیشکی خۆر
تێکـەڵاو بێ ڕەنگی ســەوز و ڕەنگی زۆر
با هـەڵفــڕێ بولبـول لـەم چڵ بۆ ئەو چڵ
داتەکـێنێ ئاونگی سـارد لە ڕووی گـوڵ
جێ پێی مـــــالات پڕ لـە ئاوی باران بێ
باعـــەی مـــەڕ و بزن و بەرخ و کـــاران بێ
ئـەو ئاوازەی هـیچ کـــەمـــانێ، هیچ نایـی
ئـاوازی وا نـەرم و خـــــۆشـی لـێ نـایـی
قـــاز و قـــورینگ بەقـــاژە و دەنگی بـەسـۆز
بێـنن بـۆمـــــان مـــوژدەی بەهار و نـەورۆز
با مـــــراوی بەخـــێـــرایی و لەنگە لەنگ
بێن و بچن بشـڵــەقـێنن گـۆمی مـــەنگ
با ئەو بەفـــرەی لە لووتکە ئەتوێتـــەوە
بەســـەر بـاڵای بووکی کـێـو شـۆڕبێـتـەوە
با کـەو جـێگـەی لووتکەی سـپـیی بەرز بێ
هێند بخوێنێ لە قاسپەی خۆی وەڕس بێ
بـا وڵاتم لـەمـــــــە زیاتـر جـــــوان بـێ
هەمـــوو شـتێ هۆی دڵخـۆشی و ژیان بێ

ئەگــەر ئێـمــەی خــاوەن وڵات هـەژار بین
چەوسـێنراوەی دەس بێگانـە و زۆردار بین
بەئێمە چی جوانیی سروشت؟ هـی بەهار؟
ڕوونیی کـانی، ورشـەی گـیـا، چرۆی دار؟
کـام جـوانی، کـام ئاواز، کـام بۆنی خـۆش
دڵی هـەژار لە خــەم ئەکــەن فــەرامـۆش؟
یا کــەی گـیــانی هـۆزێکی ڕووت و بـرسی
جوانـی و خـۆشـیی کەژی بەهـار ئەپرسی؟
جوانیی وڵات هەسـتی وردی فێر کردووین
بـەڵام ئـەوەی هـەســـــتی وردی بـردووین
بێگانـەیە و کــــرداری نـاشـــــیــــرینی
ئـەو لە کــوردی گــۆڕیوە یاســای ژینی!
ئەو یاسـایەی سـەربەسـتی، شــادمــانی
ئامــانجــیــەتی هەر یەک لە بەندەکـانی!
کـەچی ئێـسـتـا یاسـای ژیان سـەراسـەر
تـەرخــــانـە بۆ دڕندەی لاســـاری گــــەر
هـەر ڕۆژ بەداوی پیــلانێ، تەگــبــیــرێ
ڕێگەی شـادی و سـەربەسـتیمـان ئەگیرێ
بـەڵام ئـەوەی درێـغـی بـێ، بـا نـەیـکـەن
بڕۆن لەســــەر ئـەو کــــردارانـەی ئەیکەن
ئێــمــەش بەرەو ئامــانجــمــان ئازایانە
ئەڕۆین، خــەبات، یەککگرتن، پیـشــەمــانە
لە ژێر سـایەی بەهاری ژین گـەلی کـورد
بـێ باک بژین، شــادمـــان، درشت و ورد
کوردسـتـانی جوان مـاڵی کورد بێ و بەس
بەســـەریەوە نەبێ هـەرگـیـز بەشی کـەس

هۆنەر، هـاونیـشـتـمـانی حـاجی قـادری کـۆیی (١٢٤٠ - ١٣١٤)ی کـۆچی بووە و ئەو لە هۆنراو هـۆنینەوەشـدا پەیڕەویی لەو کـردووە و لەســەر ڕێ و شـوێنی ئەو ڕۆیشـتــووە و لە

ڕاستەقینەدا زۆربەی هۆنراوەکانی نیشتمانین و نیشتمانپەروەرێکی نەگۆڕە و لە پێناو کورد و کوردستاندا تێ دەکۆشێ، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی نەگۆڕ هۆنیویەتەوە دەڵێ:

گەلێ سەختم
پوخت و نەختم
لە سەر مان و نەگۆڕانم
زۆر زۆر دڵنیا و بەجەختم

***

بەبیرکردنەوە و زمانم
بەعادەت و بەئامانجم
بەهیوا و هەست و مەبەستم
کوردم، ئەمە باش ئەزانم
هەردەم کوردم
بەڵگەی سەختی نەگۆڕانم
ڕۆژ لە ڕۆژهەڵات ئاوا بێ
لە ڕۆژئاوا هەڵبێتەوە
بەپێچەوانەی ئێستا، مانگ
لە ئاسمانا بخولێتەوە
مەردوم هەمووی
هەر چوار ڕەنگی ڕاست بێتەوە
ئەو ڕاستییە کە من کوردم
لە مێشکی من ناسڕێتەوە!!

***

هەر کەس بیەوێ وا نەبم
منی کورد بەبێگانە بم
تا خاوەنی:
ئەم دایکە مێهرەبانە بم
ئەم ئەشکەوت و کێوانە بم

پێویستە من
گۆڕ هەڵکەنی
ئامانجی ئەو کەسانە بم
لە هەر کاتێ
دوژمن تەنگی پێ هەڵچنیم
زەنگی مەترسی و لەناوچوون
لێ بات و ئیشارەم باتێ
ئەدەمە ئەم کەژ و کێوە
نەک دوژمن خۆی
دەنگی گوللەشی نامگاتێ
ئا لەو کاتەش
لە هیوای دوژمن گۆڕکردن
دڵم خاڵی نابێ ساتێ
***
دایکم لە باوەشم ئەگرێ
ئەو گوللەی دوژمن تێم ئەگرێ
ئەو باوەشە سەختە نابڕێ
منیش بۆ ژیان هەوڵ ئەدەم
یا داری هیوام بەر ئەگرێ
چەوسانەوە ڕەگی ئەبڕێ
کورد ئازاردان دۆڵی ئەدڕێ
یا خۆ ئەمرم
چەند پیرۆزە
بۆ ئینسانێ
لەبن شاخێ
لە ئەشکەوتێ
لە پێناو ماف و سەربەستی
لە باوەش دایکی خۆی بمرێ

خۆ ئەو کاتە، هەر هیچ نەبێ
بەسەربەرزی
ئەو بستە پاک و پیرۆزەی
لەم کوردستانە پێ ئەبڕێ!!

زۆربەی هۆنراوەکانی خالید دلێر لەسەر نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی و دوژمنایەنیی ئیمپریالیزم هۆنراونەتەوە و مەبەستی ئەوەیە کە ئیمپریالیزم دوژمنی کورد و بەرەی مرۆیە و دوژمن ئەبێ دوژمنایەتی لەگەڵدا بکرێ، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی سکالایەک هۆنیویەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

کوردم
یانێ! ئازا و کوردم
ئیمپریالیزمی دوژمنم
دابەشی کردووە وەتەنم
تاکو بەراتی کوردستان
زۆر بەئاسان
بچێتە باخەڵی ئەوان

***

منیش دەربەدەر بەقاچاخ!!
ئەبڕم سنووری نەبووی یاساخ!!
لە کوردستان
ئەوەی بەستراوە بەئێران
ئەوەی نان لێی دەس ناکەوێ
کانگەی بەراتیشە ئەوێ!!
بەلام نان لێی دەس ناکەوێ
زۆرباش ئەزانم دوژمنە
ئەو هۆی نزمیی ژینی منە
یەکێک هەمیشە برسییە
کە ڕەنجی خۆی بۆ خۆی نییە

***

سەرچاوەکان

١- ئاگر و ژیلە، هۆنراوەی خالید دلێر - سلێمانی ١٩٥٨.

٢- بەرەو لووتکەی ئاوات، هۆنراوەی خالید دلێر - سلێمانی ١٩٧٩.

٣- گزنگی هەتاو، هۆنراوەی خالید دلێر - کەرکووک ١٩٥٧.

٤- ئەو رۆژنامە نووسراوی محەمەد عەبدورەحمان زەنگەنە - بەغدا ١٩٨٥.

حەمە سەدیقی مەحموودی

١٣٥٨ - ١٤٠٧

حەمە سەدیق، کوڕی مەلا برایم کە شۆرەتی مەحموودییە لە ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی لە دێی باشبلاغی سەر بەسابلاخدا لە دایک بووە و خۆی گوتەنی هەر لە منداڵییەوە لە قوتابخانە ئاینییەکاندا خەریکی خوێندن بووە و لە دەوری لاویەتیدا بەزۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لە هەر کوێدا مەلایەکی بینیوە لەلای وانەی خوێندووە و سەرئەنجام لە سابلاخدا ئیفتای وەرگرتووە و ئەوسا ماوەیەک خەریکی وانە وتنەوە بووە و پاشان بووەتە مامۆستا و لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا وانەی داوەتە منداڵان و لە پاشا گوێزراوەتەوە بۆ تاران و بەرۆژا وانەی وتووە و بەشەوا وانەی خوێندووە و پاشان و چووەتە کۆلێجی حقووق و لەوێدا لیسانسی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە سابلاخ و لەوێدا لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا خەریکی وانە وتنەوە بووە، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٤٠٧ی کۆچی لە ڕێگەی سلاخ، بۆکاندا تەسادوفی کردووە و گیانی بەگیانی ئافەرین سپاردووە.

حەمە سەدیق بەهۆنەرێکی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و ئەگەر لە هەندێ لە هۆنراوەکانیدا ناپوختەیی هەبێ ئەوە نرخی هۆنراوەکانی پێ ناشکێ، ئەو هەر لە منداڵییەوە هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڵام زۆربەی هۆنراوەکانی لەناوچوون و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا لەسەر ڕێ و شوێنی گۆران ڕۆیشتووە و دەتوانین ئەو بەیەکێ لە هۆنەرانی نوێبێژ دانێین. جا لێرەدا هەندێ لە هۆنراوەکانی ئەو دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ئەم هۆنەرەمان لە هۆنینەوە و دروستکردنی وشەی جوان و ڕەنگاوڕەنگ و ڕێکخستنی سەروا دەستێکی باڵای هەبووە، ئەو یەکەمین جار لە بەرامبەر سروشتی جوانی پاشبلاغا مرخی هۆنەریەتیی بزووتووە هەر لەو کاتەدا کە تکنیکی شارستانییەت دووربووە، چاوەندازەکان و دیمەنە جوانەکانی کوردستان ئەوی بەجارێ گەشاندووەتەوە بۆیە بەم جۆرە دەکەوێتە ستایشی سروشت و کوردستان و دەڵێ:

نیشتمانم، ئەی کوردستان
بارگە و بنەی لێ نا زستان!
بەهاری جوانت هاتەوە
بۆ کوردەکان، بەهاتەوە
لە داوێنی چیا و هەردان
لەسەر لووتکەی شاخ و بەردان
لە گوێ خڕان و لاشیوان
ڕەمزی ژیان بووە میوان
ورەی بەردا بەفری نسار
کە دی بزەی لێوی بەهار
بوو بەئەسرین بەرەو ڕووبار
لە چاوی خۆی تکایە خوار
ڕۆژێ سەد جار دەفڕێ خەیاڵ
بەرەو هەوری گەواڵ گەواڵ
نیگای دەگرێتە نێو باوەش
لەوێوە بەستێنی ڕووباران
کوڕان دەکرێن گولاو باران
پۆل پۆل کچان کۆمەڵ دەکەن
ئاور لە دلاندا هەڵدەکەن
هەوریی هەور، لە شان دەکەن
تۆفانی نوور، پەخشان دەکەن
شایی دەگرن، گەڕی شایی
قوربانی بێ تەختی شایی
لەسەر نووالان، ئەم کاتە
سەرنج دیلی گولو کاتە
بۆنی هەلاڵەیە بەیبوون
هەتوانی ناسۆری دەروون
چیمەن کە دیتی سەر زەوی
سەری بەهەشت دەکا نەوی

ئەی کوردستانی خۆشەویست
دڕووی گلێنەی نەتەویست
بەهاری جوانت هاتەوە
بۆ کوردەکان، بەهاتەوە

هۆنەر لەم پارچە هەڵبەستەدا چەند جیناسێکی جوانی بەکاربردووە، وەکو: (هاتەوە)، (بەهاتەوە)، (ڕووباران)، (باران)، (گەڕی شایی)، (تەختی شایی).

هۆنەر لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی کۆمەڵ دەکا و دەڵێ: مرۆ دەبێ بەپیاوەتی و مەردی ژیان باتە سەر و خۆی لە کاری خراپە و پەستی بپارێزێ و بۆ کۆمەڵ هەوڵ بدا تا کۆسپ و تەگەرەی ژینی خۆیشی لابا، وەکو دەڵێ:

ئەبێ بنیادەمی ژیر
بنیادەمی خاوەن بیر
ئافرەت و پیاو، لاو و پیر
گوێ شل نەکا بۆ تەقدیر
بەبێ مەترسی و ئەندێش
ئەبێ بڕوا بەرەو پێش
ئینسان چونکە ئینسانە
ئەرکی شانی گرانە
ڕێی ژینی پڕ لە ژانە
ئەبێ بڕوا مەردانە
ببڕێ ڕێگەی ئامانجی
تا دەسکەوێ قازانجی
خوو مەگرە قەت بەپەستی
لە تێکۆشین نەوەستی
مەردە ئەوەی کە بەستی
بەسەرکەوتەوە هەستی
سەرکەوت بۆ نیشتمانی
بۆ کۆمەڵی ئینسانی
مەخزە قەراغ و گۆشە
ئەم فکرە ژێری بۆشە

وتەی بەمـێشک و هۆشـە
مـردن بۆ ژیان خـۆشـە
ژینی بەپەسـتی گـیـانە
مـەرگـە، نێـوی ژیانە
بەتین کـە بیـر و بڕوات
لابەرە کـۆسـپی ژێر پات
بڕازێنەوە ئەو کـات
تۆ بـووکی جـوانی ئاوات
ئـاواتـی ڕسـتگاری
لـە دیـلـی و هـەژاری

هۆنەر نیشتمانی خۆش دەوێ، ئەو نیشتمانەی کە تێیدا لە دایک بووە، گەلێ کەژ و کێوی تێدایە و هەر کـوێی دەڕوانی گـوڵ و گـوڵزارە و دەڵێی بەهەشـتـە و لە هەمـوو شـوێنێکیـدا خوڕەی ئاوی هەڵدێرەکان دێتە گوێدا و لاوەکان لە تەقەڵا و هەوڵ و کۆششدان وەکو دەڵێ:

کـوردسـتان نیشـتـمـانی خـاوێنم
شـەو و ڕۆژ پێـتـەوە دەڕوانێم
خـۆشـەویسـتـیم کـریوی بۆ بـایی
پڕ لە گـەوهـەر کـراوە داوێـنم
بەر بەیانت بەیانی ئیـمـانە
شـەوەزەنگت پەنـای ئامـانە
تەمی شـاخـانی ڕەش لە داخـانت
مـەتەڵۆکـەی ژیانی کـوردانە
نیـشـتـمـان چاوەکـانی قـەندیلت
دەگـرین بۆ کـوڕانی وا دیلت
کـە تۆ کـەوتووی وەها توانایان
نیـیـە دەسـتێ بنێنە ژێر پیلت
لەندە گـوێی گرتووە لەبن ئاسـمـان
دەڵێ پەریان دەکەن لەوێ باسـمـان
کوردەکـان ڕاپەڕن ئەگەر ئەمجەل
پشـتیـوانە خودای هەمـوو ئاسـمـان

ئاگری کێوی تاسە تاساوت
ئاگری ئاگرین و داماوت
بانگ ئەکا لێت کە بەرز ئەبێ ڕۆژی
وەک بڵێسەی دەروونی من ناوت
لە چیای کوێستانی زەنوێرت
خوڕەی ئاوی خوڕینک ، هەڵدێرت
هان ئەدەن بۆ خەبات و تێکۆشان
لاوەکان بوێر و نەبوێرت
کوڕە کوردێکی بێتە مەیدانێ
سەر لە پێناوی نیشتمان دانێ
زیندووە هەر لە یادی مێژوودا
بیری کەس مەیلی ئەو کوڕە نانێ

هۆنەر گەلێ هۆنراوی بەسروشتە جوانەکەی کوردستاندا وتووە، ئەو سروشتەی کە خوڕەی هەڵدێر و شمشاڵی شوانی بوونەتە هۆی کورتژمی ئەو، بەتایبەت نەورۆز کە کاتێ سەرهەڵدەدا هەموو شوێنێک دەبێتە گوڵ و گوڵزار و پەلەوەران لە دەوریا کۆدەبنەوە، وە بای شەماڵ کاتێ هەڵکا، بۆ نوبەرامە تێکەڵ دەکا و بەهەوا و ئاهەنگی هەوری بەهار، فرمێسکی شادی لە چاوانەوە دێتە خوار و بەڵام ئەمانە هیچ کامیان وەکو نێونیگای دڵدار لە دڵدا کار ناکەن، وەکو دەڵێ:

خوڕەی هەڵدێر، شمشاڵی شوان
بۆ شیعری جوان، ئیلهامی خوان
چەند بەسۆزن، چەند سیحراوین
لای لایەن بۆ کۆرپەی ئەوین

***

وەختێ کە هات نەورۆزی لاو
زستانی خست لە بەند و باو
ئاسمان لە سوێی گوڵی گوڵشەن
زامی جەرگی دێتە تەشەن

***

گەلاوێژی ئاسمانی شین
بەپرشنگی جوانی زێڕین
بەزەردەی لێو بەپێکەنین
تین ئەخاتە دڵی ئەوین

***

دەمی بەیان شنەی شەماڵ
دڵی بێ تین دێنێتە حاڵ
وەنەوشەی کز لەنێو تەما
ئەخاتە نێو کۆڕی سەما

***

بەپشت پشتی قامکی سروشت
کاتێ کە خۆر پرشنگی ڕشت
زەوی هەمووی چ دەشت چ کێو
بزەی زێوینی دێتە لێو

***

بەئاهەنگی هەوری بەهار
فرمێسکی دێتە خوار
لە چاوی ئاسمانەوە
بەمژدەی ژیانەوە

***

باران زەوی دەخەمڵێنێ
دەشتی هەزار بەهەشت دێنێ
خۆی بەدیاری ئەدا بەکێو
گوڵی بزەی گوڵدانی لێو

***

لە کێو و تەل، دەشت و چیا
لەسەر پەڕەی گوڵ یا گیا
چەن نەخشینە و چەن جوان ئاونگ
کاتێ کە لێی دا پرشنگ

وشـــه و تریفـــەی مـــانگەشـــەو
لـه ســـــــــووچـی دڵ ئـەدا پـرتـەو
ئەخـــاتـه نـاو ئـاگـــری ســـوور
تاســـە، مـــەیل، هـەست و شـــوعـوور

***

ئەوانه گـــشت ئەدەن بەگـــیـــان
ژیان و مـــان بەڵام کـــامـــیـــان
وەک نـیـــــونـیـگـای هـی دڵـدارین
ئـاوا لـه نـاخـی دڵ کـــــــارین؟!

ئەمەش پارچه هەڵبەستێکی تری ئەم هونەرەمان که لەسەر شێوەی نوێ هۆنیویەتەوە له سەردێڕی: ئەوا دیسان... داخی گران، که بەڕاستی گەلێ شیرین و تەڕ و پاراوە، وەکو دەڵێ:

هیوا و
ئاواتی سەربەستی
ئەو هیوایەی هەڵی مژی
تەم و مژی
سووچی دڵی هەژارەکان
ئەوا دیسان
داخی گران
بەئاگری خۆپەرستی
ئەسووتێنرێ و
بەسەر دڵی خاکە لێوەی خوێن ئاژنی
کوردستانا
ئەتوێتەوە

***

چارەنووسی چەوساوەکان
چەوساوە دڵ تاساوەکان
وەکو هاوارێکی پساو

لەنێو گەرووی بڵێسەدا
بۆ ئێش، بۆ ئازار، تەنانەت بۆ مەرگێکی ڕەش
باوەش
ئەگرێتەوە
گرشەی بزەی گەلاوێژی
بەرزی ئەوین
ئەوینی ژین
هەوری چڵکن
***
سەری بڕی و
ئێستا بەدەم گژە باوە
بەرەو نەبوون
ئەشنێتەوە
گاشە بەردی ڕەشی خەفەت
بەسەر لەشیا
بەسەر لەشی سەر بەهەشیا
ئەتلێتەوە
ئەتلێتەوە
***
بەڵام... بڵێی...؟
بڵێی هەروا
گڕی هیوا
بڵێسە توورەکانی خۆی
بخواتەوە
تاریکاییی شەوەزەنگی
پشوو هەڵبڕ
بڕشێتەوە؟
***

بلێی هەروا
بیرە پرش و بڵاوەکان
لەنێو دەشتی بێ سنووری تەمی ژیان
ڕێبوارێکی ناشارەزای
ڕێ ون بوو بن؟
پەنجەی ڕەشی نامرادی
ئارەقی ماندووبوونیان
بسڕێتەوە؟

سەرچاوەکان

١- وەنەوشە هۆنراوەی حەمە سەدیقی مەحموودی - ورمێ ١٣٦٧.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا حەمە سەدیقی مەحموودی.

شێرکۆ بێکەس

١٣٦٠ - ...

شێرکۆ، کوڕی فایق بێکەسە و لە ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی لە سلێمانیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و دەوری سەرەتایی لە سلێمانی و دەوری ناوەندیی لە بەغدا تەواو کردووە و لە تەمەنی دە ساڵیدا یەکەمین پارچە هەڵبەستی لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوبووەتەوە. لە تافی جوانیدا لە بەرابەر ڕژێمی عارفدا ڕادەوەستێ و ئەوسا دەبێتە پێشمەرگە و لە ئێزگەی دەنگی کوردستاندا خەریکی کار دەبێ و لە پاشا لەگەڵ ڕۆژنامەی برایەتیدا هاوکاری دەکا و ئەوسا دەگیرێ و لە لایەن بەعسییەکانەوە بۆ ماوەی چەند ساڵ بۆ بەغدا دوور خرایەوە و لە ساڵی ١٤٠٦ی کۆچی ڕووی کردە ئەورووپا و لە ئیتاڵیادا نیشتەجێ بوو و، لە ساڵی ١٩٨٧ی زایینیدا خەڵاتی وێژەیی لە سەرەک وەزیری سوێد وەرگرت و بەم بۆنەوە گەلێک لە هۆنراوەکانی وەرگێڕرایە سەر زمانی نۆرویژی و بڵاو بوونەوە.

شێرکۆ بێکەس بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو بەچەشنێکی نوێ هۆنراونەتەوە و لە هۆنراودا ڕێچکەیەکی تازەی گرتووەتە بەر و خۆی لە بیری کۆن لاداوە و بۆ ڕەنگینکردنی هۆنراوەکانی گەلێ هەوڵی داوە و مەبەستەکانی بەقووڵی دەربڕیوە و لە هۆنراوەکانیدا پتر لە کەلەپووری نەتەوایەتی و فۆلکلۆر کەڵکی

وەرگرتووە و تا ئێستا چەند بەرهەمی بەناوەکانی: «تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان، کاوەی ئاسنگەر، من تێنوێتیم بەگڕ ئەشکێ، ئاسک، کازیوە، دوو سروودی کێوی، پیرەمێرد و زەریا (وەرگێڕانی)، ڕووبار، دەربەندی پەپوولە» بڵاوبوونەتەوە.

ئەرکی هۆنەر ئەوەیە کە بەهیوای بەدیهێنانی ئەو شتانە بێ کە هێشتا نەهاتوونەتە دی و هۆنەر پێویستە بەدوای ئەو شتانە بگەڕێ کە سوودی گشتییان تێدایە، چونکە ژیانی مرۆ هەوراز و نشێوی هەیە و دەبێ بۆ سەرکەوتنی ژیان گەلێ ئەرک و ڕەنج بکێشێ و ئەمە هۆنەرە کە دەبێ ئەو بۆ ژیانێکی سادە و ساکار هان بدا و لە چەوتییەکان لای بدا و پەیامی سەرکەوتنی پێ بدا. کاتێ کە ژیان کرچوکاڵ بوو و، خۆر تازە چاوی دەپشکووت و مرۆ بیری دەبزووت، ئاسمان و ئەستێرە و دەریا کە تازە بەدی هاتبوون و چیا و درەخت و گژوگیا کە بەسروشتەوە لکابوون، زەوی هێشتا هالاوی نەدیبوو، زەردەشت لە مەڵبەندی کوردەواری سەری هەڵدا و ئاڤێستای بۆ کورد هێنا تا پەیامی ئەهورامەزدا بەخەڵک ڕاگەیەنێ و ئەوان بخاتە سەر ڕێی ڕاست، چونکە زەردەشتیش هۆنەر بوو و، تا کورد خاوەن ئاوێستا بوو هەموو شتێکی لەژێر دەستابوو، بەڵام هەرکە ئاوێستایان لە کوردەکان دزی و وشە پیرۆزەکانیان لێ ڕنی، ڕووناکیی کورد کەوتە کزی و دەم و دڵ بیریان بەسترا و لەو ساتەوە تا ئێستا هەر هان لە ناو پەرۆشی، وەکو دەڵێ:

ژیان: هێشتا کرچ و کاڵ بوو
زمانی ئەیگرت و لاڵ بوو...
گەردوون: تەمەنی مناڵ بوو
خۆر: تازە چاوی ئەپشکووت
مرۆڤ: تازە بیری ئەبزووت!
پێغەمبەرانی خوا ناردوو...
ژمارەیان ئێجگار کەم بوو
ئاسمان و ئەستێرە و دەریا...
چیا و درەخت و گژوگیا...
تازە ئەبوون و ئەخوڵقان
بەسروشتەوە ئەلکان...
زەمین... هێشتا
هالاو لە لەشی هەڵنەستا!
کە – ئاوێستا!

لە ئاسۆی بیری زەردەشتا
بۆ کورد هەڵهات
کە پەیامی... ئاهورمزدا
لە لووتکەوە بانگی هەڵدا
بۆ گشت دنیا...
بوو بەئاوات!

***

تا کورد خاوەن ئاوێستا بوو
خۆریشی لەژێر دەستا بوو!!
هەتاکو چرای ئاوێستا
دائەگیرسا
بەرچاوی بیرمان ڕووناک بوو
سەرچاوەی دەروونمان پاک بوو
بەڵام کە ئاوێستا ...برا...
دزراو گۆڕا
بەنینۆکی ڕقوکینە
وشەی پیرۆزی لێ ڕنرا...
مۆری بێگانەی پیانرا...
ڕووناکیمان کەوتە کزی
بەربووینەوە بەرەو نزمی
کە لە دەسمان چوو... ئاوێستا
دەم و دڵ و بیرمان بەسترا
لەو ساکەوە هەتا ئێستا!

بەپێی بیروڕای شێرکۆ، هونەر دەبێ بکەوێتە هەوڵ و تێکۆشین و خەڵک وریابکاتەوە؛ چونکە ئەو ئازارەی کە لە ناخی دڵی هونەرەوە هەڵدەقوڵێت مرۆڤایەتی باوەشی بۆ دەکاتەوە و ئەوەی کە لە ناو دەرد و ژاندا بێ، هەر هونەرە بۆیە هەموو هەڵسوکەوتێکی هونەرە و هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە کە دونیایەک بنیات بنێ کە بڕوای پێیەتی، نەک ئەو دونیایەی کە تیایا دەژی و جا لە پارچە هەڵبەستێکیدا ڕوو دەکاتە هونەران و دەڵێ: ئەی

هۆنەرانی وڵاتەکەم، بۆچی خۆتان تەنیا لە دەوارێکی هۆبەی هۆنراودا قەتیس دەکەن و هەر تەنیا ئاوازێک دەچڕن و تۆی گوڵێک دەچێنن کەچی هۆنراو هەموو جێ و شوێنێک دەبینێ، کەڵکەڵە و خەیاڵ کەی سنووری هەیە، ئەم دڵە بچکۆڵە دنیایەکی خەیاڵیی تیا جێ دەبێتەوە و دەتوانن هەموو شتێک دەربڕن و خەڵک لەم ڕێگەوە وریاکەنەوە، بەڵام بەمەرجێ ڕاستەقینە بۆ خەڵک ڕوون کەنەوە و ئەمەش ڕاسپێری ئێوەیە، وەکو دەڵێ:

شاعیرانی وڵاتەکەم
بۆچی خۆتان لەناو تەنها
دەوارێکی هۆبەی شیعرا
قەتیس ئەکەن؟!
بۆ لە یەک ئاواز ئەخوێنن؟!
بۆ تۆی گوڵێک ئەچێنن؟!
چاوی شیعر، کوێ نابینێ!
گوێچکەی شیعر چی نابیسێ!
خەیاڵ کوا سنووری هەیە
بەهرە کوا ڕێی دووری هەیە
بڕوا بکەن!
ئا ئەم دڵە بچکۆڵەیە
کە ئەوەندەی هەرمێیەکە
نەک سەرزەمین
گەردوون جێگەی تیا بووەتەوە و
زەمانیشم تەنها نووکی
بەگینگڵی قەڵەمێکە!

شێرکۆ کە یەکێ لە هۆنەرانی نوێبێژە، هۆنراوەکانی لە سنووری خۆیی پەلی هاوێشتووە و هەموو جۆرە هۆنراوێکی هۆنیوەتەوە: سروشتی، نیشتمانی، کۆمەلایەتی، دلداری، وە لە هەموویاندا وشەی جوان و ساکاری کوردیی بەکار بردوون، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا کە لە سەردێڕی (کە تۆم ناسی) هۆنیویەتەوە دەڵێ: پەریی کەڵکەڵەی هەمیشە و خوای دڵداری تازە پیشەم و خولیای گەرمی هەرزەکاری و فریشتەی ژیانی تازە و ڕۆژانی پڕ لە خەم و پەژارەی ڕابردووم کە تۆم ناسی هەموویان لێم بەدەربوون و برینەکانم بەجارێ

ساڕێژبوونەوە و هەوری ناسۆرم بەجارێ توایەوە و ژیانم گۆڕا و تەمەنم لە نوێ نووسرایەوە، وەکو دەڵێ:

پەریی خەیاڵی هەمیشەم
خوای دڵداری تازە پیشەم
خولیای گەرمی هەرزەکاریم
تاقانەی بەری دڵداریم...
فریشتەی ژیانی تازەم
گۆرانیی خۆشی ئاوازەم

***

تەمی خەمی بەری چاوم
ونبووی ناو دڵداری ناوم:
ڕۆژانی ئەوسای ڕابوردووم
دڵی بێ هەستی وەک مردووم
گۆشەگیری و گیانی تەنگم
سەراپا ژینی بێ دەنگم
کە تۆم ناسی لێم بەدەربوون
وەک نەمدیبن لێم بەسەرچوون
کە تۆم ناسی سۆزی گیانم
ساڕێژی کرد زامی ژانم
کە تۆم ناسی ئاشی بەختم
کەوتە گەڕی خۆش وەختم
هەوری ناسۆرم توایەوە
عومرم لە نوێ نووسرایەوە
پەری خەیاڵی هەمیشەم
خوای دڵداری تازە پیشەم

هەوێنی هۆنراوەکانی شێرکۆ لە کانگای ژیانی کوردەوارییەوە سەرچاوەیان گرتووە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا لاسایی هۆنەرە پێشووەکانی نەکردووەتەوە و تەوقی عەرووز و لاساکردنەوەی شکاندووە و لەسەر ڕێبازی شێخ نووری و گۆران ڕۆیشتووە و لەگەڵ

ئەوەشدا ڕێز بۆ هۆنەرەکانی پێشوو دادەنێ و هەندێ جار لە هۆنراوەکانیدا دیاردیدان پێ دەکا، وە زۆربەی هۆنراوەکانی نوێنگەی ژیانی کوردەوارین، چونکە لە قوتابخانەی سروشتی نیشتمانەکەیدا پێ گەیشتووە و گەلێ ئاوارەیی و دەربەدەری دیوە، وە سۆزی نیشتمانپەروەری لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ و ئەویش هەر لەسەر ڕێی باوکیی دەڕوا.
ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی تری ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

هەنگوین

«نالی» پرسیی:
هەنگوین چ ڕۆژێ پەیدا بوو؟!
مەم و زین پێکەوە وتیان:
هەنگوین ئەو ڕۆژە پەیدا بوو
کە شانەی دەمی دوو دڵدار
هەنگی ماچیان بەخێو کرد و
لە لادێوە ناردیانە شار!

***

بەفر

منداڵ بووم و سەرەتا بوو،
خۆشەویستیت:
تۆپەڵە بەفرێ بوو بچووک
بەقەد تۆپێ!
ڕۆژ هات و چوو
سەرنج ئەدەم:
هەتا تەمەن
بەرەو لێژایی مل بنێ
تۆپەڵە بەفری ئەوینیش
خول ئەخوات و
دائەگەڕێ و
گەورە ئەبێ
ڕۆژێکیش دێ:

ئەی وڵاتە سپیکەڵە غەمینەکەم!
کە قورسایی کێوی بەفر
بەم دڵە بچکۆلانەیە
هەڵنەگیرێ و
هەر بەدەستی خۆشەویستی
تۆ بکوژرێ!

***

ئەسپ

ئەسپێک خۆی دا لە گێژەنێ
گێژەن وتی: ئەگەر هات و پەڕیتەوە
چیت ئەدەنێ؟!
ئەسپ وتی: سوارێک لە پاشکۆی خۆیەوە
خەمی دارستان هەڵبگرێ و
بەدەم هۆرەی ڕەشەباوە
پێ بکەنێ!

یەکێ لە بەرهەکانی شێرکۆ، چیرۆکی (کاوەی ئاسنگەرە) کە بریتییە لە خەباتی بێ وچانی کاوەی ئاسنگەر و بەشێکە لە مێژووی ئەفسانەیی نەتەوەکەمان کە گەلێ گرنگ و بایبدارە و نووسینی ئەم چەشنە بەرهەمە گەرچی وێنەی لە وێژەی کوردیدا کەمە، بەڵام لە وێژەی جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش کە یونانییەکان ئەم چەشنە داستانەیان بووە و ئەرەستوو دیاردی پێ کردوون و بەر لە شێرکۆش دوو هۆنەری تری کورد هەوڵی ئەوەیان داوە کە چیرۆکی کاوە بکەنە بەرهەمێکی شانۆیی کە یەکەمی زەکی ئەحمەد هەنارییە و دووەمی گۆرانە و بەرهەمەکەی هەناری تەواو بووە، بەڵام هی گۆران بریتییە لە تەنیا پەردەیەک کە هەردووکیان خۆیان بەستووەتە چیرۆکی کاوەی ئاسنگەری کە لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە و لەم چیرۆکەدا ئەژی دەهاک شەوێکیان خەوێکی ترسناک دەبینێ و دەکەوێتە ناو مەترسییەوە و داوا لە خەو لێکدەران و پیاوە ئایینییەکان دەکا کە خەوەکەی بۆ لێکدەنەوە و ئەوانیش دەڵێن دەبێ گەوانامەیەک بنووسین و هەمووی خەڵک مۆری کا و لەم کاتەدا کاوەی ئاسنگەر خۆی دەکا بەناوی کۆشکەکەدا و داوای هەژدەیەمین کوڕەکەی دەکا کە پیاوکوژەکانی شا گرتبوویان تا مێشکەکەی دەربێنن و بیدەنە دەرخواردی مارەکانی سەر شانی شا؛ چونکە کوڕەکانی تریان بەو چەشنە

کوشـتبوو، ئەوسا پیـاوە ئاینییەکان داوایان لە کـاوە کرد کە گەوانامـەکە مۆرکا تا کـوڕەکەی پێ بدەنـەوە، کـاوە کـە ئەمـەی بیـست تووڕە بوو و گـەوانامـەکـەی دڕی و لەگـەڵ کـوڕەکـەیا دەربازبوو، ئەوسا خەڵکی لە دەوری خۆیا کۆکردەوە و داوای لێیان کرد کە هەموو ڕاپەڕن و ئەو پادشـا سـتـەمکارە لەناوبەرن و ئەوە بوو کە کەوڵەکەی کردە ئاڵا و سـەرەنجـام هێرشی بردە سـەر لەشکری ئەژیدەهاک و ئەوانی تێکشکان و ئەوسـا ئەژیدەهاکیـان لە دەمـاوەندا بەند کرد تا لەوێدا مرد. بەڕاسـتی شـێرکۆ چیرۆکەکەی بەچەشنێکی جوانتر نووسـیوە و هونەری تێدا نواندووە کە ئەوا چەند دێرێکی لێرەدا دێنین وەکو دەڵێ:

تابلۆی هەشتەم

جێگا دوکانەکەی کاوەی ئاسنگەرە، کات بەیانییەکی زووە، «پشتکۆ»ی هاوڕێی گوردۆ، لە دوای گـرتنی گـوردۆ بووەتـە شـاگـردی کـاوە، تازە دوکـانەکـەی کـردووەتـەوە و خـەریکی ڕێکخستنی کەرەسەی ئیشە، پاش ماوەیەک بێ دەنگی، بەدەنگی بەرز لەبەرخۆیەوە دەڵێت:

لەگەڵ دڵی شێت و وێڵما
هەردە و دۆڵ و لووتکە نەما
نەیپێوم و پیا نەگەڕێم
یا دەوەن و دارێ نەما
نەمناسن و نەزانن کێم!
هەتا ئەژنۆ شل بوو گەڕام
تا سنوورێک خەیاڵ ئەیدی
گەڕام... ڕۆشتم
بەڵام ئەنجام... نەگەیشتم
بەو دنیایەی کە من ویستم
– پشوویەک –
سەردەمێکی تر هات و چوو
هەر ئاوارە، هیلاک، وێڵ بووم
بەڕووی ئاراما... شەوکێڵ بووم
سەر هەڵگرتوو
لەناو باوەشی سروشتا
ئەگەڕام بەشوێن بەهەشتا

بەڵام ئەنجام تێ گەیشتم
کە لەوێشدا خۆمم نەدی
خۆم نەناسی!
- پشوویەک -
سەردەمێکی تری تەمەن
بۆ خوای دادپەروەری گەڕام
تا لە دیلی ڕزگارم کەن
تا بگەمە ڕۆژی ئەنجام
کڕنووشم برد!
مانگم پەرست، خۆرم پەرست
دەریام پەرست، گڕم پەرست
بەڵام ئەنجام هەر وێڵی بوو
هەر تاریکی، هەر دیلی بوو
- پشوویەک -
سەردەمێکی تر چاوی یار
باڵای شۆخوشەنگی نازدار
ئاواتم بوون، خولیای گیان بوون
هەوێنی هەموو ژیان بوون
بەڵام ئەنجام، نەگەیشتم
بەو هیوایەی کە من ویستم
- پشوویەک -
بەڵام لە گەڕان نەکەوتم
ورەی ئاواتم بەرنەدا!
هەتا بەئارام گەیشتم
تاکو کۆڵم بەدیلی دا
تا وێڵ بوونم بەقۆناغی
ئاوەدانی ڕێگە گەیاند!
هەتا نائومێدی و ناخی
سەرگەدانیم لە دڵا مرد

- پشوویەک -

بیری ئازادیم دۆزییەوە
خۆم پێ ناسی
خۆی پێ ناسیم!
ڕووناکترین ڕێم بینیەوە
سەرکەوتنی ژینم تیا دی
زانیی من کێم!
لە کوورەیا خۆم توانەوە
تا لەگەڵیا ژیامەوە

سەرچاوەکان

١- تریفەی هەڵبەست، لە هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس - بەغدا ١٩٦٨.
٢- دوو سروودی کێوی - شێرکۆ بێکەس - بەغدا ١٩٨٠.
٣- ڕووبار - چیرۆکە شیعر - شێرکۆ بێکەس - بەغدا ١٩٨٤.
٤- کازیوە - شێرکۆ بێکەس - سلێمانی ١٩٧٨.
٥- کەژاوەی گریان - شێرکۆ بێکەس - سلێمانی ١٩٦٩.
٦- من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ - شێرکۆ بێکەس - بەغدا ١٩٧٣.
٧- پیرەمێرد و زەریا - شێرکۆ بێکەس - بەغدا ١٩٨٣.
٨- ئاسک - شێرکۆ بێکەس - بەغدا ١٩٧٨.
٩- کاوەی ئاسنگەر - شێرکۆ بێکەس - سلێمانی ١٩٧١.

خورشیدە بابان

١٣٦٠ - ...

خورشید، کچی ڕەئووف بەگی بابان لە ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی لە هەڵەبجەدا هاتووەتە جیهانەوە و لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بێ باوک بووە و لەمەوە تووشی گەلێ تەنگوچەڵەمەی ژیان و نەهاتی بووە و بەخوێندنی پچڕپچڕ توانیویەتی پۆلی شەشەمی ناوەندی تەواو بکا و پاشان بووەتە مامۆستای قوتابخانەیەک و ئەوسا چووەتە بەشی لەش ساخی و بۆ ماوەی دوو ساڵ خەریکی خوێندن بووە و بەپەیەکەم دەرچووە و ئێستاش هەر لەسەر ئەو کارەیە.

خورشیدە بابان یەکێ لە هۆنەرانی ئەم چەرخەیە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی هۆنراو

هۆنینەوە بووە و هەمووی ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوە و هۆنراو هۆنینەوە تەرخان کردووە و لەم مەیدانەدا گۆی هونەری بردووەتەوە و لە ڕاستەقینەدا دەتوانین بڵێین کە هونەرێکی سروشتی خوادادە و ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو هۆنەرەمان بگاتە ڕیزی کەڵە هۆنەرانی کورد.

خورشیدە هۆنەرێکی زۆر بەرزە و تا ئێستا دوو کۆمەڵە هۆنراوی بەناوەکای: (تیشک) و (دیاری) و(یادگار) چاپ و بڵاوبوونەتەوە و هۆنراوەکانی هەتا حەز بکەی جوان و شیرین و پاراون و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر کێشی خۆماڵی هۆنیوەتەوە و پتر وشەی ساکاری کوردیی بەکاربردوون و زۆربەی هۆنراوەکانی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتین.

خورشیدە یەکەمین پارچە هۆنراوی کە گیانی هۆنەریەتیی بزواندووە و ئەوی خستووەتە سەر هۆنراو هۆنینەوە بەناوی لەگەڵ قاسپەی کەوە کە بەشێوەیەکی جوان هۆنیویەتەوە و دەڵێ:

ئەی کەو بخوێنە لەگەڵ من بەکوڵ
من بۆ نیشتمان تۆ بۆ جوانیی گوڵ
تۆ لە مۆسیقای قورگێکی ڕەنگین
من لە سەرچاوەی دڵێکی غەمگین
دەسا بخوێنە لەگەڵ من بەجۆش
من بەوشەی جوان، تۆ بەقاسپەی خۆش
من بۆ کوردستان، تۆ بۆ کوێستانان
من بۆ سەربەستی، تۆ بۆ سەر شاخان
من بۆ تروسکەی هیوای خاکەکەم
تۆ بۆ سەر لووتکەی دڵگیر و بێ خەم
تۆ بقاسپێنە بۆ هاوڕێی لە دوور
من بۆ کوردەکەی ڕێی خەباتی سوور
تۆ بۆ سێبەر و چەشمەی دڵفڕێن
من بۆ کوردەکەی مێژوو پڕ لە خوێن
تۆ بۆ ناو ڕەز و دار گوێز و نزار
من ئەڵێم بمرێ بەدکار و زۆردار
بخوێنە بەڵام بەقاسپەی زوڵاڵ
دڵ بێنەرە کوڵ بفڕێنە خەیاڵ

بفـــڕێنه خـــەیاڵ بۆ کـــۆڕی هـەواڵ
بۆ زڕەی زنجـــیـــر، دەنگی ئاڵەئاڵ
کـــەوی وردیلەی کـــەژی پڕ گـــەوهـەر
ئەی باڵداری جـوان خـــاوەنـی هونـەر
لەگـەڵ تیـشکی ڕوون، گـزنگی بـەیان
ڕووناک کـــە دەروون بەئاوازەی جـوان
لەگـــەڵ کـــاروانی ئازادیی گـــەلان
بڵێ بژی کـــورد، بژی کـــوردســـتـــان

خورشیده بابان گراوی سروشتە، سروشتە جوانەکەی کوردستان، ئەو سروشتەی کە بەهاری پڕ لە گوڵ و گوڵاڵەیە و کێوەکانی پڕ لە شیناوەردی و گیا و ڕووەکە، بۆ ئەوەی کچان و کوڕان لە ئەوپەڕی شایی و خۆشیدا لەناویدا ژیان بەرنە سەر، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی لەگەڵ بەهارا هۆنیویەتەوە دەڵێ:

بـەهـار تازەیە ســـروشـــتی جـــوانت
پـڕ ئـاوازەیـە شـــێـــوەی ژیـانـت
زۆر جـوان خـەمـڵاوە خـەیمەی گـوڵانت
بـەرز و ڕازاوە کـــەژ و کـــێـــوانت
وەک ڕەوشـــتی جـــوان وێنەی دڵگیـــرت
بـووەتـە ئـاوێـنـەی ئـاوات و بـیـــــرت
ســـێـــبـــەری گـــوڵ و لقـــوپۆی دارت
پـڕ لە بـەرهـەمــــە هـەوڵ و کــــردارت
ئـەمـــــەوێـت بـدوێـم لـە بـاست بـەیـنـێ
بەلام بێ کـــاتم بیـــخـــە ســـبـــەینێ
بەم چەند وشـــەیە لەگـــەڵ تۆ ئەدوێم
چەند ئاواتێکن ئەمـــەوێت بیـــڵـــێم
خـــۆزگـــە ئەمـــنـــەدی تاقـــە هـەژارێ
کـــز و کـــەســـاسـی تۆزە غـــەمـــبـــارێ
خۆزگە گشت ڕوویەک وەک تۆ گەش بووایە
دڵی گشت کەسێک وەک تۆ خـوەش بووایە

جـا ئەوسـا ئەمن گـەرمـەی کـارم بوو
خـــــەزانـی پـایـز نـەوبـەهـارم بـوو

خورشید بابان دیاره له ژیاندا تووشی گەلێ تەنگوچەڵەمە و ڕەنج و ئازار بووە، چونکە بەهەتیوی گەورە بووە بۆیە لە پارچە هەڵبەستێکیدا سکاڵا لە دایکی دەکا کە بۆچی هێناویەتە کۆڕی ژیانەوە تا لە باوەشی خەم و پەژارەدا ژیان باتە سەر و تەمەنی بەخەم و خەفەت ڕابوێرێ و لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: من گەرچی ڕێم سەخت و ناهەموارە بەڵام هیچ کاتێ سەردانانەوێنم و ڕێگای خۆم دەبڕم و سەر شۆڕ ناکەمەوە، هەتا سەردەکەوم و ئەوسا گۆرانیی هیوا دەڵێم، وەکو دەڵێ:

دایکە لای لایەی چۆنت بۆ کـــردم
بۆ کـۆڕی مـەینەت بۆ چیت هاوردم
بۆ هەڵت گـــرتم بەباوەشی غـــەم
پەروەردەت کردم بۆ سەختی و ستەم
دایکە لای لایەی نیـــوەشــــەوانت
دەنگی بەســـۆزی دەمـــەو بەیانت
گـــشـــتی بەئازار هاتە کـــایەوە
بۆیە بێـــزاری بـۆ مـن مـــایەوە
بەڵام پێت ئەڵێم منی ڕۆڵەی غـــەم
ئەڕۆم ئەیبڕم گەرچی سەختە ڕێم
ســەر دانانوێنم بۆ تاریکیی شـــەو
دۆش دانامــێنم من بەو ئەکـــەم ڕەو
تاکـو کـڵـپـەی بێت ئاگـری دەروون
ناڵە و کـــزەی بێت ئازاری بێـــروون
زیاتر ئەیکەمە مـەشـخـەڵی ڕێی ڕوون
باشـــتـــر ئەیناسم بەدەورانی دوون
دایکە ئەزانم داری بێـــشـکەکـــەمَ
لە کوێ هانییان لە کام بێشە و چەم
بۆیە ســـتـــەمـــە ســـەر دانەوێنم
هەرگـیـز ملکەچ کـەم کـزۆڵ بنوێنم

دایە ئەزانم چۆن هانیمـــتـــە ناو
بەچی گۆش کرام بەکام هەوا و ئاو
ئەزانم لە کام سروشت پێ گەییم
لە کام هەستی پاک هاتم تێ گەییم
بۆیە هەر ئەڵێم بەمەردی مردن
نەک ساتێ ژیان بەسەرشۆڕکردن
دەنگی پڕ سۆزت بەدەم لایەوە
ئەزانم لە کوێ دەنگی دایەوە
بۆیە کاری کرد لە هەست و گیانم
جا تۆ گوێ بگرە لە بەستەکانم
گۆرانیی هیوا بەستەی سەرکەوتن
برایەتیی ڕاست، دەستی یەک گرتن
دایکە ئەزانم هەر چاوەڕێی تۆ
هەردەم گوێ ئەگری کەی من بێمە گۆ
بەڵێ تێکۆشین بۆ ئاواتی جوان
با دادپەروەر بین، شادکەین نیشتمان
ڕیشەی دڵ پیسی دەربێنین لەبن
هەرگیز لە یەکتر نەبین، بەدوژمن
گۆرانی هیوابەستەی سەرکەوتن
هەتاکو دوا کات مەبەستی منن

خورشیدە بابان لە فۆلکلۆریش کەڵێ سوود و کەڵکی وەرگرتووە و گۆرانییە نەتەوایەتییەکانی خستووەتە سەر قاڵبی هۆنراو و بەشێوەیەکی جوان هۆنیونەتەوە و هۆنراوەکانی گەرچی سادەن بەڵام گەلێ شیرین و ڕەوانن، وەکو لەم هۆنراوانەدا دەڵێ:

نە دەردم وێنەی دەردەدارانە
نە زامم وێنەی گەستەی مارانە
دەردم ئاوێتەی دەردی فەرهادە
منیش چون فەرهاد ڕەنجم وە بادە
باخێکم ناشتووە لەو ڕەزە دەیمە
لە دەوری ماڵتان گوڵ داویە خەیمە

لەیلێ خەوتگە چون خەرمانی گوڵ
پەنجەی چون شمشاڵ ها وە بانی دڵ
باڵاکەت بەرزە بۆ خۆی هەڵچووە
ئەمامی بەیە سێوی گرتووە
باڵاکەت بەرزە بەقەد چنارێ
کێ تەفرەی داوی بەردی لێ وارێ
ئەو باڵا بەرزە ئەو تەل بەسەرە
منی کوشتووە و خۆی بێ خەبەرە
باڵا وە بەرزی قەد وە باریکی
ئەستێرەی سیوەیل کەوتە تاریکی

سەرچاوەکان

١- تیشک، هۆنراوەی خورشیدە بابان - سلێمانی ١٩٧٠.

٢- دیاری و یادگار، هۆنراوەی خورشیدە بابان - سلێمانی ١٩٦٩.

ڕەفیق سابیر

١٣٦٠ - ...

ڕەفیق سابیر لەساڵی ١٣٦٠ی کۆچی لە قەڵادزێدا لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە بەغدا و لە زانکۆی ئەو شارەدا لیسانسی لە ڕشتەی وێژەی کوردیدا وەرگرتووە و ئەوسا لەسەر کاری میریدا دامەزراوە، بەڵام بەهۆی زەبروزەنگی ڕژێمی بەعسی عێراقەوە ناچار هەڵاتووەتە باکوور و چووەتە ڕیزی پێشمەرگە و لەوێدا دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و پاشان ڕۆیشتووەتە ئەورووپا و ئێستاش هەر لەوێ دایە. سابیر لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەستێکی باڵای هەیە و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی نوێ هۆنراونەتەوە کە گەلێ شیرین و پاراو و ڕەوانن و تا ئێستا کۆمەڵە هۆنراوێکی بەناوی ڕێژنە لە چاپ دراوە.

ڕەفیق سابیر هۆنراوەکانی لەسەر گیروگرفتی کۆمەڵ هۆنیوەتەوە و لە پارچە هەڵبەستێکیدا کە لە سەردێڕی وڵاتەکەم هۆنیویەتەوە، باسی ئەوە دەکا کە چۆن سەدان ساڵە خوێنی خەڵک دەرێژن و پەنجەی نەوەکان بەخوێناو دەخشێن و کوردستانیان بەئاگر گڕداوە و گەلەکەی دەچەوسێننەوە، وەکو دەڵێ:

ولاتەکەم
سەدان ساڵە خوێن دەچێنێ،
کراسی گڕ دەکاتە بەر نەوەکانی
پەنجەکانی
بەخوێناوی ڕۆڵەکانی دەنەخشێنێ
گیانە مەگری!
ها... ئەوە پێشانگای خوێن و
وەرە خوێنی دڵدارەکەت بناسەوە
ئەوەتانێ شەهیدەکان
بەڕیز سەریان لە گۆڕەوە دەرهێناوە
وەرە دڵدارە ونەکەت بدۆزەوە
گیانە مەگری...!
ها بمکوژە و چۆڕ چۆڕە خوێنم بخۆوە
بەڵام مەگری...
چۆن نازانی؟
دڵدارەکەت
ڕێبواری ڕێگەی هەتاوە
پرچی بەیان و برووسکە شانە دەکا
باوەش بەلووتکە و گۆرانی و ئاسۆیەکی سوورا دەکا
دە تۆ مەگری
چۆن نازانی؟
کوردستانم کراسی گڕ دەکاتە بەر ڕۆڵەکانی و
پەنجەی بەخوێنی نەوەکان دەنەخشێنێ
کوردستانم
لەژێر شمشێر بەر پەتی سێدارەشدا خەو دەبینێ
خەو دەبینێ
خەو دەبینێ
لە پارچە هەڵبەستێکی تردا کە لە ژێر سەردێڕی ڕێژنە هۆنیویەتەوە، گیروگرفتەکانی

خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەگێڕێتەوە و خۆی دەکاتە برووسکە و دەڵێ: دەروازەی شاریان لە ڕوو داخستووم، بەڵام سینگم تەنووری خۆشەویستییە و دڵی هەزاران برسی و ئاوارەم تیا حەشار داوە و هاتووم کە ئاسمانی شار و ئاسۆ ڕابگرین وەکو دەڵێ:

بەرەو لات هاتم
شانم دایە بەر تەرمی بەیانی،
لەگەڵ هەنگاو و نسێی پێکراوما
ئاسۆیەکی سوور، ژانی سەدەکان
بەدواما دەکشان
وەکو برووسکە
بەرەو لات هاتم
کێو و بیابانم دەکرد بەکانی
ئامێزم دەدا لە ڕێژنە و زریان
گەرووم دەکردە
هێلانەی چریکە و پشکۆ و گۆرانی

***

دەروازەی شاریان لە ڕوو داخستم
لەژێر سێبەری ئێوارەیەکا
چنگم بۆ تیشک و سەرما گرتەوە
دارستانێکی چڕم داگیرساند
کانیی سەهۆڵ و ئەستێرەکانم گەرم کردەوە
بەچەپکە شیعرێ
ڕوخساری ئاسۆم ڕووناک کردەوە

***

دەروازەی شاریان لە ڕوو داخستووم
باڵم بەهەور و لووتکەی گڕ داوە
وڵاتەکەم و
ئەستێرەیەکی ڕەتێندراوم بەکۆڵدا داوە
سینەم تەنووری خۆشەویستییە،

کانیی هەتاوە

نهێنیی زەوی و

دڵی هەزاران برسی و ئاوارەم تیا حەشار داوە

***

هاتووم پێکەوە،

لەبەر ڕێژنەدا

لە ڕووی دەسرێژدا

ڕیزێ ببەستین،

بەبازووەکانمان،

بەچەکی دەستی پێشمەرگەکانمان

ئاسمانی شار و ئاسۆ ڕابگرین

هۆنراوەکانی ڕەفیق سابیر نوێنگەی کۆمەڵی کوردەوارین، نوێنگەی دەرد و ڕەنجی گەلی کوردن، ئەو دەرد و ڕەنجانەی کە بەدەستی ئیمپریالیزمەوە چێژایانە و بەرگەی هەموو چەشنە برسییەتی و هەژاری و دەربەدەرییێکیان گرتووە و هەر بەو تەنگوچەڵەمانە ڕاهاتوون وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی لە ئاوێنەدا هۆنیویەتەوە دەڵێ:

لە ئاوێنەوە دوو چاو دەڕوانن

برسێتی... دەوار

کرێوە... کێشە

دەموچاوێکی شێوا دەبینین

بەبالای لووتکە و تیشکا هەڵدەزنێن

شوێن پێی دەنگێکی خنکێندراو و

هەور هەڵدەگرن

دوو چاوی بزێو

لە ئاوێنەشدا دەبریسکێنەوە

هەتاوێکی سوور دەدرەوشێننەوە

ئاوێنەکەیان تیرەباران کرد

دوو چاو لە پارچە وردەکانەوە

دەڵێی ئەستێرەی دەمەو بەیانن

بۆ ئاسمانێکی ڕوون و بەرینتر
بۆ ولاتێکی هێمن دەڕوانن

سەرچاوەکان

١- ڕێژنە هۆنراوەی ڕەفیق سابیر - مەهاباد ١٩٧٩.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەڕەفیق سابیر.

د. سەدیق بۆرەکەیی

١٣٦٤ - ...

ناوم سـەدیق و کـوڕی تۆفـیق بۆرەکـەیی و نـاوی بنەمـاڵەکـەم سـەفی زادە و نازنـاوم لە هۆنراودا هـەر سـەدیق و لە سـاڵی ١٣٢٢ی هـەتاوی بەرانبـەر بەسـاڵی ١٣٦٤ی کـۆچی و بەرانبەر بەساڵی ١٩٤٦ی زاینی لە دێی زەڕینەی وەرمزیاری هۆبەتووی سەر بەدیواندەرە لە دایک بووم. دەوری سـەرەتاییم لە تیکانتـەپەی هـەوشـار و دەوری نـاوەندیم لە شاری بەغـدا تەواو کردووە و پاشـان ماوەیەک لەلای شـێخ ئەمجـەدی زەهاوی ڕێزمانی عـەرەبی و شـەرعی ئیسـلام و لێکدانەوەی قورئانی پیـرۆز و فـەلسـەفـە و وێژەی عـەرەبیم خوێند تا ئیـفتـام لێ وەرگـرت و لە پاشـا گـەڕامـەوە وڵات و لە تارانـدا لە کـاری دەوڵەتی دامـەزرام و لـە زانکۆی تاراندا خـەریکی خوێندن بووم تا دوکتۆرای وێژەی فارسیم وەرگرت.

ماوەی ژیـانم لە بەغدا ئاسـۆی بیرمی فـراوانتر کردەوە، چونکە لەگەڵ گـەلێ لە هۆنـەران و نووسـەران و وێژەوانان و زانایانی عەرەبدا ئاشنـایەتیم پەیدا کرد و ئەمەش کارێکی گـەورەی کردە سەر مشتومـاڵکردنی بیرم و هـەر لەو کاتەوە حـەزم لە وێژە و زانست کرد کە پاشـان کەوتمەوە هـەوڵ و تێکۆشـان.

ئەو دەمـەی کـە هـاتمە تاران لەگـەڵ گـەلێ لە بوێژان و هۆنەران و نـووسـەران و زانـایاندا ئاشنایەتیـم پەیدا کرد و هـەر ئەوان بوون کە هـانمیـان دا لەسـەر وێژەی کوردی بکۆڵمـەوە و لە پاشا لەگەڵ گەلێ لە پیاوە ئاینییەکانی یاری یا کاکەیی ئاشنـایەتی و دۆستـایەتیم پەیدا کرد. بەجۆرێ کە زۆربەی نووسـراوە دەسـتنووسـەکانی یاریم لێیان دەست کـەوت و پاشـان توانیم کەڵک و سوودیان لێ وەرگرم.

ئەڵبەت لە ژیاندا تووشـی گـەلێ گێرەوکێشـە و تەنگوچەڵەمە بووم و گەلێ سـارد و گەرمیی ڕۆژگارم چەشت بەتایبـەت دەوری خوێندنم بەهـەزار ئەرک و کێشە تەواو کردووە، بەلام خوا هـەموو دەم لە کارەکاندا سـەرمی خستووە.

هەر لە منداڵییەوە حەزم لە هۆنینەوەی هۆنراو دەکرد و لە چواردەساڵیدا خەریکی هۆنراو هۆنینەوە بووم و پتر کاتی خۆمم بەخوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی کورد دەبردە سەر و هەروەها لەسەر وێژەی فارسی و عەرەبی و تورکییش دەکۆڵیمەوە و پاشان ماوەیەک کاتی خۆمم بەلێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی وێژەی کوردی بردە سەر کە لە بەشەکانی جۆر بەجۆردا تا ئێستا نزیکەی سەد و شەست و پێنج بەرگ پەڕتووک و نامیلکەم بەزمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی لەسەر کورد و مێژوو و، وێژەی کوردیدا نووسیوە و دەیان وتاریشم بۆ گۆڤارەکان و ڕادیۆ نووسیوە کە زۆربەیان بڵاوبووەتەوە.

هەندێ لەو نووسراوانەم کە چاپ و بڵاوبوونەتەوە بریتین لە: چوار خشتەکییەکانی خەیام، دوو بەیتییەکانی بابە تایەر، هیوا، زەمبیل فرۆش، پیری دەریا، گەڕانەوە سەرخۆ، سیمای موحەممەد، داهاتووی ئیسلام، داستانی ڕاستان، پێشبینییەکانی عێل بەگی، سەلاحەدینی ئەیووبی، تەفسیری بۆرەکەیی، ئێمە چی دەڵێین، مێژووی قورئان، خەسرەو و شیرین، دیوانی مەولەوی، پێشبینییەکانی خان ئەلماس، تەلای دەستەو شار، مێژووی وێژەی کوردی، ناسینی ڕاستەقینەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام، مێژووی نەتەوەی کورد، مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەلان، مێژووی فەرمانڕەوایانی هەورامان، فەرهەنگی گۆرانی، پەندی پێشینان، کورد و نەورۆز، کورد و شانامە، مێژووی کورد و پەیوەندیی نەژادیی ئەو، ماریفەت و پیر شالیاری، بەندوباوی کۆمەلایەتی، دیوانی نالی، دیوانی وەلی دێوانە، دەورەی حەوتەوانە، دەورەی بالوولی ماهی، سەرئەنجام و، دەیان پەڕتووک و نامیلکەی تر.

ئەز لەبەرئەوەی بتوانم پتر بەزمان و وێژەی نەتەوەکەم ڕاژە بکەم ماوەیەک لەلای مووبەدەکانی زەردەشتیدا خەریکی فێربوونی زمانەکانی ئاوێستایی و پەهلەوی و پارسیی کۆن بووم کە پاشان سێ پەڕاوم بەناوی هاوچەشنی وشەکانی ئاوێستایی و پارسی کۆن و پەهلەوی لەگەڵ کوردیدا نووسی و هەروەها گاتەکانی زەردەشتم بەهۆنراو وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و گەلێ وتاریشم سەبارەت بەئاوێستا و پەڕتووکەکانی پەهلەوی نووسی کە هەندێکیان بڵاوبوونەتەوە.

تا ئێستا چەند کۆمەڵە هۆنراوەم بڵاوکردوونەتەوە کە لێرەدا لە بارەیانەوە دەدوێم و هیوادارم کە توانیبێتم ڕاژە و خزمەتم کردبێتە وێژە و فەرهەنگی گەلەکەم. ئەوەی کە ڕوونە هۆنراوەکانم زۆربەیان بەزمانێکی سادە و بەکوردییەکی پەتی هۆنیوەتەوە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا پێڕەویم لە شێوەی گۆران کردووە و دیارە سەرەتا دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی کوردستان، کێو و بەندەنە بەرز و سەختەکان و قەڵبەزە کەف پەخشانەکان و چەم و ڕووبارەکان و دەشتە پان و پڕ لە گوڵاڵە سوورەکانی کە پڕن لە باڵندەگەلی جوان و

ڕەنگاوڕەنگ هەستی منیان بزواند و پاشان وەکو هۆنەرانی تری کورد هۆنراوی دڵداریم هۆنیوەتەوە، چونکە منیش گراو و سەوداسەری دڵبەرێک بووم و ئەو دڵبەرە بەجارێ هەست و هۆشمی لێ سەند و منی خستە مەیدانی وێژە و هۆنراوەوە و کورتژمی هۆنراوی پێم بەخشی، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا شەماڵم کردووەتە ڕاویار، تاکو هەواڵی ئەو دڵبەرەم پێ بگەینێ و بەدیتنی دڵم ڕوون و شاد بکاتەوە:

شەمال کە هاتی دڵبەرت نەدی
تۆ شێوەی باڵا عەرعەرت نەدی
تیشکی بینایی دوو چاوت نەدی
دەوای پەژارە و زوخاوت نەدی
باڵندەی هەرد و کێوانت نەدی
گوڵاڵە سوورەی شێوانت نەدی
ئەتۆ تاوسی باخانت نەدی
مامزی بێشە و شاخانت نەدی
تۆ باڵا بەرزی شۆخ ئاسات نەدی
تۆ ڕوومەت گوڵی بێ وەفات نەدی
بەڕەزای کەنار شەتاوت نەدی
سۆسەن و شەوبۆی گۆلاوت نەدی
دوو چاوی ڕەشی دڵدارت نەدی
دوو کوڵمی ئاڵی وەک نارت نەدی
ئەگریجەی ڕەشی شێواوت نەدی
دوو شیری برۆی بان چاوت نەدی
دوو لێوی سووری وەک گوڵت نەدی
مەرهەمی دەردی ناو دڵت نەدی
ڕوومەتی گەشی گوڵنارت نەدی
جووتە مەمکۆڵەی هەنارت نەدی
شێوەی ئەو لەیلا تەرزەتە نەدی
قەدی ئەو باڵا بەرزەتە نەدی
شەماڵ دەخیلتم دڵبەرم ئەوڕۆ
کاتێ ئەهاتی نەهاتە لای تۆ

نەهاتە لای تۆ بپرسێ حاڵم
بزانێ بۆچی شەوگار ئەناڵم
نەهاتە لای تۆ ئەو شۆخوشەنگە
بزانێ بۆچی دڵم وا تەنگە
وەبزانم شەماڵ ئەو بێ وەفایە
دڵداری لە لا دەرد و جەفایە
هیچ بەزەی نایە بەحاڵی گراو
دڵی ئەکاتە هێلانەی زوخاو
یاخوا هەمیشە لە ژین بێزار بێ
بەوێنەی «سدیق» هەر گرفتار بێ

هەروەها گەلێ هۆنراوم سەبارەت بەدەردی کۆمەڵ هۆنیوەتەوە و لە بارەی کورد و کوردستانیش هۆنراوەم زۆرە ئەو کوردستانەی کە پڕ لە شاخوداخ و دەشت و مێرگ و ڕەوەز و ئەوەند جوانە کە دەڵێی بەهەشتە، وە هەر ئەو سەرچاوەی هەڵبەست و هەوێنی بیر و هەستمە کە لەم پارچە هەڵبەستەدا وتوومە:

کوردستانی جوان جێی باوباپیرم
مایەی مەبەست و کەڵکەڵە و بیرم
ئاواتی دڵ و هیوای ژیانم
بزوێنەر هەست و ئارامیی گیانم
ئەتۆ هەوێنی بیر و هەستمی
هەر تۆ سەرچاوەی گشت مەبەستمی
هەتاکو مابێ لە گیاندا هێزم
ئەمن لە دوژمن تۆ ئەپارێزم

چارینەکانی عومەر خەیام (... - ٥٢٦ی کۆچی)یشم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەڵبەت تا ئێستا چەند هۆنەری تر وەکو: گۆران و سەلام و کامەران بەدرخان و هەژار چوار خشتەکییەکانی خەیامیان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی بەلام هەموویان دەقی هۆنراوەکانیان وەرنەگێڕاون، بەڵکو گەلێ دەسکاریی هۆنراوەکانیان کردوون و لە ماناکانیشیان زۆر دوور کەوتوونەتەوە و مەبەستەکەیان بەجۆرێکی تر دەربڕیوە، بۆیە منیش کەوتمە سەر وەرگێڕانی چارینەکان کە لێرەدا بۆ نموونە چەند چارینەی دەنووسمەوە:

١

آنکس کـه زمـین و چرخ افـلاک نـهـاد
پس داغ کـه او بـردل غـمـناک نـهـاد
بسـیـار لب چو لعل و زلفین چومـشک
در طبل زمین و حـقـهء خـاک نـهـاد

***

ئەو کـەسـەی چەرخ و زەوی داڕێژا
هـەر دانەی داخـی لـە دڵدا بێـژا
گـەلێ لێـو ئاڵ و زڵف و قـژ ڕەشـی
یـەک یەک لـە ناخـی زەویـدا نێـژا

٢

تا خـاک مـرا به قـالب آمـخـتـه اند
بس فـتنه کـه از خـاک برنگیـخـتـه‌اند
من بهـتـر ازین نمیـتـوانم بودن
کـز بوته مـرا چنین برون ریخـتـه اند

***

کـە خـاکـەکـەمـیـان بەقـاڵب داڕشت
گـەلێ پێکوڵیـان بەسـەر منا ڕشت
ئەمن ناتوانم لەمـە چاکـتـر بم
لە ڕۆژی بەرین قـاڵبـمـیـان واڕشت

٣

درگـوش دلم گـفت فلک پنهـانی
حکمی کـه قـضـا بود زمن مـیـدانی
درگـردش خـود اگـر مـرادست بدی
خـودرا برهـاندمـی ز سـرگـردانی

***

لە گـوێی دڵمـا چەرخ وتی پەنـهـانی
چی دێتـە سـەرتا لە منی ئەزانی

لە گەردشی خۆم گەر دەستم ئەبوو
خۆم ڕزگار ئەکرد لە سەرگەردانی

٤

افسوس کە سرمایە زکف بیرون شد
دَرپای اجل بسی جگرها خون شد
کس نامد از آنجهان کە پرسم از وی
کاحوال مسافران دنیا چون شد

***

داخم سەرمایەی ژینم لە دەست چوو
لەبەر پێی ئاکام دڵان بەخوێن بوو
کەس نەهاتەوە تا لێی بپرسم
کە چۆنە حاڵی بەرەی کۆچکردوو

٥

جامی است کە عقل آفرین می زندش
صد بوسە زمهر بر جبین می زندش
این کوزەگر دهر جام لطیف
من سازدو باز بر زمین می زندش

***

ئەو جامی مەیەی وا جوان و ڕەنگین
ئاوەز لە خۆشیان ئەخاتە خەنین
هەورگەرەکەی چلۆنی دڵ دێ
وا بەقینەوە بیدا لە زەوین

٦

پیری دیدم بەخانەء خماری
گفتم نکنی ز رفتگان اخباری
گفتا می خور کە همچو ما بسیاری
رفتند و کسی باز نیامد باری

***

پیـــرێکم بینی مـــەست بوو لەو ناوە
وتم بۆ مـــەســـتی چیت پێـــوە مـــاوە
وتـی مــــەی بخـــۆ کـــە وەک من و تۆ
گـــــــەلـێ ڕۆیشـتن نـەهـاتـنـە دواوە

٧

گـویند بـهشـت و حـور عین خـواهد بود
وآنجــا مـی ناب وانگبین خـــواهد بـود
گر مـا مـی و معـشـوقه گـزیدیم چەباک
آخــر نـەبە عـاقــبت همین خـواهـد بود

***

ئەڵێن کــە بەهەشت پەری تیـــا هەیە
لەوێ هەنگوین و جـــۆگـــەلەی مـــەیە
گـەر لێـرە لەگـەڵ دڵبــەر مـەی بخـۆین
بەشـیـشـمـــان لەوێ خـۆ هەر ئـەمــەیە

٨

هنگام سـپـیـد دم خـروس سـحـری
دانی کــە چراهمـی کند نوحـــە گـری
یمنی کــــە نمودند در آئینەء صــــبح
کز عـمر شبی گزشت و تو بێ خـبری

***

ئــەزانـــی بــۆچــی دەمـــی بـــەیـــانـــی
کـەڵەشـێـر کـەوتە سـەر نەواخـوانی
ئـەڵێ تـێ پەڕی شــــــەوێ لـە ژینـت
هەڵسـە مـەیی بخـۆ مــەی ئەرغـەوانی

هەروەها دوو بەیتییەکانی بابە تایەری هەمەدانی (٣٩٠ - ٤٥٠ی کۆچی)م کردە سۆرانی کە بەر لە منیش دڵزار ئەو کارەی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانیوە دوو بەیتییەکانی بەتەواوی وەرگێڕێتە سەر سۆرانی و گەلێ کەموکوڕییان تێدایە ئەوەبوو کە هاتمە سەر ئەوە کە سەرەتا هۆنراوە لوڕییەکانی بابە تایەر پەیداکەم و ئەوسا بیکەمە سۆرانی و بۆ ئەوەش

بەناو کتێبخانەکاندا گەلێ سووڕام تا چەند دەستنووسی کۆنی دوو بەیتییەکانیم پەیدا کرد و ئەوسا کردمنە سۆرانی کە لێرەدا چەند دوو بەیتیی بابا و سۆرانییەکەی دێنم:

١

سیه بختم که بختم واژگون بی
سَیه روژم که روژم سرنگون بی
شدم خار سرکوی محبت
زدست دل که یارب غرق خون بی

***

ئەم چارە ڕەشەم بەلەتە گوێن بێ
ئەم ڕۆژە ڕەشەم بێ سەروشوێن بێ
دڵداری منی بەو ڕۆژە کەیاند
خوایە ئەو دڵەم شەلاڵی خوێن بێ

٢

قدم دائم زبار غصه خم بی
چو من محنت کشی دردهر کم بی
مو هرگز از غم آزادی ندیرم
دل بی طالع مو کوه غم بی

***

بالام چەمی خەم وەکو کەمانە
بۆ خەم بێ هاوتام لە ڕووی زەمانە
هیچ کاتێ لە خەم ڕزگاریم نییە
دڵەی نەگبەتم کێوی خەمانە

٣

من آن آوارهء بی خان و مانم
من آن محنت نصیب سخت جانم
من آن سرگشته خارم در بیابان
که پر بادی وزد پیشش دوانم

***

بێ ماڵ و حاڵ و وێڵ و دەربەدەر
مەینەت لە دڵ و کز و خاکەسەر
سەرلێشێواوم وەک پووش لەو چۆڵە
هەر بایێک هەڵکا من ئەداتە بەر

٤

مو آز لالە رخان دل ریش دیرم
ز لالە داغ بر دل بیش دیرم
شکایت نە زگردون نەز آ فاق
گلە از سرنوشت خویش دیرم

***

دڵ گیرۆدەیە بەو خەت و خاڵە
جەرگم ڕەش وەکو جەرگی گوڵاڵە
سووچی کەس نییە من وا کلۆڵم
گلەم لە ڕەشیی بەخت و ئیقباڵە

٥

اگر آهی کشم دریا بسوجم
جهان را جملە تا پا بسوجم
بسوجم عالم ار کارم نساجی
چە فرمائی بساجی یا بسوجم

***

بەهەناسەی سارد کێو لەبن دێنم
سەرتاپای دنیای پێ ئەڕووخێنم
گەر چارم نەکەی ئاخ هەڵئەکێشم
دادی من ئەدەی یان بتسووتێنم؛

٦

خرم آنان کە ازتن جان ندانند
ز جانان جان ز جان جانان ندانند

به دردش خو کرن سالان و ماهان
بەعمر خویشتن درمان ندانند

***

ئەوی گیان و یار هەریەکە بۆیان
لەٰ هەردوو دنیا ڕوونە ئاسۆیان
نە دەرد ئەزانن نە دەرمان خوازن
خۆشن بەئەوین خۆشی لە خۆیان

٧

بەخنجر گر رد آرند دیدگانم
به آتش گر بسوزند استخوانم
اگر بر ناخونانم نی بکوبند
نگیرم دل زیار مهربانم

***

ئەگەر بەخەنجەر دەرکەن چاوانم
بەر ئاگری دەن هەموو ئێسقانم
پەلە قامیشم لە نینووک ڕاکەن
دەستبەردارت نیم ئارامی گیانم

٨

من آن بحرم که در ظرف آمدستم
چو نقطه بر سر حرف آمدستم
به هر الفی الف قدی بر آیو
الف قدم که در الف آمدستم

***

زەریام و لەناو دەفرێ کراوم
خاڵێکم لەسەر پیت دانراوم
بۆ هەر هەزار ساڵ نەمامێک هەیە
لەم هەزارەدا منم ڕواوم

***

یەکێ لە کارەکانی ترم ئەوەبوو کە یەکێ لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان بەناوی زەمبیل فرۆش، بەهۆنراو بهۆنمەوە و ئەوەبوو کە ئەم کارەم بەئەنجام گەیاند و بڵاوم کردەوە و ناوی ڕاستەقینەی زەمبیل فرۆش میر سەعیدی دیاربەکرییە کە وەکو دەگێرنەوە ڕۆژێکیان چووە ڕاو و دەمەدەمی ئێوارە گەڕایەوە و لە ڕێدا چاوی کەوتە کۆمەڵێک لە خەڵک و دی دارە تەرمێکیان گرتووەتە شانیان بۆ گۆڕستانی دەبەن و ئەویش هەرکە لێیان نزیک بووەوە، دیتی کە پیرەمێردێکی بەساڵاچووە و لە دڵی خۆیدا وتی ئەو پیاوە ژینی خۆی کردووە و پیر بووە و مردووە بەڵام من لاوم و خۆ جارێ پیر نەبووم، چەند ڕۆژێکی تر دیسان ڕۆیشتە ڕاووشکار و لە کاتی گەڕانەوەیدا چاوی کەوتە تەرمێکی تر و خێرا لە ئەسپەکەی دابەزی و سەری مردووەکەی هەڵداوە و دی کە لاوێکی پێکەوتووە و مردووە و بۆی دەرکەوت کە ڕۆژگار لاوانیش دەمرێنێ و ئەوەبوو کە بڕیاری دا ڕێی خوا بگرێ و ببێتە دەروێش و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ماڵ دەرچوو و، ڕووی کردە هەندەران و ئەوسا ماوەیەک خەریکی زەمبیل چنین بوو تا گوڵ خاتوونی ژنی میری ئەو شارە دڵی لێ چوو و، بەزۆر گرتیان و بردیانە کۆشکەکەی و ئەویش داوای لێ کرد کە لەگەڵیدا ڕێ کەوێ و زەمبیل فرۆش بۆ ئەوەی تووشی گوناه نەبێ، خێرا خۆی لە پەنجەرەی کۆشکەکە خستە خوارەوە و بزربوو، کە ئەوا لێرەدا بەندێ لەو چیرۆکەتان پێشکەش دەکەم:

گوڵ خاتوون کاتێ بیستی وەڵامی
زیاتر کولاوە برین و زامی
وتی شازادەی جوان و شیرینم
خۆ تۆ ئەزانی من دڵ برینم
بەدەست دڵەوە پەشێوە ژینم
لە دووری تۆوە هەردەبوو ژینم
خۆ تۆ ئەزانی دەردم کارییە
شەو و ڕۆژی من ئاه و زارییە
بۆ هەر کەسێ وا جوان و نازار بێ؟
ئەبێ دڵ بەرد و مەردوم ئازار بێ؟
گەر مێهرەبان و نەرم و نیانی
دەست لە ملم کە شەو تا بەیانی
چونکە نەماوە ئارامم ئیمشەو
گیانە کولاوە من زامم ئیمشەو

گیانم ئەکەمە قوربانت ئیمشەو
فەرمانبەردارم فەرمانت ئیمشەو
دەروونم وەک شەم ئەسووتێ ئیمشەو
بۆی قرچەی دەروون پەی پەی تێ ئیمشەو
ئەگەر بگەیتە فەریادم ئیمشەو
ناوت دەرناچێ لە یادم ئیمشەو
سووتاوم یەکسەر وەکو شەم ئیمشەو
گڕی گرت هێسک و هەم پێشەم ئیمشەو
دڵت ناسووتێ تۆ بۆ من ئیمشەو
دوژمن واناکا لە دوژمن ئیمشەو
بێ لە ڕێی خوادا دەردم دەواکە
من بۆ تۆ سووتام شەرمێ لە خواکە
چی بکەم ناچارم بوومە ڕەنجەڕۆ
دڵم سووتاوە و کونکونە بۆ تۆ
دڵم لای تۆیە چارم ناچارە
خۆتیش ئەزانی بوومە بێچارە
خۆ نەسەقچی نیت مێهرێ بنوێنە
یا بێ دڵەکەم ئازا دەربێنە
یا بێ بگەیی بەناڵە و فریام
من بۆ تۆ شەوان هەتا ڕۆژ وریام
یا بێ هەر ئیمشەو ئازا چارم کە
یا بێ بمکوژە دی ڕزگارم کە

یەکێ تر لە کارەکانم خەوێک بوو کە شەوێکیان ئەو خەوەم دی و لە پاش ئەو خەوە گیروگرفتێکم بۆ پەیدا بوو کە تا ماوەیەک لە ماڵ مامەوە و ئەوسا خەوەکەم بەهۆنراو هۆنییەوە و ئەمەش بەندێک لەو خەونامە کە ناوم ناوە پیری دەریا و خەوەکەش ئەوەبوو کە لە دەریادا گیروگرفتێکمان بۆ پەیدابوو، ئەوسا پیری دەریا سەری هەڵدا و لەو گیروگرفتە ڕزگارمانی کرد و وتی هەر پرسیارێکتان هەیە، بیکەن تا وەڵامتان بدەمەوە، وەکو لەم بەندەدا لاوێک پرسیار دەکا:

ئەوسا لاوێک زۆر بەگرژی
کە ڕق لە ڕوومەتی ئەڕژی
وتی پیری نەرم و نیان
بکە باسێ تۆ لە ژیان
خۆ من لەگەڵ دەرد هاوڕازم
بەچیی ئەم ژینە بنازم؟
پیر کەوت ناو بیرێ بێ بن
وتی: لە پێناویا ئەچن
ئەگەر ساتێکی گرینە
هەندێ جاریش زۆر شیرینە
ئەبێ کۆشش بکەن لە ژین
تا بگەنە ئامانج بژین
بەکۆشش بەئامانج ئەگەن
لە بەریشیا شادی ئەکەن
بەڵام کەسێک ببێ ئاڵۆز
ڕووی گرژ بکا لە با و باهۆز
بەرگەی کۆسپی ژیان ناگرێ
سەرناکەوێ و هەروا ئەمرێ
وەلێ ژینیش تا سەر نییە
ئەو ماوەش بێ کەسەر نییە
تۆفیر ناکا بۆ پیاو و ژن
تا ئەگاتە هیوا و ئۆخژن
دەرد و ڕەنجی زۆری ئەوێ
تاکو لە ژینا سەرکەوێ
تا ماوە ئەم ڕێگە بگرێ
سەرئەنجامیش ئەبێ بمرێ
هەموو ولس و زیندەوەرێ
بەرگی ژیانی ئەوەرێ

ئەوانیش هەر وەکـــو مـــرۆ
خـەبات ئەکـەن لە شـەو و ڕۆ
کــەند و لەند ئەکـــەنە بەون
لە گـەوەی ژین سـەرئەکـەون
تا ئـەتوانـی خـــــەبات بـکە
ئەوســـا بەئامــــانجت بگە

یەکێ تر لە کارەکانم ئەوەبوو کە لە پاش فێربوونی زمانی ئاڤێستایی دەستم کردە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئاڤێستا کە پاشان گەلێ وتارم لەبارەی ئاڤێستاوە لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە و ئەوسا گاتاکانم بەهۆنراو هۆنییەوە و ناوم نا وتەکانی زەردەشت کە ئەوا لێرەدا بەندێکی دێنم:

ئاور خـــۆشـــەویست هوورەمـــەزدایە
هـەر خــــۆشی و شــــایی وا لە بەرایە
ئاور دیارییـەکی خـــواســراوە بۆ مــە
بەنرخــــە لە بۆ ئەم مــــەرز و بۆمـــە
گـــــەلێ شـــــیـــــاوی پێ هەڵگوتنە
مـایەی خۆشبەختی و شـادی بێ بنە
لە هـەر مــــاڵێکا خـــۆ ئاگـــر هـەیە
ســــوود و دەســــتکەوتی زۆر و بێ پەیە
خۆشبەخت کەسێکە کە ئاوری بێ
مــاڵێکی گـەورە و گـەرمـوگـوڕی بێ
خۆشبەخت کەسێکە زەنگە لە دەست بێ
لە گڕی ئاگر سەرخۆش و مەست بێ
خۆشبەخت کەسێکە کە بیپارێزێ
چێــو بنێـتـــە ناو دەست و ئامـێـزی
خۆشبەخت کەسێکە کە لەبەر گڕیا
خـــــــەوی ژیـانی بەجـــــــارێ زڕیا
دەســــا هەر گـــڕت لە مـــالا بەرز بێ
گەرمات لە بۆ خەڵک بەهەزار تەرز بێ

گـەرمـــات بۆ مــرۆ و مـــاڵاتیش ببێ
گـــرت بۆ تاوڵە و گـــەلەخـــان بچێ
هـەتاکـــو هـەمـــوو بکەونە خـــۆشی
دەرچـن لە نـاوی خـــــەم و پەرۆشـی
تـاکـــو ڕۆشنـاییت ئەهریمەن ورکـــا
دێـو و درنج و درۆزن قـــــڕ کـــــا
هـەر ئەشم و هوو و هـیـشـتـم ئەسـتی
بخـــوێنە تاکـــو دوور بی لە پەســـتی

یەکێ تر لە کارەکانم هۆنینەوەی چیرۆکی ڕاپەڕینی کاوەی کوردە کە بەپێی ئەفسانەکانی کۆنی کوردی هۆنیومـەتەوە کە دەم بەدەم دەیگێڕنەوە و لەگەڵ شانامەی فیردەوسیدا کەمێک تۆفیری هەیە، بەڵام هەردووکیان هەر لە سەرچاوەیەکەوە هاتوون کە لێرەدا بەندێکی دێنم:

کـــوردانی دلێـــر وەک شـــێـری بێ باک
بۆ ئـازادی بـوو ڕاپـەڕین لـە خـــــاک
ئەوسـاکـە هەمـوو هۆز و تـیـرەی کـورد
هـەر لە پـیـــــاو و ژن تـا درشـت و ورد
گشتیان یەکیان گرت لە کەژ و لە دەشت
دەشـتـیـان ڕازانەو هەر وەکو بـەهەشت
گـشت کـۆبوونەوە بەشـایی و خـۆشی
ئـیـــدی لە دڵیـــان نـەمـــا پەرۆشـی
ژنـان و کـــچـــان بەچەپڵـــەڕێزان
دڵی لاوانـیـــــان ئەکـــــرد ئـاوێزان
دی بووە بەزم و هەڵپـــەڕکێ و شـــایی
هەمـوو ڕزگـار بوون لە دەست تەنیـایی
کـــچـــان ئەهاتن گـــوڵیـــان ئەچنی
ژنان گـــێـــلاخـــە و شنگیـــان ئەڕنی
ناز و خـــەمـــزەیان ئەکـرد بەدەســـتـە
هەر کامیان ئەتوت سەرخۆش و مەستە
لاوان بەچیلە و چەپڵـــە و هەڵپـــەڕکێ
نـەیـانـئـــــــــەزانی بـڕوانـنـە کێ

کـــۆڕیان گـــەرم کـــرد لە بۆ گـــۆرانـی
لە بـۆ ئـاهـەنـگ و هـەم نـەواخـــــوانـی
هـەمـــوو ئـاگـــری نـەورۆزیـان هـەڵکرد
ئاگـریان کـردە و لەســەر کـەژ و گـرد
جەژنی نەورۆزیان گرت گشت بەخۆشی
ئـیـــدی لە دڵیـــان نـەمـــا پـەرۆشـی
وتیـــان کـــە تەوقـی دیلیــمـــان پسـان
ئەژدیـهاکـیـشـمــان ئاوا حـــەپەســـان
دی ئەمـە جـەژنی گشت کـوردە ئـەمـرۆ
جـــــەژنـی درشت و هـەم وردە ئـەمـــرۆ
دەبـا ئـاگـــری نـەورۆزمـــان هـەر ســـاڵ
بـەرزە و بێـــتـــەوە هـەر بەگـــاڵـەگـــاڵ
دەبا بڵـــێـــســـــە و گـــڕ ئـەو ئـاگـــرە
هـەر بـەرزبێــتـەوە و تـۆش خـۆت ڕاگـرە
ئەوسـاکـــە کـــاوە و کـــورەکـــەی هـاتن
دییـــان کـــە هەندێ زۆر کـــز و مـــاتن
وتـی بـۆ مـــــاتــن وتـیـــــان بـۆ لاوان
بـۆ ئـەو لاوانـەی کـــــــوژران بـێ تـاوان
وتی وا ســتــەم نـەمــا و گـشـت شــاد بن
هـەتـاکـــــو مـــــاون بـا هـەر ئـازاد بن
کـــاوەیان کـــردە ســـەرۆکی خـــۆیان
چونکە زانیــــیـــان ڕەنجی دا بـۆیان

یەکێ تر لە کـارەکـانم هۆنینەوە و نووسـینی پەڕتووکێکە بەناوی کـورد و شـانامـە کـە بریتـییـە لە مێـژووی ڕامیـاری و بەســەرهـاتی فـەرمـانڕەوایان و نەبەزی و قـارمـانییـەتیی قـارەمـانـان و پاڵەوانانی وڵاتەکـەمـان کـە پێـشـینەیەکی مـێـژوویی کـۆنیـان هـەیە و چیرۆکـەکـانیـان هـەر لەمـێژەوە تا ئێسـتـا پشت بەپشت و دەم بەدەم هـاتوونەتە خـوارەوە و بەیادگار مـاونەتەوە و ئەم چیرۆکانە بەر لە فـیردەوسـیش هـەر لەناو کوردەکاندا باوبوون و گەلێک لە هۆنەرانی کوردیش لە سـەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا دیاردییان کردووەتە

ئەو چیرۆکانە و پاشان هۆنەرانی کورد گەلێک لەو چیرۆکانەیان کردە هۆنراو و بەیادگار بەجێیان هێشتن کە هەندێکیان بریتین لە: بارام و گوڵەندام، خەسرەو و شیرین، ڕۆستەم و زۆراب، جیهانگیر و ڕۆستەم، برزوو و فلامەرز، بەبری بەیان، بێژەن و مەنیژە، حەوت ڕەزم، نۆ ڕەزم، یانزە ڕەزم، ڕۆستەم و ئەسفەندیار، وە من ئەم پەڕاوەم بەپێی ئەو چیرۆکانە و شانامەکەی فیردەوسی نووسی و هۆنییەوە تا هەموو کەڵک و سوودی لێ وەرگرن، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو نووسراوەیە:

نەمامێک ڕووا گەورە بوو تا سەر
لقوپۆی بڵاو بووەوە یەکسەر
بووە دارێکی پڕ بەر و جوان
خەڵک هاتنە سەری وەکو سفرە و خوان
گەڵاکەی پەند و بەری ئاوەز بوو
ئەو دارە بۆ گەل هەر هەرەوەز بوو
چڵی ئەو دارە تا حەزکەی خوەز بوو
لە بۆ نەیاران وەکو ڕەوەز بوو
ناوی پیرۆزی ئەشوو زەردەشت بوو
تەنیا ئامانجی ئەو هەر بەهەشت بوو
بەشای وت کەوا من پێغەمبەرم
لە ڕێی خوا ئەتبەم چونکە ڕێبەرم
پلۆختەیەکی هێنا لەو ناوە
وتی ئەمەم لە بەهەشت هێناوە
بێ ئایینەکەم وەربگرە بەدڵ
چونکە سبەینێ ئەچیتە ژێر گڵ
ڕێ و ڕچەی خودا فێر ببە لە ژین
بەرەی پێ بدە بەبێ ڕق و کین
لە ڕووی ئاوەزە و تێ فکرە ساتێ
گشت پیاوانیشت بەو ڕێیە داتێ
فێر بە ئاین و دینی زەردەشتی
ئەگەر لایەنگر مینۆ و بەهەشتی

سا کە ئەمەی بیست چووە سەر دینی
چەن کەسی تری ئەو ڕۆژە بینی
ئەوانەشی زوو هێنایە ڕێی خۆی
تا پەرە بدەن ئەو ئائینە بۆی
کاتێ پادشا بەرەو بەڵخ ڕۆیشت
هەموو کەوتنە دووی ئەو چاک تێ گەیشت
کە گشت یارانی هەر لە ڕێی ئەودان
گشتیان هەروەکو تانوپۆ و هەودان
تیشکی خوایی دای لە دەروونیان
ئیتر داساکا دڵی زەبوونیان
دی بتپەرستی لەناوچوو یەکجار
ئاور کرایەو لە دەشت و هەوار
ئاور لە ناوی گشت ماڵێ گڕا
تۆمی خراپەش بەجارێ بڕا
گوشتاسپ چەند کەسی ناردە سەر بەندەن
تا ئەو ئایینەی پەرە پێ بدەن
بەم جۆرە دینی زەردەشت پەرەی سەند
بنج بتپەرستی لە زەوی هەڵکەند
وا زەردەشت ئێژێ هیچ درۆ نەکەن
لە درۆ ئێوە بەهیچێ ناگەن
ئەوەی درۆ کا دوژمنی خوایە
دوژمنی من و دین و بڕوایە
هەروەها دەڵێ: چاپلووسی مەکەن
بەدخوازی و ڕژدی و قرنووسی مەکەن
فروفێڵ بەکار مەبەن لە ژینا
مەچنە ناو ڕک و دەخەز و قینا

یەکێ تر لە کارەکانم ئەوەبوو کە کورتەی شەرعی ئیسلام و ژیانی پێغەمبەرانی خوام بەهۆنراو هۆنییەوە تا هەموو کەڵک و سوودی لێ وەرگرن و بۆ ئەم کارەش کەڵکم لە

قورئانی پیرۆز و پەڕاوە ئاینییەکان وەرگرت و ناوم نا دیاری پێغەمبەران کە ئەوا بەندێکی لێرەدا دێنم:

چوارەم سی ڕۆژەی مانگی ڕەمەزان
ڕۆژووەکەت بگرە بێ درۆ و بوختان
خواوەن مەزن فەرزی کرد بۆمان
ئەبێ بیگرین لە مانگ ڕەمەزان
چونکە قورئانی تیا نازل بووە
مزگێنی لە بۆ ئیسلام هاتووە
بەڵام هەر کەسێ ڕۆژووەکەی نەگرێ
دەرگای ڕەحمەتی خوا لە خۆی ئەبڕێ
ڕۆژەوان ئەبێ بەد بەکەس نەڵێ
نا ئەهل ببینێ بەڕێگای هەڵێ
هاواریش نەکا لەگەڵ نەزانان
هەمیشە دووری بگرێ لە نادان
چۆن ڕۆژوو مرۆ پاک ئەکاتەوە
گوناهی پێشووی لا ئەباتەوە
خودا فەرموویە بێ زیاد و کەم
ڕۆژوو بۆ منە و خۆم جەزای ئەدەم
ڕۆژوو لە بۆ ئەم دەستە هاتووە
یەکەم هەر کەسێ خاوەندی خووە
یانێ ئەو کەسەی عاقڵ و ژیرە
ئەبێ ڕۆژووەکەی بگرێ گەر پیرە
شێت و دێوانە ڕۆژووی بۆ نییە
چونکە ئەو شێتە دەسەڵات چییە
دووهەم لەسەری باڵغیش فەرزە
ئەبێ ڕۆژووەکەی بگرێ بێ عەرزە
سێیەم بۆ ساڵم ڕۆژوو هاتووە
ڕۆژووگرتنی کاکە بێ سووە

ڕێبواریش چەند ڕۆژ ڕێگاکەی ببڕێ
ئەبێ بەقەزا ڕۆژووەکەی بگرێ
پێنجەم بۆ ژنی بێ نوێژ و زەیسان
لەو دەمە ڕۆژوو نەگرێ ڕەمەزان
بەڵام دوای پاکی ڕۆژووی قەزایە
ئەبێ بیگرێ و فەرمانی خوایە
ئەبێ ڕۆژەوان قورئان بخوێنێ
بەقسەی خراپ دڵ کەس نەشکێنێ

یەکێ تر لە کارەکانم ئەوەیە کە گەلێ لەو پەندانەی کە دەم بەدەم دەیانگێڕنەوە و هەر لەمێژەوە کەوتوونەتە سەر زاری خەڵک، وە چۆنییەتیی ژیان و بیروباوەڕی باو و باپیرانمان بۆ دەردەخەن هەریەکە کردوومن بەهۆنراو و بەناوی پەندی پێشینانی کوردی ئامادەم کردوون بۆ چاپ کە ئەوا چەند پەندێکیان دێنمەوە:

پەندی پێشینان وەک زێڕ و زێوە
قسەی باش بکە و خراپ دزێوە
قسە کەوتە زار ئەکەوێتە شار
ڕازت ئاشکرا ئەبێ لای نەیار
ئاش با بگەڕێ و دانی خۆی بێنێ
چەقچەقەش با هەر سەر خۆی بشکێنێ
قەل بەقەلی وت ئەتۆ ڕوو ڕەشی
بۆیە لە دونیا بێ بەهرە و بەشی
چەپڵە بەدەستێک خۆ لێ نادرێ
پیاو ئەبێ دۆسیش بۆ خۆی ڕاگرێ
کەسێ ناتوانێ لای خوات لێ ببڕێ
ئەوی لە مشک بێ جەواڵ ئەدڕێ
خوا ئەو خوایەیە چاو ئەکاتە خەو
قەدری مانگ نییە تا نەگاتە شەو
دڵ خەڵک مەشکێنە لە ژین تاکو سەر
مار بەقسەی خۆش لە کون دێتە دەر

بچــۆره شــوێنێ کــه کــەس نەتناسێ
جـا خــۆت هەڵکێــشــە پڕ بەکــراسێ
زمـــان ڕاوەســــتێ ســـەریش ڕەحـــەتە
ڕێسی ناپیـــاویش ئەبێـــتــــە پەتە
ئەگـــــەر خــــوا باڵی بەمــــار بدایە
ئەبوا گــشــتــمــانی ئەو بگەســتــایە

یەکێ تر لە کارەکانم هۆنینەوەی هۆنراوی ئاوییەرە کە داگری دووسەد و پەنجا هۆنراوە و ماوەیەک لەمەوپێش کە چوومە سنە چاوم کەوتە ئەو کێوە و چاوەندازەکانی و لەگەڵیدا کەوتمە دووان. ئەم کێوە کە کەوتووەتە باشووری سنەوە، گەلێ گوڵ و گیا و ڕووەکی بۆنخۆشی تێدا ئەڕوێ و هەروەها گەلێ هەوارگە و خانووبەرەی جوان لە پاڵی ئەم کێوەدا هەیە کە خەڵک هەموو ڕۆژێ ئەچنە دیتنی، وە هەندێ لە شوێنە خۆشەکانی ئەم شوێنە بریتییە لە: خدری زیندە، کانی شەفا، کانی سەفا، سەرتەخت، زەفەرییە، ئەمانیە، کاوەساڵە، مبارەک ئاوا، نەقدی، تەکیەی شێخ عەلی، چیمەنی شەرەفولوڵک، وێڵە. ناوی ئەم کێوە لە ئاڤێستادا ئاپەدرییە واتە: ئەو شوێنەی کە ئاو دڕیویەتی، وە لە نامیلکەی هۆرمز یەشتدا نووسراوە کە زەردەشت لەسەر ئەم کێوەدا بووەتە پێغەمبەر و پاشان خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی بانگ کردووە. ئەڵبەت گەلێ لە هۆنەرانی تر لەگەڵ کێودا کەوتوونەتە وتووێژ، بۆ وێنە مەسعوودی کوڕی سەعدی سەلمان لە پارچە هەڵبەستێکدا لەگەڵ کێوێکدا ئەدوێ و حەمە حوسەینی شالیاریش لە هۆنراوی حەیدەر باوەدا لەگەڵ کێوی حەیدەر باوەدا دواوە. ئەمەش چەند هۆنراوێک لە ئەو کۆمەڵە هۆنراوە:

ئاوییـــــەر باخی باویت دی چۆڵە
کوند دێ و لەسەریا هەر ئەکا بۆڵە
داخەکەم لە جێی قوڵنگ و قازان
دالاش و کەرگەز ئەفڕۆشن نازان
لە جێگەی بولبوڵ هەر قەل ئەخوێنێ
ڕەشەباش خێرا تۆز هەڵئەستێنێ
نێرگزیش ئەوا نوستووە لە خەو
ڕایەخی بووە بەزیخ و بەچەو
دەسا سا هەڵسە ڕازی مەبێژە
چونکە ئەزانم تۆ بیرت تێژە

***

ئاوییـــــــەر زەمـــــــان ڕابردو ڕۆیی
ئەبێ گـــشت بژین بەســـەربەخـــۆیی
چوکـــە کـــۆیلەیی و دیلی چووە ســـەر
ئەبێ ئازاد بین بێ دەرد و کـــەســـــەر
ئەبێ گشت هەوڵ دەین بۆ کورد و کوردسان
ئەو کـــوردەی کـــەوا ئاگـــری هەڵسـان
ئەو کـــــوردەی کـــەوا نەبووە بەیدەست
هەتا مـــافی خـــۆی بهـــێنێـــتـــە دەست
مـــنـــیـــش بـــۆ بـــەرزی ئـــەچـــم چـــون وردم
خـــــاکی بەری پێی لاوێکی کـــــــوردم

***

یەکێ تر لە کـارەکـانم هۆنینەوەی کـارەسـاتی هەڵەبجـەیە، بەهۆنراو کـە لە پاش بۆمبارانکردنی هەڵەبجە بەچەکی شیمیایی ئەو هۆنراوانەم هۆنییەوە و لە ڕاستەقینەدا ڕووداوی هەڵەبجـە ژانێکە کـە بەسـەر لەش و گـیـانی هەمـوو کـوردێک تەوژم دێنێ و ئەم هۆنراوانەش هاوارێک کە لە کانی دڵمەوە هەڵقوڵیوە تا کار بکەنە سەر بەرەی مرۆ، کە ئەوا چەند هۆنراوێکی لێرەدا دێنم:

شـــــاری هەڵەبجـــــە وەک ئاوێنەیە
لەنـاو مــــــێـــــــژوودا زۆر بێ وێنەیە
چونکە بەخـــوێنی کـــوردان ڕەنگین بوو
لە بۆ کـــوردســـتـــان وەکـــو نگین بوو
گـولاڵەی باخـان گـشت وشـک و زڕ بوو
شـارەکـە لە گـاز شـیـمـیـایی پڕ بوو
مـنـداڵی ســـــــاوا لـە پاڵـی داکـی
ســـــــەریان نایەوە هـەردوو بـەپاکـی
هەمـــوویان لە ئەو شـــارەدا کـــوژران
بەدەســـەجـەمی لە خـــاکـــا نێـــژران
لاوان بەهـیـــــوا ســـــــەریان نـایەوە
هەر خـــەم و خـــەفـــەت بۆ مـــە مـــایەوە

هەڵەبجە لەناو خوێنی خەڵک گەوزا
پیرانیش خنکان لە ناوەنەوزا
ناوی شارەکە بووە تەم و تۆف
منداڵان خنکان هەر بەداخ و ئۆف
ئاسمان بەجارێ سپی و ڕەش بوو
دارەکان سووتا و وەک خەڵووز گەش بوو
وڵاتەکانی یەکگرتووی جیهان
کە بۆ ئاشتی گەلان ئەدەن هان
ئەی بۆچی لەبەر ئەم گشت ستەمە
هیچێکیان نەوت لە ئەم سەردەمە؟
وەرن ئەی ڕۆڵەی کوردانی دلێر
هەموو یەک بگرن وەکو بێچووە شێر
ڕاپەڕن هەڵسن سەدام لەناوبەن
لەناو دونیادا ئەو بکەن بەپەن
سەدام خوێنمژ و دوڕوو و خوێنخۆرە
بڕوای هەر لەسەر ستەم و زۆرە
بەقەد داڵەهۆ خەم لە دڵمایە
بەهارە و ئیتر قاسپەی کەو نایە

یەکێ تر لە کارەکانم دانانی گۆرانییە بۆ گۆرانیبێژانی کورد کە ئەمەش یادگاریی تافی جوانیمە؛ بۆیە تەواوی ئەو گۆرانییانە ئاوات و هیوا و گلە و گازندە و سکاڵایە لە یار، کە ئەمەش گۆرانییەکم بەناوی نەسرین دێنمەوە:

نەسرین کەژاڵە چاوەی سوخمە ئاڵ
ڕوومەت گەشەکەی گوڵاڵەی سەر یاڵ
ئەستێرە وێنەی ئاسمانی جوانی
تا کەی دانیشم بەچاوەڕوانی
کاتێ ئەتبینم نازداری دڵبەر
دڵم وەک شەماڵ دەشت ئەگرێتە بەر
کاتێ لە دەشتا گوڵێ ئەبینم
بەوێنەی بولبول بۆی ئەچریکێنم

چونکە شێوەتی پێوە دیارە
نەسرین تۆ جوانی وێنەت تەیارە
کەم جەزرەبەم دە لە رێی ئەو خوایە
ئەگەر ئەمزانی ئەمەگت وایە
نەئەکەوتمە داوت شۆخی بێ بەینەت
صدیق» سەرسامە نەسرین لەم کەینەت

یەکێ تر لە کارەکانم هۆنینەوەی شانامەی بۆرەکەییە کە بریتییە لە مێژووی کورد و کوردستان هەر لە گووتییەکانەوە تا لۆلۆییەکان و کاسییەکان و میتانییەکان و مانايییەکان و ئۆرارتوەکان و مادەکان و ساسانییەکان و لەم بارەوە کەڵکیشم لە شانامەی فیردەوسی و چیرۆکەکان و ئەفسانەکانی کوردیش وەرگرتووە و بەم چەشنە شانامەکەم پێک هێناوە و ئەمەش چەند هۆنراوێک لە بارەی پادشایەتی هۆشەنگەوە:

هۆشەنگ شا بووە سەرۆکی وڵات
هەتاوی دادی لە مەڵبەند هەڵات
چل ساڵی تەواو فەرمانی رانی
دی خەڵکی دەرکرد لە نیگەرانی
پاشان جیهانی ئاوا کرد یەکسەر
دی نەما لە دڵ پەژارە و کەسەر
تەواوی گێتیی ئەو لە داد پڕ کرد
دێو و نەیاری بەجارێ وڕ کرد
ڕۆژێکیان هۆشەنگ چووە دەشت و کێو
گەڕا کۆساران نشێو بەنشێو
لە دوورەو شتێ زۆر نابارى دی
لەپڕ داخوورپا دڵی بەهێدی
دی کە خشپەی دێ بەهێدی ئەڕوا
دووکەڵ لە دەمیە و پەی پەی دێ بۆ دوا
تومەز کە ئەمە مارێکە درێژ
کە هەر ئەخزێ لە دەشتا بەچێژ
بەردێکی خێرا لە بۆ ئەو هاوێشت
گەلێ نیشانە و شوێنی بەجێ هێشت

دای لە بەردێ تر چەخماخەی وەشان
گری لە پووشی ئەو شوێنە هەڵسان
مارەکە نەکوژرا بەڵام لە پڕێ
لەو بەردە هەڵسا هاڵاو و گڕێ
ئاگری پەیدا کرد بەفەڕ و بەهەنگ
تا کۆبوونەوە یارانی یەکڕەنگ
جەژنێکیان بەدی هێنا هەر ئەورۆ
ناویان نا سەدە بەفەڕ و شکۆ
هۆشەنگ سپاسی خوای بێ هاوتای کرد
کە ئەوی بەرەو ئەو ڕێ و شوێنە برد
وتی: ئەم تیشکە تیشکێ خواییە
گەلێ بەنرخ و زۆر بە بایییە
کە شەو هات کێوێ ئاگریان هەڵکرد
ناوی یەزدانیان لە خۆشیا ئەبرد
دی بووە بەزم و شایی و هەڵپەڕکێ
کەس نەیئەزانی بڕوانێتە کێ
ئەو جەژنە بەناو هۆشەنگ مایەوە
لە ئەو دەمەدا دەنگی دایەوە
بۆیە ئەو جەژنە سەدە ناونرا
چونکە سەد ڕۆژی زستان ڕابرا

سەرچاوەکان

١– هیوا، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی – تاران ١٣٦٠.
٢– چوار خشتەکییەکانی خەیام، وەرگێڕاوی سەدیق بۆرەکەیی – تاران ١٣٥٨.
٣– دوو بەیتییەکانی بابە تایەری هەمەدانی، گۆڕینی سەدیق بۆرەکەیی – تاران ١٣٦٠.
٤– زەمبیل فرۆش، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی – تاران ١٣٦٣.
٥– پیری دەریا، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی – تاران ١٣٦٩.
٦- وتەکانی زەردەشت، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی.
٧- ڕاپەڕینی کاوەی کورد، هۆنراوی سەدیق بۆرەکەیی.

٨- پەندی پێشینان، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی.

٩- گۆرانی، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی.

١٠- هەڵەبجەی خوێنین هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی.

١١- ئاوییەر، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی.

١٢- کورد و شانامە دانراوی سەدیق بۆرەکەیی.

١٣- شانامەی بۆرەکەیی، هۆنراوەی سەدیق بۆرەکەیی.

ئەنوەر قادر محەمەد

١٣٦٨ - ...

ئەنوەر، کوڕی قادر کە نازناوی ئەنوەرە لە ساڵی ١٣٦٨ی کۆچی لە ناوچەی عەربەتی سەر بەسلێمانی لە دایک بووە و دەورەی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو ناوچەیە تەواو کردووە و پاشان چووەتە بەغدا و لە کۆلێژی ئاداب لیسانسی لە زمانی کوردیدا وەرگرتووە و ئەوسا بووەتە مامۆستا و ماوەیەک خەریکی وانە وتنەوە بووە و لە پاشا چووەتە ئەوروپا و وەکو دەڵێن لەوێشدا دوکتۆرای وەرگرتووە و ئێستاش هەر لەوێدایە.

ئەنوەر قادر بەیەکێ لە هۆنەرانی هاوچەرخ دێتە ژمار و هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی نوێ هۆنیویەتەوە کە گەلێ شیرین و ڕەوانن. ئەو تا ئێستا کۆمەڵە هۆنراوێکی بەناوی زریان بڵاوبووەتەوە و هەروەها گەلێ لە هۆنراوەکانشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چاپ کراون.

هۆنراوەکانی ئەنوەر قادر بریتیین لە دەردی کۆمەڵ، بریتییە لە دەربەدەری و ئاوارەیی گەلی کورد کە بەدەست ڕژێمی ستەمکاری سەدامەوە چەوسادنەتەوە، بریتین لە خەم و پەژارە و ئەم چەشنە بابەتانەن لەناو هۆنراوەکانیدا دەردەکەون، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێری ئێوارەیە و کۆچ ئاگرە و ناکوژێتەوە دەڵێ:

لە هەواری ماتی تەما
دەواری دەروون هەڵئەدەم
بەکۆچە ڕێی دووری خەما
بارگەی وشەم بەرێ ئەخەم
باوبۆرانێ لە دڵمایە، گەر بباری
هەسوونە زێرینە و هەتاو
ئەدا لە یەخەی بەهاری

***

هەورەکانی ئاسمانی شار
بۆ باوەشی گۆماوەکەی دەربەند ئەفڕین
وتیان نامە... سڵاو، هەواڵ
بۆ باوک و دایکت نانێری
ئەی نامەی ئەوانت ناوێ؟!
وتم سیروان هەموو ڕۆژێ
هەواڵیانم بۆ ئەهێنێ
***
ئەوا دیسان... جانتا و کۆڵە بێ نازەکان
وەکو بێچووە پشیلەی چاو نەپشکوتوو
بۆ ژوورێکی ترسناکتر هەڵئەگیرێن
بەگالیسکە و بەکۆڵ و شان
***
ئەی وڵاتە شیرینەکەم!
وڵاتی سوێ و بەفر و بەهار
وێنەکەی تۆ لە قووڵاییی زامەکانما
هەڵئەگرم...
لە کۆمۆنەی ڕووتەکانا
وێنەکەی تۆ و زامەکانم
دروشمێکە لەسەر سەرم هەڵی ئەگرم
***
ئەو دەریایە و خەم دەریایە
شیعرەکانی منیش ماسین
بێ ئەو ناژین... بێ خەم ناژین
گیانە!...
سەروملم دوورگەیەکە، دوای کۆچی تۆ
لە تینوانا وا ئەخنکێ، دە بێرەوە
دە ڕووباری باسکەکانتی لێ ئاڵێنە
با تینوویەتی و تاسەم بشکێ

ئەنوەر قادر هۆنراوەکانی خۆی بەکوردییەکی پەتی هۆنیونەتەوە، بۆ ئەوەی هەموو لێی تێ بگەن، وە لەگەڵ ئەوەش گەلێ زاراوی نوێی بەدی هێناون و لە هۆنراوەکانیدا بەکاری بردوون، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لەسەردێڕی: ئێوە ئەو بایەن کێو لەبن دێنن، هۆنیویەتەوە کە دەڵێ:

ئەڕۆی ئەگریا، دڵێ ئاوێنەی تەماوی و لێڵ بوو،
ئاسمانێ بوو دوایی نەهاتوو، ئەسپی سەرکەش و
تینووی ئارەزووی هەر ئەیحیلاند و چەپۆکانی بوو...
لەسەر درەختی ماتی تەنیایی، پۆلێ باڵندەی لانە شێواو و
وێڵ هەڵئەنیشتن... ئەڕۆی هاواری (خانی) لە کەژی
نەبڕاوەی بیریا... دەنگی ئەدایەوە:
گورگی ڕۆژگار بەرخی سێ سەدەی مل شکاندووە،
زامیش گوڵی کرد، بەڵام مەم و زین دوو ئەستێرەکەی
شەوی هاوینن، یەکتر ماچ ناکەن ئەکوژێنەوە...
لەبەردەم خوادا، لەناو گومان و دڵنیاییدا
هەڵەت و سوورکەی هەوری ئاسمانن
هەتا چاو بزەی نابڕێنەوە...
ئەڕۆیشت و ئەیوت: تاوی بارانی گریانی (خانی)
بەسەر پەنجەرەی خامۆشیماندا، ڕەشت و لوول ئەکا
شەقەی شاباڵی دڕن بەهەوری ماتیمان ئەدا
بانگمان لێ ئەکا:
ئەی هەژارینە! ئێوە ئەو بایەن کێو لەبن دێنن

***

بەدەم سۆزەوە هاواری ئەکرد:
دەم ئەبەم لێوی وەک سکڵی ڕووتی ئەو کچە شەنگە
ئەکەم بەبرین... بەگوڵاڵەی زام
نەء! ئەو تۆی ناوێ
بۆ منی ناوێ؟! شیرین چیت ئەوێ؟!
شیرین کەژاوەی بارانت ئەوێ؟!

شیرین ڕووباری گریانت ئەوێ؟!
ئەوا من ئەڕۆم کەژەکەی بێستوون ئەهەرۆژێنم
گەردوونە بەرزەت بۆ ئەهەژێنم

سەرچاوەکان

١- زریان، هۆنراوەی ئەنوەر قادر محەمەد - بەغدا ١٩٨٧.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە ئەنوەر قادر.

عەبدوڵڵا پەشێو

١٣٧٥ - ...

عەبدوڵڵا، کوڕی محەمەدە و نازناوی پەشێوە، لە ساڵی ١٣٧٥ی کۆچی لە دێی بێرکۆتی سەر بەهەولێر لە دایک بووە و دەورەی سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە و پاشان بەهۆی کوردپەروەرییەوە گیراوە، بەڵام لە زیندان ڕای کردووە و چووەتە ئەورووپا و ماوەیەکیش لە مۆسکۆدا ماوەتەوە.

عەبدوڵڵا پەشێو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هۆنراو کردووە و جاروبار هۆنراوی هۆنیوەتەوە و باشترین هاندەری ئەو بۆ هۆنراو هۆنینەوە دۆستانی بوون و پتر حەزی لە هۆنراوەکانی گۆران دەکرد و لە ڕاستەقینەدا ئەو گیانێکی تری دەماندە هۆنراوی کوردی و هۆنراوی نوێی گەیاندە پلەوپایەیەکی بەرز و تا ئێستا چوار کۆمەڵە هۆنراوی بەناوی: فرمێسک و زام، بتی شکاو، شەونامەی شاعیرێکی تینوو، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم، بڵاوکردووەتەوە.

عەبدوڵڵا پەشێو هەر لەسەر ڕێ و ڕچەی باو و باپیری دەڕوا، ئەو ڕێ و ڕچەیە کە باو و باپیری بۆ هێنایانە دی کە جەژنی نەورۆزیش هەر دەچێتە سەر ئەو ڕێ و ڕچەیە، ئەو نەورۆزەی کە بەپێی چیرۆکەکانی نەتەوایەتی کاوەی کورد هێنایە دی و ئەژیدەهاکی ستەمکاری گەیاندە سزای خۆی، وەکو لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی ئەوەمان بۆ دەکا و دەڵێ:

لە کاوەی باپیرم پرسی، چۆن دەگەمە نەورۆزەکەی سەدەی بیستەم وتی: ڕۆڵە گیان ئەگەر کوردستان بکەنە پارچە ئاگرێک، نەک ئەژدەهاکێ بەڵکو هەزار ئەژدەهاک بۆ گەلی کورد ملکەچ دەکا و خۆی ناگرێ، وەکو دەڵێ:

پرسیم لە کاوەی باپیرم
گوتم: بابە وا دەست بەدەستم

دە پێم بڵێ، چۆن ئەگەمە
نەورۆزەکەی سەدەی بیستەم
گوتی: ڕۆڵە، گەر کوردستان
بکەن بەپارچە ئاگرێ
نەک زوحاکێ، هەزار زوحاک
ملکەچ ئەکا و خۆی ناگرێ

هۆنەر لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان دوورکەوتووتەوە، بەڵام کوردستانی هەروەکو گیانی خۆی خۆش دەوێ، چونکە زێد و مەڵبەندیەتی و لەوێدا لە دایک بووە و لەوێدا پێ گەیشتووە و گەورە بووە دیارە دەبووا وەکو بیبیلەی چاوی بیپاراستایە، بەڵام لەبەرئەوەی لێی دوور کەوتووەتەوە ئەوەیە کە گۆرانی پیادەڵێ و دەڵێ: کێڵگە بۆ باران دەستری و چیا بۆ هەڵۆ و ڕووبار بۆ نەوەستان و خۆر بۆ ئاسۆ و ئاگرپەرست بۆ ئاورگە و با بۆ چرۆ و ئەستێرە و مانگ بۆ بەرەیان و منیش بۆ تۆ ئەی کوردستانەکەم، وەکو دەڵێ:

کێڵگە دەستری بۆ باران
چیا بۆ هەڵۆ
ڕووبار و چەم بۆ نەوەستان
خۆر بۆ ئاسۆ
ئاگرپەرست بۆ ئاتەسگە
با بۆ چرۆ
ئەستێرە و مانگ بۆ سپێدە
منیش بۆ تۆ
کوردستانم: منیش بۆ تۆ!

هۆنراوەکانی عەبدوڵڵا پەشێو ئاوێنەیەکی بالانمان بۆ ژیانی کوردەواری. لە پارچە هەڵبەستێکیا کە لە بارەی بڵاوبوونەوەی (کەژاوەی گریان)ی شێرکۆ بێکەس هۆنیویەتەوە ژیانی قارەمانی کوردمان بۆ دەردەخا کە چۆن کەژاوەکەی گریانی ئەو، وەک بنیادەمێکی ڕاپەڕیو خەنجەرێکی پاشا کۆرەی لە کەمەر دابوو، وە لەو مەیدانەدا ئالاخوێنینی مەهاباد هەڵکرابوو، وە پەیامێکی لەوێدا بڵاوکردەوە کە وشەکانی پریشکی ئاگری زەردەشت بوون و کتومت هەر لە وشەکانی ئاڤێستا دەچوون، وەکو دەڵێ:

برام شێرکۆ...
کەژاوەکەی گریانی تۆ

وەک ئادەمزادی ڕاپەڕیو
گیانی گەرمی لەبەردا بوو
خەنجەرێکی جەوهەرداری،
«کۆر پاشا»ی لە کەمەر دابوو
لە پێشەنگی، کەژاوەتا،
ئالای خوێنینی مەهاباد... هەڵکرابوو
لە تەک ئەوا، سێدارەکەی، چوارچرا بوو
کە هاتە لام،
پەیامێکی وای بۆ هێنام:
وشەکانی،
وەک پریشکی ئاگر وابوون
هی ڕۆژانی، ئاڤێستا بوون
خوێندمەوە
گەلێک گریام...
گریام بۆ خۆم...
گریام بۆ تۆ...
بۆ هەزاران، زیندووی نێژراوی ناو گڵکۆ!
***
برام شێرکۆ
ڕاست ئەکەی... تۆ
دوو هەزار و پێنجسەد ساڵە
ئەنوین... ئەخۆین... لەسەر درۆ!
ڕاست ئەکەی... تۆ
دوو هەزار و پێنجسەد ساڵە
گوێمان... کەڕە!
زمانمان... گیرۆدە و لاڵە!
بەڵام هەیهۆ
کەی لای ئێمە،

پەسند بووە پیاوی ڕاستگۆ؟!

***

برام شێرکۆ...

بەو چاوە دیم،

زەردەخەنەی، لە دواوە بوو،

کەژاوەکەی، گریانی تۆ!

لە تنۆکی فرمێسکتا

دەماری بازووی کاوەم دی

لاشەی کەوتووی زوحاکم دی

ئالای بەرزی شەکاوەم دی

ئاسۆیەکی ڕووناکم دی!

***

لە تنۆکی فرمێسکتا...

زەردەشتم دی

باوەشی خۆی ئەگرتەوە

بۆ هەژار و چەوساوەکان

بەهەشتم دی،

ڕاست ئەبۆوە،

لەسەر لاشەی، چوار دیوارە، ڕماوەکان

***

عەبدوڵڵا پەشێو گەلێ گۆرانیی جوان جوانیشی بەهۆنراو بۆمان هۆنیوەتەوە کە لەوانەدا بەیارەکەی هەڵدەلێ و لەگەڵیا ڕازونیاز دەکا، وەکو لە پارچە هەڵبەستێکدا کە لە سەردێڕی تۆش بەجێم دێڵیدا ئەوەمان بۆ دەردەخا و دەڵێ:

تۆش بەجێم دێڵی

زۆرباش دەزانم تۆش بەجێم دێڵی

تۆش سەرخۆش دەبی و

وەک بادەیەکی بۆش بەجێم دێڵی

***

تۆش بەجێم دێڵی
وەک چۆن سەوزایی باخ بەجێ دێڵی
وەک چۆن تەمومژ شاخ بەجێ دێڵی
تۆش بەجێم دێڵی!

***

تۆش بەجێم دێڵی
چۆن ئەسپێکی خورت سوار بەجێ دێڵێ
چۆن وشەی تادار زار بەجێ دێڵێ
تۆش بەجێم دێڵی

***

ئەگەر دەزانیت، ئەمجارە
بڕیارەکەت دوا بڕیارە
ناوونیشانی خۆت بگۆڕە
جێ پێیەکانمان بسڕەوە
لەژێر ئاسمانی ئەم شارە
ئەوسا خوات لەگەڵ
چۆن ئەسپێکی خورت سوار بەجێ دێڵی
وام بەجێ بێڵە!
چۆن وشەی تادار زار بەجێ دێڵی
وام بەجێ بێڵە!

***

سەرچاوەکان

١- بتی شکاو، هۆنراوەی عەبدوڵلا پەشێو - کەرکووک ١٩٦٨.
٢- شەونامەی شاعیرێکی تینوو، هۆنراوەی عەبدوڵلا پەشێو - بەغدا ١٩٧٣.
٣- شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم، هۆنراوەی عەبدوڵلا پەشێو - هەولێر ١٩٨٠.
٤- فرمێسک و زام، هۆنراوەی عەبدوڵلا پەشێو - کەرکووک ١٩٦٧.

نووسەران و ویژەوانانی کورد

گەلی کورد لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمی کۆچیدا بۆ بووژانەوە و پەرەسەندنی ویژە و فەرهەنگی کوردی گەلێ تێ کۆشاوە و هەر لەم چەرخەدا گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤار لە لایەن نووسەرانی کوردەوە چاپ و بڵاوبووەتەوە بۆ یەکەمین جار ڕۆژنامەی کوردستان لەساڵی ١٨٩٨ی زاینی لە لایەن میقداد مەدحەت بەگی بەدرخانەوە لە شاری قاهیرە بڵاوکرایەوە و پاشان لە ساڵی ١٩٠٧ی زاینی ڕۆژنامەی کورد لە ئەستەموول بڵاوبووەوە و لە پاشا گەلێ گۆڤار و ڕۆژنامە لە لایەن نووسەرانەوە کەوتنە بەردەستی خوێندەوارانەوە و بەم چەشنە ویژەی کوردی بەجارێ پەرەی سەند و بەهۆی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامەیانەوە گەلێ نووسەر و ویژەوان و هۆنەر سەریان هەڵدا کە بوونە هۆی پەرەسەندنی ویژە و فەرهەنگی کوردی.

لە ڕژێمی شاهەنشاییدا گەلێ لە هۆنەران و نووسەرانی کورد کۆچیان کردە وڵاتەکانی دەرەوە و ئەمانە لە هەر کوێدا بوون دەستیان کردە پەرەدانی ویژە و زمانی کوردی و گەلێ شوێنەواریان بڵاوکردەوە و گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرخست و ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی لاواندا گەلێ بەکەڵک بوون، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی لە هەموو چینێک وریا دەکردەوە و زمانی سادەی ئەو ڕۆژنامانە هێڵێکی پەیوەندی بوون لە نێوان زمانی خوێندەواران و نەخوێندەوار اندا، بەڵام هەندێ لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لەبەرئەوەی پەیوەندییان بەدەوڵەتەوە بوو مەبەستەکانیان بەسوودی خۆیان دەنووسی بۆ ئەوەی خەڵک لە ڕێ دەرکەن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمی زاینیدا نووسەران و ویژەوانانی کورد کەوتنە هەوڵ و تێکۆشین و لەم بارەوە گەلێ پەرتووک و نامیلکەیان سەبارەت بەلێکۆڵینەوەی ویژە و زمانی کوردی نووسین و بڵاویان کردنەوە، هەروەها گەلێ پەڕاویان لە زمانە بێگانەکانەوە وەرگێڕانە سەر زمانی کوردی و گەلێ چیرۆکیشیان نووسین کە هەندێ لەوان بریتین لە: ئەحمەد موختار جاف، ئەحمەد هەردی، ئەمین میرزا کەریم، ئیبراهیم ئەحمەد، پیرەمێرد، جەماڵ بابان، جەماڵ نەبەز، جەمیل سائب، جگەرخوێن، حەسەنی قزڵجی، حوسێن حوزنی موکریانی، خالد دلێر، ڕەحیمی قازی، ڕەشید هەورامی، سەعید ناکام، شاکر فەتاح، شوکور مستەفا، شێرکۆ بێکەس، عەرەبی شەمۆ، عەلائەدین سەجادی، عیزەدین مستەفا،

کامەران موکری، کەماڵ مەزهەر، گیوی موکریانی، مارف خەزنەدار، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد عەلی کوردی، مستەفا نەریمان، نووری شێخ سالح، هۆگر گۆران، یونس مستەفا عومەر، وە دەیان چیرۆکنووسی تر.

گەلی کورد هەر لەمێژەوە بەدەستی زۆرکاران و ستەمکارانەوە دەچەوسێتەوە و لە کورد بەدەستی ڕژێمی شاهەنشاییەوە، لە ئەوپەڕی نائومێدی و نوشووستدا دەژیا و پلەی ژیانی لە ئاستێکی نزمدا بوو، بەڵام بەهۆی ڕەوتی تیژ پەڕی مرۆڤایەتییەوە، پاشان باری ژیانی گۆڕا و گەرچی گەلێ ڕۆڵەی نەبەزی لە دەست دا، بەڵام سەرئەنجام توانیی مافی خۆیان بستێنێ و وێژە و کولتوورەکەی ببووژێننەوە و بیگەیێنێتە پایە و گەشکەی پێ بکەن.

وێژەی کوردی هەر لەمێژەوە بەهۆی نووسەران و هۆنەران و زانایانی کوردەوە پەرەی سەندووە و چیرۆک و ئەفسانەش شانبەشانی زەمان لەناو کوردەواریدا هاتوونەتە خوارەوە، بەڵام تا ئێستا کەسێک نەبووە کە ئەو چیرۆک و ئەفسانانە کۆکاتەوە و لە چاپیان بدا و بڵاویان کاتەوە و لە ڕاستەقینەدا کورد خاوەنی فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندە و فۆلکلۆر لەناو کوردەواریدا لەسەر ئازایی و جوامێری و دەروون پاکیی دانراوە و ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆنی کوردی ئەو سەردەمەمان بۆ دەردەخا، وە وێژەی کوردی لە پلەی یەکەمدا بریتییە لە فۆلکلۆری کوردی کە سەرچاوەیێکی گرنگن بۆ وێژە، بەڵام چیرۆکنووسی بەچەشنی نوێ لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە واتە: کاتێک ڕۆژنامە و گۆڤارگەلی کوردی بڵاوبوونەوە، چیرۆکی کوردیش کەوتە ڕوو، چونکە گەلی کورد لەم لایەنەوە مێژوویەکی دوورودرێژی نییە و یەکەمین چیرۆکی کوردی بەناوی «لە خەوما» هی جەمیل سائبە کە لە ساڵی ١٩٢٨ی زاینیدا لە چاپ دراوە و پاشان گەلێ چیرۆکنووس سەریان هەڵدا و چیرۆکی کوردی بەرەبەرە پەرەی سەند و زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە بڵاوبوونەتەوە ناکۆکی و دژوارییەکانی کۆمەڵ دەردەخەن و لەمەوە لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە دەتوانین کۆمەڵ بناسین و ڕێ و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ویستەکانی کۆمەڵیشمان بۆ دەردەکەوێ.

پەخشان لەم دەورەدا گەلێ پێشڕەوتی کردووە و لە ڕاستەقینەدا پێشڕەوتی پەخشان لە هۆنراو زۆرترە، چونکە نووسەران و وێژەوانان زیاتر لە هۆنەران کەوتنە هەوڵ و تەقەلا، وە پەخشان بەکوردییەکی پەتی نووسرا و کەمتر وشەی بێگانەیان تیا بەکار بردو لەم دەمەدا گەلێ پەڕاوی بەکەڵک لە زمانە بێگانەکانەوە وەرگێڕرانە سەر زمانی کوردی کە لەناو ئەوانەدا دەتوانین لە کەلیلە و دەمنە وەرگێڕاوی عومەر تۆفیق و گولستانی سەعدی وەرگێڕاوی مەلا مستەفای سەفوەت ناوببەین.

ئەو نووسەرانەی کە بۆ بووژانەوە و پەرەسەندنی وێژە و زمانی کوردی کەوتنە هەوڵ و

تێکۆشان و پەخشانی کوردییان بەجوانترین شێوە ڕازاندەوە و گەلێ نووسراوی بەکەڵکیان دانا هەتا هەتایە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لەناو وێژەی کوردیدا دەدرەوشێنەوە، ئەوا لەم بەرگەدا سەرگوروشتە و بەسەرهاتی هەندێکیان لێرەدا دەنووسین کە بریتین لە: سەید حوسێن حوزنی موکریانی، تۆفیق وەهبی، جەلادەت بەدرخان، ڕەفیق حیلمی، شێخ محەمەدی خاڵ، گیوی موکریانی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مستەفا سەفوەت، عەلی سەیدۆ گۆرانی، دوکتۆر قەناتی کوردۆ، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئەنوەر مایی، حەسەنی قزڵجی، شاکر فەتاح، عەلائەدینی سەجادی، محەمەد تۆفیق وردی، کەریم شارەزا، عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان، کەماڵ جەلال غەریب، د. مارف خەزنەدار، د. جەماڵ نەبەز، دوکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، قادر فەتاحی قازی، ئیبراهیم ئەحمەد، عوسمان شارباژێری.

سەید حوسێن حوزنی موکریانی

١٣١١ - ١٣٦٧

سەید حوسێن کوڕی سەید عەبدوللەتیف کە نازناوی داماو و خدۆک و بێژەنە، بەحوزنی موکریانی ناسراوە لە ساڵی ١٣١١ی کۆچی لە گەڕەکی حاجی حەسەنیان لە مەهابادا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی و خاڵەکانی خەریکی خوێندن بووە و لە دوانزە ساڵیدا کەسوکاری خۆی بەجێ هێشتووە و بەرەو مەراغە و تەوریز و ئێرەوان و مۆسکۆ و پترسبورغ کەوتووەتە ڕێ و چەند ساڵێک لەو شارانەدا ماوەتەوە و پاشان چووەتە ئەفغانستان و هیندوستان و دوو ساڵیش لە ئەستەمووڵدا ماوەتەوە و لەوێدا خەریکی مۆر هەڵکەندن و خۆشنووسی بووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە حەڵەب و لەوێشدا چەند ساڵێک ماوەتەوە و لە پاشا چووەتە عێراق و لە ڕەواندزدا نیشتەجێ بووە و لەوێدا چاپخانەیەکی بەناوی (زاری کرمانجی) دامەزراندووە و ئەوسا گۆڤارێکی بەناوی زاری کرمانجی دەرکردووە و لەم کاتەدا ئینگلیزەکان بوختانیان بۆی دروست کردووە و خستوویانەتە بەندیخانەوە و ئەوسا ناردوویانەتە بەغدا لەوێدا لە ساڵی ١٣٦٧ی کۆچی دەرمانخواردیان کردووە و پاشان تەرمەکەیان بردووەتە هەولێر و لەوێدا بەخاکیان سپاردووە.

سەید حوسێن حوزنی، بەیەکێ لە مێژوونووسان و وێژەوانانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار، ئەو جگە لە زمانی کوردی بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی ئاشنایەتیی هەبووە و لە ماوەی تەمەنیدا گەلێ پەڕتووک و نووسراوی بایەداری نووسیون کە هەندێکیان بریتین لە: خونچەی بەهارستان، مێرگەی دڵان، ئاورێکی پاشەوە، شاهەنشای کوردی زەند، میرانی سۆران، بەکورتی هەڵکەوتی دیریکی مێژوو؛ کورد و نادر

شـا، ناودارانـی کـورد، پێشکەوتن، کـوردسـتـانـی مـوکـریان، چەند لاپەڕەیەک لە دیریکی کوردستانی موکری، پێشەوای ئاین، وێنەگەری و کۆڵین، بەخێوکردنی کرمی ئاورێشم و هەندێ نووسراوی تر.

ئەمەش پارچە پەخشانێک لە مامۆستا سەی حوسێنی حوزنی کە لە پەرتووکی کوردستانی موکریان هەڵمان بژاردووە، وەکو دەڵێ:

زەوی و خاکی ئەمرۆ کە ناوی موکریانە، خاکێکی زۆر بەپیت و بەرەکەت و حاسڵ خێرە و کەوتووەتە جەنووب و جەنووبی شەرقی و شەرق و جەنووبی غەربیی گۆلی ورمێوە، بەڵام لە پێشدا بەخاکێکیان گوتووە کە خاکی مادی بچووک بووە و ئەمرۆ کە ئەیالەتی ئازەربایجانی پێ دەڵێن هەروەکو لە داهاتوودا دێتە گوتن.

کێوەکانی موکریان ئەو کێوانەن کە لە شیمالی غەربی بۆ جەنووبی شەرقی ڕاکشاون و ڕیزە کێوێکن بەچاکی بەرامبەر بەکێوە بەرزەکانی زاگرۆس ڕاوەستاون و لێک گرێ دراون و پێکەوە نووساون و لە پێکەوەبوونی ڕشتەی زاگرۆسدا پێکەوە، لە نێوانی یەکدا ڕاکێشراون، بەهۆی شیو و دۆڵ و گەرووەکان و چۆمەکانەوە لێک پچڕاونەوە و بوونەتە دوو کەرت و بەدوو کێو.

کێوەکانی ڕۆژئاوا کە گەلێک توند و سەخت و دژوارن و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەبەرزیی نێونجی کێوەکان ٣٢٠٠ متر دەبن، سەر قۆچکە و تەپڵەسەری ئەو ڕشتە کە لەنێوی مەزرای شنۆ و ئالان دان و یەکەیەکی پێکەوە لێک نەپچڕاوە و هەڵکەوتووە، ئەمانەن: چیای ڕەش، کێوی سپی، بارزین، کانی خولا، قەندیل، باقر، حاجی ئیبراهیم و جگە لەوانە چەند شاخی قۆپی دیکەش هەن کە سالّی دوازدە مانگ پترین مانگانی ساڵ ئەو کێوانە بەبەفر داپۆشراون و کوێستانێکی زۆر ڕەنگین و جوانن.

لە نێوانی گەردنی کێلە شین و ئالاندا ڕشتە کێوەکانی موکریان خاوەند ڕێکوپێکی وێچوونێکی زۆر جوان و خاوێن، ڕاکێشرانیان لە شەمالی غەربییەوە بۆ جەنووبی شەرقی وە خوار بووەتەوە و ڕیز ڕاوەستاون و لێک پچڕاوەیان لە ئاراراتەوە لەگەڵ کێوەکانی زەهاو و لوڕستان و لە ڕۆژهەڵاتی موکریاندا دوو ڕیزە کێو هەڵکەوتوون، یەکێکیان ناوی بەردەسیر و هی دووەمیان ڕشتەی موکریانە و لە بەرامبەرەوە وەکو یەکدی هەڵکەوتوون، گەرووی چۆمی چەغەتوو لێکی بڕیون، ڕشتەی کێوی بەردەسێر، چۆمی تەتەهوو دڕیویەتی و کردوویەتە دوو لەت، کلکەی ئەو ڕیزە شاخە بەناوی کێوی کورتەک دەناسرێ، هەتا شاری سابلاغ و جەنووبی گۆلی ورمێ ڕاکشاوە و درێژی کێوی بەردەسێر لە شیمالی غەربییەوە بۆ جەنووبی شەرقی بەکەمێک خواربوونەوە ڕوو بەڕۆژهەڵات درێژ بووە و ڕاکشاوە.

سەرچاوەکان
١- کوردستانی موکریان ،نووسراوی حوسێن حوزنی موکریانی - ڕەواندز ١٩٣٨.
٢- پێشکەوتن، کردەوەی حوسێن حوزنی موکریانی - هەولێر ١٩٦٢.

تۆفیق وەهبی

١٣١١ - ١٤٠٤

تۆفیق، کوڕی مارف کە بەتۆفیق وەهبی ناسراوە لە ساڵی ١٣١١ی کۆچی لە سلێمانی لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەوێدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە بەغدا و زانکۆی ئەفسەریی تەواوکردووە و بووەتە ئەفسەر و لە پاش چەند ساڵێک بەپلەی سەرهەنگی گەیشتووە و ئەوسا بووەتە مامۆستای زانکۆی ئەفسەری و لە دوای ماوەیەک کراوەتە فەرمانداری سلێمانی و پاشان بووەتە وەزیری پەروەردە و ماوەیەکیش بووەتە سناتۆر و لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨ ڕۆیشتووەتە تورکیە و لەوێوە بەرەو ئینگلستان کەوتووەتە ڕێ و ئیتر لەوێدا ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٤٠٤ی کۆچی گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپاردووە و لەسەر ئەسپاردەی خۆی تەرمەکەیان بردووەتە کوردستان و لەسەر کێوی پیرەمەگروون ناشتوویانە.

تۆفیق وەهبی بەیەکێ لە وێژەوانان و زانایانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار، ئەو لە زانستی زماناسی و وێژە و فەلسەفە و مێژوودا مامۆستا بووە و یەکەمین زانای کوردە کە لەسەر زمانەکانی هیندوئەوروپایی و پەیوەندیی زمانی کوردی بەوانەوە کۆڵیوەتەوە و گەلێ لە زانایانی ئەوروپایی بۆ نووسینی نووسراوەکانیان کەڵکیان لە زانستی ئەو وەرگرتووە و ئەویان یادکردووە. گەلێ لە بەرهەمەکانی ئەم مامۆستایە هێشتا چاپ نەکراون و هەروا بەدەستنووس ماونەتەوە و ئەوانەی کە چاپ کراون بریتین لە: فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی، دەستووری زمانی کوردی، خوێندەواریی باو، قسنێک لە کوردستاندا، بەیان حەقیقەت، بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی، ئێزیدییەکان ئەهریمەن پەرست نین، کورد و ماد، بنج و بناوانی زمانی کوردی لە توێکڵە گوێزێکدا، ئاڵتوون کۆپری، مێژووی ناوی کەرکووک، واتای قەڵاچوالان، وە گەلێ نامیلکە و وتاری تر.

ئەمەش بەشێک لە یەکێ لە وتارەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبی لە سەردێڕی بنجی زمانی کوردی کە وەرمانگێڕایە سەر زمانی کوردی کە دەڵێ: مێژوونووسانی موسڵمان کە لەسەر بنج وبناوانی زمانی کوردی ڕۆیشتوون و لێی دواون، تووشی گەلێ هەڵە بوون، بەڵام لەم دواییەدا زانا ئەوروپاییەکان گەلێک جوان لەسەر ئەو مەبەستە کۆڵینەتەوە، لەناو

هەموویاندا دەتوانین لە مینۆرسکی بدوێین کە بەڕاستی لە بارەی کورد و کوردستانەوە گەلێ مەبەستی نووسیوە و خۆی ماندوو کردووە. ئەو لای وایە هەر لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر کورد و زمانی کوردی بکرێ دەبێ لەسەر بنەڕەتی ماد و زمانی مادیدا پێک بێ. منیش لەسەر ئەو بڕوایەم کە کورد و ماد هەر یەکن و کورد و زمانی کوردی لەسەر بنچی ماد و زمانی مادی ڕواوە. بەڵام یەکێک لە خۆرهەڵاتناسەکان بەناوی مەکەنزی ئەمەی پێ دروست نییە و لەم بارەشەوە بەڵگەیەکی نەهێناوە، ئەو زمانی کوردی هەر لەگەڵ زمانە ئێرانییەکان پێک دەگرێ و بەراوردی دەکا ئەمەش دروستە و ئێمەش زمانی کوردی بەیەکێ لە زمانە ئێرانییەکان دادەنێین، بەڵام بنجوبناوانی زمانی کوردی دەچێتەوە سەر زمانی مادی، هەندێک سەرچاوە و بەڵگەی مێژوویی لە دەستدان کە لە پاش ساسانییەکان ناوی ماد گۆڕاوە بووە مادمای و ماهـ، وە ئێستاش ئەو وشانە لە زمانی کوردیدا بەکار دەبرێن، وە لام وایە ئەو کوردانەی کە ئێستا کۆچەر نین و لە شوێنێکدا نیشتەجێن دەچنەوە سەر ماد و لە ڕەچەڵەک و ڕەگەزی ئەوانن.

ئەو تیرە هیند و ئێرانییانەی کە پاشان لەگەڵ گەلە دراوسێکانی گەڕۆک تێکەڵاویدان پەیدا کردبوو، هەر لەمێژەوە مەڵبەندە مادییەکانیان لە مەترسی خستبوون.

لە سەردەمی پارتەکاندا یاسا و ڕێ و شوێنی خۆماڵییەکان زۆر باشتر لە هێزی ناوەندیی پارتی توانیویانە مادە کێوییەکان بەڕێوەبەرن و پێداویستییەکانیان پێک بێنن. هەر لەبەرئەوەش بوو کە ئەردەشێری پاپەکان ٢٤١ – ٢٢٥ی زاینی بەسەر کوردەکانی مادیدا زاڵبوو، وە ئەم زاڵبوونەش لە پەڕاوەکەی خۆیدا کە ناوی کارنامەی ئەردەشێری پاپەکانە نووسیوە.

ئەردەشێری پاپەکان پاشان وڵاتی پارتییەکانیشی داگیر کرد. هەر ئەم پاشایە لەناو نووسراوەکەی خۆی ماد و کوردی بەیەک نەتەوە داناوە، چونکە خۆیشی کورد بووە. هەروەها لە ڕاپۆرتی شەڕەکانی شاپووری ساسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم پادشایە لە هەولێر لەگەڵ مادە کێوییەکاندا بەشەڕ هاتووە کە دیارە کوردەکانن و لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ماد و کورد هەر یەکێکن.

سەرچاوەکان

١- دەستووری زمانی کوردی، نووسینی تۆفیق وەهبی – بەغدا ١٩٢٩.

٢- خوێندەواریی باو، نووسراوی تۆفیق وەهبی – بەغدا ١٩٣٣.

٣- قسنێک لە کوردستاندا، نووسینی تۆفیق وەهبی – بەغدا ١٩٤٧.

٤- بەیان حەقیقەت، نووسینی تۆفیق وەهبی – بەغدا ١٩٤١.

جەلادەت بەدرخان

١٣١٧ - ١٣٧١

جەلادەت، کوڕی ئەمین عالی بەدرخان لە ساڵی ١٣١٧ی کۆچیدا لە شاری ئەستەمووڵ لە دایک بووە و هەر لەوێدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە و پاشان چووەتە میسر و لەوێوە ڕۆیشتووەتە ئەڵمان و خوێندنی یاسای تەواوکردووە و لیسانسی وەرگرتووە و لەپاشا چووەتە شام و لەوێدا نیشتەجێ بووە و زۆربەی کاتی خۆی لەسەر لێکۆڵینەوەی زمان و وێژەی کوردی بردووەتە سەر و زۆربەی وتارەکانی لە گۆڤاری هاوار و ڕووناهیدا بڵاوکردوونەتەوە و ژمارەی وتارەکانی لە هەزار تێ پەڕیوە. پەڕاوی کێشەی کورد یەکێکە لە بەرهەمە بایەدارەکانی کە بەناوی دوکتۆر بلەچ شێرکۆ بڵاوبووەتەوە کە لەو نووسراوەدا جەلادەت بەدرخان بەجۆرێکی ڕێکوپێک باسی مێژووی کورد و کوردستانی کردووە و لە زمان و وێژەی کوردی دواوە. ئەم زانایەمان لە ساڵی ١٣٧١ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی مزگەوتی مەولانا خالید بەخاک سپێراوە.

جەلادەت بەدرخان یەکێکە لە نووسەر و زانا هەرە بەرزەکانی کورد کە گەلێ ڕاژەی بەزمان و وێژەی کوردی کردووە و ئەو جگە لە زمانەکەی خۆی بەزمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی ئاشنایەتیی هەبووە و، بەو زمانەش گەلێ وتاری لەبارەی کوردەوە بڵاوکردوونەتەوە. ئەمەش نموونەیەک لە پەڕاوی کێشەی کورد کە دەڵێ:

زمانی کوردی وەک زمانە ئاریاییەکانی خۆرهەڵات، لە پەهلەوی و سانسکریتی جیابووەتەوە و ئەم زمانەش لەسەرەوە بەرەو ڕاست و ڕێنووسێکی سەربەخۆ دەنووسرا، نزیکاتیی زۆری لەگەڵ ڕێنووسی ئاشووری و ئەرمەنیدا هەبووە، ئەم ڕێنووسە وازی لێ هێنراو بەڕێنووسی عەرەبی کۆتایی پێ هێنرا کە زمانی قورئانی پیرۆزە، زمانی ئێستای کوردی دەبێ بەچوار شێوە زمانی جیاجیاوە کە ئەمانەن: کرمانج، گۆران، لوڕ، کەلهوڕ. لەناو ئەمانەشدا شێوەزمانی لوڕی لە هەموویان زیاتر لە پەهلەوییەوە نزیکە، لەبەرئەوەی لوڕەکان لە مەڵبەندی پەهلەوییەوە نزیکن و کلدانی و ئاشوورییەکان زۆر کاریان تێ نەکردوون. دوای ئەم، کەلهوڕی لێی نزیکە و ئینجا گۆران و پاشان کرمانج، بەڵام ئەم دوانەی دواییان زمانەکانی کلدانی و ئاشووری کاریان تێ کردوون، چونکە دراوسێتیان نزیکە. کۆنترین زمانی ئارياييەکان زمانی زەند و پەهلەوییە و زمانی زەند کاتی خۆی زمانی کتێبی ئاینیی ئێرانی کۆن بووە کە پێیان وتووە زەند ئاڤێستا، چونکە ئەم زمانە لە

سەرتاپای ناوچەکانی باکووردا لە بانی ئێراندا هەر لە خۆرئاوای بوخاراوە تا ئەرزنجان باو بووە و ئەم زمانە تا ئەم دواییەش لەلایەن زەردەشتییەکان پیرۆز بووە.

سەرچاوەکان
١- ڕووپەلێن ئەلفابێ نووسین، جەلادەت عالی بەدرخان، شام ١٩٣٢.
٢- القضية الكردية. تاليف د. بلج شيركوه - قاهرة ١٩٤٥.
٣- مێژوو، نووسینی د. کەمال مەزهەر - بەغدا ١٩٨٣.

ڕەفیق حیلمی

١٣١٨ - ١٣٨٠

ڕەفیق حیلمی کوڕی ساڵح ئەفەندی لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی لە شاری کەرکووک پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا قوتابخانەی عەسکەریی لە سلێمانی تەواو کردووە و ئەوسا چووەتە ئەستەموول و لە کۆلیجی ئەندازیاریدا بڕوانامەی بەرزی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ئەوسا ماوەیەک خەریکی وانەوتنەوە بووە و پاشان کۆمەڵێکی بەناوی کوردستان پێک هێناوە و شێخ مەحموودی نەمریش ئەوی زۆر خۆش ویستووە و گەلێ کاری نهێنیی پێ سپاردووە و لە دەوری ئەوا گەلێ وتاری ڕامیاریی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسیون و لاوەکانی بۆ بووژاندنەوەی فەرهەنگ و هونەری کوردی هان داوە و لە پاشا کۆمەڵێکی تری بەناوی هیوا پێک هێناوە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٨٠ی کۆچیدا گیانی سپاردووەتە گیان ئافەرین.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەیەکێ لە زانایان و وێژەوانانی کورد دێتە ژمار و ئەو گەلێ پەڕاوی سەبارەت بەوێژە و مێژووی کورد نووسیون کە هەندێکیان بریتین لە: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، یادداشت، پاش تەمموز، خولاسەی مەسئەلەی کورد، نامیلکەی کۆمەلایەتی، سەرەتای عیلمی ژمارە.

ئەمەش پارچە پەخشانێک لە مامۆستا ڕەفیق حیلمی کە لە پەرتووکی بەنرخی یادداشت هەڵمان بژاردووە کە دەڵێ:

کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی گەورەی یەکەمی ١٩١٤دا لەگەڵ (ئەڵمان) یەکی گرتەوە و بەهۆی سەرکردەکانی کۆمەڵەی (یەکیەتی و سەرکەوتن)ەوە، بەرامبەر بەدەوڵەتە سوێندخۆرەکان واتە بەرامبەر بەئینگلیز و هاوپەیمانەکانی کەوتە شەڕەوە؛ گەورەکانی سیاسیی عەرەب بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆیان و سەربەخۆیی وڵاتەکانیان ویستیان لایەنی

دوژمنەکانی (تورک) بگرن و تێیان گەیاندن کە بەو مەرجە دوای بڕانەوەی شەڕ دەوڵەتێکی عەرەبییان بۆ دابمەزرێنن، ئامادەن بەیارمەتیدانی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی.

کوردەکانی تورکیاش هەرچەن لە ماوەی ئەم شەڕەدا لە (١٩١٤ تا ١٩١٨) لەگەڵ لەشکرەکانی تورکا پێکەوە و شان بەشان شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد و بەگژ سوێندخۆرەکاندا چوون، بەڵام "ژەنەراڵ شەریف پاشا"ی کورد لە (١٩١٤)دا لەگەڵ بەریتانیا کەوتە گفتوگۆ و بەو مەرجە سەربەخۆیی بدرێ بەکوردستان پەیمانی دا بەیارمەتیی لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان لەلایەن کوردەوە. جگە لەمە لە حوزەیرانی (١٩١٨) لەکاتی ڕابوردنی (سێر پەرسی کۆکس) بەفەرەنسەدا (شەریف پاشا) چووە مارسیلیا. لەوێ لەگەڵ کۆکس ئەم باسەی دووبارە کردەوە. بەڵام ئەم تەقەلایانەی عەرەبەکان و کوردەکان لەو ساڵەدا (١٩١٤) بێ سوود بوو و بێ وەڵام مایەوە. سوێندخۆرەکان لەو ڕۆژانەدا پێویستییان بەیارمەتیی کورد یا عەرەب نەبوو. لەبەرئەمە نەیان دەویست کە بەخۆڕایی بچنە ژێر باری (پەیمان)ەوە. کوردەکان کە دەسیان لە ئینگلیزەکان و هاوسوێندەکانیان شوشت ئینجا ڕوویان کردە (ڕووس)ەکان. (کۆمەڵەی نیشتمانیی کورد)ی ئەو ڕۆژە بەرامبەر بە(پەیمان)ێ کە لە بابەت سەربەخۆیی کوردستانەوە لێیان وەرگرتن یارمەتیی ئەو لەشکرانەیان دا کە لە (ئەرزنجان) و (بتلیس)ەوە هاتنە خوارەوە و بەم جۆرە بەشێکی زۆری کوردستانی تورکیا داگیر کرا. بەڵام بەئەنجام ئەم لەشکرانەی (ڕووس) گەڕانە دواوە و کوردەکانیان بۆ تورک بەجێ هێشت. لەبەرئەوە (ولایەت)ە کوردەکانی تورکیا تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی گەورە بوون و گەلێ سزا و دەربەدەری و پەت پەتییان بەسەرهات. لەگەڵ ئەمەشا لە (١٩١٨) و لە دوای بڕانەوەی شەڕ کۆمەڵەکانی نیشتمانیی کورد لە (ئەستەمووڵ) جارێکی تر لەگەڵ نمایندەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانا کەوتنەوە گفتوگۆ و بڕیار لەسەر ئەوە درا کە (شەریف پاشا) بەناوی نمایندەی کوردەوە لە (مەجلیسی ئاشتی)یا داوای حەقی کورد بکا. لە ولای تریشەوە ئەمیر جەلادەت و دکتۆر کامەرانی برای و (ئەکرەم بەگ)ی کوڕەزای (جەمیل پاشای دیاربەکر) لە (ئەستەمووڵ)ەوە هاتنە کوردستان و لەگەڵ (میجەر نوئێل) و (ئەحمەد فایەق) یەکیان گرتەوە.

ئەمانە لە خۆرهەڵاتی (ئەنادۆڵ) لە ولایەتەکانی کورددا گەشتێکیان کرد، چاویان بەکوردە ناودارەکان کەوت. باسی دواڕۆژی کوردیان کرد. بۆ ئەوە هەوڵ دەدرا کە پشتی (شەریف پاشا) بگیرێ. بەناوی کوردەوە تەلگرافی بۆ بنووسرێ. مەزبەتەی بۆ بنێرێ. لە (مەجلسی ئاشتی)یا داواکردنی حەقی میللەتی کورد و سەربەخۆیی کوردستان پێ بسپێرێ. ئەوەش

لەبیر نەچووەوە کە بێتو تەقەلای کۆمەڵەکانی سیاسیی کورد لەگەڵ حکوومەتی ئەستەموول و تێکۆشانەکەی (شەریف پاشا) لە مەجلسی ئاشتییا بەئەنجام نەگەیشت، کوردەکانی ئەم ولایەتانە (شەش ولایەتەکانی خۆرهەلاتی تورکیا) بەچەکەوە ڕاست بنەوە و لە ڕێی شۆڕشەوە بگەن بەئامانج. بەلام ئەمانە سەری نەگرت. وەکو لەمەوبەر (بەرگی یەکەم) وتبوومان هێزەکانی (مستەفا کەمال) شوێن ئەم (هەیئەتە) کەوت و لەو ناوەیان دەرپەڕان. ئەوەندە نەمابوو بیانگرن و لەناویان بدەن. بەیارمەتی هەندێ کوردی بەغیرەت و خاوەن دەسەلات رزگاریان بوو و خۆیان گەیاندەوە ئەستەموول. (شەریف پاشا) لەلایەن کوردەکانی تورکیاوە پشتیوانیی نەکرا. سەرەڕای ئەمە بەهاندان و چاوترساندن و بەفێڵ و دەم شیرین کردن، لەلایەن (مستەفا کەمال) و سەرکردەکانیەوە بەتەلگرافێکی زۆری راست و یا درۆ بەناوی ئەو کوردانەوە بەدرۆش خرایەوە. بەلام ئەمانە هیچی (شەریف پاشا)ی سارد نەکردەوە و لە تێکۆشان و تەقەلای نەخست. توانیی وەکو (سیاسی)ێکی زرنگ حەقی کورد بخاتە بەرچاوی مەجلیسی ئاشتی و ئەو سێ بەندە کە هەموو کوردێک بیستوویە و دەیزانێ بئاخنێتە (پەیمانی سیڤەر)ەوە. لەوەدا گومان نابرێ ئەگەر ئەو نیشتمانپەروەرانە (جەلادەت و کامەران و هاوڕێیەکانی) کە چوونە کوردستانی تورکیا مەبەسی خۆیان بەجێ بهێنایە واتە هێزەکانی (مستەفا کەمال) بەرەنگاریان نەبوونایە و کوردەکانیان بۆ یەک بخرایە لەکاتی پێویستا لەوانەبوو بەری ئەو (تۆ)وە بچنرێتەوە کە (شەریف پاشا) چاندبووی... بەلام (بەند)ەکانی دەربارەی سەربەخۆیی کورد و کوردستان کە خرابووە (پەیمانی سیڤەر)ەوە، بەهۆی سەرکەوتنی (مستەفا کەمال) -بەرامبەر بەلەشکرەکانی یۆنان - کە ئەویش بەیارمەتیی کوردەکان خۆیانەوە پێکهاتبوو لەبیر چووەوە و لە دوای ئەم سەرکەوتنە لە کاتێکدا نماینده‌کانی دەولەتە سوێندخۆرەکان لەگەڵ نمایندەی مستەفا کەمال (سەرکەوتوو) بۆ بەستنی گرێی پەیمانێکی تازە لە (لۆزان) کۆبوونەوە (پەیمانی سیڤەر) و سێ (بەند)ەکەی دەربارەی کورد خرایە ژێر دۆشەک و باسی نەکراوە...

سەرچاوەکان:

١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی نووسینی رەفیق حیلمی - بەغدا ١٩٤١.
٢- یادداشت نووسراوی رەفیق حیلمی - بەغدا ١٩٥٨.

شێخ محەمەدی خاڵ

١٣٢٢ - ١٤٠٩

محەمەد، کوڕی حاجی شێخ ئەمین کە بەخاڵ ناسراوە، لە ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی لە سلێمانیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێند بووە و پاشان لەلای زانایانی گەورەی ئەو سەردەمە رێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی و پیتۆڵیی خوێندووە و ئەوسا ماوەیەک خەریکی خوێندنی شەرعی ئیسلام و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بووە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەپاشا خەریکی وانەوتنەوە بووە و لە دواییدا لە کاری دەوڵەتی دامەزراوە و بووەتە قازی و گوێزراوەتە بەغدا و ئەوسا بووەتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد و گەلێ کاروباری تری پێ سپێراوە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤٠٩ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک سپێراوە.

مامۆستا خاڵ بەیەکێ لە زانایان و وێژەوانانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و ئەو لە فەرهەنگنووسیی کوردی و لێکدانەوەی قورئاندا بێ وێنە بووە و لەم بارەوە گەلێ تێ کۆشاوە و هەروەها سەبارەت بەزمان و وێژە و مێژووی کورد، چەندین بەرگ پەڕتووکی نووسیوە کە بریتین لە: تەفسیری خاڵ، ناڵەی دەروون، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ئاگاداریی ئەمانەت، مەولوودنامەی نەوئەسەر، فەرهەنگی خاڵ، مفتی زەهاوی، پەندی پێشینان، ئاین و ڕەوشت و جوان کردنی، رێزمانی کوردی، پەروەردەی ئاینی، هەروەها هەندێ پەڕاویشی بەزمانی عەرەبی لە بارەی شێخ مارفی نۆدێ و مەلا عەبدوڵلای بێتووشی نووسیون و گەلێ وتاریشی لە گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

ئەمەش پارچە پەخشانێکی ئەم زانا هەرە بەرزەمان کە لە پەڕاوی جزمی یەکەمی ناڵەی دەروون هەڵمان بژاردووە و کورتمان کردووەتەوە پێشکەشتانی دەکەین:

بەچاوە پووچە کوێرەکانیا بەمادەرزادی کوێر بووبوو، دەتوت هەرچی لە جیهانا نایزانێ و، هەر لە بڕ ناکاتەوە. بەخوێندەواری و بێ ئاگادارییەکەی لە هەموو ڕوویێکەوە دەتوت هەرچی بەهرەیە نییەتی.

کوێرێکی مادەرزادی، ڕەشتاڵەی، کونجی، بالابەرزی، ڕەقەڵە لە سلێمانی لە ماڵێکی هەژاری، بێ نەوا لەدایک بووبێ، هەموو خوێندن و خوێندەوارییەکەی، سی جزمەی قورئان بووبێ کە بەڕەش خوێنی لەبەری کردبێ و، دەستمایەی ژیانی بووبێ، دەنگی ئەوەندە خۆش نەبووبێ، کە مەردوم خەتمی قورئانی پێ بکەن، یا لە پرسەدا پێی بخوێنن. خۆیشی لەبەر هەژاری و هاتوچۆی ئێران و بەردەڵبەردی کوردستان و سوالکردن لە دێهاتانا، زۆر

دەرفەتی دەورکردنەوەی قورئانی نەبووبێ، کەچی لەگەڵ ئەمانەشا ئەمەندە زیرەک و بەزەین بووبێ، توانیبێتی بەپێچەوانە دەوری قورئان بکاتەوە تا سەر و، پاشەوپاش لە ژێڵدا ئایەت بەئایەت پیا بڕوا تا لەسەرەوە دەردەچێ کە ئەمە لەناو قورئانا بەچاوساغی قورئان ڕەوان ناکرێ چ جای کوێری مادەرزاد.

ئەم کوێرە بێ ناوونیشانە پیاوێکی بەهرەمەندی هەڵکەوتووی خوداداو بووە، دەروونی سیخناخ بووە لە زانین و زانیاری و، کاکڵباز بووە نەک توێکڵ پەرست، هەموو ساڵێک هاوینان لەگەڵ چەند کوێرێکی تردا چووە بۆ کوردستانی ئێران، لە ڕێی ژیان و نان پەیدا کردنا، پایزێکی درەنگ هاتۆتەوە، ئینجا بەبۆنەی ئەم هاتوچوونەوە، ناوبانگی زیرەکی و وریایی و بلیمەتیی وا بڵاو بووبۆوە، هەموو جارێ لە بانە و سەقز و سنە و سەردەشت و سابڵاخەوە مەتەڵ و هۆنراوی فارسیی زۆر قورس و گران و پێچراوەیان دەنارده لای بۆ لێکۆڵینەوە و مەبەس لێدانەوەی، ئەمیش بەڕاستی شەنوکەوی تیا دەکرد و، کاکڵ و توێکڵ و کاودانی بۆ جیا دەکردنەوە و، بەپوختەکراوی وەک هێلکەی پاککراو، بۆی دەناردنەوە.

ئەم کوێرە چاوپووچە ئەمەندە پڕ هۆش و گۆش بووە و، چاوی دڵ و دەروونی ڕوون و تیژ و بەهێز بووە، ئەوی ئەو کردوویەتی بەهەزار چاوساغ نەکراوە، جارێ پێشەکی هەرچەند سەعاتەکەی چلکن بووبێ خۆی لەسەر دەسەسڕەکەی ڕووتی کردووە و هەڵی وەشاندووە و پاکی کردووەتەوە و تێکی خستووەتەوە، تەنانەت جارێکیان دەقیقە ژمێرەکەی ون دەبێت، خۆی لە توێکڵی ڕەقی قامیش، بۆی دروست دەکاتەوە و، ماوەیێکی زۆر بەو ڕەنگە ئیشی پێ دەکات. بارەها بێچووی زیوی نیشانەکراویان بۆ تێکەڵی کیسەیەک بێچووی تر کردووە، دۆزیویەتەوە.

لەمانە سەیرتر ئەمەیە هەرچەند کتێبێکیان دابێتە دەست، ڕووەکەی دۆزیوەتەوە، واتە ڕووی کێتبەکەی کردووەتە خۆی وەک یەکێک کە بیەوێ بیخوێنێتەوە. زۆر جار ئەم کوێرە وشیارە، چووەتە کۆڕی زۆر گەورە و لەگەڵیان دانیشتووە و لێیان پرسیوە مامۆستا چەند کەسین؟ ئەمیش وتوویەتی وس بن، کەمێک گوێی گرتووە، لە پاشا وتوویەتی ئەوەندە کەسن، کە تەماشایان کردووە دەق دەرچووە. یا لێیان پرسیوە، ئەم ژوورە چەند داری دارەڕای تیایە، لە پاش چەند هەناسەیەک وتوویەتی ئەمەندە، کە تەماشایان کردووە تەواو دەرچووە!

سەیر لەمەدایە تا بڵێیت دەست ڕاست و نیشان شکێن بووە، تەنانەت دەگێڕنەوە، کە جارێک لەلادێی بزنێکی دەست دەکەوێت ئەو ماڵەی کە ئەم تیا دەبێت، حەوشی نابێ. شەوێ خۆی و خانەخوێکەی لەسەر کەپر دەنون، بزنەکە لە خوارەوە دەبەستێتەوە بەگوریسێکەوە، سەری گورێسەکەی لە سەربان دەبەستێ بەدەستی خۆیەوە، نیوەشەو گورگێک دێتە سەر

بزنەکە، کوێر خەبەری دەبێتەوە بەجووڵانەوەی گورێسەکەدا عاستی گورگەکە دەدۆزێتەوە تفەنگێکی تێ دەگرێ دەیکوژێ.

ئەم کوێرە خوادادە، گەلێ کردەوەی دەچێتەوە سەر زیرەکی و وریایی، بەڵام گەلێکیشی ژیری و بیر لێی کوڵە، وەک دەگێڕنەوە دەڵێن: لە ژووری خۆی دانیشتووە لەگەڵ خێزانیدا، چرکەی سەر بانەکە هاتووە، لەپاش نیو سەعات دووبارە چرکەی سەربانەکە هاتووەتەوە، ئەم کوێرە بە ژنەکەی خۆی وتووە: ئەم دوو چرکەیە یەک کچ بوو لەو سەرەوە کە هات کچ بوو، لەم سەرەوە کە گەڕایەوە بووە بەژن کە دەچنە بنج و بناوانی و باش پۆست کەندەی دەکەن، لە پاش ماوەیەک دەردەکەوێ، قسەکە ڕاست بووە. ئەم کوێرە کە باسمان لێوە کرد مەلا حەمدوونی کوێر بووە کە تا بڵێیت هۆنەر بووە.

سەرچاوەکان:

١- تەفسیری خاڵ، لێکدانەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، سلێمانی ١٩٣٤.

٢- ناڵەی دەروون، نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ، بەغدا ١٩٨٤.

٣- فەرهەنگی خاڵ، دانراوی شێخ محەمەدی خاڵ، سلێمانی ١٩٦٠.

٤- پەندی پێشینان، کۆکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، بەغدا ١٩٥٧.

گیوی موکریانی

١٣٢٣ - ١٣٩٩

عەبدوڕەحمان کە بەگیوی موکریانی ناسراوە لە ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە دە ساڵاندا لەگەڵ کاکی سەید حوسەین حوزنی موکریانی ڕۆیشتووەتە حەڵەب و لەوێدا ماوەیەک خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە بەیروت و لەوێدا فێری زمانی فەرەنسە بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە حەڵەب و لەپاش ماوەیەک بەرەو عێراق کەوتووەتە ڕێ و لە شاری ڕەواندزدا نیشتەجێ بووە و ئەوسا لەگەڵ براکەیا گۆڤارێکیان بەناوی (زاری کرمانجی) دامەزراندووە و دەستی کردووەتە نووسینی وتار و لە پاشا باری کردووەتە شاری هەولێر و لەوێدا گۆڤارێکی بەناوی (هەتاو) دەرکردووە و پاشان چاپخانەی (زاری کرمانجی) کە لە ڕەواندز دامەزرێنرابوو، هێناویەتە شاری هەولێر و خستوویەتە کار و ژمارەیەکی زۆر پەڕتووک و نامیلکە و گۆڤاری پێ چاپ کردووە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٩٩ی کۆچی لە حەفتا و چوار ساڵیدا لە هەولێر گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە و لەوێدا نێژراوە.

گیوی موکریانی یەکێ لە وێژەوانان و نووسەرانی هەرەبەرزی کوردە و لە ماوەی تەمەنیدا

گەلێ پەڕتووک و نامیلکەی نووسیوە و چەند فەرهەنگێکی کوردی بەعەرەبی لە چاپ داوە و لە راستەقینەدا ئەو دەورێکی گەورەی لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا بینیوە و دەیان ساڵ لە ژیانی جوانی و پیریی خۆی بۆ نووسینی فەرهەنگی کوردی تەرخان کردووە و لە ماوەی تەمەنیا زۆربەی شارەکان و شارۆڵکەکان و دێیەکانی کوردستان گەڕاوە بۆ ئەوەی وشەی کوردی لە زاری خەڵکەوە کۆ بکاتەوە و تەقەللا و کۆششی ئەو لە لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا لاپەڕەیەکی گرنگە لە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردیدا و کارەکانی هەموو نموونەن.

ئەو نووسراوانەی کە لەسەریان کۆڵیوەتەوە لە چاپیان داون، بریتین لە: دیوانی مەلای جزیری، دیوانی نالی، دیوانی سالم، دیوانی حاجی قادری کۆیی، دیوانی ئەدەب، دیوانی ئەدیب، دیوانی تایەر بەگی جاف. هەروەها چەندین فەرهەنگی بەعەرەبی و کوردی و فارسی و زمانەکانی تر نووسیوە و لە چاپی داوە کە بریتین لە: رابەر، فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردییە، کۆڵکەزێرینە، فەرهەنگێکی کوردی بەفارسی و عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزییە،، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگێکی کوردی و عەرەبییە، فەرهەنگی کوردستان فەرهەنگێکی کوردی بەکوردییە، گیونامە و هەندێ نامیلکە و وتاری تر.

مامۆستا گیو لە نووسینی پەخشانی کوردیدا شێوەیەکی سادەی بەکارهێناوە و زۆربەی نووسراوەکانی سادە و ڕەوانن و وتارەکانی بەوشەی جوانی کوردی نووسیون و ئەمەش پارچە پەخشانێکی ئەو کە لە نامیلکەی گیونامە هەڵمان بژاردووە کە دەڵێ:

ئەدەبیات و شوێنەواری وێژەیی بۆ هەموو گەلێک گەورەترین پشتیوانە و لە هەموو تەنگانە و لێقەومانێکیدا بەفریای دەکەوێ. گەلێکی خاوەندی زمان و وێژەبێ ئەگەر دەسەڵاتیشی لێ بڕووخێ کە تەکان بداتە خۆی سەرای سەردارێتیی خۆی لە جاران باشتر و خۆشتری بۆ دادەمەزرێنێتەوە.

یۆنانییەکان کە چەند سەدەیەک کەوتبوونە ژێر دەستی عوسمانییەکانەوە زمان و ئەدەبی یۆنان لە ئەوروپادا دەستە و لایەنگری بۆ پەیداکردن تا ئازادکران. ئێرانییەکانیش کە چەند سەدەیەکی کەوتبوونە ژێر دەستیانەوە وێژەی فارسی رزگاری کردن. عەرەبەکانیش کە چەندین سەدەبوو کەوتبوونە ژێر دەستی تورکەکانەوە، زیندوویێتی زمانی عەرەبی ئەوانی گەڕاندە ژێر سێبەری داری ئازادی و ئەوەیان بەسەر تورکان هێنا، هەروەکو بەچاوی خۆم دیتوومە با بەدەواری شڕی نەکردووە.

هەموو گەلێک بەهۆی زمان و هەستی نەتەوایەتی و چەشنەکانی ژیانیەوە لە هی تر جوێ دەکرێتەوە، کەواتە ژیان و ئابڕووی هەموو نەتەوەیەک بەندیواری بەزمانەکەیەوەیە، نەتەوەی

خـاوەند زمـان نامـرێ و مـەرگی راسـتـەقـینە ڕوو لە نەتەوەیەکی دەکـات کـە لە بەهرەی زمانەکەی خۆی بەشبڕاوبێ.

هەر هۆزێک بکەوێتـە ژێر دەسـتی بێگانانەوە سـەربەخـۆیەتی و ئازادیتـیی لەدەست دەردەچێ بـەڵان دەسـتی لە ژیان بەرنابێ و ژیانی ئابڕوومـەندانە بۆ نـەتەوەی دیل تـەنیـا پارێزگاری زمانەکەیەتی، چونکو زمانی نەتەوەی دیل کلیلی گرتووخانەیە و رزگاربوونی زۆر ئاسـانە، بەڵام کە هات و خوای نەخـواسـتە دەستی لە پارێزگاری زمانـەکەی خـۆی شل بێ، هـەروەکو ئازادێتی لە دەسـت چووە و پەردەی نامـووسی نەتەوایەتیشی پارچە پارچە دەبێ، هـەر نەتەوەیەکی زمـانەکەی ڕوو لە بووژاندنەوە بکات، ئەسـتێرەی بەخت و هیواشی سـەر لە ئاسـۆی دەردەهـێنێ و گـەلێکی بەزمـانەکـەی خـۆی رێگای زانست و هـونەر بگرێتـە پێش، بەهەموو ئاوات و ئامانجێکی بەرز و پیرۆزی خۆی دەگات، ئەو نەتەوەیە بەختیار و کامەرانە و ئەو وڵاتـە ڕوو لە هـات و شـارسـتـانێـتی و ئاوەدانیـیـە کـە شـارێگای بووژانەوە و پێـشکەوتنیـان بەچرای زانـست و هونەرێک ڕەوشـەن بـکرێتـەوە کـە بـەزمـانـەکـەی خـۆی هەڵسووڕێ و ئەو هۆزە بـەبەختـیـار دەژمـێردرێت کە ڕابەر و پێشـەوایەکانی خـوێندەوار و زانستپەروەر و هونەرپەرست بن، بەو مەرجە کە زمانی وێژەییان بەزمانەکەی خۆیان بێت.

تا ئێسـتـا لە کـوردسـتـاندا هەزاران پیـاوی ناودار و پسـپۆڕ و بوێژی پایەبەرز و زانا و وێژەوانمان لێ هەڵکەوتوون کە هاوتایان نەبووە و لە ڕووی ئەوەوە کە ڕەنج و ئەرکەکەیان بۆ نەتەوەکـەی خـۆیان و کـتـێـبەکـانیـشیـان بەزمـانی کـوردی نەبوون و ون بوون و یا کـڵاوی بێگانەیان لەسەر نراوە و نەناسرێنەوە.

نەتەوەی کـورد وەنەبێ هـەمـیـشـە هـەروا دواکـەوتوو و سـەرشـۆڕ ژیابێ، چونکو ئەگـەر هەروابایە نەک خۆی بەڵکو ناوی کورد و کوردستانیش لەسەر لاپەڕەی مێژوو نەدەمایەوە.

خـودای مێهرەبان لە قـورئانی پیرۆزدا بەو ئایـەتە: «ستـدعون الیٰ قـوم اولیٰ بأس شـدید» سـام و هەیبـەت و زەبروزەنگ و نەبەزێتیی کوردان بەگێتی نیشان دەدات و پێیان هەڵدەڵێ گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرترینی موفەسرەکانن کە لەسەر ئەوەن ئەو قەومە کوردە، سا نەتـەوەیەکی وا ئازا و نـەبەز و بەسـام و پڕ زەبروزەنگ، دیارە خـاوەندی مـاڵ و سـامـان و خوێندن و نووسین بووە.

کـوردسـتـان لەپێش مـیلاددا نەک تـەنها خـاوەندی دەسـەڵات و نووسین و خـوێندن بووە، بەزمـانی کوردی و بـەس بەڵکو لانکی شـارستـانیـەتی و سەرچاوەی زانیـاری و پێشکەوتن و هونـەر و کـانگای پۆشـاک و پیـشـەسـازی و بازرگـانی بووە و سـەرمـەشـقی ئازادێتی و پێشکەوتن و هونەری بۆ گشت نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی دا داوە.

سەرچاوەکان:

١- فەرهەنگی مەهاباد، دانراوی: گیوی موکریانی، هەولێر، ٢٥٧٣ی کوردی.

٢- گیونامە، نووسینی: گیوی موکریانی، هەولێر ١٩٦٠.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

١٣٢٣ - ١٤٢٥

عەبدولکەریم، کوڕی فەتاح کە نازناوی نامییە، لە ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی لە دێی تەکیەی سەر بەشارۆلکەی خورماڵ لەدایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و سەرەتا قورئانی پیرۆز و پەڕتووکە وردەڵەکانی تەواو کردووە و پاشان چووەتە سلێمانی و لە مزگەوتی مەڵکەندی لەلای مەلا حەمەومینی بالیکەدەری خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی بووە و لەوێوە چووەتە هەورامان و لە دووڕوودا خوێندنەکەی پەرەپێ داوە و ماوەیەک لەلای شێخ عەلائەدین ماوەتەوە و کە شێخ ڕۆیشتووەتە بیارە، ئەویش لەگەڵیدا ڕۆییوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە سلێمانی و لەلای شێخ عومەری قەرەداغی لە خانەقای مەولانا خالید، خەریکی خوێندنی ڕێبازی شافعی و لێکدانەوەی قورئان بووە تا ودمی مەلایەتیی لێ وەرگرتووە و لە ساڵی ١٣٤٧ی کۆچی لەسەر داخوازی شێخ عەلائەدین چووەتە بیارە و بووەتە مامۆستای قوتابخانەی بیارە و لە پاش چەندین ساڵ وانەوتنەوە، کۆچی کردووەتە سلێمانی و لەوێشدا لە مزگەوتی حاجی خان خەریکی دەرزوتنەوە بووە و پاشان چووەتە کەرکووک و لەوێوە بەماڵەوە ڕۆیشتووەتە بەغدا و لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دامەزراوە و خەریکی وانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بووە.

مامۆستا مەلا کەریم بەیەکێ لە زانا هەرەبەرزەکانی کورد دێتە ژمار، ئەو لە ماوەی تەمەنیدا گەلێ خزمەتی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام و کولتووری کوردی کردووە و نزیکەی پەنجا مامۆستای ئاینی لە ژێردەستی ئەو ودمی مەلایەتییان وەرگرتووە و گەلێ پەڕاو و نامیلکەشی سەبارەت بەئاینی ئیسلام و کولتووری کوردی بەزمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی نووسیون کە لەناو ئەوانەدا دەتوانین ناوی ئەم پەڕتووکانە بەرین کە هەرکامیان گەوهەرێکی تاقانەن لە زانست و وێژەدا:

شەریعەتی ئیسلام، بارانی ڕەحمەت، ئاوی حەیات، تەفسیری نامی، دیوانی مەولەوی، دیوانی مەحوی، دیوانی نالی، دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند، دیوانی بێسارانی، وتاری ئاینی، دوو ڕشتە، بەهار و گوڵزار، شەمامەی بێندار، بنەماڵەی کوردستان، جواهر الفتاوێ، المفتاح، الورقات، العزیزە، الوجیهە، علماؤنا فی خدمە العلم والدین،

شمشێرکاری.

مامۆستا مەلا کەریم لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەیە و هۆنراوەکانی زۆربەیان ئاینی و کۆمەڵایەتین و گەلێ شیرین و دڵنشین و پاراون و پتر لەسەر شێوەی هیجای هۆنیونەیتیەوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم زانا هەرە بەرزەمان کە دەڵێ:

بەجۆشی سینەی دایە و بابە لاو
بۆ کوڕی لاوی لە گەل بەجێماو
بەتاوی جگەر بۆ رۆڵەی منداڵ
کە دێت و دەڕوا کاتی گڕ و گاڵ
بەکزەی سینەی کچ و خوشکی چاک
بۆ مەرگی باوک و برای دڵ ڕووناک
بەپۆلی یاران لە مەدرەسەی دین
کە لەیەک ئەبڕێن لە ڕووی سەرزەمین
بەدووریی ئوستاد بەمەرگی ناکام
بەچۆڵیی حوجرە و مەدرەسە و مەقام
بەقبووڵیی تۆ بۆ دوعای داماو
بەدوعای مەزلووم بەحەق لێ قەوماو
بەنەشەی شیفا لە بۆ نەخۆشان
بە یومنی وەفای بۆ حەق تێکۆشان
بەسرووەی ڕەحمەت کاتی بەربەیان
بەئەهلی ئەوراد لە زومرەی ئەعیان
بەسۆزی غەریب مەهجووری وەتەن
دوور لە سەیرانگا و سەراوی دڵبەن
نە یار، نە دڵدار، نە ئاشنای نەو
نە چرای ڕووناک بۆ تاریکەشەو
نە مەحرەمی راز، نە حاڵزانی حاڵ
نە ناز و نیاز ئەربابی کەماڵ
بەکزەی دەروون، بەئیخلاسی تام
لە دەرگای خودای حەیی لایەنام

بڕوانە بۆمـــان بەنیگای ئیـحـســـان
ببـووره لێـمـان لە عـەیب و نوقـسـان
دەرگـــای ڕەحـــمـــەتت بکەوە لێـمـــان
خـەڵاتی نـەسـرەت ببـەخـشـە پێـمـان
تـا بـژی (نـامـی) بـەڕووی دنـیــــــاوە
ئەنجـــامـی خـــێـــربێ دەم بەدوعـــاوە

سەرچاوەکان:

١- تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، ١٩٨٤.
٢- نووری قورئان، نووسینی: مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، بەغدا، ١٩٨٥.
٣- ئاوی حەیات، نووسینی: مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، بەغدا ١٩٤٩.
٤- بنەماڵەی زانیاران - نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، ١٩٨٤.

مستەفا سەفوەت

١٣٨٣ - ١٣٢٤

مـسـتـەفـا کـوڕی حـاجـی مـەلا ڕەسـووڵ کـە نازناوی سـەفـوەتە لە سـاڵی ١٣٢٤ی کۆچی لە سلێمـانیدا پێی ناوەتە مـەیدانی ژیانەوە و هـەر لە منداڵـیـیەوە خـەریکی خـوێندن بووە و بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوە و ماوەیەک لە لای شـێخ عومـەری قەرەداغی خەریکی خـوێندنی ڕەوانبـێـژی و ڕێزمـانی عـەرەبیی بووە و ئەوســا چووەتە لای شـێـخ بابا عـەلی و شـەرعی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئانی لە لای خوێندووە و لە پاشا ماوەیەک لە لای شـێـخ حەمەومین ماوتـەوە و پیـتـۆڵی و شەرعی ئیـسـلامی لە لای خـوێندووە و ودمی مەلایەتیی لێی وەرگـرتووە و ئەوسـا خـەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خـەڵک بووە تا سـەرئەنجـام لە سـاڵی ١٣٨٣ی کۆچی لە تەمەنی پەنجا و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیواندا نێژراوە.

سـەفـوەت یـەکێ لە هـۆنـەران و وێژەوانانی هـەرەبەرزی کـوردە و هـۆنراوەکـانـی گـەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و هەندێ پەڕاویشی نووسیون کە گەلێ بابیدارن. یەکێ لە کارە گرنگەکانی ئەو وەرگێڕانی گـوڵسـتـانی سـەعدییـە بۆ سـەر زمـانی کوردی کەَ بەڕاسـتی گەلێ باییدارە و هـونەری تێدا نواندووە و گرنگیی کارەکەی ئەوەیە کە هـۆنراوەکانی هـەر بەهـۆنراو وەرگێڕاوە و دەقی وتەکانی سـەعدیـی کردوونەتە کوردی کە کەمتر کـەسێک دەتوانێ ئەو کارە بکا، جگە لە دیوانەکەی چەند پەڕتووکی تری بەناوانی: ڕابەری حـەج، ڕابەری نوێژ، هـۆنراوەی کوردی

لە دوڕی بوردی، شانۆی ناومال لە چاپ داوە کە هەر کامێکی گەوهەرێکی بەنرخن لە وێژەی کوردیدا.

مامۆستا سەفوەت لە سەرەتای گولستانەکەی سەعدیدا سەبارەت بەخۆی دەلێ: زۆرم هەول دا هەتا دوو بەرگ فوتووحاتی یارانی پێغەمبەر «سەلامی خوای لێ بێ»م هۆنییەوە لە نزیکەی چل و پێنج هەزار شیعردا، وە قەسیدەی بوردییەم شیعر بەشیعر وەرگێڕایە سەر شیعری کوردی و، چیرۆکی میعراجم هۆنییەوە و نامەیەکم هۆنییەوە لە ڕەوشت و ژیانی پێغەمبەر و جێ نشینانیا، وە نامەیەک لە ئەدەب و ئامۆژگارییدا بەناوی هەشت بەهەشت کە شتێکی زۆر جوان و بەکەلکە. هەندێ شتی تریشم پێکەوە نا هەر بەو هیوایە بۆم نەچووە سەر، نەشمئەتوانی بەجارێ وازیان لێ بێنم، ناچار دەستم ئالاندە داوێنی دوو پیاوی گەورە: یەکەم عەبدولقادری گەیلانی خوا لە پیرۆزی ئەو بوزورگەوارە بێ بەشمان نەفەرمووێت دیوانە فارسییەکەی لە زووەوە لە ناو پیاوە گەورەکانی ئاینا پایەیەکی بەرز و پیرۆزی هەیە و هەر غەزەلێکی بۆ گەیشتن بەئامانجی دەخوێنرێتەوە، هاتم کردم بەکوردی، شیعر بەشیعر وەرم گێڕا. دوای ئەوە ویستم بەهۆی گولستانی سەعدییەوە لە باغی ئەنجومەنی ئەدیبان چەپکە گولێ بچنم، یا هیچ نەبێ بۆنی ئەو گولستانە بچێ بەلووتما، گیانی پێ تازە ببێتەوە، ئەو گولستانەی کە هەر خۆی توانیویە ستایشی بکا کە گوتوویەتی:

ڕۆژی گول چەندە، پێنجە یاخۆ شەش
ئەم گولستانە هەر ئەمێنێ گەش

ئەمەش یەکێ لە چیرۆکەکانی گولستان کە وەری گێڕاوەتە سەر کوردی و دەلێ: مێوانی پیرێ بووم لە دیاربەکر کە مالێکی فراوانی هەبوو لەگەل کوڕێکی ڕەنگ و ڕوو جوان. شەوێک باسی بۆ کردم کە لە ژیانمدا هەر ئەم کوڕەم هەیە، درەختێ وا لەم دۆلە دایە زیارەتگایە، خەلکی دەچن بۆ زیارەتی، شەوانی درێژ لە بنی ئەو درەختەدا نالاندوومە تا خوا ئەم کوڕەی پێ بەخشیم. گوێم لێ بوو ئەم کوڕە بەئەسپایی بەهاوڕێیەکانی وت ئەگەر ئەو درەختەم بزانیایە کامەیە دەچووم لە بنیدا دەپاڕامەوە، خوا باوکم بکوژێ!. مامۆستا شادمانە کە کوڕی عاقلە، کوڕیش تانووت لێ دەدا کەوا باوکی پەرپووتە.

سالەها ئەڕوات بۆت ڕێ ناکەوێ
گۆڕی باوکی خۆت بکەی زیارەت
تۆ بۆ باوکی خۆت چیت کردووە بەخێر
تا چاو ببڕیتە خێری کوڕەکەت

سەرچاوەکان
١- گوڵستانی سەعدی - وەرگێڕاوی مستەفا سەفوەت - بەغدا، ١٩٦٩.
٢- رابەری حەج - نووسینی مستەفا سەفوەت - بەغدا، ١٩٧٣.
٣- رابەری نوێژ - نووسراوی مستەفا سەفوەت - بەغدا، ١٩٦١.

عەلی سەیدۆ گۆرانی

١٣٩٢ - ١٣٢٧

عەلی سیدۆ گۆرانی کە باپیری لە گۆرانەکانی دیاربەکرە و باوکی لە ساڵی ١٣٩٨ی کۆچی لەگەڵ سەربازەکانی عوسمانیدا چووە عەممان، لە ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی لە شاری عەمانی پێتەختی ئوردەندا لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان چووتە زانکۆی ئەمریکاییی بەیرووت و بڕوانامەی زانستی لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگرتووە و، ئەوسا بووە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی ناوەندی و پاشان بووە کارگێڕی قوتابخانەیی ناوەندیی شارانی کەرەک و عەممان و سەلت و ئەربد و ئینجا کرایە سکرتێری کاروباری ناوخۆ و ئەوسا بووە کاربەدەستی شالیاری هەندەران و چەندین ساڵ لە باڵیۆزخانەکانی عەرەبستان و یەمەن و سووریە و تورکیەدا بووە باڵیۆز و لە پاشا بووە وەزیری موختار و لە دواییدا خانەنشین کرا و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٩٢ی کۆچیدا لە عەممان کۆچی دوایی کرد.

عەلی سەیدۆ یەکێ لە مێژوونووسان و نووسەرانی هەرەبەرزی کوردە و لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا دەستی کردووەتە فێربوونی زمانی کوردی و بۆ ئەوەش پەنای بردووەتە بەر داپیری و لەوەوە فێری کوردی بووە و پاشان دەستی کردووەتە خوێندنەوەی گۆڤاری هاوار و ڕووناهی و ئەوسا گەلێ پەڕاوی سەبارەت بەمێژوو و، وێژەی کوردی نووسیون کە بریتین لە: لوڕ و لوڕستان، زەردەشت و زەردەشتایەتی، فەرهەنگی عەرەبی بەکوردی، زمان و ئەدەبی کوردی، لە خەلیجەوە بۆ ئارارات، لە عەممانەوە تا عەممادییە کە زۆربەیان لە چاپ دراون. ئەمەش پارچە پەخشانێکی ئەم نووسەرە بەناوی زەردەشت و زەردەشتایەتی کە لە عەرەبییەوە وەرمانگێڕایە سەر زمانی کوردی، وەکو دەڵێ:

«زەردەشت پێغەمبەرێکی کوردە و ئاینەکەی لە وڵاتی ماد و پارسدا پەرەی سەندووە و پێڕەوانی ئەو لە قورئاندا بەناوی مەجووس ناسراون. وشەی مەجووس لە مەگووسیان پەهلەوی و مگافی ئاڤێستاییەوەیە کە بەر لە زەردەشت بەپیاوە ئاینییەکانیان دەوت. گەلێ لە بیروبڕوای مەجووسەکان وەکو پیرۆزیی ئاور و ئاو و با و خاک کەوتە ناو ئاینی

زەردەشتەوە و مەجووسەکان خەریکی جادووگەری بوون و ئەم وشە کەوتە ناو زمانی وێنانەوە و پاشان لە زمانە ئەوروپاییەکاندا باو بوو. زەردەشت لە شاری شیز کە کەوتووەتە ئاوربایگانەوە لە دایک بووە و مێژووی لەدایکبوونی ئەو ڕوون نییە و وەکو دەڵێن لە ساڵی ٥٨٩ی بەر لە زایندا سەری هەڵداوە و لە سی ساڵیدا چووە سەر کێوێک لە خوا پاڕایەوە و پاشان کە بووە پێغەمبەر گەلێ کەس بڕوایان پێ هێنا و ئەوسا ئاینەکەی لە سەرتاسەری ئێران پەرەی سەند و ناوی کتێبەکەی ئاڤێستایە و کۆنترین بەشی ئاڤێستا، گاتاکانە کە بەهۆنراو هۆنراوەتەوە و دەڵێن هی زەردەشتە».

عەلی سەیدۆ لە ئاخروئۆخری تەمەنیدا بەکوردستاندا گەڕاوە، بۆ ئەوەی کوردستان لە نزیکەوە ببینێ و لە بارەیەوە بکۆڵێتەوە، وە خۆی باسی مەبەستی گەشتەکەی دەکات و دەڵێ: گەلێک هۆ پاڵیان پێوە نام ئەم گەشتە بکەم و بینووسمەوە: دڵنیا بوو لەو ڕاستییانەی لە ناو نووسراوەکانی ئینگلیز و ئەمەریکاییە خۆرئاواییەکاندا دەربارەی کورد و وڵاتیان خوێندبوومنەوە و پڕکردنەوەی کەلێنێک لە مێژووی ئیسلام و جوغرافیای خۆرهەڵاتی نزیک و کێشانی وێنەیەکی دروستی کوردان بۆ ئەو هاوسێیانەیان کە تا وەکو ئێستەش بێ ئاگان لە زۆر شتیان.

سەرچاوەکان
١- مێژوو، نووسینی - د. کەمال مەزهەر - بەغدا، ١٩٨٣.
٢- من عمان الي العمادية - تاليف علي سيدو كوراني - قاهرة، ١٩٣٥.
٣- اللر ولرستان - بقلم علي سيدو كوراني - مجلة مجمع العلمي الكردي المجلد الثالث، ١٩٧٤.
٤- زرادشت والزرادشتية - تاليف علي سيدو كوراني - مجلة مجمع العلمي الكردي المجلد الثالث، ١٩٧٥.

دوکتۆر قەناتی کوردۆ

١٣٢٩ - ١٤٠٦

قەناتی کوردۆ لە ساڵی ١٣٢٩ی کۆچیدا لە تفلیس لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەوێدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە زانکۆی لینگراد و لە ڕشتەی وێژە و زمانی کوردیدا دوکتۆرای وەرگرتووە و ئەوسا هەر لەوێدا خەریکی وانە وتنەوە بووە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤٠٦ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

پرۆفیسۆر کوردۆ یەکێ لە وێژەوانان و نووسەرانی هەرە بەرزی کوردە و لە ماوەی

تەمەنیدا گەلێ نووسراو و پەرتووکی نووسیون کە هەندێکیان بریتین لە: نێر و مێ لە زمانی کوردیدا، یاسای نووسین لە زمانی کوردیدا، رەخنە لە رێزمانی زمانی کوردی، لە بارەی پێشکەوتنی زمانی کوردییەوە، چەند بەرهەمێکی فۆلکلۆری کوردی، رەخنە لە بیروباوەڕی هەڵە بەرامبەر زمانی کوردی، رێنووسی زمانی کوردی، وشە ژمارەییەکان لە زمانی کوردیدا، رێزمانی کوردی، زمانی کورد، دروستبوونی وشە لە زمانی کوردیدا، مانا و فەرمانی پاشگر، فەرهەنگی کوردی بەڕووسی، ئەحمەدی خانی و بەرهەمی وێژەیی، مێژووی نووسین و لە چاپدانی فەرهەنگە کوردییەکان، پەندی پێشینانی کوردی، قەڵای دمدم، مەمی ئایشی، پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا، کوردناسی، شوێنی وشەی پێوەندی لە زمانی کوردیدا، نووسراوە ئاینییەکانی کوردە ئێزیدییەکان، دەربارەی مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی، گۆڤار و رۆژنامەی کوردی، مێژووی زازا.

کوردۆ لە مەیدانی مێژوونووسیی کوردیشدا هەنگاوی بەرزی هەڵگرتووە و ئەو کەسانەی کە لە بارەی کوردەوە بەهەڵەدا چوون وتارەکانیانی بەرپەرچ داوەتەوە، بەتایبەت لە وتاری شێواندنی مێژووی کورد لە مێژوونووسیدا زۆر بەتوندی وەڵامی رەشید یاسەمیی داوەتەوە کە ویستوویەتی کورد بکاتە فارس، هەروەها کوردۆ بەرپەرچی رای ژمارەیەک لە کوردناسانی سۆڤیەتی سەبارەت نەژادی کورد داوەتەوە. ئەمەش پارچە پەخشانێکی کوردۆ کە دەربارەی کاردۆخەکانەوە نووسیویە، وەکو دەڵێ:

لە نووسراوەکەی ئەنابازیسی گەزنەفۆندا دەربارەی کاردۆخەکان کە وڵاتەکەیان لە باشوورەوە هەر لە دەریاچەی وان و ناوچە شاخاوییەکانی هەکارییەوە تا باکووری رووباری دیجلە لە خۆرئاوادا کشا بوو گەلێک بەڵگەی بەکەڵک هەیە.

لەسەر ئەو باوەڕەی کە خاکی کوردستانی ئێستا هەر ئەو خاکەیە کە لە کاتی خۆیدا کاردۆخەکانی تێدا ژیاون، لە رێگای لێکچوونی خوو و رەوشت و شێوەی ژیانی کورد و کاردۆخ، بەهۆی یەک مانایی وشەی (کاردۆخ، کوردیک، کۆرد، کورد) و پەیوەندیی ئەتنۆگرافی لە نێوانیاندا، زۆر لە زانایان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی، کەوا کاردۆخەکان یەکێک بوون لە نەتەوەکانی خێزانی زمانە ئێرانییەکان و هەروەها ئەم نەتەوەی کوردەی کە ئێستا بەیەکێک لە پەلی خۆرئاوای زمانە ئێرانییەکان دەدوێ، نەوەی راستەوخۆی کاردۆخەکانن، ئەم راستییەش بەئاشکرا روون کراوەتەوە و لە لایەن زانا کوردەکان و فارس و ئەوروپاییەکانەوە چەسپێنراوە، هەندێک لە زانایان لەو بروایەدان کە گوایە کاردۆخەکان لە رووی زمانەوە نەتەوەیەکی ئێرانی نەبوون، بەڵکو زمانیان زمانێکی ناوچەییە و پەیوەندیی بەزمانە ئێرانییەکانەوە نییە. ئەم باوەڕە بۆ یەکەم جار ن، ی، مار

بڵاوی کردەوە. ن. ی، مار لە نووسراوەکەی دیسان دەربارەی وشەی چەلەبیدا هەوڵی داوە، بیچەسپێنێ کە نەژادی کورد یافیتییە و بەو بۆنەیەوە باسی دەورەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردیی کردووە.

بەم جۆرە لە ڕێگای بەڵگەکانی گەزنەفۆنەوە دەربارەی گفتوگۆی یۆنانەکان لەگەڵ کاردۆخەکاندا، هەروەها لە ڕێگای لێکدانەوەی مانا و دروستبوونی وشەی کاردۆک و کاردۆخدا، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە بڵێین کاردۆخەکان لە خێزانی زمانە ئێرانییەکانن.

بەڵگەی گرنگی باوەڕپێکراو و چەسپێنەری مێژوویی و زمانی دەربارەی پەیوەندیی کاردۆخەکانی کۆن و کوردەکانی ئێستا، ئەو پێشکەوتن و ئەنجامەیە کە کوردناسەکانمان و زمانناسەکانمان گەیشتووینەتێ، لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا، گەلێک بەڵگەی ڕێزمانی «گراماتیکی»ی وشەکانی زمانیان دۆزیوەتەوە، کە لەو ڕێگایەوە توانیویانە ئەو ڕاستییە بچەسپێنن و بەتەواوی نیشانی بدەن، ئەو بەڵگانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی زمانی کوردیی ئێستا لەگەڵ زمانی ئێرانییەکانی کۆن نیشان دەدەن.

سەرچاوەکان

١- هەندێک بیر و هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە – نووسینی قەناتی کوردۆ - بەغدا، ١٩٧٣.

٢- فەرهەنگی کوردی- ڕووسی – نووسراوی د. قەناتی کوردۆ – لینینگراد، ١٩٧٠.

مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی

١٣٣١ - ١٤٢٢ی کۆچی

مەلا جەمیل کوڕی مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی لە ساڵی ١٣٣١ی کۆچی لە دێی فورقانی سەر بەکەرکووکدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا لە لای مەلا سەی عەبدولوەهابدا ڕێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسیی خوێندووە و پاشان لە لای باوکی شەرعی ئیسلام و ڕەوانبێژیی خوێندووە و لە پاشا چووەتە هەولێر و لە لای مەلا عەبدوڵلا پیتۆڵی خوێندووە و لەوێوە گەڕاوەتەوە کەرکووک و ماوەیەک لە لای مەلا ڕەزای واعیز، فیقهی خوێندووە و هەر لە ئەو وەدمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەوێدا ماوەتەوە و خەریکی وانە وتنەوە بووە و پاشان لەسەر کوردایەتی گیراوە و چەند ساڵێک لە بەندا بووە و لە پاش بەربوونی چووەتە گوندی قەتارە و لەوێدا خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و ئەوسا چەند وتارێکی دژی دەوڵەتی پاشایی لە گۆڤارەکان بەچاپ گەیاندووە و

لەبەرئەوە گیراوە و لە پاش ئازادبوونی ڕای کردووەتە ئێران و چووەتە تاران و لە ئێزگەی کوردیدا دەستبەکار بووە و لە پاش چەند ساڵێک گەڕاوەتەوە بەغدا و لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و لە پاش چەند ساڵێک خانەنشین کراوە و لە پاشان لە ساڵی ١٤٢٢ی کۆچی لە لایەن دەزگای هەواڵگری حکوومەتی بەعس لە ناو ماڵەکەی خۆی لە بەغدا شەهید کرا.

مەلا جەمیل بەیەکێ لە مێژووزانان و زانایانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و لە ماوەی تەمەنیدا گەلێ پەڕاو و نامیلکەی نووسیون و گەلێ وتاری لە ڕادیۆدا بەناوی کورد و وڵاتەکەت بناسە بڵاو کردوونەوە و شەرەفنامەی میر شەرەفخانی بتلیسی و مێژووی سلێمانیی ئەمین زەکی بەگ و یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمیی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و هەندێ پەڕاویشی بەکوردی و عەرەبی و فارسی نووسیون کە لە ناو ئەوانەدا دەتوانین لە: مێژووی فەرمانڕەوایانی موکریان و مەلای مەزبووره و مەندەلی و شوانکارە و حەلوان دونبولی ناو ببەین و گەلێ نووسراوی تریشی هەن کە هێشتا چاپ نەکراون.

مەلا جەمیل لە نووسینی پەخشان و وشە دارشتندا بێ هاوتابوو و ئەو شارەزایی لە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی هەبوو و مێژووزانێک و نووسەرێکی خاوەن بەهرەبوو بەتایبەت لە مێژووی کورد و کوردستاندا زۆر شارەزابوو. ئەمەش پارچە پەخشانێک لەم زانا هەرە بەرزە کە لە پەڕاوی فەرمانڕەوایانی موکریان هەڵمان بژارد وەکو دەڵێ:

«ئەو هەرێمەی کە ئەمڕۆ گەلی کورد پێی دەڵێن: موکریان لە هەزاران ساڵ بەر لە هاتنە دنیای عیساوە تا ئەمڕۆ هەر ئاوەدان بووە لەم ساڵانەی دواییەدا دێرینە و شوێنەوارناسان کە بەدوای دێرینە و شوێنەواری کۆندا وێڵن: لە هەرێمی سەڵماسدا کۆنە شارێکی چەند نهۆم و چین لەسەر چینان لە ژێر خاکا دەرهێناوە، ئەم شارە بەهۆی بوومەلەرزە و کارەساتی ترەوە چەند جارێ ڕووخاوە و دووبارە دامەزرێنراوەتەوە و چینی تازە لەسەر شوێنەواری کۆن دروست کراوەتەوە، بەم جۆرە بووەتە چەند نهۆم. هەندێ لەو چین و نهۆمانە بەهی دەورانی ئاسن و مس دراونەتە قەڵەم، جگە لەوانەش، شوێنەواری شاری زێویەی لای سەقزیش بەڵگە و گەواهە لەسەر ئەوەی کە لە موکریاندا هەزاران ساڵ بەر لە هاتنە دنیای عیسا فەرهەنگ و شارستانیەتی هەبووە و بەڵگەیێ کە لەم بارەوە بەدەست مێژوونووسانەوە هەبێ کە بیکەن بەپاڵپشت بۆ باوەڕی خۆیان، ساڵنامەکانی ئاشوورییە و کتێبی تەوراتی پیرۆزیش زۆر شتی تیایە.

نووسەری سۆڤێتی دیاکۆنۆف لە مێژووی مادا نووسیویە: ئەوەی ڕاست بێ، تا ئێستە بەتەواوی نەزانراوە کەی مرۆڤ پێی خستووەتە سەر خاکی ماد؟ کە موکریان پارچەیەکە لەو خاکە و لە کەیەوە تیا نیشتەجێ بوون؟ بەڵام زانستی مرۆڤ تا ئەو جێیە بڕی کردووە

که بزانێ ئادەمیزاد لە دەورانی کۆنی بەردەوە کە پێی دەوترێ پالیئولیت لەم هەرێمەدا هەن و ژیاون و لە سەردەمی ئێمەشدا، دێرینەناسەکان لە سایەی هەڵکۆڵین و هەڵدرینی شوێنەوارەکانەوە زۆر دێرینەیان بەدەست هێناوە کە بەهی سەردەمەکانی ئاشیل و مۆستی و ئورینیاک ناسراون. بەڵام ئەو زانستانەی کە دەربارەی دانیشتووانی خاکی مادی سەردەمی کۆنی بەرد، بەدەس هێنراون تا ئێستە زۆر کەمن، مێژوونووس ناتوانێ سوودی تەواویان لێ وەرگرێ».

سەرچاوەکان
١- فەرمانڕەوایانی موکریان - نووسینی جەمیل ڕۆژبەیانی - بەغدا، ١٩٩٢.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی.

ئەنوەر مایی

١٣٣٣ - ١٣٨٢

ئەنوەر، کوڕی شێخ محەمەدی ئاڵەکی لە ساڵی ١٣٣٣ی کۆچی لە دێی مایی سەر بەئامێدیدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە بامەڕنی و دهۆک و زاخۆ و ئامێدی و هەولێر و لەو مەڵبەندانەدا لە لای زانایان خەریکی خوێندنی شەرعی ئیسلام و وێژە و ڕەوانبێژی بووە و ئەوسا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و پاشان بووەتە مامۆستا و نزیکەی سێ ساڵ وانەی وتووە و ئەوسا دەستی لێ هەڵگرتووە و لە پاشا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٨٢ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپاردووە.

ئەنوەر مایی یەکێ لە وێژەوانان و نووسەرانی هەرە بەرزی کوردە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و نازناوی لاوی چیای بۆ خۆی هەڵبژاردووە و گەلێ لە هۆنراوەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ و هاوار و ڕووناهی و (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاو بوونەتەوە، وە گەلێ پەڕاویشی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی وەکو: مەسحەفاڕەش و جلوە کە هێشتا چاپ نەکراون. گرنگترین نووسراوی ئەو لە مێژوودا کوردی بادینانە کە بەزمانی عەرەبی نووسیویەتی و هەندێ نووسراویشی بەکوردی نووسیوە کە هێشتا چاپ نەکراون و ئەوەش ئەمانەن: لەیلا کاسپی، گەرامێرا کوردی، جوگرافی و دیرۆکا برواری، دیاریدا لاوا، ئێزدی و ئەولی وان، مەتەلۆکێت کوردی.

ئەنوەر مایی گەلێ بایەخی داوەتە مێژووی کورد و کوردستان و گەورەترین بەرهەمی مێژوویی ئەو پەڕاوی کوردی بادینانە، هەروەها نووسراوێ تریشی هەیە بەناوی کوردەکانی

چین کە لە گەشتەکەیدا بۆ چین ئەو نووسراوەی نووسی بوو، وە لەو نووسراوانەیدا بەکورتی باسی مێژووی کۆن و نوێی کوردی کردووە و کەڵکێکی زۆری لە نووسراوەکانی بتلیسی و ئەمین زەکی و حوسێن حوزنی وەرگرتووە و هەروەها لەو نووسراوەی باسی هۆنەرێکی کورد دەکا بەناوی بۆرابۆز کە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاوە و بەزاراوەی کرمانجی هۆنراوی هۆنیوەتەوە و گوایە ئەو باسەی لە یادداشتەکانی دوکتۆر بلەچ شێرکۆ وەرگرتووە کەچی دوکتۆر بلەچ جگە لە پەڕاوی کێشەی کورد، یادداشتێکی نییە و ئەگەریش یادداشتێکی بووبێ تا ئێستا لە چاپ نەدراوە تا ئەوەمان بۆ ڕوون بێتەوە.

سەرچاوەکان

١- مێژوو - نووسینی دوکتۆر کەمال مەزهەر - بەغدا، ١٩٨٣.
٢- الاکراد فی بهدینان - تالیف انور المائی - بغداد، ١٩٦٩.

حەسەنی قزڵجی

١٣٣٣ - ١٤٠٤

حەسەنی قزڵجی لە ساڵی ١٣٣٣ی کۆچی لە شاری بۆکان هاتووەتە جیهانەوە و هەر لە منداڵییەوە لە لای زانایانی ئاینی، خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا ماوەیەک لە لای ماموستا مەلا ئەحمەدی فەوزی و سەیفی قازی و شێخ ئەحمەد سریلاّئاوا، خەریکی خوێندنی زمان و وێژەی کوردی بووە و هەر لەو دەمەوە خەریکی بووژانەوەی وێژەی کوردی بووە و لە سەردەمی پێشەوا قازی محەمەد (١٣١٠-١٣٥٦ی کۆچی)دا دەستی کردە نووسینی وتار و ئەوسا بووە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری هەلاّڵە و گەلێ چیرۆک و وتاری بەچاپ گەیاندن و پاشان ئاوارە و دەربەدەر بوو و، ماوەیەک لە کوردستانی عێراقدا مایەوە و ئەوسا بەرەو ئەورووپا کەوتە ڕێ و لە پاش سەرکەوتنی گەلی ئێران بەسەر ڕژێمی کۆنەپەرستی شادا گەڕایەوە ولاّت و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤٠٤ی کۆچی لە حەفتا و یەک ساڵیدا لە تاران کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایەوە بۆکان و لەوێدا نێژرا.

حەسەنی قزڵجی لە ئاسمانی وێژەی کوردیدا هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە و پاڵەوانی چیرۆکەکانی ئەو هەمووی لە چینی کۆمەڵی چەوساوەی کوردەواری هەڵبژێرراون و بەسەرهاتی ئەوانی بەکوردییەکی پەتی نووسیوە تا هەموو لێی تێ بگەن، چونکە ئەو کۆمەڵەکەی لە هەموو کەس چاکتر دەناسی، وە لە چیرۆکەکانیدا ژیانی وەرزێر و جووتیار و دەرەبەگی بەتەواوی بۆمان دەرخستووە و پیشانی داوە کە چۆن دەرەبەگەکان و

کاربەدەستانی ڕژێمی شاهەنشایی وەرزێر و جووتیاریان چەوساندووەتەوە و لە هەموو شتێ ئەوانیان بێ بەش و بێ بەری کردوون بۆ ئەوەی خۆیان لە تێروتەسەلیدا ژیان بەرنە سەر و پێمانی پیشان داوە کە چۆن پاسگاکانی کوردستان بەکرێ دراوەتە ئەمنییەکان بۆ ئەستاندنی بەرتیل و سازکردنی پەلپ و بیانوو لە جووتیاران و وەرزێرانی هەژار.

زۆربەی چیرۆکەکانی حەسەنی قزلجی سەبارەت بەچەوسانەوەی جووتیاران و وەرزێرانن بەهۆی دەرەبەگەکان کە ئەوان بەئارەقی نێوچاوان شەو و ڕۆژ خەریکی چاندن و کێلانی زەویوزارن کەچی ڕژێمی کۆنەپەرستی شاهەنشایی ئەوانی ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەچەوساندەوە و ستەمی لێیان دەکرد و لەولاشەوە دەرەبەگ جووتیارانی دەخستە ژێر بێگاری و کاریانی پێ دەکرد، بەبێ ئەوەی ڕێزێکیان بۆ دانێ و زۆربەی چیرۆکەکانی ئەو هەر لەسەر ژیانی پڕ لە ژانی جووتیاران و وەرزێرانە و هەندێکیشی لەسەر چیرۆکی فۆلکلۆری داڕێژراوە و تا ئێستا دوو کتێبی ئەو بەناوی ئاشتیخوازی لادێ و پێکەنینی گەدا لە چاپ دراون و گەلێ چیرۆکیشی لە گۆڤارەکاندا بڵاو بووەتەوە.

ئەم نووسەرەمان لە چیرۆکی (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ) کە لە گۆڤاری هیوا چاپی کردووە لە قاتوقڕی و نەداری و ئاوارەیی و دەربەدەری ئەو جووتیارانە دەدوێ کە باڵی شوومی کێشابووە سەر ناوچەی هەورامانی ژاوەرۆدا، بەجۆرێ کە وەرزێران و جووتیاران لە دەستهاتی خۆیان بەهرەیان نەدەبرد و لە ژێر زەبروزەنگی دەرەبەگدا دەچەوسانەوە، بەجۆرێ کە هەیاسی وەرزێر لەبەر برسییەتی و هەژاری خێزانەکەی بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە مەڵبەندێکی تری نیشتمانەکەی بۆ ئەوەی بتوانێ پارووپەک نان بۆ خۆی و منداڵەکانی بەدەست بێنێ، بەڵام لەوێشدا نەهاتی ڕووی تێ دەکات و خەڵک ئەو بەنامۆ دەدەنە قەڵەم و ناچار لەوێش سەر بۆ شوێنێکی تر هەڵدەگرێ تا لەو شوێنەدا بەنائومێدی بۆ هەمیشە سەر دەنێتەوە و مجێوری مزگەوتێک کە چاوی دەکەوێتە کەلاکەکەی بۆ ناشتنی دەکەوێتە ناو کۆڵان و بازاڕ تا برێ پووڵ و پارەی بۆ کۆکاتەوە کەچی دەوڵەمەندەکان پووڵی پێ نادەن و ئەویش ناچار بڕیار دەدا کە جلوبەرگەکەی خۆی بۆ بکاتە کفن و بینێژێ و بڵێ: (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی بۆ ناوێ). ئەمەش دەقی چیرۆکەکە کە دەڵێ:

«ساڵێک لە ساڵان دێوی قاتوقڕی و گرانی، باڵی ڕەشی بەسەر ناوچەی (ژاوەرۆ)دا کێشا، ڕەهێڵەی پەرێشانی و پەشێوی و شپرزەیی دای کرد. وەرزێر لە کشتوکاڵی بەهاری و لە ڕەپستە و ئاوەنیای پایزە، مافنگی و ڕەنجەڕۆ مایەوە، هەژار و نەدار و کز و کەنەفت کەوت و ژیانی تاڵ و ئاڵۆز بوو. سەرەڕای ئەمانەش ئەوەندەیان بردبووە گەل و هەرەوەز وەک قسەقوتان دەڵێن «لە چوارپەلا گوێچکەی ساغ بوو». زگی برسی و پشتی بریندار و شان و

شەپیلکی تێکشکابوو. کۆڵ کێشانی زۆر و زەوەند هێز و توانای پێ نەهێشتبوو، برسییایەتی و بێ بژێوی ڕست و دەرەتانی لێ بڕیبوو.

وەرزێر ئەوەندەی سەرنجی دا و بیری کردەوە و سەری هێنا و برد، نەیتوانی ڕێگای ڕزگاری و چاری چارەڕەشیی خۆی بەدی بکا. لە لایەکەوە بێگار مەودای نەدەدا بەرژەوەندێک لە حاڵی خۆی بگات و، لە لایەکی تریشەوە ناشارەزایی و نەزانی ڕۆژی ڕووناکی لێ کردبووە شەوەزەنگ.

بێ بارانی و وشکە ساڵ و خەلە گران بوو. بێ کاری بوو. ئیش لە حاند ڕەنجبەر و ئیشکەران چووبووە پشتی شێران. ئەوەی لەو ناوەدا فرە و فراوان و کەم نرخ و هەرزان بوو، تەنیا تەرم و جەندەکی هەژاران و فڕین و پەڕەوازە و ئاوەکی بوونی گیانی وەرزێران بوو. ئاژاوە و پەشێوی بوو لە ناو لەشاندا. گیانی سەر بەهەش توانای مانەوەی ناو جەندەکانیان نەما بوو، ناچار هەڵوەدا دەبوون و ڕایان دەکرد بەئاسمانا.

هەباسی وەرزێر پێش گیان لێ تۆران چشی کرد لە خاووخێزان و سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت. بەدارە دارە و لارە لارەوە ڕێگای گرتەبەر، بەڵکو لە جێگایەک چارەسەری خۆی بکا. بەچنگە کرکە و پەلەکوتە و لنگەلەرزە بەچەند کەژ و کێو و چیا و هەورازا هەڵگەڕا و لە چەند شیو و دۆڵ و نشێوەوە داگەڕا و، لە چەند چەم و ڕووبار پەڕییەوە تا ئاخری بەهەر مەینەتێک بوو خۆی گەیاندە شارێک لە شارە نزیکەکانی گەرمێن.

کە لە شار نزیک بووە شنەی هیوایەک دای لە دڵی زاماری، بەخەیاڵی خۆی لای وابوو، ئیتر ئاوەدانییە و جێگای ئینسانەتی و پیاوەتی و شارستانییەتە. زگی تێر و لەشی تیمار دەکات و کە تۆزێ بووژایەوە دەس دەداتە کاروبارێک، خۆشی دەژیێنێ و، پارەش بۆ خاووخێزانی دەنێرێ و لە چنگ برسییایەتی و مردن دەریان دەهێنێ. جا بەشێنەیی ئەوانیش دێنێ و لێی دادەنیشێ. هەریەکە خەریکی ئیشوکارێک دەبن و لە شارستانی پڕ خێروبێر و لە وڵاتی تێروتەسەلدا ئاسوودە و دڵنیا دەحەسێنەوە و جارێکی تر بەبیریش ناگەڕێتەوە. وەرزێری ساویلکە و دڵپاک هەروا زوو ژینی خۆی و خێزانی لەو شارەدا سووک و ئاسان بەخەیاڵ پێکهێنا و بزەی هومێد و هیوا دەیگرت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: نەمدەزانی کوردستان ئاوایە، جێگای بەپیت و بەرەکەتی وەک ئێرەی تێدایە، نامەخوا ئەم خەڵک و مەردمە چەن تێروپڕن، چەن پۆشتە و پەرداخ و بەهێز و گوڕن، چەن کۆک و بۆشناخن، چەن ڕەنگ و ڕوو سوور و خەریک و دەس بەکارن. ئەگەر کوردستان وا ئاوەدانە، ئەی بۆ لای ئێمە ئەوەندە کووڕ و کرێن و خاپوور و وێرانە؟ ئەبوو کە قاتوقڕی و نەهاتی ڕووی کردە لایەک، لایەکەی تر درێغیی لێ نەکات و یارمەتی بدات! دیسان هەر

باشــە دێین لێـرە دەژین تا لە سـیاسـاڵ و نەهاتی ڕزگـار دەبین. خـوا دەروویەکی باشی لێ کردمـەوە. بەهۆی مـەینەت و دەردەوە گەیاندمیـە ئێرە. پیر و پێشـینان گوتوویانە: خـوا کـە بەلێزانی دەرگایەک داخات، بەمیـهرەبانی کەلێنێکی تر دەکاتەوە. ئیتـر شـان و قۆڵم لە بێگار ئاسوودە دەبێت و، مردووی گۆڕ و گۆڕستانیشم لە خۆسەند و جمێن و جنێو دەحەسێنەوە.

وەرزێر گەشـایەوە و زۆری پێ خـۆش بوو کـە ڕزگـاری بووە و، جـەندرمـە و خـان و بەگ و بێگاری لە کۆڵ کەوتووە. بەدڵێکی پڕ لە ئاوات و هیواوە ڕووی کردە ناو شـار و هێندێ گەڕا بەجـادە و بازاڕا شـەرمی کرد داوای هیچ لە هیچ کەس بکات و لە ڕووی نەهات لە کووچە و کۆڵانان هەوڵی دوو سێ نان بدات.

بەزگی برسـی و لەشی مـاندوو و شـەکەتەوە، ڕۆیشت و ڕووی کردە مزگەوت، بەڵکو لەوێ دڵ نەرمێ، دیندارێ، خـاوەن ئیمانێ، بەچەن فلسێ یا بەیەک دوو نانێ دەسگرۆیی بکات، تا شـەو بحەسێتـەوە و بەیانی خـۆی گورج کا بۆ ئیشـوکارێک. تەنیا ڕۆژێکی دژوارە، کە یەک دوو ژەم تێـر بوو ئیـتـر وردە وردە ئیش دەکـات و پـارەی دەس دەکـەوێت و دەبووژێتــەوە و دێتەوە دۆخی جـاران (چ بکا؟ بڵێ چی؟ کـار بۆ ڕەنجبـەران حـەسانەوەیە. پیشـەی کرێکار ڕەنج و چەوسـانـەوەیە. کـار کـاڵایەکـە بەبەژن و باڵای کـرێکـار و وەرزێران براوە. ئەو ڕۆژەی بێ کار ئەبن خۆشی و جەژنیانە).

چوو لە هەیوانی مـزگەوت دانیشت و بەچاوەنوارییی ڕێکەوت کزکەی کـرد. زۆری نەخایاند کـابرایەکی چڵکنەی چـاو مـژمـۆر لە دەرگـای مـزگـەوتەکـە هـاتە دەرەوە، ئـەم نەگـبـەت و چارەڕەشـە هـاتە بەرەوە. چڵکن بەتێخوڕینەوە گوتی: کابرا خـەڵکی کوێی؟

وەرزێر بەخاووخلیچک و بێ هێزییەوە وەڵامی دایەوە: ژا... وە... ڕۆ.

چڵکن گوتی: خێراکە هەستە برۆ.

وەرزێر گـوتی: هیچ ئەرکێکم لەسـەر تۆ نییـە، بۆچی دەرم دەکـەی؟ ئێرە مزگـەوتە، خـانەی خـوایە، جێگەی ئاوارە و هـەژار و دامـاوانە. لە خـوا ناترسی وا تێم دەخـوڕی و ئەگـوڕێنی بەسـەرمـا و لەم خـانەی خـوایە وا بەسـووکـیـیـەوە دەرم دەنێی؟ تۆش هـەر وەکـو من مـافت پێوەیەتی. ئیتر بۆچی وازم لێ نایەنی تۆزێ بحەسێمەوە؟

چڵکن گوتی: با مجێوریش بم، پێم ناخۆش نییـە و لێم لە چاو نایە کابرایەکی چارەڕەشی وەکو تۆ لێرە بێت. بەڵام لەبەر خوا ئەمەت پێ دەڵێم، کەچی دیارە ناشارەزای و نازانی. قوڕ بەسەر، بتبینن دەڵێن بێگانەی و دەتگرن. جا ئیتر ئارەزووی خۆتە.

وەرزێر گوتی: بۆچی من و تۆ هـەردووکمان کورد نین؟ هـەردووکمان وەک یەک هاوڕەگەز و خوێن نین؟ ئێرەش هـەر کـوردستان نییە؟ مـن و ئەم خەڵکەی لە ئەم شـارەدان گشتمان کورد

نین و لە کوردستان نین؟ ئیتر بۆچی دەمگرن؟ ئەم من و تۆیی و دووبەرەکییە چییە و، ئەم جیاوازی و قینەبەرییە شوورەیی نییە؟ خۆ من نەهاتووم بەشی کەس بخۆم و ببمە بار بەسەر کەسەوە. دەمەوێ لێرە بحاوێمەوە و بەڕەنجی شان و کرێی دەستی خۆم بژیم. ئیتر سووچ و تاوانم چییە. لەسەر چی دەمگرن؟

چلکن گوتی: تێ دەگەم و ئەمانەم وەک ڕۆژ بەلاوە ڕۆشن و ڕوونە. بەڵام کێ ئەم چەندوچوونەت لێ دەبیسێ؟ بێ سوودە، ڕاکە، دەتگرن و ماوەیەک دەتخەنە زیندان و لە پاشان بەڕێت دەکەنەوە بۆ وڵاتی خۆتان.

وەرزێر کە ئەمەی بیست جەرگ و هەناوی داکەوت و حەوش و حەساری مزگەوتی لێ بوو بەکونە مشک. جنێو و لێدان و برسیەتی و بێگاریی بیر کەوتەوە و زامی جێگە کۆڵ و داری زۆرداری کولایەوە. ئاخێکی هەڵکێشا و چاوێکی بەئاسمانا خشاند، چ ڕوانین و چاو پیا خشاندنێک! بەقەدرایی سەد کتێب پڕ بوو لە گلەیی و بناشت. بەدوو سێ تەکان هەستا و لەشی لە قاچی بار کرد. لاقی لەرزی و دەتگوت دەڵێ: ئیتر بەسە، هێزم تێدا نەماوە، سواوم، دار و بەرد و ئاسن و پۆڵا نیم، گۆشت و ئێسقانم، پەکم کەوتووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیتر بەمن دەرناچێ.

وەرزێر گوێی نەدایە، بەکۆمەکی گاڵۆکەکەی وەک پەت کێشی کرد و بەدارە دارە خۆی پێ گەیاندە قەراخ شار. ئیتر لەوێ مەینەت کۆتایی هات. لاق لەرزی. لەش کەوتە زەوی. گیانی شەکەت و وەرزیش بۆ ئاسمان فڕی.

***

مجێور کە قسەی پتەو و بیچمی مەینەتباری کابرای وەرزێر کاریان کردبووە دڵی و ئازاریان دەدا. هەستی هاومەینەتیی بێدار بوو و گوتی: ئێمەی هەژار بەزەییمان بەیەکترا نەیەتەوە، کێ بەزەیی پێماندا دێتەوە؟ هەستا دوای کەوت کە بیهێنێتەوە بەڵکو خێرۆمەندان لە مزگەوت خێری پێ بکەن تا تۆزێ دەبووژێتەوە، جا ئەوسا ملی کاریٔ بگرێ یان بڕواتەوە. بازاڕ و جادە و کۆڵانی بەدوادا گەڕا و کەلێن و قوژبنی شاری پشکنی، تووشی نەهات. تا ئاخری لە قەراخ شار دۆزییەوە، بەڵام چی؟ لاشەیەکی بێ گیان و زامار! زانیی تاوانێکی گەورەی کردووە و سووچی ئەوە ئەم چارەڕەشە مردووە. تەریق بووەوە و پاڕایەوە لە تەرمی زامار و، دوعا و فاتیحای خوێند بۆ گیانی پەڕەوازەی هەژار، بەڵکو لێی ببوورێ و لەو تاوانەی کردوویەتی ببەخشێ. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: من بەگیانی ناخێرم دڵسۆزیم کرد، بەو قسانە ویستم خێرخوایی بکەم، خۆ بۆیەکم نەبوو بەم ڕۆژە بگات.

بەشەرمەزاری دای بەکۆڵی خۆیدا و پەیتا پەیتا لە ژێر لچەوە دەیگوت: بریا، سەد بریا

من بوومایه لەجیاتی تۆ! هەڵی گرت و هێنای لە حەوزی مزگەوت ڕایکێشا و بۆ کفن کەوتە ناو بازاڕ. ڕۆیشت تا گەیشتە دوکانی مام حاجی بازرگان و گوتی: کابرایەکی هەژار و ئاوارە و بێ کەسوکار لە برسا مردووە و هاتووم بۆ کفن. تۆ کفنی بۆ بکە و شۆردن و گۆڕیشی لەسەر من. حاجی پیشی خواردەوە و مژێکی لە جگەرەکەی دا. وەک مار پێوەی دا، پڕ بەپێست ئاوسا. لە پاشان کۆکەیەکی کرد و هاتە قسە و گوتی: بەم بێ بازاڕییە خێر و بەرەکەتت هێناوە! بەمن چی ڕەشوڕووتێک مردووە؟ دیسان هێندێکی کە پیشی خواردەوە و گوتی: باشە، پەلە مەکە، با بازاڕمان ببێ ئەوسا وەرەوە کفنی بۆ دەکەم. مجێور بەتووڕەیی و بەسەر ڕاوەشاندن گەڕایەوە. لە ژێر لێوەوە بەدەم ڕێگەوە بەجنێوەوە دەیگوت: بەڵێ، مام حاجی! تەرمەکە خوێ بکەم بۆگەن نەکات تا بازاڕت دەبێت. ئەوسا بێمەوە خزمەتت! تف لە خۆت و پارەشت. بۆچی مردووش کالاّ و کووتاڵە پەسا و ئیحتیکار بکرێ!... بردی بەجلوبەرگەکەی بەریەوە ناشتی و گوتی: (شەهیدی زوڵمە. کفن و شۆردنی ناوێ).

وەکو بیستوومە مامۆستا حەسەنی قزڵجی لەسەر ئایەتەکانی قورئان کۆڵیوەتەوە و لەم بارەوە تەفسیرێکی لەسەر قورئانی پیرۆز نووسیوە و داویەتە یەکێ لە ئاشناکانی تا بۆی چاپ و بلاّو کاتەوە کە بەداخەوە ئەو تەفسیرەی سەر و شوێنێکی نییە.

سەرچاوەکان

١- ئاشتیخوازی لادێ - نووسینی حەسەنی قزڵجی - بەغدا، ١٩٥٩.

٢- پێکەنینی گەدا - نووسراوی حەسەنی قزڵجی - بەغدا، ١٩٧٢.

شاکر فەتاح

١٣٢٤ - ١٤٠٦

شاکر فەتاح لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی لە شاری سلێمانیدا لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی و خوێندنی ناوەندیی لە بەغدادا تەواو کردووە و پاشان چووەتە زانکۆ و لە ڕشتەی یاسادا لیسانسی وەرگرتووە و ئەوسا بووەتە فەرمانبەر و لە پاشان بووەتە جێنشینی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤٠٦ی کۆچیدا بەهۆی ڕژێمی سەدامەوە لە دار دراوە.

شاکر فەتاح بەیەکێ لە نووسەران و وێژەوانانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و وەکو دەڵێن سەد و نۆزدە نووسراوی لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و گەلێ وتاریشی لە بارەی وێژەوە نووسیون و گەلێ گەشتنامەشی هەیە و ئێستا ژمارەی نووسراوەکانی لە دوو سەد پترن و لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ چیرۆکی نووسیوە و بەیەکێ لە

چیرۆکنووسانی کورد دێته ژمار و له ناو چیرۆکەکانیدا دەتوانین لەم چیرۆکانه ناو ببەین: «مام شێخ، دەسپاکی، مامۆستا و شاگرد، بووک و خەسوو، مامۆستا و بێژەن، مدیر بەگ، سەرێکی هەیە و هەزار سەودا، چەقاوەسوو، هاورێی منداڵ، ژینی نوێ» و گەلێ چیرۆکی تری کۆمەڵایەتی. ئەمەش پارچە پەخشانێک له مامۆستا شاکر فەتاح کە له پەرتووکی گەشتی هەڵەبجە و هەورامان هەڵمانبژاردووه دەڵێ:

ئەوی له دوورەوه بێته (هەڵەبجە)وە، ڕیزه خانوویەکی بەرچاو دەکەوێ، شارێک له شاره ڕازاوەکانی ڕۆژئاوای دێتەوه بیر، ئەم خانووانه هی (وەسمان پاشا)، (تاهیر بەگ)، (حامد بەگ) و دەوڵەمەندەکانی تری جاف و هەڵەبجەیین. ئێمه چووینه ماڵی (وەسمان پاشا)، لای (ئەحمەد موختار بەگ)ی کوڕی. بەڕاستی کۆشکێکی ناوازه بوو. دوو نهۆم، بەرز بوو. له خوارەوه تارمه و دالانی گەوره گەوره و پان، له سەرەوه بەر هەیوانی فراوان، هەر چوار لای کۆشکەکەی ڕازاندبووەوه. ژوورەکان یەک لەسەریەک بوون. دەرەوەیان بەئاوێنه بەندی و میناکاری پڕ نەخش و نیگار، بەڕەنگی ئاڵووالا، ناوەوەیان بەئاڵەت و ئاوێنەکاری، پەنجەره و بنمێچەکان و دیوارەکانیان جوان کرابوون. دەرگاکانیش کارێکی یەجگار جوانیان تیا کرابوو. له هەر گۆشەیەکی کۆشکەکەوه له ناوەندی دوو هەیواندا، ژوورێک هەبوو. پەنجەرەکانی بەهەر چوار لایدا دەیڕوانی. یەکێک لەمانه (قوله)ی پێ دەڵێن. چونکه جێگای شەڕه تفەنگ بووه بۆ بەرامبەری دوژمن. له هەر لایه هەیوانێک هەبوو، بەدرێژایی لای خانووەکه. لەبەرئەوه بۆ تەماشاگاه هەموو حەلێ ئەم کۆشکه شاهانایه بەسەر ماڵەکانی هەڵەبجە و دێهاتەکانی بنار شاخەکانی هەورامان و باخەکانی چوار لای هەڵەبجە و دەشتی فراوانی شارەزووردا دەیڕوانی. تێکڕا، هەموو ژوورەکانی سەرەوه بەبەڕەو قالیچە، بەکورسی و مێز و ئاوێنەی گەوره گەوره پڕ کرابوونەوه. میوانەکانی (بەگ) له نهۆمی سەرەوه دادەنیشن. سەیر ئەوەیە، بەپێچەوانەی (سلێمانی) ئەوی تۆزه ئاشنایەتییەکی هەبێ لەگەڵ (ماڵی پاشا)دا، بێ پرس دەتوانێ بەهەموو لایەکی خانووەکەدا بسووڕێتەوه، تا خۆی، یاخود ژنەکەی، یان یەکێ له دەس و پێوەندان دەدۆزێتەوه. ئەم کۆشکه گەورەیه بەلای کەمەوه چل ژوورێکی گەورەی تیا بوو. هەموویان پەنجەرەی گەوره گەورەی باکێشیان تیا بوو. لەبەرئەوه (ماڵی پاشا) تا بڵێی فێنک بوو. چونکه با هەموو لایەکی دەگرتەوه. لەو سووچەوه کە ئێمه لێی دانیشتبووین -بەری ڕۆژهەڵات- چاومان له باخچەیەکی فراوان بوو، ئەستێرکێکی گەورەی له ناوەڕاستا بوو. لایەکانی کەیشی بەدار و درەختی بەردار و سێبەردار تەنرا بوون. له لای دەرگانەکەیەوه سەرشۆرک (حەمام)ێکی خنجیلانەی جوان کرابوو. حەلی خۆی بۆ پاشا و خێزانی بووه. بەڵام ئێستا بۆ هەموو کەسە.

***

که چووینه سەرێ بردیانینه ژوورێکەوە. ژووری ژنان بەرامبەری بوو. (حەبە خانی) ژنی (ئەحمەد بەگ) لەگەڵ دەس و پێوەندەکانیا بەسەربەستییەکەوە، لەولامانەوە قسە و گەپی دەکرد. چای دەخواردەوە. ئێمەی نەدەناسی ئەگین دەهاتە لامان، گەلێک لە لامان دادەنیشت.

پیاوێکی باریکەلانەی چاوشینی دەموچاو سووری وریا دەستی هەردووکمانی گوشی. ئەم پیاوە کە (عەلی ئەفەندی)ی ناو بوو، خۆی لە بنچینەدا ئەڵمانی بووە. برایەکی پسپۆری لە منداڵیدا دەیفرێنێتە هەڵەبجە. ئێستا ئیسلامە. کوردی زۆر چاک دەزانێ. لە ژنێکی کورد کوڕێکی کورتەبنەی یەک چاوەی زیرەک و وریای بووبوو. جا ئەم پیاوە بوو کە کار و فرمانی (بەگ)ی بەباشی هەڵدەسووڕاند. ئەگین ئەوانی کەی گێژوویژ بوون، فریان بەسەر هیچەوە نەبوو.

ئەم و (حەمە فەرەج)ی کوڕی زۆر میوان نەوازییان کردین. سەردەمێک لەمەوپێش (حەمە فەرەج) لە (خوێندنگای ئەمریکان)ی بەغداد بووبوو. ئینگلیزییەکی باشی قسە دەکرد. (تاهیر بەگی برای ئەحمەد بەگ) دەڵێ: «قوربانی پەلت بم کە پەلی هامپەلت پەل کرد»: گوایا براکەی (عەلی ئەفەندی) کە ناوی (هامپەل) بووە، (داود بەگی جاف)ی دەرمان خوارد کردووە. ئەوانیش ڕایان سپاردووە، یەکێکیان کوشتوێتییەوە. ئنجا (تاهیر بەگ)، خۆی دەکات بەکوڕی (قوربانی) بۆ ئەو کەسەی کە (هامپەل)ی برای (عەلی ئەفەندی)ی کوشتووە!...

ژوورەکەمان بنمیچێکی ئاوێنە بەند، دیوارێکی ڕەنگ کراوە، چەند پەنجەرەیەکی میناکاری لەسەر شێوەی کۆن تیا بوو. تاقەکان بەچینی و شتی ناوازەی بلوورین ڕازابوونەوە. قاڵی و دۆشەک ئەمبەر و ئەوبەر ڕاخرا بوون. ئێمە لێرە دانیشتین، چایان بۆ هێناین. لەپڕ کوڕێکی ١٦ ساڵەی قەد و باڵا جوانی پەری ڕوو هاتە ژوورێ. دەستی گوشین. ئێمەیش جگەرەمان دایە. پرسیم کێیە؟ خۆی وتی: «من مەسعودی کوڕی تاهیر بەگ»م. بەڕاستی دڵم ڕۆشن بووەوە. گەلێ قسەی خۆش خۆشی بۆ کردین. تەرحە پێکەنینێکی هەبوو، کاری لە دڵی پیاو دەکرد. سەرگوروشتەی خۆی بۆ گێڕامەوە، کە بۆچی لە خوێندنگا وازی هێناوە. بەڵام لە دواییدا تێگەیشتم کە سەرە ڕاوێکی لە سکا نییە. هەر لەملا و لەولا دەسووڕێتەوە. منیش ئاخێکم هەڵکێشا و لە دڵی خۆمدا گوتم: «داخەکەم تاهیر بەگی ناودار کەسی نەبوو جێگای بگرێتەوە!». ئەگەر ئەم کوڕە باوک و دایکی بمایە وازیان لێ نەدەهێنا تا پیاوێکی ناوازەی وەک باوکی خۆی لێ دەهاتە دەرەوە. بەڵام وا دیارە (ئەحمەد بەگ)ی مامی هیچ ئەوەی لێک نەداوەتەوە!؟... یاخود لێکی داوەتەوە بەڵام بۆی نەچۆتە

سەر!... لەگەڵ ئەوەیشا (مەسعود بەگ) هاودەمێکی زۆر باشی نواند. لەگەڵ (حەمە فەرەج)دا هەموو جارێ لەگەڵماندا دەهاتە دەرەوە، ئەیگێڕاین بەناو شاردا. لە دەرەوە (ئەحمەد بەگ)یشمان پێ گەیشت. ماندوو نەبوونی لێ کردین. پیاوێکی کەڵەگەت بوو. بەخۆوە بوو. موو زەرد و دەموچاو سوور بوو. جوانترین زەردەخەنەی هەبوو کە لە هەڵەبجەدا دیبووم. لە ئێمە تێپەڕ بوو... جارێ بام بڕۆین...

***

باخەکانی هەڵەبجە لای خوارووی کەوتبوون. (باخی میر)یان هی (ئەحمەد بەگ) بوو. لە هەموویان گەورەتر بوو. باخچەیەکی کەیشی هەبوو، سوڕک و ئەستێرەیەکی تیا بوو، لەگەڵ چایخانەیەکدا کە لەبن سێبەری چەند دارێکی گەورەدا بوو. باخەکانی هەڵەبجە گەورە بوون. هەنار و هەنجیر و کەمێک ترێ و میوەی تریشیان تیا بوو. جگە لەمانە ماڵە گەورەکانیش باخ و باخچەیان هەبوو. میوەی شاری هەڵەبجە ئەو باخانە پێکیان دەهێنا. خانووەکانی هەڵەبجە چەشنی هی سلێمانین. ڕاستە شەقامێکی خنجیلانەی پاکی تیا بوو. بەڵام کۆڵانەکانی تەسک و تورووسک، پیس و پۆخڵ، نارێک و ناقۆڵا بوون. دوو قەیسەری، دوو سەرشۆرک، چایخانەیەکی سەر نهۆمی سەرەوەی جوان، چەند ڕیزە دوکانێکی زۆر ڕێکوپێکی لێ کرابوو. تازە خەریکی دروستکردنی ئۆتێلێک و ئۆتۆمۆبیل خانەیەک بوون... بەڵام چەند دوکانێکی ناشیرین بازاڕەکەی ناخۆش کردبوو. هەڵەبجە پێنج سەد ماڵێک دەبوو. لە شوێنێکی تەختا هەڵکەوتبوو. گەلێ کانیاوی جوانی هەبوو. تووتنێکی زۆریشی لێ کرابوو. باخەکان لە شیو و دۆڵەکانی خواروویدا هەڵکەوتبوون. هەر چوار لای دەشت و نەرمان بوو. لە دوورەوە شاخەکانی (هەورامان) دیار بوون. دێهاتی (عەبابەیلێ، جەلیل، عەنەب، گردی بەکراوا)ی لێوە دیار بوون.

***

سێ ڕۆژ لە هەڵەبجە ماینەوە. جوولەکەکانی هەڵەبجە، لە هی سلێمانی، ئافرەتیشی دیسانەوە لە هی گەلێ جێگای تر سەربەستترن. (کانی ژنان) کە لە ماڵی پاشاوە دیار بوو، زۆر ژنی جوانی دەهاتە سەر. ژن لە هەڵەبجەدا زۆر خۆیان دەڕازێننەوە، لە کاتی کار و فرمانیشدا هەر بەرگی جوان دەپۆشن. سەری ژنی هەڵەبجەیی، جوانترینی سەری ژنانی کوردە کە دیبێتم. جوانیان زۆرە. پیاوانیش لەبەرئەوە سەربەستن.

(ئەحمەد بەگ) هەمیشە بەدیار تووتنەکەیەوە بوو. دەیگوت: ئەم تووتنە هەزار دیناری پێ دەگرمەوە!... گەلێ کرێکاری بۆ ڕاگرتبوو. سەرکارەکانیان دووانیان (ئەرمەنی) بوون. لەسەر شێوەی تازە تووتنە (سامسۆن)ەکەیان دەشکاندەوە. بێ گومان (ئەحمەد بەگ) بۆیە

ئەمـــەندە بەدیاریانەوە دەبوو، زۆر لە کـرێکارەکـانی ژنـی جـوانی هـەڵەبجـەیی بـوون. هـەر لەبەرئەمەیش بوو کە کار و فرمانەکەی وا زوو هـەڵدەسووڕا...

(ئەحمـەد بەگ) زۆر دڵتەڕ بوو. لە بەرگ و هـەسـتـان و دانیشتنا، لە ڕابواردنا، ڕەوشـتـێکی بوێژانەی هـەبوو. وابزانم لەبەرئەوەیشە کەوا بوو، هەڵەبجە، خۆی، دڵتەڕانە هەڵکەوتووە. ئاو و بای ســازگـاری، چاوئەندازی ڕەنگینی، کـچ و ژنی شـیـرین و نازەنیـنی، تێکڕا کـاری لە ژیانی هـەموو هـەڵەبجـەییەک کردووە. لەم هاوینەدا دەبینی لە هـەموو باخـێکا کەپرە و هـەوار، نیشتـەنییەکانی هـەڵەبجە تیایاندا ڕادەبوێرن. (ئەحـمـەد بەگ) کە ئێوارە دەهات، بەخـۆی و چەند هـاودەمـێکیـەوە لەگـەڵ گـۆرانیـبێـژێکدا بەمـەی و جـامی مـەیەوە دەچوۆوە باخـێک لەو باخـانەوە. تـا کـاتی چوارەمی شـەو دەیـخـواردەوە و بەبەزم و ڕەزمـەوە ڕایدەبوارد. جگە لەو زۆر کــەســانی تریش بۆ خــواردنەوە و ڕابواردن لە دەمــەوئێـوارێوە، لە ناو ئـەو باخـــانەدا ڕایاندەبوارد تا خەوتنان.

ئێوارێ نانێکی خۆشمان خـوارد. هـەڵەبجەیی لە چێشـتـا وەسـتـان. گەلێک چێشـتی خۆش خـــۆش و نـاوازە دروست دەکـــەن. لە پاک و خــــاوێنیــشــــدا تەواون. پاش نان، چوویـنـە (خوێندنگای زانستی). خوێندنگاکە قەراخ شار کەوتبوو. زۆر جوان و ڕێکوپێک بوو. لەوێدا شـاگردە هەڵەبـجـەییـەکان بەشـەو بەدوکـاندارەکـانیـان دەخـوێند. نزیکەی سی شـاگردێک لەوێدا دەیانخوێند.

***

بەیانی لە مزگەوت دەموچاومـان شت. مزگەوتی ئێرە ئەسـتێرکەکەی گەورە بوو. بەردە نوێژەکـانی تەختـە بوون. پێشـاوەکانی، بەپێچەوانەی هـینەکانی سلێمانی دەرگـایان هـەبوو. دیوارێکیش پێشـاوەکـانی لە جێی نـوێژ و دانیشـتن جوێ دەکردەوە. بەکورتی مزگـەوتەکەی هەڵەبجە ڕێکوپێک و پاک و خاوێن بوو.

کە گەڕاینەوە مـاڵی پاشا، (ئەحمەد بەگ) لە دیواخانەکەیدا دانیشـتبوو. زۆر گـیان سـووک و ڕووخـۆشم هاتە پێش چاو. باسی وێژەی کوردیم لەگـەڵ کردەوە. لە کۆمـەڵە هۆنراوەکـانی خـــۆی گــەلێکی بۆ خـــوێندینەوە. قـــســــەکـــانی ئاودار و نـاسک بـوون. باسـی دڵداری و نیشتـمانپەروەرییەکی یەجگار بەهێزی دەکرد. بـەڕاستـی خۆشـخـوانییـەکانی لە چێشـکەدا لە هۆنراوەکـانی (تاهیر بەگ)ی برای کـەمـتر نەبوون. (ئەحـمـەد بەگ) نیـازی هـەبوو لە چاپیـان بدات. بێـجـگە لەوە دەیگوت: «چیرۆکـێکی کـاریگـەری قـوڕ بـەسـەری کـوردم نووسـیـوەتەوە. نـاڕەســەنی بێگانـە پیـشــان دەدات. چاوی کـورد دەکـاتـەوە». دەیگوت: «گـوێ نـادەمـە دڵ و ئارەزووی مـیـری قـسـەی سـەربـەسـتی ڕاسـتی خـۆم هـەر دەکـەم. بەوانەوە نەبێ لە چاپی

نادەم». گوتی: «شتێکی تریشم بەدەستەوەیە. ڕەنگە ئەم زستانە تەواوی بکەم!».

بەرچایی، لە هەڵەبجەدا ئەمەندە بایەخی پێ نادرێ. لەگەڵ ئەوەیشا بۆ ئێمە نان و ماست و چایان دانا، کە زۆر خۆشیمان لێ چێشت، هەر لەبەرئەوەی کە لەگەڵ (ئەحمەد بەگ)دا بووین.

لەگەڵ (ئەنوەر بەگ)ی هاوڕێمدا چووینە ماڵی (حامد بەگ)ی مامۆی. ئێرەیش گەلێک ڕێکوپێک بوو. ئەستێرکێکی ئەندازەیی جوانی لە ناوەڕاستا بوو کە لە بەردەمی کۆشکەکەیاندا بوو. ئەم خانووەیش گەورە و بڵند بوو. ژوورەکانی بەکورسی و قەنەفە و مێزی ناوازەوە ڕازێنرابوونەوە. (حامد بەگ) مەکینەیەکی ئەلەکتریکی هێنا بوو، چرای ئەلەکتریکی بەناو هەموو خانووەکەیدا بڵاو کردبووەوە. بەڵام لەبەر ئەرک زۆری کەم کەم دەیانخستە کار. پارەی زۆری ئەویست. هەرچی هەڵەبجەییەکانی تر بوون، هێشتا هەر چرای نەوتیان دەسووتاند.

بەڵام خانووی (تاهیر بەگ) وێران بووبوو. جاران لەبەر دڵی (خانمی وەسمان پاشای جاف) هەیوانی ئەوێ و ماڵی پاشایان بەپردێکی تەختە دەگەیاندەوە یەک.

ئێستە ئەوەیش نەماوەتەوە. (ئەنوەر بەگ) دەیگوت: «حەلی خۆی ماڵی پاشا، لەو حەلەدا کە (خانم) سەرداری هەڵەبجە بووە، دەر و ژوور، کەسی نەگرتووە. ئێستە ئەمەندە نیشتەنیی کەمە وەکو چۆڵی لێ هاتووە». ئیتر لە پاش ناز گرتنێکی زۆر و میوانداریییەکی یەجگار باش لە لایەن برا هەڵەبجەییەکانەوە، لەسەر فەرموودەی (ئەحمەد بەگ) چووینە «دەرەشیش».

شاکر فەتاح لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەیە و هۆنراوەکانی گەلێ پاراو و شیرینن و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەپرش و بڵاوی چاپ بووە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو کە دەڵێ:

بەس خۆت هەڵکێشە بەباوانتەوە
بەس پێ بنازێ بەخزمانتەوە
وەرە بەر دیوان قەومی هەژارت
بۆیان بژمێرە کردەوە و کارت:
چەند تێ کۆشاوی؟ چیت بۆ کردوون؟
چەند جار تەنگانە لە دەستت گرتوون
ئەوسا تەرازووی تاسەی هەژاران
پیشانی ئەدا: سووکی یان گران!

ئینجـا تێ ئەگـەیت کـە خـانەدانی
بۆ تۆ وەک یەکـە مـانی و نەمـانی
کـە خـۆ هیچ نەبی، خـەڵکی بەتۆ چی
سـکـە نـارەوا وەک ڕەوا ئـەچـی

سەرچاوەکان

١- پەخشان - نووسراوی شاکر فەتاح - بەغدا، ١٩٤٧.

٢- گەشتی هەڵەبجە و هەورامان - نووسینی شاکر فەتاح - بەغدا، ١٩٥٢.

عەلائەدینی سەجادی

١٩٠٧ - ١٩٨٤

عەلائەدین کوڕی سەی نەجمەدینی سەجادی لە ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی لە شاری سنەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە، خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن بەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لە پاشا چووەتە سلێمانی و لەوێدا لە لای زانایانی ئاینی فقهی خوێندووە و ئیفتای وەرگرتووە و پاشان چووەتە بەغدا و لەوێدا نیشتەجێ بووە و ماوەیەک لە کۆڕی زانیاریی کوردا خەریکی بووژانەوە و زیندووکردنەوەی زمان و وێژەی کوردی بووە تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٤٠٥ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا نێژراوە.

عەلائەدینی سەجادی بەیەکێ لە زانایان و وێژەوانانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و ئەو زۆربەی تەمەنی خۆی لە ڕێی فەرهەنگ و وێژەی کوردیدا بردە سەر و لە ماوەی تەمەنیدا گەلێ پەرتووک و نامیلکەی بەزمانی کوردی نووسی کە بریتین لە: مێژووی ئەدەبی کوردی، ئەدەبی کوردیی نوێ و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ڕشتەی مرواری، گەشتێک لە کوردستانا، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، هەمیشە بەهار، ناوی کوردی، دەستوور و فەرهەنگی کوردی و عەرەبی و فارسی، نرخ شناسی، کورد و شۆڕشەکانی.

مامۆستا سەجادی جگە لە تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی وێژەی کوردی، لە چیرۆک نووسینیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و گەلێ لە چیرۆکەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ و نزاردا بڵاو بوونەتەوە و زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە نووسیونی لە ژیانی کوردەواری هەوێنیان گرتووە و هەندێکیشی چیرۆکی فۆلکلۆرین کە لەسەر بنەڕەتی ئازایی و نەبەزی و ڕەوشت پاکی و جوامێری وتراون و زۆربەیان ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوارین و دەگەڕێنەوە بۆ دەوری زۆر کۆن کە دەم بەدەم هاتوونەتە خوارەوە و مامۆستا سەجادی

تۆماریانی کردووە و بەڕاستی مامۆستا سەجادی لەم بارەوە گەلێ ئەرک و ڕەنجی کێشاوە و زۆربەی تەمەنی بەتۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی وێژەیی بردووەتە سەر و نووسراوەکانی گەلێ بەنرخ و بایەدارن. ئەوا یەکێ لە چیرۆکەکانی ئەو بەناوی: بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟ دێنین کە لەم چیرۆکەدا مامۆستا لە بارەی دەرەبەگایەتییەوە دەدوێ کە سەرۆکی هۆزێک بەیارمەتیی دەرەبەگێکی تر دەبنە هۆی تەنگوچەڵەمە و کۆسپ لە بەرابەری ژیانێکی پڕ لە شایی و خۆشی چەند جووتیارێک و تەنانەت ڕێگای گەشتی کوێستانیان لێ دەگرن و سەودا لەسەر ئەرک و ڕەنجی وەرزێران دەکەن، لە لایەکی ترەوە ستەمی ئاغا و خوڵتەی مووچەخۆر دەردەخا وەکو دەڵێ:

بیری منالی تیژە، تازە پێم گرتبوو، نەوەڵڵا چوار پێنج ساڵان دەبووم. خۆت دەیزانی ئێمە دەوارنشین بووین. هێشتا گەلێکی مابوو بۆ ئەوە بچین بۆ کوێستان، زستانە هەوارەکەشمان ناخۆش نەبوو. ساڵانە لەناکاو «مارفی سەمین» ماڵ و پیاوی خێڵەکەی دەدایە بەرورووە و هەوار پێ پێوە دەنا، ژن و منال و ئەمانەش ئاژاڵەکەیان دەدایە پێش و بەشوێنیانا دەچوون. ئەو ساڵە هێشتا دوو سێ مانگی مابوو بۆ وادەی بارکردن، ئەوەندەم زانی کتوپڕ مارف کەوتە خێڵەکە و ماڵە و ماڵ پیانەوە گەڕا وتی:

«وا هەر لە ئێستاوە پێتانی ئێژم دە ڕۆژی بمێنێ بۆ پێنجەی تار لێرەوە وردە وردە بار دەکەین، ئیمساڵ بەرێ «ناوخوان»! ئەڕوێن تا دەگەینە کوێستان سێ چوار بەهار دەخۆین. ئیتر ئێوەش تروتفاقی خۆتان زوو بەزوو جێبەجێ کەن پاشە جار نەیێژن «مارە» پرس وەکەس ناکا و ئێمە وەهیچ نازانێ!. ئەوا هەر لە ئێستاوە پێتان ئێژم، با بکەونە خۆتان.».

دایکم بەڕەحمەت بێ دەیگێڕایەوە دەیوت: ڕۆڵە! فرەخاس بوو، جاران زۆر بەبێ تفاقی دەچووین ئاگامان لە هیچ نەبوو لەناکاو دەیکردە سەرمان بار کەن، لەبەر شپرزەیی گەلێ شتمان لێ بەجێ دەما.

ئەو ساڵە هەتا بڵێیت ساڵی چاک بوو، تەنانەت هەوارگە زستانەکەشمان بووبوو بەکوێستانی «شا قەلا». ئیتر هەموو خێڵەکە لە خۆشیا لەوانە بوون باڵ بگرنەوە؛ ساڵی وا خۆش، لە پێشەوە خەبەری بارکردنیان دراوەتێ، مالات تا دەگاتە بناری بانە هیچ نەبێ سێ چوار بەهار دەخوا. خۆت دەیزانی ئەمە بۆ مەڕدار و شوانکارە چ خێروبێرێکە!!... بڕوام پێ بکە شەوچەرەی ئەو زستانە لە خێڵەکەی ئێمەدا هەر بووبوو بەم قسانە: ئیمساڵ بەشێنەیی دەچین بۆ کوێستان، هیچمان لێ بەجێ نامێنێ، جا وەرە مەڕومالات سێ چوار بەهار بخۆ و دەست مەیەنە بەخۆتا!!...

لە ژێر دەوارەکەی ئێمەدا دانیشتبووین، دەمەوڕۆژاوا بوو، نم نمەی بارانیش دەباری، لە

بەینی کاژە هەورەکانەوە گرنگی هەتاوەکە دەیدا لە بارانەکە دەدرەوشایەوە. «مەجۆلی خامە، کردی بەژۆرا. دایکم سەر بەدەرەوە بوو لە ریزی پیاوانا بوو لێی پرسی: ئەرێ مەجۆل! «شەپە»ی کورت گەیشتۆتە کوێ؟ وتی:

خانم قسەی لێوە مەکە، لە «قولەفیسکە بۆ گەسەوە و تەنگی وەتەوەت هەڵچنێگە. وەسەر ئەو تاقە کورەت کە چووینە کوێستان مەلایەکی تریشی بۆ دەگرم خێرا لە مریشکە رەشەشی دەرکا!. ئیمساڵ ساڵەکەی ساڵ نییە! دەزانی فەرو و بەرەکەت چی کردگە؟. خۆ ئێجگار کە پێشیان وتگین بکەونە خۆتان سێ چوار دەخۆن وە قەورەکەی مەتحەت لە خۆشیانا سێ شەوە خەو وەچاوم نەچووگە!».

ئەم بارکردنەی ئێمە و سێ چوار بەهار خواردنەمان لە هەموو خێڵەکانی دراوسێمانا دەنگی داوەتەوە؛ ما، خێڵی مەتحەت ئیمساڵ چاکیان بۆ هاتووە، هەر لە پێشەوە پیان وتوون کوێستانی شارەزوور و شلێر و ناوخاوان و شاتەڵا دەخۆن!.

***

زستان هاتە کزی سەرما وردە وردە رەویەوە کەوتینە دەمەو بەهار زۆری نەما بوو بۆ نەورۆز و وادەی بارکردن، خێڵ هەموو وەکو تەلی تەموورە خۆی ساز کردووە هەر چاوەروانی سبەی دووسبەیە و بارکا. مارفیش هەر لەسەر قسەی خۆیەتی: هیچتان لێ بەجێ نەمێنێ، ئیمساڵ بەهەوەسی خۆتان کام لا دڵتان دەیگرێ لێ دانیشن!...

بەخوا وەخت نزیک بووەوە، ها ئیمرۆ بار کەین ها سبەینێ. ساڵان کە لە کوێستان دەگەراینەوە هەر ماڵە بۆ خۆی سووکە تفاقێکی دەخست بۆ ئاژاڵەکەی سا ئەگەر رۆژێ بارانێ بەفرێ شتێک بووایە و مالات دەرنەچووایە، یا چەند رۆژێ پاش کەوتنایە ئەیاندایە. ئەو ساڵە ئەوەش نەکرا، چونکە دەیانوت ئێمە کە لە پێشەوە بار کەین و سێ چوار بەهار بخۆین ئیتر ئەم عەزیەتە بۆچ بکێشین!!...

ئەو ئێوارەی کە بۆ بەیانی بار کەین هەموو ماڵێ شر و شاتاڵی خۆی شەتەک دا. هەر لە ئێستەوە خورماشیان کریبوو بۆ کوێستان، چونکە هەموو ساڵێ هەر ماڵە هەندێ خورمای دەکری، لە کوێستان خورما نەختێ خۆشەویست بوو، لەوێ دەیاندا بەگۆرانەکان «خوێ»یان بۆ دەهێنان. خورماکانیان کردبووە هۆرەوە و دارکوتیان کردبوو، سەرەکانیان دووریبوو، لەبەرئەوە کە لەسەر کۆچ بوون هەروا لەو دەشتە دایاننا بوو کە بەیانی هات خێرا بیخەنە سەر پشتی گاکان و تیانخورن.

کەوتە شەوێ، مارف زەلامێکی خستە ناو خێڵەکەوە، «بەیانی کەس بار نەکا!.».

ئای ئەمە چی بوو؟!...

دایکم و سێ چوار دەم سپی بەو شەوە چوونە لای مارف. کورە مارف!. ئەوە تۆ دەڵێی چی؟. وا خێڵ هەموو خۆی ساز کردووە و چاوەڕێی بەیانە بارکا.

– قەی ناکا با دوو سێ ڕۆژی تر بمێننەوە، خۆ هێشتا ساڵ زووە!.

– کورە مارف نەتکردبێ کەتنی وا بگێڕی؟!. ئەمە سێ مانگە تۆ هاوار دەکەیت و ئەم حەشاماتەت خستۆتە هەڵپەڕکێ؛ هەی ئیمساڵ سێ چوار بەهار دەخۆن، هەی ئیمساڵ خێروبێرتان وا دەبێ. ئێستە ئەمە چییە؟!...

– قەی ناکا ئێستەش وەخت زووە هەر دەیگەنێ.

هیچ، هەروا گەڕانەوە. بەیانی هەموو دەستەوئەژنۆ دانیشتن. شەوی دوایی کردیە ڕەهێڵەی بارانێک ئەوسەری دیار نەبێتەوە!. خورماکان هەر لەو دەشتە بوون هەمووی بەسەر یەکا تلیسانەوە! چار نەبوو هەر بەو جۆرە خێڵەکە دوو سێ ڕۆژی تر مانەوە. مارف هیچ دەنگی نەبوو، دایکم و پیاوەکان چوونەوە بۆ لای. کورە مارف ئێستە ئەڵێی چی؟. وا لەسەر قسەکەی تۆ دوو سێ ڕۆژە بەسەرچوو. دیسان وتی: قەیناکا با دوو سێ ڕۆژی کەش بمێننەوە!...

– کورە خوام کرد بەگژتا ئەم کەتنە چی بوو گێڕات؟!... هیچ کەڵکی نەبوو گەڕانەوە. بۆ نەگبەتی کردی بەتۆفێک ماڵە و ماڵ نەدەکرا. خۆ هیچ تفاقێکیش نییە بدرێ بەماڵات، ئاژاڵ هەموو قڕی کرد!!...

***

سەرت نەیەشێنم بەدوو سێ ڕۆژ، دوو سێ ڕۆژی تری مارف کاتێ خەبەرمان بووەوە کوێستانمان لێ گیرا تازە ڕێ نەما!. هەموو مەڕوماڵاتمان لەبەر بێ لەوەڕی قڕی کرد و کەوتینە سەر ساجی عەلی!. هەروا لە بیرمە دایکم چاوی بەمەجۆل کەوتەوە، وتی: ها، مەجۆل «شەپە» گەیشتۆتە کوێ؟. وتی:

«خانم! قولەفیسکە و ملەفیسکەی گشت لە فکر چوگەسەوە. ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار، ئەمەش کەتنی مارف!».

منیش ئەو وەختە منداڵێ بووم، خۆت دەزانی کوردایەتی هەر هۆشی بەلای کەشک و سیرێژەوەیە. ڕۆژێکیان وتم: دایە کەشک دەخۆم. وتی: کەشکت لە کوێ بۆ بێنم!، مارف گیان هێشتی ئیمساڵ کەشکمان ببێت؟!. وتم مارف بۆچی؟. وتی نەیهێشت بچین بۆ کوێستان!. وتم بۆچی نەیهێشت؟. وتی: هەیهوو، تۆ زۆر لەسەر شت ئەڕۆی باوانت شێوی، چەپۆکێکی ماڵی بەسەرما دەستم کرد بەگریان ئیتر هەر نەمبڕیەوە!.

کتوپڕ «لالە، رەمە-م» کردی بەژوورا. وتی ئەوە ئەو کورە بۆ دەگری؟. دایکم وتی: چوزانم

سەرەخۆرە داوای کەشکم لێ دەکا. منیش وتم کەشکت لە کوێ بۆ بێنم؟. بۆچی مارف هێشتی ئیمسال کەشکمان ببێت!. ئێستە دەڵێ ئەو بۆچی نەیهێشت؟!. تەماشاکە، تۆ دەڵێی سەرەقلیانێکیت کارت چییە بەسەر ئەم قسانەوە!!...

لالەیشم وتی بەڕاست ئەوە فاتە ئیمسال مارف ئەو کەتنەی بۆ گێڕا؟!. ئەرێ فاتە! بەڕاست تۆ لێت نەپرسی؟... ئەویش وتی: بەرێ وەڵڵا، بەڵام لەبەر نووزە نووزی ئەم سەرەخۆرەیە بۆچ پیاو دەتوانێ قسە بکا؟!.

ئیتر لالەم پەلی گرتم و خستمیە کۆشی خۆیەوە و وتی مەگری گیان لالەی، ژیری کردمەوە. ئینجا دایکم دەستی کرد بەقسەکردن بۆی و منیش وا گوێم داوەتێ، وتی: مارف وتی:

ئەوی ڕاستی بێ خانم هەر گەلێ لە پێش وادەدا «حاجی قادری روغزایی» ناردی بەشوێنما. لەم خێڵەدا منی لە هەموو کەس خۆشتر دەوێ. کە چووم لە ژێر دەوارەکەی خۆیانا لە گوێ ئاگردانەکە دانیشتبوو «قەننە»کەی بەدەستەوە بوو هێشتا داینەگیرانبوو. منیش پەلاماری مەقاشەکەم دا و کەڵە پشکۆیەکم هەڵگرت و خستمە سەر قەننەکە بۆی. دوو سێ نەفەسی لێ دا و وتی بەخوا مارف هەر تۆ دەزانی ئەم قەننەی منە پشکۆی چۆنی دەوێ!. کە تۆ لێرە نەبی من لەزەت لە قەننە نابینم!.

نەختێکی تری پێ چوو ئینجا وتی مارف بچۆ جاڕ بدە بەخێڵەکەدا هەر لە پێشەوە خۆیان ڕێکخەن ئیمسال زوو دەچن بۆ کوێستان، خۆیشت دەزانی «حاجی قادر» جڵەوی هەموو خێڵەکانی بەدەستەوەیە و پووشانەی هەموویان وەردەگرێ، کەسمان ناتوانین قسە لە قسەیا بکەین!. هەتا دوا جاری ئەوە بوو «ڕۆستەمی بەکر» و «هۆمەری وەیسە» و «عوسەی خەجە» و «خلەی شەریفی» ناردە ئەوێ.

وتم جا ئەمە چی تێدایە بۆ ئەو؟. خۆ ئەم خێڵانە هەموو دەبێ پووشانەی خۆیان هەر بەو بدەن، ئیتر ڕۆستەم بێ و من بم تۆ بیت ئەو وشانەی خۆی هەر وەردەگرێ!.

پێی وتم خانم دووروێ لە تۆ نەتزانیگە!. ڕاستە هەموو ئەو پووشانەیە ئەدەین بەڵام ئەوە بوو سالان بەدەگمەن هی وا هەبوو کە بڵێ: حاجی ئیمسال تۆزێ ساڵەکەی بێ فەرە نەختێ لە پووشانەکەت کەم کەوە. وەیا هی وا هەبوو بڵێت: عەرز عەرزی خوایە ئێمە ئەم پووشانەیە بۆچی بدەین!. ئیمسال با ئەو قسەیە نەبێ و دەستکەوتیش گەلێ لە سالان زیاتر بێ، ئیتر مەڕوماڵاتی تۆ دەفەوتێ یا نافەوتێ ئەو بایس نییە!...

وتم جا ئەوە چۆن دەبێ؟. وتی ئێژم خانم نەتزانیگە بڕوام پێ ناکەی؟. ئەوە بوو هەموو خێڵەکە سەرگەرمی بارکردن و سێ چوار بەهار خواردن بوون، گوێت لە قسەکەی مەجۆل

نەبوو لە ژێر دەوارەکەی خۆتانا چۆن مەلای تری ڕادەگرت بۆ شەپەی کوڕی؟!.

لەناکاو حاجی ناردی بەشوێن ڕۆستەم و ئەوانا پێی وتن وا چاوتان لێیە خێڵەکە هەموو لەسەر بارکردنە؟. دیارە ئێوەش هەر لەگەڵ ئەوان دەبن. بەلام ئێستە من دەمەوێ هەر تەنها ئێوە بنێرم بۆ کوێستان. من دەتاننێرم من!. ئێوەش دەبێ پووشانەی ساڵی پار و هەر سەرەمەڕێکیش نیو هۆقە ڕۆنم بۆ بێنن - ئەمەم بۆ حەجی ئیمساڵ دەوێ، مناڵەکان زەماوەنیان کرد پارەیان بەدەستەوە نەهێشتم چەڵمە شکێنیەکەش بکەینەوە!. کە ئێوەم نارد و گەیشتنە ئەوێ ئیتر ڕێ لەوان دەگیرێ و هەمووی بۆ خۆتان دەمێنێتەوە!...

ئەوانیش وتیان باشە، چونکە چاویان لێ بوو کە خێڵ چۆن لەسەر بارکردنە؟. بەتەواوی بۆیان ساغ بووەوە کە حاجی دەیاننێرێ لەبەر ئەوە، ئەو هەرچی بڵێ ئەمان ئامادەن. جارێ خۆیان کوێستانێکی مشەئەخۆن، پارەی کفن دەستکەوێ با مردوو گۆڕ بەگۆڕ بێ!. هیچ زیانێکی بۆ خۆیان تێدا نییە، حاجیش قرەی سالانی نابێتە ڕیشەوە و زیاتریشی دەست دەکەوێ، بەبێ هەرا چەڵمەشکێنەکەش دەباتەوە!.

گوێم لێ بوو لالەم وتی: «بەسلامەتی حاجی باجی دایە حەمە جافر ئەوا ئێستە تێ گەیشتم!.».

ئەمە بیری مناڵی بوو، ئیشەکەی ئیمساڵیشیان دیارە هەر وا بووە!...

سەرچاوەکان

١- هەمیشە بەهار - نووسینی عەلائەدین سەجادی - بەغدا، ١٩٦٠.

٢- ڕشتەی مرواری - لە هەشت بەرگ - بەغدا، ١٩٨٣.

٣- مێژووی ئەدەبی کوردی - نووسینی عەلائەدین سەجادی - بەغدا، ١٩٥٢.

٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعەلائەدین سەجادی.

محەمەد تۆفیق وردی

١٣٤٤ - ١٣٩٦

محەمەد تۆفیق کە نازناوی وردییە لە ساڵی ١٣٤٤ی کۆچی لە سلێمانیدا هاتووەتە دنیاوە و دەوری سەرەتایی و ناوەندی بەهەزار ئەرک و کێشە هەر لەوێدا تەواو کردووە و لە پاشا لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و ئەوسا لەسەر کوردایەتی گیراوە و گەلێ چەرمەسەرێی دراوە و لە پاش بەربوونی ماوەیەک ئاوارەی کەژ و کێوەکان بووە و پاشان ڕووی کردووەتە هەندەران و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی و لە پاش ماوەیەک لە ساڵی ١٣٩٦ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە.

وردی بەیەکێ لە بوێژان و هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و لە ماوەی تەمەنیدا نزیکەی بیست پەڕاو و نامیلکەی بەزمانی کوردی و عەرەبی سەبارەت بەوێژە و مێژووی کورد نووسیوە و گەلێ هۆنراویشی هۆنیوەتەوە کە گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و ئەو پەڕاوانەی کە نووسیویە بریتین لە: بانگی کوردستان، دەنگی جەزایر، کەربازاڕی، گوڵی ناکام، ویستم ژن بێنم، هەندێ لە بەیت و هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی، ئەو کچەی مارەیی نەهاتووە، مامەیارەی قارەمان، سەرەتایەک لە مێژووی کورد، مەلا ئاوارەی قارەمان، حەسەن و مریەم، خانزاد و لەشکری، فۆلکلۆری کوردی، قەڵای دمدم، ناسر و مار مار(ماڵ ماڵ).

وردی ژیانی لە ئەوپەڕی دەرد و ئازار و چەرمەسەرێ و نەبوونیدا بردووەتە سەر، وە لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنج و ئازارەدا هیچ کاتێ دەستی لە خزمەتی وێژە و مێژووی کورد هەڵنەگرت و لە ماوەی تەمەنیدا توانیی گەلێ پەرتووک و نامیلکەی بایەدار بنووسێ و بەهەزار ئەرک و کێشە لە چاپیان بدا.

هەڵبەستەکانی وردی گەلێ سادە و پاراون، وەکو خۆی لە بانگی کوردستاندا دەڵێ: من لێرەدا هەندێ لە هەڵبەستەکانم خستە بەرچاو کە سادەن و بەپەناوپێچ نین، چونکە من لەسەر قوتابخانەی ڕۆمانسی نارۆم کە تەنیا وشەی بریقەدار و جوان گەرچی لە جێگەی خۆشی نەبێت، بەگرینگ دەزانن بەڵکە شێوەی هەڵبەست و نووسینی من بۆ گەلە، بۆ میلۆنەها لە کوردی سادەیە، بۆ ئەوانە کە لە بەروبوومی زانین و خوێندەواری بێ بەشن و بۆ چینی چەوساوەیە، ئەوانەش پێویستییان بەهەڵبەست و نووسینێک هەیە کە تێی بگەن.
ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم بوێژە بەرزەمان لە سەردێری: نەورۆز دێنین کە دەڵێ:

وا نەورۆزی دڵانە
فەسڵی باخ و گوڵانە
وەک بووکی سوور ڕازاوە
چ دەشت چ گوڵستانە

***

کێو وەکو قەدی لەیلا
لەنجە ئەکا لە هەر لا
بڵبڵ بۆ گوڵە شەیدا
چونکە یاری جوانە

***

کـانی زێوین دێتـه خـوار
بـۆ نـاو دۆڵ و داروبـار
وەکـو زوڵفی گـوڵ عـوزار
با رێزەش لـه سـەرانـه

***

قـومـری و قـاز و مـراوی
لەسـەر جـۆگـه و ئاوی
پۆڕی شـاپەڕ خـوناوی
ئەخـوێنی خنجـیـلانه

***

شـەیدایه سـونبـڵی سـوور
ئەڕفـێنێ دڵ دوور بەدوور
سـووسـن ئەنوێنێ سـەدجـوور
مـایـەی ژیـن و ژیـانـه

***

چ دەشـت چ سـەر نسـاران
بـەگـوڵاڵەی بـەهـاران
وەک کـوڵمی سـووری یاران
نەخـشـاوە زۆر جـوانـه

***

بـای نەسـیم دێ ناو بەناو
ئەدا لـه سـەرووی دەم ئـاو
دێتـه سـەمـا بەندکـراو
لـەم ڕۆژ و لـەو بـەیـانـه

***

بـۆنـی هـەڵاڵـه و خـاو
دڵ و هـۆشت ئـەکـەن راو
ئەبەخـشن بەکـوێر دوو چاو
وانـه و رۆزی دڵانـه

***

تریسکەی خـــۆری گـــەردوون
ئەدا لـە پەڕەی بـەیبـــــوون
وەک زێو و دوڕ و ئاڵتـــوون
تـــێـــکـــەڵاو بـــن بـــەدانـــە

***

پـەلـکـە ڕەنـگـینـەی ڕەنـگین
لـەســەر ئاســمــان و زەمین
خـــۆشـی دێنـێ چین بـەچین
وێـــنـــەی ڕەگـــی ژیـــانـــە

***

چـنـار و ســـــــپـی دارە
لەنجـــەیان گـــوڵعـــوزارە
دەنـگـی گـــــــەڵایان تـارە
نـەورۆز جـــەژن و ســـەیرانە

***

گـــۆرانـی تـاڤگەیـی شـــەنگ
لەگـەڵ خـۆری دوو سـەد ڕەنگ
لەسـەر جوانـی شـەڕە و جـەنگ
دوو دڵبـــەرن مـــەســـتـــانە

سەرچاوەکان

١- بانگی کوردستان - هۆنراوەی محەمەد تۆفیق وردی - بەغدا، ١٩٧٠.
٢- سەرەتایەک لە مێژووی کورد - نووسینی محەمەد تۆفیق وردی - بەغدا، ١٩٥٩.
٣- خانزاد و لەشکری - نووسراوی محەمەد تۆفیق وردی - بەغدا، ١٩٦٨.

کەریم شارەزا

١٣٤٨ - ...

کەریم، کوڕی مستەفای شارەزا لە ساڵی ١٣٤٨ی کۆچی لە کۆیەدا لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە بەغدا و قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایانی بەئەنجام گەیاندووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە کۆیە و بووەتە مامۆستا و لە پاشا خانەنشین کراوە.

کەریم شارەزا هەر لە تافی جوانییەوە حەزی لە وێژە کردووە و دەستی کردووەتە نووسین و گەلێ لە وتارەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەتەوە و لە هەموو کۆنگرە و سمینارەکاندا بەشداریی کردووە و تا ئێستا گەلێ نووسراوی بڵاوبوونەتەوە کە بریتین لە: ئازادی و ژیان، کۆیە و شاعیرانی، ڕێگەی دوور، ئەسیری، پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا، لە یادی گیوی موکریانیدا، سێوەی هونەرمەندی کورد، پەندی بەراوردکاری، چەپکێک لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ، نالی و زمانی یەکگرتووی کوردی، دیوانی حاجی قادری کۆیی.

کەریم شارەزا لە نووسینی پەخشانی کوردیدا شێوەیەکی سادەی بەدی هێناوە و زۆربەی نووسراوەکانی سادە و ڕەوانن و بەوشەی جوان و ساکاری کوردی نووسیونیبۆیە هەموو کەسێک حەز لە نووسراوەکانی دەکا. ئەمەش پارچە پەخشانێکی ئەم نووسەرە بەناوی جەژنی نەورۆز کە لەوەدا دەڵێ:

ساڵ گەڕایەوە، دەشت و چیا و دۆڵەکانی بووژانیەوە، سەرچاوەی قەدپاڵەکان بەناو دۆڵەکاندا کەوتنە کشان، بەفری سەر شاخە بەرزەکانمان چۆڕەی کەوتە بن، پیرە دار بەڕووەکان چرۆیان دەرکرد، مەل و باڵندەکان کەوتنە جموجۆڵی پڕ هیوا، لە هەر چوار لای وڵاتدا دەنگی چریکەی گۆرانیی جووتیارەکان و کیژۆڵەکان کێوەکانی کاس کردووە. ساڵ بەدوای ساڵا هاتووە، ساڵ بەدوای ساڵیشا هەر دێ هەتا هەتایی هەر نەورۆز تازە بووەتەوە، هەر نەورۆزیشە تازە دەبێتەوە. بەڵام چی ساڵانی تازە بووەوەی ڕابوردوو، وە چی ساڵانی نەورۆزی داهاتوو، ژیانەوەی سروشت بووە ئێستا. ئێستاکە نەورۆزی تازەیە، سروشت دڵ و دەروونی هەموو لایەکی کردووەتەوە، مەلی هیوامان لە ئاسمانی بێ پایانا بەستەی ئاواتی دەروونی گڕ تێ بەربووی بڵاو دەکاتەوە. هیوادارین ساڵانی داهاتوو دڵ و دەروونی مەلەکەی هیوامان سارێژ بێت و بەئاواتە دەروونییەکەی بگا، ئەوسا هەموو لایێ جەژنی نەورۆزی پڕ بەدڵان بکەن پێکەوە.

سەرچاوەکان
١- دیاریی نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا - نووسینی عومەر ئیبراهیم عەزیز - بەغدا، ١٩٨٩.
٢- کۆیە و شاعیرانی - نووسینی کەریم شارەزا - بەغدا، ١٩٦١.
٣- سێوەی هونەرمەندی کورد - نووسراوی کەریم شارەزا - بەغدا، ١٩٨٣.

عوبەیدوڵلای ئەیووبیان

١٣٤٩ - ...

عوبەیدوڵلای کوڕی سەید محەمەدی ئەیووبیان کە نازناوی (بڕەک)ە لە ساڵی ١٣٤٩ی کۆچی لە سابڵاخدا لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی لە سابڵاخ و ناوەندیی لە تەورێزدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە زانکۆی تەورێز و لە ڕشتەی مێژووی جوغرافیای گشتی لیسانسی وەرگرتووە و ئەوسا لە زانکۆدا ماوەتەوە و لە پاش ماوەیەک پلەی مامۆستایی پێ دراوە و پاش چەند ساڵێک خرایە ڕیزی مامۆستایانی پسپۆڕ و هەر لەو ماوەیەشدا گەلێ وتار و بەیت و چریکەی کوردیی بەچاپ گەیاند و لە گەلێ کۆبوونەوە و سمیناریشدا بەشداریی کرد و لە هەموویاندا سەبارەت بەکورد و کوردستان و مێژوو و، وێژەی کورد دوا و لە پاشا لە دەوری شاهەنشاییدا لەسەر کوردایەتی و کوردپەروەری گیرا و چەند ساڵێک لە بەندا مایەوە و پاشان ئازاد کرا و دیسان خەریکی بووژانەوە و زیندووکردنەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی بوو تا خانەنشین کرا.

مامۆستا عوبەیدوڵلا بەیەکێ لە نووسەران و وێژەوانانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و لە ماوەی تەمەنیا گەلێ وڵات و شار گەڕاوە و لەم گەڕانەیدا چاوی کەوتووەتە گەلێ لە زانایانی کورد و لەگەڵیانا سەبارەت بەکورد و وێژەی کوردی دواوە و لەم بارەوە گەلێ بیرەوەری هەیە. ئەم زانایەمان هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هۆنراو و وێژەی کوردی کردووە و لە تافی لاویدا پارچە هۆنراوێکی هۆنیوەتەوە و لە گۆڤاری نیشتمانی ئەو دەمەدا لە چاپ دراوە و تا ئێستا چەندین بەرگ پەڕتووکی بەزمانی کوردی و فارسی بڵاو کردوونەتەوە کە گەلێ گرنگ و بایبدارن.

هەندێ لە نووسراوەکانی ئەو بریتین لە: ئا و بێی کوردی، فەرهەنگی مێژوویی، ڕەوەندان، پەڕۆناسی کوردیناسی، هەوای مەیلانە، یاری کوردی، بەرەو ئازادی، ئا و بێی بەربەرەکانی نەتەوەی کورد، هەیاران چریکەی هەڵۆ و کەوی، نەورۆزنامە، واژەنامەی ئەیووبیان، کوردینە پێکەوە بۆ پێشەوە مەپرینگینەوە، کوردی هونەرە، هەتەڵەی کوردی، لێکۆڵینەوەی زمان و وێژەی کوردی، بەهاری کوردی، چریکەی مەم و زین، چریکەی خەج و سیامەند، ڕێزمانی

کوردی، چریکەی لاس و کەژاڵ، سەلاحەدینی ئەیووبی، ڕەگەزی سەفەوی، ڕۆژنەژمێری کوردی، پەنادانی ئاسکەکان، میرمیرێن، هەڵۆی ئارارات، کوڵکە زێڕینە، چەپۆک، دیوانی وەفایی، کوردستان.

نووسینەکانی مامۆستا ئەیووبیان بەیەکێ لەو کارنامە گرنگ و سەرەکییانە دادەنرێت کە لە چرۆکردن و گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیدا زۆر گرنگ بوون. ئەو لە ماوەی تەمەنیا توانیویەتی گەلێ لە لاوان پێ بگەینێ و بیانخاتە ڕێی پەراکردنی زمان و وێژەی کوردی و ئەوان هان بدا کە لە ڕێی فەرهەنگ و وێژە و زانستدا هەر لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن و ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێ و شوێنەدا دەڕوا و هەر خەریکی پەڕاو و خزمەتی وێژە و کەلەپووری نەتەوایەتییە، ئەمەش پارچە پەخشانێکی ئەم نووسەرەمان کە دەڵێ:

دەگێڕنەوە ڕێوییەکی تەژی بەدفەڕی دەشتەکی لەو نیوە نیوانەی بەری شاماتی پەیدا بوو، بەدڵ وە خۆیان نەدەگرت، بەقسەی خۆی لە بەری گەرمێنیرا هاتبوو. بەڵا وابزانم درۆی دەکرد، ئەو ڕێوییە زۆری زیانی کردبوو ماڵ نەبوو کە کەڵەبابێک، فرووجێک یا مریشکێکی لێ نەخواردبێ، هەمیشە خەریکی مڵ و مۆیە و دزی و رفەک و زیانکاری بوو ڕۆژانە هەچی بێچوو قاز و قاز و مراوی و قەلەموونەی دەگیر کەوتبا دەیڕفاند و دەیخوارد، شەوانە دەڵێ کوێخا و ڕدێن سپی و مەلای ئاوەدانی گوتیان ئەو ڕێوییە بەدفەڕە چۆن زۆری زیانی کردووە هەروا سادە نایکوژین.

دەڵێ هێنایان ڕێوییان دە نەوتی هەڵکێشا، ڕێوی بۆرە بەتەواوی شەتل و شلال بوو، جا ئەو جار سەلکە بزۆتێکیان دە کلکی خست و ئاوریان تێ بەردا و بەرەڵلایان کرد و سەگ و توڵەی ئاوەدانییان تێ بەردا و منداڵە وردکە وەبەر بەردانیان دا.

دەڵێ ڕێوییە جینگڵێکی لێ دا و دەرپەڕی، بۆی دەرچوو وەک تیری سەختە کەوانی دە خۆیەوە نووسا و خۆی گەیاندە نێو گەنم و جۆی و سەرخەرمانان و کێشەی گیا و وێنجەی... سیغارکێشێکی پێ نەچوو تەواوی وڵاتی بەخۆیەوە سووتاند.

دەڵێ ڕێوی بۆرەی گیان سەخت لەو بارەژدا ڕوونەکەوت، گورجێکی خۆی گەیاندە کانیاوی بەری چیایە و خۆی تێ هاوێژت، هەرچەند ئەو ئاورەی تێی بەربوو کوژاوە بەڵا هەر لەنێو کانیاوەکەیدا تۆپی.

یارە دەڵێ: ئەو کارەساتە وێستاش لەنێو کوردان بووەتە پەند و پینە و بەگولواژە دەیگێڕنەوە و لەمەڕ کەسێکی کە بەدفەڕی و زیانی دەکا پێی دەڵێن: ئەو دەود بابە لێمان بووەتە «کلکە نەوتینە».

***

هەی کاکی دەروێشی بیروەند مار پێی لە کلکی نەنێن پێوە نادا، ژووشک دوژمنی مارییە، گۆشتی ماری زۆر پێ خۆشە بەلاّ لە ڕاوکردنی ماریدا، تێبینیی هەیە، بەبێچووانی دەڵێ بێچوو ماری مەکوژن تا ئەویش هێلکەی مە نەخوا، لە ڕاویدا ماری لە ئاو مەکەن گوناحە، دەڵێن مار جوانپەرستە و بێچوولەی داعبایان و منداڵی ساوای خۆش دەوێ؟! ئەمن قەتم مار نەکوژتوە فیتۆی ماریم پێ خۆشە هێندێک ماری وەک زنجیری و سوجچە سوور و ڕەشە ماری سەر ئاوێم پێ جوانە، کە لە لکی داران دەهاڵێ و چاو چڕ دادەگری و وەک پیاوی بیروەند دە بیروە دەچێ! هیچ وە داعبایەکی زیانیدەر و بەدکار ناچێ!! بەلاّ بیستوومە هێندێک مار پێوە دەدەن.

وا سەخت پێوە دەدەن کە ئینسان و یا ڕێوێکی کە مار پێیەوە بدا دەیکوژێ، زۆر کەم وایە بتوانی بژی، زۆر ماریش هەن کە پێوە نادەن!

جا دەڵێ لاو کە ڕێوی، سەری کوێستانی ڕووی دە کاکی لێرەواری کرد و گوتی هەی کاکی ژیری بیروەند جا نازانم ئەتو چ لەو مارەی بکەی چاکە بەلاّ ئەوەندەت پێ بڵێم چاکە هەر چاکە جا ئەو جار ئەتۆ بۆ خۆت دەزانی؛ وە بگرم ئەتو زۆر بیروەند و چازانی کە لە هەموو کەسوکارت بریوەتەوە لەو لێرەوارەیدا لە داعبایان کەوتوویە پرسە پرسی؟

مامۆستا ئەیووبیان لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بالاّی هەیە و هۆنراوەکانی بەزمانێکی سادە هۆنیونەتەوە کە گەلێ شیرین و پاراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو کە لە سەردێڕی «کەو» هۆنیوەتەوە، وەکو دەڵێ:

کەو

کاکە کەوی لە بەندەنی
دیتم خۆش پێ دەکەنی
بەچی؟ بەکێ؟ بەمن و تۆ
بەژینی وا بێ تار و پۆ
دەیگوت ئێوە لە گەرمێن
لە کوێستانرا بۆ دەخوێن
لام وایە من بەبیرورام
گەرمێن و کوێستانی گەڕام
نەمدی کەس تەنیا سەرکەوێ
یا بەدڵێکی خۆش وەرکەوێ

هەر کەس بەتەنیا مایەوە
داویان لە ڕێگە نایەوە
بەدندۆک پێوە بوو وەک کەو
ڕۆژی ڕووناکی بوو بەشەو
یەکێ لێرە یەکێ لەوێ
ڕێک کەونەوە لە من و کەوێ
دەستێک تەنیا دەنگی نایا
منداڵێک بۆی ناکرێ کایە
بەدوو دەست چەپڵە لێ دەدرێ
بەدوو منداڵ گەمە دەکرێ
بەس بەش بەش و لێک پساو بن
بەس بێ بیر و بەش خوراوبن
ئەو نیشتمانە پیرۆزە
هەموو کاتێکی نەورۆزە
شەوی ڕۆژە ڕۆژی نەورۆزە
جێ شانازیی زۆرە بۆ هۆزە
وەک بەهەشت خەملیوە بەگوڵ
نەک دڵێک بەڵکو هەزار دڵ
ئاو بردەی ئاوو خاکییە
گیرۆدەی خاکی پاکییە
بەڵام بەداخەوە هەروا
لە ژێر چەنگی داگیرکەرا
وێرانەیە و لاڕووخاوە
ڕێک چاڵ و چۆڵە و کەلاوە
شەوی مەینەت ڕۆژی شەوە
بۆ گەل و هۆز و نەتەوە
هیوا و ئاوات و تاسەیە
ئاخ و داخ و هەناسەیە

دەس بەچاوی خەوا بینن
ڕاکەن دوژمن ڕاپەڕێنن
کاتی ڕاپەڕینە هەستن
دەست و پێی بەرهەڵست بەستن
با بەس بەستن دەست و پێتان
با بەس بگرن ڕێتان لێتان
ئامۆژگاریم لە گوێ بگرن:
نەتەوی بەکڵاوی دەگرن
لێک بن ڕێک بن دەس بەدەس دەن
شایی بەخۆ حەز لە هەست کەن
گەر هەست و قەست و مەبەستتان
ڕێک بەخت کەن بۆ کوردستان
ئەو جار دەژین بەسەربەستی
سەردەکەون بەتەردەستی
لە سارای سەوزی ئازادی
دەکەونە خۆشی و شادی

سەرچاوەکان

١- چریکەی مەم و زین - نووسراوی عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان - تەورێز، ١٣٤٠.
٢- چریکەی خەج و سیامەند - نووسینی عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان - تەورێز، ١٣٣٥.
٣- هەڵسووڕانەوە - نووسراوی عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان - مەهاباد، ١٣٥٩.
٤- کوردی هونەرە - نووسینی عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان - تاران، ١٣٤٤.
٥- هەتەڵەی کوردی - نووسراوی عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان - مەهاباد، ١٣٤١.
٦- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعوبەیدوڵڵای ئەیووبیان.

کەمال جەلال غەریب

١٣٤٩ - ...

کـەمـال کـوڕی جـەلال لە سـاڵی ١٣٤٩ی کـۆچی لە سلێـمـانـیدا لـە دایک بووە و دەورەی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شـارەدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە کۆلێجی پەروەردە لە بەغدا و بەشی زانیارییە سروشتییەکانی کیمیای تەواو کردووە و لە پاشا لە شاری مووسڵ و بەسـرا و سلێـمـانی بووەتە مـامـۆسـتـا و مـاوەیەکـیش بووەتە ئـەندامی یاریدەری کـۆڕی زانیاریی کـورد و ئێـسـتـا سـەرپەرشـتیـاری پەروەردەییە لە زانیارییـە سروشـتـییـەکانی هەولێردا.

کەمال جـەلال بەیەکێ لە وێژەوانان و نووسەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و تا ئێستا چەندین بەرگ پەرتووکی بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی نووسیون کە هەندێکیان بریتین لە: ئەتۆم لە مێژوودا، بیست پیشەسازیی کیمیاگەری، یەکەم ئادەمیزاد کە پێی نایە سەر ڕووی مانگ، فەرهەنگی زانیاری بەعەرەبی و کوردی، فەرهەنگی زانیاری بـەعەرەبی و ئینگلیزی و کوردی، فەرهەنگی زانیاریی وێنەدار، کیمیا.

مـامـۆسـتـا کـەمـال جـەلال لە مـاوەی تەمـەنیـا گـەلێ ڕاژەی زمـان و زاراوەکـانی کـوردیی کـردووە و لەم بـارەوە چەند فـەرهـەنگێکی زانیـاریی نـووسـیـون کـە ئـێـسـتـاش زۆربەی خوێندکـاران و مـامـۆسـتـایـان و نووسـەران و وێژەوانان کـەڵکین لێ وەردەگرن، چونکە ئەو وشـانەی کە لە فـەرهەنگەکانیدا هـێناونی پەیوەندییان بەگەلی کـوردەوە هەیە و ئێستـاش لە ئاخەفتن و دوواندا بـەکاردەبرێن، بۆ وێنە خۆی لە پێشـەکیی بەرگی یەکەمی فەرهـەنگەکەیدا دەڵێ:

ماوەی بیست ساڵ دەبێت کە پیشەی مامۆستایەتیم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، ئەو پیشـەیەی کە هەمیشـە هەر شانازیی پێوە دەکەم، لەو ماوەیەدا لە هەموو پۆلەکانی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکاندا وانەی زانیاریی هەمەجۆرەم وتووەتەوە، وەکو: سەرەتای زانیاری، کیمیا، زیندەوەرەکان، تەندروستی، فیزیا و... هتد. بەزۆری لە ناوچەی کوردەواریدا زۆرجار تووشی گیروگرفت هاتووم لەبەرئەوەی کە قوتابییەکانم بەباشی لە وانەکان تێ نەدەگەیشتن، چونکە وانەکـان بەزمـانی زگمـاکی خـۆیان نەبوون، وە بۆ ئەوە نـاچار دەبووم کـە بگەڕێم بەشـوێن زاراوەی زانستیدا.

لەبەرئەوەی تەمـاشـای زۆربەی ئەو فـەرهـەنگانەم کـرد کـە پەیوەندییـان هـەبوو بەزمـانی عـەرەبی یان کـوردییـەوە کـە لەوە پێش چاپ کرابوون، هەروەها پرسـیشـم بە ڕۆشنبیران و

خاوەن پیشە و پسپۆڕەکان دەکرد، لە ئەنجامدا نیمچە گەنجینەیەکم بۆ خۆم خست.

جا لەبەرئەوە بڕیارم دا کە ئەو کۆمەڵە زاراوە زانستییانە بخەمە شێوەی فەرهەنگێکەوە کەوا لە بەردەستاندایە. وشە و زاراوەی عەرەبییەکانم بەپێی جۆری زانیارییەکان جیاکردەوە و هەریەکە نیشانەی خۆیم بۆ داناوە بۆ نموونە: کیمیا، فیزیا و... هتد.

ئەگەر وشە و زاراوەی زانستیی کوردی هەبووبن بەرامبەریان دامناون، ئەگەر نەبووبن، یان وەرم گێڕاونەتە سەر کوردی بەپێی بیروڕای خۆم، یان بەچەند دێڕێک ڕوونم کردوونەتەوە، یان وشە و زاراوە لاتینییەکانم بۆ داناونەتەوە و خستوومنەتە ناو دوو کەوانەوە، من وای دانانێم کە ئەم کردارەم لە هەموو ڕوویەکەوە تەواوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، چونکە کرداری هیچ مرۆڤێک بەتەنیا، تەواو نییە، وە لە کەموکوڕی بەدەر نییە، جگە لەوەی کە دەریای زانیاری هەرگیز لە بن نایێت.

سەرچاوەکان

١- فەرهەنگی زانیاری - دانراوی کەمال جەلال غەریب - سلێمانی، ١٩٧٤.

٢- فەرهەنگی زانیاریی وێنەدار - نووسینی کەمال جەلال غەریب - بەغدا، ١٩٧٥.

د. مارف خەزنەدار

١٣٥٠ - ...

مارف، کوڕی قادر ئاغای خەزنەدار لە ساڵی ١٣٥٠ی کۆچی لە هەولێر لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر و کەرکووک تەواو کردووە و پاشان لە دێی عەوێنەی دەشتی هەولێر بووەتە مامۆستا و ئەوسا چووەتە بەغدا و خوێندنی زمان و وێژەی عەرەبیی لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدادا تەواو کردووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە سۆڤیەت و لە زانکۆی لیننگرادا دوکتۆرای وێژەی کوردیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بەغدا و لە زانکۆی بەغدا بووەتە مامۆستا و خەریکی وانەوتنەوە بووە.

د. مارف بەیەکێ لە نووسەرانێ کورد دێتە ئەژمار و گەلێ ڕاژەی زمان و وێژەی کوردیی کردووە و تا ئێستا چەندین پەڕتووکی سەبارەت بەوێژە و زمانی کوردی نووسیون کە هەندێکیان بریتین لە: دەستووری زمانی عەرەبی بەکوردی، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، عەبدوڵڵا بەگی میسباح، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، نالی لە دەفتەری نەمریدا، بووکە شووشە. هەروەها گەلێ وتاری بەنرخیشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەچاپ گەیاندوون و شارەزایی زمانەکانی کوردی و فارسی و

عەرەبی و تورکی و ڕووسی و ئینگلیزییە و گەلێ نامیلکەشی بەو زمانانە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

د. مارف لە نووسینی چیرۆکیشدا دەستێکی بالآی هەیە و تا ئێستا چەند چیرۆکی بەناوی ئەڵمان کوردی و بووکە شووشە نووسیوە کە قارەمانی چیرۆکەکانی لە کۆمەڵگای کوردەوارییەوە هەڵبژاردووە و دەرد و ڕەنجی ئەوانی پیشان داوە و مەبەستی ئەوە بووە کە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری دەربخا. ئەوا لێرەدا پارچە پەخشانێکی ئەم نووسەرە لە سەردێڕی مارەیی فرشتەی بەهەشت دێنین کە دەڵێ:

ئێواران لە پاش نوێژی عەسر دەستەیەک ڕیش سپی و مەلا و فەقێیانی قەرەداغ لە بناری گردێک کۆڕیان دەبەست، لە لایەکەوە مزگەوتیان لێوە دیار بوو، لە دووریشەوە ڕێگەی کانیی ژنان دەبینرا.

فەقێ خدری شارەزووری وەکو هەموو جارێک لەو کۆڕەدا بەشدار بوو، چونکە ماوەی نێوان نوێژی عەسر و بانگی شێوان یا لە کۆبوونەوەکانی مزگەوتەکەی خۆی دەبوو، یا دەچووە کۆڕەکانی لای گردەکە.

لە کۆبوونەوەیەکی دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەردا بەڕاستی دڵی فەقێ خدریان شکاند بوو، مەسەلە باس و خواسی حەبیبە و دڵ و دڵداری بوو، یەکێک وتبووی:

– ئەوا باوکی حەبیبە ئەمری خوای کرد، بەڵام تۆ چی دەکەی بەمارەیی؟

یەکێکی تر هەڵی دابوویێ:

– باشە تۆ ئەوەندە حەبیبەت خۆش دەوێ، ئەگەر بیهێنی لەسەر لباد دەینوێنی؟

سێیەم، شەکری شکاندبوو:

– باوکم دەبێ تۆ ماڵت ببێ ئەوجا بیر لە ژنهێنان بکەیەوە.

فەقێ خدر بەڕێکوپێکی و زمانێکی پاراو نەیتوانیبوو وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە بداتەوە و بیروڕای خۆی بەخەڵکەکە بسەلمێنێ، چونکە پرسیارەکان بۆ سەردەمێکی وەکو ئەو کاتە ڕاست و ماقووڵ بوون، دیارە کەسیش نییە ئەو هەستە گیانییانەی فەقێ خدر بەپوولێک بکڕێ، بەتایبەتی ئەگەر بەقسە بیگێڕێتەوە نەک بەشیعر، لەبەرئەوە بوو هەموو ڕووداوێکی گرنگ ئەگەر کاری لە فەقێ خدر بکردایە مانا و وێنە و خەیاڵ لە مێشکیدا دەکولا، بەقسە نەیدەتوانی دەریبڕێ، لەبەرئەوە بوو وەڵامی دوا دەخست بۆ ئەوەی ئەم تاقیکردنەوە زیندووە ببێ بەپارچە شیعرێک و لە دوایی بڵاو بکرێتەوە. خەڵکی زۆر سەیر و نەفامن، بەفەقێ خدر دەڵێن:

کابرا تۆ بابایەکی شارەزووری لە داری دونیادا هیچت نییە لە پارچە حەسیرێک زیاتر لە

کونجێکی حوجرەی مزگەوت، باوکی حەبیبە تا مرد بەوە ڕازی نەبوو کە کچی خۆی بەتۆ بدا، لەمەدا ناهەقی نەبوو، ئێستاش ڕاستە تۆ حەبیبەت دەوێ، حەبیبەش تۆی دەوێ، بەڵام ئایا ئەم حەبیبەیە ژوورێک و دۆشەگ و سەرینێک و ئاگردان و قاپوقاچاغێک و تەنوور و دیزە و گۆزەیەک و کەوا و کراسێکی ناوێ؟!.

هەیهوو! هەیهوو! ئەم خەڵکە لە هیچ ناگەن، ژووری چی و ئاگردان و قاپوقاچاغی چی؟ ئەمە مەسەلەی دڵداری و خۆشەویستییە!

ئەو ئێوارەیە فەقێ خدر گوشاد و دڵشاد و دەم بەپێکەنین و زەردەخەنە بوو، وای دەزانی تۆڵەی خۆی لە قسەکانی ئەو خەڵکە کردووەتەوە بەو پێنج دێڕە غەزەلەی کە لە باغەڵیەتی. پرسیاری هەرە درشتی خەڵکەکە ئەوە بوو: ئەوا حەبیبە بوو بەحەلاڵت بەڵام لە کوێی دادەنێی؟

فەقێ خدر سڵاوی لە کۆڕەکە کرد و وەکو هەموو جارێک دانیشت و بەشداریی گفتوگۆ و دەمەتەقێی کرد، دیار بوو خەڵکەکە قسەی دانیشتنەکەی پێشوویان لەبیرچووبووەوە لە بابەت دڵداریی حەبیبە و فەقێ خدرەوە، نەیاندەزانی مێشک و دەروونی نالیی شاعیر هەر خەریکی وەڵامی ئەم پرسیارە بێ مانایە بوو: ئەوا حەبیبەت هێنا بەڵام لە کوێی دادەنێی؟

فەقێ خدر خودا خودای ئەوەی بوو، باس بێتەوە سەر حەبیبە، بەڵام هیوایەکی بێ سوود بوو و شەپۆلی قسە لە زەریای بێ پایانی جیهانی حەبیبەی خۆشەویست دوور دەکەوتەوە، هەرچۆنێ بێ لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ خەڵکەکە هەر بێنەوە سەر شیعرەکانی نالی، کە باس لە شیعری نالی بکرێ، دەبێ باسی حەبیبەش بکرێ، کۆڕێک نالیی تێدا بێ، چۆن دەبێ باسی حەبیبەی لێ نەکرێ!

فەقێ خدر شیعری خۆی بۆ خەڵکی نەدەخوێندەوە، دوور نییە لەسەر ئەو باوەڕە بووبێ کە کەم کەس هەیە لە شیعرەکانی بگەن، هەر لەبەرئەوەش بوو هەموو ئەو کەسانەی فەقێ خدریان دەناسی داوای شیعر خوێندنەوەیان لێ نەدەکرد، جا یا لەبەرئەوەی فەقێ خدر حەزی بەمە نەدەکرد، وە یاخود لەبەرئەوەی خەڵکەکە لە شیعرەکان نەدەگەیشتن.

ئەو ڕۆژە فەقێ خدر ئامادە بوو شیعریان بۆ بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی قسەکانی ئەو ڕۆژەیان بداتەوە کە دەیانوت: ئەوا حەبیبەت هێنا بەڵام لە کوێی دادەنێی؟

بەلای خەڵکەوە ڕووداوێکی سەیر بوو کە فەقێ خدر پارچە کاغەزێک یا دەفتەری بەیازێک لە باغەڵی دەربێنێ و شیعریان بۆ بخوێنێتەوە:

جەنابی وەک جینان کردم بەمەئوا

حەبیبەی ماڵیاوا ماڵی ئاوا

جەلالی بێ نیکاحی حووری عینم

بەجووتێ نازیری شەرع و فەتاوا

زەفافەتگاهی پەردەی ئالی چاوم

موبارەک حەجلەیە بۆ بووک و زاوا

سەداق و ڕوونەما و وەسڵی شاهید

لەگەڵ شاییکەران بێ دەنگ و داوا

ویسالی بێ کەم و کەیفی حوزووری

لە (نالی) گەر دەپرسی یەعنی ئاوا

هەندێ لە دانیشتووان هیچی لێ تێ نەگەیشتن و تەقەی سەریان دەهات، هی واش هەبوو وای دەزانی تێی گەیشتووە، هەندێکیش لەوانەیە تا ڕادەیەک لە مەبەسەکانی شاعیر گەیشتبن.

نەخوێندەوارانی سەردەمی نالی ناهەقیان نەبوو کە لەم شیعرە نەگەن، چونکە بەڕاستی بۆ نەخوێندەوار نەوتراوە، بەڵام بۆچ خوێندەواری هاوچەرخی ئێمە لەم نالییە ناگەن؟ پێم وایە ئەمانەش ناهەقیان نییە، چونکە ئەو هەوایەی کە نالی شیعری پێ وتووە هی سەردەمی خۆیەتی و ئێستا باوی نەماوە. دەبێ ئەوەش بزانرێ کە بۆ سەردەمی خۆشی لە چاو شیعری شاعیرانی تر هەر قورس بووە، خوێندەواری کوردیش هەڵێکی وای دەست نەکەوتووە وەکو خوێندەواری نەتەوەکانی تر، فێری هەوای ئەو سەردەمە کۆنە ببێ، بۆ ئەوەی چێژ و زەوق لەم جیهانە هونەرییە نەمرەی نالی وەربگرێ. نامەوێ مەتحی ئێمەمانان «خۆمان» بکەم لەم لایەنەوە کە لە نالی دەگەین چونکە کەرەستە لە ژێر دەستی ئێمەش نەبووە، یا ڕاستتر هەر کەرەسە نەبووە! بەڵام باوەڕ ناکەم بەرهەمی وا هەبێ لە کلاسیکی فارس و عەرەب و تورک و نەتەوەی تری خاوەن غەزەل لە شیعردا بەداخراوی مابێتەوە.

ئەیسە! با واز لەمە بهێنین و زیاتر برینمان نەکوڵێتەوە و لە دونیای نالی نەچینە دەرەوە، چونکە خۆی وتوویەتی نابێ مانای خراپ لە شیعرەکانی بدەین، دەنا لە گۆڕیشدا دڵی هەر دەڕەنجێ!

نالی دەڵێ: حەبیبە دڵی منی هەڵبژارد و کردی بەماڵ و جێنشین و مەڵبەند و هێلانەی خۆی، دیارە کە بچێتە ناو دڵمەوە دەیکا بەبەهەشت، کە دڵم ببێ بەبەهەشت خۆشی دەبێ بەحووری، ژن ئەگەر لە بەهەشتدا بێ دەبێ بەحووری... یاخودا ماڵی حەبیبە بۆ ئەم کارەی ئاوەدان بێ «ماڵی ئاوا» دەشێ ئەمانە بن.

١- یەکەمیان «ماڵیاوا» بێ کە دەڵێن ناوی ئەو گوندەیە کە لە نزیک قەرەداغەوەیە و حەبیبە

خەڵکی ئەوێیە و لەوێش لە دایک بووە، دیارە ئەویتریشیان «ماڵی ئاوەدان بێ»یە، هەندێ کەس دەڵێن ناوی گوندی حەبیبە «ماڵیاوا» نەبووە بەڵکو «ئالیاوا» بووە، هی تریش دەڵێن «سالیاوا» بووە، هەر کامەیەکیان بێ، گرنگ نییە چونکە شیعرەکەی پێ لەنگ نابێ، بەڵام «ماڵیاوا» بێ، بۆ ئێمە باشترە، چونکە جیناسێکی تەواو دروست دەکا.

٢- ماڵی حەبیبە ئاوەدان بێ بۆ تەئکید دووبارە کراوەتەوە.

٣- یەکێک لەو «ماڵی ئاوا»یانە دەبێ پێوەندیی بەئەندامی مێیینەی حەبیبەوە بێ. لە کوردیدا «ماڵ» بەم مانایە هاتووە.

واتە ئەندامی ناسک و جوانی مێیینەی حەبیبە با هەر ئاوەدان بێ، با کراوە و والا بێ بۆ لەززەت و زەوق و خۆشی. ئەمە لە نالییەوە دوور نییە، وەسفی ئەندامی مەستوورەی ئەوەندە بەرزە لە ڕووی هونەرییەوە باوەڕ ناکەم هیچ شاعیرێک دەرکی پێ کردبێ، ئەم ژنە ئەگەر جوانیش نەبووبێ نالی وای لێ کردووە پیاو خەونی پێوە ببینێ.

نالی دەڵێ کە ناو دڵی من ببێ بەبەهەشت و حەبیبە بەحووری هێن دیارە دەبێ بەحەڵاڵم، واتە ژنی شەرعیی منە با بێ نیکاح بێ و مارە نەکرا بێ، چونکە حووریی بەهەشت مارە ناکرێن و حەڵاڵی پیاویشن، یاخود من حەڵاڵی حەبیبە بم، واتە من مێردی حەڵاڵی حەبیبەم کە حووری عینە.

لە کوێ حەبیبەی بووک دەڕازێننەوە؟ بۆ کوێ بەبووکی دەبەن؟ کامە ژوور و پەردەی بۆ ئامادە کراوە؟

نالی دەڵێ: قەپێلکی چاوم ژووری ڕازاوەیە بۆ بووک و زاوا، وە ئەو تارمایییە سوورە خوێناوییەی لە ناو چاومدایە پەردەی بووک و زاوایە. مارەیی و دیاری و شاباش و بەخشیش و ئاهەنگ و زەماوەندیش هەیە، بەڵام کپ و بێ دەنگە. سەرانسەری ئەم غەزەلە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە ناو جیهانێکی بەرزی شیعری ئەو سەردەمەدا دەرچووە، بەڵام وێنەی کوردانەی ڕەسەنی ئەوتۆی تێدایە نالی دەکا بەکوردێکی بێ گەرد.

لەم دوو دێڕە شیعرەدا، لە نیوەی دێڕی یەکەمیاندا دەڵێ:

سەداق و ڕوونەما و وەسڵی شاهید

و

ویساڵی بێ کەم و کەیفی حوزووری

ئەم وێنانە گەلێ گشتین، زۆرتریش ڕەسەنن، بەڵام شاعیر هەر لەم هونەرە گشتییەوە چووە بۆ وێنەی سادەی میللی کوردانەی وا بەرزی وەکو:

لەگەڵ شاییکەران بێ دەنگ و داوا

و

لە (نالی) گەر دەپرسی یەعنی ئاوا

پیاو نازانێ کامەیان ئەویتری بەرز کردووەتەوە، وێنە گشتییە ڕەسەنەکە، یا وێنە کوردییە سادەکە؟!

لە لای خەڵکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو، ژیان بریتییە لە پارە و ماڵ و جلوبەرگی جوان و خواردەمەنیی بەتام، ئنجا خشڵ و زێڕ و جەواهیر و بەرگی مەخمەڵ و ئاوریشم و سەرا و پەردەی مینابەند، بەڵام هێشتا بووکیش دیاری نەکراوە! بووکی نالی لەمانە نییە، پێوەندیی بەجیهانی ماددییەوە نییە. لەبەرئەوەیە ئەم پرسیارە بێ مانایە: ئەوا حەبیبەت هێنا، بەڵام لە کوێی دادەنێی؟ دەبێ بەنالی نەوترێ، چونکە جێی حەبیبە ناخی دڵ و دەروونی نالی و قەپێلکی چاویەتی!

هەموو ئەو بووک و زاوایانە دەمرن، بەڵام ئەم قسانەی بۆ «بووک و زاوایەتیی حەبیبە و نالی» هۆنراونەتەوە نەمرن و هەتا هەتایە دەمێنن.

سەرچاوەکان

١- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە - نووسینی د. مارف خەزنەدار - بەغدا، ١٩٨٤.
٢- نالی لە دەفتەری نەمریدا - نووسینی د. مارف خەزنەدار - بەغدا، ١٩٨١.
٣- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا - نووسراوی د. مارف خەزنەدار - بەغدا، ١٩٦٢.

د. جەمال نەبەز

١٣٥٤ - ...

جەمال، کوڕی تۆفیق کە نازناوی زەردەشت و نەبەزە، لە ساڵی ١٣٥٤ی کۆچی لە شاری سلێمانیدا لە دایک بووە و دەورەی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارەدا خوێندووە و لە پاشا چووەتە بەغدا و لە ڕشتەی وێژەدا لیسانسی وەرگرتووە و ئەوسا ماوەیەک لە قوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک خەریکی وانە وتنەوە بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە ئەورووپا و لە زانکۆی بەرلیندا خەریکی خوێندن بووە تا دوکتۆرای وەرگرتووە و ئەوسا هەر لەوێدا خەریکی وانە وتنەوە بووە و ئێستاش هەر لەوێدایە.

مامۆستا نەبەز بەیەکێ لە زانایان و وێژەوانانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و لە ماوەی تەمەنیدا گەلێ پەڕاو و نامیلکەی نووسیون کە هەندێکیان بریتین لە: چیرۆکی گەرداوەکە،

چیرۆکی پاڵتۆ، سەرەتای جەبر، سەیرە لە کۆیە، خوێندەواری بەزمانی کوردی، نووسینی کوردی بەلاتینی، یاریکردن بەئاگر، بۆچی خراینە پشتگوێ، وەرگێڕان هونەرە، هەندێک زاراوەی زانستی، سەرەتای میکانیک و خۆماڵەکانی مادە، کوردایەتی، دۆزی کورد، زمانی نووسینی کوردی، پەندی پێشینیان، ئەفسانە و چیرۆکی کوردی، کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا، ئێزیدییەکان، میتۆلۆژیای کورد، چیرۆکی لالۆ کەریم، کوردستان و شۆڕشەکەی.

مامۆستا جەمال نەبەز چەند چیرۆکێکی نووسیون کە لە ناو ئەوانەدا دەتوانین لە چیرۆکی لالۆ کەریم ناو ببەین کە زۆر بەنرخ و بایبدارە. مامۆستا نەبەز لەم چیرۆکەدا ژیانی جووتیاران و وەرزێرانی ئەو سەردەمەمان دەخاتە پێش چاو کە چۆن ئەو ڕەشوڕووتانە کەوتوونەتە ژێر باری زۆر و ستەمی دەرەبەگ و ئاغەکانەوە کە دەیانەوێ زەویوزاری خەڵک زەوت کەن و تەنانەت مووچەخۆری دەوڵەتیش یارمەتییان دەدا. لەم چیرۆکەدا پیاوێک بەناوی کاکڵ ئاغا دەیەوێ زەویوزاری جووتیارێک زەوت بکا و بۆ ئەم مەبەستەش جووتیارێکی پیر بەناوی لالۆ کەریم کە لە دێیەکی ترەوە هاتبوو، لەوێدا نیشتەجێ بووبوو، لەبەرئەوەی خەڵکی گوندەکە ئەویان بەبێگانە دادەنا، چونکە لە قەوم و قیلەی ئەوان نەبوو، دەکاتە شایەت بۆ ئەوەی دەست بەسەر زەویوزاری ئەو جووتیارە درێژ بکاتەوە، بەلام لالۆ کەریم کە پیاوێکی دیندار و پارێزگار بوو، مل بەم کارە نادا و ئاغەش نۆکەرەکانی هان دەدا کە لالۆ کەریم ئازار بدەن و لە دێ دەریکەن کەچی جووتیارەکانی تر لە ترسی ئاغە و ملهوڕەکانی بێ دەنگ دەبن و شتێ نالێن، مامۆستای قوتابخانەی دێیەکەش کە گەلێ خزمەتی کردووەتە خەڵکەکە کەچی لەسەر لالۆ کەریم ناکاتەوە و داواشی لێ دەکا کە دەستی ئاغە ماچ کاتەوە تا لە دێیەکە دەری نەکا، بەلام لالۆ کەریم لە ڕێی خوا دەرناچێ و ئەوەی کە ڕاست بێ دەیلێ و ئاغەکە کە ئەمە دەبیسێ نۆکەرەکانی هان دەدا کە لالۆ کەریم بکوژن و ئەوانیش هەتا حەزکەی لێی دەدەن، بەجۆرێ کە تەواوی لەشی دەکەنە خوێن و ئیتر لالۆ بەکۆڵە پشتییەکەیەوە ملی ڕێی گرت و لە دێ دەرچوو خەڵکی دێیەکەش بەسەر گوێسوانەکانەوە چاویان بڕییە لالۆ هەتا وردە وردە لە چاو گوم بوو.

مامۆستا نەبەز لەم چیرۆکەدا زۆر و ستەمی چینی دەرەبەگ و بێ دەسەلاتیی جووتیاران و وەرزێرانی ولاتەکەمان پیشان دەدا و لە ڕاستەقینەدا ئەم چیرۆکە بریتییە لە زۆرانبازی و ململانێی نێوان بەشخوراو و بەشخۆر، وە یا ستەم لێکراو و ستەمکار کە هەمووی بەپێی ژیانی ڕاستەقینەی کوردەواری نووسیویە و ئەوا بەشێکی ئەم چیرۆکە دێنین کە دەڵێ:

«بەیانی گزنگی هەتاو کەوتن، هەرچی پیاوی ناوپیاوان و کوڕە کوڕەی ئاواییەکە هەبوو،

هەموو ڕوویان کردە مزگەوتی دێیەکە و لەسەر سەکۆ پانەکەی کۆڕێکیان بەست و زۆری پێ نەچوو کاکلاغا بەخۆی و دە دوانزە دەستوپێوەندی پڕ چەک و دوو ئەفەنییەکەی شەوێوە خۆیان کرد بەمزگەوتەکەدا، مەلا قادری ڕەشەخێڵ کە مەلای مزگەوتەکە بوو و، بەخزمایەتیش دەگەیشتە خێزانەکەی ئاغا، لەو کاتەدا لە هەیوانەکە قورئانی بەچەند سوختەیەک ڕەوان دەکرد، کە چاوی بەئاغا و ئەفەنییەکان کەوت هەر ئەوەندەی پێ کرا فەقێکانی بەجێ هێشت و پەلە پەلە فەقیانەکەی هەڵکرد و بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ئاغا و میوانەکان و هەر لە ڕێوە یەکێ سێ چوار بەخێرهاتنی گەرمی کردن و وتی: وەڵڵا لازمە جەنابتان ئەعفای تەقسیراتم بفەرموون کە شەوی مازی نائل نەبووم بەتەرحیبکردنتان، واستەش ئەوە بوو و بەعزێ ئەشخاس لە ئاوایی کوێرەدێ وەشدی ڕحالیان کردبوو و قدوومیان هێنا بوو بۆ تەوجیهی چەند سوئالێکی شەرع و فەتوا، منیش موفەتەر بووم ڕەغبەتیان تەحقیق بکەم، وە ئیللا خوای موتەعال عالەمی سرولخفیاتە، مەسئەلە دیانەت نەبووایە، ئەوزاع هەر لۆنێک بووایە موشەرەف دەبووم بەدیدارتان، ئەوەی وت و ئەمجار بانگی کردە فەقێیەکانی بۆ دۆشەک و بەڕە و وتی: ئا کوڕە ئەم مەفروشاتە قەلیلن بزانن چی لەوێیە نەقلی کەن بۆ ئێرە. کە دۆشەک و پشتی هێنرانە خزمەت، میوانەکان و هەر کەسە شوێنی گرت. هەر دانیشتن و دانیشتن ئاغا بەهەر چوار لادا کەوتە چاوگێڕان و تاوێکی چاک بەدەورپشتی خۆیا هەڵڕوانی، وەک شتێکی زۆر بەنرخی لێ گوم بووبێ و بەدوایا عەوداڵ بێ. لەپڕ بانگی کردە خەڵقەکە و وتی:

ئەوە کوا لالۆ کەریم؟ عەشامەکە نەختێک بێ دەنگ بوون، دوایی یەکێک لەولاوە هەڵی دایەوە وتی: وەخوا وا دیارە هێشتا نەهاتگە... شەوێ یەژای سەرم یەشی، ڕەنگە هەڵنەستاوێ لە خەو. ئاغا هەرکە ئەوەی بیست دەمودەست یەکێک لە مسکینەکانی ڕاسپارد و پێی وت: هەر ئێستا دەچیت بۆ ماڵی لالۆ کەریم و ئەگەر نووستبوو خەبەری دەکەیتەوە و لەگەڵ خۆت دەیهێنی خۆ ئەگەر هەڵیشسابوو و، خەریکی ئیشوکار بوو، ئەوا پێی دەڵێیت فلانە کەس دەڵێ هەر کارێکی بەدەستەوەیە فڕێی دا و هەتا پێی دەکرێ خێرا خۆی بگەیەنێتە ئێرە، ئەمەی وت و ڕوویەکی کرد بەلای ئەفەنییە چاویلکە لە چاوەکە و پێی وت: جەناب لالۆ کەریم لە کۆنەوە هەتیوی خۆمانە و بەجاز و جگەر خزمەتمان دەکا، منیش هەر لەبەرئەوەیە وا لە ئەندازەبەدەر دڵنەوایی دەکەم و هەر کاتێ وەختی کۆکردنەوەی ئاوانە و مڵکانەیی لەو زیاتر بەکەسی کەی ناسپێرم، چونکە دەستپاک و بەسەفەت و دڵسۆز و سەرڕاستە. ئەویش خوا هەڵناگرێ هەتا بڵێیت ئێمەی خۆش دەوێ و سەری لە ڕێدایە بۆمان. بەخوا بگرە جاری وا بووە سێ شەو و سێ ڕۆژ خەو لە چاوی نەکەوتووە باس

خەرمان و ڕەز و مەرەزەی بۆ کردووین... لە وەتەی گرانییەکەی پێشووە و ئەم کابرایە هاتووەتە ئێرە ئەو حەلە زەمان ڕەحمەتی باوکم بووە لەو دەمەوە هەتا ئێستا نە ڕەحمەتی و نە من هێشتان هیچمان دڵمان لێی نەیەشاوە. کە هاتووە بۆ ئێرە و پەنای بردووەتە بەر خوا لێ خۆش بوو، ئەویش پیاوانە داڵدەی داوە و زۆر حورمەتی گرتووە و هەر تەگبیر و ڕایەکی ببووایە لە پێشا دەینارد بەدوای لالۆدا منیش هەر لەسەر ئەو داو و دەزمیرە ڕۆیشتووم و دەڕۆم و، هەتا لە وزەما بووبێ یارمەتیم داوە و دەستگیرۆییم کردووە لە ڕێی خوا و گۆڕەکەی باوکما...

ئاغا لەم قسانەدا بوو کابرای قاسی هاتەوە و وتی: ئاغا وەخوا لالۆ ها لە ماڵەوە لە ناو جێگادا کەفتگە، دوور لە گوێران تای لێ هاتگە و یەژێ ناتوانم لە ئەرزا ڕاستۆوم. ئاغا کە ئەمەی بیست نەختێک ڕەنگی تێک چوو وتی: های بەخێر نەیتەوە ئاوا ئەی نەتوت فلان کەس دەڵێ بێ؟ کابرای مسکین سەری داخست و بەدەنگێکی پڕ لە شپرزەییەوە وتی: بەڵێ قوروان لە فەرمایشتەکەی جەناوتم حاڵی کرد کەچی یەژای حەرزی بکە پێڵاوەکانی ئەئێمە بان سەرم، هەر لە شەوێوە قەڵەم دەست و پێم شکاگە، ناتوانم وەپاوە بوێسم، ئەگینا هەر دەهاتمە خزمەتی.

ئاغا بەجارێ ڕووی گرژ بوو و، بەتووڕەییەوە وتی: بڕۆرەوە پێی بڵێ ئاغام دەڵێ هەر دەبێ بێت کە هات مەلا قادر ئایەتولکورسییەکی بەسەرا کووف دەکات، دەستبەجێ چاک دەبێتەوە و دوعای مەلا قادر یەکاویەکە بۆ لەرز و تا، دەبڕۆ خێراکە لەگەڵ خۆت بیهێنە، ڕاکە دەی.

سەرچاوەکان

١- لالۆ کەریم - نووسینی د. جەمال نەبەز - هەولێر، ١٩٥٦.

٢- زمانی یەکگرتووی کوردی - نووسینی د. جەمال نەبەز - ئەڵمان، ١٩٥٤.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە د. جەماڵ نەبەز.

دوکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ

١٣٥٤ - ...

عزەدین کوڕی مستەفا سەفوەت، لە ساڵی ١٣٥٤ی کۆچی لە سلێمانیدا لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە بەغدا و لە کۆلیجی وێژەدا بکالوریوسی وەرگرتووە و لە پاش ماوەیەک چووەتە مۆسکۆ و لە زانکۆی ئەو شارەدا دوکتۆرای وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانەوتنەوە بووە و پاشان چووەتە هەولێر و لە کۆلیجی ئەو شارەدا خەریکی وانەوتنەوە و لێکۆڵینەوەی وێژەیی و مێژووییە.

د. عزەدین مستەفا یەکێ لە وێژەوانان و نووسەرانی هەرەبەرزی کوردە و تا ئێستا گەلێ نووسراوی سەبارەت بەوێژە و مێژوو و، فۆلکلۆری کورد نووسیوە کە گەلێ بایەدار و بەنرخن و هەندێ لەو نووسراوانە بریتین لە: فەرهەنگۆک بۆ قوتابیان، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شیعری کوردی، دیوانی سەفوەت، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، دیوانی گۆران، لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبی فۆلکلۆری، ڕازی دووری، عەمەری جەلالی، جەژنانە، زمان و ئەدەبی کوردی، پەروەردەی ئاینی. ئەمەش پارچە پەخشانێک لەم نووسەرەمان کە لە پەڕاوی فۆلکلۆری کوردی هەڵمان بژاردووە، وەکو دەڵێ:

هەندێ لە زانایان ناوی میتۆلۆژیایان بۆ عیلمێکی تایبەتی داناوە کە لە ئەفسانە دەدوێ، بەڵام میتۆلۆژیا ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەفسانەوە بەدوای باوەڕ و ئاینی کۆن و تازەی گەلاندا دەگەڕێت و بەچاویلکەی ئەدەب ناڕوانێتە ئەفسانە. بۆیە زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی وەک مار و نیکیتین و مینۆرسکی و سمینۆڤ و ڤیلچێڤسکی و لاسکۆ، هەروەها نووسەری گەورەی کورد عەرەبی شەمۆ، بگرە ئەبۆڤیانیش، ئەفسانەیان کردووە بەکەرەستەیەک بۆ ساغکردنەوەی هەندێ بیروباوەڕی ئاینیی کۆن و تازەی کورد. ئەمانە زۆر لە وێنەی دێو و درنج و پەری و ڕۆژ و مانگ و بەرد و درەخت و هەندێ جانەوەر، بەتایبەتی لە وێنەی مار دواون لە ئەفسانەی کوردیدا. ئەفسانە لە فۆلکلۆری گەلاندا، بەشتێکی کۆن دەژمێررێ، چونکە بەرهەمی ئەو کاتەیە کە ئادەمیزاد دەستەوسان و بێ دەسەڵات ڕوو بەڕووی سروشت دەوەستا و هیچ ڕووداوێکی سروشتیی بەڕێکی بۆ لێک نەدەدرایەوە و تێی نەدەگەیشت و دەسەڵاتیشی بەسەریا نەبوو، بۆیە دەرگای بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ دەخستە سەر پشت و بەو جۆرەی کە ئەم ئەفسانانەی لێ هاتە بەرهەم، هەموو شتی لێک دەدایەوە. واتە: شێوەیەکی سادەی لێکدانەوەی ڕووداوەکانی سروشت دەخاتە بەردەست. هەندێ زانا

لایان وایە چونکە ئەم ئەفسانانە بەرهەمی سەرەتای ژیانی ئادەمیزادن، واتە سەردەمی منداڵیی ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە لە هەستی منداڵەوە نزیکن و منداڵ حەز لەم چیرۆکانە دەکەن و لە یادیان ناچێت.

گەر لە کونجی فەلسەفەوە بڕوانینە ئەفسانە، دەتوانین بەجۆرێکی هوشیاریی کۆمەڵایەتی دابنێین، هەروەک بەهەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ دەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت.

لە ئەفسانەی یۆنانییەکانی کۆندا هەر شتە خوای تایبەتی خۆی هەبوو، وەک خوای جوانی و خوای هونەر و شیعر و باران و گەلێک ڕووداوی تری سروشت. بەڵام دیمەنێکی ئەفسانەیی کۆنی یۆنان، لە ئەفسانەی گەلێک میللەتی تریشدا بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لە ئەفسانەی کوردیدا. ئەویش ئەوەیە کە ئادەمیزاد یا بڵێین مرۆڤ یا ئینسان لە ئەنجامدا خۆی قارەمانی سەرکەوتووی ئەفسانەیە. جاروبار لە ئەفسانەی کۆنی یۆناندا کێشە دەکەوێتە نێوان قارەمانی تراگیدیا و نێوان خواکانی یۆنانی خۆیانەوە. هەروەک لە تراگیدیای پرۆمیتیۆس دایە، کەوا ئەفسانەی یۆنانی بەباپیرە گەورەی ئادەمیزادی دەزانێ و لەو تراگیدیایەدا ئەفسانەکە دەڵێ، پرۆمیتیۆس پارچەیەک لە ڕۆژی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو. خاوەن بیرەکان ئەم وێنەی ڕۆژە بەدوو جۆر لێک دەدەنەوە. هەندێکیان بەو سێوەی دادەنێن کە ئاینە ئاسمانییەکان دەڵێن «ئادەم» خواردی و بەو هۆیەوە لە بەهەشت دەرکرا. هەندێک ئەم پارچە ڕۆژە بەوێنەی زانیاری دادەنێن.

سەرچاوەکان
١- فۆلکلۆری کوردی نووسینی دوکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ - بەغدا ١٩٧٠.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەدوکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ.

قادر فەتتاحی قازی

١٣٥٦ - ...

قادر فەتاح کوڕی میرزا خەلیلی قازی لە ساڵی ١٣٥٦ی کۆچی لە دێی قزڵجەی سەرێی سەر بەسابڵاخدا لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی و ناوەندیی لە سابڵاخ تەواو کردووە و پاشان چووەتە تەورێز و لە زانکۆی وێژەدا ماستەر (فەوق لیسان)ی وەرگرتووە و لە پاشا بۆ ماوەیەک لە قوتابخانەکان وانەی گوتووە و ئەوسا گوێزراوەتەوە بۆ زانکۆی تەورێز و خەریکی وانەوتنەوە بووە و ئێستاش هەر لەوێدایە.

قادر فەتاحی قازی یەکێ لە نووسەرانی کوردە و دەستێکی یەجگار باڵای هەیە لە نووسینی وتار و پەخشان و لێکۆڵینەوەی فولکلۆریدا، ئەو نووسەرێکی خاوەن بەهرەیە و بەهەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر توانیویە زۆربەی بەیتەکان کۆ بکاتەوە و وەریان بگێڕێتە سەر زمانی فارسی تا هەموو کەڵک و سوودیان لێ وەرگرن و ئەو بەرهەمانەی کە تا ئێستا لە چاپیان داون بریتین لەم بەیتانە: مێهر و وەفا، شێخ سەنعان، بارام و گوڵەندام، شۆڕ مەحموود و مەرزینگان، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، سەعید و میر سەیفەدین بەگ، لاس و خەزاڵ، کەڵ و شێر، گەلۆ، پەندی پێشینان، گۆڕستانی مەلاجامی، پەراوێز لەسەر فەرهەنگی مەهاباد، هەروەها گەلێ نووسراوی تری هەیە کە هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە.

ئەمەش پارچە پەخشانێک و چەند هۆنراوێک کە لە پەڕاوی شۆڕ مەحموود و مەرزینگان هەڵمان بژارد کە دەڵێ: هەڵکەتی و خڕناڵ بەیتبێژی مەجیدخان بوون، ئەوان هیچیان بەیتی سوڵتان ئەحمەدی بێناریان نەدەزانی، نەیانبیستبوو. مەجیدخان گوتی: دەبێ بچن لە هەر کویەکی هەیە بەیتی سوڵتان ئەحمەدی بێناریم بۆ دەست خەن. مەجیدخان بەیتی سوڵتان ئەحمەدی بێناریی لە ڕەواندزێ بیستبوو، سەت تمەن پووڵی سپی دانێ، هەڵکەتی و خڕناڵ نیازیان وابوو بچنە شارەبان. ئەی لەبەر هەناری شارەبان!.

برایمی کامەلا خەڵکی پەسوێ بوو، هەڵکەتی و خڕناڵ هاتن میوانی وی بوون، گوتیان: بۆ وەدەستخستنی بەیتی سوڵتان ئەحمەدی بێناریێ دەچین بۆ شارەبان. برایمی کامەلا گوتی: ئەنگۆ دەگەنە شارەبان خەرجی هەیە، ماندووبوونی هەیە، دوورە. وسۆ شایەر هەیە لە شنۆیە، بەیتی سوڵتان ئەحمەدی دەزانێ. وای دەزانێ ئەگەر لە شارەبانیش وای نەزانن!.

هەڵکەتی و خڕناڵ ئەگەر وایان زانی، هەستان وەڕێ کەوتن بۆ شنۆیە. لە ڕێدا پرسیاریان دەکرد لە خەڵکی، پێیان گوتن: وسۆ شایەر کچی هەیە، کوڕی نییە، جووت بەندەیە، مەزراکەی لەبن سێ بییان دایە. سێ بییان لە پشت شنۆیە، ئاوەڕۆی دێتەوە شنۆیە، ئەوە لەوێ خەریکی جووت و گایە.

هەڵکەتی و خڕناڵ هاتنە تاچیناوا، لەوێ پرسیاریان کرد. گوتیان: هاها! ئەو جووتەی لەو بەندەنەیە ئی وسۆ شایەرە. ئێکی خڕیلانەش بوو، ڕدێنیشی هەبوو هاتن لێی نزیک بوون. گوتیان:

پیاوێکی بەجەوهەری
زۆر مەرد و موزەفەری
ئاگادارت بێ خالقی بانی سەری
دیارە ڕەهبەر و تەتەری

لەبزت شیرنە، وەک گەوهەری
لە قیامەت نەبێ چاو لە بەری
قسمەتت بێ ئاوی کەوسەری
نەرمی، هەر دەڵێی فەنەری
پێم وایە تۆ وسۆ شایەری
دەڵێن بۆ میوانان پەزیرایە
کاک وسۆ ڕوو زەرد نەبی لەو دونیایە
گایەکت ڕەشە و یەکت سوورە
نێوت لە میر و بەگلەر مەنشوورە
بەیتان دەڵێی بە سەت جوورە
وسۆ شایەر گوتی:
هیچ کەس لە کوینی وی نییە
ئەو کەریمە و ئەو ڕەببیە
ئەمن دەوکەم مێهمانییە
نێویانگم بیستوون بە ئەسەحییە
ئێک خڕناڵە و ئێک هەڵکەتییە
ئەورۆ کە حاڵم بێ حاڵە
سەرم دێشێ، گەرووم تاڵە
ئەگەر دەپرسن ئەسەحییە
بەیتی سوڵتان ئەحمەدی بێناریٚ لە کنە منە بەمورەتەببیە
ئەمن مەلام ڕانامێنم
ئەو بەیتەو چاک بۆ دەخوێنم

وسۆ شایەر گوتی: شەوێ هەتا چرا نەکوژێتەوە پێو ناڵێم. جا شەوێ ئەگەر چرا کوژاوە، بەیتەکەی پێ گوتن، بەچوار شەوان بۆی تەواوکردن. ئەگەر بەیتەکە تەواو بوو لێی پرسینەوە، بیست و هەشت بەندیان لێ زیاد کردبوو و زۆریش بەڕێ و جێ لێیان زیاد کردبوو. وسۆ شایەر ئەگەر وای دی زۆری پێ خۆش بوو گوتی: هەک لە چاوی منو کەوێ!. وسۆ شایەر دوو کچی بوو نێویان زەینەب و گوڵناز بوو، پێی خۆش بوو بییان دا بەهەڵکەتی و خڕناڵ، بەڵام کچەکان قایل نەبوون.

هەڵکەتی زانیی ئەو حـــاڵە
بۆ وی نابێ ئەو قەد شمشاڵە
چاوی ڕەشـــە و لێــوی ئاڵە
چاو ئەستێرەی بن گەواڵە
جار جار کە دێتە ساماڵە
ڕێی شـێـخـان بۆی بەتاڵە

سەرچاوەکان

١- مێهر و وەفا - کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی قادر فەتاحی قازی - تەورێز، ١٣٤٥.

٢- شێخ سەنعان - کۆکردنەوە و توێژینەوەی قادر فەتاحی قازی - تەورێز، ١٣٤٦.

٣- بارام و گوڵەندام - کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی قادر فەتاحی قازی - تەورێز، ١٣٤٧.

٤- شۆڕ مەحموود و مەرزینگان - کۆکردنەوە و قادر فەتاحی قازی - تەورێز، ١٣٤٨.

٥- شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی - کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی قادر فەتاحی قازی - تەورێز، ١٣٥١.

٦- یاداشتەکانی خۆم لەسەر قادر فەتاحی قازی.

ئیبراهیم ئەحمەد

١٤٢١-١٣٣٥

ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی لە سلێمانیدا هاتووەتە جیهانەوە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە و پاشان چووەتە بەغدا و لە ڕشتەی «حقووق»دا بەکاولوریوس (لیسانس)ی وەرگرتووە و لە پاشا بووەتە فەرمانڕەوا و لە ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٤٩ بەدەرکردنی گۆڤاری، گەلاوێژ خۆی خەریک کردووە و لە نووسینی پەخشان و چیرۆکدا دەستێکی بەرز و باڵای هەیە و تا ئێستا دوو کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی کوێرەوەری و ژانی گەل چاپ و بڵاو کردووەتەوە و گەلێ بەرهەم و چیرۆکی تری لە گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە و سەرەنجام لە ساڵی ١٤٢١ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد.

ئیبراهیم ئەحمەد یەکەم نووسەری کوردە کە خەباتی چەوساوەکانی کوردی لە چیرۆکەکانیدا نووسیوە و نووسراوەکانی سەرمەشقێکە بۆ نووسەرانی ئەم سەردەمە و ژانی گەلی ئەو تا ئێستا بەچەند زمان وەرگێڕاوە و بەشاکارێکی وێژەیی دێتە ژمار. یەکێ لە چیرۆکەکانی ئەو چیرۆکی خازێیە کە لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوی کردووەتەوە. خازێ

ئافرەتێکی چەوساوەی کوردە، باوکی داویەتە شوو بە پیاوێکی پیری دێیەکی دراوسێیان و لە پاش ماوەیەک مێردەکەی ئازاری دەدا بە جۆرێ کە ژیانی لێ تاڵ دەکا و خازێ ناچار هەڵدێت و پەنا دەباتە دێیەک کە دەستی مێردەکەی پێی ناگا و لە ماڵی ئاغەیەک دەمێنێتەوە و ئاغەژنیش زۆری پێ خۆش دەبێ و دەیکاتە کارەکەری خۆی و هەتا ڕۆژێکیان بەگێک رێی دەکەوێتە ماڵی ئاغە و خازێی بەدڵدا دەچێ و گرفتاری دەبێ و ئەم ڕازە دەڵێتە ئاغەژن و ئەویش مەسەلەکە بە خازێ ڕادەگەیەنێ و خازێش دەڵێ من هێشتا مێردەکەم بەرەڵامی نەکردووە، بەڵام بەگەکە بەمە گوێ نادا و خازێ بەزۆر دەبا و دوای ساڵێک براکانی خازێ لە هەلێک دەگەڕێن کە تۆڵەی خۆیان لە خازێ بسێننەوە و هەلیان بۆ هەڵدەکەوێ و خازێ دەفڕێنن و سەری دەنێنە سەر تاوێرێک و بەردێ دەدەن بەسەریا و دوو سێ خەنجەریشی لێ دەدەن و کەلاکەکەی بەجێ دێڵن و بۆ بەیانی شوانێک بەو ناوەدا تێ دەپەڕێ و چاوی دەکەوێتە کەلاکەکە و دەبینێ کە هێشتا گیانی تیا ماوە و دوای دەرمانکردنی برینەکانی ساڵێک زیندوو دەمێنێ، بەڵام شێت و لێوە دەبێ و کەس ناناسێ و بەسواڵ و ساقە خۆی دەژێنێ.

ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە ئاڵۆزیی کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەردەخا کە چۆن زۆر و ستەم و نەزانی و نەخوێندەواری لەناو کوردا باوە و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بەسەر هەندێکی تردا زاڵن و هەر کارێکیان بوێ، بەبێ ترس دەیکەن و کەسیش نییە کە دەردی ئەم کۆمەڵە چارەسەر کا. ئەوا لێرەدا چیرۆکی خازێ دێنین وەکو دەڵێ:

هەروا لەوبەری ماڵەکەمانەوە، بەرامبەر بەشەقامەکە، ژوورێکی ڕووخاو هەبوو. وا دیاربوو پاشماوەی خانوویەکی گەورە بوو کە بەرجادە کەوتووە خاوەنی پێی نەکراوە دروستی کاتەوە. ڕۆژ نەبوو یەکدوو ڕێبوار لەبەر خۆیانەوە، یا بەیەکتر نەڵێن: «ئەوە بۆچی بەلەدییە ئەو کەلاوەیە تەخت ناکات دیمەنی شەقامەکەی ناشیرین کردووە.

بەیانییەک لە ماڵێ هاتمە دەرێ دیم کرێکاری بەسەرەوەیە خەریکن تێکی دەدەن لە دڵی خۆما گەلێکم پێ خۆش بوو کە ئەم کەلاوەیە لەبەر ماڵەکەمانا نەما کە دەتگوت دەموچاوی زەلامێکە پارچە بۆمبا نیوەی بردبێ.

یەک دوو ڕۆژ دوای ئەمە، نیوەڕۆیە دیم هەروا لەجێی ژوورە تەختکراوەکە لێفولکەیەکی شڕ گرمۆڵە کراوە چڵک و کونی وایان لێ کردبوو نەمزانی ڕەنگی چی بوو. هیچ بەبیرما نەدەهات لەو لێفە شڕە بچمە پێشەوە ئەگەر لە نزیکیەوە سەتڵێکی شکاو و گۆزەڵەیەکی لێو کەل و جامێکی قوپاوی ژەنگاویم نەدیبایە و دوو سێ زەلامی بەهەڵەداوان لێی نەچوونایە پێشەوە و یەکێکیان چمکی لێفەکەی ڕانەکێشایە و بڵێ «خازێ؟!» چمکی لێفەکە؟

بەدەستییەوە هات بەڵام دەنگ نەبوو، کابرا وتی: نەمرد بێ؟ بەئەسپایی لێفەکەی لادا. دەموچاوی دەرکەوت بەڵام چ دەموچاوێک! ناچاریشم بڵێم دەموچاو چونکە کەلەبەرێکی تیا کرایەوە و دەنگێکی کپی ساردی سوواوی لێ هاتە دەرێ وتی: توخوا لێم مەدەن! لێم مەدەن نەخۆشم! زیاتر لێی چوومە پێشەوە. وا دیاربوو ڕۆشنایی نەدەویست بۆیە دەستێکی وەکو قامیشی پەرۆ تێ پێچراوی گرت بەچاوییەوە، کە لە چاو زیاتر لە دەمی دوو برینی گۆشتەوزوون هێناوە ئەچوون. لەگەڵ دوو کابراکەدا بێ ئەوەی چ ناسیاوێکمان لە میانا بێت، وەک دیمەنی گرینەر و پڕ لە کوێرەوەریی ئەم ژنە کردبینی بە دۆستێکی دێرین، لێیان چوومە پێشەوە و پرسیم ئەم ژنە چییە! کێیە؟ کابرای پێشوویان وەرامی دامەوە و بەسەرسوڕماوی وتی: خازێ! چۆن خازێ ناناسی؟ دەبێ خەڵکی ئێرە نەبی؟ منیش بەرامبەر بەم شاڵاوەی کابرا وەکو قوتابییەک، مامۆستا لە تاوانا گرتبێتی بەشەرمێکەوە وتم:

– بەڵێ تازە هاتوومە ئێرە، بۆیە نازانم خازێ کێیە؟ کابرا وەک یەکێ لە خوای ویستبێ نەزانێکی وەکو منی دەست کەوێ بەشانازی و خۆهەڵکێشانێکی دیارەوە وتی:

– ئای برا! ئەم دەعبایەی وا ئێستە پیاو بێزی لێ ئەکاتەوە و زات ناکات هەر تەماشاشی بکات، بیست ساڵ لەمەوبەر شۆڕە ژنێ بوو ناسک و نازدار، دوو چاوی ڕەشی گەشی بەباوەش پرشنگیان لێ هەڵدەقوولا، پرشنگێکی دڵفڕێن، چاوترسێن، پیاوپسێن،... بە قاقای پێکەنینی، بەلەنجەولاری شیرینی ئەو تەلارەی ماڵی «میران بەگ»ی کردبووە بەهەشتی شادی و سەرچاوەی جوانی، گۆرانیی سەردەمی جوان و پیر، باسی ڕوومەتی ئاڵ و چاوی ڕەش و ڕەوتی پۆڕێ خازێ بوو. هەرزەکاران وەکو هەنگ بەدەوری تەلارەکەدا دەسووڕانەوە بەو هیوایەی بەتیلاییی چاو لە دوورەوە تەماشایەکی بکەن. بۆیە دەڵێم بەتیلایی چاو چونکە نەیان بوو بوێرێ لێی نزیک ببێتەوە. کابرا هەر ئەوەندە پشووی دا تاکو یادگاری کۆکردەوە ئینجا هەناسەیەکی هەڵکیشا وتی:

– «بەڵام لێم بپرسە بڵێ خازێیەکی لادێی هەژار چۆن. گەیشتە ئەم تەلارە و چی کردی بەقیبلەگای دڵی هەرزەکاران؟»

بێ ئەوەی چاوەڕوانی پرسیاری من بکات، خۆی وەرامی خۆی دایەوە وتی:

– خازێ کچۆڵەیە بوو چواردە ساڵە بەو جوانییەی باسم بۆ کردی، دایک و باوکی لەبەر دەستکورتی فرۆشتبوویان بەپیرەمێردێکی خەڵکی دێیەکی دراوسێیان بە (٣٠) لیرە شیربایی. خازێ ئەگەرچی ئەم شووکردنەی لا لە مردن ناخۆشتر دەبێ و زۆر دەگری و دەپاڕێتەوە، بەڵام دڵی ڕەقی دایک و باوکی بەزرەی لیرەی کابرا زیاتر نەرم دەبن تا دەنگی

گریانی ئەم. دەیگوێزنەوە بەڵام بۆ کوێ؟ بۆ جەهەنەم! نە شەو لە جێدا حەسانەوەیەک، نە ڕۆژ لە ماڵا حەوانەوەیەک. بۆڵە و خوتەی دش و گرمەگرمی مێرد و لێدان و تێهەڵدانی پێنج هەنەزاش لەلایە، کە هەرە بچووکەکەیان چوار ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێ.

دار و گۆشت ئاشنایەتییان نییە، بەناچاری هەڵدێ بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەچێ... بچێتەوە ماڵی باوکی؟ هەی خوانەکا گوایا کێ لە دنیای ڕوونا بەهەرزەکاری ناشتی؟ باوکی نەبوو؟ بچێتە شوێنێک دەستی مێردەکەی نەگاتێ. بەناهومێدی خۆی دەخاتە ماڵی «بایز ئاغا» کە ئەوسا دەسەڵاتیان ئەوەندە هەبوو کە مێردەکەی خازێ هەر بەخەوی شەوانیش بەبیریا نەیەت ژن لەوان بسێنێتەوە.

هەرکە ئاغاژن چاوی پێ دەکەوێت دەچێتە دڵیەوە، دەینێرێت جلی بۆ بکەن و دەیکا بەکەنیزەکی تایبەتی خۆی. چەند مانگێ وا دەژی. لەو دەمەدا «ن.» ناو، کابرایەک دەبێ بەکاربەدەستی ئێرە. زۆر دۆستی بایزئاغا دەبێ. ڕۆژێک لای ئاغاژن کەنیزە جوانەکە دەبینێ و کە لێی دەپرسێ ئەمە کێیە ئاغاژن بەبەژن و باڵای خازێدا هەڵدەدا و دەڵێ: ژنی پیاوێکی پیرەمێردە بەدیاریەوە دانەنیشتووە و هەڵهاتووە. «ن.» وا لە ئاغاژن دەگەیەنی کە خازێ چووەتە دڵیەوە.

کە ئەو ئەڕوا ئاغاژن خازێ بانگ دەکا و تێی دەگەیەنێ کەوا «ن.» بەگ زۆری پەسند کردووە ئەیەوێ بیکا بەکەیبانووی خۆی. خازێ دەست دەکا بەگریان و شین بەئاغاژن دەڵێ: «قوربان من پەنام هێناوەتە بەر ئێوە، ئەمە ڕەوای هەق نییە ئێوەش بمخەنە پاڵ زرتەبۆزێکی... بێکار. من ژنێکم مێرددار و خاوەن کەس و هەقدار.» ئاغاژن بەتوورەییەوە پێی دەڵێ: بەگ لەوانە نییە، پیاوێکی باشە. ئەمی تەنیا بۆ خزمەتی خۆی دەوێ. خۆشی بێ و ترشی بێ دەبێ هەر بچیت و ئەگەر لەوەش زیاتر لاساری بکات دەتوانێ حەپسی بکا و یا لەوەش خراپتری لێ بکات و بینێرێتە کارخانە... کچەکە ئەمە دەبیسێ، خۆی دەدا بەسەردەست و پێی ئاغاژندا و گەلێ ماچی دەکات و لێی دەپاڕێتەوە بەڵام بێ سوود دەبێ... لە دواییدا بە ئاغاژن دەڵێ: دەسا قوربان کەواتە ئیزنم بدەن بچمەوە لای مێردەکەم، خوا ماڵتان ئاواکات. ئاغاژن لەمە زۆر تووڕە دەبێ دەڵێ: باشە هەر ئێستە دەنێرم مێردە سەگبابەکەت بهێنن لەبەرچاوی خۆت حەسیرمەیدانی کەن – چارەت نییە پیسی بەدنمەک. ئا وەرن کوڕە ئەم بەیتەشەیە دەست و پێی ببەستن و شەوێ بیبەنە ماڵی ن. بەگ، لوزەندری دەکا بەژوورا و دەست دەداتە پەلی خازێی نیوە لە هۆش چوو دەیباتە دەرێ.

لە ماڵی ن. بەگ تا سێ چوار ڕۆژ کەس خۆی تێ ناگەیەنێ لە پێرەژنێ بەولاوە، کە وەکو پەپووله دەوروخولی دەدا و تاوی دڵخۆشیی دەداتەوە، تاوێ دەی ترسێنێ، دەمێ جلی جوان

و خشڵ و دیاریی بۆ دەهێنێ بەم جۆرە مانگێک دەمێنێتەوە. بەدرێژاییی ڕۆژ خازێ لە ماڵەکەدا ڕایەت، لەگەڵ پیرەژن دەبنە دۆست. خۆشی ناز و نیعمەت و تێری و خانمی ئەچێژێ. شەوێک لە دەنگی پێی زەلامێک ڕاست دەبێتەوە، ئەڕوانێ ن. بەگە بەزۆر بەخواهشت، بە هەڕەشە و بەتەماع، بەبزواندن و بە تەفرەدان خازێ لەو شەوەوە دەبێتە دۆستی ن. بەگ ساڵ و نیوێک وا مایەوە لە کڕنووش بۆکردنی پیاوماقووڵان، لە حورمەت گرتن و ماستاو ساردکردنەوەی گەورە ماڵان، لە ڕواڵەت و بەپیرەوە هاتنی خانمان، خازێ ئەوەندەی دی و ئەوەندەی بۆ کرا بڕوا ناکرێ فریشتەش بووایا بەبیریا بهاتایە کەوا لە سەرەنوێلکی نزمی و بێ شەرمیدا ئەژی.

دوای ساڵ و نیوە، ڕۆژێک فەرمان بۆ «ن.بەگ» دێ کە بچێ بۆ شوێنێکی تر، ئەویش هەرچی جلوبەرگ و خشڵ بەخازێ خۆیەوە دەبێ دەیداتێ و هەندێکیش پارەی بۆ جێ دەهێڵێ و لێ دەدا دەڕوا.

ئەمەوا، بەڵام وەنەبێ کەسوکاری خازێ بەم کردەوەیەی ڕازی بووبن تەنیا هەر دەست بەستراوی ئەوەبوون کە لەبەر ن. بەگ دەستیان نەی دەگەیشتێ کە ئەو ڕۆیشت گرێی دەستیان دەکرێتەوە، شەوێک لەناکاو دوو برای دێن هەڵی دەگرن و دەیبەنە ئەو کەژە، لەوێ سەری دەخەنە سەر تاوێرێک و بەردێک دەماڵن بەکاژەڵەی سەریا دوای ئەوە دوو سێ خەنجەریشی لێ دەدەن، لاشەکەی بەجێ دێڵن بۆ قەل و داڵ. بۆ بەیانی کابرایەکی شوان لەو نزیکانە مەڕ دەلەوەڕێنێ چاوی بەلاشەیەک دەکەوێ کە لێی دەچێتە پێشێ و دەست دەدا لە دڵی تێ دەگا هێشتا گیانی تیا ماوە. ئەیباتە دێ لە پاش ساڵێک تیمارکردن و دەرمانکردن بۆ بیولەتی و لۆمەی پسان نامرێت و لەوپەرییە ئەم دەعەجانییە دەمێنێتەوە کە لە پاش چەند ساڵێک خەڵک توانییان بیناسنەوە ئەویش بەدەموچاوانە، بەوەدا کە خۆی، چونکە شێت بووە هەر لەبەرخۆیەوە وڕێنە دەکا، ناوی ئەو کەسانە دەهێنێ کە ئەوسا ناسیونی. باسی ئەو ژیانە دەکا کە ئەوسا ڕای بواردووە. لەوساوە بەڕۆژ سواڵ دەکات و بەشەویش لە پەنا پاسارێکا سەردەنێتەوە. ئەمە پێنج ساڵ دەبێ ئەم کەلاوەیەی گرتووە بەشەو لێی دەنوێ. وا ئەویشیان ڕووخاند، ئینجا بۆیە دەبینێ خۆی و هەرچی خوا پێی داوە لەو چەقی ڕێیەدا گرمۆڵە بووە. بەسەزمانە منداڵە وردکە زۆر ئازاری دەدەن.

کابراکە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بووەوە. دڵۆپێ فرمێسک لە چاویا قەتیس مابوو. ئەوی تریان ڕووی کردە من وتی: «خوا لێی خۆش بێ لە دنیای ڕوونا سزای خۆی دی!». لێرەدا خازێ وەک دارکاری بکەن زریکانی وتی: «دەلا، دەلا، لێم مەدەن، ماڵتان کاول بێ، لێم مەدەن توخوا!».

ئیتر بڵاوەمان لێ کرد. هەموو بەزەییمان لێ دەتکا، بەڵام هەر بەزەییی ڕووت، بێ ئەوەی یەکێکمان بیریش لە ڕێیەک بکاتەوە کە نەختێ ئازاری پیری و لێقەوماوی و پەککەوتوویی ئەو کلۆڵەی پێ کەم ببێتەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی گەلێ پڕ مانا و شیرینن و هەندێکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بووەتەوە و ئەوەش دوو هۆنراوی ئەو کە دەڵێ:

مــــەژی بۆ مـــــردن بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لە زڕەی زنجــــیـــر دڵت نەلەرزێ
پێـوەند بۆ لەشــە نەوەک بۆ گـیـان

سەرچاوەکان

١- ژانی گەل، نووسینی ئیبراهیم ئەحمەد - سلێمانی، ١٩٧٣.
٢- کوێرەوەری نووسراوی ئیبراهیم ئەحمەد - - بەغدا، ١٩٥٩.
٣- نووسینی کوردی بەتیپی لاتینی، نووسینی جەمال نەبەز - بەغدا، ١٩٥٧.
٤- یادگار و هیوا، یادگاری لاوان - بەغدا، ١٩٣٣.
٥- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥، ساڵی ٦ -- بەغدا، ١٩٤٥.

عوسمان شاربازێڕی

١٣٦٠-....

عوسمان کوڕی حاجی عەلی لە ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی لە سلێمانیدا لە دایک بووە و دەوری سەرەتایی لە چوارتا دەورەی ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و پاشان بووەتە مامۆستا و خەریکی وانە وتنەوە بووە و ماوەیەکیش بووەتە مامۆستای مۆسیقا و لە پاشا خانەنشین کراوە.

عوسمان شاربازێڕی بەیەکێ لە نووسەران و هۆنەران و گۆرانیبێژانی کورد دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەیە و لە نووسینیشدا گەلێ چالاکە و هەروەها گۆرانیبێژێکی باشیشە و تا ئێستا چەندین گۆرانیی وتوون کە گەلێ لایەنگری هەین. ئەم نووسراوانەشی نووسیوە کە لە چاپ دراون: هەزار و یەک پەند، لێدوانێکی کورت لە مۆسیقا و مەقامی کوردی، بەستە و مەقام، گەوهەری یا گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک،

گەنجینەی گۆرانی کوردی، سێ کۆمەڵە هۆنراویشی بەناوی دیاری و یادگار و ئەستێرەی بەیان و کاروان بڵاو کردوونەتەوە. ئەمەش پارچە پەخشانێک لەم نووسەرە هێژایەمان کە لە پەرتووکی گەنجینەی گۆرانی کوردی هەڵمان بژاردووە، وەکو دەڵێ:

گۆرانی و مۆسیقا بەری بەهرە و بیری ئادەمیزادن، زادەی قورگ و پەنجەی مرۆڤن، کۆنترین هونەری دەروونی خەڵکن لەم سەرزەوییەدا، هۆنراوە کۆنترین لقی ئەدەبە - گۆرانیش کۆنترین بەشی فۆلکلۆرە.

بەهرەی دەنگخۆشی و مۆسیقایی خۆرسکی و خواکردە. خۆکرد نییە وزەیەکی شاراوەیە لە گیان و مێشک و قورگ و پەنجەی ئادەمیزاد دایە، هەست و هێزێکی سروشتییە بەدەگمەن لە کەسانێکدا بەدیار دەکەون، بەخۆ خەریککردن و خوێندن نییە.

گۆرانی و مۆسیقا لەگەڵ ئادەمیزاددا جووتەزا و جمکەن، ئادەمیزاد بەرلەوەی هۆنراوە یا مۆسیقای زانیبێت پەی بەگۆرانی بردووە. منداڵ هەرکە زمانی دەپژێ و دەکەوێتە گڕوگاڵ و هۆش و گۆشی دەکرێتەوە دەتوانێت برە برە ئاوازی پچڕ پچڕ بۆ خۆی بڵێت، یا لاسایی ئەو دەنگانە بکاتەوە کە گوێی لێیان دەبێت، بەڵام ناتوانێت، ئاوازی مۆسیقایی دابنێت یا مۆسیقای لێ بدات. یاخود هۆنراوە دابنێت! بەمەدا دەردەکەوێت کە گۆرانی هاوگۆ و هاودەمی ئادەمیزاد بووە، پێش هۆنراوە، مۆسیقا و گۆرانی مرۆڤی ڕێنمایی کردووە بۆ دانانی هۆنراوە و دروستکردنی ئامرازەکانی مۆسیقا، تا بەهۆی ئەو ئامرازانەوە لەرە و لۆرەی قورگی کۆک بکا و ئاوازەکەی پێ بڕازێنێتەوە.

کۆرت ڕاکس دەڵێت: گۆرانی کۆنترە و لە پێشتر، لە ئامرازەکانی مۆسیقا ئەو گەلانەی لە نزمترین پایەی شارستانی دان، خاوەنی گۆرانیی خۆیانن، بێ ئەوەی شتێک دەربارەی ئالەتی مۆسیقا بزانن. تا ئەمڕۆش بەسۆزترین ئامرازی مۆسیقا گەرووی پڕ خرۆش و سازگاری ئادەمیزادە کە مۆسیقایەکی ژێداری گیانییە. فیکە مۆسیقایەکی زارییە و چەپڵەش سەرەتای دۆزینەوەیە ڕەزمی گۆرانی و مۆسیقایە کۆنترین ئامرازە لە مۆسیقادا و ئامرازێکی گیانییە بۆ ڕاگرتنی هەوای گۆرانی و تاکت و تیمپۆی مۆسیقایی.

چریکە و قاسپە و جریوە و هاڕە و هاژە و بانگ و قریوە و حیلە و حیلکە و خونگە و تریفە و هاوار و خشپە و خوڕە و قەرە و لۆرە و ئەم دەنگانە و دەیانی تر لەم کەونە کۆنەدا و لەم زەمین و زەمانەدا لە خۆیاندا مۆسیقایەکی سروشتی بن، هەرچەند برێکیان دەنگێکی ناساز و نەشازن، بەڵام پەلگر و ڕێنوێنی مرۆڤ بوون بۆ دۆزینەوەی ساز و ئاواز و فێربوونی سەما و هەڵپەڕکێ.

سەرچاوەکان

١- دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا، نووسینی عومەر ئیبراهیم عەزیز - بەغدا ١٩٨٩.
٢- گەنجینەی گۆرانی کوردی نووسینی عوسمان شارباژێری- بەغدا ١٩٨٥.
٣- بەستە و مەقام نووسینی عوسمان شارباژێری - بەغدا ١٩٧٩.
٤- لێدوانێکی کورت لە مۆسیقا وَ مەقامی کوردی تۆژینەوەی عوسمان شارباژێری - بەغدا ١٩٧٢.

مەلا قاسمی پایگەلانی

١١٩٤ - ١٢٦١

قاسم، کوڕی عەبدولحەقی پایگەلانی، لە ساڵی ١١٩٤ی کۆچیدا لە دێی پایگەلان سەر بەژاوەڕۆی هەورامان لە دایک بووە هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و ڕەوانبێژی سەرکەوتووە و پاشان خەریکی وانەوتنەوە بووە تا لە ساڵی ١٢٦١ی کۆچی مردووە.

مەلا قاسم گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە و دیوانێکی لێ بەجێ ماوە، ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

بکەران چارم، بکەران چارم
هانا ئەی یاران بکەران چارم
چونکە پەریٚ یار من دەردەدارم
دەردم گرانەن دیارەن بیمارم
نە ئەو ڕۆژەوە جە یارم بڕیام
بە وێنەی ئاهوو پەریٚ ئەو گریام
ئینە چەن ڕۆژەن ئاوارەی دەشتم
چەنی ئاهوان ئانە نە گەشتم
نمەز چیش کەروون نە گەشت و گێڵم
پەی یار ئازیز ئاوارە و وێڵم
شەماڵ سا هانا بشۆ وە لای لەیل
واچە شێتەکەی دل نە خەما کەیل
ئیسە چون «قاسم» ئاوارەی هەردەن
نە دووریی لەیلدا هەناسە سەردەن

واتە: چارم بکەن، هانا ئەی یاران چارم بکەن، چونکە من دەردەداری یارم، دەردم گرانە و دیارە نەخۆشم، لە ئەو ڕۆژەوە کە لە یارم بڕام، وەکو ئاور بۆ ئەو گرم تێ بەربووە، ئەمە چەند ڕۆژە کە ئاوارەی دەشت و دەرم، لەگەڵ ئاسکەکاندا ئەوا لە گەڕاندام، نازانم چی بکەم ئەز لە گەشت و گێڵدام، بۆ یارە خۆشەویستەکەم ئاوارە و دەربەدەرم، شەماڵ دەسا هانا بچۆ بۆ لای یار، بڵێ شێتەکەی دڵ پڕ لە خەم و پەژارە، ئێستا وەکو «قاسم» ئاوارەی دەشت و کێوە، لە دووریی یاردا هەناسەسارده.

مەلا فەتحوڵڵای کەیفی

١٢٣٤-١٣٠٣

فەتحوڵڵای کوڕی حەسەن کە نازناوی کەیفییە لە ساڵی ١٢٣٤ی کۆچی لە کوێرە دێی جوانرۆدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا بەفەقێیەتی ڕۆیشتووەتە کۆیە و لەوێدا لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیی خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی بووە و ئەوسا لەوێوە چووەتە قوتابخانەی حاجی مەلا ئەسعەد و لەلای زانایاندا شەریعەتی ئیسلامی خوێندووە تا ودمی مەلایەتی وەرگرتووە و لەم ماوەدا چاوی کەوتووەتە شێخ ڕەزا بەیەکەوە وانەیان خوێندووە و هەندێ جاریش بەهۆنراو پەلاماری یەکتریان داوە و سەرەنجام بووەتە شەڕیان و کەیفیش کۆیە بەجێ دێڵێ و دەڕواتە هەولێر و لەوێوە دەچێتە حەلەب و لە حەلەبەوە ئەڕواتە ئەستەموول و لە ئەستەمولدا ماوەیەک خەریکی فێربوونی زمانی فەرەنسی دەبێ و ئەوسا لە باڵیۆزخانەی فەرەنسادا دادەمەزرێ و لەگەڵ ئەمیشە خەریکی وانە وتنەوە بەفەقێیان دەبێ و ئیتر بەم چەشنە ژیانی دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی دەکا.

کەیفی یەکێ لە هۆنەرانی هەڵکەوتووی کوردە و هۆنراوەکانی گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن و ئەو بەزمانەکانی فارسی و عەرەبیش هۆنراوی هۆنیوەتەوە و زۆربەی هۆنراوە کوردییەکانی بە سۆرانی و گۆرانین و ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەو کە دەڵێ:

ئەم دڵ ڕەشە بێ ڕەحمە فەرەنگێکی تەواوە
ڕەش قەلبی ڕەشە فیتنە بەچاو ناوی نراوە
قەوسی بەسپەر کردووە گرتوویە بەدەستی
سەد خەنجەری خوێنڕێژو دوو سەد تیری سواوە
زنجیری عەدالەت نیە ئەم زالمە، زوڵفە
هەر چەندە بنی بەندە بە ڕووی عەرشی خواوە

دای ناوه لەسەر موسحەفی ڕووی داوی سیاهی
لەم وەجهە بەدەست کفرەوە ئیمانی داوە
ڕەمزی دەمە ئەم نوقتە لەسەر شانەی هەنگوین
نەقشی قەدەمی میشە کە نێوێکی نەماوە
خەتی نەزەرت گرتییە ڕشتەی کەمەرت بۆچ
لەم کێوە کە وەک زێوە بە حەسرەت بەسراوە
ژێری کەمەری باسی بکەم باری گوناهە
(کەیفی) لە بن ئەم باری گوناهە ملی ناوە
کەیفی لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:
کافرە مەستە چاوەکەی غارەتی دین و دڵبەرە
پەرچەم و زوڵفە خاوەکەی بۆنی لە میسک و عەنبەرە
شکەن شکەن، گرە گرە، حەڵقەیی چین و چەمبەرە
لە چینی زوڵفی تا بەتا، خوتەن خوتەن خەتا خەتا
لە پێچی پەرچەمی هەتا نەزەر دەکەی موعەتەرە
ڕوومەتی ماهی نەخشەبی خەتی غەریبی سەر لەبی
مەتلەعی چاهی غەبغەبی خدر سەر ئابی کەوسەرە
قەدی بەڵا و ئافەتە، قامەتە یا قیامەتە
نازکەری نەزاکەتە، ئافەتی سەر ڕووی کیشوەرە
(کەیفی) لەبەر گرینی تۆ کوڵکنە مەنزڵی دڵی
سینە لە بەرگرینی تۆ کون کونە میسلی پەنجەرە

سەرچاوەکان

١- کۆیە و شاعیرانی - نووسینی کەریم شارەزا - بەغدا، ١٩٦١.
٢- شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد - نووسراوی عەلی کەمال باپیر - سلێمانی ١٩٧٣.
٣- حديقة سلطاني، تاليف محمد علي سلطاني - تهران ١٣٦٩.
٤- بەیازێکی کۆن.

مەلا محەممەد قولی کەندۆڵەیی

١١٤٩-١٠٦٥

مەلا محەممەد قولی، کوڕی ئەحمەدی کەندۆڵەیی لە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچی لە دێی کەندۆڵەی سەر بەکرماشان لە دایک بووە و لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە کرماشان و ماوەیەک لە لای زانایان ڕێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژیی خوێندووە و لەوێوە چووەتە نەجەف و خەریکی خوێندنی شەریعەتی ئیسلام بووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی تەمەنی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٤٩ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

مەلا محەممەد یەکێ لە هۆنەرانی گەورەی کوردە و ئەو دوو چیرۆکی بەناوەکانی: بارام و گوڵەندام و لەیلێ و مەجنوون هۆنیوەتەوە کە گەلێ شیرین و تەڕ و پاراون و چیرۆکی بارام و گوڵەندامەکەی وەکو خۆی دەڵێ لە فارسییەوە وەری گێڕاوەتەوە سەر زاراوەی گۆرانی کە لەم بارەوە دەڵێ:

شەرح داستان یەکسەر تەمامی
تەرجەمە کەردم وێنەی نیزامی
ڕیازەت کێشام بە دڵەی پڕ دەرد
وە نەزم کوردی ئاوەردم بە فەرد

واتە: ڕاڤەی ئەم چیرۆکەم بە تەواوی، وەکو نیزامی وەرگێڕاوە، گەلی ئەرکم لەسەری کێشاوە و بەدڵێکی پڕ لە ئێش، بەزمانی کوردی هۆنیمەوە بە هۆنراو.

بارام و گوڵەندام چیرۆکێکی کۆنی کوردییە و لەم چیرۆکەدا پادشایەک بەناوی کیشوەر لە خوا داوا دەکا کە کوڕێکی پێ ببەخشێ و بۆ ئەوە نزاکەی لە دەرگای خوادا قبووڵ بێ گەلێ زێو و زێڕ بەهەژاران دەبەخشێ و لە پاش ماوەیەک نزاکەی دێتە دی و خوا کوڕێکی پێ دەبەخشێ و ناوی دەنێ بارام و شا بارام ئەسپێرێتە دایەنێک تا بەخێوی بکا و کاتێ تەمەنی گەیشتە شەش ساڵان ناردییە قوتابخانە تا فێری زانست بێ و لە دوانزە ساڵیدا فێری هونەرەکانی شەڕ بوو و، ڕۆژێکیان چووە شکار و لە ڕێدا لەشکرەکەی جیا بووەوە و گەیشتە خانووچکەیەک و لەوێدا پیرەمێردێکی بینی و ئەو وێنەی کچێکی بەناوی گوڵەندام پێ پیشان دا و بارام کاتێ وێنەکەی بینی سەوداسەری بوو، ئەوسا لە دەشت و بیاوانەکان تێ پەڕی و ماوەیەک لەگەڵ دێوان و جانەوەرەکاندا بەشەڕ هات و سەرەنجام بەپرس و جۆ گەیشتە شاری دڵدارەکەی کەچی لەم کاتەدا پادشایەکی فەرەنگ دڵی لە گوڵەندام چوو بوو

بەلەشکرێکەوە هاتبووە وڵاتەکەی گوڵەندام بۆ ئەوەی بەزۆر بیرفێنێ، بەڵام گوڵەندام حەزی لێ نەدەکرد و ئەوە بوو بارام خۆی ئامادەی شەڕ کرد و پادشاکەی تێکشکان و کوشتی و باوکی گوڵەندام کە ئەم نەبەزییەی لە بارام دی گوڵەندامی بۆ مارەبڕی و چەند شەو و چەند ڕۆژ زەماوەنی بۆی دانا و لە پاش ماوەیەک هەردووکیان گەڕانەوە نیشتمان.

هۆنەر لە هۆنینەوەی ئەم چیرۆکەدا، لە شێوەی نیزامیی گەنجەویی پەیرەویی کردووە، وەکو لە باسی لەدایکبوونی بارامدا دەڵێ:

نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ جە مابەین ویەرد
ئاسار حەملش زاهیر ئەسەر کەرد
بە لوتف خالق بینای بێ هەمتا
بوڵبوڵێ وەناو گوڵزار کەرد صەدا
شوستشۆش کەردن وە موشک و گوڵاب
شازادەی نەجیب شای عالی جەناب
پێچاشان وە بەرگ هەزار ڕەنگەوە
توحفەی ئاوەردە ژ فەرەنگەوە
شوکر خودا کەرد پادشای کیشوەر
بەخشا وە دایان دانەی سیم و زەر
بە حەساو ڕەمڵ بە فەرموودەی عام
نام شەریفش نیان وە بارام
داشان وەدایە شازادە بارام
خدمەت کەرۆ پێش ئەو شەش ساڵ تەمام
ئەوسا سپەردش وە شەخسێ کاردان
تەعلیمش دەرۆ نە دەشت و هەردان
تەمامی کاران عیلم و سواری
پیر ئاموزیش دا مەرد دیاری

واتە: نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تێ پەڕی، دووگیانی و زکپڕی ژنی شا ئاشکرا بوو، بەمێهری داهێنەری بینای بێ هاوتا، بوڵبوڵێ لەناو گوڵزار کەوتە چریکە و نەواخوانی، بە موشک و گوڵاو شۆردیان، ئەو شازادەی ڕەسەن شای هەرە بەرز، ئەویان لە جلوبەرگی هەزار ڕەنگ پێچاوە، سەوقاتی هێنراو لە فەرەنگ، پادشای کیشوەر سپاسی خوای کرد، بەدایەنەکەی

دانەی زێو و زێڕی بەخشی، بە حەساوی ڕەمڵ و بەپێی بیروڕای خەڵک، ناوی ئەویان نا بارام، دایەنێکیان بۆی گرت و شازادە بارامیان دایە ئەو، تا شەش ساڵی ڕەبەق ئەو بەخێو بکا، لە پاشا سپاردیانە پیاوێکی کارزان، تا فێری سواری و تیرەندازیی بکا، ئەو تەواوی هونەرەکانی هەر لە سوارییەوە تا زانستی تیرهاوێژی، فێری ئەو کرد ب خەلات و دیاری.

ئەوسا بارام نامەیەکی بۆ گوڵەندام نووسی کە لەم بارەوە دەڵێ:

قەڵەم گرت وەدەست بارام کیشوەر
نویسا ئەی خوەرشید تابان ئەنوەر
ئەگەر بە غەزەب مەپێکم بە چەنگ
نییەن وەرگەردم ژەو خاڵ سێوەنگ
هیچ نمەترسوور ژ قار و قینت
عاشقم بە شەوق جام جەمینت
مەر وەختێ واچۆ نام و نیشانم
کێشۆ بە خەڵوەت بێ وە میهمانم
ئەسڵ و نەسەبم ئەگەر بزانی
منەت مەبەری تۆ بە میهمانی
گەدای بێ نیشان بێ مڵک و جاهم
پای قەسرت بییەن وە تەکیەگاهم
ئەگەر مەبەخشیم بە خاڵ سیات
حەج ئەکبەرەن پەی ڕۆژ فەردات

واتە: بارام پێنووسی گرتە دەستەوە و، نووسیی ئەی هەتاوی درەوشاوە، ئەگەر بەڕقوقین من بهێنیتە چنگ، هیچ کاتێ من لە خاڵەکانی ڕەشی تۆ ڕوو وەرناگێڕم و، لە ڕق و قاری تۆش ناترسم، من سەوداسەر و گراوی جامی تەوێڵی تۆم و، ئەگەر من ناوونیشانی خۆم بە تۆ بڵێم، تۆ من بۆ مێوانی بانگ دەکەی، ڕەسەن و ڕەگەزی من ئەگەر بزانی، حەز دەکەی تۆ من مێوانی بکەی، ئێستا گەدایەکی بێ ناوونیشانم و، لەپێی کۆشکەکەتدا ئارام ئەگرم، ئەگەر من بەخاڵی ڕەشت ئەبەخشی، حەجی گەورەیە بۆ ڕۆژی دواییت.

شەوێکیان بارام باوکی خۆی لە خەودا بینی وەکو دەڵێ:

غەریبی شاران گنا بەیادش
دیش نە خاودا کیشوەر بابش

ئەوەند ژ هیــجــران فــەرزەند گــراوا
نـوور بـیـنـایـی چـەمـــــــانش لـوا
نـالاّ بـە دەرگـــــای حـــــەی ڕەبانـی
دەلـیـلـێ ژ لای بـابـۆم بـکـیــــــانـی
بە ئـەمـر و فـەرمـان بینای بان سـەر
کـیـشـــوەر بارامش گنا بە خـــاتەر

واتە: ئاوارەی شـارەکـان کـەوتە بیـری، لە خـەودا کـیـشـوەری بابی دی، دی ئـەوەندە لە دووریی ئەو گریاوە، کە سـۆمای چاوەکانی بەجارێ ڕۆیشـتووە، نالاّندی بەدەرگای خـوای مـەزن، وتـی: خـوایا پەیکێکم لەلایەن بابمەوە بۆ بنێـری، بە فـەرمـانی خـوای بانـی سـەر، کیشوەر بارامی کەوتەوە بیر.

وتووێژی بارام و گوڵەندام وەکو دەڵێ:

گـوڵ ئەندام واتش ژ کـام مــەکـانی
بەهـرام وات هەر تۆ خـاوەن ئـەرکـانی
گوڵ ئەندام واتش وەش ئامای غەریب
بەهرام وات عـومـرت زیاد بۆ نـەجیب
گـوڵ ئەندام واتش پەی چێش ئامـانی
بـەهـرام وات تەڵەب حــــوور ڕێزوانـی
گـوڵ ئەنـدام واتش پەی کێ مـەگـێـڵـی
بەهـرام وات پەی تۆ تاقـانەی خـێـڵـی
گـــوڵ ئـەندام واتـش مـــەر نمـەترسـی
بـەهـرام وات هـەواڵ ژێـم نمـەپـرسـی
گــوڵ ئەندام واتش بەتۆ چ نســبـــەت
واتش بە غـەریب واجــبـەن غـوربەت
گـوڵ ئـەندام واتش تۆ نـامت چێـشـەن
بەهـرام وات خـۆ مـن دەروونـم ڕێشـەن
گـوڵ ئەندام واتش دیارەن هـوشـیـاری
بـەهـرام وات بـەڵـێ تـۆ پـەی مـن یاری
گـــوڵ ئـەندام واتش نمـەدت پۆشـــان
بەهرام وات پەرێت عـەشـقم خرۆشـان

گـــوڵ ئەندام لوا نیـــشـت وە باڵنێش
گـــۆش دا بە ناڵەی ســـۆز ناڵێنش

واتە: گوڵەندام وتی خەڵکی کوێی، بارام وتی هەر تۆ خاوەن پلەوپایەی، گوڵەندام وتی بەخێر بێی، بارام وتی تەمەنت زیاد بێ، گوڵەندام وتی لەبەرچی هاتی، بارام وتی بەشوێن پەرییەکدا هاتووم، گوڵەندام وتی بۆ کێ ئەگەڕی، بارام وتی بۆ تۆ کە تاقانەی خێڵی، گوڵەندام وتی مەگەر ناترسی، بارام وتی تۆ هەواڵم ناپرسی، گوڵەندام وتی ئەمە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟، بارام وتی ئاوارەیی بۆ ئاوارە پێویستە، گوڵەندام وتی تۆ ناوت چییە؟، بارام وتی خۆ من دەروونم بریندارە، گوڵەندام وتی دیارە وشیاری، بارام وتی بەڵێ تۆ بۆ من یاری، گوڵەندام وتی نەوت لەبەر کردووە، بارام وتی ئەوینم بۆ تۆ خرۆشاوە، گوڵەندام ڕۆیشت دانیشت لەسەرینیەوە، گوێی دایە ناڵەی سۆزی دەروونی.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی بارام و گوڵەندام.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بە مەلا محەمەدی کەندوڵەیی.

میرسادقی دینەوەری

١٢٨٣ - ١٣١٨

میرسادقی کوڕی مازیاری دینەوەری لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی لە دینەوەردا لە دایک بووە و لە منداڵیدا فێری قورئانی پیرۆز بووە و پاشان لەلای زانایانی ئاینی ڕێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی و پیتۆڵیی خوێندووە و لە لاویەتیدا چووەتە هەورامان و ماوەیەک لەلای زانایان وێژەی فارسیی خوێندووە و لەوێوە ڕۆیشتووەتە دێی تووت شامی و چاوی کەوتووەتە سەی براکە و ماوەیەک لەلای ماوەتەوە لە پاشا چووەتە گەڕان و گەلێ مەڵبەند و شار گەڕاوە و لەم گەڕانەدا لەگەڵ گەلێ لە هۆنەران و زانایاندا ئاشنابووە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی تەمەنی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٨٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

میرسادق یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و ئەو گەلێ هۆنراوی جوانی بەزاراوەی شیرینی گۆرانی هۆنیوەتەوە کە ئەوا لێرەدا دوو پارچە هەڵبەستی ئەو لەژێر سەر دێری: ناوی مانگەکان و ناوی ڕۆژەکان لێرەدا دێنین و لەسەریان دەکۆڵینەوە و شییان دەکەینەوە.

کوردەکان هەر لەمێژەوە ساڵیان دابەش کردبووە دوانزە مانگ و هەر مانگێکیان بەناوی

یەکێ لە فریشتەکانەوە ناونابوو و، ناوی ئەم مانگانە لە پەرتووکی ئاڤێستادا نووسراوە و زۆربەی کوردەکان هەر لە کۆنەوە ئەم ناوانەیان بەکار بردوون. میرسادقی دینەوەری ناوی ئەم دوانزە مانگەی لە پارچە هەڵبەستێکیدا هێناوە. ئەوەش دەبێ بڵێین کە جگە لەم ناوانە لەناو هۆزەکانی کوردا بۆ مانگەکانی ساڵ هەندێ ناوی تر هەیە کە ئەو ناوانە نوێنگەی وەرزەکانی ساڵ و ژیانی جانەوەرەکان و پەلەوەران و ڕووەکەکان و ڕێ و ڕەوشتی وەرزێران و کشتوکاڵ و مالاتدارین و لە ڕاستەقینەدا ڕۆژئەژمێری کوردی لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی و ئاڵوگۆڕی ئاووهەوا و ژیانی ولسات دانراوە. ناوی مانگەکـ ـن کە لەناو خەڵکدا باوە بەم جۆرەیە:

١- خاکەلێوە- کە ناوی یەکەمین مانگی کوردییە و بریتییە لە ئاڵوگۆڕی خاک و سروشت و ئەم مانگە لە مەڵبەندەکانی تری کوردستاندا بەناوی نەورۆز مانگ و دارپشکێو و بەرەجەژنان ناسراوە.

٢- بانەمەڕ- کە دووەمین مانگی بەهار و بەواتای لەوەڕگەی مەڕومالاتە و ئەم مانگە لە ناوچەکانی تری کوردستاندا گوڵان و شەستەباران و هێلانەمە و بازەبەرانی پێ دەڵێن.

٣- جۆزەردان- کە مانگی سێیەمی بەهارە و لە هەندێ شوێنی تری کوردستاندا بەم مانگە بەختەباران و باران بڕان دەوترێ.

٤- پووشپەڕ- کە ناوی یەکەمین مانگی هاوینە و لە هەندێ ناوچەی تری کوردستاندا بەم مانگە پەڕپەڕ و مرداره مانگ و تیرمە دەڵێن. ئەم مانگە وشەی ئەپەئووشەی ئاڤێستاییمان دەخاتە بیر کە بەواتای دێوی وشکییە.

٥- گەلاوێژ- کە ناوی دووەمین مانگی هاوینە و بریتییە لە ئەستێرەیەک کە ساڵێ دووجار لە ئاسماندا دەردەکەوێ و ئەم مانگە لە هەرێمەکانی تری کوردستاندا جۆخینان و میوەگەنانی پێ دەوترێ.

٦- خەرمانان- کە ناوی سێیەمین مانگی هاوینە و بەم مانگە تەباخیش دەڵێن کە بەواتای تێ و تاوی زەوییە.

٧- ڕەزبەر- کە ناوی یەکەمین مانگی پایزە و بەم مانگە مێشپەڕ و میران و باران پەڵەش دەڵێن.

٨- خەزەڵوەر- کە ناوی دووەمین مانگی پایزە و بەواتای گەلاڕێزانە و لە مەڵبەندەکانی تری کوردستانا بەم مانگە گەلاڕێزان و چریاپێشین دەڵێن.

٩- سیخوارکە- ناوی سێیەمین مانگی پایز و بەواتای زوقمە و لە هەندێ شوێنی تری کوردستانا بەم مانگە چریاپاشین و کەوبەرداریش دەڵێن.

١٠- بەفرانبار- کە ناوی یەکەمین مانگی زستانە و لە هەندێ شوێنی تری کوردستاندا بەم مانگە سەرماوەزیش دەوترێ.

١١- ریبەندان- کە ناوی دووەمین مانگی زستانە و بەم مانگەسەهۆڵ بەندانیش دەڵێن.

١٢- ڕەشەمە- کە ناوی سێیەمین مانگی زستانە و لەم مانگەدا پشیلەکان دێنە باو ئەپەڕنە سەر یەک و لە هەندێ مەڵبەندی تری کوردستاندا بەم مانگە پۆلانیش دەڵێن.

ناوی مانگەکان کە لە ڕابردوودا لەناو کوردەکاندا باو بووە، بریتین لە: (فرۆدان، ئەرتەوەهێشت، هەرۆتات، تیشتەر، ئەمرتات، شەتەروەر، میترە، ئاوان، ئاهر، دەتۆش، وەهمەن، سپەندارمەز) کە ئەوا لێرەدا لەسەریان دەکۆڵینەوە، وەکو میر سادق دەڵێ:

وەرینان واتن ساڵ دوانزە مانگەن

هەر مانگێ وێنەی ملک شەشدانگەن

واتە: پێشینان وتیان ساڵ دوانزە مانگە

وە هەر مانگێک وەکو پارچە زەویەکی شەش دانگە

کورد هەر لەمێژەوە ساڵ ناسی بوو، بەڵام دابەشکردنی ساڵ بەچوار وەرز و دوانزە مانگ دیارە لە دوای ناسینی ساڵ پێکهاتووە. لە ئاڤێستادا نووسراوە یەکەمین پەڵە زەوییەک کە ئەهوورامەزدا بەدیی هێنا ناوی ئێران وێج بوو کە ئەهریمەن لەوەدا ئەژدیهایێ سووری داهێنا و مەبەست لە ئەژدیهای سوور کێوی ئاورپژێنە و کوردەکان لە دوای ناسینی ساڵ و چوار وەرز، مانگیشیان ناسی و هەر مانگێکیان بەناوی فریشتەیەکەوە ناونا کە ناوەکانیان لە پەڕاوی ئاڤێستادا نووسراون.

هەر مانگێ پەرێ بەنەن وە بالاش

هەر پەرێ سەد ڕەنگ مەنمانۆ کالاش

واتە: هەر مانگێ پەرێ بەسەر قەد و بالایا بەند بووە

وە هەر پەرێکیش سەد ڕەنگ دەنوێنێ وەکو کالایەکی باییدارە

مانگەکان لە چاوی کوردکانەوە دیارە جوان بووە، بۆیە هۆنەر ئەوانەی بەپەلەوەر چواندووە، چونکە هەر وەرزێک داگری سێ مانگ بووە و هەر مانگێکی بریتی بووە لە سی رۆژ کە کوردەکان بۆ هەر رۆژێکی ناوێکیان داناوە و ئەو ناوانەش لە پەڕتووکی ئاڤێستادا هاتووە.

مانگ یەکەمش مای فرۆدانەن

گوڵ و وەنەوشە پڕ لە هەردانەن

واتە: مانگی یەکەمی ناوی فرۆدانە

گوڵ و وەنەوشە پڕ لە هەردو کێوانە

وشەی فرۆدان کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا فرەوەرتی و لە پەهلەویدا فەروەرتین و لە پارسی کۆندا فرەوەرتینام و لە فارسیدا فەروەردینە و ناوی یەکەمین مانگی ساڵە و هەروەها ناوی نۆزدەهەمین ڕۆژی زەردەشتییەکانە و فرەوەهەر پارێزەری مرۆ و جانەوەر و ئاو و با و ئاور و خاکە.

مـــانگ دوەمش ئەرتەوەهێشتەن

ئای ئای کوردستان وێنەی بەهەشتەن

واتە: مانگی دووەمی ناوی ئەرتەوەهێشتە

ئای ئای کوردستان وەکو بەهەشت وایە

ئەرتەوەهێشت کە دیاردی پێ کراوە لە ئاڤێستاییدا ئەشەوەهیشتەیە و لە پەهلەویدا ئەرتەوەهیشت و لە فارسیدا ئوردی بەهەشتە و ناوی مانگی دووەمی ساڵە و بەواتای باشترین ڕاستییە و لە ئاڤێستادا نووسراوە کە ئەشەوەهیشت نوێنەری ڕاستی و دروستی و پاکییە و لە جیهاندا پاسەوانی تەواوی ئاگرەکانی ڕووی زەوی بەئەو سپێرراوە.

مـانگ سێوەمش مـانگ هەرۆتاتەن

مـــانگ هەلاڵە و گـــەزیزە و واتەن

واتە: مانگی سێیەمی مانگ هەرۆتاتە

مانگی هەلاڵە سوورە و گەزیزە و بایە

وشەی هەرۆتات کە دیاردیی پێ کراوە، لە ئاڤێستادا هەئوورووەتات و لە پەهلەویدا خوردات و لە فارسیدا خوردادە و ناوی سێیەمین مانگی ساڵە و بریتییە لە یەکێ لە فریشتەکان کە بەواتای لەش ساخییە. بەپێی پەڕاوی ئاڤێستا هەرۆتات بەسەر خەڵکا فەرمانڕەوایی دەکا و ئەو دەبێتە هۆی سەوزبوونی ڕووەکەکان و میوەی دارەکان و هەر ئەو دارەکان دەپارێزێ و لەم ڕۆژەدا خەڵک ستایشی یەزدان دەکەن و جەژن دەگرن و دەپاڕێنەوە.

مـانگ چوارەمش مـانگ تیشتەرەن

کەژ و کۆ و دەشت نەی دەم وەشتەرەن

واتە: مانگی چوارەمی ناوی تیشتەرە

کەژوکێو و دەشت لەم دەمەدا خۆشترە

وشەی تیشتەر کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستاییدا تیشتریە و لە پەهلەوی و فارسیدا تیرە و ناوی چوارەمین مانگی ساڵە و هەروەها ناوی یەکێ لەو چوار ئەستێرانەیە کە کوردەکان بڕوایان پێیان بووە و ناوی یەکێ لە فریشتەکانە کە هەندێ ئەو بەفریشتەی ڕۆژی دادەنێن. بەپێی پەڕاوی ئاڤێستا ئەم فریشتە باران دەبارێنێ و خەڵک دەبێ ڕێزی بۆ دانێن و ستایشی کەن. بەپێی ئەفسانەکانی کۆن لەم ڕۆژەدا بوو کە ئەفراسیاو بەسەر خەڵکا زاڵ بوو، ئەوسا مەنووچێر هێرشی بردە سەر توورانییەکان و سەرئەنجام هاتنە سەر ئەوە کە ئارەش تیرێ بهاوێژێ و تیرەکە لە هەر کوێدا دابەزی ئەو شوێنە بکەنە سنوور و ئارەش تیرەکەی هاوێشت و لە کەناری ڕووباری ئامۆندا دابەزی و ئەوسا ئەو شوێنە بووە سنوور و پاشان ئەو ڕۆژەیان جەژن گرت کە بەجەژنی تیریگان ناسراوە.

مانگ پەنجمش مانگ ئەمرتاتەن

مانگ بێ مەرگی و کام و هاواتەن

واتە: مانگی پێنجەمی ناوی ئەمرتاتە

ئەم مانگە مانگی بێ مەرگی و هیوا و ئاواتە

ئەمرتات کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستایی و پەهلەویدا ئەمرتاتە و لە فارسیدا مورداده و ناوی یەکێ لە فریشتەکانە کە پارێزەری گیا و ڕووەکەکانە و لەم ڕۆژەدا خەڵک جەژن دەگرن و بەم جەژنە لیلووپەڕ دەڵێن. ئەبووڕێحانی بیروونی دەڵێ: ئەمرتات فریشتەیەکە کە جیهان و خواردەمەنی و دەوا گیاییەکان دەپارێزێ بۆیە خەڵک ستایشی دەکەن.

مانگ شەشەمش مانگ شەتەروەرەن

مانگ هەسارە و ئافتاو و وەرەن

واتە: مانگی شەشەمی مانگی شەتەروەرە

مانگی ئەستێرە و هەتاو و خۆرە

وشەی شەتەروەر کە دیاردیی پێ کراوە لە زمانی ئاڤێستاییدا خشەترە وە ئیریەیە و لە پەهلەویدا شەترەوەرە و لە فارسیدا شاریوەرە و ناوی شەشەمین مانگی ساڵ و یەکێ لە فریشتەکانە کە پارێزەری ئاورە. ئەبووڕێحانی بیروونی دەڵێ: ڕۆژی چوارەمی شاریوەر خەڵک جەژن دەگرن و شاریوەر یەکێ لە فرێشتەکانە کە پارێزەری زێڕ و زێو و ئەردزینە.

مانگ هەفتەمش هەر مانگ میترەن

مانگ شایی و وەشی و براتی و مێهرەن

واتە: مانگی حەوتەمی هەر مانگی میترەیە

مانگی شایی و خۆشی و برایی و خۆشەویستییە

وشەی میترە کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستایی و لە پەهلەویدا میترەیە و لە فارسیدا مێهرە و حەوتەمین مانگی ساڵە و ناوی یەکێ لە فریشتەکانە. لە ئاڤێستادا ئەم فریشتە بەیەکێ لە گەورەترین فریشتەکان دێتە ژمار و لە بەردە نووسراوەکانی هەخامەنشیشدا بەم فریشتە دیاردی کراوە. میترە سامان و دارایی بەخەڵک دەبەخشی و بنەماڵەکان شاد دەکا و خان و مانی دوژمنەکان خاپوور دەکا و بەیارانی پاداشت دەبەخشێ و نەیاران و تاوانباران دەگەینێتە سزای خۆیان.

مانگ هەشتەمش مانگ ئاوانەن

مانگ ئاویاری دەشت و کاوانەن

واتە: مانگی هەشتەمی مانگی ئاوانە

مانگی ئاودێری دەشت و کێوەکانە

وشەی ئاوان کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستاییدا ئەپەم و لە پەهلەویدا ئاپان و لە فارسیدا ئابانە و ناوی هەشتەمین مانگی ساڵە و ئەم فریشتە پارێزەری ئاوە و لە دەوری کۆندا پیس کردنی ئاو بەیەکێ لە گوناهە گەورەکان دەهاتە ژمار بۆیە لەسەر چەم و ڕووبارەکاندا پردیان دەبەست تا مەڕوماڵات و چوار پێیان بەسەریا تێپەڕن و ئاوەکە لێڵ نەکەن.

مانگ نۆهەمش مانگ ئاهرەن

زێڵ جە پەژارە یەکسەر باهرەن

واتە: مانگی نۆهەمی ناوی مانگی ئاورە

دڵ لە خەم و پەژارە بەتەواوی خاڵییە

وشەی ئاهر کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستاییدا ئاتەر و لە پەهلەویدا ئاتوور و لە فارسیدا ئازەرە و بەواتای ئاگرە و ناوی نۆیەمین مانگی ساڵ و فریشتەیەکە کە پارێزەری ئاورەکانی ڕووی زەوییە. لە دەوری کۆنا سێ جۆر ئاگر هەبوو کە گرنگترینی ئەوانە ئازەر گۆشەسپ یا ئاوری لەشکرەکان بوو و، ئاورگای ئازەر گوشەسپ لە شاری شیزی نزیکی تیکانتەپەی هەوشاردایە و بەشێک بووە لە خاکی مادی ئاتروپاتی و پادشایان ساسانی بەپێی خاوسەوە دەچوونە دیتنی ئەو ئاگر گایە و لەوێدا لە خوای مەزن دەپاڕانەوە.

مانگ دەهەمش مانگ دەتۆشەن

هەر کەسێ پاک بۆ ئەو خاوەن هۆشەن

واتە: مانگی دەهەمی ناوی دەتۆشە

هەر کەسێک پاک بێ ئەو خاوەن هۆشە

وشەی دەتۆش کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا دەتۆشووە و لە پەهلەویدا دەدووە و لە فارسیدا دەیە و ناوی دەیەمین مانگی ساڵە و هەروەها ناوی فریشتەیەکە و ئەم وشە بەواتای بەدیهێنەر و ئافەرینندەیە.

مانگ یانزەهەمش مانگ وەهمەنەن

مانگ پاکان و مێردان وەنەن

واتە: مانگی یانزەهەمی مانگی وەهمەنە

مانگی پاکان و مێردانی نەبەز و بێ باکە

وشەی وەهمەن کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستاییدا وەهوومەنەیە و لە پەهلەویدا و هوومەن و لە فارسیدا بەهمەنە و ناوی یانزەیەمین مانگی ساڵ و یەکێ لە فریشتەکانە کە نوێنگەی بیری چاکە. بەپێی چیرۆکەکانی ئاینی وەهمەن بوو کە گیانی زەردەشتی لەکاتی خەوا بردە بارەگای پاکی ئەهوورامەزدا بۆیە ئەو نزیکترین فریشتەیە بەخوا و پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە. ئەم فریشتە پارێزەری گا و مەڕوماڵاتە و جەژنی سەدە کە یەکێ لە جەژنەکانە پەیوەندیی بەم مانگەوە هەیە.

مانگ دوانزەهەمش سپەندارمەزەن

مانگ ژەنان و دوێتان و گەزەن

واتە: مانگی دوانزەیەمی ناوی سپەندارمەزە

مانگی ژنان و کچانی شۆخوشەنگە

وشەی سپەندارمەز کە دیاردیی پێ کراوە لە زمانی ئاڤێستاییدا سپەنتە ئارمەئیتییە و لە پەهلەویدا سپەندارمەت و لە فارسیدا ئەسفەندە و ناوی دوانزەیەمین مانگە و بەیەکێ لە فریشتەکان دێتە ژمار کە پارازتنی زەوی دراوەتە ئەو ئەو بەنوێنگەی ئەوین و خۆشەویستی خوایی دادەنێن. ئەبووریحانی بیروونی دەڵێ: سپەندارمەز ناوی دوانزەیەمین مانگی ساڵە و هەروەها ناوی فریشتەیەکە کە زەوی دەپارێزێ و ئەوین دەخاتە دڵانەوە و، لە رابردوودا ژنەکان لەم مانگەدا جەژنیان دەگرت و پیاوان دیارییان بۆیان دەبرد و ئەم رێ و رەوشتە ئێستاش لەناو خەڵکدا باوە.

(سادق) گوفتارت خەیلێ شیرینەن

بێ گومان ئانە واتەی دێرینەن

واتە: ئەی سادق قسەکانت گەلێ شیرینە

بێ گومان ئەم قسانە هی دەوری کۆنە

مەبەست لە دەوری کۆن کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی بەر لە ئیسلام کە ئەو کاتە کوردەکان زەردەشتی بوون و، ناوی ئەم دوانزە مانگە کە باسمان لێوە کرد لە ناوی دوانزە فریشتەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمانە پەیوەندییان بەئاینی زەردەشتەوە بووە.

کوردەکان بێ شک گەلێ لە ڕێ و ڕەوشتەکانی کۆنی باوباپیرانیان پاراستووە و لەبەرئەوەی سەرەتا زەردەشتی بوون ناوی ڕۆژەکانیان لەناوی فریشتەکانەوە وەرگرتووە و پاسەوانی هەر ڕۆژێکیان سپاردووەتە فریشتەیەک و هەر کام لەم ڕۆژانە ناوێکی تایبەتی بووە کە ناوی دوانزە مانگیش لەناو ئەو ناوانەدا دەبینرێ و، لە ڕۆژدەژمێری کۆنی کوردیدا هەر کاتێ ناوی ڕۆژ لەگەڵ ناوی مانگدا یەک بگرێ ئەو ڕۆژە دەکەنە جەژن بۆ وێنە بەڕۆژی شانزەمی مانگی میترە ئەیانوت میترەگان.

ناوەکانی سی ڕۆژ کە لە پەڕتووکی ئاڤێستا سەرچاوەیی گرتووە، لەڕابردوودا لەناوی کوردەکاندا باو بووە و لە دوای ئیسلام ئەو ناوانە کەم کەم لەبیرچووەوە، بەڵام ناوە کوردییەکان لەگەڵ ناوەکانی ئاڤێستایی و پەهلەوی و سوغدی و خارەزمی و فارسیدا تۆفیری هەیە و ئێمە لێرەدا لە بارەیانەوە دەدوێین.

ناوی ڕۆژەکان کە لە ڕابردوودا لەناو کوردەکاندا باو بوون بەم چەشنەیە: (هۆرمز، وەهمەن، ئەرتەوەهێشت، شەتەروەر، سپەندارمەز، هەرۆتات، ئەمرتات، دەتۆش، ئاهر، ئاوان، وەر، مانگ، تیشتەر، دەرەسپ، دەژەن، میترە، سرۆش، رەش، فرۆدان، بارام، رام، وا، دەزوە، دین، ئەرت، ئەشتات، ئاسمان، زام، ماراسپەند، ئەنغەر).

ناوی ڕۆژەکانی حەوتە کە لە دوای ئیسلام لە کوردستاندا برەویان پەیدا کرد سەرەتا بەهۆی جوولەکەکانەوە بڵاو بوونەوە، چونکە جوولەکەکان لە دەوری ساسانییەکاندا پتر لە شاری کورد ئاوا و مادایان و ئاوربایگان و هەمەداندا دەژیان و ئەوان ناوی ڕۆژەکانی حەوتەیان دانا و کاتێ کە ئیسلام سەری هەڵدا و موسڵمانەکان کوردستانیان داگیر کرد بەهۆی ڕۆژی هەینی و نوێژی هەینییەوە ئەو ناوانەیان بەکار برد، چونکە جوولەکەکان بەڕۆژی یەکەمی حەوتە شابەتیان دەوت کە بەواتای پشوودانە و ئەم ناوە لە زمانی سریانیدا شەبتە و لە زمانی ئەکەدیدا شەباتوویە و لە عەرەبیدا بووەتە سەبت و لە پەهلەویدا شونبەتە و لە فارسیدا شەنبە و لە کوردیدا بووەتە شەمە و لە راستەقینەدا شەمە هەر شەبتی عبرییە کە جوولەکەکان بەکاریان دەبرد کە پاشان وشەکانی یەکشەممە و

دووشـەممە و سـێشـەممە و چوارشـەممە و پێنجشـەممە لەناو کـوردەکـاندا باو بوون و، لەبەرئەوەی موسڵمانان بەدوارۆژی حەوتە (یوم الزینە)یان ئەوت کوردەکان وشەی هەینییان لە چاوگی ئادین بەواتای ڕازانەوە وەرگرت و بەکاریان برد.

میرسـادقی دینەوەری لە یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانیدا ناوی ئەو سی ڕۆژەی هێناوە کە بۆ ئێمـە زۆر گـرنگە و ئەوا لێرەدا ئەو هۆنراوانە دەخـەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و، ئەو ئەفسـانە و چیرۆکانە کە لە بارەی ڕۆژەکـانەوە هاتووە دێنێ. میرسـادق سـەرەتای پارچە هەڵبەستەکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

وەرینـان واتن هەر مـانگ سـی ڕۆچەن

هەر کام چون ئافتاو برێ و ئەفرۆچەن

واتە: پێشینان وتیان هەر مانگ سی ڕۆژە

هەر کام لەو ڕۆژانە وەکو هەتاو دەدرەوشێتەوە

کوردەکـان لە ڕابردوودا مـانگیـان دابەش کـردبووە سی ڕۆژ کە دوانزە مـانگەکەی دەبووە سێسـەد و شـەست ڕۆژ و کەچی سـاڵ سێسـەد و شـەست و پێنـج ڕۆژە و پێنج ڕۆژ و چەند کـاژمـێری دەمـایەوە و لە دەوری کـۆنا هەر سـەد و بیـست سـاڵ جارێک ئەو ڕۆژانەیان کۆ دەکردەوە و تا دەبووە سی ڕۆژ و دەیانکردە سێنزە مانگ و ئەو مانگەیان جەژنی دەگرت.

ڕۆژ یـەکــــەمش نامش هـۆرمــــزەن

وەبـێ نام ئەو گــرد مــات و کــزەن

واتـە: ڕۆژی یەکەمی ناوی هۆرمزە

وە بێ ناوی ئەو هەموو مات و کزن

وشـەی هۆرمز کـە دیاردی پێ کراوە بەواتای گـەورە و سـەرۆک و خـوایە. لە ئاڤێـسـتـادا نووسـراوە کە هۆرمز زانایەکی هەرە بەرزە و ئەو لە هەمـوو شتێک تەنانەت لە ڕووداوەکانی ڕابردوو و، داهـاتوو ئاگەدارە و ئەوبوو کە بنیادەمی خـوڵقاند و زەوی و ئاسمانی بەدی هێنا و ڕۆشنایی خستە جیهانەوە.

دووەمـین ڕۆژش وەهـمـــــەنەن نـامـش

هەر کـەس دڵپـاک بۆ ئـەو بۆ وەکـامش

واتـە: دووەمین ڕۆژی ناوی وەهمەنە

هەر کەسێک دڵپاک بێ ئەو هیوای دێنێتە دی

وشـەی وەهمەن کە دیاردی پێ کراوە لـە ئاڤێستـادا وە هوومـەنە و بەواتای بیری چاکە و

وەهمەن یەکەمین ئافەریدەی هۆرمزە و لە سەرتاسەری ئاڤێستادا لە بارەی ئەوەوە قسە کراوە و بەپێی پەڕاوی بوندهشن ئەو نزیکترین پێغەمبەر و فریشتەی هۆرمزە و کەڵەشێر کە بەیانیان ئەقووقێنێ و خەڵک لە خەو هەڵدەستێنێ تایبەتی وەهمەنە و هەر وەهمەن بوو کە گیانی زەردەشتی لە کاتی خەوا بردە بارەگای هۆرمز.

سێهەمین رۆژش ئەرتەوەهێشتەن
هەر کەسێ راست بۆ جاگەش بەهەشتەن

واتە: سێیەمین رۆژی ناوی ئەرتەوەهێشتە
هەر کەسێک راست بێ جێگای بەهەشتە

وشەی ئەرتەوەهێشت کە لە ئاڤێستادا ئەشاوەهیشتە ناوی یەکێ لە فریشتەکانە و پاسەوانیی ئاور دراوەتە ئەو و ئەو هەمووی ئاگرەکان دەپارێزێ و ناهێڵێ بکوژێنەوە و، هەر لەبەر ئەمەیە پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە.

چوارەمین رۆژش هەر شەتەرووەرەن
هەر ئەو یاوەر مێرد بێوەرەن

واتە: چوارەمین رۆژی ناوی شەتەرووەرە
هەر ئەو یار و یاوەری مێردی بێ بەری و نائومێدە

وشەی شەتەرووەر کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستا خسترەوە ئیرییە کە لە پەهلەویدا شەتریوەرە و بەیەکێ لە فریشتەکانی ئەمشاسپەنتا دێتە ژمار و رۆژی چوارەمی هەر مانگ بەو سپێرراوە و ئەو یار و یاوەری دەروێشان و هەژارانە.

پەنجەمین رۆژش سپەندار مەزەن
پەرێ گرد ژەنان بەوێنەی گەزەن

واتە: پێنجمین رۆژی، رۆژی سپەندارمەزە
وە ئەو بۆ هەمووی ژنان وەکو گەز وایە

وشەی سپەندارمەز کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا سپەنتەئارمەئیتییە و لە پەهلەویدا سپەندارمەتە و یەکێ لە فریشتەکانی ئەمشاسپەنتایە و بەواتای خۆ بەکەم زانینە و ئەم فریشتە پاسەوانی زەوییە و پارازتنی خاک وزەوی بەئەو سپێرراوە.

شەشەمین رۆژش هەرۆتات رۆژەن
زێڵ کناچان پەرێش و سۆژەن

واتە: شەشمین رۆژی ناوی هەرۆتانە

دڵی کچەکانی بۆ دەگرێ

وشەی هەرۆتات کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا هەئووروەتاتە و لە پەهلەویدا خورداتە و بەیەکێ لە فریشتەکانی ئەمشاسپەنتان دێتە ژمار و بەواتای دروستی و راستییە و پاراستنی ئاوەکان بەئەو سپێرراوە و هۆرمز ئەوی بۆ حەسانەوە و هێمنی خەڵک بەدی هێناوە و هەموو دەبێ هەر رۆژی ئەو ستایش بکەن.

هەفتەمین رۆژش رۆژ ئەمرتاتەن
رۆژ بێ مەرگی و کام و شێتاتەن

واتە: حەوتەمین ڕۆژی ناوی ئەمرتاتە
ڕۆژی بێ مەرگی و کام و شادمانییە

وشەی ئەمرتات کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستا و پەهلەویشدا هەر ئەمرتاتە و بەواتای بێ مەرگییە و ناوی یەکێ لە فریشتەکانی ئەمشاسپەنتایە و پارازتنی گیا و ڕووەکەکان بەئەو سپێرراوە.

هەشتەمین رۆژش، ڕۆژ دەتۆشەن
هەرچی کە دارۆ ئەو پەرێ تۆشەن

واتە: هەشتەمین رۆژی ناوی دەتۆشە
ئەو هەرچێکی هەیە هەر بۆ تۆیە

وشەی دەتۆش کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا دەتووشەیە و لە پەهلەویدا دەزوەیە کە بەواتای داهێنەر و خوڵقێنەرە و بەپێی ئاڤێستا خەڵک لەم رۆژەدا دەبێ سەریان بشۆن و ناخوێنەکانیان بگرن و خۆیان پاک و خاوێن بکەنەوە تاهۆرمز خذشی لێیان بێ.

نۆهەمین رۆژش ئاهەرەن هەر رۆ
سرۆشیش مەیۆ ڕەم بێدار کەرۆ

واتە: نۆیەمین رۆژی ناوی ئاگرە و هەر رۆ
سرۆش دێت و خەڵک لە خەو وریا دەکاتەوە

وشەی ئاهێر کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ئاتەر و لە پەهلەویدا ئاتوورە و ناوی یەکێ لە فریشتەکانە و ئەو هەمووی ئاگرەکانی جیهان دەپارێزێ و پاسەوانی ئاورگاکانی پێ دراوە و ناهێڵێ بکوژێنەوە و، هەر ئەو داوا لە سرۆش دەکا کە خەڵک لەخەو هەڵسێنێ.

دەهەمین رۆژش ئاو و ئاوانەن
ئاو پەی گرد کەسێ وێنەی دەرمانەن

واتە: دەهەمین ڕۆژی ئاو و ئاوەکانە

ئاو بۆ هەموو کەسێک وەکو دەرمان وایە

وشەی ئاوان کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ئەپەم و لە پەهلەویدا ئاپانە و بەواتای ئاوەکان و کاتی ئاوە، هەروەها ناوی فریشتەیەکە کە ئاوەکان دەپارێزێ و، ئاو لەناو کوردەکاندا زۆر پیرۆز بووە و پیس کردنی ئاو گوناهێکی زۆر گەورە بووە و هەرگیز ئاویان پیس نەدەکرد و فریشتەیەکی تری ئاو کە ناوی ئەناهێتا یا نەهیە بووە ئەرکی ئەو ئەوەبووە کە بەژنان کۆمەک بکا تا بەئاسانی منداڵیان ببێ.

یانزەهەمین ڕۆژ ئافـــتـــاو وەرەن

ئـــانـــە ڕۆشـــنـــی و چـــرای داوەرەن

واتە: یانزەهەمین ڕۆژ، ڕۆژی هەتاو و خۆرە

ئەمە ڕۆشنی و چرای خوای داوەرە

وەر کە دیاردی پێ کراوە لە ئاڤێستادا هورەخشەئیتەیە و لە پەهلەویدا خوەرشێتە و ناوی یانزەمین ڕۆژی هەر مـــانگە و هەر لە دەوری کـۆنەوە تیــشک و ڕۆشناییی لەناوی کوردەکاندا ستایش کراوە و لە ئاڤێستادا خۆر بەچاوی هۆرمز چوانرایە و زەردەشتییەکان هەموو ڕۆژێ سێ جار ڕوودەکەنە خۆر و ستایشی دەکەن واتە: لەکاتی بەرەبەیان و نیوەڕۆ و ئێوارەدا.

دوانزەهەمین ڕۆژ هەر ڕۆژ مـــانگەن

پەرێ شەوەزەنگ چرای شەش دانگەن

واتە: دوانزەهەمین ڕۆژ هەر ڕۆژی مانگە

بۆ شەوەزەنگ وەوو چرای شەش دانگە

وشەی مانگ کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ماونگەیە و لە پەهلەویدا مایە و ناوی دوانزەمین ڕۆژی مانگە و مانگ هەر لە مێژەوە لەلایەن کوردانەوە ستایش کراوە و هەروەها ناوی فریشتەیەکە کە پاسەوانیی ڕوەک و گیاکان و دارەکان بەئەستۆی ئەوەیە.

سێنزەهەمین ڕۆژ تیشـتـەرەن یاران

هەر ئەوەن مـــــەبۆ وە ئەور و باران

واتە: سێنزەمین ڕۆژ ڕۆژی تیشتەرە ئەی یاران

هەر ئەوە کە دەبێ بەهەور و باران

تیشتەر کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا تیشتریەیە و لە پەهلەوی و فارسیدا تیرە و

ناوی سێنزەمین ڕۆژە و بەپێی ئاوێستا تیشتەر فریشتەی بارانە و ناوی ڕووناکترین ئەستێرەیە و سەرۆکی هەمووی فریشتەکانە و هۆرمز ئەوی کردە سەرۆک و هەر ئەوبوو کە زەردەشتی ڕێنوێنی کرد و ئەهریمەن نەیتوانی فریوی بدا و لەڕێ دەری بکا.

چواردەهەمین ڕۆژ، ڕۆژ دەرەسپەن
ئەو ڕۆژە وێنەی ئازەرگوشەسپەن

واتە: چواردەمین ڕۆژ، ڕۆژی دەرەسپە
ئەو ڕۆژە وەکو ئازەرگوشەسپە

وشەی دەرەسپ کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا درواسپەیە و لە پەهلەویدا گۆشە و ناوی چواردەمین ڕۆژی مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانە کە جانەوەرەکان دەپارێزێ. ئەبوو ڕیحان دەڵێ: ڕۆژی چواردەم ڕۆژی گۆشە کە بەو ڕۆژەش سیرسووریش دەڵێن و لەم ڕۆژەدا خەڵک شەراو دەخۆنەوە و هەروەها سیر و پیازیش دەخۆن بۆ ئەوەی بەساخی بمێننەوە.

پانزەهەمین ڕۆژ مەواجن دەزەن
ڕۆژ سرۆش و وەشکەل و ڕەزەن

واتە: پانزەهەمین ڕۆژ ناوی دەزەنە
ئەو ڕۆژە ڕۆژی سرۆش و ترێ و ڕەزە

وشەی دەزەن کە دیاردیی پێ کراوە، لە ئاڤێستادا دەزوەیە و لە پەهلەویدا دەدوویە و ناوی پانزەمین ڕۆژی مانگە و بەم ڕۆژەش ڕۆژی خوا دەڵێن.

شانزەهەمین ڕۆژ میترە و مێرەن
دەستگیری مەردوم ئەی ڕۆژە خێرەن

واتە: شانزەمین ڕۆژ ناوی میترەیە
یارمەتیدانی خەڵک لەم ڕۆژەدا خێرە

وشەی میترە کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستا و پەهلەویدا هەر میترەیە و ناوی ڕۆژی شانزەمین مانگە. میترە لە ئاڤێستادا ناوی یەکێ لە گەورەترین فریشتەکانە. ئەبووڕێحانی بیروونی دەڵێ: خەڵک لە مانگ و ڕۆژی میترەدا سی ڕۆژ جەژن دەگرن و پادشاکان لەم ڕۆژانەدا تاجێکیان دەنایە سەر و بەشایی و خۆشییەوە ڕایان دەبوارد.

هەڤدەهەمین ڕۆژ، ڕۆژ سرۆشەن
خرۆیچ پەرێ ئەو هەر نەخرۆشەن

واتە: حەڤدەهەمین ڕۆژ، ڕۆژی سرۆشە
کەڵەشێریش بۆ ئەو هەر لە بانگ و خرۆشدایە

وشەی سرۆش کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا سرەئۆشەیە و لە پەهلەویشدا هەر سرۆشە و ناوی ڕۆژی شانزەمی مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانە کە پارازتنی جیهان بەئەستۆی ئەوەیە بۆیە دێوەکان لە دەست ئەو ڕادەکەن و ئەمە سرۆشەکە کەڵەشێر وریا دەکاتەوە و ئەویش بەقووقەی خەڵک هەڵدەسێنێ تا نوێژ و نزا بۆ خوای مەزن بکەن.

هەژدەهەمین ڕۆژ واچن ڕۆی ڕەشـــەن
ڕۆژ دادگـــــەری و درۆن بـەشـــــەن

واتە: هەژدەهەمین ڕۆژ ڕۆژی ڕەشە
ڕۆژی دادگەری و بەخششە

وشەی ڕەش کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ڕەشنوویە و لە پەهلەویدا ڕەشنە و ناوی هەژدەهەمین ڕۆژی مانگە کە بەواتای دادگەرە و بریتییە لە فریشتەی داد و دادگەری و ئەم فریشتەیە دادگەری لەناو خەڵکدا بەدی دێنێ و ئەو لەسەر پردی چینوەت لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێیەمدا لە دوای مەرگ کردەوەی چاک و خراپی مردووان هەڵدەسەنگێنێ.

نۆزدەهـەمین ڕۆژ، ڕۆی فـــــــرۆدانەن
ڕۆژ ئامـــوورزین گــردین مـــێـــردانەن

واتە: نۆزدەهەمین ڕۆژ، ڕۆژی فرۆدانە
ڕۆژی بەخشینی هەمووی مێردانی خوایە

وشەی فرۆدان کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاوێستادا فرەوەشی و لە پەهلەویدا فرەوەهەرە و ناوی ڕۆژی نۆزدەمی مانگە. لە پەڕاوی بوندهشندا هاتووە کە بەر لە بەدیهێنانی مرۆ، هۆرمز جیهانی فرەوەشی خوڵقاند و پاشان مرۆی بەدی هێنا.

بیســـتـەمین ڕۆژیچ، ڕۆژ بارامـــەن
نـە ئـی ڕۆژەدا ئـەنـدەر ئارامــــــەن

واتە: بیستمین ڕۆژیش ڕۆژی بارامە
ئەندەر لەم ڕۆژەدا ئارامە

وشەی بارام کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ورتەغەنە و لە پەهلەوی داواهرامە و ناوی ڕۆژی بیستەمی مانگە و هەروەها ناوی فریشتەیێکە کە شایی و خۆشی دەخاتە دڵانەوە و ئەندەر کە هۆنەر ئامازەی پێ کردووە ناوی دێوێکە کە وێرانی و لافاو دێنێتەدی،

بەڵام بارام ئەو تێکدەشکێنێ و ڕاوی دەنێ.

بیست و یەکەمین ڕۆژ، ڕۆژ ڕامەن
مەردوم نەی ڕۆژە نە وەشی و کامەن

واتە: بیست و یەکەمین ڕۆژ ناوی ڕامە
وە خەڵک لەم ڕۆژەدا لە ئەوپەڕی خۆشی و شاییدا دەژین

وشەی رام کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا رامەنە و لە پەهلەویشدا هەر رامە و ناوی بیست و یەکەمین رۆژی مانگە کە بەواتای ئاشتی و هێمنییە و بەپێی ئاڤێستا رام دەبێتە هۆی سەوزبوونی لەوەڕگەکان.

بیست و دوومین رۆژ هەر رۆژ وان
واتیش هەر نە ئێر فەرمان خوان

واتە: بیست و دووەمین رۆژ هەر رۆژی بایە
بایش هەر لەژێر فەرمانی خوایە

وشەی وا کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستایی و پەهلەوی دا واتە و ناوی بیست و دووەمینی مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانیشە و ئەم فریشتە یارمەتی شەڕکەران دەدا کە بەسەر دوژمندا زاڵ بن و هەر بۆ ئەمەیە گەلێ لە پادشایان و قارەمانان و پاڵەوانان بۆ سەرکەوتنی خۆیان لە فریشتەی با داوای یارمەتی دەکەن.

بیست و سێوەمین ڕۆژ، ڕۆژ دەزوەن
وەشش ئەمەیۆ مار گاوەزەن

واتە: بیست و سێیەمین رۆژ، رۆژی دەزوەنە
ماری گاوەزەن خۆشی لێ نایە

وشەی دەزوەن کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستاشدا دەزوەیە و لە پەهلەویدا دەزووە و ناوی رۆژی بیست و سێیەمین مانگە بەواتای داهێنەرە و لەم رۆژەدا خەڵک ناخوێنەکانیان دەگرن و خۆیان دەڕازێننەوە و جلوبەرگی تازە دەکەنە بەریان.

بیست و چوارەمین ڕۆژ، ڕۆژ دینەن
پەرێ بی دینان ئی رۆژە شینەن

واتە: بیست و چوارەمین رۆژ، رۆژی دینە
بۆ بێ دینەکان ئەم رۆژە شین و شیوەنە

وشەی دین کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا دەئنایە و لە پەهلەویشدا هەر دینە و

ناوی ڕۆژی بیست و چوارەمی هەر مانگە کە بەواتای ئاین و ڕێ و ڕەوشتە و هێزێکی خواییە کە لە گیانی هەر کەسێکدا هەیە.

بیست و پەنجمین ڕۆژ ئەرتەن جە نۆ

پەی ژەن و کنیک جوانی مەبەخشۆ

واتە: بیست و پێنمین ڕۆژ ناوی ئەرتەولەسەرنۆ

بەژن و کچ جوانی دەبەخشێت

وشەی ئەرت کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ئەشی وەنگووهییە و لە پەهلەویدا ئەرتە و ناوی ڕۆژی بیست و پێنجەمی هەر مانگە و هەروەها ناوی فرێشتەیێکە کە سامان و دارایی خەڵک دەپارێزێ.

بیست و شەشەمین ڕۆژیچ ئەشتاتەن

دێو و ئەهریمەن جە دەستش ماتەن

واتە: بیست و شەشەمین ڕۆژیش ناوی ئەشتاتە

دیو و ئەهریمەن لە دەستی ئەو ماتە

وشەی ئەشتات کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستاییدا ئەرشتات و لە پەهلەویدا ئەشتاتە و ناوی بیست و شەشەمین ڕۆژی هەر مانگە و هەروەها ناوی یەکێ لە فریشتەکانە و بەواتای ڕاستی و دروستییە. بەپێی پەڕاوی بوندهشن، تەواوی گیاکانی هووم پەیوەندییان بەئەشتاتەوەیە.

بیست و هەفتەمین ڕۆژ ئاسمانەن

وارانش پەی ژار داو و دەرمانەن

واتە: بیست و حەوتەمین ڕۆژ، ڕۆژی ئاسمانە

بارانی بۆ هەژار داودەرمانە

وشەی ئاسمان کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ئەسمەن و لە زمانی پەهلەویدا هەر ئاسمانە و ناوی ڕۆژی بیست و ناوی بیست و حەوتەمی هەر مانگە و کوردەکان هەر لە دەوری کۆنەوە حەزیان لە ئاسمان و ئەستێرەکان و مانگ و خۆر کردووە و سوێندیان پێ خواردووە.

بیست و هەشتەمین ڕۆژ، ڕۆژ زامەن

مێرد پاپەتیش پەرێ ئەو ڕامەن

واتە: بیست و هەشتەمین ڕۆژ، ڕۆژی زەوییە

پیاوی پێخاوس بۆ ئەو ڕامە

وشەی زام کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا زامیاد و لە زمانی پەهلەویشدا هەر زامە و بەواتای زەوییە و ناوی ڕۆژی بیست و هەشتەمی هەر مانگە و زەوی هەر لە مێژەوە لەناو کوردەکاندا ستایش کراوە، چونکە بەیارمەتیی سپەندارمەز ڕوەک و گوڵ و گیاکان لە زەویدا دەڕۆن و خەڵک کەڵک و سوودییان لێ وەردەگرن، بۆیە بەپیرۆز دایان دەنا.

بیست و نۆهەمین ماراسپەندەن
خواجام پەرێ ئەو مانسرش وەندەن

واتە: بیست و نۆهەمین ڕۆژ، ڕۆژی ماراسپەندە
خوام بۆ ئەو وتاری پیرۆزی دەخوێندەوە

وشەی ماراسپەند کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاوێستادا، مەنترەسپنتەیە و لە پەهلەویدا ئەمەهرەسپەندە و ناوی ڕۆژی بیست و نۆیەمی هەر مانگە و بەواتای قسەی خواییە و لەم ڕۆژەدا مارەبڕین و لەگەڵ دۆستان و هاوەڵان دانیشتندا ڕەوایە.

سییەهەمین ڕۆژیش ڕۆژ ئەنغەرەن
ئی ڕۆژ دەرمان مێرد لاغەرەن

واتە: سییەمین ڕۆژ، ناوی ئەنغەرە
ئەم ڕۆژە بۆ پیاوی لەڕ و لاواز دەرمانە

وشەی ئەنغەر کە دیاردیی پێ کراوە لە ئاڤێستادا ئەنغرە ڕەئۆچەیە و لە زمانی پەهلەویدا ئەنیرانە و ناوی سییەمین ڕۆژی مانگە و بەواتای مەکۆی تیشکە و لەم ڕۆژەدا خەڵک خۆیان دەدەنە بەر تیشک ودەچنە بەر بەرۆچکە تا گەرمیان بێتەوە و هێز بگرن و لە ڕاستەقینەدا تیشک، هێز و لەش ساخی دەداتە مرۆ.

لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە سەبارەت بەپەلەوەران و گیاکان و جانەوەرەکان و زیندەوەرانی سروشت بۆ مرۆ گەلێ پێویستە بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە لە باری زیندەوەرناسی و زمانناسییەوە دەکۆڵنەوە زۆر گرنگە چونکە بەشێکی گرنگ لە زانستی مرۆ پێک دێنێ. ئادەمیزاد هەر لەمێژەوە خەریکی پەروردەکردن و بەخێوکردنی پەلەوەر بووە و زۆربەی کاتی خۆی بۆ بەخێوکردنی پەلەوەرەکان بەسەربردووە و سەبارەت بەپەلەوەرەکان هەر لە دەوری کۆنەوە نووسەران و لێکۆڵەران پەرتووکیان نووسیوە و کۆنترین پەرتووکێک کە لە بارەی پەلەوەرانەوە نووسراوە پەرتووکێکە بەناوی بازنامەی نەوشیروانی کە بەفەرمانی عەبدوڵەلک کوڕی نۆحی سامانی (٣٤٢ - ٣٥٠ی کۆچی) لە زمانی پەهلەوییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی کەچی ئەم پەرتووکە ئێستاکە نەماوە و لەناوچووە بەڵام

زۆربەی مەبەستەکانی لە نامیلکەی شکارنامەی ئێلخانیدا نووسراوە و کورتەی مەبەستەکە ئەوەیە کە دەڵێ: خەسرەو ئەنووشیروان (٥٣١ – ٥٧٩ی زاینی) لەبەرئەوەی حەزی لە ڕاووشکار و بەخێوکردنی پەلەوەرەکان دەکرد فەرمانی دایە وزورگمێهری، وەزیری کە لەم بارەوە پەڕتووکێک بنووسێ و ئەویش سەبارەت بەپەلەوەرەکان گەلێ نووسراوی بەزمانی سانسکریت کۆ کردەوە و وەریانی گێڕایە سەر زمانی پەهلەوی و ناوی نا بازنامەی نەوشێروانی و پاشان گەلێ پەڕتووک لەم بارەوە نووسرا.

لە دەوری مەلک شای سەلجووقی (٤٦٥ – ٤٨٥ی کۆچی)دا عەلی کوڕی محەمەدی نیشانبووری نامیلکەیەکی بەناوی شکارنامەی مەلک شایی نووسی و پاشان مەنسووری حەلوانی ئەو پەڕتووکانەی کە سەبارەت بەپەلەوەرەکان نووسرابوون، کۆیانی کردەوە و پەڕتووکێکی سەبارەت بەباز و نەخۆشیی پەلەوەرەکان نووسی و ناوی نا شکارنامەی ئێلخانی و ئەم پەڕتووکەش بەهۆی تێپەڕبوونی زەمانەوە لەناوچووە و فەوتاوە.

سەبارەت بەناوی پەلەوەرەکان گەلێ لە هۆنەرانی کورد هۆنراویان هۆنیوەتەوە بۆ وێنە خانای قوبادی (١٠٨٣ – ١١٦٨ی کۆچی) لە چیرۆکی یوسف و زلێخا و لەیلا و مەجنوون داناوی دەیان پەلەوەر و ئەسپ و ڕەنگ و گوڵی هێناوە کە زۆر گرنگن و هەروەها شێخ شەهاوی لهۆنی (١١١٣ – ١١٨٥ی کۆچی) ناوی گەلێ پەلەوەری لە چەکامەیەکیدا بەناوی بەهار هێناوە کە لە وێژەی کوردیدا زۆر گرنگ و بەبایەخە.

میر سادقی دینەوەریش کۆمەڵە هۆنراوێکی سەبارەت بەپەلەوەرەکان هۆنیوەتەوە و ناوی ناوە مەلنامە و مەبەستی ئەو ئەوەبووە کە ناوی پەلەوەرەکان کە لەناو کوردەواریدا باوە زیندوو بکاتەوە و ئەو لە سەرەتای هۆنراوەکاندا کە نزیکەی سەد هۆنراوێک دەبن دەڵێ:

نەو وەهار ئاما وەشەن دەر و دەشت
کوردستان ماچی بەهەشتەن بەهەشت
وای شەماڵ شەق شەق شکاوا یەخ بەند
نە هەر کۆ مەشی مەوێنی زەمەند
گرمە گرمی هەور جە ئاسمان خێزا
بەهەشت نە چەم گرد مەلان بێزا
شای وەهار وستەن ئانە ڕەنگ و بۆ
تا بەیان یاران وەشی کەن جە نۆ
جۆق جۆق مەلان ئامان وە گوڵزار
نیشتن نە سەر کۆ و قولێ و نزار

واتە: بەهاری نوێ هات و دەشت و دەر خۆشە، کوردستان دەڵێی هەروەکو بەهەشت وایە بای شەماڵ شەق شەق سەهۆڵەکانی شکاند و کردیە ئاو، دەچیتە هەر کوێ زەمەند و گژوگیا دەبینی، گرمەگرمی هەور لە ئاسمان هەڵسا، بەهەشت لە چاوی هەمووی مەلان بێزرا شای بەهار ئەوا رەنگ و بۆنی خۆی بڵاو کردەوە، تا یاران بێن و سەرلەنوێ خۆشی بکەن پۆل پۆلی مەلان هاتنە گوڵزار، نیشتنە سەر کێو و تەپۆڵکەکان

میر سادق لە پاش ئەم سەرەتایە دێتە سەر باسی پەلەوەران و باسی یەک یەکی باڵندەکان دەکا و دەنگ و ڕەنگ و چۆنییەتیی ژیانیان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە لە باری پەلەوەرناسی و زماناسییەوە زۆر گرنگن، وەکو دەڵێ:

خۆ ئاهێر مەلووچ رەنگش چون بووڵەن
پەی واردن تفی هەمیشە ژووڵەن
ئەلوو هەر ژەرەژ شکار مەکەرۆ
وە شەقەی شاباڵ ئی کار مەکەرۆ
باز نە پەی شار نە کۆ و دەشتەن
وە هەر کۆ مەشی ئەو هەر نەگەشتەن
بەوێنەی باڵباز وازی کەر نە ئاو
گۆش دەر وە ناڵە و زاری و چاوچاو
باڵزر هەر کوللە مەگیرۆ وە چنگ
مەنیشۆ نە پای سەوزەگیا و شنگ
باڵەوان نە پەی شار چون بازەن
چەنی چەرخ و قووش هەمیشە سازەن
وینەی بایەقوش هەر شەو مەناڵم
کەس نییەن رەحمش بەیۆوە حاڵم
وێنەی بزەڵەڕ تۆ هەر ماساو وەر
نزانی شەو و رۆ پەی وێت باوەر
بولبول مەوانۆ شەو و رۆ پەی گوڵ
گوڵیش هەر وە ناز دڵ مارۆ و کوڵ
بۆرچین نە کەنار شەتاودا دیارەن
هەر مەلێ کەرۆ و چەمەڕای یارەن

واتە: خۆ عاینە مەل ڕەنگی وەکو خۆڵەمێشە، بۆ خواردنی توو هەمیشە پەرێشانە، هەڵۆ هەر کەو شکار دەکا. و بەشەقەی شاباڵ ئەم کارە ئەنجام دەدا. باز لە دووی شکار لە کێو و دەشت دایە، بەهەر کوێدا دەچی ئەو هەر لە گەشت و گێڵە وەکو باڵباز لەناو ئاوا مەلە بکە. وا بەناڵە و گریان و چریکەی پەلەوەران گوێ بدە باڵزر هەر کوللە بەچنگ دەگرێ و لەپای سەوزەگیا و شنگ دادەنیشێتەوە، باڵەوان وەکو باز لە دووی شکار و نێچیرە، وە لەگەڵ چەرخ و قووشدا هەمیشە سازە، وەکو بایەقوش هەر شەو دەناڵم، کەس نییە بەزەیی بەحاڵی من دابێتەوە، وەکو بزە لەڕ تۆ هەر ماسی بخۆ، مزگێنی شەو و ڕۆ بۆ خۆت بهێنە، بولبول شەو و ڕۆ بۆ گوڵ دەچریکێنێ گوڵیش هەروە ناز دڵ دێنیتە کوڵ. بۆرچین لە کەنار شەتاودا دیارە هەر مەلە دەکا و چاوەڕێی یارەکەیەتی. میرسادق لە دوای کۆتایی پێ هێنانی ناوی باڵندەکان بەمێژووی هۆنینەوەی مەلنامەکەی دیاردی دەکا کە ساڵی ١٣٧٥ی کۆچییە و ئەوسا دەڵێ: ئەمە (سادق) هۆنیویەتەوە کە هەموو دەم لە ئەرک و ڕەنجدایە و تۆش بەوردی پێی دا بڕوانە و لەبەری بکە و دڵی خۆتی پێ شادکە وەکو دەڵێ:

یە(ســــادق) واتـەن ئـانـە نـەرەنجـــەن
هەزار و دووســـەد هـەفـتـــا و پەنجـــەن
نـام ئـی مـــــەلانـە واتم وە کـــــوردی
تـۆش بـێـش بـووانـە ئـارۆ بـەوردی
نـام ئـی نـامـــەم نیـــا مـــەلنـامـــە
ئـی نـامــە پەرێ گـرد کـوردێ کـامــە
تـا کـــــە بمـانـۆ پـەرێ یـادگـــار
شــادی کـەن شــادی نـە ئی ڕۆزگــار
نـام ئـی مـــەلانـە لەبـەرکــــەن یاران
پەیش دڵتـان شـادکـەن چون جـار جاران

واتە: ئەمە (سادق) وتوویەتی کە ئەوا لە ئەرک و ڕەنجدایە ئێستا ساڵی هەزار و دووسەد و حەفتا و پێنجە ناوی ئەم مەلانەم بەکوردی هۆنییەوە تۆش ئەمڕۆ بەوردی پیایا بڕوانە ناوی ئەم نامیلکەیەم نا (مەلنامە) ئەم نامیلکە بۆ هەموو کوردێک کام و خۆشییە هەتا بەیادگار بمێنێتەوە شادی کەن شادی لە ئەم ڕۆژگارەدا و ناوی ئەم مەلانە لەبەرکەن و وەکو جاری جاران دڵتانی پێ خۆش کەن ئەڵبەت ئەوەش دەبێ بڵێین کە لە زمانەکانی ئەوروپاییدا گەلێ پەڕتووک و نامیلکە سەبارەت بەپەلەوەران و جانەوەرەکان نووسراوە کە زۆر گرنگ و بەکەڵکن.

لەم نووسراوەدا گەلێ وشەی ڕەسەنمان دەکەوێتە بەرچاو کە لە باری زمانناسییەوە زۆر بەکەڵکن وەکو: وەهار: بەهار، وا: با، زەمەند: گژوگیا، بووڵ: خۆڵەمێش، ژووڵ: پەشۆکاو، ئەلوو: هەڵۆ، ماساو: ماسی، نزانی: مزگێنی، مەلێ: مەلە، چەمەڕا: چاوەنوارِ، وەگەلێک وشەی تر.

سەرچاوەکان:

١ - دیوانی دەستنووسی میرسادقی دینەوەری.

٢ - بەیازێکی کۆن.

٣ - یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیر سادقی دینەوەری.

٤- یەشتەکان وەرگێڕاوی پور داود – تاران، ١٣٠٧.

٥- فەرهەنگی پەهلەوی، نووسراوی: د. بارامی فەرەوەشی – تاران، ١٣٤٦.

شێخ یەحیای سوورەبەردی

٥٨٧ – ٥٤٩

شێخ شەهابەدین یەحیا، کوڕی حەبەش لە ساڵی ٥٤٩ی کۆچی لە دێی سوورەبەردی سەر بەشاری زەنگاندا لەدایک بووە و هەر لەوێدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە مەراغە و لەلای شێخ ئیمام مەجددینی جیلی ڕێزمان و قورئان و شەریعەتی ئیسلامی خوێندووە و لە پاشا چووەتە ماردین لەلای شێخ فەخرەدینی ماردینی وێژەی عەرەبی و پیتۆڵی خوێندووە و لەوێوە چووەتە ئەسپەهان و لەوێدا ماوەیەک وێژەی فارسیی خوێندووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا چووەتە حەڵەب و خەریکی وانەوتنەوە بووە، بەڵام هیچ مەلایەک نەیتوانیوە لە بارەی زانستەوە لەگەڵیا بدوێ و ئەوەبوو کە هەندێک ئێرەیییان پێ برد و ئەویان بەبێ دین و بێ بڕوا دایە قەڵەم و هەتا لە ساڵی ٥٨٧ی کۆچیدا مەلاکان فەرمانی کوشتنیان دا و ئەوسا لە سێدارەیان دا و تەنانەت تەرمەکەیان سێ ڕۆژ لە دەرەوە هەڵواست تا بردیان ناشتیان. شێخ شەهابەدین زانا و وێژەوان و هۆنەرێکی هەرەبەرز بوو کە بە سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی هۆنراوی دەهۆنییەوە و لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ پەڕتووک و نامیلکەی سەبارەت بەئاینی ئیسلام بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی نووسیون کە بریتین لە: (التنقیحات في اصول الفقه)، (کتاب التلویحات)، (کتاب الهیاکل)، (کتاب حکمة الاشراق)، (الغربة الغربیة)، (رسالة في بن یقظان)، (المبدأ والمعاد)، (بستان القلوب)، (طوارق الانوار)، (کتاب البصیر)، (رسالة في العشق)، (رسالة في المعراج)، (الحکمة الالهیة).

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە بەزاراوەی گۆرانی کە دەڵێ:

ویت مــەدەر وە غــەم، ویت مــەدەر وە غــەم
مــیــــرزام ئامـــانەن ویت مــەدەر و غــەم
نە جـام مـەمـانۆ، نە جـەمـشـیـد نـە جـەم
هـەر شـــاد و وەش بـە نـە گـــیـــتی هـەردەم
نە هامدەم، نە خویش، نە هوونرەس، نە کەس
کــــەس وە دەرد کـــەس نـەبۆ فـــەریاد رەس
دڵســـــۆزان دڵتــــەنگ بێ دەســــەڵات بۆ
دۆســـتـــان جــەراس، ڕاگـــەی نـەهات بۆ
(ئیـــشـــراق) ئومـــێـــدت تۆ هەر وە وەر بۆ
تا یـەشـتـت جـە ڕۆی رەســتـاخـیـز سـەر بۆ

واتە: خۆت مەدە بەخەم و پەژارە، ئەی میرزا هانایە خۆت مەدە بەخەم و پەژارەوە، نە جام دەمێنێ و نە جەمشێد و نە جەم، هەر شاد و خۆش بە هەردەم لە جیهاندا نە هاودەم، نە خزم، نە خوێن سێن، نە کەسوکار کەسێک بە فریا و دەردی کەسێک ناگا، دڵسۆزان دڵتەنگ و بێ دەسەڵاتن دۆستان هەر لە ڕێی نەهات دانئەی (ئیشراق) هیوات تۆ هەر بەخوای خۆربێ تا نزات لە ڕۆژی پەسڵاندا قبووڵ بێ.

ئەمەش چارینەیەکی فارسی ئەم هۆنەرەمان کە دەڵێ:

هـان تا سَــررشــتــەء خِـرَد گم نَکُنی
خـــود را زِ برای نیك و بَد گُم نَکُنی
رَهـرَو تـویـی و راه تـویـی، مَنـزِل تـو
هُش دار کـة راه خـود بةخـود گُم نَکُنی

واتە:

هانایە سەرڕشتەی ئاوەز ون نەکەی، خۆت بۆ چاک و خراپ ون نەکەی ڕێڕەو تۆیت و ڕێ تۆیت و ماڵ و هەوارگە هەر تۆیت وشیاربە کە خۆ بەخۆ ڕێ ون نەکەی.

سەرچاوەکان:

١- حکمە الاشراق، تألیف شیخ شهید شهاب الدین یحیی سهروردی - ترجمە دکتر سید جعفر سجادی - تهران ١٣٦١.

٢- بەیازێکی کۆن کە دووسەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

٣- کەشکۆڵێکی کۆن کە هەندێ هۆنراوی شێخ شەهابەدینی تێدا تۆمار کراون.

شێخ مستەفا تەختەیی

٩٥١ - ١٠٤٧ی کۆچی

شێخ مستەفا کوڕی شێخ شەمسەدین وەلی مەردۆخی لە ساڵی ٩٥١ی کۆچی لە دێی تەختەی سەر بەسنەدا لەدایک بووە و لە منداڵیدا لەلای باوکی خوێندوویەتی و لە تافی جوانیدا دەڕواتە بەغدا و لەلای زانایانی ئاینیدا ڕێزمان و شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و پیتۆڵی دەخوێنی و ئەوسا دەڕواتە شام و لەوێوە دەچێتە حیجاز و لە شاری مەکەدا بۆ ماوەی ساڵێک لەلای ئیبنی حەجەر دەخوێنی و هەر لەلای ئەو ودمی مەلایەتی وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٠٤٧ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین دەسپێرێ.

شێخ مستەفا یەکێ لە زانایانی هەرە بەرزی کوردە و ئەو لە لێکدانەوەی قورئان و شەریعەتی ئیسلامدا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و دیوانێکی لە شوێن بەجێ ماوە کە بریتییە لە هۆنراوی کوردی و عەرەبی و لە ئەوپەڕی جوانی و تەڕ و پاراویدان. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو کە دەڵێ:

دڵە هاکە ویەرد، دڵە هاک ویەرد
فام ئاوا کەرە دنیا هاکە ویەرد
هاکە باد فەنا کۆوان کەرد بەگەرد
هاکە مەیل و مۆبەت دۆستان بی سەرد
هاکە ئەجەل یاوا شی وە سەرینت
هاکە جە دەستت شی، وەشیی وەرینت
هاکە (یَوم البَعث) وەنەت بی زاهێر
هاکە دنیای دوون گشت مەند بەباهێر
(وَجهتُ وَجهي) ڕوو نە خودا کەر
هەنیچ وەس مەیل نە دنیای دوون دەر
وێت مەدەر بەمەیل دنیای دوونەوە
مەویارە بەفکر چەند و چوونەوە

واتە: ئەی دڵ تێ پەڕی کەمێ بیر بکەرەوە جیهان ئەوا تێ پەڕی ئەوا بای نەمان کێوەکانی کردە تۆز ئەوا ویست و خۆشەویستیی دۆستان ساردبووەوە، ئەوا لەوانەیە کە ئاکام بێت و بگاتە سەرینت. ئەوا ڕەنگە خۆشی پێشووت لە دەست دەربچێ، ئەوا ڕەنگە

رۆژی زیندووبوونەوەت لێ ئاشکرابێ، لە پڕ ئەم جیهانەت لێ ببێتە بایر من ڕووم کردە ڕووت و تۆش ڕوو لە خواکە و ئارەزووت مەدە بەجیهانی نادیار، خۆت مەدە دەستی ئەم جیهانەوە مەکەوە بیری شتی پڕ و پووچەوە

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ مستەفا تەختەیی.

سۆفی عەلی کەوانی

٩٧٥ - ١٠٦٤ی کۆچی

سۆفی عەلی، کوڕی محەمەدی کەوانی لە ساڵی ٩٧٥ی کۆچی لە دێی کەوان-ی سەر بەبێلەوار لە دایک بووە و باوکی لەلاویەتیدا مردووە و ئەوی بەهەتیوی بەجێ هێشتووە و دایکی گەورەی کردووە و ناردوویەتە قوتابخانە و هەر کە بووەتە خوێندەوار دایکی ئەوی ناردووەتە لای شووی خوشکەکەی کە ئاسنگەر بووە و ئەوی کردووەتە شاگردی خۆی و، لەبەرئەوەی حەزی لە خوێندن کردووە وازی لە پیشەی ئاسنگەری هێناوە و ماوەیێک بووەتە سۆفیی یەکێ لە شێخەکان و ئەوسا لەگەڵ چەند کەسێکدا بەرەو بەغدا کەوتووەتە ڕێ و لەوێدا ماوەیەک لەلای زانایانی ئاینی خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمانی عەرەبی و لێکدانەوەی قورئان و ڕەوانبێژیی خوێندووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی تەمەنی بەکاری کشتوکاڵ و وانەوتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٠٦٤ی کۆچیدا دنیای بەجێ هێشتووە.

سۆفی عەلی، یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و ئەو لەوێژەی عەرەب و ڕێزماندا پسپۆڕ بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماون کە لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئوجاغ قەدیم، قایم مەقامات
ساحێب ئیعجاز کەشف و کرامات
واعێز گوفتار حەدیس و ئایەت
خەبەردار نەزم ڕاوی ڕوایەت

شــەریف پڕ شــەوق ڕەهبــەر رای دین
ســتـوون ســەیوان کـوردســتــان زەمین
چەند هەزار مەخلووق گومڕا و بێ خەبەر
ئاوەردی وە دین پاک پێــغــەمــبــەر
پەند و نەســیــحــەت بەتۆ لایقــەن
گـوفـتــارت وێنەی شــەهد فــایقــەن
جــانشین جــای پێــغــەمــبــەرانی
نەســیــحــەت نمای بێ خــەبەرانی

واتە: ئەی وەجــاغی کــۆن، ئەی خــاوەنی پەرجــۆ و پشــکنین و ڕێز و گــەورەیی، ئەی ئامـۆژگـاری کەری فـەرمـایشت و نیشـانە ئەی هـەواڵدەری ڕێکخسـتن و گێڕانەوەی ڕووداو، ئەی گەورەی پڕ چێژ و ڕێبەری ڕێی دین و ئاین ئەی کۆڵەکەی سەیوانی کوردستـان زەوی چەند هـەزار کـەس گـومڕای بێ هەواڵت، هێنایە سەر ڕێی دینی پاکی پێـغـەمـبـەر، پەند و ئامـۆژگـاری دان هـەر شـیـاوی تۆیە وتارت وەکـو هـەنگوێن شـیـرینە تۆ جێ نشـیـنی جـێی پێغەمبەرانی پەند دەری پیاوانی بێ ئاگای.

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسۆفی عەلی کەوانی.

یۆسۆ یاسکە

٩٩٥ - ١٠٤٢ی کۆچی

یۆسـۆ یا یۆسف کوڕی یاسکەی تەختـەیی لە سـاڵی ٩٩٥ی کۆچی لە دێی تەختـەی سـەر بەشاری سنەدا لەدایک بووە و دەوری منداڵیەتیی لەگەڵ باوکیا بەکاری کشـتوکاڵ بردوووەتە سـەر و لە تافی جـوانیـدا خـەریکی خـوێندن بووە و ئەوسـا چووەتە سنە و لەلای زانـایانی ئاینی فـێـری ڕێزمــان و قــورئانی پیـرۆز بـووە و لە پاشــا لەبەرئەوەی لاوچاک و هـۆنەر و گۆرانیبێژێکی باش بووە، خـان ئەحـمەد خـانی ئەردەڵان (١٠١٤ - ١٠٤٦ی کۆچی) خۆشی لێی هـاتووە و بردوویەتـە لای خـۆی و مــووچە و بەراتی بۆ دابین کــردووە، بەڵام لەپاش مــاوەیەک کـڵاوزەڕ خــانمی ژنی خــان کـە ژنێکی نەشـمـیل و باڵابەرزی چاوڕەش بووە دڵی دەچێ لە یۆسۆ و یۆسۆش گیرۆدەی دەبێ و کاتێ ئەم ڕازە ئاشکرا دەبێ خان تووڕە دەبێ و

یۆسۆ یاسکە دەخاتە زیندان و بەڵام ئاگری خۆشەویستیی ئەو دووانە زیاتر کڵپە دەسێنێ و یۆسۆ بەگوڕتر و بەسۆزتر گۆرانی دەچڕێ و هۆنراوی پیا دەهۆنێتەوە و هەروەک دەگێڕنەوە ئێشکگرەکانی زیندان بێ تاقەتیی خۆیان بەگۆرانییەکانی ئەو دەرکردووە و ڕۆژێکیان خان گوێی لە یەکێ لە گۆرانییەکانی دەبێ کە هۆنراوەکانی بریتی بوون لە تەنیایی و بێ کەسی و بێ بەزەیی و کۆیلەیەتی و خان دڵی پێی دەسووتێ و بەرەڵای دەکات، بەڵام کە ناوەڕۆکی گۆرانییەکە بۆ خان دەگێڕنەوە خان دیسانەوە فەرمان دەدا کە بیگرنە چوار دیوار لە قسلّ تا مردن و لە زەڵمدا لە ژوور ئەحمەد ئاواوە لە ساڵی ١٠٤٢ی کۆچیدا لە دیواری دەگرن و لەگەڵ دانانی هەر بەردێک و تۆپەڵە قسلێکدا، هۆنراویەک دەهۆنێتەوە و بەئاوازی سیاچەمانە دەیچڕێ کە هەموو بریتی بووە لە دەرخستنی بێ گوناهی و بێ تاوانیی خۆی، جا ئەم گۆرانییە دیارە لەناو جەرگەی کۆمەڵی ڕەنجدەر هەڵقولاوە و گۆرانییەکەش ئێستا لەناو خەڵکدا باوە و هۆرەچڕان بەهۆرە دەیچڕن کە ئەویش هۆرەی: یۆسۆ و کڵاوزەڕ خانم و ئێستاش پیرەپیاوان و پیرەژنان ئەو هۆنراوانەیان هەر لەبیر ماوە و بەسۆزەوە دەیگێڕنەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو گۆرانییە کە دەڵێ:

هەر چەندە کەروو خەیاڵانی تۆ
گەرمە شینمەن دوبارە جەنۆ
ئا سەر زەمینە تۆ کەردەن بەبەر
تازیە بار بێ ئاد جە من بەتەر
دەردێو من گرتەن باشقەی دەردانا
لوقمانی حەکیم جێش سەرگەردانا
بازە سەر بنیەو بەمەمانتەوە
با گیانم بەرشۆ وەرجە گیانتەوە
نە گیان شیرینتەر من شک نەبەردم
دام نە رای خودا نەزر تۆ کەردم
کافر هەی کافر، زاڵم هەی زاڵم
دەردەدار تۆم تاکەی بناڵم؟
ڕەنگ زەردیی خەزان خەتای پایزەن
ڕەنگ زەردییەکەی من دووریی ئازیزەن
جەوساوە سەودای تۆ کەفتەن نە سەر
منیچ لێوەنا جە مەجنوون بەتەر

ئانا خــــەیلێــــوەن دیدەم لێت دوورەن
فـرمــێــسکە چەمــەی هانەی بلوورەن
ئــەر ئــیــنــە نــەبــۆ وە بــۆنــەی تــۆوە
من چێش مــەکــەرۆ بەی کــەش و کــۆوە؟

واتە: هەرچەندە بیری تۆ دەکەمەوە، دیسان شین و شیوەنم گەرم دەبێ سەرلەنوێ ئەم سەر زەوییە تۆ بەبەرت هێناوە تازیەبار بوو ئای لە من خراپتر دەردێ کە من گرتوومە لەسەر رووی هەموو دەردەکانە، لوقمانی حەکیم لێی سەرگەردانە با سەر بنێمە بان مەمانتەوە با گیانم دەرچێ بەبەر گیانتەوە لە گیان شیرینتر شتێ ترم شک نەبرد لە رێی خوادام و کردمە قوربانی تۆ گاور هەی گاور، ستەمکار هەی ستەمکار، دەردەداری تۆم تاکەی بنالێنم؟ رەنگ زەردی خەزان تاوانی پایزە رەنگ زەردییەکەی من هۆی دووریی خۆشەویستەکەمە، لەوکاتەوە سەودای تۆ کەوتووەتە سەرم منیش لێوە بووم لە مەجنوون خراپتر ئەمە ماوەیەکە کە دیدەم لێت دوورە فرمێسکی چاوم وەکو کانییە. ئەگەر ئەمە نەبێ بەهۆی تۆوە من چی دەکەم بەم کەژ و کێوەوە.

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شیخ عەبدولموئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە یۆسۆ یاسکە.

مەلا حافز فەرهاد هەشەمێزی

١٠١٠ - ١٠٩٦ی کۆچی

مەلا حافز فەرهاد، کوڕی مەلا ئەحمەدی هەشەمێزی لە ساڵی ١٠١٠ی کۆچی لە دێی هەشەمێزی سەر بەژاوەرۆدا لە دایک بووە و لە منداڵیدا لەلای باوکی خوێندوویەتی و لە تافی جوانیدا چووەتە بەغدا و لەلای زانایانی ئاینیدا ڕێزمان و شەریعەتی ئیسلام و ڕاڤەی قورئان و ڕەوانبێژیی خوێندووە و لەپاش وەرگرتنی ودمی مەلایەتی، گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک چووەتە خزمەت خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان (١٠٢٦ - ١٠٤٨ی کۆچی) و بووەتە نووسەری تایبەتی و خان هەمووەدەم لەگەڵیدا ڕاوێژی کردووە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٠٩٦ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە.

مەلا حافز فەرهاد لە ڕاڤەی قورئان و ڕەوانبێژی و وێژەی فارسیدا مامۆستا بووە و لە

هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماون کە لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شەماڵ جەو جێوە، شەماڵ جەو جێوە
شەماڵ هەواڵێ جەو ماوا و جێوە
جەو بارگەی بڵند سەربەند نشێوە
نمەز نەمامان زەردی هەن پێوە
ئەوسا من ئامام جە زامن لەیل
نەدیم خەزانێ ڕەشتە بۆش سووەیل
بەڵێ ئەو جەمین چون مای زولاڵێ
جە سوب سەحەردا پێش دان هەواڵێ
ئانە کە خەزان گەر نەبۆش بەدەست
کێ بۆ وە زێد ئەو لەیل ئاوات وەست؟
ئەگەر وای شەماڵ نەیاونۆ گەردم
زەرد مەبۆ خەزان هەناسەی سەردم

واتە:

شەماڵ لەو جێگاوە، شەماڵ هەواڵێ لەو مەڵبەند و جێگاوە لەو بارگە بەرزە سەر بەند نشێوە نازانم نەمامەکان بۆ زەردییان پێوەیە؟ئەوسا من هاتم لە مەڵبەندی یار، پایزێکم نەدی کە گەلاوێژی لێ کەوتبێ بەڵێ ئەو تەوێڵە وەکو مانگی ڕوون، لە بەرەبەیاندا هەواڵێکیان پێ دا، ئەوە ئەگەر پایزی نەیێتە دەست کێ بوو کە بەزێدی ئەو یارە ئاواتی خواست؟

ئەگەر بای شەماڵ تۆزەکەم نەگەینێ بەیار
پایز زەرد دەبێ بەهەناسەی ساردم

سەرچاوەکان:
١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمنی مەردۆخی
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا حافز فەرهاد هەشەمێزی

مەلا مستەفای مەحزوونی

١٠١٢ – ١٠٨٦ی کۆچی

مەلا مستەفا کوڕی مەلا ئەحمەدی بێسارانی کە نازناوی هۆنراوی مەحزوونییە لە ساڵی ١٠١٢ی کۆچی لە دێی بێسارانی سەر بەژاوەرۆدا لەدایک بووە و هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە دوای ئەوەی کە قورئانی لەبەر کردووە رۆیشتووەتە بەغدا و لەلای زانایانی ئاینی خەریکی فێربوونی رێزمان و شەریعەتی ئیسلام و راڤەی قورئان بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەپاش ماوەیەک کە ناوبانگی پەیدا کردووە خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان (١٠٢٦ – ١٠٤٨ی کۆچی) بانگی کردووەتە لای خۆی و لە کارەکاندا راوێژی لەگەڵ کردووە و لە ئاخروئۆخری تەمەنیا گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و رێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٠٩٦ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە بەشی باخی شاعیرانی مێژووەکەیدا دەڵێ: مەحزوونی وەکو دەڵێن نووسەر بووە لە دیواخانی خەسرەو خانی یەکەمی ئەردەڵان (١٠٩١ – ١٠٩٣ی کۆچی)دا کەچی وانییە و ئەو نووسەری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بووە و ئەڵبەت هاوچەرخی خەسرەو خانی یەکەمیش بووە.

مەحزوونی یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و ئەو لە وێژە و راڤەی قورئاندا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو لە سەردێڕی: (میرزام وەهاران) وەکو دەڵێ:

میرزام وەهاران، میرزام وەهاران
سوبحدەم وەشەن فەصڵ وەهاران
تەماشای قەترەی دوڕ وێنەی واران
ئاوێز بۆ جە وەڵگ نەونمای داران
خەندەی شکۆفان نە ڕووی بوڵبولان
جە بێ پەروایی ناز پەروەر گوڵان
دیدەی نەرگسان خاڵ نەورۆزان
چ خاس وێنەی داخ دەروون پڕ سۆزان
بەڵێ هەر وەختێ خەسرەو دارا
مەیل کەرۆ وە مەی سەیر کەرۆ سارا

قـــــەدەم بـەدەوڵەت بـاوەرۆ بـەخــــــەیر
فـەرش چەمـەنان سـێـر کـەرۆ بەسـەیر

واتە: ئەی مـیـرزام لـە بەهاراندا بەرەبەیان خـۆشـە لە وەرزی بەهاراندا تـەمـاشـای دڵۆپی دوڕ و گـەوهـەر وەکـو باران ئاوێزان بێ بەگـەڵای تازەی دارەکـان پێکەنینی شکۆفـەکـان لە ڕووی بولبولان لە بێ پەروایی نازپـەروەری گوڵان چاوی نێرگزەکـان خاڵی نەورۆزان چ باش وەکو داخی دەروون سـووتاوان، بەڵی هەر کاتێ خـەسـرەوی دارا ئارەزووی مـەی و بادە بکا لە دەشت و کێـودا هـەنگاو بنێتـە دەوڵەت خانە و بەخـۆشی بێت ڕایەخی چاوە و تەمـاشا بکا بەشادی

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولوئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا مستەفا مەحزوونی.

عەبدی کەلاتەرزانی

١٠٤٣ - ١١١٨ی کۆچی

عـەبدی، کوڕی مـحـەمـەدی کـەلاتەرزانی لە سـاڵی ١٠٤٣ی کـۆچـی لە کـەلاتەرزاندا لەدایک بووە و هەر لـە منداڵیـیـەوە خـەریکی خـوێندن بووە و لە پاشـا چووەتە دێی بیـارە و لەلای زانایانی ئاینیدا ڕێزمانـی عـەرەبی و لێکدانـەوەی قورئان و شـەریعەتی ئیسلامی خوێندووە و ئەوسا چووەتە بەغدا و ماوەیێک لەوێشـدا خوێندوویەتی تا ودمی مەلایـەتیی وەرگرتووە و لە پاشـا چاوی کـەوتووەتە زانایان و هـۆنـەرانی ئەو شـارە و گـەڕاوەتەوە زێد و مـەڵبـەندەکـەی خـۆی و پاشـمـــاوەی ژیانی بەوانـەوتنەوە و ڕێنوێنیی خـەڵک بردووەتە سـەر تا لە سـاڵی ١١١٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و هـەر لەوێدا نێژراوە.

عـــەبدی یـەکێ لە زانایان و هـۆنـەرانـی هـەرە بـەرزی سـەردەمـی خــۆی بووە و لە وێژەی عەرەبی و پیتـۆڵیدا مامۆسـتا بووە و لە هۆنینـەوەی هۆنراویشدا دەسـتێکی باڵای هـەبووە و گـەلێ هـۆنراوی هـۆنیـوەتەوە کـە هـەندێکیـان لە بەیازەکـاندا تـۆمـار کـراون. ئەوا لێرەدا چەند هۆنراوێکی دێنین وەکو دەڵێ:

بـەیاهـوو یـاهـوو بـشــــــــۆ بـەچـۆڵـدا
لۆنگ پۆش هووکێش، کەڵپۆس نـە کۆلدا

خــــەرابـات نـشـین دایم وێڵـــــەنی
چۆڵ وار، بەدمـاڵ، سـەحـرا گـێڵـەنی
حـەسـرەت چەشـیـدەی بارەی بـەڵانی
بەئـاهر عـەشق سـەخـت مـوبتـەڵانی
مــــــەنـاڵان بـەزام بـەدی بـرینـەوە
بەســـــەیل دیدەی پڕ ئـەســـــرینەوە
ئێـمـەیچ کـەمـتـەرین کـەمتـەرینانیم
زام زەدەی مـــــــەینـەت بەتـەرینـانـیـم
هـەر تا زینـدەنـی مـــێـــر تۆشـــانـەن
فکر و زکـــر تۆ خـــدە و خـــۆشـــانـەن
بەندەی حـەڵقـەگۆش دەروون جۆشـانیم
کـەمـەر بەسـتـەی مـەیل دڵ خـرۆشـانیم
یە(عـــــەبدی) واتەن غـــولام دڵرێش
وە پەی جەسـتەشان جەور و جەفـاکێش

واتە: بەناوی خـواوە بچۆ بەچۆڵدا، لۆنگ بکە بەرت و کەڵپۆس بکە کۆڵت. مەیخانەنشینی و هەمـوودەم وێڵ و ئاوارەی، لە چۆڵ و هۆڵدا خـەریکی گـەڕانی، داخ و پەژارە چێشـتـووی باری تەنـگ و چەڵەمـەی، بەئـاوری ئەوین سـەخـت گـرفـتـار بووی ئەنـاڵم بەزام بەم برینەوە، بەسێڵاوی دیدەی پڕ ئەسرین، ئێمەیش خۆ کەمتەرینی کەمتەرینیم.

زام لێدراوی ئازار و دەردین
هەر تا زیندووم مێهر و خۆشەویستیی تۆ لە دڵمە
بیر و یادی تۆ خوو خدەی یارانە
من بەندەی ئاڵقە بەگوێی دەروون جۆشانم
کەمەر بەستووی هیوای دڵ خرۆشانم
ئەمە (عەبدی) وتوویەتی بەندەیەکی دڵرێش
بەشوێنی لەشیان ستەم و ئازار دەکێشێ

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعەبدی کەلاتەرزانی.

مەولانا دەردین بیسارانی

۱۰٤٥ – ۱۱۲۱ی کۆچی

مەولانا دەردین کوڕی کەیکاوسی بێسارانی لە ساڵی ۱۰٤٥ی کۆچی لە دێی بێساراندا لەدایک بووە و لە منداڵیدا قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە و ئەوسا بەرەبەرە لە زانیارییەکانی تردا سەرکەوتووە و ماوەیەک لەلای زانایانی ئاینی خەریکی خوێندنی رێزمان و پیتۆڵی و ڕاڤەی قورئان بووە و لە پاشا سۆزی ڕایەڵی شێخ شەهابەدینی کاکۆ زەکەریا رای دەکێشێ بۆ لای خۆی و لەوێدا دەبێتە داوی تەریقەتەوە و دەبێ بەخەلیفە و لەپاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ زێدەکەی خۆی و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک دەبێ لەپاش ماوەیەک بار دەکاتە دێی سەوڵ ئاوا و پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا دەباتە سەر تا لە ساڵی ۱۲۲۱ی کۆچیدا کۆچی دوایی دەکا.

مەولانا دەردین یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و ئەو لە شەریعەتی ئیسلام و وێژەی عەرەبدا مامۆستا بووە و گەلێ هۆنراویشی بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە کە زۆر تەڕ پاراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو کە دەڵێ:

وێڵ مەحزوونی، وێڵ مەحزوونی
هام ستارەی قەیس وێڵ مەحزوونی
پەی دەردەداران تۆ ڕانموونی
ماچان تۆ نۆشان جام مەجنوونی
ئوجاخ قەدیم مورشد زادەنی
جە سەرمەشق عەشق تەعلیم دادەنی
دڵ سەودای کەسێش یا کەفتەن نەسەر
نوورش زیادەن جە شەمس خاوەر
ها نە جاێیدا یاگەی دەنگ نییەن
دڵە سۆزانە ئەو بەتەنگ نییەن
پیرە دەردەدار، ئەی ڕاهنمای عەشق
یە کام خەیاڵەن دڵ مەکەرۆ مەشق؟
(دەردین) دەردەدار دووریی ئازیزەن
پەوکە نە دووریش دڵگیر و زیزەن

واتە: وێڵ و دڵتەنگی ئەی هاوئەستێرەی قەیس تۆ وێڵ و دڵتەنگی، بۆ دەردەداران تۆ ڕێ

پیشاندەری دەڵێن جامی مەجنوونیان بەتۆ خوران، تۆ وەجاخی کۆن و رێ پیشاندەری تۆ لەسەر مەشقی ئەوین فێرکراوی، دڵت داوە بەکەسێک یا ئەوینت کەوتووەتە سەر تیشکی زۆرە لە خۆری خۆرهەڵات، ئەوە جێگایەکە کە جێی باسی تێدا نییە دڵ دەسووتێ و کەسێ بەتەنگیەوە نییە ئەی پیری دەردەدار، ئەی رێنمای ئەوین ئەمە چ کەڵکەڵەیەکە کە دڵ مەشق دەکا؟ (دەردین) دەردەداری دووری خۆشەویستەکەیەتی بۆیە لە دووریی ئەودا زیز و دڵگیرە.

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣ یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەولانا دەردین بێسارانی.

شێخ شەمسەدینی دەرەهەردی

١٠٤٨ - ١١١٧ی کۆچی

شێخ شەمسەدین کوڕی شێخ محەمەدی دەرە هەردی لە ساڵی ١٠٤٨ی کۆچی لە دەرەهەردی سەر بەکەڵاتەرزان لەدایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە سنە و خەریکی خوێندنی رێزمانی عەرەبی و پیتۆڵی و شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان بووە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی تەمەنی بەوانەوتنەوە و رێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١١٧ی کۆچیدا کۆچی دواییی کردووە.

شێخ شەمسەدین یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و ئەو لە لێکدانەوەی قورئان و وێژەی عەرەبی و فارسیدا مامۆستا بووە و لە هۆنراو هۆنینەوەشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ لە هۆنراوەکانی لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یۆسف سەنگ نییەن، یوسف سەنگ نییەن
دڵ چون نەسۆچۆ؟ بیللا سەنگ نییەن
ئەر سەد کە خارەن دەردێ تێش شییەن
دەواش عەتاران شاران نەدییەن
ئەو دەوا بەدەست تەبیب خاسەن
ڕوو نە ئەو کەرە خالس خولاسەن

بێ ئارام، ئارام چون جـــــه دڵ بەردەن
دەردش دەرمـــانەن، دەرمـــانش دەردەن
بەڵێ دیدەی من هەر نە ســــێـــڵاتەن
ئاڵەم جــه خــرۆش بەحــر دڵ مــاتەن
هووناو وەشـــتــــانەن بەبارشت نەم
جــەو پەی پڕ بیــیەن ئاڵەم جــه ناڵەم
کـەسـێـو بەی جــەســتــه هاڵ دڵ دارۆ
چ مـــەجـــاڵ هاڵ کــەســـێـــو نەدارۆ

واتە: ئەی یوسف، دڵ بەرد نییە دڵ ئەگەر نەسووتێ بەخوا بەرد نییە ئەگەرچی درک و داڵە دەردێکی تێ چووە دەوای ئەم دەردە دەرمان فرۆشی شارەکان نەیدیوە ئەو دەوا دیارە بەدەستی حەکیمێکی باشە، دەسا ڕووبکەرە ئەو، چونکە ئەو ڕەسەنە ئەو بێ ئارامە، چونکە ئارامی لەدڵ سەندووە دەردی دەرمانە و دەرمانی دەردە بەڵێ دیدەی من هەر سێڵاو ئەڕێژێ جیهان لە خرۆشی دەریای دڵ ماتە خوێناو باراندنە بەبارشتی نم، بەو بۆنەوە ناڵەم پڕی جیهان بووە. کەسێ بەم لەشە ئەگەر حاڵی دڵی بێ دەرفەتی حاڵی کەسێکی تری نییە

سەرچاوەکان:
١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ شەمسەدینی دەرەهەردی.

حاجی عەلیمحەمەد بەگی تیلەکۆ

١٠٥٦ - ١١٢٤ی کۆچی

حاجی عەلیمحەمەد، کوڕی ئەحمەد بەگی تیلەکۆ لە ساڵی ١٠٥٦ی کۆچی لە دێی تیلەکۆی سەر بەسەقز لەدایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە سنە و لەلای زانایانی ئایینی ڕێزمان و پیتۆڵی و ژمارە و لێکدانەوەی قورئانی خوێندووە و لەپاش وەرگرتنی ودمی مەلایەتی گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی، و لەپاش ماوەیەک کە ناوبانگی دەرکردووە کەلب عەلی خانی ئەردەڵان (١٠٦٧ - ١٠٨٢ی کۆچی) بانگی کردووەتە لای خۆی و کردوویەتە نووسەری تایبەتی تا لە ساڵی ١١٢٤ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە.

حاجی عەلی یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و ئەو لە وێژە و ڕەوانبێژیدا مامۆستا بووە و هەروەها لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بالای هەبووە و گەلێ هۆنراوی تەڕ و پاراوی لە شوێن بەجێ ماون کە لە بەیازەکان و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شەماڵ سوب خێز، شەماڵ سوب خێز
مەحرەم ئەسرار خەسرەو پەروێز
دەستم دامانت ئەی باد توند پەڕ
تەی کەر تۆ راگە و دەریا و بێدی و بەڕ
عەرز حاڵ من ببەر لای دڵبەر
واچە پێش جوانێ دیەنم جە بەر
پەرێت هەر ئەسرین مەڕێزۆ نە چەم
دڵش پڕ بییەن جە دەرد و جە خەم
دایم مەناڵۆ و مەواچۆ هەی لەیل
تاکەی بنیشم من نە کۆی دوجەیل
تاکەی چون (عەلی) من هەر بناڵم
پەرێت زاری کەم هەرەس وە ماڵم

واتە: ئەی شەماڵی بەیانی راپەڕ، ئەی ڕازداری رازەکانی خەسرەو پەروێز دەستم داوێنت ئەی بای توندڕۆ، تۆ ڕێگەی دەریا و دەشت و چۆڵ ببڕە قسەکانی من ببە بۆ لای دڵبەر بڵێ پێ لاوێکم لە دەشتدا دیوە، بۆت هەر فرمێسک دەڕژێنێ لەچاو دڵی پڕ بووە لە دەرد و لە خەم هەموودەم دەناڵێنی و دەڵێ هەی یار تاکەی دانیشم من لە کێوی دوجەیلدا تاکەی وەکو (عەلی) من هەر بناڵێنم بۆت بگریم هەرەس بەماڵم

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحاجی عەلی محەمەد بەگی تیلەکۆ.

میرزا ئیبراهیمی هەورامی

۱۰۵۸ - ۱۱۱۸ی کۆچی

میرزا ئیبراهیم، کوڕی میرزا حسێنی هەورامی لە ساڵی ۱۰۵۸ی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە سنە و لەلای زانایانی ئایینی خەریکی فێربوونی قورئان و ڕەوانبێژی بووە و لە پاشا فێری خۆشنووسی بووە و لەم ڕشتەدا بووەتە مامۆستا و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەخت خۆشی و کاری کشتوکاڵ بردووەتە سەر تا لە ساڵی ۱۱۱۸ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

میرزا ئیبراهیم لە خەتخۆشی و وێژەی فارسیدا مامۆستا بووە و هۆنراوی جوانیشی هۆنیوەتەوە کە گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و هۆنراوی کوردییەکانی لە بەیازەکاندا تۆمار کراون.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شەماڵ جە ڕێدا، شەماڵ جە ڕێدا
خەڵتان خاکم جەی سەرە ڕێدا
زام وێم گرتەن مەکەروو پێدا
واتم تۆ مەشی بەی ڕێ و جێدا
مەوینی جەستەی زەلیلی زارم
گۆنە چون بیمار پەی دین یارم
مەگێری بەدەست نامەی نەوەستەم
میاونیش وە لای وە ئاوات وەستەم
ئامانەن ڕێزەی خاک پاتەنان
سەر ئەفکەندەی سدق نە ڕووی ڕاتەنان
ئی نامەم بەسەیل هوون دڵ سیان
جە ڕەفتەی یانەی هیجران نویسیان
واچە: یە غولام ڕەنج بەردەت کیاست
جە داخت پەی مەرگ دەستووریٚ مەواست

واتە: ئەی شەماڵ لە ڕێدا، ئاوێتەی خاک بووم لەم سەرەڕێدا، برینەکەی خۆم بەدەست گرتووە و شتی پێوە دەکەم وتم تۆ دەچی بەم ڕێ و جێیەدا دەبینی لەشی زارو زەبوونم

گۆناکانم سیس بووە و چاوەڕوانی یارم دەگریتە دەستەوە نامەکەی من، دەیگەینیتە لای ئاواتەکەم، هانایە ڕێزەی خاکی پێت ئەو ئازار نەدا شەرمەزاری ڕاستبێژی لە ڕووی ڕێتە ئەم نامەیەم بەسێلاوی خوێنی دڵ نووسیوە لە دوور ئەوا لە ماڵ دوورکەوتوومەتەوە بڵێ: ئەمە بەندە و خولامی ڕەنج بردووت ناردوویە لە داخت بۆ مەرگ دەستووریکی ویستووە

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیرزا ئیبراهیمی هەورامی.

مەلا تاهیری هەورامی

١٠٦٣ - ١١٣٩ی کۆچی

مەلا تاهیر، کوڕی مەلا فەیزوڵڵای هەورامی لە ساڵی ١٠٦٣ی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و لە تافی جوانیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە بەغدا و لەلای زانایانی ئەم کات، ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام و پیتۆڵیی خوێندووە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی تەمەنی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٣٩ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە.

مەلا تاهیر یەکێ لە زانایان و هونەرانی کوردە و گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە هەندێکیان لە بەیازەکاندا نووسراونەتەوە. ئەوا پارچە هەڵبەستێکی ئەم دێنین کە دەڵێ:

جەو مەکانەوە، جەو مەکانەوە
ناما هەوالێ جەو مەکانەوە
جەو نوور نووربەخش سۆی چەمانەوە
جەو زێد و زامن هەورامانەوە
شەماڵ بێ مروەت چۆنت مداران
زیزم، زەلیلم، بشۆ لای یاران
زەڕێ جە سفتەی تەن کۆی زوخاڵم
ماڵە ئاستانەی شای بلند ماڵم
ئەڵبەت مەپەرسۆ چ زوخاڵێوەن
تەن هیجران سفتەی وێران ماڵێوەن

چون من گوستاخ خەرگەی نازداران
ئامانەت پیم دا بشـۆ لای یاران
منیچ بەڕووی حەق ئامانەت فەردەن
ئاوەردیم سفتێو دووریی تۆ کەردەن
جەفای هیجران جەور ملک شارەزوور
تەن بی بەزوخاڵ، بینایيش بیّ نوور

واتە: لە ئەو شوێنەوە هەواڵێ نەهات لە ئەو شوێنەوە لەو تیشکە کە تیشک دەپڕژێنێ لە سۆمای چاوانەوە هەر لە زێدو مەڵبەندی هەورامانەوە شەماڵ تۆ چۆنت بەسەربرد من زیز و زەبوونم بچۆ بۆ لای یاران تۆزقاڵێ لە بووڵی لەشی خەڵووزم بماڵە بەبەردەرگای شای هەرە بەرزم ئەڵبەت لێت دەپرسێ ئەمە چ خەڵووزێکە لەشی سووتاوی چ وێران ماڵێکە چونکە من چاونەترس و گوستاخی خێوەتی نازارانم پێی ڕاسپارد کە بچمە لای یاران منیش لەبەرئەوەی ئەو راسپاردەیە بەجێ بێنم هاتم و دووریی تۆم لەبەرچاو گرت بەهۆی ئازاری دووریی تۆ و ستەمی مەڵبەندی شارەزوور لەش بووە خەڵووز و بیناییش تیشکی نەما

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا تاهیر هەورامی.

مەولانا فەڕوخی پالنگانی

١٠٦٨ - ١١٥٠ی کۆچی

مەولانا فەڕوخ کوڕی محەمەدی پالنگانی لە ساڵی ١٠٦٨ی کۆچی لە دێی پالنگانی سەر بەژاوەرۆ لەدایک بووە و لە منداڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و لە تافی جوانیدا چووەتە بەغدا و لەلای زانایانی ئایینی خەریکی فێربوونی ڕێزمان و وێژەی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلاک و لێکدانەوەی قورئان و ڕەوانبێژی بووە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا چووەتە میسر و شام و حیجاز و چاوی کەوتووەتە زانایان و هۆنەران و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٥٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانەکەی پالنگاندا نێژراوە.

مەولانا فەڕوخ یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و ئەو لە وێژەی عەرەبی و

لێکدانەوەی قورئاندا پسپۆڕ بووە و گەلێ هۆنراویشی هۆنیونەتەوە کە لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراونە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو وەکو دەڵێ:

پەردەی ئیلاهی، پەردەی ئیلاهی
ئەرێ سر بورج پەردەی ئیلاهی
مازی ئۆمەتان تۆشان پەناهی
ساکەی جە یەسرەب جەمین نماهی
ئۆمەتان تەمام پەروانە وێنە
سفتەی شەوق تۆن شەمع مەدینە
ساوەس جە یەسرەب پەردەنشین بە
بۆ نوور دیدەی ئەهل زەمین بە
بۆ نوور دیدەی ئەهل زەمین بە
با وەس کە ئەسرین عاشقان ڕێزۆ
ئەبا نە جاشان تۆفان بخێزۆ
سا وەخت ئێدەن سەید ئەمین
بەکۆی تورر کەری تەواو سەرزەمین
تا کە عاشقان گیان توفەیل بۆ
سەراسەر زەمین جە ڕەحمەت کەیل بۆ

واتە: پەردەی خوایی ئەرێ ئەی ڕازی برجی پەردەی خوایی پشت و پەنای ڕابردووی نەتەوەکان هەر تۆی لە شاری یەسربەوە سەرت هەڵدا نەتەوەکان هەموو وەکو پەپوولە لە دووی ڕوونیی تۆدا کۆبوونەوە و تۆش شەمی شاری مەدینە بووی دەسا بەس لە شاری یەسربدا پەردەنشین ببە وەرە تیشکی چاوی خەڵکی زەوی ببە با ئەوینداران کەمتر فرمێسک داوەرێنن نەکا لە جێگەیان تۆفانێک هەستێ دەسا کاتی ئەوەیە ئەی سەرۆکی دڵپاک تەواو سەرزەوی بکەیتە کۆی توور تاکە ئەوینداران گیانیان لە ڕێتا بەخت کەن بۆ ئەوەی سەراسەر زەوی لە بەزەییتا پڕبێ

سەرچاوەکان:
١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمئمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣ - یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەولانا فەڕوخی پالنگانی.

مەلا فەزلوڵڵای هەورامی

۱۰۷۱ - ۱۱۳۳ی کۆچی

مەلا فەزلوڵڵا، کوڕی مەلا جافری هەورامی لە ساڵی ۱۰۷۱ی کۆچی لە هەوراماندا لەدایک بووە و لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمان و وێژەی فارسی و عەرەبیی خوێندووە و لە پاشا لەلای زانایانی ئاینی شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و ڕەوانبێژی و پیتۆڵیی خوێندووە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و پاشان چووەتە لای خەسرەو خانی ئەردەڵان (۱۰۹۱ - ۱۰۹۳ی کۆچی) و خان ئەوی کردووەتە مامۆستای زانکۆی سنە و لەپاش ماوەیەک چووەتە حەج و ئەوسا ڕۆیشتووەتە پاوە و لەوێدا خەریکی وانەوتنەوە بووە تا لە ساڵی ۱۱۳۳ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە پاوەدا نێژراوە.

مەلا فەزولوڵڵا یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و ئەو لە وێژە و ڕێزماندا مامۆستا بووە و گەلێ هۆنراویشی بەزاراوەی گۆرانی هۆنیونەتەوە کە گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەتان پێشکەش دەکەین کە دەڵێ:

یا ڕەب جە دەرگات من ئێدەن ڕجووم
کە نە دەرگای وێت من نەکەی مەحرووم
من کە مەزانم خاسیم نەکەردەن
وەلێ نام تۆم جە یاد نەبەردەن
مەزانم کە تۆ فەرد غەفاری
ساحێب کەرەم و گەورە و قەهاری
ئەر سەد قەبر و حەشر راستەن جامانەن
دەسا نەو ڕۆژە یارەب ئامانەن
تۆ ویت بەخشندەی و مەبەخشی گونام
ئومێدم وە تۆن هەر تۆنی پەنام
وەلاتەقنەتوو ئایەی ڕەحمەتەن
تۆ وە (فەزلوڵڵا) هەر کەرەم بکەر
چون خەتابەخشی مۆڵەتم بدەر

واتە: خوایا لە دەرگات من تکام ئەوەیە کە لە دەرگای خۆت بێ بەریم نەکەی من ئەزانم چاکەم نەکردووە بەڵام ناوی تۆم هەرگیز لەبیر نەبردووەتەوە دەزانم کە تۆ بەخشندەی گونای خاوەنی گەورەیی و مەزن و زاڵی بەسەر هەموو شتێکدا ئەگەر گۆڕ و ڕۆژی پەسڵان

راستە و جێگامانە دەسا لەو ڕۆژەدا خوایا هانات بۆ دێنم تۆ خۆت بەخشندەی و گوناهم دەبەخشی ئومێدم بەتۆیە و هەر تۆ پەنامی ئایەتی (ولاتقنطوا) ئایەتی بەزەییە ئەوە بۆ من مایەی زانیارییە تۆ بە(فەزلوڵڵا) هەر جوامێری بکە چونکە بەخشندەی گونای ماوڵم بدە

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا فەزلوڵڵای هەورامی.

حەمەومین بەگی هەورامی

١٠٧٩ - ١١٦١ی کۆچی

حەمەومین، کوڕی سەعید بەگی هەورامی لە ساڵی ١٠٧٩ی کۆچی لە هەوراماندا لەدایک بووە و سەرەتا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە لای شێخ محەمەدی هەورامی و ماوەیەک ڕێزمان و وێژەی فارسیی لەلای خوێندووە و ئەوسا چووەتە سنە و لەلای زانایان پیتۆڵی و ڕەوانبێژی و لێکدانەوەی قورئانی خوێندووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و وانەوتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٦١ی کۆچیدا لە بادەگێڕی گەردوون بادەی مەرگ وەردەگرێ و دەیخواتەوە و لە گۆڕستانەکەی هەوراماندا دەینێژن.

حەمەومین بەگ یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و هۆنراوەکانی ئەو گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن و زۆربەیان لە کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شەماڵ سوب خێز، شەماڵ سوب خێز
شەماڵ شەوگەڕ شەیدای شەو سوب خێز
مەشەشاتەی نشات ئەی کۆی کلاف دێز
بۆی عەتر عەتار ناف ئاهوو بێز
کلیلدار قفڵ قاپی دڵداران
مەحرەم ئەسرار ڕەوزەی نازداران
دەستم دامانت تێژباڵ تێژ پەڕ
تەی کەر راهان بەحر و بێدی و بەڕ

سدیق بۆرەکەیی/٣ (٢٤)

پەرێ عــەرزەی دڵ ڕەهنمــای ڕەهبــەر
شــۆ وە ئاســـتــانەی دڵڕوبای دڵبــەر
جــەو درەنگەدا، شــەبەق مــەبۆ شــەق
خــاڵین جــە ئەغــیــار ڕەقــیـبــان ڕەق
جە سەردیی حەڵقەی نەسیم مەبۆ سەرد
لەعل لـەوانـش پـێ مـــــــــەبۆ بەدەرد

واتە: ئەی شـەمـاڵی بەیانی ڕاپەڕ ئەی شـەمـاڵی شـەوگـەڕی ئەوینداری بەیانی ڕاپەڕ جوانکەری خۆشی ئەی کۆی کلاڵەی دێز بۆنی خۆشی بۆن خۆش فرۆش کە لەناوکی ئاسک وەری دەگرن کلیلداری کلیلی دەرگای دڵداران هاوڕازی ڕازی پۆلی نازاران دەستم دامینت ئەی تیژباڵی تیژپەڕ ڕێی دەشت و دەریا بگرە بەر بۆ گەیاندنی ڕازی دڵم خۆت بگەینە دڵبەر بچۆ بەر دەرگای دڵبەری خۆشەویستم لەو درەنگەدا کە شـەوەق شـەق دەبێ وە ئەوێ لە بێگانەی دڵڕەق خاڵییە وە لە ساردی بای شەماڵ سارد دەبێتەوە لاڵی لێوانی دێتە ئێش و ژان.

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحەمەومین بەگی هەورامی.

مەلا یوسفی دوەیسە

١٠٨٥ - ١١٤٧ی کۆچی

مەلا یوسف کوڕی مەلا ئەحمەدی دوەیسە لە ساڵی ١٠٨٥ی کۆچی لە دێی دوەیسەی سەر بەسنەدا لەدایک بووە و لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە سنە و لەلای زانایانی ئایینی ڕێزمان و پیتۆڵی و ڕەوانبێژی و شەریعەتی ئیسلامی خوێندووە تا بووە بەمەلایەکی باش و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی تەمەنی بەکاری کشتوکاڵ و ڕێنوینیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٤٧ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووە.

مەلا یوسف لە وێژە و پیتۆڵیدا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماون کە لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراوە. ئەمانەش چەند هۆنراوێکی ئەو هۆنەرەن کە دەڵێ:

شەمسەدین گریا، شەمسەدین گریا
دڵ ئیمشەو چون شەم تا بەسوب گریا
جەستەم دیدەش دی یەند هوونش خریا
ئەسرین تەمام بی جە چەم هوون بریا
دڵ سەفت جە چەم شی لاو بەباهر دا
وێنەی توول تەڕ سەر نە ئاهر دا
لایق شوڵەی گڕ لایولاو مەهات
تا کە قەدیم داش بانگ سوب سەلات
جەستەی من ئێد بی تا وەخت ئافتاو
دڵ ئاهر واران دیدە واران ئاو
شەمسی ئەر مەدیت ئیمشەو ماجەرام
پەروانەی دڵت مەسفت بەچرام

واتە: ئەی شەمسەدین گڕا دڵ ئەمشەوە وەکو شەم تا بەرەبەیان گڕا لەشم چاوی دی ئەوەندە خوێنی لێ هات فرمێسک تەواو بوو لە چاو خوێن بڕا دڵ بەجارێ سووتا و خۆی دایە بەر ئاگر وەکو تووڵی تەڕ سەری لە ئاور دا شیاوی بڵێسە و گڕ بوو هاواری دەهات تاکو وەکو دەوری کۆن بانگی سەڵا دەهاتە گوێ لەشی من ئەوەبوو تا کاتی هەتاو هەڵاتن دڵ ئاگرباران و چاو ئاوی باران (شەمسی) ئەگەر ئەمشەو بەسەرهاتی منت دەدی پەپوولەی دڵت بەچرام دەسووتا

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا یوسفی دوەیسە.

ڕەزا بەگی هەورامی

١٠٩٨-١١٨٥ی کۆچی

ڕەزابەگ، کوڕی حەسەن بەگی هەورامی لە ساڵی ١٠٩٨ی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لەبەر ئەوە خاوەن هۆشێکی زۆر بووە لە زۆربەی زانستەکانی ئەو دەمەدا سەرکەوتووە بەتایبەت لە ڕێزمان و لە ژمارە و هەندازە و وێژەدا شارەزاییەکی باشی پەیدا کردووە و بەم چەشنە هەشتا و حەوت ساڵ ژیاوە تا لە ساڵی ١١٨٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

ڕەزا بەگ یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و ئەو گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە پتر لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون و هۆنراوەکانی گەلێ شیرین و تەڕ و پاراون.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شەماڵ عەرزەی دڵ سەد پارە پارەم
بەرکەندەگیی بەخت شوومی ستارەم
پەشێوی ئەحواڵ هیجران یاران
دوور کەفتەی وەتەن غەریب شاران
ساداری و سەرسام جەفای مەینەتان
نەدین دیدەی نەوتووڵ قامەتان
بشۆ لای یاران جەهال بێ خەبەر
واچە: شەخسێ دیم جە مەجنوون بەتەر
سەرتاپاش گوڵگەز، هووناوین دیدەن
قامەتش چون چەم چۆگان چەمیدەن
نە بە ڕۆ قەرار، نە شەو خاوشەن
چون زامەت داران گلاراوشەن
ئێدەن ئومێدش جەلای نازداران
ڕۆژێ جە ڕۆوان وە یادش داران
یە (ڕەزا) واتەن بەو گەرد دەردەوە
سەر مەنیۆ وە لای ئاه سەردەوە

واتە:

ئەی شەماڵ دادی دڵی سەد پارە پارەم و، بڵاوی بەختی ئەستێرەی شوومم، پەشێوی

حـاڵی دووری یاران، دوورکـەوتووی نیشـتـمـان و ئاوارەی شـاران، سـەرسـوورمـانی تەنگوچەڵەمە و ڕەنج و چەرمەسەرێی ژیان، نەدیوی دیدەی بەژن و باڵای یاران، بچۆ بۆ لای یاران بەبێ هـەواڵ، بڵێ: کەسێکم دی لە مـەجنوون خراپتر، سـەرتا پێی گـوڵگەز و دیدەی خـوێناوی، ئەندامـی وەکو گـۆچان چەمـاوەتەوە، نە بەڕۆژ ئارامی هەیە و نە بەشـەو خـەوی هەیە، وەکـو بریندااران گـلاراویە، ئەوەیە ئـومـێـدی لە لای نازارەکـان، کـە ڕۆژێ لە ڕۆژان بکەونە بیری، ئـەمـە (ڕەزا) وتـوویەتی بەو هەمـوو ئێش و دەردەوە، سـەر دەنێـتـە لای ئاخ و داخی ساردەوە.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەڕەزا بەگی هەورامی.

نازری بستی

١٠٩٩-١١٤٣ی کۆچی

نازر، کوڕی ئەحمەدی بستی لە ساڵی ١٠٩٩ی کۆچی لە دێی بستی سەر بە دیواندەرەدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خـەریکی خـوێندن بووە و لە چواردە سـاڵاندا قـورئانی لەبەر کـردووە و پاشـان چووەتە سنە و لە لای زانایانی ئایینی قـورئانی پیـرۆز و فـەرمـایشـتـەکـانی پێغـەمـبـەری خـویندووە و لەوێوە چووەتە بەغـدا و بەسـرا و زانایان و هۆنەرانی چاوپێ کەوتووە و لەگەڵیـاندا دواوە و لە پاشـا گەڕاوەتەوە زێد و مـەڵبـەندەکەی خـۆی و پاشـمـاوەی ژیـانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوینیی خـەڵک بردووەتە سـەر تا لە سـاڵی ١١٤٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

نازر یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و ئەو لە وێژە و مێژوودا مامۆستا بووە و گەلێ هۆنراویشی بە زاراوەی گۆرانی هۆنیونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ڕۆی کـەلبـەلامـەن، ڕۆی کـەلبـەلامـەن
یاران ڕەسـتـاخـێـز ڕۆی کـەلبـەلامـەن
خـارای بەرگ خـەم کـالای بالامـەن
سـەدای نەعـرەی ڕەعـد نـالای نالامـەن

قـــوتب ئاســـا بەندەن ســـەیر ســـەیارەم
چەندین دڵ جـــــە خـــــاک زامن ئاوارەم
گـــورگین ئیـــقـــبـــاڵ دەوڵەت لێم بی کـــەم
ســـــەرمـــایەی مـــەردیم بڕیا بە مـــەردەم
جـــەوسـاوه دڵ جـــام وەسڵ دۆس وەردەن
مەحبووس شای تورک تەن فەرسای دەردەن
مـــورغ دڵ نە قـــەعـــر چای بێـــژەن مـــەندەن
تـەدبیـــــــر ڕووی دڵ وە بـەخـــــــتم بـەنـدەن
یا شـــا مـن جــەی دەرد هەر وە تۆم هانان
دڵ ســـەنگان تا کـــەی جـەفـــا مـــەرمـــانان
تاقـــــــەت یا مـــــــەرگ یا ئازادی بـەند
یا ســەبرێو پەی دەرد تا دڵ بۆم خـــورســـەند

واتە:

ڕۆژی کەربەلامە، ئەی یاران ڕۆژی دوایی هاتووە و ڕۆژی کەربەلامە، بەرگی تەم لەبەرمایە و بووەتە کاڵای باڵام، دەنگی برووسکەی هەور هەروەکو ناڵەمە، وەکو تەوەرە بەندە بەسەر ئەستێرەکەمدا، چەندین دڵ لە خاکی نیشتماندا ئاوارەیە، گورگینی بەختی دەوڵەتم ون بووە، ســـەرمـــایەی پیـــاوەتیم بڕا بە خـــەڵک، لەوســـاوە دڵ جـــامی پێگەیشـــتنی یاری خواردووەتەوە، زیندانی شای تورکی دەردبووم، پەلەوەری دڵ لەناو چاڵی بێژەندا ماوەتەوە، تەگـبـیـری ڕووی دڵ بەبەخـتم بەندە، ئەی شـــا من بەهۆی ئەم دەردەوە هەر بۆ تۆ هانام هێناوە، دڵ بەردەکان تاکەی سزام دەدەن، یا ئارامیەتی یا مەرگ یا ئازادی، یا ئارامێ بۆ دەرد و ئێش تا دڵم کەیفخۆش بێ.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەنازری بستی

شێخ لوتفوڵڵای سنەیی

۱۱۰۰-۱۱۷۸ی کۆچی

شێخ لوتفوڵڵا، کوڕی عەبدولقادری سنەیی لە ساڵی ۱۱۰۰ ی کۆچی لە سنەدا لەدایک بووە و لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و قورئانی لەبەر کردووە و پاشان چووەتە لای زانایانی ئاینی و ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان فێر بووە تا بووە بەمەلایەکی باش و لە پاشا خەریکی وانە وتنەوە بووە و گەلێ فەقێی پێ گەیاندووە و سەرەنجام لە ساڵی ۱۱۷۸ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە.

شێخ لوتفوڵڵا لە ڕێزمانی عەرەبی و لێکدانەوەی قورئان و وێژەی عەرەبیدا مامۆستا بووە و گەلێ هۆنراوی جوانیشی هۆنیونەتەوە کە لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون. ئەوا پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە لێرەدا دێنین کە دەڵێ:

جـــوانیم ویەرد، جـــوانیم ویەرد
هانا ئەی یاران جـــوانیم ویەرد
یاوام وە پیری هەناسەم بی سەرد
ئەی یاران خۆ من هیچ خاسیم نەکەرد
من هەر خـراویم کـەرد نە ئی دنیا
زەنگ بەدناویم بە جـــارێ زڕیا
شادی و وەشیی من لەهوو و، لەعەب بێ
وەک یەیانە پەڕێم تەعـــەب بێ
مـــەر خـــودا وە من لوتفێ بکەرۆ
گـونام ببەخـشـۆ و جـواوم بدەرۆ
تەنیا ئومێدم بەخشـایش ئەوەن
نازانم ئێتر ڕۆژەن یا شەوەن
(لوتفـوڵڵا) ئانە وە ئومێد تۆن
لوتفت بنمانە ئەر شەوەن ئەر ڕۆن

واتە:

جوانیم تێ پەڕی، ئەی یاران هانا کە جوانیم تێ پەڕی، گەیشتمە پیری و هەناسەم سارد بووەوە، ئەی یاران خۆ من هیچ چاکەم نەکرد، من خۆ هەر خراپیم کرد لەم جیهانەدا، زەنگی بەدناویم بەجارێ زڕیا، شادی و خۆشی من گاڵتە و گەمە بوو، بەڵام ئەمانە بۆمن

ماندوویەتی بوو، مەگەر خوا بەزەیی بێتە مندا، گوناهم ببەخشێ و وەڵامم بداتەوە، تەنیا ئومێدم بەبەخششی ئەوە، نازانم ئیتر ڕۆژە یا شەوە، خوایا (لوتفوڵڵا) ئەوا بەئومێدی تۆیە، مێهرت بنوێنە ئەگەر شەوە یا ڕۆژە.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە شێخ لوتفوڵڵای سنەیی.

زینولعابدینی پالنگانی

١١٠٠-١٢٠٠ی کۆچی

زەینولعابدین، کوڕی میرزا عەلیی پالنگانی لە ساڵی ١١٠٠ی کۆچی لە دێی پالنگانی سەر بەژاوەرۆدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە سنە و لە لای زانایانی ئایینی خەریکی خوێندنی ڕێزمان و شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و بژیشکی بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە بووە تا لە ساڵی ١١٦٨ی کۆچیدا چووەتە لای خەسرەوخانی کوڕی ئەحمەد خانی ئەردەڵان (١١٦٨- ١١٧٦ی کۆچی) و بووەتە بژیشکی تایبەتی و پەڕتووکێکیشی بەناوی: (طب الاكراد) نووسیوە و پێشکەشی کردووەتە ئەو لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا گەڕاوەتەوە زێدەکەی تا لە ساڵی ١٢٠٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

زەینولعابدین یەکێ لە بژیشکان و هونەرانی کوردە و ئەو لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و زۆربەی هۆنراوەکانی لە کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هونەرە کە دەڵێ:

مەولام سۆسەن گوڵ نەشکاوە یانەم
ساوای سپی ساق شۆریای شەونەم
وەلێ ها نازک فرەی ساوا بی
دەماخش بەباد سەحەر یاوا بی
سارایی وێنەی کەم فامان ڕۆێی
لاف مەدا وەخاڵ زوڵف ئەشەد بۆێی

ناگا باد بەقار لێش مەشەند وە شەست
دەهان بەستەش مەکەرۆ شکەست
جە پێکای ئەو لاف بێ مەوزوونەوە
هێمای دەهانش ها بەهوونەوە

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم و ئەی سۆسەن گوڵ درگای ماڵەکەم مەشکێنە، ئەی چکۆڵەی سپی ساق کە بەشەونم شۆراویتەوە، بەڵام تۆ زۆر نازک و چکۆڵەی، لووتت بەبای بەرەبەیان خووی گرتووە، سارایی وەکو کەم فامان ڕۆژێ، لافی لێ دەدا بە خاڵی زوڵف لوولێک، لەپڕ با بەقار خۆی لێ دا، دەمی بەستووی بەجارێ تێ شکان، لە پێکیانی ئەو نالەبارە، هێشتا دەمی هەر ها بەخوێنەوە.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنوسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.
٢- نوسخەی دەستنووسی (طب الاکراد).
٣- بەیازێکی کۆن.
٤- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بە زەینولعابدینی پالنگانی.

لالۆ خەسرەوی دوەیسی

(١١٠١- ١١٨٩ی کۆچی)

لالۆ خەسرەو کوڕی پەروێز دوەیسی لە ساڵی ١١٠١ی کۆچیدا لە دێی دوەیسەی سەر بە شاری سنەدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵیدا خەریکی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە بەغدا و خەریکی فێربوونی شەریعەتی ئیسلام و بیستنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بووە و لە پاشا بە شارەکانی بەسرا و کوفەدا گەڕاوە و لەگەڵ زانایان و هۆنەران و وێژەوانانی عەرەبدا ئاشنایەتیی پەیدا کردووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٨٩ی کۆچیدا گیانی بە گیان ئافەرین سپاردووە.

لالۆ خەسرەو یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و وەکو دەڵێن خوو و خدەیەکی باشی هەبووە و خەڵک خۆشیان ویستووە و هەر بەم بۆنەوە لالۆیان پێ وتووە و ئەو لە لێکدانەوەی قورئان و وێژەی عەرەبیدا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی گەلێ شیرین و تەڕ و پاراون و لە بەیازەکاندا تۆمار کراون.

پارچە هەڵبەستێکی ئەو لە وەڵامی شێخ ئەحمەدی تەختەییدا لە سەردێڕی: (سەڕاف دانا) کە ئەوا لێرەدا چەند هۆنراوێکی دێنین وەکو دەڵێ:

سەڕاف دانا، سەڕاف دانا
عالم علووم، سەڕاف دانا
علم لەدونی حەقیقەت وانا
جادەی موستەقیم تەریقەت زانا
ئەسڵ خاسولخاس، خولاسەی بێ عەیب
واقف ئەسرار سڕ پەردەی غەیب
سەناگۆی ئەندام مەحبووب بێدەنگ
واسف مەوسووف مەجلیس وەش ڕەنگ
نیم نوختەی خاڵان، تاق ئەبرۆی لەیل
ئاراستەی ئوستاد ڕەژیدەی سووەیل
وەستەن نەگەردەن نەوتووڵ چناران
ئێوار تا بە سوب، سوب تا ئێواران
قەترەی ڕەحمەتش هەر کۆ مەشانۆ
گرد ئاڵەم سەرسام حەیران مەمانۆ

واتە: ئەی زێڕناسی زانا، ئەی شارەزا لە زانست و ئەی زێڕناسی زانا، دیارە زانستی ڕاستەقینەی خواییت خوێندووە، جادەی ڕاست و ڕێی خواییت بۆ دەرکەوتووە، ڕەسەنی تایبەت و پاک و بێ خەوشی، لە ڕازەکانی پشتی پەردە ئاگات هەیە، پێ هەڵگوتنی ئەندام و دڵداری بێ دەنگ، کۆڕت گەلێ خۆش و جوانە، نێوخاڵی خاڵان و تاقی ئەبرۆی یار، ڕازاوەی مامۆستا و ڕەژیدەی ئەستێرەی گەلاوێژ، خستوویەتە مل تووڵی چنارەکان، ئێوارە تا بەرەبەیان، بەرە بەیان تا ئێوارە، دڵۆپی بەزەیی بەهەر کوێ دابتکێنێ، هەمووی جیهان سەرگەردان دەمینێ.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بە لالۆ خەسرەوی دووەیسی.

عومەر نزارەیی

١١٠١- ١١٧٩ی کۆچی

عومەر کوڕی حەمە حەسەنی نزارەیی لە ساڵی ١١٠١ی کۆچی لە دێی نزارە –ی سەر بە لهۆن لەدایک بووە و لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە سێزدە ساڵیدا قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە و پاشان چووەتە بەغدا و لەوێدا لە لای زانایانی ئاینی ڕێزمانی عەرەبی و لێکدانەوەی قورئان و ڕەوانبێژیی خوێندووە و لە پاش وەرگرتنی ودمی مەلایی گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بە وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٧٩ی کۆچیدا ماڵئاواییی لە جیهان خواستووە.

عومەر یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و ئەو لە ڕێزمان و ڕەوانبێژیدا مامۆستا بووە و لە هۆنراو هۆنینەوەشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماون کە لە بەیازەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو کە دەڵێ:

هەی نوور ئەزەل، هەی نوور ئەزەڵ
نوور ڕەبانی تەجەللای ئەزەڵ
ساف ئیلاهی، بێ خەوش و خەلەل
نەکەون نە ئەکوان نەکەفتەن نەوەل
فیدای خاک و سەنگ زێد و ماوات بام
زامن یەسەرەب بە تۆ ئاوات بام
خاکێو ناستانەی تۆ بەرگوزیدەن
زەڕیش بینایی سەد هەزار دیدەن
وەشڵە بەوانە تۆ شانەن نەوەند
نەسیب نە زامن تۆ کەردەن وە بەند
تا کە شەو بۆ سوب سەحەر نەسۆدا
تا ئێوار مەدیان وە ماوای تۆدا
حەسرەت جەی دما چێش مانۆ پێمان
زێد و ماوای تۆ بەدیدەی وێمان
ئەر من وەستە بیم جە دەرگای باری
فیدای خاکت بۆ (عومەر نزاری)

واتە: ئەی تیشکی بەرین، ئەی تیشکی خوایی و ڕووناکی بەرین، ئەی ڕوون و خاوینی

خوایی و ئەی بێ خەوش و بێ زیان، لە جیهان و دەوروبەریا کەوتووەتە لارێ، بە قوربانی خاک و بەرد و زێد و مەڵبەندت بم، مەڵبەندی یەسرب بە تۆ ئەنازێ، ئەو خاکە هەر تۆی هەڵبژاردووە، تۆزقاڵێ خاکت بینایی سەد هەزار دیدەیە، خۆزگە بەوانەی کە تۆیان دیوە، لە مەڵبەندا تۆیان ڕەچاو کردووە، هەموو شەو تا بەرەبەیان بەهیواتەوەن، تا ئێوارە چاویان بکەوێتە مەڵبەندە جوانەکەت، لەمەودوا داخ و پەژارەی چی بۆمان دەمێنێتەوە، زێد و مەڵبەندی تۆ چۆن ببینین؟، ئەگەر من لە درگای خوادا ڕاوەستابم، بە قوربانی خاکت بێ (عومەر نزارەیی).

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە عومەر نزارەیی.

حەمە قولی سلێمانی سەولاوایی

١١٠٢- ١١٦٥ی کۆچی

حەمە قولی سلێمان، کوڕی ئەحمەدی سەولاوایی لە ساڵی ١١٠٢ی کۆچی لە دێی سەولاوای سەر بەژاوەرۆ لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە سنە و لەوێدا ڕێزمان و شەریعەتی ئیسلام و ڕاڤەی قورئان و پیتۆڵیی خوێندووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێدەکەی و پاشماوەی ژیانی بە وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٦٥ی کۆچیدا مردووە و هەر لە گۆڕستانەکەی سەولاوادا نێژراوە.

حەمە قولی یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و ئەو لە لێکدانەوەی قورئان و وێژەی فارسی و عەرەبیدا مامۆستا بووە و ئەو گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا نووسراون.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

دڵە خەیاڵان، دڵە خەیاڵان
دەیسا وەس کەرە هەبڵە خەیاڵان
شۆ وەسەر تاریخ ڕۆزنامەی ساڵان
کۆن ئەو خەسرەوان، ئەو کەمەر لاڵان؟
کۆن دەنگ تێشەی فەرهاد دێرین؟
کۆن شەوق تەشاب ئەیوان شیرین؟

کـۆن زەوق شکار سـەیرانگەی بارام؟
سـاکـۆن سـۆز سـاز عـەشق دلآرام؟
کۆن لێوەی مەجنوون شێت لەیل خەیاڵ؟
جـاوایی بێـزار بەڕو بەیدی مـاڵ
وە کـۆ شی یوسف وەی مـن درێخـا
کـۆن ناز و نیـاز سـەودای زلێخـا
خـەسـرەو زادەگـان ئوجـاخ قـەدیم
بـەگلـەران تەخت دەور تەلآ و سـیم
هەر جـەمین جـامێ خـەجاڵەت مـەندەن
سـارا و سـەنگ و گڵ دەورشـان تەندەن

واتە: ئەی دڵ کەڵکەڵە و خەیاڵ، دەسا کەم بیری خراپ بکەرەوە، بچۆرە سەر مێژووی ڕۆژنامەی ساڵەکان، لە کوێن ئەو پادشایانە و ئەو کەمەر لالآنە؟، لە کوێیە دەنگی قوڵنگی فەرهادی کۆکەن؟، لە کوێیە ئەو خۆشییەی هەیوانی شیرین؟، لە کوێیە چێژی شکاری سەیرانگەی بارام؟، سا لە کوێیە سۆزی سازی ئەوینی دلآرام؟، لە کوێیە مەجنوون ئەو شێتەی کە بۆ یار کەوتە ناو بیر و کەڵکەڵە؟، کەوتە ناو دەشت و چۆڵ و لە ماڵ بێزار بوو، لە کوێیە یوسف؟ هەی هاوار بۆ من، لە کوێیە ناز و نیاز و سەودای زلێخا؟، خەسرەو زادەکان وجاخی کۆن لە کوێن؟، بەگلەرانی تەخت و دەوری زێڕ و زیو لە کوێن؟، هەر تەوێڵ جامی شەرمەزار ماوە، دەشت و بەرد و گڵ دەوریانی تەنیوە.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بە حەمەقولی سلێمان سەولآوایی.

شێخ یەعقووب جانی جاف

١١٠٥- ١١٩١ی کۆچی

شێخ یەعقووب کوڕی ئەحمەدی جاف لە ساڵی ١١٠٥ی کۆچی لە جوانڕۆدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن دەبێ و پاشان چووەتە بیارە و لەوێ ڕێزمان و شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئانی خوێندووە و لە ساڵی ١١٣٢ی کۆچی چووەتە خزمەتی خانە پاشای بابان (١١٣٢- ١١٣٦ی کۆچی) و ئەویش دەیباتە سنە لای

خۆی و دەیکاتە مامۆستای زانکۆی سنە و لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا گەڕاوەتەوە دێیەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٩١ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

شێخ یەعقووب جان لە وێژە و ڕەوانبێژیدا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراون و لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراون، ئەحمەد بەگی کۆماسی هۆنراوێکی ئەوی لە تێهەڵکێشێکی هۆنراوی خۆی داهێناوە کە دەڵێ:

دەی ڕەحمەت وە قەبر گشت سینە سافان
مەخسووسەن یەعقووب مەلاکەی جافان
«چەرخ چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەک
مەر من سەنگم دان وە مینای فەڵەک»
ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو کە دەڵێ:
چراخ شکاوان، چراخ شکاوان
فیدای دووریت بام دەروون شکاوان
بڵێسەی ئاهم وەپای عەرش یاوان
گەرمیش ستاران تاوەنان تاوان
خەریک مەندەنان من چەنی زامەت
دووریت نمانان پەنەم قیامەت
فیدای دووریت بام پێسەش کەردەن پێم
بێزار بیەنان جە زیندەگیی وێم

***

واتە: ئەی چرا دەروونم پشکووا، بە قوربانی دووریت بم دەروونمت پشکوواند، بڵێسەی ئاخم گەیشتووەتە ئاسمان، گەرمیی ئەستێرەکان دڵمی تواندەوە، ئەوا لەگەڵ برین و ئێشا دەتلێمەوە، دووریت ڕۆژی پەسڵانی پێم پیشان دا، بە قوربانی دووریت بم کە وای پێم کردووە، بێزاربووم لە ژیانی خۆم.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە شێخ یەعقووب جانی جاف

شێخ جەماڵەدینی مەردۆخی

۱۱۰۸- ۱۱٦۹ ی کۆچی

شێخ جەمالەدین کوڕی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی لە ساڵی ۱۱۰۸ی کۆچی لە سنەدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان لە مزگەوتدا لە لای زانایانی ئاینی خەریکی خویندنی شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و پیتۆڵی و ڕەوان بێژی بووە و لە پاشا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و بووەتە پێشەوای هەینی و پاشماوەی ژیانی هەر بەڕێنوینیی خەڵک و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ۱۱٦۹ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

شێخ جەمالەدین یەکێ لە زانایانی هەرەبەرزی کورد بووە و لە شەریعەتی ئیسلام و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر و ڕاڤەی قورئان و وێژەی فارسی و عەرەبیدا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ لە هۆنراوەکانی لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەوا لێرەدا پارچە هەڵبەستێکی ئەو دێنین کە دەڵێ:

ئازیز دڵ وێنەی نەی هەر مەناڵۆ
ناوم مەچڕۆ و پێم واچۆ خاڵۆ
منیچ نە ڕۆژ و نە شەو خاوەمەن
وینەی زامداران گلاراوەمەن
هەر کاتێ زانای پێت یاوان هەواڵ
ئازیزت مەردەن پەی وێش گرتەن ماڵ
ئەوسا بۆ وانە سوورەی یاسینم
ساتێ بنیشە تۆ نە سەرینم
چونکە جەی دنیا نەیاوام وە کام
کام من تۆنی بکەرە نیگام
یە (جەماڵ) واتەن ئەی دنیای بێ پۆ
مەر هەر بناڵۆ هەر نە دووریی تۆ

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم دڵ وەکو شمشاڵ هەر دەناڵێنێ، ناوم دەبا و هەر پێم دەڵێ خاڵۆ، منیش نە ڕۆژ و نەشەو خەوم هەیە، وەکو برینداران هەر گلاراومە، هەر کاتێ زانیت کە هەواڵت پێ گەیشت، خۆشەویستەکەت مردووە و بۆ خۆی ماڵی گرتووە، ئەوسا بێ

سوورەی یاسینم بخوێنە و، ساتێ لە ژوور سەرینم دانیشە، چونکە من لەم جیهانەدا بەکام نەگەیشتم، کامی من هەر تۆی بێ تەماشام بکە، ئەمە (جەمال) وتوویەتی لەم جیهانە بێ پۆیەدا، مەگەر هەر بناڵێنێ لە دووریی تۆدا.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە شێخ جەمالەدینی مەردۆخی.

مەولانا یوسف گلانی

١١١١-١١٧٤ی کۆچی

مەولانا یوسف، کوڕی مەلا حەمەومینی گلانی لە ساڵی ١١١١ی کۆچی لە دێی گلانی سەر بە کەلاتەرزاندا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە هەشت ساڵاندا قورئانی لەبەر کردووە و پاشان چووەتە سنە و خەریکی خوێندنی ڕێزمان و وێژە و شەریعەتی ئیسلام بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و وانەوتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٧٤ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە و لە گۆڕستانەکەی گلاندا نێژراوە.

مەولانا یوسف لە وێژە و ڕێزماندا مامۆستا بووە و هۆنراوی باشیشی هۆنیوەتەوە کە زۆربەی هۆنراوەکانی لە کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراون. ئەوا لێرەدا چەند هۆنراوێکی دێنین وەکو دەڵێ:

نەوپایز وبەرد، نەوپایز ویەرد
فەسڵ ڕەنگاڕەنگ نەو پایز ویەرد
برووز کەرد بڕووت هەوای سەخت سەرد
غارەت دا خەیمەی خەزانان زەرد
بەتاڵ کەرد بازاڕ بنای نەقاشان
کەساس کەرد قیمەت کاڵای قوماشان
بەرگ بێ قیمەت مسکین بەردەوە
موفلسان موحتاج لیباس کەردەوە
ڕێزە ڕێزەی دوڕ چەنی قەترەی تاف
نە ڕووی گوڵ سەوز مینای مەوج ساف

سـیـامــاڵ جـە ترس تۆف تەم ئەنگێـز
جـە لێلاخ بە عـەزم زەهاو کـەرد ئاخـێز
شـاهۆ نـە جـای بەرگ ئەخـزەری ئاڵاش
کـــالای ســـــپی تـەم بـرِیا وە بـالاش

واتـە: پایزی تازە تێ پەڕی، وەرزی ڕەنگاوڕەنگی پایزی تازە تێ پـەڕی، هەوای ســارد ئاشکرا بوو بەســەخـتی، خـەزانی زەرد خـێـوەتەکـانی بەچەپاو برد و، بنیـاتی بازاڕی وێنەکێشـەکانی بەتاڵ کردەوە و، نرخی کاڵا و چۆخەکانی هێنایە خوارەوە و ناڕەوای کـرد، بەرگی بێ بایی هـەژاری بردە سەر، هـەژارانی پێویستی جلوبەرگ کرد، ڕێزە ڕێزەی باران لەگەڵ دڵۆپی ئاوی تاڤگەدا، نیشتە سـەر گوڵ و هـەمووی بـەجارێ ڕواند، ڕەشمـاڵ لە ترسی تۆفی تەمدا، لە هـەوار بەرەو زەهاو ڕاپەڕی، شـاهۆ لە جێی بەرگی سەوزی ئاڵاکـەیدا، کاڵای سپی تەم برِیا بە بالای.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمینی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەولانا یوسف گلانی.

ئەلیاس بەگی گۆرانی

١١١١-١١٩٩ی کۆچی

ئەلیـاس بەگ کـوڕی مـەنوچێربەگی گۆرانی لە سـاڵی ١١١١ی کۆچی لە دێی ئەویهـەنگی سـەر بە هەورامـاندا لە دایک بووە و هـەر لـە منداڵیـدا خـەریکی خوێندن بـووە و لە سێـزدە ساڵیـدا تەواوی قـورئانی لەبەر کـردووە و پاشـان چووەتە بەغـدا و لەوێ فـێری شـەریعـەتی ئیسـلام و ڕاڤەی قـورئان و ڕەوانبێژی بووە و لە پـاشا گەڕاوەتەوە زێد و مـەڵبەندەکـەی خۆی و پاشـماوەی تەمـەنی بەکاری کشـتوکـاڵ و وانەوتنـەوە بردووەتە سـەر تا لە سـاڵی ١١٩٩ی کۆچیدا گیانی بە گیان ئافەرین سپاردووە.

ئەلیــاس بـەگ، یەکێ لە هۆنـەرانی هـەرەبەرزی کـــوردە و ئەو لە لێکدانەوەی قـــورئان و ڕەوانبێژیدا دەستێکی باڵای هـەبوو و، هۆنراوی چاکیشـی هۆنیونەتەوە و گەلێ هۆنراوی ئەو لە کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هـەڵبەستێکی ئەو کە دەڵێ:

زلێــخـــا جــامت، زلێــخـــا جــامت
ســەوگــەند بە زوڵفــان جــەمین جــامت

به دەستەی کلاف خەیاتەی خامت
بە بەژن باریک بالای نەمامت
بە تاق میحراب ئەبرۆی کەشیدەت
بە مووژەی هوون ڕێز نە دەور دیدەت
بە نیم نیگای ناز وادەی سەحەرت
بە بۆی پێچ زوڵف چەفت چەنبەرت
بە گۆنای گوڵڕەنگ ساف بێ خەوشت
بە خوردەی خاڵان نە جەمین پەخشت
بە ڕێزەی رازان، دەهان تەنگت
بە لەبان لاڵ عونابی ڕەنگت
من هەر زامەتدار زەدەی نەخش تۆم
گیرۆدەی زام تیر و تەخش تۆم

واتە: ئەی زلێخا ئاوێنەت، سوێند بە زوڵف و تەوێڵی وەکو ئاوێنەت، بەدەستەی کلافەی هەورێشمی خاوت، بەبەژنی باریکی بالای نەونەمامت، بە تاقی میحراوی ئەبرۆی کێشراوت، بە برژانگی خوێن ڕێژی دەوری چاوانت، بەنێونیگای نازی بەرەبەیانت، بە بۆنی پێچی زوڵفی لاری چەنبەرت، بە وردەی خاڵەکان کە لە تەوێڵتان بلاوبووەتەوە، بەڕێزەی ڕازەکان و بەدەمی تەنگت، بەلێوی لاڵی عونابی ڕەنگت، من هەر برینداری نەخش و نیگاری تۆم، گیرۆدەی زامی تیری برژانگی تۆم.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەدرۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە ئەلیاس بەگی گۆرانی.

ئووەیس بەگی هەورامی

١١١٨-١٢٠٧ی کۆچی

ئووەیس بەگ، کوڕی حەمەبەگی هەورامی لە ساڵی ١١١٨ی کۆچی لە هەوراماندا لە دایک بووە و سەرەتا لەلای مامی میرزا ئەحمەد خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە سنە و لەلای زانایانی ئاینی وێژەی عەرەبی و لێکدانەوەی قورئانی خوێندووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بە کاری کشتوکاڵ و وانە وتنەوە

بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٠٧ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە.

ئووەیس بەگ لە وێژەی فارسی و عەرەبیدا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و هەندێ لە هۆنراوەکانی ئەو کە بەیادگار ماونەتەوە لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو لە سەردێڕی: (چراخم جە عەرش) کە دەڵێ:

چراخم جە عەرش، چراخم جە عەرش
بەو کەلامانە نازل بی جە عەرش
بەو ئاسمانە بەرزەن مونەقەش
بەو ئیبراهیمە نەسۆزا باتەش
هەم بە موعجزات یەد بەیزایی
بە ئای عاشقان سفتەی رەزایی
بە رەسوڵڵا سەید ئەمین
بە گرد ئوممەت تەمام سەرزەمین
شیرینتەر جە گیان شیرینتەرەنی
جە دیدە و گیان ئازیزتەرەنی
قبلەم تۆمەنی وە جای گشت خاسان
هەر کەس کەسێشەن من تۆم شناسان
هەر کەس وێش ناسا تۆیش هەر شناسا
ڕاهش مەگێرۆ پێغەمبەر ئاسا
یە (ئووەیس) واتەن ماڵ نە هەواران
پەرێت مەگێڵۆ چون جار جاران

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم لە ئاسمانەوە، بەو قسانەی کە لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوارەوە، بەو ئاسمانە بەرزەی کە ڕەنگینە، بەو ئیبراهیمەی کە لە ئاگردا نەسووتا، بەو پەرجوانەی کە مووسا نواندی، بەئاخ و ناڵەی ئەویندارانی دڵ سووتاو، بەپێغەمبەری گەورەی ئیسلامی ڕاستبێژ، بەهەمووی بەندەکانی خوا لەسەر زەویدا، تۆ لە گیان شیرینتری و لە هەموو جوانتری، وە لە دیدە و گیان خۆشەویستتری، ڕووگەی من هەر تۆی لە جێی گشت باشان، هەر کەس کەسێ دەناسێ و من هەر تۆ دەناسم، هەر کەسێ خۆی ناسی دیارە تۆش هەر دەناسێ، ڕێی خۆی دەگرێتە بەر وەکو پێغەمبەر، ئەمە (ئووەیس) وتوویەتی ماڵی لە هەوارە، وەکو جاری جاران بە شوێن تۆدا دەگەڕێ.

سەرچاوەکان
١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە ئووەیس بەگی هەورامی.

شێخ حەسەنی دەرەهەردی

١١٣١-١٢١٥ی کۆچی

شێخ حەسەن، کوری شێخ سادقی دەرەهەردی لە ساڵی ١١٣١ی کۆچی لە دێی دەرەهەردی سەر بە کەلاتەرزان لە دایک بووە و لە تافی جوانیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە بەغدا و لە لای زانایانی ئاینی ڕاڤەی قورئان و شەریعەتی ئیسلامیی خوێندووە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢١٥ی کۆچیدا گیانی بە گیان ئافەرین سپاردووە.

شێخ حەسەن لە زۆربەی زانستەکانی سەردەمی خۆیدا مامۆستا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماوە کە لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا نووسراوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

مەر گیان فیدات بۆ، مەر گیان فیدات بۆ
مەر گیان شیرین ئانە فیدات بۆ
دڵ بەند حەڵقەی زوڵف سیات بۆ
دیدە هەر حەیران دیدە و دیات بۆ
پەشتان باڵا بەژن باڵات بۆ
خەیاڵ بە خەیاڵ خاڵ ئالات بۆ
شنەواییی گۆش دەنگ و سەدات بۆ
ڕەوایی ڕۆحم ئاما و لوات بۆ
دڵ جە عەشق تۆ دایم دەوان بۆ
زوان بە ڕازت ڕایی و ڕەوان بۆ
هەر گیانێ داروو فدات بۆ گیانم
مەر گیانەن ئەو گیان بۆ وە ژیانم

ژیان کەروو فیدات بالا نەونەمام
پەرێ گیان کێشان من وە لات ئامام

واتە: مەگەر گیان ببێتە قوربانت، مەگەر گیانی شیرین ئەوا ببێتە قوربانت، دڵ بەندی ئاڵقەی زوڵفی ڕەشت بێ، چاو هەر سەرگەردانی دیدە و هاتنت بێ، دەست لەملانی بەژن و بالات بێ، خەیاڵ بە خەیاڵی خاڵی ئالات بێ، بیسەری دەنگ و سەدات بێ، گیانم ڕەوای هاتوچۆت بێ، دڵ لە ئەوینی تۆ هەمووەدەم لە هاتوچۆدا بێ، زمان بە ڕازت ڕەوان بێ، هەرگیانێکم هەیە بە قوربانت بێ گیانەکەم، مەگەر گیانە ئەو گیانە ببێتە هۆی ژیانم، گیان دەکەمە قوربانت ئەی بالا نەونەمام، بۆ گیان کێشان من هاتمە لات.

سەرچاوەکان:

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

٢- بەیازێکی کۆن.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە شێخ حەسەنی دەرەهەردی.

پەشێو زەنگەنە

١١٣٨-١٢٢٣ی کۆچی

پەشێو، کوڕی مەنووچێری زەنگەنە لە ساڵی ١١٣٨ی کۆچی لە پاوەدا لە دایک بووە و سەرەتا لە لای باوکی خوێندوویەتی و پاشان چووەتە بیارە و ماوەیەک خەریکی خوێندن بووە و لەوێوە چووەتە بەغدا و لەوێ ڕێزمان و پیتۆڵی و شەریعەتی ئیسلامیی خوێندووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە حەج و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا هەندێ دەچنە لای خەسرەوخانی ئەردەلان ١١٧٩-١٢٠٤ی کۆچی و شکاتێکی ناڕەوای لێ دەکەن و ئەویش لە ترسا هەڵدێ و لە پاشا کە باری نالەباری وڵات ئارام دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە و سەرەنجام لە ساڵی١٢٢٣ی کۆچیدا، کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی ئاواییەکەیاندا دەنێژرێ.

پەشێو لە شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و وێژەی فارسی و عەرەبیدا مامۆستا بووە و هۆنراوی جوانیشی هۆنیوەتەوە کە گەلێ لە هۆنراوەکانی لە کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەوە کە دەڵێ:

مەولام پێم هاڵێ، مەولام پێم هاڵێ
دوور جە تۆ مەولام پێم یاوان هاڵێ

سەرمایەی عومرم یاوان وە سالێ
دڵ بە تێغ پێکیای سۆسەنی خالێ
دایم و دەرهەم ئەر ڕۆن، ئەر شەوەن
چون قبلەنما، ڕووم نە ڕووی ئەوەن
خەیاڵ خاڵش فام سەندەن نە دڵ
دڵ بەردەن خەیاڵ، وەستەن نە ڕووی گوڵ
دڵ پەروانەوار ئێد مەکەرۆ مەشق
بسۆچنۆمان بە ئاهێر عەشق
مەولام تۆ مەولای گشتین مەولانی
هێمم هەر وە تۆن مەولای ئەولانی
پەشێو گرفتار دەرد سۆسەن خاڵەن
پەوکە نە کەژ و کۆدا عەوداڵەن

واتە: ئەی سەرۆکم، حاڵم تێک چوو، دوور لە تۆ ئەی سەرۆکم باری ژیانم گۆڕا، سەرمایەی تەمەنم گەیشتە ساڵێک، دڵم بە شمشێری سۆسەن خاڵێ پێکیا، هەمووجەم ئەگەر ڕۆژە وەگەر شەوە، وەکو قیبلەنما ڕووم هەر لە ڕووی ئەوە، خەیاڵی خاڵەکانی فام و هۆشمی لە دڵ سەندووە، دڵ کەوتووەتە ناو کەڵکەڵە و خەیاڵ و نیشتووەتە سەر گوڵ، دڵ وەکو پەپوولە ئەوە دەکاتە مەشق، تا ئێمە بە ئاوری ئەوین بسووتێنێ، ئەی سەرۆکم تۆ سەرۆکی هەمووی سەرۆکەکانی، ئومێدم هەر بەتۆیە، چونکە تۆ سەرۆکی یەکەمی، «پەشێو» گیرۆدەی دەردی سۆسەن خاڵێکە، بۆیە لە کەژ و کێودا هەر ئەوداڵ و سەرگەردانە.

سەرچاوەکان
١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە پەشێو زەنگەنە.

ئاغە کۆر

١١٤٣-١٢١٠ی کۆچی

ئاغە، کوڕی مەلک قاسمی کەڵهوڕ ناسراو بە ئاغە کۆر لە ساڵی ١١٤٣ی کۆچی لە دێی هەیوانی سەر بە ئیلام لە دایک بووە و لەبەرئەوەی چاوێکی مژمۆر بووە پێیان وتووە ئاغە کۆر واتە: ئاغە کوێر و ئەو سەرەتا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و قورئانی لەبەر کردووە و پاشان چووەتە هەورامان و لە خزمەتی زانایانی ئاینیدا خەریکی خوێندنی شەریعەتی ئیسلام و ڕاڤەی قورئان و پیتۆڵی بووە تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بووە و لە پاش ماوەیەک چووەتە لای خەسرەوخانی ئەردەڵان ١١٧٩-١٢٠٤ی کۆچی و بووەتە نووسەر و هاودەمی تا لە ساڵی ١٢١٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەیان بردووەتەوە زێدەکەی خۆی و لەوێدا ناشتوویانە.

ئاغە لە وێژە و ڕەوانبێژیدا مامۆستا بووە و هۆنراوی جوانیشی هۆنیوەتەوە کە گەلێک لە هۆنراوەکانی لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراوە و هۆنراوەکانی گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

دەلیلی بەدەو، دەلیلی بەدەو
وەی من سابیا دەلیلی بەدەو
چون بێ قەراران شەو نەکەردا خەو
سوب عەرزم بەردا بشیای وەلای ئەو
بەڵێ دەلیلی شوجاع دانا
کامڵ کارخاس، رای ئەدەب زانا
بیەوان نە ڕز شەخسێ وە ئەدەب
نەکەردا کارێ لەیل گیرۆ غەزەب
دوور جە قەرینەی ڕەقیب رای چەفت
عەرزم بوانا بکەرمێ خدمەت
یانێ شخسێ دیم جە دووریی هلاک
دەنگ واوەیلاش هۆرێزا جە خاک

واتە: ئەی ڕێ پیشاندەر بە پەلە، ئەرێ پیشاندەر خێرا بەپەلە وەرە، وەکو بێ ئارامەکان کە شەو ناخەون، دەمەوبەیان قسەکانم ببیسە و بیگەینە بەدڵدارەکەم، بەڵێ ئەی پیشاندەری

نەبەز و زانا، ئەزانم کە کارەکانت چاکە و ڕێی شێواز دەزانی، بچۆ ڕیزی پیاوێکی بەشێواز، نەکا کارێ بکەی و دڵدارەکەم دڵگیر و زویر کەی، دوور لە ڕاوێژی خەنیمی ڕێی چەوت، قسەکانم بگەینە دڵدارەکەم و ئەم خزمەتەم بۆ بکە و، بڵێ کەسێکم دی لە دووریی تۆدا خەریکە لەناو دەچێ و، دەنگی واوەیلای لە خاک هەڵساوە و گیرۆدەی تۆیە.

سەرچاوەکان
١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمؤمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە ئاغە کۆر.

وەستا میکایلی زەنانی

١١٤٥-١٢٠٣ی کۆچی

وەستا میکایل، کوڕی محەمەدی زەنانی لە ساڵی ١١٤٥ی کۆچی لە دێی زەنانی سەر بە سنە لە دایک بووە و لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە سنە و لەلای زانایانی ئاینی ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئانی خوێندووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بە وانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بەسەر بردووە تا لە ساڵی ١٢٠٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە گۆڕستانەکەی زەناندا نێژراوە.

وەستا میکایل، یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی کوردە و وەکو دەڵێن ئەو لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا گۆشەنشین بووە و زۆربەی کاتی خۆی لە خانەقادا بردووەتە سەر و تەواوی سامانەکەی بەخشیوەتە هەژار و ئەو لە لێکدانەوەی قورئان و ویژەدا مامۆستا بووە و گەلێ هۆنراویشی هۆنیوەتەوە کە لە بەیازەکاندا تۆمار کراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

مەولام گوڵغونچەی ساوای نەشکوفتە
سەودای چەند بوڵبوڵ تێدا نەهوفتە
هێمای نەبریان نامش بە گوڵێ
ئەژنەوان بە گۆش ناڵەی بوڵبوڵێ
بە نیم نیگای ویش هیچ نمەزانۆ
جە شێخ سەنعان ئیمان مەستانۆ

ئەر بولّبـولّ نە ڕووش نەغـمـێـو بوانۆ
دین دینداران باتڵ مـــــەمــــانۆ
ئانە گـولّێــوەن نەشکوفـتــەی ســاوا
داخــۆ یانەی کــێش پـێ مــەبۆ ئاوا؟
قبلەم دووریی تۆ یەکجار منش کوشت
ئەگەر بەی تەور بۆ بێزارم جـە گشت

واتە: ئەی سـەرۆکم، گولّغونچـەی کۆرپەی نەپشکاو، چەند بولّبولّ شـەیدای بووە، هێـشتا ناوی بەگولّێک دەرنەچووە، بە گوێ ناڵەی بولّبولّێکیـان نەبیستووە، بەنێو نیگای خۆی هیچ نازانێ، لە شێخی سەنعان بڕوا دەستێنێ، ئەگەر بولّبولّ لەسەری بچریکێنێ و نەوایێ بڵێ، دینی دینداران لەناو دەچێ، ئەوە گـولّێکی تازە پێگەیشــتووە، داخـۆ مــاڵی کـێی پێ ئاوا دەبێـتـەوە؟، ئـەی ڕووگـەم دووریی تۆ بەجـارێ منـی کـوشت، ئەگـەر بەوجـۆرە بم بێـزارم لە هەمووان.

سەرچاوەکان
١ - نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بە وەستا میکایلی زەنانی.

شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی

١١٥٢-١٢١١ی کۆچی

شێخ عەبدولمۆمن کوڕی شـێخ جەمالەدینی یەکەمی مەردۆخی لە سـاڵی ١١٥٢ی کۆچی لە سنەدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە لە لای باوکی خـەریکی خوێندن بووە و لە پاشا لە لای زانایانـی ئاینی فـێـری ڕێزمـان و ڕاڤـەی قـورئان و شـەریعـەتـی ئیـسـلام و پیـتـۆڵی و ڕەوانبـێـژی بووە تا ودمـی مـەلایەتیـی وەرگرتووە و ئەوسـا خـەریکی وانەوتنەوە و ڕێنـوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ١٢١١ی کۆچی هەر لە سنەدا کۆچی دوایی دەکا.

شـێخ عـەبدولمۆمین یەکـێ لە زانایان و هۆنـەرانی هـەرەبەرزی کـوردە و ئەو لە لێکدانەوەی قورئان و پیتۆڵی و ڕەوانـبێژی و وێژەی فـارسـی و عەرەبیـدا مامـۆستـا بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشـدا دەسـتـێکی باڵای هەبووە و گـەلێ هۆنراوی بەزمـانـەکـانی کـوردی و فـارسـی و عـەرەبی هۆنیـیـوەتەوە کـە لە دیوانێکدا کـۆکـراونەتەوە، بەڵام لە چاپ نەدراون. ئـەو چەند

پەڕتووکـیـشـی نووسـیـون کـە بریـتین لە: (دُرّ النظیم و کـەشکۆڵی شـێخ عـەبدولمۆمن) کـە هەردووکیان لەم دواییانەدا لە چاپ دراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شـەو و ڕۆ دایم تـاقـەت لێم سـەندەن
هەر نیـمـە نـاێمم بە زۆر پێ مـەندەن
ئەویچ هەم جـە تاو دەرد فـیـراقـەت
زەڕێ نیم لەحـزە نیـیـەن فـیـراغـەت
هـەر نـە پەژارەن شـەوان و ڕۆوان
بێ خـورد و بێ خـاو بێ تـاو و تووان
وێڵ وێڵ مـەگـێـڵـۆ بێـدی بە بێـدی
بێـزار جـاوایـی هەی نـائومـێـدی
ئاوارەی زامـن دوور کـەفـتـەی وڵات
کـەس ئەی عـەرز و حـاڵ باوەرۆ وەلات
بـەی گـشـت دەردەوە مـنـەتبـارەنـان
بـلا بەی مـەینـەت گـرفـتـارەنـان

واتە: شـەو و ڕۆژ هەموو دەم تـاو و توانم لێ دەستێنێ، هەر نیوە هەناسـەیەکم بە زۆر پێ ماوە، ئـەویش لە تاوی دەردی دووریـیـەکـەت، تۆزقـاڵێ دەرفـەتم نیـیـە، من هـەر لە پەژارەم لە شـەو و ڕۆژدا، بێ خـورد و بێ خـەو بێ تـاو و بێ توان، وێڵ وێڵ دەگـەڕێم دەشـت بەدەشت، بێزارم لە خۆم و هام لە ناو نائومێدیدا، ئاوارەی نیشـتمـانم و لە وڵات دوور کەوتوومـەتەوە، کـەسـم نییـە کـە سکاڵای دەروونم بـهێنێتـە لات، بـەم هـەموو دەردەوە من سـپاسی چاکـەت دەکەم، دەسا با هـەر بەم دەردەوە گرفتار بم.

سەرچاوەکان

١- نوسخەی دەستنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.
٢- بەیازێکی کۆن.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی.

فەرهەنگۆک

ئا

ئابات: ئاوا، ئاوەدان.

ئاتاو: شیاو.

ئاخێز: هەڵسان، ڕاپەڕین.

ئاڕاستەی: ڕازاندنەوە.

ئارۆ: ئەمڕۆ، ئیمڕۆ.

ئەرەبەستەی: دابەستنی ئاژەڵ بۆ قەڵەوبوون.

ئارەزوو: هیوا، ئاوات.

ئازا: نەترس، نەبەز.

ئازار: نەخۆشی، ڕەنج.

ئازمای: تاقیکردنەوە.

ئازمایشت: ئازموون، ئەزموون.

ئازموور: تاقیکردنەوە.

ئازەرم: شەرم.

ئاس: بەرد، ئاش.

ئاسارە: ئەستێرە.

ئاساو: ئاش.

ئاستەی: بەجێ هێشتن، ڕێگەدان، ڕاگرتن، هێشتنەوە.

ئاسیاو: ئاش.

ئافتاو: هەتاو.

ئافتاوپەڕ: خۆرئاوا.

ئاقاب: گەوهەر.

ئاکام: ئاویلکە، گیانەڵا، ئەنجام.

ئاڵا: بەیداخ، پێنووس.

ئاڵان: پێچان.

ئاڵۆس: توورە.

ئاڵوودە: گیرۆدە.

ئامای: هاتن.

ئامێتە: ئاوێتە.

ئامیار: هاوکار.

ئانە: ئەوە

ئانەشا: ئەوەتانێ.

ئانی: تەوێڵ، ناوچەوان.

ئاواج: ئاواز.

ئاوایی: دێ، گوند.

ئاودێر: ئاویار.

ئاورا: برسی.

ئاورگ: ئاگردان، وەجاخ.

ئاوەز: هۆش، ژیری.

ئاوسا: ئەوسا.

ئاونگ: شەونم.

ئاوەردەی: هێنان.

ئاوەکی: ئاوارە، دەربەدەر.

ئاوەڵ: هاوەڵ، دۆست.

ئاویار: ئاودێر.
ئاوێزان: هەڵواسراو.
ئاویلکە: سەرەمەرگ، گیانەڵا.
ئاهەنگ: هەوای گۆرانی.
ئاهێر: ئاور، ئاگر.
ئایر: ئاگر.
ئایندە: داهاتوو
ئۆژ: هێز.
ئوشتر: وشتر
ئۆگە: ئەوێ.
ئۆڵکە: وڵات.
ئەختەر: ئەستێرە.
ئەخشام: مۆسیقا.
ئەدەم: ئەز، من.
ئەراگێڵ: ئاوارە، دەربەدەر.
ئەرامەندە: داماو
ئەرەب: بێگانە.
ئەژی: ماری گەورە.
ئەسپی: سپی.
ئەسر: فرمێسک، ئەسرین.
ئەسەر: بەرین، پێشین.
ئەندێش: ترس، بیر.
ئەوراک: برسیەتی.
ئەوزار: هێز.
ئەهریمەن: مەرگ، شەیتان.
ئی: ئەم.
ئینە: ئەمە
ئێوار: ئێوارە.

ب

بابە: باوک
باداوەر: گەنجی باهێنەر.
بارگا: خێوەت.
بارگە: باروبنە.
باری: بەش، بەهرە.
بازوو: قۆڵ.
بازی: یاری، کایە، گەمە.
باژێر: شار.
باک: سام، ترس.
بام: بان، سەربان.
باوەڕ: بڕوا.
بڵا: با.
بڵێزە: بڵێسە، هاڵاوی ئاگر.
بۆز: زیرەک، چالاک.
بووڵ: خۆڵەمێش
بەد: خراپ.
بەدکێش: بەدکردار، بەدکار.
بەغە: گەورە.
بەڵگ: گەڵا.
بەندەن: کێو، چیا.
بەیاخ: ئاڵا.
بێد: دەشت، بیاوان.
بێش: ئێش.
بێگەرد: پاک، خاوێن.
بیەی: بوون

پ

پا: پێ.
پاتەرم: خەڵک، مەردوم.
پاداشت: پاداش.
پادەشت: داوێنی کێو.
پاراو: تێراو.
پارە: پووڵ. بەرتیل.
پاسە: وا، ئاوا.
پامالّ: پێشێل.
پای: داوێن.
پڕداڵ: پڕ دڕک.
پۆس: پێست.
پۆسە: بەوجۆرە، ئاوا.
پۆشەنگ: پشیلە. تەنگ.
پۆل: دەستە، تاقم.
پوور: کوڕ.
پەتمان: پەیمان.
پەرەنگ: کۆت، دارێک کە ئەیخەنە پێی زیندانی. سکڵ. تیشک.
پەرێ: بۆ.
پەسین: ڕۆژی پەسڵان.
پەوکە: بۆیە.
پێسە: وەها، وا.
پێشواز: بەرەو پیری.
پێوار: نادیار.

ت

تا: تاڵ، هەودا.
تات: عەرەب.
تار: تاریک.
تاراج: چەپاو، تالان.
تاژی: تانجی، تاجی.
تاش: کێو، چیا.
تۆشە: توێشوو.
تووخشن: هێز.
تەخش: تیر.
تەمە: تەم
تەوەن: بەرد
تەویر: هێز.

ج

جا: جێ، جێگە.
جاف: نەبەز، ئازا. جندە.
جاگە: جێگا.
جام: جلوبەرگ. ئاوێنە.
جامە: جلوبەرگ.
جان: گیان.
جۆیای: بەدوای شتێکدا گەڕان.
جە: لە
جەرگە: تاقم، دەستە.
جەمشت: بزووتنەوە.

چ

چا: لە.
چابوک: چوست، چالاک
چار: چارە.
چاشت: چێشتەنگاو.
چاگە: لەوێ.

چاوەڕۆ: سەرچاوە.
چلێ: چلە.
چەوگا: لەوکاتەدا.
چەپاو: تالآن.
چەموور: سپی.
چەرەنگ: قسەی قۆڕ و بێ مانا.
چەڵەنگ: جوان، نەشمیل.
چەم: چاو.
چەنی: لەگەڵ.
چێگە: لێرە.
چین: ڕەگەز، بەرەباب.

خ

خار: دڕک.
خارە: هاوسەر، خێزان.
خاس: چاک، باش.
خاسپ: سێو.
خامۆش: بێدەنگ
خاوەندکار: پەروەردگار.
خجڵ: خەریک.
خرۆش: هاوار
خواجا: خواجە، سەرۆک.
خوندکار: پاشا.
خوەر: خۆر.
خەجڵ: داماو.
خەرەنگ: تیر.
خەرگا: خێوەت.
خەدەنگ: سپۆن.
خەشم: ڕق، قین
خەیلێ: زۆر، فرە.

د

داد: داد، یاسا.
دارا: دەوڵەمەند.
دارایی: سامان.
دارۆ: هەیەتی. دەرمان.
دام: داو.
ڕامیار: ئەوکەسەی کە داو دەنێتەوە، ڕاوچی.
دڕن: بۆنی خراپ، وەکو بۆنی تەگە لەکاتی تێ بەردان‌دا.
دگان: ددان.
دڵسەرد: دڵسارد.
دلێ: ناو.
دما: دوا.
دوساخ: بەندی، زیندانی.
دوشمن: دوژمن، نەیار.
دەبەنگ: گێل، گەوج.
دەگا: دێ، گوند.
دێر: درەنگ.

ر

ڕا: ڕێگە.
ڕاز: چیرۆک. نهێنی.
ڕاس: ڕاست.
ڕاگە: ڕێگە.
ڕاویار: ڕێبوار

ڕبک: ئاماژە، دیاردی.
ڕدا: بەخشش
ڕستار: ڕزگار.
ڕۆ: ڕۆژ.
ڕۆچن: ڕۆشن.
ڕۆزگار: ڕۆژگار.
ڕۆزە: ڕۆژوو.
ڕواس: ڕێوی.
ڕەز: مێو.
ڕەند: جوان.
ڕەنگ: فڕوفێڵ
ڕێش: زام، برین.
ڕیو: فڕوفێڵ.

ز

زار: زویر.
زام: برین.
زامن: نیشتمان.
زانای: زانین.
زایلە: هاوار و شیوەن.
زرانی: ئەژنۆ.
زریە: دەریا.
زگار: زویر.
زم: زستان.
زۆ: زۆڵ.
زوان: زمان.
زەخم: برین.
زەڕ: زێڕ.

زەڕگەر: زێڕنگەر.
زۆرهان: پیر.
زەریا: دەریا
زەڕین: زێڕین.
زەلان: زریان، ڕەشەبا.
زەما: زاوا.
زەمین: زەوی.
زەهر: ژار.
زێد: شوێنی لەدایکبوون.
زێڵ: بەدڵ.

ژ

ژ: لە.
ژار: هەژار. زەهر
ژاڵە: دڵۆپی شەونم
ژە: هیوا.
ژەن: ژن.

س

سا: ئیتر.
ساتێ: کاتێ.
سالار: سەرۆک.
ساوا: کۆرپە.
سپەر: مەتاڵ.
ستار: ئەستێرە.
سرۆش: فریشتەی پەیامهێنەر.
سفتە: سووتاو.
سۆک: پەژارە.
سەرسپەردەی: سەرسپاردن.

سەرگەرد: بەلاگەردان.
سەنگ: بەرد.
سەوگەند: سوێند.
سیا: ڕەش.
سیموور: سیمرخ.
سێوەنگ: ڕەش.

ش

شا: پاشا.
شالیار: ڕێبەر و سەرۆکی شار.
شکار: ڕاو.
شمە: ئێوە.
شنەفتەی: بیستن.
شۆخی: گاڵتە.
شۆن: شوێن.
شەوەزەنگ: شەوی تاریک.
شیەی: چوون، ڕۆیشتن.

ف

فرە: زۆر.
فەڕ: شکۆ.
فەرد: هۆنراو.
فەرزەن: منداڵ.
فەرمای: فەرمان دان.
فەند: فێڵ.
فەنەر: چرا.
فێشتەر: زیاتر.

ق

قا: کات.
قار: ڕق، کین.
قاڵب. لەش.
قام: هەنگاو.
قەترانی: ڕەش
قەراڵ: پاشا.
قەوەران: هەرا، هەنگامە.

ک

کات: سات، وەخت
کام: هیوا، ئارەزوو.
کاو: ئەشکەوت، کێو- چیا
کناچە: کچ.
کۆ: کێو.
کۆتا: کورت.
کۆچ: قسە.
کۆداکۆ: ڕۆژی پەسلان.
کۆسار: کوێستان.
کۆن: کێو.
کەردەی: کردن.
کەست: دزێو، خراپ.
کێش: دین، ئاین.

گ

گا: کات. جار.
گاس: سروود.
گام: هەنگاو.
گران: بەنرخ، باییدار.
گردین: هەموویان.

گرەوای: گریان.
گلّکۆ: گۆڕ.
گنا: دێ.
گۆ: گێتی، جیهان.
گۆش: گوێ.
گۆشلّێ: دێزە.
گونا: دێ، گوند.
گەدا: سوالّکەر.
گەرز: گورز.
گەزاف: قسەی پڕ و پووچ.
گێسوو: پەلکە.

ل

لاقۆزی: ناشیرین.
لامی: مندالّ.
لەنگ: لار، گێڕ.
لێوە: فێ لێ هاتوو.

م

ما: مانگ.
ماتاک: ماک، کەرەستە.
ماس: مانگ.
مانسر: فەرمانی خوایی.
مزگانی: مزگێنی.
مۆنگ: مانگ.
مەڕ: ئەشکەوت.
مەرز: سنوور.
مێرد: پیاو.
مێمان: مێوان.

ن

نادان: نەزان، گێل.
نام: ناو.
نامی: بەناوبانگ.
نما: نوێژ.
نمەز: نازانم
نۆ: نوێ
نە: لە.
نەخچیر: نەچیر.
نەووەهار: بەهاری نوێ.
نێوەک: چاک.

و

وا: با.
واتەی: وتن.
واران: باران.
وارگە: هەوارگە.
واس: گوڵە گەنم.
وانای: خوێندن.
وستەی: خستن
وەر: خۆر.
وەرب: بەفر.
وەرد: گولّ.
وەرین: بەرین.
وەشی: خۆشی.
وەلّگ: گەلا.
وەهار: بەهار.
ویر: بیر.

ه

هاز: هێز.

هامتا: هاوتا.

هامڕا: هاوڕێ.

هامن: هاوین.

هانا: هاوار.

هۆشیار: وشیار.

هوون: خوێن.

هەرس: فرمێسک.

هەنگام: هەنگاو

هێمان: هێشتا.

ی

یاگە: جێ، جێگە.

یانە: ماڵ

یەرێ: سێ.

یەند: ئەوەندە.

پێڕست

پێشەکی 5
مێژووی زمانی کوردی 7
کەلەپووری نەتەوایەتی 13
پەندی پێشینان 17
ڕێ و ڕچەی یاری 21
پەڕتووکی سەرئەنجام 26
بۆچ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی هۆنراوەتەوە 30
ڕێ و ڕچەی ئێزیدی 34
کورد و فەلسەفە 37
مۆسیقا و شایلۆغان لەناو کوردەواریدا 40
گەشتنامە 47
ژیننامە 50
هۆنراوی نوێ 52
شاکە و مەسوور 57
میر سادقی دینەوەری 65
شێخ سەلامی عازەبانی 74
عەباسی حەقیقی 82
جگەرخوێن 89
خاڵەمین 93
حەمە عەلی مەدهۆش 102
ئەبووبەکر هەوری 105
سەی تایەری هاشمی 110
ئەحمەد دڵزار 115
هەژاری موکریانی 121
عەلیی گەلاوێژ 136
ئەحمەد هەردی 142

حەمە ساڵحی دیلان 147
کامەران موکری 152
خالد حیسامی (هێدی) 164
شێخ ئەمین نەقشبەندی 179
خالید دلێر 184
حەمە سەدیقی مەحموودی 191
شێرکۆ بێکەس 199
خورشیدە بابان 208
ڕەفیق سابیر 213
د. سەدیق بۆرەکەیی 217
ئەنوەر قادر محەمەد 242
عەبدوڵلا پەشێو 245
نووسەران و وێژەوانانی کورد 250
سەید حوسێن حوزنی موکریانی 252
تۆفیق وەهبی 254
جەلادەت بەدرخان 256
ڕەفیق حیلمی 257
شێخ محەمەدی خاڵ 260
گیوی موکریانی 262
مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس 265
مستەفا سەفوەت 267
عەلی سەیدۆ گۆرانی 269
دوکتۆر قەناتی کوردۆ 270
مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی 270
ئەنوەر مایی 274
حەسەنی قزڵجی 275
شاکر فەتاح 280
عەلائەدینی سەجادی 286
محەمەد تۆفیق وردی 291
کەریم شارەزا 295
عوبەیدوڵلای ئەیووبیان 296

کەمال جەلال غەریب 301
د. مارف خەزنەدار 302
د. جەمال نەبەز 307
دوکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ 311
قادر فەتتاحی قازی 312
ئیبراهیم ئەحمەد 315
عوسمان شارباژێڕی 320
مەلا قاسمی پایگەلانی 322
مەلا فەتحوڵڵای کەیفی 323
مەلا محەمەد قولی کەندۆڵەیی 325
میرسادقی دینەوەری 329
شێخ یەحیای سوورەبەردی 349
شێخ مستەفا تەختەیی 351
سۆفی عەلی کەوانی 352
یۆسۆ یاسکە 353
مەلا حافز فەرهاد هەشەمێزی 355
مەلا مستەفای مەحزوونی 357
عەبدی کەلاتەرزانی 358
مەولانا دەردین بیسارانی 360
شێخ شەمسەدینی دەرەهەردی 361
حاجی عەلیمحەمەد بەگی تیلەکۆ 362
میرزا ئیبراهیمی هەورامی 364
مەلا تاهیری هەورامی 365
مەولانا فەڕوخی پالنگانی 366
مەلا فەزلوڵڵای هەورامی 368
حەمەوەمین بەگی هەورامی 369
مەلا یوسفی دوەیسە 370
ڕەزا بەگی هەورامی 372
نازری بستی 373
شێخ لوتفوڵڵای سنەیی 375
زینولعابدینی پالنگانی 376

لالۆ خەسرەوی دوەیسی 377
عومەر نزارەیی 379
حەمە قولی سلێمانی سەولآوایی 380
شێخ یەعقووب جانی جاف 381
شێخ جەمالەدینی مەردۆخی 383
مەولانا یوسف گلانی 384
ئەلیاس بەگی گۆرانی 385
ئووەیس بەگی هەورامی 386
شێخ حەسەنی دەرەهەردی 388
پەشێو زەنگەنە 389
ئاغە کۆر 391
وەستا میکایلی زەنانی 392
شێخ عەبدولمۆمنی مەردۆخی 393